# جولەکانی کوردستان

## مێژووی ژیان و پەیوەندییان لەگەڵ ئاغا کوردەکاندا

دکتۆر مۆردیخای زاکێن

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە
سیروان حسێن بیەمی

# جوولەکەکانی کوردستان

## سوپاسنامه....


زۆرن ئەوانەی یارمەتیاندام لە وەرگێڕانی ئەم پەرتووکە، بۆیە لێرەدا دەمەوێت ناوی چەند کەسێك بێنم کە شێوازی جۆراوجۆر هاوکارییان کردم:

- دکتۆر مۆردیخای زاکین، نووسەر ئەم پەرتووکە، کە لەسەرەتای پڕۆژەکە تا کۆتایی هاتنی، بە زانیاریەکانی پەرتووکەکەی دەوڵەمەندتر کرد.
- ئەیاس سلێمان لیڕی.


**پێشکەشە بە .........**

**هەژار**

**خاڵی خۆشەویستم ئارام**

**خانەوادەکەم**

**سەرجەم هاوڕێ و ئازیزانم**

د. مۆردیخای زاکین

# جوولەکەکانی کوردستان

## (مێژووی ژیان و پەیوەندییان لەگەڵ ئاغا کوردەکاندا)

لە ئینگلیزیەوە

سیروان حسێن بیەیی

هەولێر ـ ٢٠١٥

- **جووله‌که‌كانی كوردستان** )مێژووی ژیان و په‌یوه‌ندییان له‌گه‌ڵ ئاغا كورده‌كاندا(

---

- **نووسینی: د. مۆردیخای زاكین**

---

- **وه‌رگێرانی له‌ ئینگلیزیه‌وه‌: سیروان حسێن بیه‌یی**

---

- نه‌خشه‌سازی ناوه‌وه‌ و به‌رگ: **رێدار جه‌عفه‌ر**

---

- نرخ: (-----) دینار

---

- چاپی یه‌كه‌م ٢٠١٥

---

- تیراژ: (----)دانه

---

- چاپخانه: ()

---

- **له‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی گشتیی كتێبخانه‌كان ژماره‌ی سپاردنی () ساڵی(٢٠١٥)ی پێ دراوه‌.**


**هه‌موو مافێكی بۆ نووسه‌ر پارێزراوه‌**

ناوەرۆك


پێش خوێندنەوە .................................... ٩
پێشەكی نووسەر ................................... ١٥
مێژووی كوردستان ................................. ١٩
خەڵك و خاك..................................... ١٩
ڕۆڵو پێگەی جووەكان لە سەدەكانی ڕابردووود.......... ٢٣

**بەشی یەكەم: ..........................................**
جوولەكە شارنشین و ئاغا خێڵەكیەكانیان.....................
چەند ڕوونكردنەوەیەكی سەرەتایی سەبارەت بە كۆمەڵگای خێڵەكی كورد......
یەكەم: بەراووردی نێوان ژیانی شارنشینیو لادێیی .................
دووەم: سیستەمی دوانەیی حكومەت...............................
سێیەم: پاراستنی جووەكان لەلایەن ئاغا كوردەكانەوە......................
چوارەم: دابونەریتی كۆمەڵایەتیو ئابووریو ئایینی.........................
**بەندی یەكەم: زاخۆ ..............................................**
بنەماڵەی شەمدین ئاغا..................................................
ئاغا خێڵەكیو جوولە و مەسیحیەكانی...................................
كووشتنی ئاشووریەكان لە بەرسیبی و كیستاییدا...........................
حاجی صدیق برۆ و ناحوم سەبتۆی جوولەكە...........................
**بەندی دووەم: ئاكرێ ...................................................**
بنەماڵەی خواجە خینۆ..................................................
ئاغا بارزانیەكان و جوولەكەكان.............................................
**بەندی سێیەم: دهۆك .................................................**
سەعید ئاغا (و كوڕەكانی)و جوولەكەدَ ................................

شێخ عبدالله بریفکانی.........................................
ناکۆکی نێوان حاجی مەلۆ و شێخ نوری.......................... ......
**بەندی چوارەم: ئامێدی .......................................**
ئامێدی لە سەدەکانی کۆندا.........................................
پەیوەندی لەگەڵ حکومەت و ئاغاکاندا...................................
**بەندی پێنجەم: سلێمانی...............................................**
دامەزراندنی سلێمانی بە بۆچونی جوولەکەکان.............................
ئاغا و جوولەکەکان: شێخ محمود بەرزنجی..................................
**بەندی شەشەم شاری شنۆ: مەلا مستەفا بارزانیو جووەکان.................**
جوولەکە شارنشینەکان و ئاغاکانیان: دەرئەنجام..............................

**بەشی دووەم: ..................................................**
جوولەکە گوندنشینەکانو ئاغاکانیان ........................................
**بەندی یەکەم: ژیانی جوولەکە گوندنشینەکان ...........................**
ساندور: گوندێکی جوولەکەنشین.........................................
کۆمەڵگا خێڵەکیو ناخێڵەکیەکان...........................................
پاراستنی خێڵەکی...............................................
وێنەی جوولەکەکان.......................................... .....
بارودۆخی جوولەکەکان............................................
هاوڵاتیانی جوولەکە وەك سەرمایە....................................
دڵسۆزی جوولەکەکان..............................................
هاوکاریکردنی ئاغا...............................................
**بەندی دووەم: چاودێریو دادگەری ئاغاکان ..............................**
پاراستنی جووەکان لە ڕێگا دەرەکییا ........ ............................

دادگەریی ئاغا.........................................................

جوولەکە گوندنشینەکان و ئاغاکانیان: دەرئەنجام...........................

**بەشی سێیەم: ..................................................**

هەندێ لایەنی ژیانی ڕۆژانە و تاکەکەسی جووەکان ..........................

**بەندی یەکەم: سەلامەتی جووەکان لە کوردستان ...........................**

هاندەرەکانی کۆچکردن..................................................

کووشتنی جووەکان لەچوارچێوەی خێڵەکیدا– بەدەنگەوەهاتنی خێڵ..........

**بەندی دووەم: بارودۆخی جووەکان لە کوردستان ...........................**

پێش سەدەی بیستەم..................................................

پیشەی سەرەکی جوولەکەکان...........................................

**بەندی سێیەم: هەڵگەڕانەوەی جووەکان بۆ ئایینی ئیسلام لە کۆمەڵگای کوردیدا.......**

موسڵمانبوونی جوولەکەکان............................................

ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی ئایین گۆڕین..................................

ئەو ڕێگایانەی لەلایەن جووەکانەوە بەکاردەهێنران بۆ گەڕاندنەوەی ئەو کەسانەی ئایینی خۆیان گۆڕی بوو........................................

ڕۆڵی ئاغا و شێخەکان..................................................

ئایین گۆڕینی پیاوە جوولەکەکان.........................................

**بەشی چوارەم: .................................................**

دوایین وەچەی جووەکان لەکوردستان: لەنێوان جەنگی جیهانیی یەکەمو کۆچکردنیانبەرەوئیسرائیل.........................................................

**بەندی یەکەم: ژیانی جوولەکەکان لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەم .............**

بەسەربازیکردنو خۆدزینەوە لێی.................................................

هەڵاتن لە خزمەتی سەربازیی...................................................

کۆچکردن بەهۆی کەمی خۆراکەوە...............................................

کارکردنی بەزۆر....................................................................

قوربانیانی سەربازە جوولەکەکان..................................................

**بەندی دووەم: کۆتایی هاتنی جەنگ و ساڵانی دواتر .......................**

پێشکەوتنی نوێی سیاسی........................................................

**بەندی سێیەم: جوولەکەو کوردو عەرەب (١٩٤١–١٩٥٢) ....................**

کاریگەریەکانی کۆمەڵکوژی فەرحود...............................................

کاریگەریەکانی دروستبونی دەوڵەتی ئیسرائیل......................................

تاوانبارکردن و زیندانیکردی جوولەکەکان..........................................

بارگرژیی ئابووریی پێش کۆچکردن................................................

**دەرئەنجام.............................................................................**

**بیبلۆگرافیا..........................................................................**

پرۆفیسۆر
موردخای زاکن

- بنەچەکەی لە جولەکەی کوردستانی عیراقە.
- دکتۆرای لە زانکۆی نیویۆرك لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەست هێناوە.
- پرۆژەی نوسینی دکتۆراکەی لەنێوان ساڵانی ١٩٨٥-٢٠٠٢ ی خایاندوە.
- مێژوونوسی شارەزایە لە جولەکەکانی کوردستان و کۆمەڵگای کوردی خێڵەکی.
- شارەزایە لە مێژووی زارەکی (شفوی)
- زمانەکانی فارسی و کوردی و عیبری و عەرەبی دەزانێ، هەروەها زمانی ئینگلیزیش.

جولەکەکانی کوردستان و
سەرکردە خێڵەکیەکانیان
(توێژینەوە لە هونەری مانەوە) (دراسة في فن البقاء)

# جولەکەکانی کوردستان و
# سەرکردە خێڵەکیەکانیان
## (توێژینەوە لە هونەری مانەوە)


نوسینی

مۆردخای زاکن

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە

د. سعاد محمد خدر

پێداچوونەوەی

پ. د. عبدالفتاح علی یحیی

د. فرست مرعی



بنکەی ئەکادیمی بۆ توێژینەوەکان

## پێشەکی ناوەندی ئەکادیمی بۆ توێژینەوەکان

ئەو توێژینەوانەی بایەخیان بە جولەکە داوە دوچاری شلەژان و ناڕونی بوون لەبەر چەند هۆکارێك کە تەنیا پەیوەندیان بەلایەنی تەکنیکیەوە هەیە (سەرچاوە و ڕێباز)، هەروەها لایەنی مێژوویی کە پەیوەندیان بە هەل و مەرجی ڕەوشە مێژووییە لە ئارادابووەکەوە هەیە، ئەمەش پتر رون دەبێتەوە لەوەدا کە پەیوەندی بە جولەکەی وڵاتانی عەرەبیەوە هەیە کە بنەمایەکی گرنگی بوونی جولەکە لەو وڵاتانە پێکدێنن.

ئەمە ئەو بیرۆکە سەرەکیەیە کە چوارچێوەیەك ڕەنگ دەڕێژێ بۆ تێکڕای ئەوەی کە دەربارەی جولەکە نوسراوە لە ڕۆژهەڵاتدا، بەڵام ئەگەر بەدواداچونێك بکەین بۆ ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و ڕۆژهەڵاتناسی (جیهانی) لە ئارادان بۆمان دەردەکەوێ کە دەربارەی توێژینەوەی ڕەوشی جولەکەکانی ڕۆژهەڵات پتر لە ئاراستەیەك و تەوژمێك هەیە هەر ئاراستەیەش سەرچاوە و هۆکاری خۆی هەیە کە وێنە کۆتاییەکەی بەرجەستە دەکەن، بۆ نموونە هەندێ توێژینەوە هەیە کە دەچنە ئەو خانەیەوە کە دەکرێ ناوبرێ بە ئەفسانەی پێکەوە ژیانی ئایینی نموونەیی جولەکەکان، زۆربەی ئەو توێژینەوانە لە چوارچێوەی سەدەی نۆزدە لەلایەن مێژوونوسە جولەکە کلاسیکیەکانەوە تۆمارکراون بۆ ئەوەی هانی روناکبیرانی لیبرالی ئەوروپا بدەن کە بەهۆی پابەندبوون بە بنەمای یەکسانی سیاسیەوە ئەو بەڵێنانەی بە جولەکەکانیان دابوو بیهێننەدی، ئەم توێژینەوانە پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئەو جولەکانەی لەناو موسلمانەکاندا دەژیان لەوێ جۆرێك لە گەشەکردن و ئازادی ئایینی هەبووە، بەپێچەوانەوە ئەو جولەکانەی لە ئەوروپا ژیاون مەسیحیەکان بەو جۆرە لەگەڵیان هەڵسوکەوتیان نەکردوە، بەپێچەوانەی ئەو ڕەوتە هزریەوە تەوژمێکی تر دەرکەوتوە کە دەکرێ بە (مێژووی شیوەن) ناوبرێ، ئەمەش بریتی بووە لە دەرخستنی لایەنی نەهامەتی جولەکە و نشوستیان کە پێیدا تێپەڕیون، ئەمەش بەو مەبەستە بووە کە جۆرە گەلەکۆمەکی و هاندانێك لە ئاستی ناوخۆی جولەکەکان لەسەر ئاستی جیهانی دەرەکی سازکراوە.

کتێبی (جولەکەکانی کوردستان) توێژینەوەیەکە لە تەکنیکی مانەوە و هۆشیاری ئەو کەلەکەبوونی مێژووییەی لە بواری توێژینەوەکان دەربارەی جولەکەی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی لەسەر هەردوو ئاستی ڕێبازی و سەرچاوەیی گرتۆتە خۆی، داهێنانێکی سەرەکی لەو توێژینەوەیەدا ئەوەیە کە دەکرێ بگوترێ لەو توێژینەوەی باکووری عێراق لە مێژووی هاوچەرخدا پەنابراوەتە بەر (گێڕانەوەی زارەکی)و ئەرشیفی بەڵگەنامە و سەرچاوەکان هەژارو لاوازن کە ناکرێ بگەنە ئاستی و توێژینەوە ئەکادیمیە ڕێکوپێکیەکان. بەڵام لەسەر ئاستی

ڕێبازیەکە ئەو توێژینەوەیە لەئاستی بەراووردکردندا چەند پرسیارێکی نوێی وروژاندوە، هەرچەندە چوارچێوەی وەڵامدانەوەکەی فراوانکردوە و سنوورە کلاسیکیەکەی بەزاندوە، چونکە تەنیا نموونەکانی کە توێژینەوەی لەسەر کردوە لە شارو مەڵبەندەکان وەرنەگیراون، بەڵکو توێژینەوە سەرەکیەکانی پشتی بە گوند و لادێکانیش بەستووە، تیشك خراوەتە سەر ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و جیاوازیە چینایەتیەکەی هەردوو سیستەمەکە.

توێژینەوەکە بەگشتی لەچوارچێوە ناوخۆییەکانی جولەکە دەچێتە دەرەوە دەربارەی بوونیان لە ڕۆژهەڵات و بایەخ بە پەیوەندییەکانیان بە دەوروبەرەوە دەدات، لەو بوارەدا دەکرێ سێ فاکتەر تۆمار بکرێت کە سەرەکین و جولەکەکانیان پێکەوە کۆکردۆتەوە:-

یەکەمیان پەیوەندی بە ئاغا و شێخەکانەوە هەیە ئەمەش ڕەهەندێکی چینایەتیە، دووەم پەیوەندی جولەکە بە دەسەڵات و فەرمانداری شارەکان و میرەکانەوە هەیە لێرەدا ڕەهەندی سیاسی دیاردەکەوێ، سێیەم پەیوەندی جولەکە بە موسلمانەکانەوە ئەمەش ڕەهەندی ئاییننیە. دوورنیە ئەم خەسڵەتانە لە توێژینەوە دەربارەی جولەکەکانی کوردستان پێکەوە کۆنەبنەوە ئەگەر نوسەرەکەی پرۆفیسۆر دکتۆر موردەخای زاکن کە ژیانی زانستی خۆی لەپێناوی ئەم توێژینەوەیەدا تەرخان کردوە و چاپیکردوە ئەوپەڕی شارەزا نەبووایە.

د. نصير الكعبي

بەڕێوەبەری ناوەندی ئەکادیمی توێژینەوەکان

## پێشەکی وەرگێڕ

د. سعاد محمد خدر

ئەو کتێبە داهێنانێکی گرنگە بۆ کتێبخانەی کوردی و عەرەبی پێکەوە، دەربارەی قۆناغێکی درێژی مێژووییە کە جولەکەکان لە عێراقدا تێیدا ژیاون، بەڵام توێژینەوەکە بایەخ بەو پەیوەندییە دەدات کە جولەکەکان بە کوردی کوردستانی عیراق دەبەستێتەوە، ئەمەش قۆناغێکی دوورودرێژە لە بەندکردنیان لە بابلەوە بە دووبارە بوونەوەوە هەتاکو ئەمڕۆ قۆناغێك کە جولەکەکان بە چین وتوێژی جیاوازەوە بەناچاری و تۆبزی تێیدا ژیاون. نووسەر باسی جولەکەی گوند و جولەکەی شار دەکات بە دەوڵەمەند و هەژارەوە، ئەوانەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ تیرە و خێڵ و شێخ و ئاغاکاندا هەبووە. ئەو پەیوەندییانەش لەنێوان باش و نالەباریدا بوون تا ئەوکاتەی تالان و برۆ و کوشتنی تیابووە لەگەڵ پاراستن و چاودێریکردن. ئەم پەیوەندییانەش بەپێی هەل و مەرج و رەوشی لە ئارادا بووی ژینگە و کەش و هەوای گشتی سیاسی بووە کە ئەوکاتە لە سەرانسەری عیراق سروشتی ژیانی دیاریکردوە. لە هەمانکاتدا ئەو رەوشە پابەندی هێز و دەسەڵاتی خێڵ و داب و نەریتەکانی بووە جا ئایا ئاغاکان یان شێخەکان لاواز بوون یان بەهێز بوون، سەرەڕای ماوەی دەسەڵاتی داگیرکەری عوسمانی و ئینگلیز، ئینجا پەیوەندی بەو رەوشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە هەبوو کە دوای دەرچوونی عوسمانیەکان لە عیراق کەوتۆتەوەو عیراق یەکخراوە و بووە بە دەوڵەتێکی نوێ، ئەو رەوشە نەك تەنیا هەر بەسەر کوردەکان و ئەو جولەکەی لەگەڵیان ژیاون، بەڵکو سەرانسەری عیراقی گرتوەتەوە، تەنانەت پەیوەندی نێوان کورد و جولەکە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ پەیوەندی عەرەب و جولەکە نەبووە.

راستیەکەی من حەزم نەدەکرد بڵێم جولەکە، چونکە هەردوو لای عەرەب و ئیسرائیل پێیان لەسەر ئەو ناونانە دادەگرت، لەکاتێکدا ئەو ململانییە ئایینی نییە، بەڵکو ئەمە ململانێیەکی سیاسی و ئابووریە، سوود و قازانجەکان بەپێچەوانەی یەکتریەوە شەڕی مان و نەمانی هەردوو گەلی ئیسرائیل و عەرەب بووە.

کوردەکان هەمیشە هەوڵیان داوە کلتورەکەیان بەپێز بکەن، مێژووەکەیان بڕازێننەوە و ئەرشیفی بکەن، منیش ئەم کارە بە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی دەزانم (ئەمەش جێگای رێزلێنانە)، چونکە ئێمە هیچ کاتێك ناتوانین بە هەست و سۆز و دەمارگیری راستیەکانی لە ئارادا بوو بگۆڕین، بەڵکو ئەمە دەبێ لایەن و هۆکارەکانی توێژینەوەی لەسەر بکرێ، ئەم کارەش کاتێك جێبەجێ دەکرێ کە بەشێوەیەکی زانستی و بابەتی بەبێ هیچ بڕیاردانێکی پێشیانە توێژینەوەی لەسەر بکرێ. کەوابوو باس کردنی جولەکە شتێکی گرنگ و ناچارییە،

چونکە ئەوان پێکهاتەیەکی ئەو کۆمەڵگایە بوون و کاریگەریان لەسەر کولتور و شارستانیەتەکەی بەجێهێشتوە.
وەرگێڕانی ئەم جۆرە کتێبانە پێویستیەکی ئەوپەڕی گرنگە. من بەش بەحاڵی خۆم هەست دەکەم ئەو چەند کۆششی کردوە و هەوڵی داوە بیست ساڵی رەبەق بەڵگە و قەباڵە و بیروبۆچونی مەیدانی کۆکردۆتەوە بۆئەوەی لێیانەوە ئەو کتێبە بنووسێت سەرەڕای ئەوەی پشتی بەستووە بە هەموو ئەو شتانەی گەڕیدە و رۆژهەڵاتناسی گەورە نووسەرانی کولتوری عەرەب تۆماریان کردوە. ئەو نووسەرە وێنەیەکی ئەوپەڕی گرنگ و رێکوپێکی دەربارەی ئەو قۆناغەی مێژووی کوردستان پێشکەش کردوە.
لەچوارچێوەی ئەو ساڵانە کە کورد ئەمڕۆ بە ئازادی بەسەریان دەبات دەیانبینی هەوڵدەدەن و کۆشش دەکەن کە پەردە لەسەر ئەو لاپەڕە شاراوانەی مێژووەکەیاندا لابدەن. لێرەوە خوێنەر سودمەند و سودبەخش دەبێت. ئەوان بەڕاستی پابەندی نیشتمانەکەیانن و خۆشیان دەوێ، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو هەستە ئاشکرا بکرێت لەهەمان کاتدا دەبێ بیروبۆچونە جیاوازەکان و هەست و سۆزە پەڕگیریەکان پەسند بکەین، چونکە ئێمە ناتوانین لە یادگاری مێژوودا ئەوەی کە پێشتر رویداوە و ئێستا دەقەومێ بسڕینەوە، هەرچۆنێك بێت ئەمانە چەند لاپەڕەیەکن لەلاپەڕەکانی مێژووەکەمان، من لەخۆم دەپرسم قورئانی پیرۆز و ئینجیلی پایەبەرز باسی کردون ئایا دەتوانین ئێمە ئەو ئایەتانە کە باسی جولەکە دەکەن لەو دوو کتێبە پیرۆزە بسڕینەوە (محو بکەین).

## پێشەکی:

ئای چەند حەزم دەکرد کە من دوا بەشی ئەم کتێبە دەنووسم، هەست و سۆز و سوپاسی خۆم بۆ گشت ئەوانە دەربڕم کە لە تەواوکردنی ئەم کتێبەدا یارمەتیانداوم، ئەوپەڕی سوپاسی قوڵی مامۆستام پرۆفیسۆر مۆشی شارون سەبارەت بەو ئامۆژگاری و ئاراستەیەی کە کردمی و ئەو سودەی لە زانستەکەی و رۆشنبیرە بەپێزەکەی وەرمگرت، هەروەها سوپاسی ئەو مامۆستایانە دەکەم: جیدیون گولدنبیرگ، بنجامین ز. کیدار لە زانکۆی عیبری، هەروەها نۆرمان ستلمان لە زانکۆی نیویۆرك دەربارەی رێنمایی و ئامۆژگاریە سودبەخشەکەی. من ئەوپەڕی سوپاسی سێ زانای گەورە دەکەم کە لەسەرچاوەی شارەزایی و زانینەکانیان هەڵمهێنجاوە: خانمی پرۆفیسۆر جویس بلۆ لە پەیمانگای نیشتمانی زمان و شارستانیەکانی رۆژهەڵات لە پاریس، دکتۆر میخایل شایت سەرپەرشتیاری پێرستکردنی زمانە رۆژهەڵاتیەکان لە کتێبخانەی کۆنگرێس، هەروەها پرۆفیسۆر یۆنا سبار لە زانکۆی کالیفۆرنیا.

سوپاسی گشت ئەوانە دەکەم کە چاوپێکەوتن و قسەم لەگەڵ کردون بۆ کۆکردنەوەی زانیاریە زۆر و زەبەندەکە. سوپاسگوزاری ئەوانەم کە یادگاری ژیانی خۆیان بۆ باسکردوم، هەستمکرد بەوەی کە دۆست و ئاشنان و رازیشبوون کە چەند جارێکیتر بیانبینمەوە و قسەیان لەگەڵ بکەم و چەندین رونکردنەوەیان پێشکەش کردم، بەبێ یارمەتی ئەوان نەمدەتوانی ئەم کتێبە(١).تەواو بکەم، هەروەها سوپاسی ئەوانە دەکەم کە بەرێگای جیاواز هانیاندام کارەکەم تەواوبکەم بەتایبەتی هەڤاڵم پرۆفیسۆر جۆشوا کورزینیك کە دووجار لە زانکۆی یالی پێشوازی و میوانداری کردم. سوپاسی خانمی کۆچکردو پاتریش باو و ئێرنست وۆرت کە دووجار لە لەندەن لەکاتی نووسینی کتێبەکەم میوانداریان کردم، هەروەها شوپاسی خوێنەرە ئینگلیزەکان دەکەم کە بەدەستنووسەکەدا چوونەوە: کارۆڵ و دیڤید پێگی و جانیس کاڤنس و پرۆفیسۆر ئیدی لیڤنستون هەروەها لیج ئان لاینر.

لەکۆتاییدا سوپاسی دایك و باوکم باتیا و صالح و هاوسەرە خۆشەویستەکەم ریکی و منداڵەکانم دەکەم، هەروەها سوپاسی تزاح، تاحل، ئوحاد دەکەم کە لەکاتی نووسینی ئەو کتێبەدا کە لەبەردەستتان دایە بێبەشم کردن لەکاتی شایستەی خۆیاندا.

(١) بگەڕێوە بۆ ناو و وردەکاری ئەو زانیاریانەی کە شەست و پێنج کەس کە چاوم پێیان کەوتووەو قسەم لەگەڵدا کردون لەپێناوی ئەو کتێبەدا پێشکەشیان کردوم، هەروەها بۆ لیستی سەرچاوە و وتووێژ لەگەڵ پرۆفیسۆر یونا سبار لە زانکۆی کالیفۆرنیا، گفتوگۆ لەگەڵ یۆنا گابای لە زاخۆ لە ناوەڕاستی ساڵانی شەست کە رێگای دام سود لە قسەکانی وەربگرم،


10.14.2012

## پێشەکی نووسەر:

جوولەکە کوردەکان بەرەو ئیسرائیل و بەشێك لە ئاشووریە مەسیحیەکانیش بۆ هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپا و خۆرئاوا کۆچیان کرد. کوردە موسڵمانەکانیش بەهۆی ئەو شەڕوشۆڕەی لە کوردستاندا ڕوویدا و لە بەر ئەو بارودۆخە قورسەی تیایدا دەژیان، کە بەتەواوی نەخشەی کوردستانیان گۆڕی، وە بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانیش بۆ هەندێك وڵاتی تر کۆچ بکەن. بەهۆی ئەم هۆکارانە وە چەندین هۆکاری تر، من گومانم لە بوونی پەرتوکێکی تری لەم جۆرە هەیە وە لەو بڕوایەشدا نیم لە هیچ شوێنێك پەرتووکێکی لەم شێوەیە نووسرابێت.

لێکۆلینەوە لە کەمە نەتەوەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا، وا لە مرۆڤ دەکات بەتەواوی لەسەرجەم کایەکانی ئەم کۆمەڵگایە شارەزا بێتو وێنەیەکی ڕوونی دەربارەی ئەم کۆمەڵگایە دەست بکەوێت. زۆرێك لە توێژەران لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەستاون بە نووسینی چەندان کتێب سەبارەت بە نەتەوە کەمینەکان، بەڵام زۆر میللەتی گەورەتریان فەرامۆش کردووە و ئەوەندە گرنگیان پێ نەداوە، بۆ نمونە، میللەتی کورد یەکێك لەو نەتەوانەیە کە تاوەکو ئێستا بەدوای شوناسی خۆیدا دەگەڕێ.

گەورەترین بەربەست من لە نووسینی ئەم کتێبەدا ڕووبەڕووی بوومەوە دەست نەکەوتنی زانیاری نووسراو بوو، کە وای لێکردم بەدوای سەرچاوەو شێوازی زۆردا بۆ دەسکەوتنی زانیاری بگەڕێم. لەبەر ئەم هۆیە دەزگای پەخشو بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانم وەکو سەرچاوە بەکارهێنا.

لەوانەش ڕێکخراوی "بۆردی ئەمریکی بۆ کاروباری ئایینی دەرەوە" بۆ گەڕان‌و بەدواداچوو گشت ئەو داتا و زانیاریانەی کە پەیوەندیان بە جوولەکەو موسڵمانەکانەوە هەبوو. هەروەها هەندێك زانیاریشم لەسەرچاوە عبریەکان وەرگرت وەك"ئەدەبی ڕیسپۆنسا"[1]

لەگەل ئەمەشدا، لە گشت سەرچاوەو نووسراوە ئەرشیفەکاندا بڕێکی زۆر کەم زانیاریم دەربارەی پەیوەندی نێوان جوولەکەو کورد دەست کەوت. کەمی سەرچاوەی نووسراو وای لێکردم پەنا بۆ جۆرێکی سەردەمیانەی نویێ بۆ دەسکەوتنی زانیاری بەرم، ئەویش گێرانەوەی زارەکی مێژوو بوو. لە قۆناغەکانی سەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا لەساڵی ١٩٨٧، "ڤان برونسەن" سەبارەت بەم بابەتە ئەم پەیڤانەی خوارەوەی بۆ نووسیم:

"وتوێژکردن لەگەل کەسایەتیە بە ئەزموون‌و بە تەمەنەکان دەربارەی ژیانیان لە کوردستان شتێکی زۆر گرنگە، چونکە ئەوان پەیوەندیەکی زۆر دەگمەن‌و نموونەییان لەگەڵ سەرجەم ئەو بابەتانەی کە دەربارەی جوولەکەو کوردەکان نووسراون هەیە".

لەساڵی (١٩٨٧)ەوە تاوەکو ساڵی (٢٠٠٢) لەگەل پەنجاوشەش کەس گفتوگۆم کرد، کە هەموویان لەبنەڕەتدا خەڵکی کوردستان بوون. لەگەل هەر یەکێکیاندا نزیکەی یەك تا حەوت جار گفتوگۆم کرد. وە پاشان ناوەڕۆکی سەرجەم ئاخاوتنەکانم وەرگێڕا و پۆلێنم کردن. ڕاستی وتە و زانیاریەکانم بەوە پشت ڕاست دەکەمەوە کە من بە دوای مانای زیاتری وشەکان دەگەڕام‌و زیاتر زانیاریم لەبارەی ئەو بابەتانە کۆدەکردەوە. زانیاریەکانم بەشێوەیەکی ڕێك‌وپێك

---

١ ئەدەبی ریسپۆنسا: ئەدەبێکە لە ئایینی جوولەکە دا، کە جوولەکەکان دەربارەی ئایین پرسیار دەکەن‌و پیاوانی ئایینیش وەڵامیان دەدەنەوە.

کۆکردەوە و گشت زانیاریە نووسراو و گووتراوەکان بەشێوەیەك ڕێکخست کە لەگەل یەکدا بگونجێن. ئەم پرۆسەیەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەم پێ کرد ئەوە دەگەیەنێت کە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی باشتر بەرجەستە کراون وە سەرجەم زانیاریەکان بەشێوەیەکی زۆر ورد سەبارەت بە جوولەکەکانی کوردستان نووسراون. بەوردی خوێندنەوەی بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە وا لەخوێنەر دەکات بەتەواوی لە ناوەڕۆكو مەبەستی بابەتەکە تێ بگات. بۆ نمونە، ئەو کەسانەی کە زانیارییان لێ وەرگیراوە، زانیاریەکانیان بەتەواو وەرنەگیراوە تاوەکو پشت ڕاست نەکرێنەوە، ئەمەش ڕوویەکی تر سەرکەوتوویی ئەم کتێبەیە. من زۆربەی ئەو گفتوگۆیانەم پێش ساڵی( ١٩٩٢) ئەنجامداوە، وە پاش بەردەوام بوون لەگەڕان بەدوای زانیاری نووسراوی زیاتر، وە دوابەدوای چەندین ساڵی یەك لەدوای یەك بۆ جیاکردنەوەی سەرجەم ئەو کەسانەی کە زانیارییان پێ بەخشیم، توانیم ئەو زانیاریانەی لەم کتێبەدا هاتوون کۆبکەمەوە. بەژداری ئەو کەسانەی کە بە دەم ڕووداوەکانیان گێڕاوەتەوە سودێکی زۆری هەبوو. ئەمە وا دەکات کە خوێنەر بزانێت لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتی جوولەکەکانی کوردستان وە پەیوەندییان لەگەل ئاغا کوردەکانی ئەو سەردەمەدا چۆن بووە.

# مێژووی کوردستان

## خەڵك و خاك

زاراوەی کوردستان یاخود خاکی کوردان، بۆ یەکەم جار لەلایەن سەلجوقیەکانەوە بەکارهاتووە کە حوکمی عێراق و خۆرئاوای ئێرانیان لەنێوان ساڵانی (١٠٣٨) تا (١١٩٤) دەکرد. لە سەرچاوە کۆنەکانی سۆمەری و ئاشوریی و ئەغریقیە کۆنەکان و لاتینیدا، بەتایبەتی لە کتێبەکەی "ئاناباسیس"ی زەینەفوندا[٢]، زاراوەی کورد لە چەندین شوێن بەرچاو دەکەوێت. لە زمانی ئارمیدا ئەم ناوچەیە بە (بیت الکاردو) ماڵی کاردۆ یان کوردستان ناسرا بوو. لەکتێبی پیرۆز (ئینجیل)[٣] دا بە چیاکانی ئارارات ناوی هاتووە. هەروەها

---

٢ ئاناباسیس: کتێبە بەناوبانگەکەی زەینەفونە کە باسی گەڕانەوەی لەشکرە دە هەزار سەربازە یۆنانیەکە دەکات لە ئێرانەوە بە کوردستاندا لەساڵی ٤٠١ پێش زایینی. (وەرگێڕ)

٣ لە کتێبی (سفر التکوین)دا ئاماژەی پێدراوە کە کەشتی نوح لەسەر ئەراراتدا نیشتۆتەوە: واستقر الفلك علی جبال اراراگ. دیارە نووسەر لەوە بێ خەبەرە یان نەیویستووە ئاماژەی پێ بدات کە لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژە بە کوردستان کراوە، هەروەك خوای باڵا دەست لە سورەتی هود، ئایەتی ٤٤ دەفەرمووێت:

لەسەدەی شەشەمدا لە یاساکانی (تەلمود)[٤] چەند ئاماژەیەکی تری پێدراوە کە بە (کاردۆ یان کارادۆیم) ناوی هاتووە. لەگەل هەموو ئەمانەشدا بە شێوەیەکی ورد، بنەڕەتی کورد لە هیچ سەرچاوەیەکدا دیاری نەکراوە.

کوردستان هەرگیز خاوەنی مەملەکەتێکی سەربەخۆ نەبووە، لەگەل ئەوەشدا ئەم ناوچەیە خاوەنی زمانو کلتوری تایبەت بە خۆیەتیو زۆربەی خەلکەکەی کوردی ڕەسەنن.

(کیرزن) لە کتێبەکەیدا بە ناوی(ئێران و مەسەلەی ئێران)دا لەسالّی ١٨٩٢، وەکو شوێنێکی بەرز کە لەسەر زەویە بەرزە سنوورەکاندایە لەلایەن کوردەکانەوە بەڕێوە دەبردرێت، ئاماژەی بەچیاکانی کورد کردووە. ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام ڕووبەری کوردستان بەنزیکەی ١٥١ میلی چوارگۆشە دەخەملێنێت. لەهەندێ لێکۆلینەوەی تردا ڕووبەری کوردستان بە ١٩٣ میلی چوارگۆشە دانراوە. لەدرێژەی فتوحاتی ئیسلامیدا، کوردەکان لەنێوان سەدەکانی شازدەو هەژدەدا بوون بە موسلّمان، لەو کاتەوە کوردستان بوو بە مەیدانی ململانێی نێوان عوسمانیو صەفەویەکان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کۆمەلّگای کوردی ببێت بە کۆمەلّگایەکی دەرەبەگی، هەروەك لە شەرەفنامەدا بەڕوونی ئاماژەی پێدراوە. تەنها لەکۆتاییەکانی سەدەی پانزەمدا کوردستان کەمێك سەقامگیری بەخۆیەوە بینی ئەویش لەکاتی دامەزراندنی هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەکانو صەفەویەکاندا بوو.

---

واستوت علی الجودی. واتە:کەشتیەکەی نوح لەسەر جودی دابەزی (وەستا). جودی چیایەکە لەزنجیرە چیاکانی ئارارات. (وەرگێڕ)

٤ تەلمود: کۆمەلێك یاسا و دابونەریتی کۆنی جولەکەکانن بۆ چارەسەرکردنی کاروباری ئایینیو کێشە کۆمەلاّیەتیەکان.

لەو کاتەوە تاوەکو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم کوردستان تەنها چەند گۆڕانکارییەکی سیاسی بەدەست هێنا وە لەکاتی ڕوودانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا کوردستان بە سەر پێنج دەوڵەتی سەربەخۆدا دابەش کرا ئەوانیش: عێراق‌و ئێران‌و سوریا و تورکیا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران بوون.

زۆربەی کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی ناشارستانی بوو، وە پەیوەست بوو بە هەندیك دابونەریتەوە لە ناوچە گوندنشینەکاندا وە ژیانێکی کۆچەری یاخود نیمچە کۆچەرییان هەبوو، بەڵام لەماوەی نێوانی سەدەکانی نۆزدە و بیستەمدا بەرە بەرە پرۆسەی بەشارستانی بوون دەستی پێ کرد. تەنانەت ئەو کوردانەی کە لە شارەکاندا دەژیان پەیوەندییان لەگەل هۆزە دەوروبەرەکانیان توندکرد وە هەریەکەیان ڕێزی لە یاساو بەهاکانی ئەوی تر دەگرت. کوردە موسڵمانەکان‌و بەشێك لە مەسیحیەکان لە سەربازیدا بوون کە ئەمەش بەهێزترین چینی کۆمەڵگا بوو. ئەو چینانەی کە مابوونەوە، واتە، چینی مەسیحی‌و سەرجەم جولەکەکان سەربە چینی شارستانی بوون. جوولەکەکان تا ڕادەیەك سەربەخۆ بوون وە لەژێر چاودێری سەرۆك خێلەکاندا چاودێرییان دەکرا. جوولەکەو مەسیحیەکان لە سنووری خێلەکەکانیاندا بەبێ هیچ کێشەیەك دەیانتوانی سەرجەم کرداره ئایینی‌و کلتوریەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن.

گرنگترین ئەو خاڵانەی کە جوولەکەکان‌و مەسیحیەکان لە کوردستان لەیەکتر جیا دەکردەوە ئەمانەی خوارەوە بوون:

١. ژمارەی دانیشتوانی مەسیحیەکان لە ژمارەی دانیشتوانی جوولەکەکان زیاتر بوو.

٢. زۆربەی ئاشوریەکان خێلەکی‌و نیمچە سەربەخۆ و شەڕانی بوون بەپێچەوانەی جوولەکەکانەوە کە خێڵەکی نەبوون.

٣. بەژداری هێزە رۆژئاواییەکانو رێکخراوە مەسیحیەکان لەسەدەکانی نۆزدە و بیستدا وای کرد مەسیحیەکان زیاتر بایەخیان پێ بدرێ.

توێژەرانی کوردستان ئاماژە بەوە دەدەن کە ململانێو خوێنڕشتنی زۆر لەناو هۆزەکانی کوردستان هەبووە. لەم دواییانەدا، یاسای تایبەت بۆ چارەسەرکردنی کێشە خێڵەکیەکاندا لە کوردستان کەوتە کار. لە پێشدا ئەو هۆزەی کە ناکۆکی هەبوایە لەلای پیاوێکی ئایینی یاخود شێخێك کێشەکەی چارەسەر دەکرا. بەم جۆرە ئەو شێخو پیاوە ئایینیانە بەهێزتر و سەرکەوتووتر دەبوون. هەروەها گرژیو ئاڵۆزی لەنێوان حکومەتو خێڵەکاندا هەبوو، بۆنمونە، ئەو کێشانەی کە لەگەل حکومەتی بەریتانی وە عێراقیو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا هەبوون. ئەم کێشانە بەهۆی باج کۆکردنەوە و بەسەربازی کردن لەناوچە گوندنشینەکاندا سەرچاوەیان دەگرت. یەکێکی تر لەکێشەو ململانێ هەرە باوەکانی ئەو سەردەمە گرژیو ئاڵۆزی ئایینیو ڕەگەزپەرستی بوو. یەکێك لە ڕاپۆرتە بەریتانیەکان لەساڵی ١٩١١ دا ئاماژە بەوە دەدات کە ڕقو کینە لەنێوان شیعەو سوننە بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرا وە هەروەها لە تورکیاش کێشەو کینە لەنێوان موسڵمانو مەسیحیەکاندا هەبوو.

لەم کتێبەدا جیاوازیەکی بەرچاو هەیە لەنێوان ژیانی خەڵکی شارو لادێدا وە هەروەها لەنێوان کۆمەڵگای شارنشینو گوندنشیندا. بژێوی ژیانی خەڵکی لادێو دوورە دەستەکان پشتی بە کشتوکاڵ دەبەست. بەهۆی دووری ناوچەکانیانەوە وە ئەم ناوچانە بێ بەش بوون لە گەلێك سەرچاوە کە حکومەت پێشکەشی دەکرد وە بێ بەش بوون لەو پێشکەوتنانەی کە تەکنەلۆجیای مۆدێرن پێشکەشی دەکرد وەك سەرچاوەی ئاو و کارەبا و هۆکارەکانی گواستنەوە و تەندروستی، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەم کۆمەڵگایانە توانیان پارێزگاری لە سەرجەم دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکانیان لەم ناوچانەدا بکەن.

## ڕۆڵو پێگەی جوولەکەکان لە سەدەکانی رابردوودا:

لە هەندێك وڵاتانی خۆرهەلاتی ناوەڕاستو وڵاتە عەرەبیەکاندا وێنەی جوولەکەکان بەتەواوی لە سەرچاوە نووسراوەکانیاندا بەدی دەکرێت، بەڵام کۆمەڵگای کوردی بێ بەشە لەو سەرچاوە نووسراوانەی باسی نەتەوەی جوولەکە دەکەن. تەنها دوو ڕاپۆرت بەکورتی باسی پەیوەندی نێوان کوردو جوولەکەکان دەکەن کە لەلایەن (دیڤید د بیس هیلیل)ەوە ئامادەکراون. لە گوندێکی نزیك بەشقەلە لە باشوری خۆرهەلاتی تورکیا لە نزیك سنوری ئێران، خەڵکی ئەم گوندە تەنانەت ڕێگایان بە (دەیڤید) نەدا تاوەکو بچێتە ناو گوندەکەیانەوە چونکە ئەوان لەوە دەترسان کە ئەو جوولەکەیەو ماڵەکانیان پیس دەکات[٥]. پاش تکاکردنو پارە پێدانیان ڕێگای پێدرا کە بچێتە ژوورەوە. چەند پاڵنەرێکی ئایینی هەیە کە وای کردووە ئەم جۆرە ڕەوشتە لەلایەن شیعەکانەوە هەبێت. لە گوندێکی تردا کە ماوەی شەش کاتژمێر لە شاری زاخۆوە دوور بوو، خەڵکەکەی ئەو خواردنەیان نەدەخوارد کە بەدەستی جوولەکەکان دروست دەکرا. میری ئەو گوندە بە (دەیڤید)ی وت کە تەنها جووەکانی تورکیا و میسر و خەڵکی سەر زەوی ئیسرایلو عەرەب بەدروستی

---

٥ـ ئەمە بیروباوەڕی شیعەکانە کە پێیان وایە هەر پەیوەندییەك لەگەل جوولەکەو کافرەکاندا تەنانەت دەست لێدان لە کەلوپەلەکانیش، پیسیان دەکات وە لایان دەدات لەو ئەرکانەی کە ئایین بۆی دیاری کردووە.

نەوەی ئیسرائیلن[٦]، لەبەر ئەم هۆیە موسڵمانان بۆیان هەیە تەنها نانی دەستی ئەمانە بخۆن. جوولەکە کوردەکان نەوەی ڕاستەقینەی ئیسرائیل نین بۆیە نانی دەستی ئەوان حەرامە. لە نووسراوە ئیسلامیەکاندا زۆر بە ڕوونی جیاوازی کراوە لەنێوان جوولەکە نوێیەکانو ئەوانەی کە ناویان لە ئینجیلدا هاتووە. ڕەنگە ئەم هۆکارانەی سەرەوە کاریان کردبێتە سەر بیروبۆچونەکانی میرە کوردەکە سەبارەت بە جوولەکەکان.

ڕۆڵی دابونەریتی جوولەکەکان لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا بە پێی پرەنسیپە ئیسلامیەکان بوو. قورئانی پیرۆز هەردوو ئایینی مەسیحیو یەهوودی وەك ئایینی (کۆنی ناتەواو) وە شێوەی ناتەواوی خودی ئایینی ئیسلام وەسف دەکات. موسڵمانەکان بە دڵێکی فراوانەوە گشت نەتەوە کەمینەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی قبول کردووە و ڕێگای پێداون کە سەرجەم کاروبارە ئایینیەکانی خۆیان ئەنجام بدەن وە جۆرێك لە ئۆتۆنۆمی ڕەمەکیان پێ بەخشی. بۆ ماوەی چەندین سەدە جوولەکەکان کاروبارە ئایینیەکانیان بە ڕێکوپێکی ئەنجام دەدا. لە هەندێ سەرچاوەی تردا ئاماژە بەوە کراوە کە جووەکانی کوردستان ڕێگایان پێنەدراوە سەردانی هەندێ شاری پیرۆزی دیاریکراویان بکەن. بۆ نموونە، لەساڵی (١٨٥٩–١٨٦٠)، (یەحیل فیشیل)ی راهیبی جوولەکەکان لەشاری (ئورفا)[٧] ڕێگای پێنەدرا سەردانی ئەشکەوتی ابراهیم بکات، چونکە موسڵمانەکان ڕێگایان بە خەڵکی جوولەکە نەدەدا بچنە ناو ئەشکەوتەکە. لەلایەکی ترەوە، (بنیامینی دووەم) ڕەخنە لە ئازادی

---

٦ ـ نەوەی ئیسرائیل: مەبەستی لە نەوەکانی حەزرەتی (یەعقوب)ە، کە ناوەکەی تری ئیسرائیل بوو. (وەرگێڕ).

٧ ـ ئورفا: ناوە کوردیەکەی (ڕیحا)یە کە دەکەوێتە کوردستانی باکوور. (وەرگێڕ)

ئابووری دەگرێت لەو سوودەی کە جووەکانی کوردستان لە دروستکردنی ئەلکحوولەوە دەستیان دەکەوت لە شارەکانی ئامێدیو ناوچەی بادینانو سلێمانیدا. هەروەها ئاماژە بەمەش دەدات کە جوولەکەکان بەهۆی ئەم کارانەوە لەلایەن موسڵمانەکانەوە چەوسێنراونەتەوە، چونکە لەئیسلامدا بەرهەمهێنانو فرۆشتنی مەی بەهەموو شێوەیەك قەدەغە کراوە. هەروەك قورئانی پیرۆزیش لە سورەتی (المائدە) ئاماژەی پێدراوە. بەڵام لە هەمانکاتدا چەند هۆکارێك هەبوون کە وای لە جووەکان کردبوو بتوانن لە کوردستاندا کحول بەرهەم بهێنن، یەکێك لەو هۆکارانە، خووی خواردنەوەی کحول بوو لەلایەن کوردە موسڵمانەکانەوە. ئەوان(کوردەکان) پێویستیان بە سەرچاوەی کحولی بوو وە دەبوایە لەو جوولەکانەی وەربگرن کە بەرهەمیان دەهێنا یان لە ماڵەکانیان هەڵیانگرتبوو. سێ هۆکاری گرنگ هەبوون کە (بنیامینی دووەم) ئاماژەی پێداون وە وای لە کوردەکان کرد بەرامبەر جوولەکەکانی کوردستان دا دڵ فراوان نەبن:

١. هۆکاری یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەوراتە کۆنەی کە (بنیامینی دووەم) لەشاری دیاربەکر دۆزیەوەی. ئەو تەوراتە لە شاری(نوسەیبین)ەوە گوسترابووەوە بۆ شاری ماردین، لەوێشەوە بۆ شاری دیاربەکر، بەهۆی ئەو تاڵانکاریەو بارە نالەبارە ئەمنیەی کە لەوێدا هەبوو، ئەو تەوراتە گواسترایەوە.

"لەپێشدا ئەم تەوراتە موڵکی سەرجەم خەڵکی شاری ماردین بوو، بەڵام دوای ئەو هەموو تاڵانکاریەی کە لەو شارەدا روویدا وە شاری دیاربەکریش گەمارۆ درا....... بەم شێوەیە خەڵکی ماردین بوون بەخاوەنی ئەو تەوراتە،

جوولەکەکانی شاری (نوسەیبین)[8] لە لایەن ژمارەیەکی زۆری دز و جەردەوە هێرشیان کرایە سەر... ئەوانیش ڕایانکرد بۆ شاری ماردینو ئەو کتێبەشیان لەگەل خۆیان برد"

گواستنەوەی ئەو پەرتووکە پیرۆزە وای کرد کە خەڵکی شارەکانی (ماردین و نوسەیبین)[9] لە بارودۆخێکی نالەبار و مەترسیداردا بژین.

٢. هۆکاری دووەم کە (بنیامینی دووەم) ئاماژەی بۆ دەکات ئەوەیە کە جوولەکەکانی بەشی خوارووی هەولێر لەوحی تەورات بۆ پەرستگای نوێ لە ڕێگای دابونەریتی تایبەت بەخۆیانەوە کە دەبوایە ئەو ڕێوڕەسمە لە دەرەوەدا ئەنجام بدرێت. لە کاتی ئەنجامداندا، لەلایەن موسڵمانەکانەوە هێرشیان کرایە سەر، هەندێکیان کوژران وە ڕاهیبەکان بریندار کرانو پەرستگاکەش لەگەل زەویدا تەخت کرا. جوولەکەکان پەرستگایەکی تریان بنیادنا، بەڵام ئەمجارەش هەمان ڕووداوی پێشوو دووبارە بووەوە کە لەم ڕووداوەدا (بنیامینی دووەم) خۆی شاهیدی ئەم ڕووداوە بوو.

٣. هۆکاری سێیەم کە (بنیامینی دووەم) وەك نموونەیەك دەیگێڕێتەوە، ئەو هێرشە بوو کە لەلایەن عوسمانیەکانەوە لەشاری ڕەواندوز کرایە سەر پەرستگای جوولەکەکان. کورتەی ڕووداوەکە بەم شێوەیە بوو:

"لە ڕۆژی سەری ساڵی جوولەکەکاندا کاتێك کە دەنگی (شۆفار)[10] لەپەرستگای جووەکان بەرز بووەوە، کوردەکان هەڵیانکوتایە سەر پەرستگاکەو هێرشیان کردە

---

٨ ـــ نوسەیبین: شارۆچکەیەکە لە کوردستانی باکوور لە نزیك شاری جزیرێ. (وەرگێڕ)

٩ ـ مەبەستی لە جوولەکەکانی ئەم دوو شارەن. (وەرگێڕ)

١٠ ـــ شۆفار: بە کوردی واتە زوڕنا، دەنگێکی گەورەی هەیە بە گوێرەی ئایینی جوولەکەکان لەئاهەنگی ساڵی نوێدا لەناو پەرستگادا لێ دەدرێت.

سەر ئافرەتەکانو زۆر بەتوندوتیژی مامەلەیان لەگەڵدا کردن. شۆفارەکەشیان شکاند وە خەڵکەکەیان ناچار کرد دەست لە ئاهەنگەکەیان هەڵگرن".

زۆربەی هەرە زۆری جووەکانی کوردستان لەناو چەقی شارەکاندا ژیاون، وە ژمارەیەکی کەمتریان بەسەر ناوچە شاخاوییە گوندنشینەکاندا دابەش ببوون، ئەو شوێنانەی کە شێخو ئاغاکان تیایدا حوکمیان دەکرد. هەندێ لە جوولەکە گوندنشینەکان بەهۆی ئەو حوکمەی کە لەلایەن ئاغاکانەوە دەکرا، بەرەو شارەکان کۆچیان کرد. پەیوەندی نێوان کوردو جوولەکەکان بەگوێرەی کاتو شوێن دەگۆڕدرا. بۆ نموونە، لەساڵی ١٨٣٤ (فرایزەر)[١١] دەڵێت: پەیوەندی کوردو جووەکان لە شارۆچکەی قەرەداغ پەیوەندییەکی زۆر پتەو بوو، خەڵکەکەی بە تەبایی لەگەڵ یەکتردا دەژیان. لەساڵی ١٨٤٨ (بنیامینی دووەم) وەسفی ئەو جوولەکانەی کە لە ناوچە تایبەتیەکانی خۆیاندا دەژیان لەشاری ماردین بەوە دەکات کە تا ڕاددەیەکی باش سەربەخۆ بوون لە کاروبارەکانیاندا. وە بەردەوام دەبێتو دەڵێ: جوولەکەکانی کوردستان لە بارودوخێکی ئاسوودەدا دەژیانو بە هیچ شێوەیەك نەدەچەوسێنرانەوەو باری ژیانیان لە گەشەسەندندا بوو. زۆربەی جوولەکەکان دەوڵەمەند بوون، بەتایبەتی ئەوانەی لە کەرتی کشتوکاڵیدا کاریان دەکرد وە خاوەنی زەویوزار و ئاژەل بوون. بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لە بەر دەستدان لەسەدەی نۆزدەدا، ئاماژە بەوە دەدەن کە جوولەکەکانی کوردستانی ئێران لەچاو جوولەکەکانی کوردستانی عوسمانی[١٢] زیاتر چەوسێنراونەتەوە. لە ڕاستیدا بە بەراوورد لەگەل

---

١١ ــــ فرایـــزەر: لـــە کتێبـــی(travels in Koordistan and Mesopotamia) گەشتەکان لە کوردستان و میزۆپۆتامیادا باسی ئەم بابەتەی کردووە.

١٢ ــ کوردســتانی عوسمــانی: ئــەو بەشــەی کوردســتان کــە لــەژێر دەســتی ئیمپراتۆریــەتی عوسمانیدا بوو. (وەرگێڕ)

جوولەکەکانی ئێران، جوولەکەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە بەهەشتدا دەژیان. لە هەرسێ شاری مەراقە[١٣]، لە دەورووبەری سالآنی (١٨٠١–١٠٨٢) وە لە شاری ئورمیە لەسالآنی (١٨٢١–١٨٢٢) وە پاشان لە شاری سەلماس، جوولەکەکان دووچاری چەوسانەوەو خوێن ڕشتن بوونەوە. لە درێژەی گەشتەکەیدا بۆ کوردستانی عوسمانی لەساڵی (١٨٢٧ )دا، (دەیڤید دبێس هیل) دەڵێت: تەنها لەشاری هەولێر موسڵمانان جووەکانیان چەوساندۆتەوە. دوای بیست ساڵ (بنیامینی دووەم) ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە هێشتا جووەکانی شاری هەولێر دەچەوسێنرینەوە. لە کۆمەڵگای جوولەکەکانی ڕەواندوزیشدا، (بنیامینی دووەم) ئاماژەی بەوە داوە کە هێشتا ئەو چەوساندنەوەیە بەردەوامە کە لە ڕابردوودا دەرهەق بە جووەکان کرابوو. دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکانی شارەکە زانیاریان دەربارەی ئەو کردەوانە هەبوو بەڵام کاربەدەستانی بەغدا لێی بێ خەبەر بوون. (ستێرن) ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو زوڵمو زۆردارییەی بەرامبەر جوولەکەکان ئەنجام درا بووە هۆی کەم بوونەوەی ژمارەی دانیشتووانی ئەو شارۆچکانە لە سەرتاسەری وڵاتدا. (بنیامینی دووەم) دەڵێ: لە ڕووداوێکدا ژنو پیاوانی جوولەکە ناچار کران وەکو بەندە لەجیاتی گەورەکانیان کار بکەنو بەردیان دەشکاند وە دەیانکرد بە کاشی. هەندێ سەرچاوەی نوێتر ئاماژە بەوە دەکەن ئەو جۆرە کرێکارییە زیاتر لەناوچە گوندنشینەکان هەبوون، بەڵام لەهەمانکاتدا لەچەقی شارەکانیشدا بەرچاو دەکەوتنو دەبینران. چەندین ڕاپۆرت لە بارەی ڕۆڵی جوولەکەکان لە سێ شاری گرنگی کوردیدا خراونەتە ڕوو. بەپشت بەستن بە ڕاپۆرتەکانی (بنیامینی دووەم)، لەژێر دەسەڵاتداری تورکە عوسمانیەکاندا ڕۆڵو بارودۆخی

---

١٣ ـ مەراقە: تەبریز.

جووله‌كه‌كانی كوردستان تا ڕاده‌یه‌ك به‌ره‌و پێش چوو. پێش هاتنی توركه‌كان، جووله‌كه‌كانی شاری ڕه‌واندز بۆماوه‌ی چه‌ند سه‌ده‌یه‌ك ڕسوا ده‌كران‌و ده‌چه‌وسێنرانه‌وه‌. ئه‌وان(جووه‌كان) ببون به‌ بابه‌تی زوڵم‌و زۆرداری كورده‌كان، وه‌ك مه‌ڕومالاَت ده‌كڕدران‌و ده‌فرۆشران وه‌ موسڵمانه‌كان له‌په‌رستگاكاندا هێرشیان ده‌برده‌ سه‌ر جووه‌كان. به‌هاتنی توركه‌ عوسمانیه‌كان ئه‌و ئاژاوه‌ و بێ سه‌روبه‌ریه‌ كۆتایی هات. گێڕانه‌وه‌كه‌ی (بنیامینی دووه‌م) بارودۆخی جووله‌كه‌كانی كۆمه‌ڵگای شارنشین‌و گوندنشین له‌ یه‌كتر جیا ده‌كاته‌وه‌. ئه‌و جووله‌كانه‌ی كه‌ له‌ ناوچه‌ پیشه‌سازییه‌كانی وه‌ك شاری كوێسنجقدا[14] ده‌ژیان به‌ به‌راوورد له‌گه‌ل ئه‌و برایانه‌یان كه‌ له‌ شاری ڕه‌واندوزدا ده‌ژیان كه‌متر ده‌چه‌وسێنرانه‌وه‌. به‌شێوه‌یه‌كی ئاشكرا ئه‌و جووله‌كانه‌ی كه‌ له‌ گووندەكاندا ده‌ژیان زیاتر ده‌چه‌وسێنرانه‌وه‌. ئه‌و كاردانه‌وه‌ لاوازه‌ی كه‌ جووله‌كه‌كان ملیان بۆ چاره‌نووسی خۆیان كه‌چ ده‌كرد، (بنیامینی دووه‌م)ی تووشی سه‌رسوڕمانی كرد. ئه‌و له‌و باره‌یه‌وه‌ ده‌ڵێت:

"برا هه‌ژاره‌كانمان وابیریان ده‌كرده‌وه‌ كه‌ چاره‌نووسیان وا نووسراوه‌ ئازار بچێژن وه‌ به‌ هێمنی ملیان كه‌چ بكه‌ن بۆ چاره‌نووسی خۆیان، وه‌ ئه‌وان پێشبینی بچووكترین یاخود كه‌مترین گۆڕانیان نه‌ده‌كرد"

له‌ هه‌وڵدانێكدا بۆ ڕوونكردنه‌وه‌ی ئه‌و هه‌موو چه‌وساندنه‌وه‌و ئه‌شكه‌نجه‌یه‌ی له‌دژی جووله‌كه‌كان ئه‌نجام ده‌درا، (بنیامینی دووه‌م) ئاماژه‌ به‌وه‌ ده‌دات كه‌ ئازادی ئابووری وای له‌ جووله‌كه‌كان كردبوو بتوانن له‌سه‌ر ژیانی خۆیان به‌رده‌وام بن، ئه‌مه‌ش سه‌ره‌ڕای سه‌پاندنی ئه‌و هه‌موو باج‌و بیروڕایه‌ به‌ سه‌ریاندا.

---

١٤ ـ كۆیسنجق: شاری كۆیه‌. ( وه‌رگێڕ)

(بنیامینی دووەم) دەڵێ: لەشاری ئاکرێدا جاروبار هێرش دەکرایە سەر ئافرەتانی جوولەکە. ئافرەتە جوولەکەکان چەندین جار لەنزیك پەرستگاکانیان، ئەو شوێنەی کە لەلایەن ئافرەتەکانەوە وەکو ڕێوڕەسمێکی ئایینی بە کار دەهات بۆ خۆپاککردنەوە لە تاوان، هێرشیان کرایە سەر وە یەکێك لە ئافرەتەکان بەشێوەیەکی سەیر لەلایەن چوار کوردەوە لە گەرماودا دەرفێنرێت، ئەم ئافرەتەش پارچەدارێکی گەورەی گرتو لە سەری یەکێکیانی دا و کوشتی. ئەم ئافرەتە باجی ئەو کارەی بە ژیانی خۆی دا و هەرسێ هێرشبەرەکەی تر ئافرەتەکەیان کوشت. لە نموونەیەکی تردا، کوردێك ئافرەتێکی جوولەکەی گرت، ئافرەتەکەش بە خەنجەرێك بەرگری لەخۆی کردو خۆی لە دەستی ڕزگار کرد. هاوڕێیەکی هێرشبەرەکە، کە بەوێدا تێدەپەڕی، یەکسەر هێرشی بۆ کرد و بەخەنجەر لێیدا.

جوولەکەکانی هەولێر زیاتر لەلایەن پیاوە ئایینیە دەمارگیرو توندوتیژەکانەوە کە بە تەواوی لە ئایینی خودا[15] تێنەگەیشتبوون، دەچەوسێنرانەوە. (بنیامینی دووەم) لە دەورووبەری ساڵی (١٨٤٨)دا بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێ: کچێکی جوولەکە بەڕێکەوت هەندێك ئاوی پیس بەسەر سەری ڕێبوارێك، کە بەوێدا تێدەپەڕی، دەڕژێنێت. لە بەرامبەردا، دوو ڕێگای بۆ هەڵدەبژێرن ئیسلام بوون یان کوشتن. خەڵکەکە کچەکەیان گرتو ئازاریان دا وە لێیان پرسی کە چۆن کچی وەچەیەکی نەفرەتلێکراو دەوێرێ ئاوا سەرزەنشتی ئیماندارێکی ڕاستەقینە بکات. کچەکە ئەوەی ڕەتکردەوە بیروباوەڕی موسڵمانان لە باوەش بگرێت بۆ ئەوەی لە سزا[16] بە دوور بێت. کچەکەیان گرتو لەپێش چاوی خانەوادەکەی بە خەنجەر

---

١٥ـ ئایینی خودا: ئایینی ئیسلام.

١٦ ــ سزا: سزای ئایینی یەهوودی بۆ ئەو کەسانەی کە ئایینی خۆیان لە یەهوودیەتەوە بۆ ئایینێکی تر دەگۆڕن. (وەرگێڕ)

کووشتیان‌و پاشان لاشەکەشیان پارچە پارچە کرد. تەنانەت خەلکەکە لەلای پاشای بەغدا سکالآشیان نەکرد، لەترسی ئەوەی نەوەك پاشا بڕیاری قەتلوعامیان بۆ دەربکات‌و هەموویان بکوژێت. کردەوەیەکی تری سەیر کە لە شاری هەولێر ڕوویدا، مردنی نوێنەرێکی (ئورشەلیم) کە بۆ گفتوگۆ سەردانی شاری هەولێر کردبوو. جوولەکەکان ئەویان لەهەولێر ناشت، بەڵام هەر لەو شەوەدا موسڵمانەکان لاشەکەیان لە گۆڕەکەیدا دریەو دەستەکانیان لێ کردەوە و ئەوەی کە مایەوە فڕێیان دایە ناو چاڵێکی کراوەوە بەبێ ئەوەی دای بپۆشن. دواتر جوولەکەکان چوونە ناو گۆڕستانەکەو گۆڕە بەتالەکەیان پڕکردەوە. ئەمانە هەموو ئەو سەرەڕۆیانە بوون کە ئەوان ئەنجامیان دا. هاووڵاتیانی جوولەکەی بەغدا کە لە کاتی ئەم ڕووداوەدا سەردانی هەولێریان کردبوو، قونسولی وڵاتە ئەوروپیەکانیان لەم ڕووداوە ئاگادار کردەوە. کاتێك کە پاشای بەغدا گوێبیستی ئەم هەواڵە بوو:

"بانگی تاوانبارەکانی کردو لێی پرسین ئایا ئەوانە دەزانن کە ئەم گۆڕانە زیندانی خودان وە خوداش زیندانیەکانی خۆی دەپارێزێت تاوەکو ڕۆژی حەق‌و حساب، بۆچی ڕێز لەشتێك ناگرن کە خودا خۆی خاوەنیەتی؟"

جارێکی تر سەرپێچیکاران لە سزا ڕزگاریان بوو، چونکە جوولەکەکانی هەولێر ناچارکران لەجیاتی ئەوان لە پاشا بپارێنەوە کە بەزەیی پێیاندا بێتەوە. هەردوو توێژەر (دەیڤید دبیس هیل)و (بنیامینی دووەم) دەڵێن کە چەوسانەوەی جوولەکەکان لەلایەن دەسەڵاتی توورکەکانەوە لەهەولێر بەردەوام بوو. جوولەکەکان ڕۆژانە دەچەوسێنرانەوە بەڕاددەیەك کە هەرچیەك کە پێیان بگوترابوایە، دەبوایە بەبێ بۆلە بۆل جێبەجێی بکەن. یەکێکی تر لە نموونە هەرە بەرچاوەکاتی تر کە جووەکان تیایدا دەچەوسێنرانەوە، دەسەڵاتدارانی هەولێر باجیان لە سەر جوولەکەکانی شارەکەدا دوو ئەوەندە لێ کردبوو. ئەوانیش ناڕەزاییان بەرامبەر بەو کارە دەربڕی وە نوێنەرێکیان بۆ گفتوگۆکردن

لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە ناردە شاری کەرکوك بۆئەوەی لەگەل وەزیری بەرپرسیار باسی کێشەکە بکەن.

هەندێ زانیاری سەبارەت بە جوولەکەکانی کوردستان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا لەو نامانەی کە لە چەقی شارەکاندا دۆزراونەتەوە بەرچاو دەکەون. لە نمونەیەکی تایبەتدا، سەرکردایەتی جوولەکەکانی شاری زاخۆ لەساڵی(١٨٩٢)دا ڕەخنە لەوە دەگرێت کە کوردەکان کرداری دژبە یەهودییەتیان ئەنجام داوە بەرامبەر بە جوولەکەکانی شارۆچکەکە وە خانوو و پەرستگاکانیان سووتاندون. حەوت جوولەکە کوژران‌و چەندانی تریش زیندانی کران‌و ئەشکەنجە دران وە بەخێرایی باج بەسەر هاووڵاتیانی جوولەکەدا زیاد دەکرا. ئەم ڕووداوە تراژیدیانە بارودۆخی جوولەکەکانی لەکاتی بەفروباراندا خەراپتر دەکرد، کە بەفر شارۆچکەکەی دادەپۆشی، (١٥٠) خانووی جوولەکەکانی خاپوور کرد. ئەم ڕووداوە گرنگ و پڕ بایەخە ناوبانگێکی گەورەی بەدەست هێنا ڕێك وەك ئەو حەوت کەسەی کە لەشاری ساندوور کوژران کە بووە هۆی ئەوەی لەگەلێك سەرچاوەدا باس بکرێت. بە هۆی ئەمەوە دەتوانین بلێین ئەم ڕووداوە ڕووداوێکی جیاکاریانە بووە لە مێژوودا.

# بەشی یەکەم

## "جوولەکە شارنشینەکان و ئاغا خێڵەکیەکانیان"

# چەند ڕوونكردنەوەیەكی سەرەتایی سەبارەت بە كۆمەڵگای خێڵەكی كوردی

## یەكەم: بەراووردی نێوان ژیانی شار و لادێ

جوولەكەكان بۆ ماوەی چەندین سەدە لە شارەكاندا دەژیان. دەبێ ئاماژە بەوەش بدرێت هەندێ لە جوولەكە شارنشینەكان بەشێكی ژیانیان لەناوچە گوندنشینەكاندا لەژێر دەسەلاتی خێلەكاندا بەسەر بردووە، وە ئەمەش لە كوردستاندا كاری كردۆتە سەر ژیانیان. خۆی لە خۆیدا ئەمانە خەڵكی شار بوون، بەڵام بەهۆی چەند هۆكارێكەوە، دەبێ ئەزموونی ژیانیان لەناو قالبی خێڵەكیدا سەیر بكرێت. ئەم ڕوونكردنەوە سەرەتاییانە دەبێ زۆر بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت چونكە پەیوەندییان بە ڕۆڵی جوولەكەكان لە هەردوو ژیانی شارستانی لادێیدا هەیە، بەتایبەتی لەنیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا. هەرچەندە هەندێ لەم ڕوونكردنەوانە لەپێش سەدەی بیستەمدا ڕوویانداوە.

(شماریاهو گوتمان)(١٩٠٩-١٩٩٦)، یەكێك بوو لە نوێنەرە كۆنەكانی كۆمەڵگای جوولەكە لە فەلەستین، كە لە شوباتی (١٩٤٣) بۆ عێراق نێردرا بوو، ئاماژە بەوە دەدات كە جوولەكەكانی كوردستان جیاواز بوون لە جوولەكەكانی بەغدا. ئەو دەڵێت كە جوولەكەكانی كوردستان خۆیان ئاژەڵو مەڕومالاَتەكانیان دەلەوەڕاند بەپێچەوانەی جوولەكە دەوڵەمەندەكانی بەغدا كە مەڕومالاتەكانیان دەدا بە شوانە موسڵمانەكان وە بەپێی نەریتی ئەو كات قازانجەكەشیان بە نیوە بوو. بەهەمان شێوە لەناو كوردستانیش جیاوازی هەبوو لە نێوان ژیانی

شار و لادێدا. بەزۆری جوولەکە شارنشینەکان لە گوندەکانەوە بە هۆی یاسا خێڵەکیەکانی ئەو ناوچانەوە بەرەو شارەکان کۆچیان کردبوو. بەم شێوەیە بەشێك لە دانیشتوانی شارنشینەکان لەو کۆچبەرانە پێك هاتبوون کە لە گوندەکانەوە کۆچیان کردبوو. لە هەندێ ناوچەی شارنشینی وەکو هەولێر، جیاوازی نێوان ئەم دوو کۆمەڵەیە زۆر بە ڕوونو ئاشکرایی بەرچاو دەکەوت. ئەو ڕووداوانە جیاوازی لەنێوان ئەو جوولەکانەی کە لە بنەڕەتدا خەڵکی هەولێر بوون، بەزمانی عەرەبی دەدوان، لە گەڕەکی جیادا دەژیان وە ئەو خەڵکە نوێیەی لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانەوە هاتبوونو بەزمانی ئارامی دەدوان، ئەوانەش هەر لە گەڕەکی جیادا دەژیان، ڕوون دەکاتەوە. یەکێك لەو کوڕە کوردانەی تازە هاتبوو بۆ شارەکە، کچێکی لە شارەکە مارە کرد بەڵام کچەکە داوای لە دادگا ئایینیە ناوخۆییان کرد ئەم مارەییە هەڵبوەشێنریتەوە، بەڵام کوڕە کەللەڕەقەکە ئەمەی ڕەتکردەوە. بۆ ناچارکردنی کوڕەکە کە واز لە کچەکە بهێنێت، خەڵکی هەولێر لە قەسابەکانی ئەو شارەی قەدەغە کرد کە مەڕوماڵات لەو کوردانە بکڕن کە تازە هاتبوونە شارەکەوە، چونکە زۆربەیان خاوەنی مەڕوماڵات بوون. لەئەنجامی ئەو کارەیاندا کوڕەکە ناچار کرا کە قایل بێت مارەبڕینەکە هەڵبوەشێنێتەوە. (برەیڤەر)[١٧] ناوێك کە لەو کاتەدا لە هەولێر ئامادە بوو، ئەو بەسەرهاتە بەم شێوەیە باس دەکات:

---

١٧ برەیڤەر: لەسالی ١٩٣٥ لەشاری کەرکووك بوو لەماڵی یەکێك لە ئەفسەرە سیاسیەکانی بەریتانیا. ئەم ئەفسەرە ناوی (والاس لیۆن) بوو وە زانیاری تەواوی لەسەر کوردستان هەبوو.

" کوردە تازە هاتووەکان لەگەل هاولاتیانی خۆیاندا بەشێوەیەکی توندوتیژ گفتوگۆیان دەکرد کە ئەمەش وای لە کورە کەللەڕەقەکە کرد ملکەچی بڕیارەکانیان بێت"

تونیژەرانی عێراق جەختیان لەسەر دوولەتبونێکی تری کۆمەڵگاکەیان کردەوە کە ڕۆلێکی زۆر کاریگەری لە مێژووی نوێی عێراقدا گێڕا، ئەویش جیاوازی نێوان ژیانی شار و هۆزە. لەماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، کۆچەرەکانو ئەو هۆزانەی لە دەوروبەری شارەکاندا نیشتەجیٚ بوون، دەستیان بەسەر سیستەمی گەیاندنی ولاتدا گرتبوو وە نۆ لەسەر دەی خاکەکەیان بەدەستەوە بوو. لەسالی (١٩٣٣) دا، واتە سالێك دوای سەربەخۆبونە نوێیەکەی عێراق، نزیکەی سەد هەزار پارچە چەك[18] لەژێر دەستی پیاوانی هۆزدا بوون وە لە بەرامبەردا تەنها پانزە هەزار پارچە چەك لە ژێر دەستی حکومەتدا بوون. لە سەردەمی هاوچەرخدا، تەنها چەند هۆزێکی کەم بەتەواوەتی لەدۆخی کۆچەریدا[19] ماونەتەوە. هەرچەندە زۆربەی زۆری دانیشتوانی سەرتاسەری ولات بەشێوەیەکی سیستەمی هۆزەکی ڕێك خراون. ئەگەر کورد بن یان عەرەب، دانیشتوانیان پەیوەستن بە دابونەریتی هۆزەکەی خۆیانەوە. بە پێی وتەکانی توێژەر (ماڕ) کە دەلێ:

"دلسۆزی بۆ بنەمالەو عەشیرەت تەواوی ژیانی کۆمەلایەتی سیاسی عێراقی داگیرکردووە. گرنگیەکی زۆر بە بنەمالەو تیرەو هۆز دەدرێت. دلسۆزی ئەندامانی هۆز بۆ کەسە گرنگەکانی ناو هەندێك بنەمالە زیادی کردووە وە

---

١٨ مەبەستی چەکی بڕنۆی ئەو کاتەیە.( وەرگێڕ)

١٩ کۆچەر: ئەوانەن کە شوێنێکی دیاریکراویان نییە بۆ نیشتەجیٚ بوون، بە پێی وەرزەکان کۆچ دەکەن. (وەرگێڕ)

بەئاسانی دەست لە کاروباری حکومەت وەردەدەن. ئەمانە شەرعیەتیەکانی سیستەمی هۆزی لە عێراقدا بوون".

(ماڕ) ئاماژە بەوە دەدات کە دوو سیستەمی حوکومڕانی لە کوردستاندا هەبوون. دانیشتوانی بە زۆری ڕووبەڕووی دوو سیستەمی جیا دەبوونەوە، حکومەتی فەرمی لەلایەك وە حکومەتی ئاغاکانیش لەلایەکی ترەوە. ئاغا یەکێك بوو لەدەسەڵاتدارە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای هۆزی. نەك تەنها خەڵکی هۆزەکی بەڵکو تەنانەت موسڵمانە ناهۆزەکیەکانو مەسیحیەکانو جوولەکەکانیش، ئاغاکانیان بە دەسەڵاتداری سەرەکی خۆیانیان دەزانی. بە نیسبەت جوولەکە ناهۆزەکیەکان، بە تایبەت لە ناوچە گوندنشینەکاندا، تەنانەت لە هەندێ ناوچەی شارنشینیشدا دەسەڵاتی ئاغاکان زۆر بەهێزتر بوو لە دەسەڵاتی فەرمی حکومەت. لە ڕاستیدا، ئاغا بەهۆی دەسەڵاتەکەیەوە دەیتوانی حکومەت لە زۆر کاری فەرمیدا پەشیمان بکاتەوە. بەگشتی بۆ ئەو خەڵکەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بوون، دەیتوانی میکانیزمی دەسەڵاتەکەی بەکاربهێنێتو لە کار و ئەجیندای حکومەتدا جێبەجێی بکات.

## دووەم: سیستەمی دوانەیی حوکومڕانی

سیستەمی دوانەیی حکومەت کاریگەری زیاتری کردە سەر جوولەکە شارنشینەکان بە بەراوورد لەگەل جوولەکە گوندنشینەکاندا. وەك دانیشتووانی شار، جوولەکە شارنشینەکان کارووباری خۆیان لەلایەن بریکاری فەرمی حکومەتەوە بەڕێوە دەبرد. لەکاتی چوونە دەرەوەیان لە شارەکەدا دەبووایە بچنە ژێر ئەو سیستەمە هۆزەکیەی کە لە ناوچەکەدا حوکمی پێ دەکرا. جوولەکە گوندنشینەکان سەربەخۆ بوون وە لەسنووری ئەو ناوچەیەی لێی دەژیان لەلایەن ئاغاکانی ئەو ناوچەیە دەپارێزران. جووەکان زۆر بەدەگمەن

پەیوەندییان لەگەل فەرمانبەرە فەرمیەکانی حکومەتدا هەبوو وە ئەو پەیوەندییەی کە هەشیان بوو لە ڕێگای یەکێك لە سەرۆك هۆزەکانەوە ئەنجام دەدرا. لەژیانی ئاسایی گوندیشدا، ئاغا دەسەلاّتداری سەرەکی بوو، وە هەرچەندە ئاغاکان دەسەلاّتداری سەرەکی بوون، بەلاّم بەدەگمەن جوولەکەکان پێویستیان بەدەست تێخستنی ئەو ئاغایانە بوو لەکارەکانیاندا. ئەم ڕاپۆرتانەی خوارەوە جیاوازی نێوان ژیانی شار و دێهات لە کوردستان بەدەردەخەن. لە دەورووبەری ساڵی (١٩٤٨)دا، (لیڤی مۆردیخای یعقوب) بەباشی وەسفی ئەو پەیوەندییە دەکات کە لەدهۆکدا لەنێوان موسڵمانو جوولەکەکان هەبوو وە بوونی حکومەت لەو شارەدا بەرز دەنرخێنێت. ئەو بە بەڵگەوە دەڵێت کە هیچ جوولەکەیەك ئازار نەدراوە، هەر ڕووداوێك ڕوویدابوایە یەکسەر بە ڕاپۆرتێك بۆ حکومەت ڕووندەکرایەوە. بەواتایەکی تر، بوونی فەرمانبەری حکومەت لە شارەکەدا ژیانێکی سەلامەتتری بۆ جوولەکەکان دابین دەکرد بە بەراوورد لەگەڵ ئەو جوولەکانەی کە بەبێ حکومەت بوون لەناوچە گوندنشینەکاندا. (زیما بەراشی)، کە لەشاری ئامێدی بوو، ئەوە ڕووندەکاتەوە کە کرداری دزیکردن تەنها لەناوچە شاخاویەکاندا( گوندەکان) بوونی هەبوو. لە شارەکاندا ئەم شتە مەترسیدارانە بوونی نەبوو چونکە حکوومەت بواری ئەم جۆرە کارانەی نەدەدا. هەروەها ئاماژە بەوەش دەدات کە هەرکەسێك تاوانێکی ئەنجام دابوایە ئەوا لەلایەن حکومەتەوە دەستگیر دەکرا و زیندانی دەکرا. لە گوندەکاندا کاتێك جوولەکەیەك ئازار دەدرا، حکومەت نەیدەتوانی هیچ شتێك بکات. بەشێوەیەکی کرداری هیچ جۆرە حکومەتو پۆلیسو دادگا بوونیان نەبوون وە ئاغاکان تاکە دەسەلاّتدار بوون بەسەر جوولەکەکاندا. حکومەتو پۆلیسو دادگا، هەموو ئەمانە لە یەك ئاغادا بەرجەستە بوون. بەهۆی ئەمەوە دەسەلاّتداری ئاغا بۆ جوولەکەکان یەکلاکەرەوە بوو. لە شاردا ژیانی جوولەکەکان تەنها بەند نەبوو

به تاکە کەسێکەوە، بەڵکو لەبواری ئابووریدا چەندەها پەیوەندییان لەگەڵ ئاغاو بەگزادەکان هەبوو.

## سێ یەم: پاراستنی جوولەکەکان لە لایەن ئاغا کوردەکانەوە

پارێزگاری سەرۆك هۆزە کوردەکان بۆ جوولەکەکان یەکێك بوو لەگرنگترین ئەو هۆکارانەی وای کرد جووەکان بەدرێژایی مێژوو لەشارو گوندەکانی کوردستاندا بمێننەوە. پاراستنی یاخود ئەو بەڵێننامەیەی لەنێوان ئاغا کوردەکانو جووەکانەوە، پێش هەموو شتێك لەسەر پاراستنی جووەکان لەلایەن ئاغاکانو چەند خزمەتگووزاریەکی تر بنیادنرابوو. لەبەرامبەر ئەمەشدا دەبووایە جووەکان سەرانە پێشکەش بە ئاغاکانیان بکەن. ئیدمۆندس ئەو مافانەی کە ئاغاکان بەسەر هاووڵاتیە ناهۆزەکیەکان هەیان بوو، بۆ چوار بەش پۆلێنیان دەکات:

مافە شەرعیەکان یان مافە بنچینەییەکان کە خەڵك وەکو لێڕاهاتنو دابونەریت دەیاندا بە ئاغاکان، وەك بەرهەمی کشتووکاڵی، کە خەڵك ناچار بوو بیدات. سەرانەیەکی تر کە ئاغاکان بۆیان نەبوو لەهەموو کاتێکدا وەری بگرن، سەرانەی (بێ ڕەوشتی) بوو، کە لەکاتی کێشەدا دەدرا. سێیەمیان کە خەڵك کەمتر گلەییان لێ دەکرد، سەرانەو باجی هاوسەرداری (زەواج) بوو. لە هەموویان خەراپتر(بەپێی وتەکانی ئیدمۆندس) ئەو ئیش بەزۆر پێکردنە بوو کە لەجیاتی ئاغاکانەوە دەکرا[٢٠]. بەڵام گرنگترین سەرانە ئەو سەرانەیە بوو کە لە

---

٢٠ـ لە پێشدا ئاغا هیچ کارێکی بە خودی خۆی ئەنجام نەدەدا، بۆنموونە ئەگەر ئاغا خانوویەکی دروست بکردبووایە یان ڕەز و بێستانی کێڵابوایە، دەبووایە ئەم کارە لەلایەن خەڵکەکەوە بە بێ بەرامبەر بۆ ئاغاکەیان ئەنجامی بدەن. (وەرگێڕ)

خاڵی یەکەمدا باسکرا، پاراستنی جووەکان لە لایەن ئاغاکانەوە. لەڕاستیدا جووەکان دیارییان بە ئاغاکان دەدا بۆ ئەم پاراستنە. لەناو چەقی کۆمەڵگای شار و گوندەکاندا، جووەکان بە چەندین شێواز ئەو باجو سەرانەیان بە ئاغاکانیان دەدا لە بەرامبەر پاراستنیان. ئەو پاراستنە وای کرد کە جووەکان بەئاسانی بتوانن بە سەلامەتی گەشت بکەنو بازرگانی خۆیان لەناوچە دوورە دەستەکان ئەنجام بدەن. ئەو بازرگانو دەسگێڕە جوولەکانەی لەژێر دەسەڵاتی هۆزدا بوون، دیاریو سەرانەیان بە ئاغاکانیان دەدا وە جاروبار ئەو کەلوپەلانەیان دەدا کە ئاغاکان پێویستیان پێ بوو. جووە شارنشینەکان جۆرە سەرانەیەکیان دەدا بە ناوی( ئاغاوسا یان ئاغاتوسا)[٢١]، ئەمە وشەیەکی زمانی ئارامی نوێیە، لەناوی (ئاغا) وەرگیراوە لەگەل پاشگری (وسا یان توسا). ئەم پاشگرە دەلالەت لەوە دەکەن کە ئاغا مافی وەرگرتنی باج و بەشێك کەلوپەل کرێی هەیە کە بەستراون بە پارێزگاریو دەرەبەگایەتیەکەیەوە. لە بەر ئەم هۆکارەی کە لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، ئاغا مافی لەو کەلوپەلانەی کە دەکرڕدرانو دەفرۆشراندا، لەناوچەی ژێر دەسەلاتی خۆیدا هەبوو. ئەو جۆرە سەرانانە بەتەواوی بەپەیوەندی نێوان سەرۆك خێلەکانو هاووڵاتیە ناخێلەکیەکانەوە بەسترابوون. هەر هۆزێك یان ئاغای هەر گوندێك بەشێوەیەکی ئاسایی کۆنترۆلی یاخود زانیاری تەواوی لەسەر ئەو ئالۆگۆڕە بازرگانیە هەبوو کە لە ژێر ناوچەی دەسەڵاتداری ئەودا ئەنجام دەدرا. لە کۆندا، ئاغای گوند بەخودی خۆی سەرپەرشتی کڕینو مەزادو مامەلە بازرگانیەکانی دەکرد،

٢١ــ ئاغاوسا یان ئاغاتوسا: ئەو پارەیە بوو کە جووەکان وەك پیشەی ئاغایەتی بە ئاغاکانیان دەدا، وە لە بەرامبەردا ئاغا هیچ خزمەتگوزاریەکی پێشکەش نەدەکرد. ( وەرگێڕ)

بەتایبەتی لە کەلوپەلە وەرزییەکانی وەك: خوریو گوێز و هەندێ بەرهەمی جۆراوجۆری کشتوکالیدا. هەر بازرگانێك کە شتێك بکڕیبوایە یان مەزادێکی بردبوایەوە، دەبوایە (ئاغاتوسا) بە ئاغای گوندەکە بدات.

(ئیدمۆندس) باسی ڕووداوێکی تری زۆر گرنگ دەکات لە پەیوەندی نێوان ئاغایەكو هاوڵاتیە شارنشینەکەی. ئەم بەسەرهاتە لەلایەن شێخ محمد ئاغای هۆزی ( بالیك)[٢٢] لەناوچەی ڕەواندوز گێڕدراوەتەوە، کە بەهای ئاغاتوسا زیاتر گرنگی پێدراوە. جارێکیان باوکی محمد ئاغا:

" وەك کارێکی شەرعی دەستی یەکێك لە خزمەتکارەکانی خۆی بەهۆی دزی کردنەوە بڕی. بەهۆی کارێکی قێزەونەوە چاوی پیاوێکی تری دەرهێنا. کە هەواڵەکە بەگوێی قایمقامە توورکەکەدا گەیشت، بانگی قوربانیەکەی کرد کە بێتە ڕەواندوز بۆئەوەی بەڵگەکانی پیشانی قایمقام بدات بۆ ئەو کارەی کە لەگەلیان کردووە. سەرەڕای ئەو هەموو پەستانو بەڵگەهێنانەوەیە، ئەوان بەهەموو شێوەیەك نکۆلیان لەوە کرد کە شێخ هیچ پەیوەندییەکی بە بەدبەختیەکەی ئەوانەوە هەبێت. بەهۆی ئەم کارەوە خەڵکەکەیان لە هەموو ئەو باجو سەرانانە بەخشی کە بە ئاغاکان دەدرا بەهۆی ئاغایەتیانەوە."

جوولەکەیەکی دەستگێڕ لە زاخۆدا بەناوچە شاخاوییەکاندا تێدەپەڕی بۆ بازرگانی کردن، هەموو جارێك سەردانی (سەلاح ئاغا)ی سەرۆك هۆز دەکرد وە چەند دیارییەکی لەگەل خۆی دەبرد وە پێی دەگووت:

"ئەو پێڵاوانە بۆ تۆن، ئەم سەرچەفە بۆ خاتوونەکەتەو ئەم شەکرەش بۆ دیوانخانەکەتە. بۆ سەلماندنی خۆشەویستیم بۆ تۆ وە بزانی تۆ چەند خۆشەویستی لەناو دڵی مندا".

---

٢٢ بالیك: من وای بۆ دەچم نووسەر لێرەدا مەبەستی باڵەکایەتی بێت. (وەرگێڕ)

یەکێکی تر لە بازرگانەکانی زاخۆ هەمان شتی بەسەر هاتبوو. خێزانەکەی بۆماوەی چەندین ساڵ مامەڵەی بازرگانی دەکرد. وەك خێزانێکی بازرگان کە بژێوی ژیانیان لە گەڕانو بازرگانی کردنێکی زۆر بوو لەناوچە گوندنشینەکاندا، ئەندامانی خێزانەکەی بەزۆری گەشتیان بۆ گوندەکان دەکرد بۆ هێنانی کەلوپەلی جۆراوجۆری وەك، مەڕو خوریو دار. ئەوان بۆ ئەو گوندانە دەچوون کە لەژێر دەسەڵاتی خێلەکیدا بوون، وەك ناوچە ژێر دەسەڵاتدارەکانی هۆزی بەرواریو گولیو سندی. بازرگانە جووەکان دەیانگووت کە ئەوان پارەو قوماشمان بە ئاغاکانیان دەدا. ئەگەر کەسێك پێویستی بەپارەی مارەیی(زەواج) بووایە یان قوماش بۆ خێزانەکەی ئەوا یەکسەر بۆلای ئێمە دەهاتو ئێمەش پێمان دەدا. تا ئەو کاتەی کە بازرگانیەکەیان باش بووایە، بەناچاری دەبووایە لەگەل چەندین سەرۆك هۆزو ئاغادا هاوبەش بن کە لەژێر ناوچەی دەسەڵاتداریەتی ئەواندا کاریان دەکرد.

## چوارەم: باری کۆمەڵایەتی و ئابووریو ئایینی

جوولەکە شارنشینەکان هەمیشە لەکۆڵانی جیاوازدا ژیاون. بۆنمونە، لەشاری زاخۆدا کۆلانی جووەکان بە (محەلێت هۆزەییا و مەحەلا جولەکا)[٢٣] ناسرا بوو. جوولەکەکان لە گەڕەكو پەرستگاکانیاندا وە لەچوارچێوەی دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکاندا، ژیانی تایبەتی ئایینیو رۆحیو دونیاییان رێك خستبوو. لە خوارەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جووەکان تا چ ڕاددەیەك توانیویانە خۆیان وەك پێکهاتەیەکی پتەوی کۆمەڵگا بناسێنن.

---

٢٣ محەلێت: واتە کۆلانەکانی، هۆزەیی: واتە جوولەکە

لایەنێکی تری ژیانی جوولەکە شارنشینەکان باس کردنە لەو جوولەکە خانەدانانەی لەشارەکاندا دەژیان، کە تیایاندا هەبوو لە کارگێڕی شارەوانیدا کاری دەکرد. ئیدارەی شارەوانی بەپێی یاسا نوێیەکەی شارەوانیەکانی ساڵی ١٩٢٩ کاری پێدەکرا، کە شوێنی یاسا کۆنە تورکیەکەی گرتبووەوە. چەندان جوولەکە وەك ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی کاریان دەکرد بەتایبەتی لەشارەکانی زاخۆو ئاکرێو دهۆكو سلێمانیدا. ناحوم حەننا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا یەکێك بوو لەئەندامانی (مجلس أدارە) ئەنجوومەنی کارگێڕی قایمەقامیەتی دهۆك. ئەنجوومەنەکە لەچوار ئەندام پێك هاتبوو: دوو موسڵمانو جوولەکەیەكو مەسیحیەك، کە هەریەکەیان نوێنەرایەتی نەتەوەکەی دەکرد. ساسۆن حەننای کوڕی ناحوم حەنا لەساڵی ١٩١٩ ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی دهۆك بوو وە نوێنەرایەتی هاووڵاتیانی جوولەکەی دەکرد. چوار موسڵمانو یەك مەسیحیش لە گەلیدا خزمەتیان لە ئەنجومەنەکەدا لەژێر سەرکردایەتی (رئیس البلدیە) سەرۆك شارەوانیدا کە ئەو کات عەلی ئەفەندی بوو، دەکرد. پاشان جوولەکەیەکی تر لەجێگای ساسۆن دانرا کە ناوی (شلۆمۆ دەیڤد سەلمان)[٢٤] بوو، باوکی یەکێك بووە لە سەرکردە دیارەکانی جوولەکەکان لە دهۆکدا. لەشاری سلێمانیش، دەڵێن بابەگەورەی (ڕیوبین بار ئامۆن) یەکەمین گەورەی جووەکانی ئەو شارە بووە. (یۆم تۆڤ بار ئامۆن)ی مامی بار ئامۆن لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا سەرکردەی جووەکان بووە وە وەکو ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی کاری کردووە تاکو کۆچکردنی بۆ خاکی پیرۆز[٢٥]

٢٤ شلۆمۆ دەیڤد سەلمان: ئەمە ناوە عیبریەکەیەتی. بەلام بەهۆی ئەخلاقی وەرگێڕانەوە نەم ویست ناوەکەی وەرگێڕم ئەگەرنا بەکوردیەکەی دەبێتە سلێمان داوود سەلمان. (وەرگێڕ)

٢٥ خاکی پیرۆز: ئیسرائیل

لەناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیستەمدا. لەشاری ئاکریێ ئەندامانی بنەماڵەی (خواجە خینۆ) وەکو ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی خزمەتیان کردووە. ئارییە گابای کە جوولەکەیەکی ئەو شارە بوو، دەڵێت: من باشم لەبیرە کە چۆن یتزاك خواجە خینۆی باوکی خواجە خینۆ بە خۆیو دەمانچەکەیەوە دەچووە بنکەی پۆلیس. ئەو ئەندامی ئەنجوومەنی قایمەقامیەتی شارەکە بوو. ئەو کاتەی کە نەیدەتوانی لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەندا ئامادەبێ، قایمەقام داوای لێ دەکرد ڕەزامەندی لە سەر پرۆتۆکۆلی کۆبوونەوەکە بنوێنێ وە مۆری بکات. ئەگەر لەسەر هەرشتێك ناکۆك بوایە، ئەوا بەتەنها دەهات بۆ لای قایمەقامو کێشەکەیان باس دەکرد. یەکێکی تر لە ئەندامانی بنەماڵەکە (دەیڤد خواجە خینۆ) بوو کە لەساڵی ١٩٧٧ کۆچی دوایی کردووە، وە یەکێك بوو لە ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی ئاکریێ.

لە زاخۆشدا، (ساسۆن تزیدکیاهو) ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی شارەکە بوو تاکو کۆچی بۆ (eritz-yisrael)[٢٦] خاکی پیرۆز لەساڵی ١٩٣٠ لە سەر هەڵبژرادنی بە خوێندنەوەی (تەوراتی ڕۆژی یەکشەممە)[٢٧] وە خوێندنەوەی پارچەیەك لە تەوراتی بەشی(کۆچکردن)[٢٨] وەك دابونەریتێك خەڵکی ڕێزیان دەگرت. جووە ڕێزلێنراوەکەش لەبەرامبەر ئەمەدا گشت خەڵکەکەی بانگهێشتی خواردنو خواردنەوە دەکات. کاتێك ساسۆن تزیدکیاهۆ بۆ خوێندنەوەی

---

Eritz- yisrael ٢٦: بە زمانی عیبری واتە خاکی ئیسرائیل. ئەم ناوە لەلایەن جووەکانەوە بە پەسەند زانراوە بۆ(خاکی پیرۆز) خاکی زایۆنیەکان.

٢٧ ڕۆژی یەکشەممە لەلای جوولەکەکان وەك هەینی موسڵمانان و شەممەی مەسیحیەکانە کە تیایدا بە ڕۆژی پشوو و خودا پەرستی دانراوە. (وەرگێڕ)

٢٨ کۆچ کردن: باسی کۆچکردنەکەی حەزرەتی موسا(د.خ) وە دەرچوونی میللەتی ئیسرائیل لەمیسردا دەکات. هەروەها گۆرانیەکە لە پەرستگادا دەووترێت.

تەوراتەکە بانگکرا، بنەماڵەی (هۆجا) لەناو پەرستگاکەدا دەستی بە شەڕ کرد، وەك ناڕەزاییەك لەدژی گواستنەوەی ئەو مافە فەخریە لە بنەماڵەکەیانەوە. یەکێکی تر لەئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی زاخۆ، موختاری جوولەکەکان بوو لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ناوی(مۆشی گابای) بوو. ئەو وەك ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی کاری دەکرد. لەکاتی دەسەڵاتدارییەتی بەریتانیەکان لەعێراقدا ئاماژە بەوە دەدرێت کە (ئیسحاق ئەفەندی) بازرگان‌و پیاوێکی کارامە بووە لەکارکردندا وە نوێنەری هاووڵاتیانی جوولەکە بووە لەشاری کەرکوکدا وە لەهەمان کاتدا ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی بووە و هاوڕێی زۆرێك لە کەسایەتییە بازرگانیەکان بووە.

لە سەرجەم کۆمەڵگا شارنشینەکانی جوولەکەکاندا یەك سەرکردەیان هەبوو کە بە موختار یان سەرۆکی کەمایەتیە ئایینیەکان ناسراو بوو وە موچەخۆری حکوومەت بوو. ئەم موختارە کاری ئەوە بوو وەکو فەرمانبەرێکی میری میانگیری بکات لەنێوان هاووڵاتیانی جوولەکەو دەسەڵاتدارە ناوخۆیەکاندا وە بەیەکەوە بیانبەستێتەوە. یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی ئەوە بوو کە ناوی ئەو کەسانەی کە بۆ کاری سەربازی دەگونجێن بکاتە ڕاپۆرتێك وە بنێرێت بۆ ئەفسەری بەرپرس لە کاری بەسەربازیکردن. یەکێکی تر لە ئەرکەکانی ئەوە بوو کە ئەو ئاگاداری‌و بڵاوکراوانەی لەلایەن حکومەتەوە دەردەچوون بگەیەنێتە ئەو هاووڵاتیانەی لەژێر دەستی ئەودا بوون.

جووەکانی کوردستان بەچەندین شێوە لە برا جوولەکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جیاواز بوون. جیاوازیەکەش لە بەراووردی ژیانی ئەو جوولەکانەی کە لە شارەکان‌و ئەوانەی کە لە گوندەکاندا دەژیاندا بوو. دەبێ بگووترێت کە جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕێکخستنی ژیانی گوند و شارەکاندا هەبوو. لەناوچە گوندنشینەکاندا تا ڕاددەیەك هیچ جۆرە ڕێکخستنێك نەبوو. لەزۆربەی کۆمەڵگا

گوندنشینەکانی جوولەکەدا تەنها دوو یان سێ خێزانی تیادا دەژیان وە بەشێوەیەکی گشتی بەیەکەوە گرێ درابوون. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا ئەستەم بوو بتوانرێ هیچ جۆرە رێکخستنێکی ئایینی یان کۆمەڵایەتی بنیادبنرێ. لەم کۆمەڵگایانەدا پەرستگاو پەروەردەی جوولەکەکانو پیاوی ئایینیو مامۆستاو تەنانەت قەسابیش بەرچاو نەدەکەوتن. شایانی باسە کە پیشەی سەربڕینی ئاژەڵ، پیشەیەکی زۆر گرنگە بۆ مانەوەی یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئایینی جوولەکە[٢٩]، چونکە ئەمە وا لە جووەکان دەکات کە ئەو جۆرە گۆشتە بەپێی یاسای خواردنی ئەوان بخورێت. بوونی پەرستگا یەکێك بوو لە گرنگترین دابونەریتەکانی جوولەکە، نەك تەنها بۆ نوێژ و پاڕانەوە، بەڵکو سەرجەم کاروبارە ئایینیەکانی جووەکانی تیادا ئەنجام دەدرا. هەروەها بۆ منداڵانی جوولەکە پەرستگا قوتابخانەش بوو، خزمەتێکی گەورەی لە بوارەکانی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیو ئایینیدا دەکرد.

گرنگی پەرستگا لەو دوو پەرستگایەدا دەردەکەوێت کە لە هەردوو شاری زاخۆو ئامێدی دا هەبوون. لایەنی کەم لەم دوو شارۆچکەیەدا پەرستگاکان ببون بەسەرچاوەی پێشبڕکێی ئایینی ناوخۆیی لەناو کۆمەڵگاکەدا. هەروەها گرنگی ئەم پەرستگایە بۆ جووەکانی شاری زاخۆ لەوەدا دەردەکەوێت کە تەنها لەشاری (ئورشەلیم)[٣٠]دا چەند پەرستگایەك بنیادنرابوون کە دواتر لەساڵی ١٩٥١ بەدواوە، لەسەرەتای ساڵەکانی کۆچی جووەکان بۆ ئیسرائیل، جووەکانی زاخۆ لەم شارەدا نیشتەجێ بوون. لە ڕاستیدا پەرستگاکان لە سەر ئاستی کۆمەڵگا و

٢٩ یەکێك لە بنەماکانی ئایینی جوولەکە خواردنی گۆشتی هەندیك لە ئاژەڵە کە لە ئایینی ئەواندا حەلال کراوە وەدەبێ ئەم گۆشتە بخورێت ئەگەرنا یەکێك لە بنەماکانی ئایین جێبەجێ نەکراوە. (وەرگێڕ)

٣٠ ئورشەلیم: شاری قودسی پیرۆز. ( وەرگێڕ)

تاکدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان دەگێڕا. دیارترین کار لەناو پەرستگادا کاری خەزنەداری بوو کە تیایدا ئەم کارە بۆ یەکێك لە دیارترینو دەوڵەمەندترین کەسایەتیەکانی جوولەکە پارێزراو بوو. خەزنەدارەکە بەکاری بەکارهێنانی بودجەی پەرستگاکەوە هەڵدەستا، وە ئەو داهاتو خەرجیانەی دەژمارد کە زۆربەی جار یەکسان بوو لەگەل پارەی گشت خەڵکەکە. (حاخام)[31]کارێکی تری پەرستگا بەڕێوە دەبرد کە هەڵدەستا بە ڕابەرایەتی کردنی خەڵك لەکارە خزمەتگوزاریەکانو ئایینیەکانی ناو پەرستگا. زۆربەی کات ئەو حاخامە وەك قەصابو مامۆستای زمانی عیبریو خوێندنگە ئایینیەکانو سونەتکەری مناڵان کاری دەکرد. ناشتنی مردوو یەکێکی تر بوو لەکارە گرنگەکانی، کە بەکاری شووشتنو ناشتنی مردوو هەڵدەستا. ئەم کارە لە زاخۆدا بە خۆویستی دەکرا، بەڵام لەگەل ئەوەشدا کەسانێکی زۆر هەبوون بۆ ناشتنی مردووەکانیان. بەهۆی ئەو ئازایەتیەی کە تیایاندا بوو ناونیشانی فەخری(شێخ) بەسەر هەموو ئەو کەسانەدا سەپێنرا کە کاری ناشتنی مردوویان دەکرد، ئەمەش بەرامبەر ئەو ڕێزە بوو کە لەلایەن موسڵمانەکانەوە دەبەخشرایە پیاوە ئایینیەکان لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا.

دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی جووەکان لە دەوروبەری کۆلانەکانیان بوون. پێکهاتە بنچینەییە کۆمەڵایەتیەکان لە (Nuclear family)[32] ماڵباتی ناوەکی پێك هاتبوون. ئەو شێوازە باوەی کە دانیشتووانی گەڕەکی جووەکان پێك

---

٣١ حاخام: ناونیشانێکی عبریيە کە لە کۆمەلگای جوولەکەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست بە کەسە ئایینیەکان دەدرا. کاریان وەك کاری ڕاهیبەکانە.

٣٢ Nuclear family : خێزانی ناوەکی، ئەو خێزانەیە کە پێك هاتووە لەدایكو باوكو مناڵەکانیان. لە زمانی کۆمەلناسیدا بە خێزانێکی یەکگرتوو دادەنرێت. ( وەرگێڕ)

دەهێنا بریتی بوو لە بوونی چەندین خێزانی ناوەکی کە تیایدا باوكو دایك، منالّە خێزاندارو بیّ خێزانەکانیان لەهەمان خانوودا دەژیان. هەموو ئەندامانی خێزانەکە لە داهاتێکدا هاوبەش بوون وە باری ئابوورییان وەك یەك بەڕێوە دەچوو. ئەم پێکهاتنە خێزانییە سەقامگیریو ئارامی بە هەر ئەندامێکی خێزانەکە دەبەخشی. خەڵکی جوولەکەی شارنشین پێیان دەووترا میللەت، ئەم ناوە(میللەت) لەلایەن عوسمانیەکان بەناونیشانی ئایینی ناسراوبوو وە پاشان عێراقیەکانیش هەر بەو ناوە بەردەوام بوون. موختارو حاخام باشی[٣٣] لەلایەن حوکومەتەوە دامەزرێنرابوون مووچەشیان پیّ دەدرا. لە عێراقدا چوار کورسی پەرلەمان بۆ جووەکان دابین کرابوو. یەکێکیان بۆ هەرێمی باکوور کە نوێنەرایەتی ناوچەی موصلی دەکرد. لەناو دائیرەکانی شارەکەدا وەکو ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیو لەناو ئەنجوومەنی قایمەقامیەتدا وەکو ئەفسەری کارگێڕی ناوچەکە خزمەتیان دەکرد. ژمارەیەکی زۆر کەم لە جووەکان وەکو نووسەر لە دائیرەکانو پەرستیار (معاون الطب) کاریان کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی جووەکان بەدەگمەن وەك فەرمانبەری حکومەت کاریان کردووە. لە ژیانی رۆژانەدا مامەڵەیەکی ئاسایی لەنێوان فەرمانبەرانی حکومەتو جووەکانی کوردستاندا هەبوو. جووەکان لە کاروباری شارەوانیو دائیرەی پۆستەدا، کاریان بە فەرمانبەرانی حکوومەت دەکرد. لەکۆنیشدا، جووەکان فەرمانبەرانی حکوومەتیان بۆ کاروباری دادگا لە کاتی بوونی کێشەدا بەکار دەهێنا. سەرەڕای ئەمەش بەدەگمەن جووەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەل ڕژێمو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لە ویلایەتو ناوچەکاندا هەبوو مەگەر کێشەیەکیان بۆ پێش بهاتایە. جووەکانی کوردستانی ڕووبەڕوی کارگێڕی

---

٣٣ حاخام باشی: گەورەی ڕاهیبەکان.

دوانەیی حوکم دەبوونەوە، وە بەهۆی گرنگی کۆمەڵگای خێڵەکی زۆرجار پێویستیان بە پارێزگاری ئاغا باشو بەهێزەکان بوو. ئاغاکان بەزۆری پەیوەندیان لەگەل سەرکردەو کەسایەتییە دەوڵەمەندە جوولەکەکان هەبوو.

مەسەلەی جۆر و چۆنیەتی پەیوەندی جووەکان لەگەڵ دەسەڵاتداراندا لەم بەسەرهاتانە خوارەوەدا بەدرێژایی باسکراوە. بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر پەیوەندی شایانی باسکردنن. ئەندامانی تاکەکەسی جووەکان پەیوەندییەکی فەرمییان لەگەل چەندین فەرمانبەری حکوومی وەك سوپاو پۆلیسو دادگاو شارەوانیو سیستەمی باجی ناوخۆییو مەرکەزیدا هەبوو. دووەم جۆری پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هۆزو ئاغاکاندا بوو، ئەو ئاغایانەی ئەرکی پاراستنی جووەکانیان لەئەستۆ گرتبوو. ئاساییشو یاسا لەلایەن پیاوانی هۆزەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لەژێر سنووری دەسەڵاتداری ئەواندا دەژییان، دابین کرابوو. ئاغاکان لە مامەڵە کردنیان لەگەل جووەکان دادپەروەر بوون. هۆزەکە میکانیزمی کۆکرنەوەی باجو سەرانەی تایبەت بەخۆی هەبوو. پەیوەندی نێوان حکوومەتو هاوولاتی بەهۆی سەرکردەیەکی ناو کۆمەڵگاکەوە بوو کە پێی دەوترا موختار یان سەرکردەی ڕۆحیی خەڵك. زۆربەی کات ئەو سەرکردەیە ڕاهیبەکان بوون. ئاغاکان بەزۆری لەگەل پیشەوەرە جووەکان مامەڵەیان دەکرد، وەك بازرگانو دەستگێڕو هەندێ خاوەن کاری تر، کە پێویستیان بە پارێزگاری ئاغاکان بوو لە کاتی ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەیاندا. ئەو کەسانە لە لایەن چەند ئاغایەکی دیاریکراوەوە پارێزراو بوون. ئاغاکان بەهۆی هەندێك کەسی ترەوە ئەم پەیوەندیەییان دروست دەکرد.

لەم شەش بەندەی داهاتوودا باسی پەیوەندی نێوان ئاغا شارنشینەکانو ئەو جوولەکانە دەکەین کە لەچەقی شارەکاندا لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە شارەکانی زاخۆ و ئاکرێو دهۆكو ئامێدیو سلێمانیو شنۆدا

ژیاون. هەر پێنج شاری یەکەم دەکەونە سنووری کوردستانی عێراقەوە، بەڵام شاری شنۆ دەکەوێتە ناو خۆرهەڵاتی کوردستان بە دووری نزیکەی سی میل لە سنووری عێراقو ئێران.

# بەندی یەکەم

## زاخۆ

زاخۆ[٣٤] دەکەوێتە دووری شەست میل لە باکووری خۆرئاوای موصلەوە لەنزیك سنووری تورکیا. بەشێکی کەمی ئەم شارە لەسەر لەندێکی بەرداوی لەنزیك رووباری خابوور بنیادنراوە. زاخۆ بۆ ماوەی چەندین سەدە خانەخۆی ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی جوولەکە بووە و لەم شارەدا ژیانیان گوزەراندووە. لە دەورووبەری ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا، بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە باسی مەسەلەکەیان کردووە، ژمارەی دانیشتوانی جووەکان لەم شارەدا بریتی بوو لەنیوەی یان دوو لەسەر سێی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە. لەساڵی (١٨٤٩) نزیکەی سێ سەد خێزانی جوولەکە لەم شارەدا ژیاون. لەساڵی (١٨٥١) لەکۆی سەدوپەنجا خانوو، سەد خانوویان هی جوولەکەکان بوون. لەساڵی (١٨٥٩) ژمارەی خانووی جوولەکەکان یەکسان بوو بە ژمارەی خانووەکانی کورد و مەسیحیەکان. لەماوەی ساڵانی (١٨٨٠–١٩٠٦)دا ژمارەی خێزانە جوولەکەکان

---

٣٤ زاخۆ: بنەڕەتی وشەی زاخۆ لە زمانی کوردیدا لەمە پێك هاتوو، وشەی (زا) کە ڕابردووی (زان)ە واتە لەدایك بوو وە وشەی (خۆ) واتە (خود)، کەواتە وشەی زاخۆ واتە: (خۆزا).

لەنێوان دوو سەد تا سێ سەد خێزان بوون، کە نزیکەی هەزار و پێنج سەد بۆ دوو هەزارو چوار سەد هاوولاتی بوو. لەکۆتایی جەنگیی دووەمی جیهانیدا، دوو هەزار و چوار سەد جوولەکە لەشاری زاخۆدا ژیاون. لەساڵی (١٩٢٩)دا سەرجەم ژمارەی دانیشتوانی زاخۆ بریتی بوون لە چوار هەزار کەس، لەساڵی (١٩٣٠)دا بەهۆی ئەو شەپۆلە کۆچکردنەی جووەکانەوە بۆ فەلەستین[٣٥] تەنها هەزار و چوار سەد و حەفتا و یەك هاوولاتی جوولەکە لە شارەکەدا مانەوە. لەساڵی(١٩٤٠-١٩٤٥) شارۆچکەکە دوو هەزار پێنج سەد هاوولاتی جوولەکەی تیادا مابوو، هەرچەندە سەرچاوە فەرمیەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە لە ساڵی (١٩٤٧)دا ژمارەی جووەکان لەم شارەدا هەزار و سێ سەد و نەوەد و چوار کەس بووە. بەپێی دوایین ڕاپۆرت پێش کۆچە بەکۆمەلەکە بۆ ئیسرائیل(١٩٥٠-١٩٥١) زیاتر لە هەزار و هەشت سەد جوولەکە لە شاری زاخۆدا ژیاون.

## بنەماڵەی شەمدین ئاغا:

لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، دەزگای هەواڵگری بەریتانی ڕاپۆرتێکی دەربارەی هۆز و سەرۆك هۆزە کوردەکانی ناوچەی زاخۆدا ئامادە کرد. لە نێوان ئەم هۆز و ئاغایانەدا ئەم کەسایەتیانە بەرچاو دەکەوتن، حاجی صدیق برۆ و جەمیل ئاغای سندیو محمد ئاغای زاخۆیی لە هۆزی سلیڤانیو عبدالرحمان ئاغا و عەلی خان شرناخی. هەندێ ڕاپۆرتو نووسراوی تر زیاتر

٣٥ لە نێوان ساڵانی(١٩١٢-١٩٤٢)دا دوو سەد و هەشتا و پێنج خێزانی جوولەکە بەرەو فەلەستین کۆچیان کرد، ئەم کۆچە پلە بە پلە دەستی پێکرد، وە سەد خێزانی تریش کە خەڵکی زاخۆ بوون لە ڕێگای بەغداوە بەرەو فەلەستین بەڕێ کەتن.

باسی کۆمەڵگای خێڵەکی لەشاری زاخۆدا دەکەن. هاووڵاتیانی جوولەکەی زاخۆ باسی چەندین ڕووداو دەکەن کە پەیوەندییان بە هۆز و سەرۆك هۆزەکانی ئەم شارەوە هەیە وە باسی پەیوەندی نێوان دوو ئاغا لە شارۆچکەیەدا دەکەن. هەروەك لە خوارەوە باس کراوە.

(معەلم ابراهیم) ناوی ئەو سەرۆك هۆز و ئاغایانەی تۆمارکردووە کە مامەڵە و پەیوەندییان لەگەل بنەماڵەکەیدا کردووە. هەروەها سەبارەت بە ئاغاکانی هۆزی (سندی)یەوە، باسی حەمید و ئەحمەدی سەر بەخێڵی (عەجەمۆ) کردووە و (حەسەن ئاغا و ئەحمەد ئاغا)ی عەشیرەتی(چونیکنەیی)و (نەعمەت شەریف) عەشیرەتی موچیلنایی‌و (نازم بەگو ئەحمەد بەگ) بەرواری[٣٦]. هارون جودۆی زاخۆیی لە خێزانێکی بازرگانبدا لەدایك بوو. ئەم کوڕە گەنجە لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا وەکو دەستگێڕێك بە گوێدرێژەکەیەوە بەناو شاردا دەسوڕایەوە وە بارەدارێکی بۆ فرۆشتن پێ بوو ، کارەکەی زۆرباش بوو و بۆهێنانی دار گەشتی چەندان لادێی دەکرد. لەنێوان ئەو گوندانەشدا، گوندی دارە حەوزەی (عەبدی ئاغا)ی بیرسیوی‌و دارکارا و ئاڤلیێ‌و پیربالا و بانیکیێ‌و بانیکێی سەروو و شارانیش‌و باندیرۆ بوون کە ئەمەی دواییان گوندی حەمیدێ خەلیفە بوو. ئەم گوندانە ماوەییان یەك تا حەوت ڕۆژ ڕۆیشتن بەپێ یان گوێدرێژ بوو. هارون جودو پەیوەندییەکی باشی لەگەل ئەو ئاغایانەی کە ئەرکی پاراستنی ئەویان لەئەستۆ گرتبوو لە گەشتە دوورو درێژەکانیدا دروست کردبوو. یەکێك لەو ئاغایانە حەمیدێ خەلیفە بوو لەعەشیرەتی باندیرۆ کە ئەسپ حوشتری دەدزی‌و گەنم‌و جۆی دەچاند. نەوەی ئەم بنەماڵەیە ئاغا

٣٦ خوشکی یاخود کچی ئەحمەد بەگ شووی بە حاجی ئاغای سەرۆك شارەوانی زاخۆ کردبوو.

بوون، ئەحمەد ئاغای باوکی پێش ئەو ئاغا بوو. حەمیدێ خەلیفە تەنها یەك کوڕی هەبوو وە ناوی نیعمەت خەلیفە بوو وە ڕاپۆرتە سەربازییە هەولگریەکانی بەریتانیاش ئاماژەیان بەهەمان شت داوە. عەشیرەتی خەلیفە بەشێك بوو لەهۆزی (سندی) لەناوچەی زاخۆدا وە حەمیدێ خەلیفە سەرۆکی هۆزێکی سندی بوو لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، ئەو ناوبانگەی بەهۆی جەردەیی‌و ئەو پەیوەندییەی لەگەل مەسیحیەکانی گوندی بەرسیڤیدا کە لەکاتی جەنگدا پارێزگارییان لێ دەکرد، بەدەست هێنا. عەشیرەتی خەلیفە سەر بە عەشیرەتێکی گەورەتر لە عەشیرەتی (عەجەمۆ)[٣٧] وە بوون وە دەسەلاتی بەسەر هەموو ئەو گوندانەدا هەبوو کە لەسەرەوەدا ئاماژەمان پێکردن.

بەپێی وتەکانی (معلم لیڤی)، شاری زاخۆ لەسالی (١٥٦٨) لەلایەن هۆزی (سلیڤانی)ەوە بنیادنراوە، کە سنووریان دەکەوێتە باشووری شارەکەوە. بنەمالەی (شەمدین ئاغا) لەبنەڕەتدا سەر بە هۆزی سلیڤانیەوەن[٣٨] کە لە

٣٧ عەجەمۆ: جووەکان پێیان دەووت(بی عەجەمۆ)، مانا کوردیەکەی واتە: مالی عەجەمۆ، بە واتایەکی تر بنەمالەی عەجەمۆ.

٣٨ فتوحاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسالی ١٥١٤ دەستی پێکرد وە لەسالی ١٥٣٥ بە دەسبەسەراگرتنی شاری بەغدا کۆتایی هات. لە ئەنجامی ئەو جەنگەدا، بەلێننامەیەکی ئاشتیان لەگەل صەفەویەکانی ئێراندا مۆرکرد کە تیایدا دانیان بە سەرکەوتنەکانی عوسمانیەکاندا نا. جەنگی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتەکە لەسەدەی دواتریش هەر بەردەوام بوو وە زۆر بەلێننامەی تریش لە نێوان هەردوولادا مۆرکران. لەو ماوەیەدا عوسمانیەکان سەرکردە و ئەمیریان لەو شوێنانەی کە لەژێر دەستیاندا بوو ( وەك کوردستان) بۆئەوەی حوکمیان بکات، دانا. لەئەنجامی ئەو بەلێننامەیەی کە لەگەل صەفەویەکاندا بەسترابوو، دەتوانین

زاخۆدا نیشتەجێ بوون وە پاشان بوون بە بنەماڵەیەکی دیار و ناسراوی شارەکە و دەوروبەری. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە، خانەوادەی شەمدین ئاغا حوکمی بەسەر هەموو موسڵمانو جوولەکەو مەسیحیەکاندا لەشاری زاخۆ و دەوروبەریدا کردووە. یەکەم کەس کە لەم بنەماڵەیەدا بەشێوەیەکی دیار دەرکەوت (ئیسف پاشا) بوو وە (حازم بەگ)ی کوڕی (١٨٩٥–١٩٥٤) بوو بە دەسەڵاتدارترین پیاو لە زاخۆدا[٣٩]. ئەو دەوڵەمەندترین کەس بوو لە شاری زاخۆدا، سەرەڕای ئەوەش کاری قۆنتەراتچی دەکرد و سەد دوکانی لەشاری زاخۆدا هەبوو، لەگەل بوونی ڕووبەرێکی فراوانی زەوی لەدەرەوەی شارۆچکەکەدا. ئەو سیاسەتمەداریش بوو، چەندین جار وەك مەندوب یاخود ئەندانی پەڕلەمان وە مەجلیسی پیرانی عێراقی کاری کردووە. بۆماوەیەکی کورت (حازم بەگ) وەك وەزیری بێ وەزارەت لە حکومەتی عێراقیدا کاری کردووە. هەروەها هەندێك لە مامو ئامۆزاکانیشی لەحکومەتدا کاریگەریان هەبوو. (محمد ئاغا) مامی سەرۆك شارەوانی زاخۆ وە ئەندامی پەڕلەمانیش بوو تاوەکو کۆچی دوایی کردنی لەساڵی (١٩٢٣)دا لە ڕووداوێکی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەدا. (حاجی ئاغا)ی کوڕی وەك سەرۆك شارەوانی لە شوێنیدا دەست بەکاربوو. ئامۆزایەکی تری (حازم بەگو حاجی بەگ)،

---

بلـێین (شـەمدین ئاغـا)ش یـەکێك بـووە لـەو کەسـانەی کـە لـە شـاری زاخـۆدا لەلایـەن عوسمانیەکانەوە لەساڵی (١٥٦٨) دا دانرابوو.

٣٩ لــە سەردەمی(ئیســف پاشــا)دا، شــاری زاخــۆ لــە ڕووی ڕووبــەرەوە بەشــێوەیەکی بەرچــاو گــەورە ببــوو، بــەهۆی کۆششــەکانی ئــەو پاشــایەوە پێشــکەوتنی بەرچــاوی بەخۆیــەوە بینــی بــوو. ئــەم ئاغــا کــوردە پیــاوێکی زۆر زیــرەك و ژیــر بــوو...... جێگرەوەکــەی، (حــاجی ئاغــا) نــەیتوانی وەك پێویســت بــەردەوام بێــت لەســەر ئــەو بنیادنانەی کە لەلایەن (ئیسف پاشا)وە بەدەست هاتبوون.

(عبدالكريم ئاغا) بوو، كە كوڕی (حاجی ڕەشید) بوو. ئەو وەك ئەندامانی تری بنەماڵەكەی كاریگەر نەبوو، بەڵام خۆشەویستترین ئاغا بوو لەناو هاووڵاتیانی جوولەكەی زاخۆدا. (شەمدین ئاغا) تەنها دەسەڵاتداریەتی بنەماڵەكەی لە زاخۆدا دەكرد وە ئیمتیازاتی ئابووریو سیاسی خۆی ڕێك دەخست. ئەندامانی بنەماڵەكە بەدوای هاوڕێیەتی جووەكانی زاخۆدا نەبوون، بەڵام لە هەمانكاتدا ڕێزیان لە سەركردە جووەكان دەگرت. (حازم بەگ) ڕێز و خۆشەویستی بۆ (موشی گابای) دەردەخست، چونكە جوولەكەیەكی دەوڵەمەند بوو. (عبدالكریم ئاغا) بە "خالۆ" بانگی (مۆردیخای زاكین)ی دەكرد، چونكە جوولەكە بوو.

## ١. عبدالكریم ئاغا، پارێزەری جوولەكەكان

جووەكان (عبدالكریم ئاغا) وەك گەورەترین سوود پێگەیەنەر بۆ نەتەوەكەیان لە زاخۆدا دادەنێن. ئەو كوڕی (حاجی ڕەشید بەگ) بوو وە ئامۆزای (حازم بەگو حاجی ئاغا) بوو. بەپێی سەرچاوەكان، ئەو هیچ دەسەڵاتێكی فەرمی لەحكومەتدا نەبوو، بەڵام بەكردار وەك سەرۆكی سەرپەرشتیارانی بازاڕ كاری دەكرد. (عبدالكریم ئاغا) درێژەی بەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیانە و پەیوەندییە ڕۆژانەی لەگەل زۆربەی بازرگانو دوكاندارەكاندا دەدا.

سیستەمی دوانەیی حكومڕانییو گرژی نێوان دەسەڵاتدارە فەرمیەكانو حوكمڕانی هۆزەكەی دەبێ لەبەر چاو بگیرێت. فراوانبونی سیستەمی بیرۆكراسی[٤٠]و خێرا بڵاوبوونەوەكەی، ڕۆلی دەسەڵاتی كارگێڕی سەركردە هۆزیەكانی بەتێپەڕبوونی كات لەناو برد. بەرەبەرە پیاوە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەكان گەلێك پلەوپایەی ناوخۆییان پڕكردەوە وە حكوومەتی ناوەندیش

٤٠ بیرۆكراسی: ڕژێمی بەڕێوەبردنی كاروباری میری(وەرگێڕ)

دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردنی خێلەکی کەم کردەوە. سەرۆك خێلەکان بەزۆری سەربەخۆ کرانو لەژێر دەسەلاتی حکوومەت دەرهێنران، ئەمەش لە بەرژەوەندی خۆیاندا بوو، چونکە تەرازووی هێز لەدەسەلاتی خێڵەکیەوە بۆ دەسەڵاتو حکوومەتی مەرکەزی گۆڕدرا. سەبارەت بە جوولەکەکانیش، بنەماڵەی (شەمدین ئاغا) بەهێزترین بنەماڵە بوون لەزاخۆدا وە لە هەموو هێزەکانی حکوومەتیش بۆ جوولەکەکان بایەخدارتر بوو، بەهۆی ئەو دادوەرەوە، کە وەکو ئەفسانەیەك سەیر دەکرێت کە تیایدا گرنگی ئەو بنەماڵەیە دەردەخات. قازیەکی نویێ بۆ شاری زاخۆ دێت، (عبدالکریم ئاغا) لە قازیەکانی پێش ئەو زۆر سوودی بینی بوو وە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵدا هەبوون. زۆربەی کێشەکانی لەدەرەوەی دادگا چارەسەر دەکرد. بۆیە ویستی چاوی بە قازیە نوێیەکەش بکەوێت. بەڵام کارمەندی بەردەرگاکە ڕەتی کردەوە کە بتوانێت چاوی پیێ بکەوێت، چونکە قازیە نوێیەکە ئەوی نەدەناسی. (عبدالکریم ئاغا) بەپەشۆکاوی بەرەو ماڵ گەڕایەوەو ڕووداوەکەی بۆ (ڕەشید ئاغا) باوکی گێڕایەوە. بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر (ڕەشید ئاغا) دێتە ناو بازاڕ وە لەچایخانەکەی صادق دادەنیشێت. داوای لە چایچیەکە کرد کە ئەگەر قازیەکە هات، ئاگاداری بکاتەوە. ئەم ڕووداوە لەبەر چاوی خەڵك ڕوویداوە وە چەندین ڕاپۆرت باسیان کردووە. قازیەکە جلوبەرگێکی ڕێکوپێکی پۆشی بوو وە بەگۆچانەکەی دەڕۆیشت. کاتێك کە نزیکی چایخانەکە بووەوە چایچیەکە (ڕەشید ئاغا)ی ئاگادارکردەوە:

"ئاغا، ها ئەوەتا قازیەکە. (ڕەشید ئاغا) بەوردی سەیری کردو پاشان بە بۆینباخەکەی ڕایکێشا و پێی وت: تۆ دڵی (عبدالکریم)ت شکاندووە. یەك دوو زڵەی لێداو فڕێیدایە سەر زەوی وە بەبۆینباخەکەی بەدوای خۆیدا ڕایکێشا وە بەگۆچانەکەی لێیدا. خەڵكو پۆلیس لە(ڕەشید ئاغا) کۆبوونەوەو لێی پاڕانەوە

که بوەستێتو چیتر لێی نەدات. که توانیان لەژێر دەستی دەری بهێنن......
هەموو گیانی خوێنو قورِ بوو"

قازیەکه بەرەو ماڵەوه بردرایەوه بۆئەوەی چاك بێتەوەو خۆی پاك بکاتەوه. پاشان بەهۆی قسەی خەڵکەوه زانی که (ڕەشید ئاغا) باوکی ئەو کەسەیه که ڕێگای پێنەدابوو بێته ناو نووسینگەکەیەوه. لەکۆتاییدا جۆرێك له ئاشتبوونەوه لەنێوان هەردوولادا بەرپا بوو، قازیەکه له پۆستەکەیدا مایەوه وه بەردەوام بوو لەسەر کارەکەی. (عبدالکریم ئاغا)ش پێگەی خۆی گەڕاندەوه بۆ دۆخی جاران.
(ناحوم شەرابی)ش ڕووداوەکەی بەم شێوەیه گێڕاوەتەوه و دەڵێ: ڕووداوەکه له دەووروبەری ساڵی (١٩٣٥)دا ڕوویدا.[٤١] قایمەقامێکی نوێ بۆ شاری زاخۆ هات که کوردێکی سۆرانی زمانی خەڵکی هەولێر یان سلێمانی بوو. هەموو پیاوه گەورەکانی شار چاوپێکەوتنی تایبەتیان لەگەڵی ئەنجامدا وه (عبدالکریم ئاغا)ش ویستی سەردانی بکات، بەڵام قایمەقام ڕەتی کردەوه که چاوی پێ بکەوێت. (عبدالکریم ئاغا) به توڕەییەوه بەرەو ماڵی باوکی گەڕایەوه. ناوەڕۆکی ڕووداوەکه وەکو گێڕانەوەکانی تره. بەم شێوەیه قایمەقامەکه چاوی کەوت به (عبدالکریم ئاغا) وه گرنگیو کاریگەری بنەماڵەکه درك پێکرد. (ناحوم شەرابی) وتی: ئەمه بوو هێزی ئاغا لەو سەردەمەدا. ئەو دەسەڵاتی بەسەر حکوومەتدا هەبوو، ئەگەر کارمەندانی حکوومەت بەپێی یاسا کارێکیان کردبووایه وه پرس بەو نەکرابوایه ئەوا پێکدادان لەنێوان هەردوولادا ڕوویدەدا. هەر لەبەر ئەمەش

---

٤١ ناحوم شەرابی ئەوکاته له شاری موصل دەیخوێند، بۆیه واپێدەچێ زانیاریەکانی له کەسێکی ئامادەی ڕووداوەکه بووه، سەرچاوەی گرتبێت.

بوو كە دەبوایە قایمەقام سازش بۆ ئاغا بكاتو لێی بپاڕێتەوە. [42] جووەكانی زاخۆ لەگەل ئەم جۆرە چیڕۆكانەدا سەروبەندێكی باشیان هەبوو، دەیانزانی ئاغاكان دەسەڵاتیان بەسەر حكوومەتدا دەشكێت[43]. عبدالكریم ئاغا هەموو كاتێك لەبەر چاوان بوو، وەكو سەرپەرشتیارێك بەناو شار و مەیدانی گشتیدا دەگەڕا بۆئەوەی بزانێ كە هەموو كارەكان بە ڕێكوپێكی ئەنجام دەدرێن یان نا. لە سەردەمی ئەودا جووەكانی گەرەنتی پاراستنی خۆیان لەلایەن ئەوەوە فەراهەم كردبوو. جووەكانی زاخۆ وەك سەرەكیترین پارێزگاریان سەیری عبدالكریم ئاغایان دەكرد، وەك كەسێك سەیریان دەكرد كە لە هەر كاتێكدا بیانویستایە یارمەتی دەدان. گەواهیدەرە جووەكان ئەوە دەسەلمێنن وە دووپاتی دەكەنەوە كە عبدالكریم ئاغا لەكاتی تەنگانەدا یارمەتیدەری جووەكان بووە. جووەكانیش لەبەرامبەر ئەو یارمەتیە ستایشیان دەكردو ناونیشانی (ناجوولەكە ڕاست)یان پێ بەخشی بوو. ئەم ناونیشانەی لەلایەن جووەكانەوە بەكەسێك دەبەخشرا كە پارێزەرو ڕزگاركەری جووەكان بوایە لەكاتی تەنگانەدا لەدەرەوەی ئیسرائیل. عبدالكریم ئاغا پیاوێكی باڵابەرز بوو وە گۆچانێكی

---

٤٢ ئەم سێ گێڕانەوەیە لە سێ شتدا جیاوازن، یەكەم: دەسەڵاتدارە فەرمیەكە قازی بووە یان قایمەقام. دووەم: عەرەب بووە یان كوردێكی سۆرانی زمان. سێیەم: كاتەكە ساڵانی سییەكان بووە یان لە ناوەڕاستەكانی چلەكان.

٤٣ لە سەرچاوە سەربازیەكانی بەریتانیادا چەندین نموونەی لەم جۆرە بەرچاو دەكەون كە تیایدا سەرۆك هۆزەكان بە خەراپی كامەڵەیان لەگەڵ دەسەڵاتدارەكاندا كردووە. بۆ نمونە، (حەمۆ شەڕۆیی) سەرۆك هۆزی چیاكانی سنجار زۆر ناڕەحەت بووە بە هاتنی قایمەقامی نوێ لە هاوینی ١٩٢٦ دا، كە ناوی یوسف ئەفەندی بووە. بە هۆی ئەمەوە یوسف ئەفەندی هەستی بەوە كرد كە بەم كارەی پلەو پایەی تووشی چەرمەسەری دەبێت.

بەدەستەوە بوو وە بەهۆی ئەوەوە کەس نەیدەتوانی بە جولەکەکان ڕابوێرێ. (معەلم ابراهیم) بەم شێوەیە باسی ئەو کاتانە دەکات کە جووەکان دەچەوسێنرانەوە:

"ئەو ئێمەی (جووەکان) زۆر خۆشدەویست. ئەگەر کەسێك کێشەی بۆ جووەکان دروست کردبوایە و عبدالکریم ئاغاش بیزانیبوایە...... دەهاتە ناو بازاڕ و لەو کەسەی دەدا....... کەس نەیدەتوانی بەهاواریەوە بێت".

جوولەکە گەنجو پیرو بێ دەسەڵاتەکان جاروبار قەڵس دەکران. ئەم جۆرە ڕووداوانە بەتایبەت لە ساڵەکانی کۆتایی مانەوەی جووەکان لە کوردستانو سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل ڕوویاندەدا. چەندین سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدەن کە لەشاری زاخۆدا گەورەترین یارمەتیدەری جووەکان عبدالکریم ئاغا بوو کە یەکێك بووە لە پارێزەرە هۆزەکیەکانی جووەکان لە شارەکەدا. پلەوپایەی هەردوو ئامۆزاکەی ( حاجی ئاغا و حازم بەگ)، وە (حاجی ڕەشید بەگ)ی باوکیو براکەی کە ئەفسەری سوپای عێراقی بوو، دەسەڵاتی ئەویان بەهێزتر کرد. (عبدالکریم ئاغا) باوەڕی وابوو کە جووەکانی زاخۆ لەلایەن بنەماڵەی (شەمدین ئاغا) چاودێری دەکران. ئەو وەکو نوێنەری بنەماڵەکە ڕەفتاری دەکرد. لە ڕاستیدا ئەوەندە یارمەتی دەدان هەندێك جار لە دەرەوەی دابونەریتی بنەماڵەکەی یارمەتی دەدان. (عبدالکریم ئاغا) ڕۆڵێکی گرنگی لەپاراستنی جووەکانی زاخۆدا گێڕا وە دەیپاراستن لەپیلانی کوردە موسڵمانەکان لە دژیان. جووەکانیش بەهۆی ئەو کردەوانەی سوپاسیان دەکرد. هەندێك لە کوردە موسڵمانەکان، ئەوانەی کە ڕقو کینەیان لەدژی جووەکان لە دڵدا بوو، لە سەردەمی ئەودا نەدەوێران جووەکان هەراسان بکەن. ئەگەر کەسێك ئازاری جوولەکەیەکی دابوایە و هەواڵەکە گەیشتبوایە گوێی (عبدالکریم

ئاغا)، زۆر بەتووندوتیژی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، هەتا هەندێك جار بەلێدان ئازاری سەرپێچیکارەکەی دەدا.

ڕۆژێکیان لەنێوان ساڵانی (١٩٤٣–١٩٤٥)، (عوبادیە)ی برازای (یەحوشوا میرۆ) کە تەمەنی نۆ یان دە ساڵان بوو، کاڵەکێکی(گندۆرە) لە بازاڕدا لە دوکانی پیرەژنێکی میوەفرۆشدا کڕی. پاشان منالێکی بنەماڵەی (جخسی)، عوبادیەی بە دزینی ئەو کاڵەکە لە دوکانی ئەواندا تاوانبار کرد. زۆرێك لەو کەسە جوولەکانەی کە ئەم ڕووداوەیان گێڕاوەتەوە، بنەماڵەی (جخسی) بەیەکێك لە نەیارانی جوولەکە دادەنێن. کوڕەکەیان گرتو لێیاندا. (یەحوشوا میرۆ) وتی کە عوبادیە هاتە دوکانەکەیانەوە بەچاوی پڕ لەگریانەوە پێی وت کە چی ڕوویداوە:

"من چوومە بازاڕ، هەموو کەس منیان دەناسی. پرسیم: بۆچی لەم کوڕەتان داوە؟ منالەکانی (جخسی)[٤٤] و ئەوانی تر خەڵکەکەیان لەدژم هاندا بە وتنی وشەی (لێی دەن)، ئەوانیش لێیان دام. کاتێك هەندێك دوکانداری تر لە دوکانەکانیان هاتنە دەرەوە، توانیم خۆم لەدەستیان ڕزگار بکەمو ڕاکەم. هاتمەوە دوکانەکەم کە تیایدا ماددەی تەقینەوەم بۆ ڕاوەماسی تیادا دەفرۆشت. چوار پێنج لەو ماددە تەقینەوانەم بە بەردێکەوە گرێدا بۆئەوەی کاریگەری هێزەکە زیاتر بێتو باشتر بڵاوبێتەوە، ویستم بیهاوێژمە ناویان........ پەشۆکام.......... دەلەرزیمەوە. بەخۆمم وت ئەگەر ئەو تەقینەوانەم بهاوێشتایە ناویان زۆربەی ئەو خەڵکە دەکوژران، ئەوانیش ئەو کارەیان وەکو قۆرغ کردن بەکاردەهێنا وە لەبەرامبەردا چەندین جوولەکەیان

---

٤٤ بنەماڵی جخسی:. بەپێی سەرچاوەکان، ئەندامانی بنەماڵەی جخسی رکابەری (شەمدین ئاغا) بوون وە بەژداریان لەو خۆپیشاندانە کرد کە لە ماوەی کێشە ئابووریەکانی جەنگی جیهانیی دووەم دژی (حازم بەگ) ڕوویدا.

دەكوشت. لەناكاو چاوم بە (عبدالكريم ئاغا) كەوت كە بەرەو بازاڕ دەهات. چیرۆكەكەم بۆ ئاغا گێڕایەوە. بەرەو بازاڕەكە لەگەڵم هاتو دەستی كرد بە جوێندان‌و هاواركردن بەسەریاندا، هەتا جوێنی بە پەیڕەوانی پێغەمبەری ئیسلام دا[٤٥]. كاتێك ئێمەیان بینی كە بەرەو بازاڕ دێین، هەموویان ڕایانكرد. (جەمیل ئاغا) پشتگیری بنەماڵەی ئێمەی دەكرد..... بە خاڵۆ بانگی باوكمی دەكرد، چونكە جەمیل ئاغا كە ئاغای باوكم بوو، خاڵی ئەو بوو. ئەو برای دایكی بوو( خێزانی ڕەشید ئاغا)، كاتێك ئەوم بینی نەمتوانی هیچ بكەم. من بڕیارم دا كە پێی بڵێم چی ڕوویداوە........ بەم هۆیەوە ئەو خەڵكەی لەگەلیدا بوون جێی هێشتن و چوو بۆ ناو گومرگەكە. پرسی: كێ لە كوڕی (یەحوشوا میرۆ) ی داوە؟ هەر لەگەل بینینی ئێمە كە لەوێ نزیك دەبینەوە یەكسەر هەڵاتن. دەستی كرد بە جوێندان، جوێنی پیس، جوێنی بە هەموو موسڵمانەكان دا. لێی پرسین: بۆچی لە جوولەكەكان دەدەن؟ جووەكان بێ كەسن، كێشەیان لەگەل كەسدا نیە، بۆچی لێیان دەدەن؟!"

(یەحشوا میرۆ) بازرگانێكی بەئەزموون بوو وە گەشتی زۆر بەناو شارەكانی كوردستاندا كردووە. تاوەكو ئێستاش ئەم ڕووداوە لەژیانی ئەودا لەبیرنەكراوە.

---

٤٥ دوای پرسیاركردن‌و لێكۆلینەوە سەبارەت بەو جوێندانەی (عبدالكريم ئاغا) بەپەیڕەوانی پێغەمبەر محمد (د.خ)، پەیوەندیم بە هاوڕێیەكی كۆنی خۆم كرد لەشاری زاخۆ كە لە هۆزی (سندی) بوو. ئەویش لە چەندان مێژوونوس‌و پیاوە بەتەمەنەكانی پرسی، لە ئەنجامدا بۆمان دەركەوت كە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە(عبدالكريم ئاغا) لەبنەڕەتدا موسڵمانن، بەڵام موسڵمانیەتی ئەوان تەنها لە باب باپیرانەوە ماوتەوە وە ئەوەندە گرنگی بە ئایین نادەن، بگرە تا ئێستاش بنەماڵەیەكی ئایینی نین. بۆیە جێی سەرسوڕمانی نیە ئەگەر جوێنی بە پیرۆزیەكانی ئیسلام دابێت. (وەرگێڕ)

ئەو وتانەی ناوبراو لەوەدا ڕەنگدەداتەوە کە جووەکان لە ڕووی سۆزداریەوە ئازار دراون، بەتایبەتی گەنجەکانیان کاتێك کە لەلایەن خەڵکەکەوە هێرشیان کراوەتە سەر. هەروەك لە ڕووداوی تری هاوشێوەدا دەبینرێت کە (عبدالکریم ئاغا) دێت بۆ ڕزگارکردنی جوولەکە هەراسانکراوەکانو خەڵکەکە بێدەنگ دەکات. خالێکی تریش کە شایانی سەرنجدانە، کاردانەوەکانی (یەحشوا میرۆ)یە کە ئەگەر بۆمبەکەی تەقاندبوایەو خەڵکی کوشتبووایە ئەوا موسڵمانەکان ئەو کارەیان قۆرغ دەکرد لەبەرامبەردا چەندین جوولەکەیان دەکوشت. هەندێ چاودێری تری جوولەکە ئاماژەیان بەوە داوە کە جووەکان خۆیان لەئاژاوە دەپاراست وە خۆیان لە وەڵامدانەوەی هەر هێرشێك دەپاراست بۆئەوەی جوولەکەکانی تریش تووشی کێشە نەبن وە تێوەنەگلێن.

جووەکانی زاخۆ گەلێك بەسەرهاتیان سەبارەت بە (عبدالکریم ئاغا) گێڕاوەتەوە. ئەم سێ نموونەیەی کە لە خوارەوە باسی دەکەین ئاکارەکانی ئەو ئاغایەمان زیاتر بۆ ڕووندەکاتەوە. (عبدالکیم ئاغا) وەك چەندان ئاغای عەشیرەتەکانی تر بەشێك لەو داهاتەی کە دەستی دەکەوت بەهۆی ناوبژیکردن بوو لەنێوان ململانێکانی هاوولاتیاندا. جووەکانی زاخۆ ئەویان بەناوبژێکەرێکی باش دەزانیو بە بەرگری کاری مافەکانیان لە قەلەم دەدا، هەر بۆیە ڕێزێکی زۆریان دەگرت. بەم شێوەیە (عبدالکریم) بەشێك لەو داهاتەی دەست دەکەوت بەهۆی ئەو یارمەتیو ڕێزەوە بوو کە لەلایەن جووەکانەوە پێی دەبەخشرا، واتە جووەکان لە پاداشتی ئەو چاکانەی (عبدالکریم ئاغا) بۆ ئەوانی دەکرد هەندێ پاداشتی ماددیان پێ دەبەخشی. جووەکان زۆربەی جار ئەویان هەڵدەبژارد بۆ ناوبژیکردنی ئەو کێشانەی کە لەگەل کوردە موسڵمانەکاندا هەیانبوو وە (عبدالکریم ئاغا)ش دەبوو بە ناوبژیکار و نوێنەری جووەکان لە کێشەکەدا. بەهۆی ئەو توانا و دەسەڵاتەی کە کوردەکان لەناو دادگا یان لە ناوبژیکردنی

کردنی کێشەکان هەیانبوو، زۆر قورس بوو جووەکان بتوانن ڕووبەڕوویان ببنەوە. بەهۆی ئەمەوە، ئەگەر لەئەنجامی ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی کوردێك قەرزاری جوولەکەیەك بوایە و کوردەکە نکۆڵی لە دانەوەی قەرزەکەی کردبوایە، جوولەکەکە ڕادەستی دادگای مەدەنی دەکرد (عەشایەری) لەجیاتی دادگای فەرمی، ئەو پەنای بۆ ئاغایەکی ناوچەکەی دەبرد بۆ ساندنەوەی قەرزەکەی. زۆربەی جار جوولەکەکان بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکانیان (عبدالکریم ئاغا)یان وەك نوێنەری خۆیان دەسنیشان دەکرد، ئەگەر وەرگرتنی قەرزەکە زەحمەت بوایە دەچووە لای قەرزارەکە و پێی دەووت:

" بۆچی قەرزی ئەو جوولەکەیە نادەیتەوە؟ شەرم ناتگرێت؟ ئەگەر ئەو جوولەکە بێت، مانای وایە تۆ پارەکەی دەخۆیت؟ لەژێر فشاری ئاغا، کوردە قەرزارەکە ناچار دەبوو بەڵێنی دانەوەی قەرزەکەی بدات".

کاتی خۆی (عبدالکریم ئاغا) لەسەر ئەوە سوور بوو کە دەبێت قەرزی جووەکان لەکاتی خۆیدا بدرێتەوە، پاش ئەوەی کە قەرزەکە دەدرایەوە، جووەکان بەشی ئاغایان دەدا کە ماندوو بووە بە وەرگرتنەوەی پارەکانیان، ئەم کردارەش بە (ئاغا توسا) ناسرابوو. بەڵام لەم حالەتەدا، بە پێچەوانەی حالەتەکانی تر، ئاغا بەشەکەی خۆی بە دادپەروەرانە وەردەگرت. عبدالکریم ئاغای زاخۆ ناوبژیوانیەتی لەنێوان هاوڵاتیانی سەرجەم ئایینەکانو حکوومەتدا دەکرد. هەتا لەشاری زاخۆدا کاریگەری بەسەر دادگا ناوخۆییەکانیشدا هەبوو. ئەو پەیوەندیەکانی لەگەل دادگادا بەکاردەهێنا بۆ بەهێزکردنی پلەوپاییەی خۆی بە گێڕانی ڕۆڵی میانڕەوی لە کێشەکانی زاخۆدا. زۆر لە سکاڵاکەران لەناو دادگادا ستایشی ڕۆڵی ئەویان کردووە. هەروەك لەو نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت. پێش کۆچە بەکۆمەلەکەی جووەکان بۆ ئیسرائیل، لەسەرەتای ساڵانی پەنجاکان، جوولەکەیەك کە ناوی (سلێمان) بوو، خانووەکە بە حەڤدە

دینار بە کوردێك کە ناوی (حاجی خدر) بوو، فرۆشت. ئەو کوردە پێشەکی تەنها پێنج دیناری بە خاوەن خانووەکە دا، خۆی لە پارەکەی تر بێدەنگ کرد. لە ئەنجامدا، بەناچاری (سلێمان) پەنای بۆ (عبدالکریم ئاغا) برد. ئاغاش چووە لای قەرزارەکە بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی کە بەڕاستی ئەو قەرزاری (سلێمان)ە. دوای ڕوونبوونەوەی ڕاستیەکە، عبدالکریم ئاغا لە گیرفانی خۆی دە دیناری بە جوولەکەکە دا.

ئاغا بە قەرزارەکەی وت کە هەموو پارەکانی بە جووەکە داوە، لەم بەینەدا (عبدالکریم ئاغا) دوو دیناری قازانج کرد. لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا (حاجی خدر) هەر دوانزە دینارەکەی بۆ گەڕاندەوە! عبدالکریم ئاغا لە رووی دەسەڵاتەوە، ئاغایەکی بەهێز بوو. کاریگەرییەکی گەلێك گەورەی بەسەر جووەکانەوە هەبوو، کە زۆربەی کات دەسەڵاتەکە خۆی بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی بەسەر جووەکان دەسەپاند. هەروەك لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە، (ناحوم شەرابی) لەساڵی (١٩٣٦–١٩٣٧) ئەم ڕووداوەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

"من دوکانی فرۆشتنی کەلوپەلی خێزانیم هەبوو. جارێکیان دوو جووت گۆریەی ئافرەتانم بەقەرز دا بە کوردێکی شارۆچکەی عەباسیە، کە ناوی ئەحمەد عەباسی بوو.[٤٦] بەڵێنی پێدام کە پارەکە بدات. یەك دوو هەفتە تێپەڕین هەر نەهاتەوە. ئەو خەڵکی عەباسیە بوو، دانیشتوانەکەی کورد بوون وە تەنها یەك ماڵی جوولەکە لەوێ هەبوو. ماڵەکەی دەکەوتە ئەوبەری پردەکە، کە بۆ شاری زاخۆ دەچوو، بۆیە بڕیارمدا کە بڕۆم بۆ ماڵیان. هاوسەرەکەی هاتە دەرەوە و پێی وتم، ئەی جوولەکە، هیچ پارەمان نیە، وە بەشەرمەوە دوو جووت گۆریەکەی بۆ گەڕاندمەوە. ڕۆژی دواتر (ئەحمەد عەباس) هاوسەری هاتە

٤٦ عەباسیە: دەکەوێتە سەرەوەی شاری زاخۆ، نزیك پردی عەباس.

دوکانەکەم. ئەو پیاوێکی زۆر باڵا بەرز بوو، منیش تەنها گەنجێك بووم، هێشتا ژنم نەهێنابوو. منی گرتو لەدوکانەکە ڕایکێشامە دەرەوە. بەو گۆپاڵەی کە بەدەستیەوە بوو، زۆری لێدام. پاشان من لەبنکەی پۆلیسدا سکاڵام لەسەری تۆمارکرد. پۆلیس منیان ڕەوانەی پزیشك کرد و دە ڕۆژ پشوویان بۆ نووسیم. وە کابراکەشیان بۆماوەی دە ڕۆژ بەند کرد. هەر لەو ئێوارەیەدا (عبدالكريم ئاغا) سەردانی ماڵی ئێمەی کرد. لە دەرگایدا وە هاتە ژوورەوە، پاشان لەسەر تەپلەیەك دانیشت. لێی پرسیم: تۆ ئاغایەکت خستۆتە زیندان؟ منیش پێم وت: سەیر کە چەندی لێداوم، منی کووشتوە! (عبدالكريم ئاغا) داوای لێکردم کە بڕۆمو ئازادی بکەم. وەپێی وتم: من بەشی خۆم لەم ئاغایە وەردەگرم. تۆ جوولەکەی منی، دەبێت بڕۆیتو ئازادی بکەی."

ستایشو خۆشویستنی جوولەکەکان بۆ (عبدالكريم ئاغا) لەڕادەبەدەر بوو، هەتا ئەو خۆشەویستیە دە ساڵ دوای کۆچی جووەکان بۆ ئیسرائیل هەر بەردەوام بوو. لەکاتی دواین کۆچی هاووڵاتیانی جوولەکە لەنێوان ساڵانی (١٩٥١–١٩٥٢)دا، یاوەری سێ کۆمەڵەی جووەکانی کرد کە شاری زاخۆیان لە ڕێگای موصلو بەغداوە بەرەو ئیسرائیل بەجێ هێشت. لەگەڵ هەر کاروانێکدا بۆماوەیەکی دوور و درێژ بە ئۆتۆمبێلی خۆی ئەوانی دەگواستەوە. (یۆنا گابای) ئەم بیرەوەریە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

" (عبدالكريم ئاغا)ی خۆشەویست لەگەل هەر کاروانێکدا کە شاری زاخۆیان جێدەهێشت، تاوەکو موصل لەگەلیان دەچوو..... بە جووەکانی دەووت، بڕۆن جووەکانم... سەر سەری من بڕۆن، ڕزقێ وە ژ نك من چۆ. واتە، ئیتر من بەرپرسیاری ئێوە نیم."

جووەکان هەرگیز چاکەکانی (عبدالكيم ئاغا) لەبیر ناکەن، هەرکاتێك بیر لە ڕابردووی خۆیان دەکەنەوە ئەوا کارە چاکەکانی ئەو بۆ جووەکان وەك

سیمبولێك سەیر دەکرێت. هەردەم وەك یادگاریەك سەیر ئەو کەڵە پیاوە دەکەن. لەم بارەیەوە (یۆنای گابای) وتی:

" (عبدالکریم ئاغا) بەهۆی جووەکانەوە کۆچی دوایی کرد. هەزار ڕەحمەتی لێ بێت، هەزار رەحمەت لە گۆڕەکەی بێت! ئەو بەهۆی خەمی کۆچی جووەکان بۆ ئیسرائیل کۆچی دوایی کرد".

## ٢. ئاغا خێلەکیو جوولەکە و مەسیحیەکان:

زۆربەی جوولەکە گەنجەکان لەشاری زاخۆدا کاری بازرگانیو دەسگێڕییان دەکرد. لە ناوەوە و دەرەوەی شارەکەدا کاریان دەکرد و گەشتی زۆریان بۆ ناوچە خێڵەکیەکان دەکرد وە زۆر خۆشحال بوون بەو پارێزگاریو بەرگرییەی لەلایەن دەسەڵاتدارو سەرەك خێلەکانەوە لێیان دەکرا. زاخۆ کەوتۆتە ناو جەرگەی ناوچە خێڵەکیەکانەوە. لەباشوری شارەکەوە، دەسەڵاتداری هۆزی (سلیڤانی) بوو، وە لەباکوور و باکووری خۆرهەڵاتەوە هۆزەکانی (سندی)و (گولی) دەسەڵاتدار بوون. ناوچەی حوکمی هۆزی (دۆسکی)یش دەکەوتە باشووری خۆرئاوای شارەکەوە. وە هۆزی (گولی)یش لەباکووری خۆرئاوای شارەکەوە بوو. (ڕیچ) لەساڵی ١٨٢٠دا باسی دەسەڵاتداری ئەو هۆزانە دەکاتو دەڵێت: سنووری هۆزی (گولی) لە هەشت گوند پێك هاتبوو. هۆزی (سندی) دوانزە گوند و (سلیڤانی) چواردە گوند و زاخۆش پایتەختی بوو، هۆزی (دۆسکی) هەشت گوند و شارە بچوکەکەی دهۆکی لەژێر دەستدا بوو. ئاغاکانی هۆزی سندی، ئەوانەی کە لەو ناوچانەدا دەژیان، پێیان دەوترا (پێزاغایی) کە گەورەی جووەکان بوون، بەتایبەتی ئەوانەی کە بازرگانو دەسگێڕ بوون لەناوچەی دەسەڵاتداری ئەواندا دەگەڕان. سەرۆك عەشیرەتی هۆزەکە بە درێژایی چوار نەوەی یەك لەدوای یەك ئەمانەی خوارەوە بوون:

( یعقوب ئاغا)و (عبد ئاغا و جەمیل ئاغا و صالح ئاغا)ی کوڕەکانی، دوو کوڕەکەی (عبد ئاغا)و کوڕەکانی (جەمیل ئاغا) بەناوی ( عبد ئاغا و بەشار ئاغا).

سندییەکان پارێزگارییان لە گەلێك جوولەکە کردووە. ( هارون جودۆ) لەشاری زاخۆدا لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا باسی (عبد ئاغا)ی کردووە کە سەرۆکی گشت ئاغاکانی ئەو هۆزە بوو. (عبد ئاغا) خاوەنی سێ هەزار سەر مەڕ بوو وە

میوانداریيەکی باشی لە خەڵك دەکرد، هەموو ڕۆژێك نزیکەی دە هەتا سی کەس لە دیوانخانەکەیدا خزمەت دەکران[٤٧]. دوای مردنی باوکی (جەمیل ئاغا) وەك سەرۆکی هۆزەکە شوێنی باوکی گرتەوە. ئەم ئاغایە لەگوندی (دەرهۆزێ)دا دەژیا، بەڵام لە وەرزی هاویندا بەهۆی گەرماوە لە (سەروکات) یان (مەراسیس)، لە نزیك ناوچە شاخاوییەکانی نزیك سنووری عێراق_تورکیادا، دەمایەوە.

ڕاپۆرتە سەربازییە بەریتانیەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە لەسەرەتاکانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا ئەو لایەنگری هیچ وڵاتێکی نەکردووە. ئەویش وەك (جەمیل ئاغا) باوکی لە دیوانخانەکەیدا پێشوازی لە ژمارەیەکی زۆر لە میوان دەکرد. لەو کاتەی کە سەردانی شاری زاخۆی دەکرد، بەتایبەت لەکاتی پشوودا لە ماڵی (شارزادە)ی خوشکیدا دەمایەوە کە خێزانی (حاجی ئەحمەد) بوو. هەروەها لە سەردانەکەیدا چاوی بە (حاجی ئاغا)ی سەرۆك شارەوانی زاخۆ دەکەوت. لە دیوانخانەکەیدا دەمایەوە، کە کەوتبووە سەرەوەی دوکانی پیاوێکی جوولەکە بەناوی (صالح بن غەریب). (ڕەئوف کیتان) ئاماژە بەوە دەدات کە (ساسۆن کیتان) باوکی یەکێك بووە لە میوانانەی کە (جەمیل ئاغا) لە دیوانخانەکەیدا حەزی بە خزمەتکردنی کردووە.

گەلێك لەجوولەکە شارنشینەکان زۆر کۆچیان بەرەو ناوچە خێڵەکیەکان کردووە بەم هۆیەوە پشتگیری ئەو ئاغایانەیان پێویست بوو کە لەژێر ناوچەی دەسەڵاتداریەتی ئەواندا دەگەڕان. بەگشتی پیاوە هۆزەکیەکان ئەو جوولەکانەیان دەناسیو ڕێزیان لەئازادی گەشتەکانیان دەگرت. لە ڕاستیدا جووەکان لەکاتی گەشتەکانیاندا هیچ ڕێنوێنیەکیان نەبوو، بەڵام کاتێك بۆ شەو

---

لـــە زاراوەی بادینیـــدا وشـــەی کۆچـــك لـــە بەرامبـــەر وشـــەی دیوانخانـــە بـــەکاردێت. (وەرگێڕ) ٤٧

له شوێنێك دەمانەوە، لەلایەن ئاغای ئەو گوندەوە خواردنو جێگای نووستنیان بۆ دابین دەكرا. هەر لەماڵی ئاغادا، یانیش لەلایەن یەكێك لەو كوردانەی كە بەرژەوەندی دوو لایەنە لەنێوانیاندا هەبوو، خزمەتی دەكرا. ئەو كوردانەی كە یارمەتی ئەو جووانەیان دەدا، بەدەگمەن هاودەمییان دەكردن بۆ ڕێگا شاخاوییەكان، چونكە شارەزاییەكی باشیان لە ڕێگادا نەبوو. هەروەها جووەكانی شاری زاخۆش لە گوندەكانی دەوروبەری شارەكەدا بەناو ناوچە ژێر دەسەڵاتداریەكانی خێڵدا دەگەڕان، بەڵام جووەكانی زاخۆش وەكو سەرجەم جووەكانی بەشەكانی تری كوردستان، لەناوچە عەشایریەكاندا، دەبووایە لەلایەن ئاغاكانەوە بپارێزرێن بۆئەوەی بتوانن بازرگانی خۆیان بەبێ تەنگو چەلەمە ئەنجام بدەنو لەسەری بەردەوام بن. هەندێك لەو پەیوەندیانەی نێوان ئاغا كوردەكانو خێزانە جووەكان مێژووەكەیان بۆ دوو سێ چوار وەچە دەگەڕێتەوە. ئەو پەیوەندیانەی لە نێوان سەرۆك خێڵی (سندی)یەكانو بنەماڵە جووەكاندا بەسترا، وەك ( میرۆ و ئیسحاقو ناحومو مۆردیخای زاكین[٤٨])، لەماوەی سەدەی بیستەمدا، ئەگەر زوتر نەبوبێت، دەستی پێكردووە بەڵام مێژووی دابونەریتەكانی هەردولا دەگەڕێتەوە بۆ چەندین نەوە. پێشتر بەپێی ئەو بەڵێننامەیەی لە نێوان (یعقوب ئاغا)ی سندیو بنەماڵەی (ئیسحاق[٤٩])ی

٤٨ ناحوم لەنێوان سالانی (١٨٣٠–١٨٥٠) دا لەدایك بووە، ئیسحاق لەنێوان سالانی (١٨٠٤–١٨٦٠) لە دایك بووە. میرۆ لە نێوان سالانی (١٨٤٠–١٨٦٠) لە دایك بوو. وە موردیخای زاكین لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدوهەم لە دایك بووە.

٤٩ ئیسحاق زاكین لەنێوان سالانی (١٨٤٠–١٨٦٠) لەدایك بووە. خاوەنی سێ برا و حەوت كوڕ بووە. هەریەكەیان بنەماڵەیەكی بەرفراوانیان بەدەستەوە بووە. ئەو حەوت برایەی كە لەسەرەتاكانی سەدەی بیستو یەكەمدا ژمارەی ئەندانی خێزانەكیان چەندان جار زیادی كرد. بەبەراورد لەگەل ئەو دابونەریتەی كە

جوولەکەدا بەسترا بوو، ئاغاکانی سندی پارێزگاری تەواویان لە جووەکانی زاخۆ دەکرد. دەیانتوانی بەناو گشت ناوچە عەشایەریەکانیاندا بگەڕێن. ئەم نموونانەی خوارەوە بیروڕای جووەکان سەبارەت بە سەرۆك ئاغا و پەیوەندی نێوان ئاغا و جوولەکە ژێر دەستەکانیان ڕوون دەکەنەوە. کاتێك (عبد ئاغا)ی کوڕی (جمیل ئاغا) ژیانی هاوسەری لە دەورووبەری ساڵی (١٩٢٥) پێك هێنا، ژمارەیەکی زۆر لە جووەکانی زاخۆ بانگهێشتی شاییەکەی کران. بەشێکی زۆر لەو جوولەکانەی کە ئەم بابەتەیان گێڕاوەتەوە، ئەم شاییەیان بەیەکێك لە ڕۆژە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانیان ئەژمار کردووە. وە بە شەرەفێکی گەورەیان داناوە بۆ شاییی کوڕە ئاغایەك وەك میوان بانهێشت کراون. ئەم شاییە یەکێك بوو لەو ڕووداوانەی کە جووەکان هەمیشە بۆ کوڕ و نەوەکانیان باس دەکەن. هەتا لە ئیسرائیلدا، چل تاوەکو پەنجا ساڵ پاش کۆچکردنیان، بە ڕێزگرتنێکی گەورە دادەنێن کە لەلایەن ئاغاوە بانگهێشت کرابوون. هەروەها کاتێ (بشار ئاغا) کوڕی (صالح ئاغا) ژنی دووەمی هێنا لە هۆزی (حاجان) ئەوان بە شانازییەوە سەیری ئاهەنگەیان دەکرد وە وەکو نیشانەیەکی بەهێزی ئەو پەیوەندییانەیان دادەنا کە لەگەل ئاغاکانیاندا هەیانبوو. هەرچەندە شایی دووەمی (بشار ئاغا) وەك شایی یەکەمیان نەبوو کە بۆ ئاغایەك ڕێك خرابێت.

## ٣. کووشتنی ئاشووریەکان لە ناوچەی بیریسبیو کیستاییدا :

سەرۆك خێڵەکانی عەشیرەتی سندی پارێزەری جووەکانی زاخۆ و دەورووبەری بوون. یعقوب ئاغا، عبد ئاغای کوڕی، وە دوو کوڕەکانی بەناوی

---

مێژووەکە بۆ پەیوەندی بنەماڵە جووەکانی نێوان (خواجە خینۆ) و سەرکردەکانی هۆزی بارزانی دەگەڕێتەوە.

جەمیل ئاغا و صالح ئاغا گرنگترین ئاغاکانی ئەو ناوچەیە بوون بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم. عبد ئاغای سەرۆك خێلی سندی لەناوچەی زاخۆدا نەیدەتوانی بەرگری لە جووەکان بکات بە بەراوورد لەگەل حکوومەتی ناوەندیدا. لە سەرەتاکانی سالآنی سەدەی بیستەمدا، ویگرام ناوێك کە جوولەکە بوو وایدادەنێت کە شێخی ناوچەی بارزانو عبد ئاغای سندی عەشیرەتی گولی لە گرنگترین سەرۆك هۆزەکانی ناوچەکە بوون بە بەراوورد لەگەل میرەکانی عەشیرەتی بەرواریو ئاغای ( خالی) کە ئەمانە سەرۆك هۆزی بچوکتر بوون.

لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، جەمیل ئاغای دەڤەری زاخۆ گەورەی عەشیرەتی سندی بوو وە لەگوندی (دارهوزان)دا دەژیا وە وەرزی هاوینی لە گوندی مارسیس بەسەر دەبرد. بەریتانیەکان بە پیاوێکی ئارامو ناکاریگەر وەسفیان کردووە، هەرچەندە پیاوەکانی خۆی لەنانەوەی هەر کێشەیەك بەدوور گرتبوو. عبد ئاغای باوکی پیاوێکی بەشانو شەوکەت بوو، بەلآم کاریگەری جەمیل ئاغا سنووردا بوو. ئەو یەکێك بوو لە پەیڕەوانی شیخ نووری بریفکانی. جمیل ئاغا و صالح ئاغا هەرچەندە برا بوون، بەلآم ڕکابەری یەکتر بوون. جوولەکەکانی زاخۆ بەم شێوەیە چیرۆکی ناکۆکی ئەم دوو برایە دەگێڕنەوە:

" حکومەت بانگهێشتی صالح ئاغای کرد و لێی پرسی: چی دەکەیت ئەگەر ببینی جمیل ئاغای برات لەسەر ڕێگایەك ڕاکشابوو؟ جمیل ئاغا وتی: دەمووچاوی بە باوشێن فێنك دەکەمەوە و ئاوێکی سارد و خواردنی بۆ ئامادە دەکەم بۆئەوەی

کاتێك لەخەوە هەڵسا ئازار نەخوات و پشوو بدات. جمیل ئاغا یان هێنا و هەمان پرسیاریان ئاراستە کرد، لە وەڵامدا وتی: من بە خەنجەرێك تەواوی دەکەم[٥٠]. "

ڕاپۆرتە سەربازییە بەریتانیەکان پڕن لەبابەتی یاخیگەریو کێشەکانی جەمیل ئاغا. سەبارەت بە صالح ئاغای برای تەنها یەك ڕاپۆرت باسی ئەو دەکات کە لەساڵی ١٩٢٥ جارێکیان بەژداری کرداریی هێرشکردنەکانی براکەیدا کردووە. لە کۆتاییدا خۆی بەدەستەوە دا. بەریتانیەکان ڕێگایان پێدا کە بگەڕێتەوە ماڵەوە، لەو کاتەوە بێدەنگ بوو. ڕاپۆرتەکە بەوە کۆتایی دێت کە صالح ئاغا لە زۆربەی ئاغاکانی تری هۆزی سندی بەهێزتر بووە. صالح ئاغا و جەمیل ئاغا زیاتر پارێزگاری ئەو جوولەکانەیان دەکرد کە لە شاری زاخۆدا لەناو سنووری دەسەڵاتداری ئەواندا دەگەڕان، لە باکووری خۆرهەلاتی شاری زاخۆدا. ململانێی نێوان دوو برا سندیەکە بەرەو پەرەسەندن چوو وە جیاوازیەکی زۆری ڕوالەتی لە نێوانیاندا هەبوو. صالح ئاغا پشتگیری بەریتانیەکانی دەکرد، بەڵام جەمیل ئاغا کۆمونیست بوو[٥١]. بەشێوەیەکی گشتی جەمیل ئاغا یاخیگەر بوو، گەلێك دەردەسەری بەسەر جوولەکە و ئاشووریەکانی ناوچەکەدا هێنا، تەنانەت کێشەی بۆ دەسەڵاتدارانی حکومەتیش دروست دەکرد.

---

٥٠ گرنگی گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە لەوە دەردەکەوێت کە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان ئەم دوو برایەدا هەبووە.

٥١ لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەو کاتە خەڵك بەو کەسانەیان دەگوت کۆمونیست کە پشتیان لە ئایین بکردبوایە، ئەگەرنا لە بنەڕەتدا کۆمونیست نەبوون. ئەم وتانە تەنها لەلایەن خەڵکەوە بەکاردەهێنران بۆ شکاندنی شکۆی کەسێك. (وەرگێڕ)

ڕاپۆرتێکی سەربازیی بەریتانی ئەوە دەردەخات کە جەمال ئاغا لەنیسانی ١٩٢٥دا لەنزیك گوندی شارنیش[٥٢] بۆسەیان بۆ دەورەیەکی پۆلیس دانا و بەشێك لەسەربازانی دەورەکە کوژران‌و بریندار بوون. دوابەدوای ئەم ڕووداوە ڕایانکردە وڵاتی تورکیا و لەسەر هێرشە پچڕ پچڕەکانیان بۆ سەر هەندێك لە گەڕەکەکانی زاخۆ بەردەوام بوون. لەم کردارانەشیدا خاکی تورکیای وەك بنکەیەك بەکار هێنا. معلم ابراهام دەڵێت: جەمیل ئاغا بەهۆی دەمەقالێیەکەوە لەگەڵ حکومەتدا کێشەی بۆ دروست بوو وە پاشان دەربەدەر بوو. هەندێك لە کاتی خۆی لە شارۆچکەی (ناڤرۆ)ی تورکیادا بەسەر برد، کە دەیتوانی لەوێوە پیاوەکانی خۆی بۆ گوندەکانی دەوروبەر بنێرێت بۆ داواکردنی یارمەتی وەك شەکر و ئارد و دانەوێلەو کەلوپەلی لەو جۆرانە لە موختارەکانی ئەو گوندانەدا[٥٣]. دەڵێن کە نوێنەرەکانی جەمیل ئاغا داوای بڕێك دانەوێلەو شەش ئیستریان لە گوندێکی مەسیحیەکان بە ناوی (بەرسڤ) کرد، کە دەکەوێتە دووری نۆزدە میل[٥٤] لە باکووری زاخۆ، بەڵام موختارە

---

٥٢ گوندێکە دەکەوێتە باکووری زاخۆ کە خەلکی سەرجەم ئایینەکانی تیادا بوو. لەم دواییانەدا، پاش ساڵی ٢٠٠٠ بە یەکێك لە گوندە مەسیحیەکان هەژمار کراوە..

٥٣ زۆر لە چاودێران باسی ئەم بابەتەیان کردووە کە سەرۆك خێڵەکان داوای یارمەتیان بە پێدانی کەلوپەلی پێویست لە کەسە ناخێلەکیەکان کردووە. بۆ نموونە، پێش ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەم سەرۆك هۆزی ناودار (بەدرخان بەگ) کە دەگوترێت داوای لە پیاوەکانی کردووە بە پێشکەش کردنی شتمەك یارمەت بدەن، پێش ئەو هەڵمەتەی لە دژی ئاشووریەکانی هەکاری دەست پێ بکات. مەلا موستەفای بارزانی داوای لە جووەکانی هەردوو شاری شنۆو دیانا کرد بۆپێدانی کەلوپەل‌و تفاقی جەنگی‌و خواردن‌و چەك.

٥٤ یەك میل یەکسانە بە ١٦٠٩ مەتر. (وەرگێڕ)

مەسیحیەکە(مشۆ زێڕۆ)[55] داواکاریەکانی ئەوانی رەت کردەوە. هیواخواز بوو کە بەدوادا گەڕانی جەمیل ئاغا لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، ئەو دوور بخەنەوە و نەهێڵن هێرش بکاتە سەر گوندی (بەرسیڤ).

لەو کاتەدا لەگوندی بەرسیڤ دانیشتوان کاری گواستنەوەی داریان بە ئێستر بۆ بازرگانە جووەکانی زاخۆ دەکرد. دار یەکێك بوو لەگرنگترین کەرەستە بازرگانیەکان لەکوردستاندا. بازرگانە جووەکان داری بچووکیان لە بێستانێك یان دارستانێك دەکڕی وە دوای گەورەبوونیان دەیانبڕینو پاشان دەیانفرۆشتن. دەبێ ئاماژە بەوە بدرێت کە لە کاتی ڕوودانی ئەم کارەدا (داربڕین) لەساڵی ١٩٢٥ دوای بڕینی دارەکان، کاروانێکی چل ئێستر کە هەریەکیان چوار سپینداری بار کردبوو، لەگوندی بەرسیڤەوە بەرەو زاخۆ دەچوون کە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی مەسیحییەوە سەرپەرشتی ئەو کاروانە دەکرا. لە ڕێگایاندا، لە گوندێك بەناوی نەوالا دیفتانکێ، ئەو مەسیحییانە کەوتنە بۆسەیەکەوە و هەموویان کوژران. دارەکانیان فڕێدرانو ئێسترەکانیشیان دزران. دەگوترێت کە ئەم کارە لەلایەن پیاوانی جەمیل ئاغاوە ئەنجام دراوە. جوولەکەیەکی شاری زاخۆ دەڵێت:

---

٥٥ مشۆ زێڕۆ: لەساڵی ١٩٤٦ لە کاتی ئاهەنگی ژن گواستنەوەی عبد ئاغای کوڕی جەمیل ئاغا. رەئوف کەتنەی زاخۆی ئەو بە دڵسۆز و خەمخۆری ئاغاکە لەقەڵەم داوە. مشۆ زێڕۆ وەك پیاوێکی دەستبلاو سەیرکراوە، هەردەم دەرگای ماڵی کراوە بووە بۆ پێشوازی کردن لە کوردە مسوڵمانەکان، ئەو لەلایەن کوردەکانەوە ڕێزێکی تایبەتی هەبووە. ژمارەیەکی زۆر ئافرەتانی مەسیحی هێنا بۆ نان دروستکردنی شاییەکەو هەولیدا هەموو ئەو دیاریانەی کە لەلایەن میوانەکانەوە هێنرا بوون بیانگێڕێتەوە بۆئەوەی ئەو بارە قورسە لەسەر شانی خەڵك سووك بکات. لەو کاتەدا هەموو ئەو دیاریانە لە بازرگانە جوولەکەکان دەکڕدران.

"ئەفرایم بنۆ[56] لە زاخۆ بۆ مەشق پێدانی ئێسترەکان دەچوو. کاتێ گەیشتە گوندی نەوالا دیفتانکێ زراوی چوو لە بینینی شەش پیاوی سەربڕاودا. لەماوەی دوو ڕۆژدا کە ڕووخسارییان ناسرا، زانیمان جەمیل ئاغا هەموویانی کووشتوە".

ڕاپۆرتێکی بەریتانی ئاماژە بەهەندێك گوندی مەسیحیەکان دەدات لەناو هۆزی سندیدا، گرنگترین ئەو گوندانەش گوندی بەرسیڤو شارنیشو نەشارو سیناتو ئالان بوون. ڕاپۆرتە بەریتانیەکە ئاماژە بە خۆبەدەستەوەدانە فەرمیەکەی جەمیل ئاغا لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٧ دەدات. بەشەکەی ئەو لە هۆزی سندی چەکیان دانا وە جەمیل ئاغاش بەوە رازی بوو بژارە و قەرەبووی کەسوکاری شەش قووربانیەکەی ساڵی ١٩٢٥ کە لە بۆسەیەکدا کوژرابوون، بکاتەوە. دەکرێت بووترێت ئەم دوو ڕاپۆرتە ئاماژەیان بە یەك ڕووداو داوە وە دەکرێ کە قوربانیەکانی ڕووداوەکە سەربازی ئاشووری کۆکردنەوەی باج بووبن، چ ئەوانی پێشوو یان ئەوانی کە ئەوکات لەکاردا بووبن. هەروەها دەووترێت کە ئەم دوو ڕووداوە جیا بوون. دوای چەند ساڵێکی کەم حکومەت ویستی لێبوردنی گشتی بۆ جەمیل ئاغا دەربکات ئەگەر واز لەو کاری تێکدەرانە بهێنێتو بڕی پێنج هەزار ڕووپی[57] بدات. جەمیل ئاغا داوای لەکەسە دەوڵەمەندەکان کرد یارمەتی بدەن لە پێدانی ئەو بڕە پارەیە. لە نێوان ئەو کەسانەی کە داوای لێ کردبوون، جوولەکە و مەسیحیەکانی زاخۆ و دەورووبەری بوون. مورداخ میر زاکین یەکێك بوو لەو جوولەکانەی کە بڕێکی

---

٥٦ ئەفرایم بنۆ: مامی معلم ابراهیم بوو.

٥٧ ڕووپـی یەکـەی دراوی وڵاتـی هیندسـتانە کـە لەلایـەن سـوپای بـەریتانیاوە لـە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە داهێنراوە.

باشی پارەکەی دابین کرد. ئەم مەرجانە وای لە جەمیل ئاغا کرد کە بتوانێت بگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی (دارهۆزا)، کە (٤,٣) میل لە باکووری خۆرهەلاتی زاخۆ دوور بوو. تاوەکو کۆچی دواییکردنی بە نەخۆشی هەر لەوێدا مایەوە.

هەندێك لە جوولەکە شارنشینەکان پەیوندییەکی گەرمتریان لەگەل ئاغاکانیاندا هەبوو بە بەراوورد لەگەل ئەو پەیوەندییە ئاساییەی کە لە نێوان ئاغا و ژێر دەستەکانیاندا هەبوو. یەکێك لەو جوولەکانە هارون جودۆی زاخۆیی بوو کە یەکێك بوو لەبازرگانە زیرەكو زۆرزانەکان. ئەو پەیوەندییە نزیکەی نێوان هەردوولا وای لە جەمیل ئاغا کردبوو داوای کوشتنی کەسێك لە هارون بکات. ئەم جۆرە کارانە هەمیشە لەلایەن بکوژێکی هۆزەکەیەوە ئەنجام دەدران. ئەم تێوەگلانەی لە کاری کوشتندا لەجیاتی جەمیل ئاغا ژیانی هارونی خستە مەترسیەوە کە تیایدا بەشێوەیەکی تیۆری جەمیل ئاغای کردە تاوانبار. لەئەنجامدا، جەمیل ئاغا بڕیاری کوشتنی جۆدوی دا، بەڵام بەهۆی ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەی کە لەگەل پیاوکوژەکەی ئاغادا هەبوو، جۆدۆ ڕزگاری بوو. هارون بەم جۆرە بەسەرهاتەکەی دەگێڕێتەوە، لەسالّی ١٩٣٣ یان ١٩٣١:

" لە ڕۆژی یادکردنەوەیەکی ئایینی مەسیحیەکاندا لەنزیك (قشلە) بنکەی پۆلیس لە زاخۆدا تێپەڕیم چاوم بە جەمیل ئاغا کەوت. ئەو ئاغا بوو، گەورەی بنەماڵەی زاکین بوو، من چوومە لایو سلاوم لێی کرد، لەو کاتەی کە (دمیٚ)[٥٨] لەناو خەلکدا بەدەنگێکی بەرز دەستی بە جوێندان کرد. جەمیل ئاغا خەنجەرەکەی ڕاکێشا و ویستی بیکوژێت، بەڵام بەهۆی نزیکی لە بنکەی پۆلیسەوە و لەناو خەڵکەکەدا نەیتوانی ئەو کارە ئەنجام بدات. دوو سیٚ سالٚ

---

٥٨ دمیٚ: ناوی گوندێکە لە تورکیا. هەروەها ناوی کەسێکیشە لەکاتی کۆمەڵکوژیەکەی ئەرمەنەکان ئاوارەی زاخۆ بوو.

تێپەڕین، شەوێکیان (محیٚ میخۆلی)[٥٩] لەدەرگای ماڵی منیدا. خێزانەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو، داوای لێکردم ئەگەر بکرێت خێزانەکەی ئەمشەو لە ماڵی مندا بمێنێتەوە. وتی ئەگەر لە گووندەکەدا بمێنێتەوە لەکاتی نەبوونی مندا، هەموو کەس دەچێتە لای."

محیٚ وتی کە جەمیل ئاغا داوای لێکرد کە بێتو جودۆ لەگەل خۆی بهێنێت. هەردووکیان بەیەکەوە چوون بۆ گوندی دارهۆزە کە ماڵی جەمیل ئاغا لەویٚ بوو. لەکاتی بینینی جودۆ، جەمیل ئاغا پێی وت، ئاغا:

"پێم وت، من ئاغای تۆ نیم گەورەم، تۆ ئاغای منی. تۆ هەرچی فەرمانێکم پێدەکەیت، من بەسەرچاو جێبەجێی دەکەم. جەمیل ئاغا پێی وتم: محیٚ میخۆلی لەگەل خۆت بەرە و ماڵی مەسیحیەکەی پیٚ نیشان بدە(ماڵی دمیٚ)، ئەو کەسەی کە جوێنی پێدام، لەبیرتە، وانیە؟ وتم: بەڵیٚ ئاغا لەبیرمە. هەردووکمان بەیەکەوە چووین بۆ دەڤەری کیستایی، ئەو شوێنەی کە دوژمنە مەسیحیەکانی جەمیل ئاغای لیٚ بوو...... کاتێك گەیشتنە ماڵی مەسیحیەکە، محیٚ وتی: من دەیگرمو تۆش بیکوژە. وتم: سەگی سەگباب، ئەگەر بمریش، من ئەو کارە ناکەم. پاشان محیٚ پێشنیاری ئەوەی بۆ کردم کە من بیگرمو ئەو بیکوژێت. لە کۆتاییدا، هەر بەخۆی گرتی وە دای بەزەویدا و پاشان لەناو جێگادا کووشتی. هاوسەری پیاوە مەسیحیەکە چاوەکانی هەڵێنا، بەڵام محیٚ ترساندیو پێی وت: ئەگەر چاوەکانت بکەیتەوە تۆش ئەکوژم.... بەم شێوەیە چاوەکانی داخست.

٥٩ کورتکراوەی محی الدینە لەزمانی عەرەبیدا. محیٚ میخولیٚ ئەندامی بنەماڵەی میخولیە لە هۆزی سندی. ئەوەندە دڵسۆزی جەمیل ئاغا بوو، ئەگەر جەمیل ئاغا لە هەرکەسێکی بدابووایە ئەو تیایدا بەژدار بوو. وتراوە کە جەمیل ئاغا لە مانگی ئایاری ١٩٢٦ لە تورکیا دەربەدەر بوو. لایەنگرانی بنەماڵەی میخولی هێرشیان کردە سەر دەورەیەکی سوپای عێراقی کە بەدوای گرتنی جەمیل ئاغاوە بوون.

ئەوان بەرماڵێکیان لەگەل خۆیاندا هێنابوو بۆئەوەی بە سەر ئاسەواری کوشتنەکە دابدەن، محیَ ئەو بەرماڵەی هەڵگرتو هاتە دەرەوە. لێم پرسی: بۆچی ئەمەت لەگەڵ خۆت هێناوە؟ بۆچی لەدژی ئێمە بەڵگەت هێناوە؟. ...ئێمە گەڕاینەوە لای جەمیل ئاغا لەگوندی دارهۆزە. کاتێك گەیشتینە ماڵی جەمیل ئاغا، بەهۆی ڕوناکی شەفەقی بەرەبەیان زانیمان دەستمان لە خوێن گەوزاوە. جەمیل ئاغا سەیرێکی کردین‌و ئاگرێکی لە نهۆمی دووەمدا هەڵگیرساند...پاشان چووینە کەناری ڕووبار بۆئەوەی خۆمان پاك بکەینەوە وە جلوبەرگەکانمان بشۆین. ئەو کاتەی کە جلەکانمان شوشت، کازیوەی بەرەبەیان بوو. جەمیل ئاغا بۆ چل پیاو خواردنی ئامادە کرد و بەتەواوی خزمەتی کردن.. ئێمەش بەدرێژایی ئەو ڕۆژە لەویَ ماینەوە."

ئەو پیاوانە لە نیوەشەودا گەڕانەوە ماڵەکانیان. جودۆ ئەوەشی گێڕایەوە کە هەندێك، لەو کاتەی ئەو لەویَ نەبووە، پرسیاری ئەوەیان کردووە کە ئەو لە کویَ بووە. من پێم وتن کە لەدەرەوە بووم چونکە محیَ میخۆلی مێگەلێکی هێنابوو وە دەبوایە من بیانبەم بۆ موصل. دوو سیَ ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕین وە هارون جودو بەردەوام بوو لەسەر کار و ژیانی ڕۆژانەیدا. دەنگدانەوەی کوشتنەکە بەهەر جۆرێك بووبێت زوو دەرکەوت. هەروەك جودو وتی:

" لەساڵی ١٩٣٥ ڕۆژێکیان لە پیربالا دانیشتبووم...لە دووری پانزە کیلۆمەترەوە کەسێك بانگی کردم. سەیرم کرد، محیَ میخۆلی بوو. کاتیَ کە نزیك بووەوە... بینیم فرمێسك لە چاوەکانی دەتکیَ. دەسەسرێکم لە دەستدا بوو، فرمێسکەکانم پێی سڕیەوەو لێم پرسی، چی بووە؟ بۆ دەگری؟ وتی: دانیشە. لە کۆتاییدا ئەوەی ئاشکرا کرد کە جەمیل ئاغا ئەوی ناردووە بۆ کوشتنی من. وتم: جا بۆچی شلەژاوی؟ پێویستت بە فیشەکە؟! ها هەندێکت ئەدەمیَ بۆئەوەی بمکوژی. محیَ میخۆلی وڵامی دایەوە: تۆ بەم جۆرە قسانە

ئەمکوژی. وتم: فەرموو ئەو دوو ڕووپیە بگرەو دوو فیشەکی پێ بکڕە. دەستی کرد بە زللە لێدان لە دەمو چاوی خۆی. بە هۆی هاوڕێیەتیو ئەو هەڵوێستەی منەوە وتی کە ئەگەر پیاوکوژێکی جەمیل ئاغا خۆی بە پیاو ئەزانێتو دەستت بۆ درێژ ئەکات، بەڵێن بێت یەکسەر دەیکوژم. لەکۆتاییدا پێشنیاری ئەوەی بۆ کردم کە کوردستان بەجێ بهێلم. پێم وت: ناتوانم کوردستان جێ بهێلم، چونکە خەڵك نزیکەی بیست هەزار ڕووپی قەرزاری منە، لەگەل ئەوەشدا زیاتر لەسێ هەزار سپیندارم کڕیون، کە هێشتا پێ نەگەیشتوون بۆ ئەوەی بیانبڕم بۆ فرۆشتن."

ئەو هاوڕێیەتییە گیانی بە گیانییەی نێوان هەردووکیان لەم گفتووگۆیەدا بە ڕوونی دەرکەوت. لە کۆتاییدا محێ بەڵێنی بە جودو دا وە تەلاقی خوارد کە لە ماوەی سێ مانگی داهاتوودا ئەو لە سنووری تورکیاوە نەهێتەوە ناو خاکی عێراق[٦٠]. جەمیل ئاغا مێژووییەکی دوور و درێژی هەبوو لە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتدارانی حکوومەت. ڕەنگە وا هەستی کردبێت کە ناتوانێ ڕێگا بەخۆی بدات چارەنووسی بکەوێتە دەست جوولەکەیەك وە بارودۆخی سیاسیو شەرعی خۆی بخاتە مەترسیەوە. بەم هۆیەوە بڕیاری دەرکردنی جۆدۆی دەرکرد، بەڵام ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لە نێوان محێو جودو دا هەبوو، وایکرد جودۆ بتوانێت ڕابکاتو دەرچوونەکەی بۆ ڕێکبخرێت. لە ماوەی سێ مانگدا هەتا توانی قەرزەکانی خۆی کۆکردەوە و پاشان بەرەو خاکی پیرۆز (ئیسرائیل) کۆچی کرد.

---

٦٠ تەلاق: سوێند خواردن بە تەلاق واتە ئەگەر سوێندەکەت نەبەیتە سەر، ئەوا ئەو کەسەی کە سوێندەکەی خواردووە دەبێت دەسبەرداری خێزانەکەی بێت.

### ٤. (حاجی صدیق برۆ)ی گولی و( ناحوم سەبتۆ)ی جوولەکە:

هارون جودو یەکەمو دوایین کەس نەبوو کە بەهۆی تۆڵەسەندنەوەی ئاغاکەی، بۆ پاراستنی ژیانی خۆی ڕووی لە وڵاتێکی تر کردبێت. هەندێك لە جووەکانی زاخۆ جگە لە ئاغای خێڵی سندی ئاغای تریشیان هەبوو. ناحوم سەبتۆ لە شاری زاخۆوە بەهۆی ئەو دەمەقاڵێیەی کە لە نێوان ئەو و سەرۆکی ئاغاکانی هۆزی گولیدا ڕوویدا، شارەکەی بەجێهێشت. ئەم پارچە نووسراوەی خوارەوە سەبارەت بە صدیق برۆ لەساڵی ١٩٢٩دا لە ڕاپۆرتێکی سوپای بەریتانیا وەرگیراوە.

"ئەو بەناوبانگترین ئاغای هۆزی گولی بوو. لە وەرزی زستاندا لەناوچەی خوك گولیو لەهاوینیشدا لەگوندی بەهنونا دەمایەوە. ئەویش وەك باوکی دزێکی بەناوبانگ بوو. لەئەنجامی ڕاپەڕینەکەی شاری ئامێدی لەساڵی ١٩١٩ لەدژی ئێمە وەستا. بەهنونا لەلایەن هێزەکانمانەوە خاپوور کرا. ئەو تاوەکو ئەیلولی سالی١٩٢٠ لەدەرەوەی کوردستاندا مایەوە، لەو کاتەی کە خۆی بەدەستەوە داوە بەشێوەیەکی باش ڕەفتار دەکات. ئەو لەگەڵ ئاغاکانی سندیدا باش نەبوو."

ڕاپۆرتێکی تری بەریتانی ئاماژەی بەوە داوە کە خۆبەدەستەوە دانەکەی حاجی صدیق برۆ لە تەموزی ١٩٢٠دا، بەشێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی ئەو نەخۆشیە بووە کە لە زاوزێیدا هەبووە.

ڕاپۆرتەکەی گورگۆ ناحوم ئاماژە بەهەندێك لە ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتەی بەریتانیەکان داوە. لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، سەبتۆی باوکی گورگۆ ناحوم بۆئەوەی لەخزمەتی سەربازی بەزۆر خۆی بدزێتەوە، لەشاری زاخۆ ڕۆیشت. سەرەتا لە تورکیا لەگوندی بایژۆدا نیشتەجێ بوو، کە دەکەوێتە دووری ٣٣ میل لە شاری زاخۆوە، نزیك سنووری تورکیاو عێراق. دوای ساڵێك

یان دوو ساڵ، چووه بەهنونا لەژێر ناوچەی دەسەڵاتداری صدیق برۆ، کە سەرۆکی ئاغاکانی ناوچەی عەشیرەتی گولی بوو. پەیوەندی نێوان ناحوم سەبتۆ و صدیق برۆ بۆماوەی بیست ساڵ درێژەی کێشا، واتە تاوەکو ئەوکاتەی ناحوم بەرەو خاکی فەلەستین کۆچی کرد. لە ڕاستیدا تاکە هۆکاری ئەم کۆچە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانێیەی کە لە نێوانیاندا سەری هەڵدا، هەروەك لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە. ئەم بەسەرهاتانە خوارەوە ئەوە دەردەخەن کە ڕۆڵی ئاغاکان بە چ ئەندازەیەك یەکلاکەرەوە بووە لە چارەنووسی ژیانی جوولەکە ناخێلەکیەکانیشدا. کاتێك کە جەنگ بە کۆتا هات، ناحوم سەبتۆش وەك زۆربەی ئەو جوولەکانەی کە شارەکەیان جێهێشتبوو، گەڕایەوە زاخۆ. لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا، صدیق برۆ وەك زۆربەی ئاغاکانی تر لەدژی حکومەت هەڵسایەوە، بەڵام حکومەتی بەریتانیا دەستگیری کرد و هێنایەوە زاخۆ. گرتنەکەی تەنها دەستەواژەیەك بوو، چونکە ئەوە ئاشکرایە هەروەك سەرجەم سەرکردە هۆزەکانی تر دژی یاسای بەریتانیا ڕاوەستا.

دوای ماوەیەکی کەم حکومەت ویستی صدیق برۆ ئازاد بکات بەمەرجێ کەسێك ببێت بە کەفیلی ئازادکردنی. ئەو کەفیلە بەرپرسیار دەبێت لە هەر ناپێگیریەك لەمەرجەکانی حکومەتی بەریتانیدا. بەپێی وتەکانی گورگۆ، صدیق برۆ ناوی کەفیلێکی شاری زاخۆیدا، بەڵام ڕەتی کردەوە و پێی وت: ناتوانم ببم بە کەفیلی تۆ، چونکە ئەگەر هاتوو لە داهاتوودا کەسێك ئاگاداری دا یاخود بەهەڵە شایەتی لەسەر تۆدا، ئەوا دەبێت من لەجیاتی تۆدا بەند بکرێم. لەکۆتاییدا صدیق برۆ پێشنیاری ئەوەی کرد کە بانگی جوولەکەکەی (ناحوم سەبتۆ) بکەن. بانگهێشتی باوکی (گورگۆ)یان کرد، ئەو وتی:

" پارێزگار لێی پرسی: دەتەوێت ببیت بە کەفیلی صدیق برۆ؟ دەبێ تۆ لەوە ئاگادار بیت کە ئەو هەر کارێکی نابەجێ بکات تۆ لێی بەرپرسیاری. ئەو

پیاوە دەسەڵاتێکی زۆری هەیە و بەهێزە. ئەگەر لە زیندا ئازاد بکرێت‌و تاوانێك ئەنجام بدات، ئەوا تۆ لەجیاتی دەستگیر دەکرێی. باوکم پێی ڕاگەیاند: من ئامادەم بچمە زیندان، ئێستا ئازادی بکەن!"

لەکۆتاییدا حاجی صدیق برۆ لە زیندان ئازاد کرا. لەو چەند ساڵەی دوای ئازادکردنی، گورگۆ گەواهی ئەوەیدا کە چۆن حاجی صدیق برۆ دەهاتە شاری زاخۆ، هەموو مانگێك یەك دوو جار سەردانی ماڵی ئەوانی دەکرد. بەگوێرەی وتەکانی گورگۆ لەکاتی سەردانی بۆ ماڵەکەی:

" سێ چوار جاری واهەبوو کە دە کەس هاوڕێیەتیان دەکرد. باوەکە خوالێخۆشبوەکەشم خواردنی بۆ هەموویان ئامادە دەکرد. ئەمە ئەو جۆرە پەیوەندیەی ئێمە بوو لەگەل ئاغاکەدا. هەموو شتێك بەخۆڕایی بوو. ......خواردن و خواردنەوە... هەتا هەندێك جار ڕاگرتن‌و ئالیك پێدانی ئاژەلەکانیان بۆماوەی سێ ڕۆژ لە تەوێلەکەی ئێمە دەمانەوە. هەروەها ئێمەش دەچووینە ماڵی صدیق برۆ، دوو سێ ڕۆژ لە گوندی بەهنونا دا دەماینەوە، کە گوندی ناوبراو بوو. پاشان ئەوێمان جێدەهێشت بەرەو گوندێکی تر وە دووبارە دەهاتینەوە گوندەکەی وە لەوێوە بە بەردەوامی بەرەو ئاراستەیەکی تر بۆ کاری بازرگانی دەچووین."

ئەو پەیوەندیەی ناحوم سەبتۆ و حاجی صدیق تاوەکو ساڵی ١٩٣٢ بەردەوام بوو. کاتێك کە ناحوم سەبتۆ لە ڕووداوێکدا بە سەختی بریندار بوو، دوای چارەسەرکردنی لەلایەن پزیشکێکی کوردەواری دەیتوانی هاتووچۆ بکات، بەڵام دەبوایە بە گۆپاڵێك یاخود دارێك بۆ ڕۆیشتن بەکاربهێنێت. ناحوم سەبتۆ چیتر نەیتوانی بۆکاری بازرگانی لەگوندەکانی دەورووبەردا بگەڕێت. بە پێی وتەکانی گورگۆ، سەرەڕای ئەو زیانە گەورەیەی باوکی‌و لەکارکەوتنی، حاجی

صدیق برۆ هەر بەردەوام بوو لە سەردانی کردنیدا. ئەو دەڵێت کە سەردانی کردنی دوو لایەنەیان وەك نەریتێك لێهاتبوو.

باوکم دەچووە ماڵی ئاغاکە وە لەوێ دەمایەوە، دەیخواردو دەیخواردەوە. لەئەنجامدا ئاغاکەش سەردانی دەکرد. باوکم هەتا پارەی هەبوو میوانداری دەکرد، بەڵام لە کۆتاییدا پارەکەی تەواو بوو وە هیچی نەما. برینەکەی وایلێکرد چیتر نەتوانێت بەناو شاخەکاندا بۆ کاری بازرگانی گەشت بکات. ناحوم سەبتۆ دوکانێکی لەناو بازاڕی زاخۆدا کردەوە کە گورگۆ تیایدا کاری دەکرد. گورگۆ وتی: ئەگەر دوکانەکە کەسێکی نەبێت شتمەکی لە گوندەکانەوە بۆ بهێنێت، وەك لە پێشتر باوکی ئەو کارەی دەکرد، ئەوا دوکانەکەی بێسوودە. لەکاتی کارکردن لە دوکانەکەیدا گورگۆ تووشی ئەزموونێکی تاڵ بوو بەهۆی ئەو مامەڵە خەراپەی صدیق برۆ لەگەڵیدا دەیکرد. لەماوەیەکە کورتدا، لە چوار بۆنەدا:

" حاجی صدیق برۆ هاتە دوکانەکەو چەندین شتمەکی برد بەبێ ئەوەی پارەکەیان بدات[٦١]. بایی سێ چوار دینار شتم پێدا. جارێکی تریش هاتەوەو هەندێك شتی ترم پێدا. دوای سێ جار، بەخۆمم وت، ئەم مەسەلەیە تەواو نابێت. ئەو پارەکە نادات، منیش زۆر شەرمنم بۆ ئەوەی داوای پارەکەمی لێ بکەم."

گورگۆ و ناحوم سەبتۆی باوکی هەستیان کرد کە قۆرغ دەکرێن، بەڵام واپێدەچوو کە ئاغاکە بارودۆخی ئابووریو نەخۆشیەکەی ئەوی لەبەر چاو نەگرتبێت. شەڕو ململانی خەریك بوو لەنێوان هەردوو لادا ڕووبدات. گورگۆ

---

٦١ گورگـۆ بازرگـان نـەبوو، بـەڵام بـەهۆی برینەکـەی باوکییـەوە ناچـار بـوو ببێـت بـە دوکانـدار. ئاشـکرایە کـە لـەو کارەیـدا سـەرکەوتوو نـەبوو. ئەمـەش بـەهۆی ئـەو ڕووبەڕووبونەوەی لەگەل حاجی صدیق برۆدا روویدا.

بڕیاریدا ئەگەر جارێکی تر هەمان شت ڕووبداتەوە، ئەوا زۆر بە توندی ڕوبەڕووی حاجی صدیق برۆ دەبێتەوە. کاتێك بۆ جاری چوارەم هاتەوە، گورگۆ پێی وت:

"تەواو هیچی تر پارەمان نیە.... خۆت دەزانی باوکم بریندار بوو. ئێستا ئەو دەشەلێت وە هیچی تر ناتوانێت وەك ڕابردوو ژیانی خۆیو خێزانەکەی دابین بکات. بارەکە لەسەر شانی منە، وە کارەکەش قازانجێکی وای نیە. صدیق برۆ پێی وتم: چۆن دەبێت تۆ داوای پارەم لێ بکەی؟! هێشتا ئێوە دە هەزار ڕووپی قەرزاری منن کە من بە باوکتم دابوو. پێم وت: من هیچ شتیك دەربارەی ئەمە نازانم. کەی پارەت بە باوکم داوە؟ یەکسەر کەلوپەلەکانی جێهێشتو لە دوکانەکە چووە دەرەوە.... بۆ ئەوەی سکاڵا تۆمار بکات."

سکاڵاکەی بۆ لای قایمەقام نێردرا، کە ئەوکات بەرپرسی ناوچەکە بوو. صدیق برۆ بە قایمەقامی وت:

"ئەو جوولەکەیەی کە ناوی ناحوم سەبتۆیە، دە هەزار ڕووپی قەرزاری منە. دەمەوێت تۆ بۆم بگەڕێنیتەوە. قایمەقام پیاوێکی زۆرزان بوو، پێی وت: ئەو جۆرە کێشانە نابێت تەنها لەسەر داواکاری یەك کەس چارەسەر بکرێن، دەبێت ئەویش بانگهێشت بکەینو لێی بپرسین. داوای کرد کە لێژنەیەکی میانگیر دروست بکرێت. تۆ دەبێت سێ شاهید ئامادە بکەیت، کە پێك هاتبن لە موسڵمانێكو جوولەکەیەكو مەسیحیەك، وە سکاڵالێکراوەکەش بەهەمان شێوە، جا ئەوان هەر بڕیارێك بدەن من جێبەجێی دەکەن، ناتوانم لەمە زیاتر هیچ شتێکی تر بکەم"

صدیق برۆ بەم مەرجانەی دەزگا فەرمییەکە قایل بوو. پاش نیو کاتژمێر ئەفسەرێکی پۆلیس بەناوی سەعید هاتە دوکانی گورگۆ وە ئاگاداری کردەوە لەو سکاڵا فەرمییەی لە دژی تۆمار کرا بوو وە سەرجەم کردارە یاساییەکانی پێ ڕاگەیاند. لەگەڵ گورگۆدا بەرەو ماڵی باوکی بەڕێکەوتن بۆئەوەی پێی بڵێن

كه صديق برۆ دەڵێت گوایە ئەو دە هەزار ڕووپی ئەو قەرزار بێت. باوكی گورگۆ خۆی ئامادە كرد وە بەخۆی گۆپاڵەكەی بەهێواشی ڕێگای سەرۆكایەتی قایمەقامی گرتە بەر. كە گەیشتە نووسینگەكە، قایمەقام پرسیاری ئەوەی لێكرد كە چی بەسەردا قەوماوە وە سەبتۆش پێی وت كە لەشەودا لەسەر بانی خانوەكەی كەوتۆتە خوارەوە و ئاوای لێهاتووە. قایمەقام دەستی كرد بە لێكۆلینەوە لە ناوەڕۆكی بابەتەكە وە بەگوێرەی وتەكانی گورگۆ، قایمەقام هەستی كرد كە صديق برۆ درۆ دەكات، بەڵام نەیدەتوانی ئەمە بە ئاشكرایی دەربرێت، چونكە پیاوێكی بەڕێز بوو.

" قایمەقام لە باوكمی پرسی: ئەم پیاوە ئەناسی؟ باوكم وەڵامی دایەوە، بەڵێ، ئەمە حاجی صديق برۆی ئاغای منە. من جوولەكەی ئەوم......، بە باوكمی وت: حاجی صديق دەڵێت كە تۆ دە هەزار ڕووپی قەرزاری ئەوی، وە داوای قەرزەكەی دەكاتەوە........ باوكم وەڵامی دایەوە: من یەك فلس قەرزاری ئەو نیم، ئەگەر شتێكی لەم بابەتانە هەبێت، هێشتا ئەو قەرزاری منە."

حاجی صديق‌و ناحوم سەبتۆ هەر یەكەیان سێ كەسیان هەڵبژارد بۆ تەشكیلكردنی دەستەی سوێندخۆران، وە ئەرك‌و فەرمانیان ئەوە بوو حوكمەكە یەكلایی بكەنەوە. ناحوم سەبتۆ ئەوەی ڕوونكردەوە كە ئەگەر ئەو بردیەوە ئەوا هیچ پارەیەك لە صديق برۆ وەرناگرێت. گورگۆ دەڵێت: قایمەقام زۆر بە وتەكانی باوكم دڵخۆش بوو. هەر شەش پیاوەكە لە ماڵی حاجی ئەحمەد، كە پیاوێكی ئەو شارە و زڕبرای جەمیل ئاغا سەرۆك خێڵی سندی بوو، كۆبوونەوە. شەهرزادەی خێزانی كچی عبد ئاغا بوو. بۆ ڕۆژی دواتر، كاتژمێر نۆی سەر لەبەیانی، هەر شەش پیاوەكە بۆ چارەسەركردنی كێشەكە كۆبوونەوە. ناحوم سەبتۆ باسی ئەو كێشانەی بۆ كردن كە پیایدا تێپەڕی بوو وە باسی ئەو هەموو پارانەی كرد كە بۆ میوانداریكردنی ئەو

خەرجی کردبوو لە ماوەی ئەو هەموو ساڵانەدا. گورگۆ ناحوم سەبتۆ شایەتیەکە ئەو ئافرەتەی لە بیرە کە کۆبوونەوەکە لەماڵی ئەواندا بەجێ گەیەنرابوو، کە دەیکردە خێزانی حاجی ئەحمەد:

" هەرچەندە حاجی صدیق برۆ میوانی ماڵی منە، بەڵام دەبێت دان بەو ڕاستیەدا بنێم کە بەو دوو چاوەی خۆم بینیومە... لە شاری زاخۆدا هەر کەس دەیتوانی ناو ماڵی یەکتر ببینێت وە لە ڕۆژە گەرمەکانی هاویندا لەسەر بانی ماڵەوەدا دادەنیشتین‌و سەیری ماڵی حاجی صدیق برۆمان دەکرد بە هاوڕێیەتی هەشت بۆ دە پیاو، کەمتر یان زیاتر، جار دەیزانی، سەردانی ماڵی ناحوم سەبتۆیان دەکرد. ماڵی ناحوم سەبتۆ هەمیشە خواردنیان بۆ ئەم پیاوانە دروست دەکرد. دوو لە دراوسێ مسوڵمانەکان کە یەکێکیان ناوی ڤارینا بوو، خواردنی بۆ لێ دەنان. زۆر شەرمە تاوانێکی ئاوا بدرێتە پاڵ کەسێکی جوولەکە. هەرچەندە حاجی صدیق برۆ میوانە و لەهەمانکاتدا ئاغاشە، بەڵام دەبێ زۆر بەئاشکرایی قسە بکەم. من جیاوازی ناکەم لەنێوان جوولەکەیەك‌و مسوڵمانێکدا. ئێمە هەموومان لەژێر سێبەری خودادا بەیەکسانی دروست کراوین. چۆن ئەو دەوێرێت بڵێ جووەکە قەرزاری منە؟! شەهزادە خۆی لە صدیق برۆ نزیك کردەوەو لێی پرسی: تۆ چویتە حەجی ماڵی خوا؟ بۆچی ئەو جامانەیەی حاجیانت لەسەر ناوە؟ بۆ ئەوە واتکردووە خەڵکی پێ لە خشتە بەری؟ ئەو جووە هەژارە هەرچەندی ئەو بڕەی تۆ دەڵێی قەرزارتە؟ کوڕەکەی تەنها داوای ئەو پارەیەی لێکردووی کە لەبەرامبەری شتمەکت بردووە. نە جارێك وە دوو و سێ، شتت بەخۆڕایی بردووە. باوکە هەژارەکەی ئەوە دوو ساڵە لە ماڵەوە کەوتووە. لەسەر بان کەوتۆتە خوارەوە، وانیە؟ لەبڕی ئەوەی ئەو هەرپێویستیەکی هەبێت بۆی جێبەجێ بکەی، داوای پارەی لێدەکەی؟!"

لەلایەن هەر شەش پیاوەکەوە بڕیاری بێتاوانکردنی جوولەکەکە درا کە گوایە قەرزاری حاجی صدیق برۆ بووە. بڕیاردرا کە حاجی برۆ ئەو کەسە بێت کە پارەکە قەرززارە، بەڵام هەروەك جوولەکەکە بەڵێنی دابوو کە ئەگەر براوەش بێت ئەوا واز لە بەشەکەی خۆی دەهێنێتو داوای هیچ پارەیەك ناکات. حاجی ئەحمەدی خاوەن ماڵ، بە نووسراو بڕیاری کۆبوونەوەکەی بەقایمەقام دا، کە تیایدا هاتبوو: من دەمزانی کە حەق بەلای کامەوەیە، بەڵام بۆئەوەی تۆوی ڕقو کینە لە دڵیاندا زیاتر نەبێت داوام کرد کە دەستەی ئامادەبووان کێشەکە یەکلایی بکاتەوە. سەرەڕای تەواوبوونی ئەو بڕیارەی درا، حاجی صدیق داواکاریەکی تری هەبوو کە دەبێ ناحۆم سەبتۆ و کوڕەکەی لە پەرستگادا لەبەردەم تەوراتدا سوێند بخۆن. قایمەقام کە زۆر بە پەرۆش بوو بۆ کۆتایهێنان بەم گێچەلەیە، یەکسەر ڕازی بوو. ناحوم سەبتۆ و کوڕەکەی لەگەل دوو ئەفسەری پۆلیسدا نێردران بۆ پەرستگا. خەنجەرەکەی حاجی برۆ دەستی بەسەردا گیرا بۆ پاراستنی جوولەکەکە لەهەر هێرشێك کە لەلایەن ئاغاکەوە بکرێتە سەریان.

" لەناو پەرستگاکەدا (شەماس)، ئەو کەسەی کە کاروباری ناو پەرستگای بەڕێوە دەبرد، ئەو کونە دیوارەی کردەوە کە تەوراتی تیادا پارێزرا بوو وە بە حاجی صدیق برۆی وت: فەرموو ئەمەش تەوراتەکەمان. حاجی صدیق پێی وت: با سوێند بخوات کە هیچ پارەی من قەرزار نیە."

ناحوم سەبتۆ سوێندی خوارد کە هیچ پارەی ئەو قەرزار نیە. ئەگەر ئەو قەرزاری حاجی صدیق بوایە، بەهۆی ئەم سوێند خواردنەوە شتی زۆر خەراپ بەسەر خۆیو خانەوادەکەی دەهات. لەگەل ئەوەشدا کە ئەگەر بەڕاستی حاجی صدیق قەرزاری ناحوم بێت، ئەوا حەجی حاجی صدیق بۆ ناحوم سەبتۆ دەبێت بەهۆی ئەو درۆیەی کە کردی. بەپێی وتەکانی گورگۆ، ئەم

جۆره قسانه وەك چەقۆيەكى تيژ بوون بۆ حاجى برۆ. ئەو خەريك بوو خەنجەرەكەى لەبەر پشتى دەربهێنێت، ئەوەى لەبير كردبوو كە لەلايەن پۆليسەوە دەستى بەسەردا گيراوە.

**سەعید، کە ئەفسەری پۆلیس بوو، پێی وت:**

" کاتێك کە جووەکە سوێندی خوارد ئەگەر درۆ بکات ئەوە بەڵای ناخۆش بەسەر خۆیو خانەوادەکەی ڕوودەدات، ئەوەندەی ئەم کارەت تورەی نەدەکردی. کاتێك کە سوێندی خوارد ئەگەر بەڕاستی تۆ قەرزاری ئەوی، ئەوا حەجەکەت بۆ ئەو دەبێت وە پاشان تورە بوویتو ئایا ئەمە ئازاری دایت؟"

صدیق ئاغا وتی خودا کەریمەو گەڕایەوە بەهنونای گوندەکەی، لە ناوچەی سنووری دەسەڵاتداری هۆزی گولی. ئەم بەسەرهاتە ئەوە دەردەخات کە لە شاری زاخۆدا دەکرا دادپەروەری جێبەجێ بکرێت هەرچەندە ئەو کەسەی کە ستەمی کردبایە لە هەر پلەیەك بوایە. هۆزی گولی لەچاو هۆزەکانی تری وەك سلیڤانیو سندیدا کەمتر کاریگەری هەبوو لە شاری زاخۆدا. کە سنوورەکەی لە باکوور و باشووری زاخۆدا بوو. هەروەها صدیق ئاغا هەمیشە مشتوومڕی لەگەل حکوومەتدا دەکرد و ناسراو نەبوو لەلایەن هەردوو ئاغاکانی هۆزەکانی سندیو سلیڤانی. ئەنجامی ئەو ناوبژیوانکردنە جیاواز دەبوو ئەگەر هاتبوایە ئاغایەکی سندی یاخود ئاغایەکی بەهێزی شاری زاخۆ لەم مەسەلەیەدا بەژدار بوایە. لەو کاتەی حاجی صدیق شکستی خوارد چیتر سەردانی شاری زاخۆی نەکردەوە. گورگۆی کوڕی ناحوم سەبتۆ دەڵێت کە ئیتر هیچ جوولەکەیەك ڕێزی حاجی صدیقی نەدەگرت وەك ئەوەی کە باوکم دەیگرت. کەس نەدەچوو گۆشتی بۆ بکڕێت وە خواردنی بۆ دروست بکات وەك ئەوەی باوکم بۆ ئەنجام دەدا. لەکۆتاییدا ناحووم سەبتۆ خانوو و دوکانەکەی فرۆشت وە پلانی ئەوەی داڕشت کە بەرەو فەلەستین کۆچ بکات. کاتێك کە برای حاجی صدیق برۆ، میرزا سەردانی کرد:

" میرزا بە جانتایەکی پڕ لە پارە هاتە لای باوکم و پێی وت کە حاجی صدیق بەو پارەیەوە ئەوی ناردووە بۆ کردنەوەی دوو دوکان لە جیاتی یەكو

له جیاتی براکەی هاتووە بۆ داوای لێبوردن کردن. دوابەدوای ئەمە پێی وت کە جووەکانی زاخۆ کێشەکەیان گەورەتر کردووەو بوونەتە هۆی ئەم کێشەیەی نێوانیان، بەس خودا بەزەیی بەم جوولەکانەوە دەکات کە ئەم فیتەیەیان هەڵگیرساند. باوکم بە میرزای ڕاگەیاند کە ئەوان دەچنە شاری بەغداوە پەشیمان نەبونەتەوە لەو پلانەی دایاننابوو بۆ ئەوەی بەرەو فەلەستین کۆچ بکەن "

هەرچەندە میرزا هەوڵی ئەوەی دا قەناعەت بە باوکم بکات بۆ ئەوەی نەڕوات، بەڵام سوودی نەبوو. سەر لەبەیانی ڕۆژی دواتر میرزا بە پارەکەیەوە بۆ گوندی بەهنونا گەڕایەوە. پاش شەش هەفتە لەم ڕووداوە، ناحوم سەبتۆ شاری زاخۆی بەرەو فەلەستین جێهێشت. دەسپێشخەریەکەی صدیق برۆ بەهۆی براکەیەوە زۆر درەنگ ڕوویدا. ئەمە مانای پەشیمانی ئاغاکەی دەگەیاند، بەڵام ناحوم سەبتۆ پێشتر بڕیاری دەسپێکردنی ژیانێکی نوێی لە خاکی پیرۆزدا دابوو.

# بەندی دووەم

## ئاکرێ

ئاکرێ دەکەوێتە دووری (٦٥) میل لەباکووری خۆرهەڵاتی شاری موصلەوە، لە ڕووی کارگێڕییەوە سەربە لیوای موصل بوو. بەهۆی کەمی سەرچاوە سەبارەت بە جووەکانی ئاکرێ لەسەدەکانی پێشوودا، تەنها دوو ڕاپۆرت کەمێك ڕووناکیان خستۆتە سەر بارودۆخی خەڵکەکە. لەسەدەی حەڤدەمدا، بەهۆی ئەو کێشانەی لەلایەن میریی ئەو شارەوە بۆ هاوڵاتیانی جوولەکە دەخولقێنرا، بەناچاری شارەکەیان جێهێشت. بنیامینی دووەم لەساڵی ١٨٤٨ دا ئاماژەی بەوە داوە کە چەندان هێرش لەلایەن مسوڵمانە کوردەکانەوە کراوەتە سەر ئەو جوولەکانەی کە لە دەرەوەی شارۆچکەکەدا خەریکی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئایینی خۆیان بوون لەناو پەرستگاکاندا. لەماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، سێ سەد هاووڵاتی جوولەکە لە ئاکرێدا ژیاون. لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا تەنها دە ماڵی جوولەکە لە ئاکرێدا بوونیان هەبووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٩دا ژمارەی دانیشتوان زیادی کرد گەیشتە هەشت سەد خێزان کە پێك هاتبوون لە چوار هەزار کەس. لەماوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا، سەدوپەنجا جوولەکە لەو شارەدا دەژیان کە زۆربەیان خاوەنی دوکان بوون. ئەوان بەناوبانگ بوون لە دروستکردنی خەنجەری زیویی کوردی.

### ١. بنەماڵی خواجە خینۆ

ڕابەرانی بنەماڵە جووەکان لە دواییین سێ نەوەدا لە ئاکرێ، بەناوی خواجە خینۆ ناسرابوون[٦٢]. سەرکردەکانی ئەم بنەماڵەیە کێشەکانی هاوڵاتیە جووەکانی ئاکرێیان چارەسەر دەکرد. ئەوان توانییان پەرە بە پەیوەندیەکانییان لەگەڵ ئاغا و دەسەڵاتدارە فەرمییەکان بدەن لەوکاتەی کە پێویستیان بەشتێك بوو لەلایەن حکومەتەوە بۆیان جێبەجێ دەکرا. ئەم خانەوادەیە پارێزگارییان لەو دابونەریتە جوانە کرد کە هەمیشە بەخشندە بوون بۆ میوانداریکردنی خەڵك، فەرمانبەرانی حکومەتو پۆلیسو سەربازی وە سەرۆك خێڵەکان لە دیوانخانەکانیاندا دەمانەوە کە شوێنی حەوانەوە و خواردنو خوادنەوە بوو، سەرەڕای ئەمەش گوێیان لە دەنگی مۆسیقا دەگرتو خۆشحاڵ دەبوون. هەروەها بنەماڵەکە ئەگەر سەرۆك هۆزێك پێویستی بە هاوکاری دارایی هەبوایە ئەوا بەبێ دوودڵی پێشکەشیان دەکرد. بەهۆی ئەم بەخشندەییانەوە سەرکردەکانی بنەماڵە کاریگەری لەسەر حکوومەتو ئاغاکان هەبوو. بەپێی وتەکانی دەروێش ناحوم، کە باوکی لەماڵی خواجە خینۆ وەك نووسەر کاری دەکرد:

" ئەفسەری سوپا و پۆلیس بۆ سەردانی کردنی دەهاتن، ئەوان لەماڵی ئەودا دادەنیشتنو دەیانخوارد و دەیانخواردەوە. وە گوێیان لە مەقام بێژێك دەگرت کە خۆشحاڵی دەکردنو پاشان ئەوێیان جێدەهێشت."

---

٦٢ نازنـــاوی عیـــبری بـــۆ ئـــەم بنەماڵەیـــە بریتیـــە لـــە گابـــای، واتـــە: خەزنـــەداری پەرســـتگا، نـــاو یـــان ناونیشـــانی خواجـــە لـــەخاکی عەرەبەکانـــدا دەدرێـــت بـــەناو موسڵمانەکاندا، بەتایبەتی جوولەکەو مەسیحی.

دیوانخانەی خواجە خینۆ هەموو ئێوارەیەك جگە لە هەینی پێشوازی لە میوانان دەکرد، کە ئێوارەی ساباتی جووەکانە[٦٣]. ئەو بەباشترین شێواز میوانداری کردنی خەڵکی دەکرد، هەر دەتووتماڵەکەی هۆتێلی بەخۆڕاییە، خواردن‌و خواردنەوەو نووستن بەشێوەیەکی پاشایانە دابین دەکران. میوانەکان تەنها لە ئاکرێوە نەدەهاتنە ماڵی خواجە خینۆ، بەڵکو لەسەرتاسەری وڵاتەوە، بەتایبەت لە باکوورەوە، دەهاتن. ئاغاکانی بنەماڵەی خواجە خینۆ لە هونەری مامەلەکردن لەگەل میوانادا لە دیوانخانەکانیاندا زۆر باش بوون وە لەکاتی تەنگانەدا یارمەتی ئاغاکانی تریان دەدا. حەوت خزمەتکار خزمەتی ماڵی خواجە خینۆی دەکرد کە کاروباری ماڵو خزمەتکردنی میوانانیان بەڕێوە دەبرد. ئافرەتێکی خزمەتکار بە هەردوو کچەکەیەوە خواردنی بۆ ئەو مسوڵمانانە دروست دەکرد کە نانی دەستی جووەکانیان نەدەخوارد. دەروێش ناحوم دەڵێت: میوادارییەکەی ئەو بنەماڵەیە هەرگیز ناتوانرێت لەگەل هی عەرەب‌و کوردەکانی تر بەراورد بکرێت. تەنها بنەماڵەی خواجە خینۆ لە توانایدا بوو ئەم خزمەتگوزارییە بێ وێنەیە پێشکەش بکات.

دابونەریتە نێوخۆییەکانی سەردانی کردن لەسەر سەردانی دوولایەنە بنیات نرابوو کە تیایدا جوولەکەو کوردەکان سەردانی یەکتریان دەکرد. بەزۆری جووەکان میوانداری کوردە خێڵەکیەکانیان دەکرد کاتێك کە سەردانی شارەکانیان دەکرد وە کوردەکانیش میواندار و پەناگەیەکی باش بوون بۆ ئەو جوولەکانەی بۆ کاری بازرگانی سەردانی ناوچە ژێردەسەڵاتداریەکانی خێڵیان دەکرد. پێشوازی کردن لە میوانان لەلای بنەماڵەی خواجە خینۆ جیاواز بوو بە

---

٦٣ سابات: هەینی جوولەکەکانە، کە دەکاتە ڕۆژی شەممەی موسولمانان. (وەرگێڕ)

بەراوورد لەگەل ناوچەکانی دەورووبەردا. یەکێك لە نەوەکانی خواجە خینۆ ناوی شوا بوو، کە کورتکراوەی یەحوشوایە، لە شاری بەغدا لەساڵی ١٩٤٥ ئەمەی خوارەوەی بە ئەمیل موراد وت:

" نازناوی خواجەی باپیرم، شوا بوو. لەکاتی حوکومڕانی تورکەکاندا وەك ڕاوێژکاری یاسایی کاری دەکرد وە دواتر بوو بە ئەندامی دادگاکە. ئەو زۆر لێزانو بەناوبانگ بوو لە میوانداریکردنی بەرپرسانی حکوومەتدا. مرۆڤێکی زۆرزانو حەکیم بوو..... هەموو کەسێك خۆشی دەویست. کاریگەری لە حکومەتەکەی مەلیك فەیسەلدا لەساڵی ١٩٤١ هەبوو. هەروەها کەسێکی خاوەن قسە بوو لەناو شێخو ئاغاو سەرۆك هۆزەکاندا و پەیوەندییەکی هاوڕێیانەی لەگەلیاندا هەبوو[٦٤]."

ناوەڕۆکی ئەم باسە ڕێك وەك ئەو گێڕانەوانەن کە لەلایەن ئەندامانی تری ئەو بنەماڵەیە باسکراوە. تاکە جیاوازییەك کە بەرچاو بکەوێت نازناوی بنەماڵەکەیە وە پێدەچێت ئەوە هەڵەی نووسین بووبێت!. بە چاوچێکەوتن لەگەل ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ئەم خێزانە، من وای بۆ دەچم کە هەریەکێکیان واپیشان بدات کە یەکێك بوو لە ئەندامانی خێزانەکەی.

ئیلیاهۆ خواجە خینۆ یەکێك بوو لە سەرکردە دیارەکانی بنەماڵەکە کە شوێن پێی دابونەریتی بابو باپیرانی کەوت، وە توانی پەیوەندی لەگەل

---

٦٤ ئەم گێڕانەوەیە لەساڵی ١٩٤٥ لەبەغدا بۆ ئەمیل موراد گێڕدراوەتەوە. ناوەڕۆکەکەی لەلایەن ئەو نەوەیەی خواجە گێڕدراوەتەوە کە لەبەغدا دادەنیشت. ئەو کەسانەی کە باسی ئەم بەسەرهاتەیان کردووە هەموویان یەك بۆچوونیان هەبووە. تاکە جیاوازییەك کە دەبینرێت لەم نموونەیەدا بریتیە لە نازناوی بنەماڵەی خواجە خینۆ کە دەڵێت: "ڕەنگە نازناوەکە خواجە شوا بووبێت لەجیاتی خواجە خینۆ".

حکوومەتو ئاغاکاندا توندوتۆڵ کرد. ئەو سەرکردایەتی کۆمەڵگای جووەکانی ئاکرێی کرد تاوەکو کۆچی دوایی کرد لەساڵی ١٩٤٣. لەکاتی حوکومڕانی تورکەکاندا دادپرسی دادگای ئاکرێ بوو. وەك بازرگانێکی زیرەكو سەرۆکی جووەکان، ئیلیاهۆ پەرەی بە پەیوەندییەکانی لەگەل سەرکردەی خێلەکانی دەورووبەری دا، بەتایبەتی خێڵەکانی بارزانیو زێباریو هەرکیو سورچیو گۆران. بەهێزترین پەیوەندی لەگەل بارزانیەکان هەبوو، کە سنووری دەسەڵاتداری دەکەوێتە باکووری خۆرهەلاتی ئاکرێ تاوەکو ڕووباری گەورەی زاپ. هۆزەکانی تر کە خواجە خینۆ پەیوەندی لەگەڵیاندا هەبوو بریتی بوون لە هۆزی سورچی کە ناوچەی دەسەڵاتداری لە باشووری ئاکرێوە درێژ دەبووەوە تاوەکو ڕووباری زاپ، وە پەیوەندی لەگەل چەندان ڕابەری هۆزی زێباریەوە لە باکووری ئاکرێ هەبوو. هەروەها پەیوەندی لەگەل کۆچەرەکانی خێڵی هەکاریو سەرکردەی خێڵەکانی نیمچە کۆچەری گۆراندا، کە ساڵانە کۆچیان بەرەو ناوچەکانی دەورەبەری ئاکرێدا دەکرد و ناوچەی دەسەڵاتدارییان لە باکوور و باکوری خۆرهەڵاتی ئاکرێوە درێژ دەبووە وە، دروست کرد. پەیوەندی لەگەل هۆزی هەرکیو گۆراندا ڕێگای بازرگانی کردن لەگەل ئەم هۆزانە پەرەی پێدرا. کاتێك ئیلیاهۆ خواجە خینۆ کۆچی دوایی کرد، کوڕەکەی هەمان ڕێبازی دابونەریتی باوکی گرتە بەر. داوود و یەتزاك یارمەتی باوکیاندا لە ڕاپەڕاندنی کاری بازرگانیو بەڕێوەبردنی کاری هاوڵاتیە جووەکاندا. ئەو لە ڕابەرایەتی کردنی گەلەکەی پیاوێکی سەرسوڕهێنەر بوو. سەرەڕای ئەو هەموو ڕووداو و شەڕانەی لە نێوان بارزانیەکانو حوکمەتدا هەبوو، خواجە خینۆ درێژەی بە پەیوەندیەکانی دا لەگەل هەردوولا. فایق گابای وتی: لە ڕاستیدا بارزانیەکان دەسەڵاتیان بەپیاوانی مەلا موستەفای بارزانی دابوو، بەلاّم بەهۆی پەیوەندیە بەهێزەکەیانەوە لەگەل حکومەت،

لەگەلمان هاوپەیمان بوون وە هیچ پۆزشیان نەبوو کە ببیتە هۆی ئازاردانمان. دەسەڵاتدارە فەرمیەکان لەوە گەیشتبوون کە پێویستیان بە جوولەکە ناخێڵەکیەکان هەیە بۆ پاراستنی ئاساییشی وڵات. بەشێوەیەکی باو نە کوردە خێلەکیەکانو نە حکوومەت جووەکانیان بە بەشێك لە خێڵ لە قەلەم نە ئەدا، هەتا ئەو جوولەکە ئاغایانەی کە بەژداری یاخیبونیان دەکرد، وەکو موستەفا بارزانی، حکوومەت هەموو جووەکانی بەدژی خۆی لەقەلەم نەئەدا. حکوومەت سەرزەنشتی جووەکانی دەکرد بەهۆی هەڵەی ئاغاکانیانەوە، مەگەر بەشێوەیەکی کرداری بەژداریو یارمەتی بارزانیان بدابوایە. دەروێش ناحوم دەڵێت: تا ڕاددەیەك بەهۆی ئەو پەیوەندیەی ئیلیاهۆوە حکوومەت لەژێر دەستی ئەودا بوو. جارێکیان باوکی دەروێش ناحووم نەخۆش کەوتو داود خواجە خینۆ دەچێتە بنکەی سەربازی لە ئاکرێ بۆ ئەوەی بانگی پزیشکی سەربازی بکات بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکە. ئەو پزیشکە پێشتر میوانی ماڵی خواجە خینۆ بووە، بەم شێوەیە گەڕایەوەو چارەسەری باوکی کرد. چەندین چاودێری ناوچەکە دەڵێن: هیچ لە شارەکانی تر بارودۆخی وەك ئەوان خۆش نەبووە، ئەمەش بەهۆی بنەماڵەی خواجە خینۆوە بووە.

## هاوڕێیەتی لەگەل ئاغا و بیرۆکراتەکاندا[٦٥]

لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، دەزگای هەواڵگری بەریتانی ڕاپۆرتێکی ئامادە کرد سەبارەت بە گرنگترین ئاغاکانی ناوچەی ئاکرێ، کە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە: فارس بابەك ئاغا و قادر ئاغای زێباریو شێخ ئەحمەدی بارزانی لە دەڤەری بەڕۆژ و شێخ بادیو شێخ عبیداللە شێخ قایومی سورچی.

---

٦٥ بیرۆکرات: کاربەدەستی میری. (وەرگێر)

بنەماڵەی خواجە خینۆ بەوە ناسراو بوون کە پەیوەندیەکی بەهێزیان لەگەڵ ئاغاکانی خێڵی بارزانیدا هەبووە. سەرەڕای ئەمەش ئاغاکانی ئەم هۆزە بەردەوام هەوڵی ئەوەیان دەدا کە پەیوەندییان لەگەل هۆزەکانی ناوچەکەدا بەهێز بکەن. ئەندامانی بنەماڵەی خواجە خینۆ بۆ ماوەیەکی درێژ پەیوەندییان لەگەل شێخو ئاغاکانی تر هەبوو، بەڵام باسی ناوەڕۆکی ئەو جۆرە پەیوەندیە بە دروستی باس نەکراوە. دەبێت ئەمە لەبەرچاو بگرین کە جوولەکە دەوڵەمەندەکان لەناوچەکانی تریشدا سەلامەتیو هاتووچۆی خۆیان پاراستبوو بەپێدانی دیاریو شتمەکی تر بە ئاغاکان. پیاوەکانی بنەماڵەی خواجە خینۆش هەمان ڕەفتاریان ئەنجام دەدا، هەروەك لە خوارەوەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

یەکێك لە میوانانی دیوانخانەکەی خواجە خینۆ، تاهیر یەحیا بوو، کە دواتر بوو بە سەرۆك وەزیرانی عێراق[٦٦]. ئاریە گابای ئاماژە بەوە دەدات کە میوانە مسوڵمانەکانی ماڵی خواجە خینۆ پێیان دەووت صۆفی، چونکە هەتا بە مناڵیش بڕوادارێکی راستگۆ بوو. لە دەورووبەری ساڵی ١٩٤٦ یان ١٩٤٧ ئاریە گابایو فایەقی برای بە یەکەوە بۆ شاری موصل چوون.

" من لە باب الصحرای شاری موصل بووم، لەوێدا چاوم بە ئەفسەرێکی پلەبەرز کەوت(تاهیر یەحیا) کە دواتر بوو بە سەرۆك وەزیرانی عێراق....لێی پرسیم: صۆفی، ئەوە لێرە چی دەکەی؟پێم وت: من لێرە لەگەل فایەقی برامم... لێی پرسیم: ئەم ئێوارەیە لە کوێ دەبیت؟ پێم وت: لە میوانخانەی الحمرا. لێی پرسیم: لە دەورووبەری کاتژمێر ٤-٥ لە کوێ دەبم؟ وتم: لە

---

٦٦ تاهیر یەحیا لەنێوان ساڵانی ١٩٦٤-١٩٦٨ بوو بە سەرۆك وەزیرانی عێراق، پاشان بەتۆمەتی گەندەلی تاوانبار کرا، هەرچەندە هەرگیز ئەو تاوانە نەسەلمێنرا و بەسەریدا ساغ نەبووەوە.

جەزیرە حەمرا.... پێی وتم کە لەوێ چاوەڕێی بکەم.. ئەو هاتە لای فایەقی برام... هەموو هاوڕێکانی لەوێ کۆبوونەوە. لەگەڵ کەسایەتیە هەرە بەرزەکانی وەك خێزانی نجیب الجبوریو خێزانی صابونچی ئەفسەرانی سوپا هاتە لامان....ئەو شەوە ئێمە لە میوانخانەکە بووینو ئەوانیش میوانی ئێمە بوون. شەوی دواتر، ئەوان ئێمەیان بانگهێشتی میوانخانەی دیجلە کرد... ئەم پەیوەندییانە تەنها بۆماوەی شەوێك نەبوو، بەڵکو ئەمە شتێك بوو بۆماوەی چەندین وەچە درێژەی کێشا.

ئەم گردبوونەوە کۆمەڵایەتیانە لەلایەن جوولەکەکانەوە زۆر بەڕێزەوە سەیر دەکران. ئەندامانی بنەماڵەی خواجە خینۆ ئەوەیان دووپاتکردۆتەوە کە هەرکەسێ دەربەدەر بووایە یان زیندانی بووایە بەتاوانی کووشتنو دزی، تاکە پەناگەی لەلای داود یتزاك خواجە خینۆ بوو. پیاوانی بنەماڵەکە یەکسەر دەچوونە لایو سەردانی خودی کەسەکەیان دەکرد و بەتەنها لەگەلی دەدوان لە بەندیخانەدا بۆ ئەوەی بزانن کە دەتوانن هیچی بۆ بکەنو لەزیندان دەریبهێنن یان بەهەر ڕێگایەك کە بکرێت یارمەتی بدەن. بۆ نموونە، جارێکیان شێخێکی هۆزی سورچی هاتە لای ئیلیاهۆ خواجە خینۆ و پێی وت: ئێمە نابووت(مفلس) بووینە، خواجە خینۆ خاوەنی چەند گوندێك بوو، هەر گوندێك نزیکەی حەفتا تا سەد ماڵی لەخۆ گرتبوو، پێی وت: خۆت نیگەران مەکە، وەرە لە گونددا نیشتەجێ بە، بەپێی یاسای نووسینگەی تۆماری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەساڵی ١٨٥٨دا، بەناوی منەوە تاپۆ کراوە. بڕۆ لەوێ نیشتەجێ بە و لە بەرووبومەکەی بخۆ. ئاغایەکی تر کە لە بیرەوەریەکانی خواجە خینۆدا ناوی هاتووە، ئەحمەد گۆرانی بوو کە هۆزەکەی خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر بوو. لە توانای ئەم ئەم ئاغایەدا هەبوو لەکاتی تەنگانە و جەنگدا بەهەزاران چەکدار کۆبکاتەوە، هەتا محمود ئاغای زێباریش نەیدەتوانی بەرەنگاری ببێتەوە.

دەڵێن یەکێك لە براکانی دەستدرێژی کردە سەر ئافرەتێك بەناوی سەلوا وە لە ئەنجامدا ئەو ئافرەتە لە بنکەی پۆلیسدا سکالای تۆمار کرد، دەسەڵاتدارانیش ئەم جۆرە تاوانانەیان قبول نەدەکرد کە پیاوێك بچێتە لای ئافرەتێکی بێ هاوسەر، بۆیە دەسگیریان کردو خستیانە زیندانەوە. لەکاتی جەنگی نێوان حکوومەتو پیاوانی هۆزدا، حکومەت چەند پیاوێکی هۆزی گۆرانی لە سێدارەدا. بەهۆی ئەم ململانێیەوە بنەماڵەی گۆرانی پێویستیان بە یارمەتی خواجە خینۆ بوو لە چەندین بارودۆخدا. جووەکان تەنها لە ڕووی ئابووری یارمەتی ئاغاکانیان نەدا، بەڵکو لە ڕووی پێداویستیە کۆمەڵایەتیو چەندین شتی تردا دەستی هاوکارییان بۆ درێژ کرد. هاووڵاتیانی جوولەکە هەمیشە لە ئامادەباشیدا بوون بۆ جێبەجێ کردنی داواکاری ئاغاکانیان. هەروەك لەم چەند نموونەیەی خوارەوە ئاماژەی بۆ دەکەین.

کچی محەممود ئاغای زێباری[٦٧] شووی بە مەلا موستەفای بارزانی کرد[٦٨]. ئەمەش بووە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی هەردوو هۆزەکە و بنەماڵەی خواجە خینۆ. کاتێك کە زوبەیری کوڕی محمود ئاغا لە سەرەتای ساڵانی چلەکان ژیانی هاوسەری پێك هێنا، بنەماڵەی خواجی خینۆ بۆ شاییەکەی بانگهێشت کران. دوو ڕۆژ پێش شاییەکە زوبەیر هاتە شاری ئاکرێ. بە وتەی فایق گابای کە دەڵێت: بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێش وەختە ئەو هاتە ماڵی ئێمە و بە باوکمی وت: خواجە یەتزاك، من هاتووم بۆئەوەی بانگهێشتی تۆ بکەم بۆ شاییەکەم. یەتزاك خواجە خینۆ یەکسەر ناوی چل گەنجی بۆ

٦٧ حمایل خانی دایکی بەڕێز سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان، لەساڵی ٢٠١١ ڕۆحی بەرەو لای خودا گەڕایەوە. (وەرگێڕ)

٦٨ محمود ئاغای زێباری و هەرسێ کوڕەکانی(تیتار و زوبەیر و عومەر) نەیاری هۆزی بارزانی بوون.

خزمەتکردن تۆمار کرد. دەهۆل و زوڕنایان لەگەل خۆیان برد، ئەمە بێجگە لە چێشت لێنەر و قەصاب بۆ سەربڕینی ئاژەل. ئەوان بەم شێوەیە بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕنەوە:

"بۆ ماوەی دوو ڕۆژ و شەوێك بەپێ گەشتمان کرد هەتا گەیشتینە دەڤەری زێبار.... کاتێك گوێبیستی ئەوە بوون کە ئێمە هاتووین...محمود ئاغا و چەند ئاغایەکی تر بۆ پێشوازی بەپیرمانەوە هاتن. کە لێیان نزیك بووینەوە، ئەوان لەخۆشیان چەند گوللەیەکیان بە ئاسمانەوە نا بۆ دەربڕینی خۆشحالی خۆیان، وە ئێمەش بۆ وەلامدانەوەی خۆشیەکەیان دەستمان کرد بە دەهۆلو زوڕنا لێدان.... بە ماچو لەباوەش گرتن پێشوازیەکی گەرممان لێکرا، یەکسەر بەرەو دیوانی محمود ئاغای زێباری چووین."

لە شاییەکەدا ئەو گەنجانەی کە لەلایەن یەتزاك خواجە خینۆوە کۆکرابوونەوە، کاروباری ڕێکخستنو بەڕێوەبردنی شاییەکەیان لە ئەستۆ بوو.[٦٩] لەم باسەدا فایەق گابای بە وردی باسی ئەو کارانەی نەکردوو کە جووەکان لە شاییەکەدا ئەنجامیان داوە، ئەمەش رەنگە بەهۆی ئەوە بوبێت کە بۆ جووەکان گونجاو نەبووە هەموو کارێك ئەنجام بدەن. هەروەها ئەو کەسەی کە ڕووداوەکەی گێڕاوەتەوە بەهۆی لووت بەرزی لە شاری ئاکرێدا پێی شەرم بووە باسی ئەو کارانە بکات کە ئەندامانی بنەماڵەکە لە شاییەکەدا ئەنجامیان داوە.

---

٦٩ ئەم نموونەیە وەك هەمان ئەو ڕووداوەیە کە لە زاخۆدا ڕوویدا، کاتێك جووەکان بانگهێشتی شاییەکەی عبد ئاغای سندی کران.

## پەیوەندی لەگەڵ ئاغاکاندا:

یەکێك لەو ڕۆڵانەی کە ئاغاکانی خواجە خینۆ لە سەردەمەدا گێڕایان بریتی بوو لە رۆلی میانگیری لەکاتی تەنگانەکاندا، ئەمە ڕۆلێك بوو کە تەنها پیاوانی خاوەن ڕێزی وەك شێخو ئاغا دەیانتوانی بیگێڕن. هەرچەندە پیاوانی خواجە خینۆ خێڵەکی یاخود سەرکردەی ڕۆحی نەبوون، بەڵام بە تەمەنترین پیاویان ئەم ڕۆلەی دەگێڕا. بەلایەنی کەم پیاوانی بنەماڵەکە لە یەك دوو بارودۆخدا ئەم ڕۆلەیان گێڕا. یەکەمیان لەنێوان دەسەڵاتدارانی (تورکیا و بەریتانیا)و ئاغاکانی بارزانیدا بوو. یەکێکی تر ئەو ناوبژیکردنە بوو کە لە نێوان دوو بنەماڵەی شێخەکانی کورددا لەسەرەتای چلەکاندا. لەکاتی پشوودا بۆئەوەی هەردوولا بیسەلمێنن کە نیازیان چاکە و پەیوەندییان باشە، سەردانی یەکتریان دەکرد. لە ڕۆژانی پشووی مسوڵمانانداا، زۆرجار ئیلیاهۆ خواجە خینۆ سەردانی نوێنەرانی حکوومەتو پاشانیش شێخو ئاغاکانی ناوچەکەی دەکرد. لەنێوان ئەو شێخانەی کە سەردانی دەکردن ئەمانەی خوارەوە بوون، شێخ مەلا موستەفا جبرایلو عبدالوەهاب ئاغاو حاجی محمد ئاکرەیی. لە سەرەتای ساڵانی چلەکاندا، جارێکیان دوای سەردانی کردنی نوێنەرەکانی حکومەت لە بڕی ئەوەی یەکەم جار سەردانی شێخ عبدالوەهاب بکەن سەردانی شێخێکی پلە نزمتریان کرد ئەویش شێخ محمد بوو. هەرچەندە منالەکانی سەریان سوڕما بەڵام بەهۆی ڕێزیان بۆ باوکیان هیچیان نەگوت. شێخ عبدالوەهاب کە پێی ڕاگەیەنرا خواجە خینۆ یەکەمجار سەردانی ماڵی حاجی محمدی کردوە ئەمەی وەك سەرپێچی کردنێك هەژمار کرد. کاتێك کە خواجە خینۆ گەیشتە دیوانی حاجی محمد ئاغا، هەموویان بۆ ڕێزگرتنی هەڵسانەوە سەرپێ، بەڵام ڕەتی

کردەوە کە جگەرە داگیرسێنێتو تێنوویەتی خۆی بشکێنێت تاوەکو عبدالله ئاغای برای حاجی محمد پێی وت: تکایە ئەم جگەرەیە داگیرسێنە وە هەرچیەك تۆ بتەوێت ئێمە لە خزمەت داین. خواجە خینۆ وتی: باشە، جگەرەیەکی وەرگرتو پاشان چایەکی خواردەوە و هەندێك بەرهەمی سپیایی خوارد، کە کوردە مسوڵمانەکان پێشکەشی میوانەکانیان دەکرد بەتایبەتی جووەکان، ئەمەش وەك ڕێزێك بوو بۆ یاسای شیرەمەنی ئەوان. دوای خواردنو خواردنەوە، داوای کرد کە بانگی سەرۆکی هۆزەکان بکرێت. دوا بەدوای ئەمە داوای لێکردن کە لەگەڵی بێنو بەهێواشیو هێمنیەوە دەرچوون. حاجی محمد و عبداللەی برایو پەنجا پیاو لەگەڵی چوون بۆلای عبدالوەهاب ئاغا. ئەم دوو هۆزە لە کۆنەوە ناکۆکیان لەنێواندا هەبوو. ئیلیاهۆ ڕۆژی پشووی وەك بەهانەیەك بەکاردەهێنا بۆ نزیك بوونەوەو ئاشتبوونەوەی هەردوولا، بەم شێوەیە پیاوەکانی حاجی محمد لەگەڵ خواجە خینۆدا بەرەو ماڵی عبدالوەهاب ئاغا چوون. وە لەوێدا هەموویان ئاشت بوونەوە.

### ٢. ئاغا بارزانیو جوولەکەکان

شێخە سۆفیەکانی تەریقەتی نەقشەبەندی بنەماڵەی بارزانی لەنێوان بەڕێزترینو کاریگەرترین پیاوانی کوردستان بوون. بنەماڵەکە کەوتۆتە چەقی گوندی بارزان وە بەیەکێك لەو هۆزانە دادەنرێت کە ڕۆڵێکی یەجگار گرنگی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا گێڕاوە. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ویگرام لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە شێخی بارزان یەکێك بوو لە بەهێزترین شێخەکانی کوردستان. ئەو باسی ئەو سەردانەی دەکات کە بۆ بارزان کردی کە تیایدا پاسەوانەکانی لەگەلیدا چوون بۆ بیرەکەپرا وە ئەمەی خوارەوە ڕوویدا:

"لەگەلماندا هاتن هەتا لە ڕۆخی ڕووبارەکە نزیك بووینەوە، بەڵام کاتێك گەیشتینە کەلەکی گوندەکە، بەرپرسیارەتیان کۆتایی هات. بۆیان نەبوو لە ڕووبارەکە لەگەڵمان بپەڕنەوە. ئەمە سنووری شێخی بارزان بوو. وە حکومەتیش هەستی بەوە کردبوو کە دەبێت لە نمایشکردنی کارە فەرمیەکان لە ناوچەکەدا نەرمی بنوێنن."

ویگرام ئاماژە بەبێ فیزیو خۆ بەکەمزانینی شێخی بارزان دەدات. هەتا ئاغای لەویش بێ هێزتر لە کۆشکدا دەژیان، بەڵام شێخی بارزان لەناو خەڵکەکەیدا دەژیا. دانیشتوانەکەی بەکۆمەڵ لەجێگایەکدا، کە وەك یەك ماڵ وابوو، بەیەکەوە دەژیان. گوندەکانی دەڤەری بارزان دیمەنێکی سەرسوڕهێنەریان هەیە وە شێخەکەیان پیاوێکی زۆر میهرەبانو بە بەزەیی بوو، وە بەدادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵ هاوڵاتیانی دەکرد. کاتێك خەریکی ململانێ بوو لەگەل حکومەت، فیراری کرد...

" لەناو چیاکاندا... بەرهەمی ڕەفتارە جوانەکانی لەگەل گوندنشیناندا دەدوریەوە، هیچ کەسێك چ مەسیحی یان موسڵمان هەرگیز بە خەیاڵیشیدا نەدەهات کە ناپاکی بۆ بەرژەوەندی دوژمنەکانی لەگەل بکات."

ویگرام زیاتر لەسەر بابەتەکە دەڕواتو دەڵێت: بەزەییو چاکەی شێخی بارزان تەنها بۆ هاوڵاتیانی موسڵمان نەبوو، بەڵکو بۆ هاوڵاتیە ناموسولمانەکانیش بەهەمان شێوەو بەبێ جیاوازی بوو. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا شێخ عبدالسلامی دووەم ڕەتی کردەوە کە جیهاد لە دژی ئاشوریەکانی تخومادا ڕابگەیەنێت، هەروەك چۆن لەلایەن هەندێك ڕکابەر و نەیاری تخوماوە ڕاگەیەنرا. ئەم ڕاپۆرتە یاخود ئەم ڕەفتارەی بارزانیەکان ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەوان وەك شێخو ئاغاکانی تری دەڤەرەکە نەبوون لەدژی

مەسیحیەکان بجەنگن. بۆ نموونە، شێخ صادق نەهری، بەپێی ڕاپۆرتەکان ستەمکارێکی سەرسەخت بووە لە دژی مەسیحیەکان.

لە ڕاپۆرتێکی تر، کە پەیوەندی هەیە بە ڕووداوەکانی ناوچەی ئامێدیەوە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٣، بەپێی وتەکانی گەڕیدەیەکی مەسیحی شارەکە[٧٠]، هێرشی کردە سەر هەندێك گوندی دەڤەری نێروە کە پێك هاتبوون لە سێ گوندی سوریەکانو شەش گوندی کوردەکان وە تاڵانیان کردنو شەش هاوڵاتی جوولەکەش کوژران. هۆکاری هێرشەکەی نێروە ئەوە بوو کە چونکە پیاوانی خێڵەکی نێروە و ڕێکان ڕازی نەبوون یارمەتی بدەن لە هێرشێکی پلان بۆداڕێژراو بۆ سەر ئاشووریەکان. گەڕیدەکە بەسەرسامیەوە دەپرسێت کە بۆچی جوولەکە هەژارەکان بوونە قوربان، هۆکارەکەی ناڕوونە[٧١]. ئەم ڕاپۆرتە تایبەتیە گومان لە هەڵوێستی ڕاستەقینەی سەرکردە بارزانیەکان بەرامبەر بە جوولەکە کوردەکان دروست دەکات، چونکە پێچەوانەی چەندان ڕاپۆرتی سەرچاوەکانی ترە کە چاکیو دڵ نەرمی بارزانیەکان بەرامبەر جووەکان دەردەخەن. ئەم ناچونیەكو دژبەیەکە پێدەچێت دوو هۆکاری لە پشتەوە بن. یەکەم، ڕەنگە لە ڕاپۆرتە تازەکەدا شێخی بارزان، عبدالسەلام بارزانی، بووبێت کە لەساڵی ١٩١٤ لە موصل لەسێدارە درا. لە لایەکی تریشەوە، سەرکردەکانی بارزان لەدوای ئەودا، شێخ ئەحمەد و مەلا موستەفا بارزانی بوون. ئەو دوو سەرکردەیەش بەوە ناسراو بوون کە پەیوەندیەکی

---

٧٠ کەسێکە کە دەنێردرێتە شوێنێکی دیاریکراو بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئایینی مەسیحی. (وەرگێڕ)

٧١ لە مانگی نیسان یان ئایاری ١٩١٤ حکوومەت دەستی کرد بە ئۆپەراسیۆنێك لە دژی شێخی بارزان، بەڵام خۆیو یاوەرەکانی لەدەست هێزەکە ڕزگاریان بوو. وە بەرەو ئێران یاخود ناوچەی بەرواری چوون، بەتەواوی ڕوون نیە.

تایبەتیان لەگەل جووەکاندا هەبووە. دووەم هۆکار کە ئەم ناچوونیەکە ڕوون دەکاتەوە بریتیە لە ڕاپۆرتی هێرشکردنەکە دوو توێژاڵی هەیە کە زانیاری دەربارەی پلانی هێرشەکەی پیاوانی ئاشووری لە خۆدەگرێتو کووشتنی جوولەکە گوندنشینەکان لەکاتی هێرشەکە بۆ سەر پیاوانی هۆزەکانی نێروە و ڕێکان. لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە باسکران، ڕەنگە کەسێك وا تێبگات کە کوشتنی ئەو شەش هاوڵاتیە جوولەکەیەی نێروە و ڕێکان بەشێك بووبێ لە هێرشەکانی هۆزی بارزانی بۆ سەر ناوچەکە. هەرچەندە هەندێك ڕاپۆرت ئاماژە بە ڕووداوی دژ بە جوولەکەکان دەکەن لە لایەن شێخو پیاوانی بارزانیەوە، بەڵام ئەمە ڕوونو ئاشکرایە کە سەرکردەکانی بنەماڵەی تەریقەتی نەقشەبەندی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی شێخ ئەحمەد و مەلا موستەفا بارزانی، پەیوەندیەکی تایبەتیان لەگەل جووەکاندا هەبووە و ئەوان لەژێر چاودێری ئەواندا بوون. ئەم پێنج باسەی خوارەوە زیاتر پشتگیری ئەو دوو هۆکارەی سەرەوە دەکەن. جووەکانی ناوچەی شنۆو مێرگەسۆر و سەرکانیو دیانا بەباشی باسی هەڵسوکەوتی بارزانیەکان بەرامبەر جووەکان دەکەن[72].

ڕووداوێك کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ڕوویدا، ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کە پیاوانی خواجە خینۆ پەیوەندیەکی بەهێزیان لەگەڵ حکوومەتو ئاغاکاندا هەبووە. بەپێی ڕاپۆرتەکان، دەسەڵاتداران داوایان لە ئیلیاهۆ خواجە خینۆ کرد کە میانگیری لە نێوان حکوومەتو شێخ عبدالسەلام

---

٧٢ بارزانی چاکەیەکی گەورەی بەرامبەر جووەکانی مێرگەسۆر کرد، کە لەکاتی شەڕدا قەصابێکی بۆ ئامادەکردن بۆ دڵنیابوون لە خواردنی گۆشتی حەلال(کۆشار) کە خۆراکێك بوو بەپێی دابونەریتی جووەکان دەبوایە بخورێت.

بارزانیدا بکات. ئەم ڕووداوە لەلایەن هیچ سەرچاوەیەکی ترە پشتڕاست نەکراوەتەوە و چەندین هۆزی وەك شێروانی و گەردی و مزوری باڵا خودی بارزانیەکان ڕێزێکی تەواویان لە شێخ عبدالسەلام بارزانی گرتووە[٧٣]. لەساڵی ١٩١٤ والی موصل هەڵمەتێکی کردە سەری کە تیایدا شوێنی کەوتن تاوەکو چیاکانی هۆزی مزوری.

عبدالسەلام دەسگیرکرا و لەشاری موصل لەسێدارە درا. بە پێی وتەکانی ئەندامانی بنەماڵەی خواجە خینۆ، پێش ئەوەی دەسگیری بکەن، دەسەڵاتدارانی تورکیا دەیانویست ئەو پەیوەندییە باشەی ئیلیاهۆ لەگەل بارزانیەکاندا بەکاربهێنن بۆئەوەی نیەتپاکی حکومەت بۆ شێخ عبدالسەلام بسەلمێنێت. ئەمە جاری یەکەم نەبوو حکومەت خزمەتی پیاوانی ئایینیو دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگا بۆ میانگیری کردن لەگەل دوژمنەکانیدا بەکاربهێنێت[٧٤].

ئاریە گابای مێژووی بنەماڵەکەی لەو کێشەیەدا بەم شێوەیە وەسف کردووە:

" کاتێك باپیرم گەیشتە گوندی بارزان.... هەموویان بۆ پێشوازی کردنی هاتبوون، شێخ عبدالسەلامو محمد صدیقو شێخ ئەحمەدو مەلا موستەفاو هەموو منالەکانیان. پێی وتن کە بۆ ئەوە هاتووە میانگیریو ناوبژیوانی لە نێوان ئەوانو حکومەتدا بکات لە کێشەکەدا. ئەوان پێیان وت: تۆ هیچت بەسەر ناهێت، خواجە خینۆ تۆ هەرچیەك بڕیار بدەیت ئێمە ئامادەین پێیەوە پابەند

---

٧٣ تەنها بۆ بەرچاو ڕوونی سەبارەت بە بارزان، بارزان گوندە نەك خێڵ. بە کۆکردنەوەی حەوت عەشیرەتی ناوچەی بارزان کە بریتین لە ( شێروانی، بەشێك لە گەردی، مزووری, نزاری، بەشێك لە هەرکی، بەرۆژی، دۆڵەمەری) دەگوترێت میللەتی بارزان نەوەك خێڵی بارزان. (وەرگێڕ)

٧٤ بۆ نموونە، سەرۆکی ڕاهیبەکان لە تورکیا وەك ناوبژیوانێك لە نێوان بەریتانیا و تورکیادا، پێش جەنگی جیهانیی یەکەم، کاری کردووە.

بین، تۆ لەلای ئێمە پیاوێکی بەڕێزی[٧٥]. ئەگەر کەسێکی تر لە جیاتی تۆ هاتبوایە، ئەوا نەدەگەیشتە ئێرە. لەو کاتەدا جەژنی جوولەکەکان بوو کە پێی دەووترا جەژنی (تابیرناکل).[٧٦] ئەستەم بوو کە بتوانێت گوندی بارزان جێبهێلێت. بارزانیەکان پێیان وت: ئێمە خێمەیەکت بۆ ئامادە دەکەین کە پەرستشی تیادا ئەنجام بدەی. ئەوان خیوەتێکی گەورەیان بۆ ئامادەکرد هەموو جووەکانی بارزان بەپێی دابونەریتی خۆیان، ژەمێك خواردنیان لەو جەژنەدا خوارد."

مەبەست لەو جۆرە میانگیریە ئەوە بوو کە جۆرە متمانەیەك لە نێوان بارزانیو حکومەتدا دروست ببێت. شتێکی ئاساییە ئەگەر وادابنێین کە ئیلیاهۆ، کە پەیوەندییەکی چاکی لەگەڵ بارزانیدا هەبوو، بەژدار بوبێت لە میانگیری نێوان بارزانیو حکومەتدا. لەڕووی مێژووییەوە دوو شێخ هەبوون بە ناوی عبدالسەلام. عبدالسەلامی یەکەمو ئیسحاق، کە ئەمەی دواییان باپیری مەلا موستەفا بوو، لە کۆتاییدا لە لایەن تورکەکانەوە لە شاری موصل لە سێدارە درا، لەوکاتەی کە بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە مەسەلەیەك لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا سەردانی ئەوێی کردبوو. عبدالسەلامی دووەم برا گەورەی مەلا

٧٥ هەر لە بارەی مەسەلەی جەنگی نێوان بارزانیو حکومەت، ئاریە گابای باسی جەنگێکی تری هاوشێوە دەکاتو دەلێت کە دەسەلاتداران بە بارزانیان ڕاگەیاند کە قوتابخانەو نەخۆشخانەیان بۆ دروست دەکەن وە ئەو خانوانەی کە لەکاتی جەنگ وێران کراون، بنیاد دەنرێنەوە. لە ئازاری ساڵی ١٩٤٥ بەڵێنی لێبووردنی گشتیان بە مەلا موستەفا بارزانی دا کە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند کرابوو، تیایدا لێبووردنەکە هەموو سەرپێچی کارە کوردەکانی دەگرتەوە تاوەکو شوباتی ١٩٤٦.

٧٦ تابیرناکل: جۆرە خێمەیەکە کە دەتوانرێت لە شوێنێکەوە بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر بۆ پەرستش. ( وەرگێڕ)

موستەفا بوو. وەکو باپیریو محمدی باوکی لەپێش خۆی، سەرکردایەتی بنەماڵەی شێخایەتی بارزانی کرد. ئەو:

"پابەندی هەندێك یاسای سەپێنراوە ڕژێمی تازەی تورکیا بوو وە واپێدەچێت کە ئەمە وەك فێلێك بێت لەگەڵ ڕووسەکان. لە ساڵی ١٩١٤، کە هەندێ دەڵێن ١٩١٦، لە موصل لە سێدارە درا.

توورکەکان ئەوەیان لە هەوڵدانێك بۆ گەڕاندنەوەی متمانەی بارزانیەکان لە ئەنجامی میانگیریەکەوە دەستگیر کرد و هەڵیانواسی[٧٧]. واپێدەچێت کە ئەو میانگیریە سەری نەگرتبێتو هیچ هیوایەکی بۆ بارزانیەکان دروست نەکردبێت، بەهۆی ئەوەی کە دەسەڵاتداران سەرکردەی ئەوانیان لە سێدارەدا. نازانرێت کە ڕۆڵی خواجە خینۆ تا چ ڕادەیەك گرنگ بووە لە پێکهێنانەوەی هەردوولادا. هەرچەندە کە ئەندامانی بنەماڵەکە بەباشی جەختیان لە ڕۆڵی بنەماڵەکەیان کردۆتەوە، بەڵام ڕوون نیە کە ڕۆڵی خواجە خینۆ زۆر گرنگ بووە یان نا. دوو ئەندامی تری بنەماڵەکە بە ناوەکانی مەجید، کە برازای داوود خواجە خینۆ بوو، و هیرتزل، کە کوڕی بوو، باسی دوو بابەتی تریان کردووە. بەگوێرەی وتەکانی ئەوان، دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، نوێنەری سەربازی بەریتانیا ویستویەتی سەردانی ئاغاکانی هۆزی بارزانی بکات، بەڵام پۆلیسە ناوخۆییەکان دوودڵ بوون کە لەگەلی بڕۆن بۆ بارزان. بە گوێرەی وتەکانی مجید گابای، ئەفسەری پۆلیسەکان وتیان: دەبێت ئێوە ئیلیاهۆ خواجە خینۆ بهێنن ئەگەر نا ناتوانن بڕۆن. هیرتزا گابای وتی کە ئینگلیزەکان ئەوەیان درك پێکردبوو تەنها باپیرم

---

٧٧ داوود خواجە خینۆ لەگەڵ باوکی بۆ میانگیری کردنی هەردوولا چوون بۆ بارزان. بەپێی ڕاپۆرتەکان، چاوی بە مەلا موستەفا بارزانی کەوت، بەم شێوەیە پەرەیان بە پەیوەندیە درێژخایەنەکەیان دا.

دەتوانێت یارمەتیان بدات لە میانگیری نێوانیان. بە پێی ڕاپۆرتەکان، ئیلیاهۆ خواجە خینۆ لەگەڵ موفتی ئاکرێو چەند ئەفسەرێکی پۆلیسو نوێنەرە بەریتانیەکان چوون[٧٨]. داودی کوڕیشی لە گەشتەکەدا لەگەڵیان بوو.

ئەم دوو نموونەیە بەڵگەیەکی باشن بۆ سەلماندنی ئەو پەیوەندیە باشەی لە نێوان بارزانیەکانو پیاوانی خواجە خینۆدا هەبوو. واپێدەچێت کە حکومەت ویستبێتی ئیلیاهۆ خواجە خینۆ وەکو میانگیر لەگەل بارزانیەکان بەکاربهێنێت. چونکە بەپێی ڕاپۆرتەکان، بارزانیەکان متمانەیان پێ دەکرد. ئەندامانی بنەماڵەی خواجە خینۆ داکۆکی لەوە دەکەن کە خواجە خینۆ توانی ئاشتی لە نێوان حکومەتی تورکیا و بارزانیەکاندا فەراهەم بکات. هەرچەندە ئەم دەربڕینە زۆر دروست نیە. یەکێك لەوان بەشانازییەوە دەڵێت: ئەو سەرکەوتوو بوو..... وە خەڵکیش پێی سەیر بوو و واقیان وڕما. یەکێکی تر لە ئەندامانی بنەماڵەکە دانی بەوە داناوە کە حکومەت ئیلیاهۆ خواجە خینۆی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکارهێناوە. ئەو هیواداربووە کە ڕۆڵێکی ڕاستگۆیانەی لەگەڵ بارزانیەکاندا گێڕابوایە. ئەوان نەیانزانیوە کە چۆن ئەو گفتۆگۆیانە تەوا بوون وە ئەنجامیان چی بووە. لەساڵی ١٩٤٤دا، مەلا موستەفا بارزانی پەیمانێکی لەگەڵ هۆز و دەسەڵاتدارانی هۆزی زێباریدا بەست بۆئەوەی سەرکردایەتی خۆی لە ناو هۆزە کوردیەکاندا بەهێزتر بکات. بە مۆرکردنی ئەو پەیماننامەیە، مەلا موستەفا و شێخ ئەحمەد کچەکانی سەرکردەکانی هۆزی زێباریان هێنا. بەگوێرەی وتەکانی خواجە خینۆ کە دەڵێت:

---

٧٨ موفتی: شیکەرەوەی یاسا ئیسلامیەکانە (فتوادەر). هەمیشە ڕاوێژی لە کاروبارە ئایینیەکان پێدەکرێت وە دەسەڵاتی هەیە کە فتوا لەسەر مەسەلەیەك بدات. وشەی موفتی لە زمانی عەرەبیدا شێوەی دیاری هەیە، لە فرمانەکەشی بڕیار دەدات.

"جارێكیان لەساڵی ١٩٤٤دا مەلا موستەفا بەتەما بوو ئاكرێ بەجێبهێڵێت. مامو باوكم، داوود و یەتزاك خواجە خینۆ، لەگەلی چوون بۆئەوەی خوا حافیزی لێبكەن. پێش ئەوەی بڕوات لە حەوشەی پێش بنكەی پۆلیسدا خۆی لە خەلكەكە دوور خستەوە و لەگەل دوو براكەدا ڕاوێژی كرد... بە داودی گوت: حاجی قادر زێباری قسەی لەگەڵ كردووم لە بارەی هێنانی خووشكەكەیو شێخ محمود ئاغاش قسەی لەگەل كردووم سەبارەت بە كچەكەی.... تۆ چی دەڵێی؟ داود پێی وت: من پێشنیار دەكەم كە خوشكی حاجی قادر بدرێت بە شێخ ئەحمەد وە تۆش كچی محمود ئاغا بهێنە. لەبەر ئەوە مەلا موستەفا پێی وت: كەواتە زێڕ و گەوهەری بۆ ئامادە بكە."

ئەستەمە بزانرێت ئەم گفتوگۆیەی نێوان بارزانی خواجە خینۆ جدی بووە یان مەلا موستەفا وەك ئامادەكاریەك پێی وتوە كە زێڕ و گەوهەر بۆ هەردوو سەركردە تەیار بكات. هەرچەند ئەندامانی بنەماڵەی خواجە خینۆ وتیان: هیچ كات لەبەر دەستدا نەبوو بۆ ئامادەكردنی گەوهەری بووكەكان. مەلا موستەفاش بە زووترین كات زێڕەكەی دەویست، بۆیە داود پەیامبەرێكی نارد بۆئەوەی گەوهەری تایبەتی هەردوو كچەكانی، كە یەكێكیان ناوی سەلما بوو خێزانی مەجید گابای بوو وە ئەویتریان ناوی منیرە بوو كە كۆچی دوایی كردبوو، بهێنێت. مەلا موستەفا بارزانی گەوهەرەكانی وەرگرتو خستیە ناو جانتایەكو ناردی بۆ بووكە چاوەڕوانكراوەكەی. كاتێك كە بارزانی پاش سی ساڵ، واتە لەساڵی ١٩٧٣، سەردانی بنەماڵەی خواجە خینۆی لە شاری تیبریۆس لە ئیسرائیل كرد، گەوهەرێكی گەورەی زێڕی لەگەل خۆی برد بوو بۆ سەلما. وەك شێوازێكی ڕێزگرتن پێی بەخشی لە بەرامبەر ئەو چاكەیەی كە لەگەلیدا كردبوویان. لەساڵی ١٩٤٤، كاتێ ئیلیاهۆ خواجە خینۆ كۆچی كرد، مەلا موستەفا بەخۆی هاتبووە شاری ئاكرێ بۆ بەژداری كردن لە ڕێوڕەسمەكەی.

لەبەر چاوی ئەندامانی بنەماڵەی خواجە خینۆ، ئەوانەی کە ئەو بەسەرهاتەیان گێڕاوەتەوە، ئەو سەردانە لەبیرنەکراوە خۆشەویستی بارزانی و بنەماڵەکەیان بۆ یەکتری دەردەخات. بۆ سەرسوڕمانی کوردە ناودارەکانی ئاکرێ، بارزانی سەرەتا سەردانی ئەمانی کرد. پێشتر سەردانی شێخە گرنگەکانی وەك عبدول وەهاب و موستەفا مەلا جبرایل کردبوو. لە ماوەی ئەو سەردانەدا، داوود بۆ ڕێزگرتنی بارزانی، خەنجەرێکی زێڕ و چەکێکی پێشکەش کرد[٧٩]. بە گوێرەی وتەکانی ئاریە گابای، بارزانی پێی وت: خەنجەرەکە هەڵدەگرم، بەڵام چەکەکە نا، بەڵکو پێویستتان پێی هەبێت. ئێمە بەشی خۆمان چەکمان هەیە. لە هەمان بۆنەدا، مەلا موستەفا لە پێش هەموو ئەو ئاغایانەی کە لەگەڵی هاتبوون، جەختی لەسەر ئەو پەیماننامەیە کردەوە کە لەگەل ئەو بنەماڵەیە بەستبوویەو زەروریەتی پاراستنی ئەو بنەماڵەیەی ڕاگەیاند کە زۆر لەلایان خۆشەویست بوو:

---

٧٩ ئـــەمیل مـــوراد مەســـەلەی پێـــدانی خەنجـــەرە زێڕەکـــە لەلایـــەن جوولەکەیەکـــەوە بـــەدیاری بـــۆ مـــەلا موســـتەفا بـــەم شـــێوەیە بـــاس دەکـــات: بـــارزانی خەنجەرەکـــەی پێشـکەش بـە کـوڕی خـەلیل خۆشـەوی کـرد کـە یـەکێك بـوو لـە پیـاوە لێهاتووەکـان لـە چـلەکانی سـەدەی بیسـتەمدا. خـەلیل خۆشـەوی ئاغـا ناوچـەی مـزووری بـاڵا بـوو. ناوچـەی دەسـەلاتداریەتی لـە بـاکوور و بـاکووری خۆرهـەلاتی بارزانـەوە بـوو. یارمـەتی بـارزانی دا لـەو هێرشـەی بـۆ سـەر ئامێـدی، لەسـاڵی ١٩٢٢، دژی هـۆزی ئۆرەمـاری. لەبەرامبـەر ئەوکارەیـدا چـەندین گونـدی لەلایـەن پیـاوانی هـۆزی ڕێکانـەوە کـە پسـتگیری حکوومـەتیان دەکـرد، وەرگیرانـەوە. ئەسـعەد خۆشـەوە کـوڕی، فەرمانـدەی بەشـی ڕۆژئـاوا و یـەك لەسـەر سـێی هێـزە کوردیـەکان بـوو لەسـاڵانی ١٩٦٠-١٩٧٠. لەسـالی حەفتاکانـدا بـارزانی خەنجەرەکـەی بـۆ داود خواجـە خینـۆ گەڕانـدەوە، کـە پاشـان پێشکەشـی سـیخوڕێکی مۆسـادی ئیسـرائیلی کـرد کـە وەك نوێنـەری ئـەو وڵاتـە لـە کۆتاییەکانی شەستەکانو سەرەتاکانی حەفتاکان سەردانی بارزانی کرد ببو.

"ئێوە دەزانن ئەو بنەماڵەیە لەلام خۆشەویستو بەڕێزن...ئێمە وەك یەك خانەوادەین، هەرچەندە ئایینمان جیاوازە. من نامەوێت هیچیان بەسەر بێت[٨٠]."

یەك دەربڕین گەوهەری سەردانەکەی بارزانی بە دەرخست لەو کاتەی کە وتی: ئێمە هەستێکی ناوازەمان هەبوو، هەستمان بەوە نەکرد کە ئێمە جوولەکەین و ئەوانیش مسوڵمانن، وە لەوەش نەترساین کە ئازارمان بدەن.

لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا، کێشەی نەبوونی خۆراك درێژەی کێشا، لەئەنجامدا حکومەتی عێراق سیاسەتی بەمەرکەزیکردنی چاودێری خۆراكو شتمەکە سەرەتاییەکانی پەیڕەو کرد، کە بە تەموین ناسرا بوو.

خۆراکەکە لەلایەن بریکارەکانی حکوومەتەوە بەسەر بازرگانەکانی سەرتاسەری عێراقدا دابەشدەکرا، وە هاولاّتیان بەو کۆپۆنەی کە لەلایەن حکومەتەوە پێیان درابوو، دەیانتوانی خۆراکەکە بکڕن. ئەو بازرگانانە لەلایەن حکوومەتەوە ڕێگایان پێدرابوو بۆ دابەشکردنی ئازووقەکە وە تیایدا قازانجێکی تایبەتیشیان دەکرد. لەم جۆرە بارودۆخەشدا، بازاڕی ڕەشیش بەشێوەیەکی باش دەبوژایەوە. لەو کاتەدا مەلا موستەفا بۆ شاری سلێمانی دوورخرابوەوە چونکە دەسەڵاتداران دەیانویست دیارترین سەرکردەی سەربازی بارزانیەکان لە خەڵکەکەی دوور بخەنەوە. لەساڵی ١٩٤٣ دووبارە شۆڕشی کوردی دەستی پێکردەوە وە مەلا موستەفا گەڕایەوە بارزان بۆ یارمەتیدانی شۆڕشەکە. بەریتانیەکان، کە هێشتا خەریکی جەنگ بوون، زۆر قەلەق بوون بۆ لەناوبردنی هەرجۆرە کێشەیەك لە خۆرهەلاّتی ناوەڕاستدا. بەریتانیا بەوە ئامۆژگاری

---

٨٠ بە پێی وتەکانی ئەمیل موراد، بارزانی لە وتارە پڕ واتاکەیدا بەم وشانە کۆتایی بە ئاخاوتنەکانی هێنا، جووەکان لەلام زۆر خۆشەویستن، هەرکەسێك کێشەیان بۆ دروست بکات، لەلای منەوە تووشی سزا دەبێتەوە.

حکومەتی عێراقی کرد کە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردە کوردەکان بکەن بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکە. مجید موستەفای وەزیر، کە لە بنەڕتدا کورد بوو، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هەڵبژێردرا بۆ گفتوگۆکردن لەگەل بارزانیدا. بەهۆی دوو هۆکارەوە ئەو بۆ ئەم ئەرکە هەڵبژێردرا، بەهۆی ئاشنایەتی لەگەل بارزانیدا و هەروەها ئەو پیاوێکی ڕێزدار بوو لەلایەن کوردەکانەوە. ئەو بە داخوازیە سەرەکیەکانی کورد ڕازی بوو کە خۆی لە بەفەرمی ناسینی زمانی کوردیدا دەبینیەوە. ئەوان قایل بوون هەرێمی کوردی بە دروستکردنی نەخۆشخانەو خوێندنگا ببوژێنرێتەوە. موستەفا ڕازی بوو بە لابردنی کەسایەتیە نا جەماوەریەکانو دانانی جەنەڕاڵێکی بەتواناى کوردیو دەرچووی کۆلیژی بەریتانی بۆ کارمەندانو دامەزراندنی وەك موتەسەریفی سلێمانی کە ناوی بهاالدین نوری بوو. هەروەها کاروباری دابەشکردنی جۆی لە نێوان هاولاتیاندا ڕێك خست. نوری سەعیدی سەرۆك وەزیران بەو مەرجانە ڕازی بوو لەگەڵ کوردەکاندا. هەرچەندە بەهۆی چەند هۆکارێکەوە هیچ یەك لە بەندەکانی پەیماننامەکە جێبەجێ نەکرا، سەرۆك وەزیران دەستی لەکار کێشایەوە و بەریتانیەکانیش پێشبینی کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی دووەمیان دەکرد و چیتر فشاریان نەدەخستە سەر دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ جێبەجێ کردنی مەرجەکانی پەیمانەکە. لە حوزەیرانی ١٩٤٤ کابینەکە دوو کوردی بۆ لە ئەستۆگرتنی لیواکانی سلێمانیو هەولێر نارد و تەوفیق وەهبی وەزیری ئابوریشی بۆ مەبەستی نیازپاکی ناردە لای بارزانی. وەهبی درکی بەوە کرد کە بەهۆی ئەو هاوسەرگیریەی لەگەل ئاغاکانی زێباریدا، دەسەڵاتی بارزانی فراوانتر و بەهێزتر بووە. ئەندامانی بنەماڵەی خواجە خینۆ ئاماژەیان بەوە داوە کە حکومەتی عێراق چەندین ڕێگای گرتە بەر بۆئەوەی بارزانی هێمن بکەنەوە. گەلێك بەڵێنیان بە بارزانی دا، وەك دروستکردنی قوتابخانە و نۆرینگەی

پزیشکیو دامەزراندنی کوردەکان لەشوێنە گشتیەکانی وەك تاقیگەی بیناسازی بۆئەوەی دڵنیابن لەو کاروبارەی کە لە کوردستاندا ئەنجام دەدرێت. لەو کاتەدا داود خواجە خینۆ بازرگانێکی ناسراو بوو لە ئاکرێ، بۆیە لەلایەن حکومەتەوە رێگای پێدراکە بەشە ئازووقەی ناوچەی بارزان بە کۆبۆن دابەش بکات. هەرچەندە، بەپێی راپۆرتەکان، داود خواجە خینۆ برێکی زۆری ئازوقەی بەسەر بارزانیەکاندا دابەش کرد، بەڵام یەکسەر پاش ئەمە لە بنکەی پۆلیس داوای لەسەر مەلا موستەفا تۆمار کرد، بەوە تۆمەتباری کرد کە پیاوەکانی داوای پێنج هەزار دینار و جلوبەرگیان کردووە، وە پێیان وتوە ئەگەر ئامادە نەبێت پارەکە بدەیت، ئێستا دەتکوژین. ئەویان ترساند بوو. واپێدەچێ داود ئەو سکاڵایەی کە لەدژی مەلا موستەفا تۆماری کردبوو بۆ ئەوە بووبێت کە خۆی لە هەر تۆمەتێك کە لە پاشەڕۆژدا بدرێتە پاڵی لە مامەڵەکردنی لەگەڵ بارزانیدا، بپارێزێت. بەپێی وتەکانی مەجید گابای، داود ئەو سکاڵانامەیەی لەدژی مەلا موستەفا رێك خستبوو وە هەڵیبەستبوو بۆ بارزانی. داود خواجە خینۆ پلانی دانابووکە لە هەر تۆمەتێك، لە داهاتوودا بدرێتە پاڵ، ئەو بتوانێت سکاڵانامەکە پیشان بدات وە بڵێت ئەو لەژێر لولەی تفەنگدا ئەو ئازووقەیەی بە بارزانی داوە. لەڕاستیدا داود خواجە خینۆ بەشێك لەو خۆراکەی لە بازاڕی ڕەشدا فرۆشتبوو وە پارەکەشی بە مەلا موستەفا دابوو. بەم شێوەیە داود یارمەتی ئەو کوردانەی دا کە لەلایەن بارزانیەوە سەرکردایەتیان دەکرا، کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئاغای جووەکان بوو. هەرچەندە لێرەدا بۆ تەواوکردنی ئەو مەتەڵە شتێك ڕوون نیە، ئەوەش ئەوەیە کە بۆچی داود خواجە خینۆ سکاڵای لەدژی بارزانی لە بنکەی پۆلیس تۆمار کرد بێ ئەوەی بارزانی پێشتر لێی ئاگادار بکرێتەوە.

چەندین هۆکاری گونجاو هەن کە ئەو دزیکردنە هەڵبەستراوە و ڕوون نیە. یەکەم، ڕەنگە پارەی گواستنەوەی ئازووقەکەیان بۆ ناوچەی بارزان دابێت وەك

دوایین ڕەزامەندی، کە تیایدا خواجە خینۆ و بارزانی فیڵیان لە یاسا کردووە. یەکێك لەو کەسانەی کە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، لە بنەماڵەی خواجە خینۆ ئاماژە بەوە دەدات کە دەکرێ تەلەیەك بۆ بارزانی دانرابێتەوە. بەپێی وتەکانی مجید گابای، داوودی باوکی داوای لێکرابوو کە میانگیری لە نێوان حکوومەتو بارزانیدا بکات، بەهۆی ئەو پەیوەندییە نزیکەی کە لەگەل سەرکردە هۆزەکیەکاندا هەبوو. مجید ئاماژە بەوە دەدات کە باوکی فێری ئەوە ببو چۆن ناوبژیوانی لە نێوان هەردوولادا بکات و لەسەر یەك مێز کۆیان بکاتەوە، بەڵام لەوە تێنەگەیشتبوو کە تەڵەیەك بۆ کوردەکان دانرابوو هەروەك لە دەستبەرداربوون لە بنەماکانی پەیمانەکە و بەردەوام بوونی شەڕ لەدژی بارزانیدا بەدەردەکەوێت[٨١].

" حکوومەتی پشتی بەباوکم بەستبوو... دەیانزانی کە بە یارمەتیدانی ئەو دەتوانێت پەیوەندی لەگەل کوردەکان دروست بکرێت... لەبەر ئەوەی بەڵێنیدا کە بەهۆی باوکمەوە بڕێکی زۆر ئازوقە بۆ کوردەکان بدەن."

ڕەنگە حکومەت نیازی وابێت کوردەکان ناچار بکەن کە بەڵێننامەیەك ببەستن یاخود بارزانی دەستگیر بکەن کاتێك دێتە ئاکرێ بۆ کۆکردنەوەی ئەو بەشە ئازووقەیەی کە بەڵێنی پێدرا بوو. پلانی داود خواجە خینۆ لەگەڵ مەلا موستەفا پلانەکانی حکوومەتی پوچەڵ کردەوە سەبارەت بە دزی کردنەکە. باشترین شیکردنەوە ئەوەیە کە داود لەدژی سیاسەتی حکومەت یارمەتی مەلا موستەفا بارزانیدا. لە جیاتی ئەوەی ئەو بڕە زۆرەی ئازووقەیە بە کۆپۆن بە

---

٨١ ئەم بەسەرهاتە لەو بەشەدا بەناونیشانی میانگیری نێوان حکومەت و بارزانیدا باسکراوە، پێدەچێت حکومەت بنەماڵەی خواجە خینۆی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکارهێنا بێت، لەو کاتەی کە داود دەیویست ڕۆلێکی ڕاستگۆیانە و بەئەمەکەوە لە یارمەتیدانی بارزانیدا بگێڕێت.

بارزانی بدات، بەشێك لەو بەرهەمەی لە بازاڕی ڕەشدا فرۆشت. بەم شێوەیە سکاڵاکەی ساختە کرد بۆئەوەی داواکەی بەهێزتر بکات لەدژی بارزانی بەوەی کە پیاوەکانی ئەو دزیەکەیان کردووە.

لەکاتی وەستانی جەنگی جیهانیی دووەمو کۆچی مەلا موستەفا بۆ ڕووسیا، داود خواجە خینۆ لە ئاکرێ لە دادگای سەربازیدا دادگایی کرا. سەرۆکی دادگاکە عبدالله النسائی بوو، کە ناسیاوێکی بنەماڵەی خواجە خینۆ بوو. النسائی، قازی دادگاکە، یەکێك بوو لەو کەسانەی لەکۆتایی سییەکانو سەرەتای چلەکاندا میوانی دیوانخانەکەی خواجە خینۆ بوو. بەگوێرەی وتەکانی ئەندامانی خواجە خینۆ، ئەم دادگایە سێ هاوڵاتی بە مردن مەحکوم کرد[٨٢]. ئەو ڕێز و میوانداررییەی لە قازیەکە کرا لە دیواخانەکەی خواجە خینۆدا، ڕەنگە هۆکارێك بوبێت لە ئازادکردنی داود خواجە خینۆ لەو کاتەی لەساڵی ١٩٤٧ دادگایی کرا. داود بە هاوکاریکردنی مەلا موستەفا بارزانی تاوانبار کرا بوو کە گوایە ئەو بەشە خۆراکەی فرۆشتوو، کە لە سیاسەتی تەموینی عێراق تاوان بوو، پاشان پارەکەی بە مەلا موستەفا داوە بۆ کڕینی چەك لەدژی حکومەت. هەروەها دادگاکە بەهانەیەکی تری هێنایەوە بەوەی کە مەلا موستەفا بەخودی خۆی سەردانی ماڵی داودی کردووە و ئەویش خەنجەرێکی زێڕی بە دیاری پێشکەش کردووە. ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کێشەکەی قوڵتر بێتەوە. بەپێی وتەکانی مجید گابای، داود لە دادگادا بەم شێوەیە بەرگری لەخۆی کرد:

---

٨٢ لە نێوان چەندین دادگایکردندا کە نەسائی تیایدا قازی بوو، بەناوبانگترین دادگایی بریتی بوو لە دادگایکردنی شفیت عەداس لەسالی ١٩٤٨ کە جوولەکەیەکی دەوڵەمەند بوو وە بە تاوانی خیانەت بە هەڵە تۆمەتبار کرا بوو.

"یەکەم، سەبارەت بە سەردانەکەی بارزانیو پێشکەشکردنی خەنجەرە زێڕەکە، لەو کاتە بوو کە باوکم کۆچی دوایی کردبوو وە ئەویش بۆ پرسەکە سەردانی کردبووم.... سەبارەت بە بازرگانیەکەش، حکومەت وەك هەموو بازرگانەکانی تر ئەو بڕە ئازووقەیەی پێدا بووم بۆ دابەشکردنی. منیش وەك بازرگانێك بەپێی هەر کۆپۆنێك بەشە خۆراکی ئەوانم پێداون. داواکارەکە پێی وت: نەخێر، تۆ ئەم بەشە خۆراکانەت فرۆشتووە.... پاشان داود وتی: سەرەڕای ئەمەش، چۆن بمتوانیبایە بەرەنگاریان ببمەوە؟ هەتا من لە بنکەی پۆلیسدا سکاڵام لە سەری تۆمار کرد، کە پیاوەکانی بارزانی داوای پارە و ئازووقەیان لێکردم، بەڵام پۆلیس هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو وە بەدەم داواکەمەوە نەهاتن."

لە کۆتاییدا، قازی ئەوی ئازاد کرد، بە گوێرەی وتەکانی ئەندامانی بنەماڵەکە، سەرەڕای بوونی بەڵگەی دیار و ئاشکرا کە داود لەکاتی یاخیبوونەکەی بارزانی لەدژی حکومەت یارمەتی پێشکەش بە بارزانی کردبوو، بەڵام ئازاد کرا. ئەو پەیوەندیە باشەی بنەماڵەکەیان هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ یارمەتیدانی داود. ئەوان (بنەماڵەکە) ئاماژە بەوە دەدەن کە هەتا کەمێك پێش ئەوەی دادگایەکە دەست پێبکات، قازیەکە هاتە ماڵی ئێمە وە چوو بۆ مەیخانەکە و هەندێك کحولی بۆ خواردنەوە هەڵگرت.

ئەو پەیوەندیە تایبەتیەی نێوان ئاغاکانی بارزانیو پیاوانی بنەماڵەی خواجە خینۆ لەو کاتەشدا هەر بەردەوام بوو کە مەلا موستەفا بۆ وڵاتی ڕووسیا کۆچی کرد لەساڵی ١٩٤٧و کۆچە بەکۆمەلەکەی جووەکان بۆ ئیسرائیل لە سالانی ١٩٥١–١٩٥٢دا. پاش ڕوخانی کۆماری مهاباد (کوردستان؟) لەساڵی ١٩٤٦، مەلا موستەفا بارزانی بەتۆمەتی خیانەتکردن تۆمەتبار کراو ئەویش بەناچاری چووە وڵاتی ڕووسیا. خێزانی مەلا موستەفا و مەسعودی کوڕە بچوکەکەی

گەڕانەوە عێراق بۆماڵی محمود ئاغا باوکی، کە ئەو کات یەکێك بوو لە ئاغا دیارەکانی هۆزی زێباری. ئاریە گابای کوڕی یەتزاك وتی: ماوە ماوە باوکم نامەیەکی لە مەلا موستەفاوە پێدەگەیشت. ئەو نامانە لە لایەن پەیامبەرانەوە لە درەنگانی شەودا، بۆئەوەی پۆلیس ئاگادار نەبێت، بەدەستی باوکم دەگەیشت. لەو نامانەدا بارزانی داوای لە خواجە خینۆ دەکرد کە ئاگاداری مسعودی کوڕە بچوکەکەی بن. ماوە ماوە یەتزاك گابای دیاریو شیرینیو جلوبەرگی جوانی بۆ مسعود بارزانی دەنارد[٨٣]. ئاریە گابای ئەوەشمان بیر دەخاتەوە کە خێزانی مەلا موستەفا بارزانی دوو جووت گۆرەوی بۆ باوکم دروست کرد کە تاوەکو ئەمڕۆش پاراستوویەتی[٨٤].

---

٨٣ مسعود بارزانی لە شانزەی ئابی ساڵی ١٩٤٦ لە مەهاباد لە دایك بووە. کاتێك مەلا موستەفا بارزانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەتی جاران بەڕێکەوت. لەساڵی ١٩٤٧، مەسعود بارزانی لەگەل سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەی و پیاوانی هۆزی بارزانیدا گەڕانەوە کوردستانی عێراق. کاتێك کە جووەکانی ئاکرێ بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کرد، مەسعود بارزانی تەمەنی تەنها پێنج ساڵان بوو. بۆیە دەکرێت کە مەلا موستەفا بارزانی داوای لە هاوڕێ جوولەکەکەی کردبێت کە چاودێری کوڕە بچووکەکەی بکات.

٨٤ ئەو کات دوو جووت گۆرەوی دروست دەکرا. یەکێکیان پێی دەوترا (ساقە) کە تەنها لە سەرووی پاژنە پێ بەسەرەوە بوو, ئەویتریان گۆرەوی ئاسایی بوو, هەردوو جۆرەکە لە خوری دروست دەکرا. بۆیە نووسەر ئاماژەی پێ نەکردووە کە چ جۆرە گۆرەویەك بووە.(وەرگێڕ)

# بەندی سێیەم

## دهۆك

شاری دهۆك نزیکەی پەنجا میل لە باکوور و باکووری خۆرئاوای شاری موصلەوە دوورە. مەڵبەنددی قادەی شارەکە بوو. لە ساڵی ١٨٢٠، ڕیچ ئەو شارە بە شارێکی بچووکی سێ سەد خانوویی وەسف کردووە کە شوێنی سەرەکی هۆزی دۆسکی لەگەل هەشتا گوندی تری دەڤەرەکە بوو. قەشە هێنری ئارۆن ستێرن لەساڵی ١٨٥١ ئاماژەی بەوە داوە کە دهۆك شاری پێکەوەژیان بووە، هەموو نەتەوەیەك لەو شارەدا بوونیان هەبووە وە هاوڵاتیانی جوولەکە دەورێکی باشیان هەبوو. سەرۆك شارەوانیەکەشی کاتۆلیکێکی[٨٥] کلدانی بوو. لەساڵی ١٨٥٩، ڕابی یەحیل دوو مینیانی جوولەکەی[٨٦] دامەزراند. موسڵمان و مەسیحیەکان نزیکەی سەدماڵیان پێك دەهێنا. لەساڵی ١٩٢٩ ژمارەی

---

٨٥ کاتۆلیك: مەزهەبێکە لە ئاپینی مەسیحیەت کە تیایدا پاپای ڤاتیکان سەرکردایەتی دەکات. (وەرگێڕ)

٨٦ مینیان: وشەیەکی عیبرییە بەواتای جوولەکەی پێگەیشتووی پیاو. ئەمە کەمترین ژمارەیە کە جووەکان دەبێت بۆ کۆبوونەوە بەکۆمەلەکەیان بۆ کاری پەرستش هەیان بێت.

دانیشتوانی سێ هەزاروپێنج سەد هاووڵاتی بوون کە تیایدا کورد زۆرینەی پێك دەهێنا. لە کۆی پێنج سەد خێزان، شەست و پێنج خێزان مەسیحی‌و سی خێزانیش جوولەکە بوون. ژمارەیەکە زۆر لە ئاوارە و هاووڵاتی کلدانی لە ئەنجامی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە لە میرگەها بۆتان، سنووری تورکیا، بەرەو دهۆك کۆچیان کرد. لەساڵی ١٩٢٩، قادەی دهۆك ژمارەی دانیشتوانی بریتی بوو لە (٢٩٨٥٨) هاووڵاتی کە موسڵمانە کوردەکان زۆرینەی دانیشتوانیان پێك دەهێنا. مەسیحیەکان لە سەدا نۆزدە و عەرەبە موسڵمانەکان (٢٠٦٩) کەس‌و یەزیدی (٢٨٧٠) کەس‌و جووەکانیش (٨٢٩) کەس بوون لە شارەکەدا. بە بەراوورد لەگەڵ شارەکانی تردا، دهۆك زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی یەزیدی لەخۆ گرتبوو. بە گوێرەی وتەکانی ناحوم ساسۆن لە سەرەتادا دهۆك پێی دەووترا دهۆکا داسنیا، واتە دهۆکی یەزیدیەکان، بەڵام دوای ڕەشەکوژی یەزیدیەکان، دهۆك چۆلکراو موسڵمان و مەسیحی‌و جووەکان دەستیانکرد بە نیشتەجێبوون لەو شارەدا.

### ١. سعید ئاغای دۆسکی (و کوڕەکانی) و جووەکانی دهۆك

جووەکانی دهۆك توانیان پەیوەندی لەگەڵ ئاغا بەناوبانگەکانی تری ناوچەکە ببەستن، بەتایبەتی لەگەڵ سەرکردەکانی هۆزی دۆسکی. یەکسەر پاش جەنگەکە بەریتانیا لیستێکی سەرجەم هۆزە بەناوبانگ و کەسایەتیە دیارەکانی دهۆکی ئامادەکرد، کە لەمانەی خوارەوە پێك هاتبوون: هۆزی دۆسکی (ڕەشید ئاغا و سعید ئاغا و شەریف ئاغا)، هۆزی مزوری و هۆزی بەرواری. ساسۆن ناحوم لە شاری دهۆك ئەوەی لە بیر بوو کە حەسەن ئاغا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گرنگترین ئاغای شارەکە بوو کە لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا لەدژی تورکیا چووە پاڵ ڕووسیا. حەسەن ئاغا لەگەڵ

هێزەکەی بەرەو ڕووسیا ڕۆیشت، وە هەرگیز نەگەڕایەوە وە سەعید ئاغای کوڕی شوێنی گرتەوە. سەعید ئاغا سەرەکیترین ئاغای هۆزی دۆسکی بوو کە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی لە دەورووبەری دهۆك تاوەکو کەنارەکانی ڕووباری خاپوور درێژ دەبووەوە. لە بنەڕەتدا خەڵکی گەرماوە بوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتە سەربازیەکانی بەریتانیا، سەعید بەگی گەرماوی تاکەکەسی کاریگەر بوو لە هۆزەکەیدا، ئەوانی تر دەسەڵات و کاریگەرییان لە موختارێکیش کەمتر بوو. بەریتانیەکان بەم شێوەیە وەسفی سەعید ئاغایان کردووە: ئەو کەسایەتیەکی بەهێزی نەبوو، بەڵام زۆر زیرەك و ژیر بوو. بەریتانیەکان یارمەتیەکانی ئەویان بۆ حکوومەت بەرز نرخاند لە ئۆپەراسیۆنەکەی ساڵی ١٩٢٢ لە دۆڵی زێبار وە سوپاسیان کرد بەوەی کە بە دەسپاکی ماوەتەوە لە کاتی کێشەکانی ناوچەی دهۆك لەساڵی ١٩٢٥ کاتێك کۆمسیۆنی سنوور سەردانی کردن، لەو کاتەدا زۆربەی ئاغاکانی دۆسکی لە دژی حکوومەت هەستانە سەرپێ. دوای سەربەخۆبوونی عێراق، ئەو بوو بە ئەندامی پەڕلەمان لە سالی ١٩٣٨ وە دوو جار لە ساڵانی ١٩٤٤ و ١٩٤٧. ئەو ڕاپۆرتە ناوی سێ کوڕی سعید ئاغای هێناوە و باسیان دەکات. ئیسماعیلی کوڕی کە خۆی کوشت، دەڵێن بەهۆی ئەوەوە بووە کە ئەو پشتگیری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دەکرد بە سەرۆکایەتی بارزانی و دژی سیاسەتەکانی باوکی کە لایەنگیری ئینگلیز و حکوومەت بوو، هەستایە سەرپێ وە دژیان وەستا. هۆکارێکی تری ئەو خۆکوشتنە، دەڵێن، کە کچی حازم بەگی زاخۆیی خۆشویستووە بەڵام باوکی دەیویست کە کچی ئاغایەکی هۆزەکی بخوازێت. یەکێکی تر لە کوڕەکانی ناوی دێوالی بوو کە شوێنی باوکی گرتەوە. جووەکانی ئەو شارە ئاماژەیان بەوە داوە کە دێوالی هەمان سیاسەتی باوکی پەیڕەو کرد، سەرانە و ماڵی بە ئیجباری لێدەسەندن. جووەکان، دێوالی بە قسە پاراوتر و زمان لوستر لە

سعید ئاغای باوکی وەسف کردووە. یەکێکی تر لە کوڕەکانی سعید ئاغا، ڕەشید ئاغا بوو کە دواتر باسی دەکەین.

حاخام شالۆم شیمۆن(١٨٨٤–١٩٧٧) حاخام باشی دهۆك لەسەر شوێن پێهەڵگرتنی باوکی بەردەوام بوو تاکو کۆچکردنی بۆ فەلەستین لە ساڵی ١٩٣٦. یەکێکی تر لەو سەرکردانەی لە ساڵی ١٩٣٦ بەرەو فەلەستین کۆچی کرد بریتی بوو لە دانیەل حاخام ناحوم. بە پێی ڕاپۆرتەکان سعید ئاغای دۆسکی، سەرکردەی هۆزەکیی دهۆك و ناوچەکانی دەوروبەری، دانییەل و حاخام شالۆمی وەك سەرکردەی گونجاو لەجیاتی هەموو هاوڵاتیانی جوولەکە داناون. بەپێی وتەکانی کوڕەکەی دانییەل، سعید ئاغای باوکی ئەوی گەلێ خۆشویستووە. باوکی ڕابەری بنەماڵەیەکی مەزن بوو، پیاوێکی ئایینی بێ ترس بوو وە مسوڵمانەکان ڕێزیان لێدەگرت و بە کەسێکی پاکیان دەزانی. حاخام شالۆم و دانیەل ناحوم زۆرجار بۆ ڕاوێژ پێکردن سەردانی سعید ئاغایان دەکرد. شەڕ و ناخۆشیو ڕووداوی زۆر لە شار و دێهاتەکانی کوردستان بەرپا بوو. ئەگەر جووەکانی دهۆك تووشی ئەو شەڕو ململانێیە ببونایە ئەوا پەنایان نەدەبردە بەر حکومەت بەڵکو لەلای سعید ئاغا سکاڵایان دەکرد. لە ململانێیە توندوتیژەکاندا، هێرشبەرەکان پەنایان بۆ لای سەعید ئاغا دەهێنا بۆئەوەی کاریگەریەکەی بەکاربهێنن بۆ ئەوەی لە حکومەت سکاڵایان لەسەر تۆمار نەکەن. سندوقێك چای یان شەکر یان دوو دینار لە جیاتی ئەو چاکەیە بە ئاغاکە دەدرا. لە جۆرە حالەتەدا، سعید ئاغا بانگهێشتی دوژمنەکانی دەکرد و بەتەنیا لەگەلی دەدوا وە داوای لێدەکرد لەگەل دوژمنەکەیدا ئاشت بێتەوە. لە ئەنجامدا ئەگەر ئەو کەسە داواکەی سەعید ئاغا ڕەتکردبوایە و لەگەل دوژمنەکەیدا ئاشت نەببوایە، ئەوا کێشەی بۆ دروست دەکرد. سعید ئاغا میانگیریی لە نێوان جوولەکە و مسوڵمانو مەسیحیەکاندا دەکرد. ئەو وەك

سەرکردەیەکی هۆز ڕۆڵێکی کاریگەری لە دهۆکو دەوروبەریدا گێڕاوە، ئاشتی لەنێوان دوژمناندا بەرپا دەکرد و ئەوانیش لەبەرامبەردا دیاریەکی باشیان بۆ خزمەتەکەی دەبەخشی.

یوسف گەملیلی بەوە وەسفی سەعید ئاغای کردووە کە دەیتوانی کەسێك لە دادگای حکوومەت ڕزگار بکات. بەپێی ڕاپۆرتەکان، لەگەڵ قازیەکە دادەنیشت و کاروباری ئازادکردنی تۆمەتبارەکەی ڕێك دەخست. هەتا کار گەیشتبووە ئەو ڕاددەیەی ئەگەر کەسێکی کوشتبا، دەیتوانی ئەو کەسە لە تاوانباریەوە بکاتە بێ تاوان. هەزار جار ئەو شتە ڕوویداوە!.. یوسف گەملیلی بە قەناعەتەوە دەڵێت کە ئەو شتە نەك تەنها جارێك ڕوویداوە، بەڵکو چەندان جار دووبارە بۆتەوە. ئەم دەربڕینە ڕاستەوخۆ ئاماژەیەکە بۆ ئەو بکوژانەی کە لەساڵی ١٩٤١ لە ساندور کە تیایدا حەوت جوولەکەیان کوشت[٨٧]. سەعید ئاغا هەموویانی لە بەندیخانە ڕزگار کردن. بە گوێرەی وتەکانی یوسف:

"ئەوان بۆ ماوەی دە ڕۆژ زیندانی کران. پاشان سەعید ئاغا ڕۆیشتو هەموویانی ئازاد کردن. کەس نەیتوانی لە دژی بوەستێت! ئەو حکومەت بوو حکوومەت!"

## ئاغا تووسا یان سریخوسا[٨٨]، مافە شەرعی ئاغا یاخود گەندەڵی؟

ئەم ناونیشانەی لای سەرەوە پرسیارێك لە لای خوێنەر دەوروژێنێت بەوەی کە ئایا ئەو بڕە پارەیەی لەلایەن ئاغاوە وەردەگیرا مافی خۆی بوو یان بەزۆر

---

٨٧ لە بەشی سێیەمدا ئەم بەسەرهاتە بەدرێژی باس کراوە.

٨٨ ئاغا تووسا، واتە: ئەو بەشەی کە ئاغا لەبڕی پاراستنی هاولاتیان وەریدەگرت. سریخوسا، واتە : گەندەڵکاری.

لەو هاوڵاتیانە وەردەگیرا کە لەژێر دەسەڵاتیدا بوون. هەر کارێك یاخود ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی لە سنووری ئەو ئاغایەدا بە ئەنجام بگەیەنرایە، ئەوا پشکی ئەو دەبوایە ئامادە بێت. ئەو بەسەرهاتەی خوارەوە ئەوە بەدەردەخات کە ئاغا هەتا پارەی لەو هێرشبەرە وەردەگرت کە دەبوو قەرەبووی قوربانیەکەی خۆی بکاتەوە. جارێکیان یوسف گەملیلی لە چایخانەدا دانیشتبوو، کاتێك کە یۆنا قۆندرەچی[٨٩]، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی موصل بوو، بۆ گاڵتە کورسیەکەی ژێری لابرد و بووە هۆی کەوتنی. یوسف پارچە دارێکی لە ئاگردانەکە دەرهێنا وە کەوتە گیانی یۆنا قۆندرەچی. پۆلیس ئەویان دەسگیر کرد وە پاشان بە کەفالەتی باوکی بەبڕێك پارە ئازاد کرا. لە دادگادا، قازی بڕیاریدا کە یوسف وەك قەربوو سێ دیناری عێراقی بدات بە قوربانیەکە. لە کۆتاییدا، کاتێك یوسف و یۆنا ئاشت بوونەوە، یوسف دەستی کرد بە هەراسانکردنی یۆنا بۆئەوەی ناچاری بکات سێ دینارەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە، بەڵام یۆنا ڕەتی کردەوە پارەکەی بۆ ببژێرێتەوە. سێ چوار ڕۆژ دواتر، سەعید ئاغا بانگی یوسفی کرد.

"من بەتەواوی مەست بووم. شەوی شەممە بوو[٩٠]. چوومە ماڵی سەعید ئاغا.... سەلاممان لە یەکتری کرد... حاجی مەڵۆ و محمدێ مەلا و دە پیاوی بەڕێزی شارەکە لەلای دانیشتبوون... حاجی مەڵۆ لە سەعید ئاغای پرسی: ئەو پیاوە کێیە کە ئێستا وەژوور کەوت؟ چونکە من جلوبەرگی جوانم پۆشی بوو هەتا سەعید ئاغا وەك من ڕێك پۆش نەبوو... پێی وت: ئەوە کوڕی حاخام

---

٨٩ قۆندرەچی: پینەدۆز. (وەرگێڕ)

٩٠ هەموو ڕۆژانی شەممە و پشوو، زۆربەی جووەکانی کوردستان بەکۆمەل دادەنیشتن، جا چ لە ماڵەوە یاخو لەدەرەوە، وە یان لە سەر بانێك کحولیان دەخواردەوە و خواردنیان دەخوارد و گۆرانییان دەوت و خۆشحاڵ دەبوون.

باشی دهۆکە... حاجی مەلۆ پێی وت: سەعید ئەزیەتی مەدە... پیاوێکی چاك دیارە... سەعید ئاغا پێی وتم: ئیسف! وتم: ئەز خولام. لێی پرسیم: بۆچی واز لە یۆنا ناهێنی؟ ئەوە بەس نیە کە بە توندی لێت داوە و گوێی ئەوت بڕیوە؟ دەبێت بزانی کە هەر ئەو ڕۆژەی لێتدا، چەند کەسێك داوایان لێکردم کە تۆڵەت لێ بکەمەوە، بەڵام لەبەر خاتری باوکت، چونکە تۆ کوڕی حاخام باشی، نەمویست ئازارت بدەم. تۆ چۆن دەوێری داوای لێ بکەی کە سێ دینارەکەت بۆ بگەڕێنێتەوە... بە کردار ئەوت کوشتووە! گوێی ئەوت بڕیوە! چ مافێك ڕێگات پێدەدات داوای سێ دینارەکە بکەیت؟ پێم وت: ماڵ و پەز و دوکانو ڕۆحەکەم گشتیان بە فیدات بن. سێ دینارەکەی لێ وەرناگرمەوە..."

دوای چەند مانگێك بەسەر ڕووداوەکەدا، سەعید ئاغا دووبارە بانگی یوسفی کرد، دیسان ڕۆژی شەممە بوو، یوسف مەست بوو. جارێکی تر سەعید ئاغا لێی پرسیەوە:

" ئیسف، بۆ مەسەلەی سێ دینارەکە چیت کرد؟ پێم وت: هەر وەکو تۆ ویستت، دەستم لێی هەڵگرت. هیچ نیازێکم تیادا نیە بۆ گەڕانەوەی. پێی وتم: نا نا نا، داوات لێدەکەم کە سێ دینارەکەی لێوەرگریەوە. سبەی بەیانی عەبۆی خزمەتکارم لەگەڵت دێت، وە دەبێت تۆ سێ دینارەکەت لە یۆنای قوندەرەچی وەرگریتەوە."

یوسف دەڵێت کە سەعید ئاغا بە خزمەتکارەکەی وتبوو ئەگەر یۆنا سێ دینارەکەی نەداوە دەبێت بە گۆپاڵەکەت لێی بدەیت و بیهێنیت بۆ لای من. یوسف باوکی ئاگادارکردەوە لە داواکەی سەعید ئاغا وە باوکی چووە لای خێزانی یۆنا. داوای لێکرد کە سێ دینارەکە ئامادە بکەن ئەگەرنا چارەنووسی کوڕەکەیان کوژرانە. بنەماڵەی یۆنا چوونە لای سەعید ئاغا و مەسەلەکەیان لەگەڵیدا بڕاندەوە. بۆ بەیانی دواتر سەعید ئاغا بانگی یوسفی کرد. سەعید ئاغا

له چایخانه دانیشتبوو و تاوڵەی لەگەل سەید مەلا تەها دەکرد. له پێش هەمویان، سەعید ئاغا به یوسف وت:

" ئیسف، ئەو سەگبابه سێ دینارەکەی بۆ هێنام، ها بیگره. فڕەیدایه سەر مێزەکه... سەید مەلا تەها پێی وتم: هەڵیگرەو بیخەرەوه ناو گیرفانت.... بەهێواشی پێم وت: ئەز خولام، من فلسێکیش لەو سێ دیناره هەڵناگرم... پێی وتم: نا، هەر هیچ نەبێت دەبێ هەنێ لەو پارەیه هەڵگری. پێم وت: به خوا جگەرەیەکیشی لێ وەرناگرم... لەو کاتەدا، سەید مەلا جگەرەی دەکێشا، بەبێ ئەوەی سەرنجی سەعید ئاغا ڕابکێشێت، پێی وتم: ها جگەرەیەك بگره و بیخەره ناو گیرفانت..."

له کۆتاییدا یوسف جگەرەیەکی له سەعید ئاغا وەرگرت و چووه سەر ڕێگای خۆی. بەم شێوەیه سەعید ئاغا ئەو سێ دینارەی وەرگرت که یوسف وەکو قەرەبوو له جیاتی لێدانی قۆندەرەچی پێی دابوو.

## کڕینی شمەك له دوکانی بازرگانێکی جوولەکەدا:

دوای ده ڕۆژ له ڕووداوی سێ دینارەکه، سەعید ئاغا هاته ناو بازاڕ که به خزمەتکارەکانی دەوره درابوو. له دوکانی یوسف دانیشت و چایەکی خواردەوه، وه بەپێی ڕاپۆرتەکان ئەم گفتوگۆیه له نێوانیاندا ڕوویدا:

- سەعید ئاغا: ئیسف!
- یوسف: ئەز خولام.
- سەعید ئاغا: دەمەوێت شەش... پێبدەیت..
- یوسف: بەلێ، ئەز خولام.
- سەعید ئاغا: شەش جووت گۆرەوی. دەمەوێت بۆ من بیان کڕی.
- یوسف: بەلێ، ئەز خولام.

- سەعید ئاغا: وەهەروەها دەمەوێت کە شەش جووت شاڵ و شەپك[91] بدەی بە شڤانی خزمەتکارم.
- یوسف: بەڵێ، ئەز خولام.
- سەعید ئاغا: لەبارەی پارکەشەوە، دوای دێمە لات و حسابەکەت لەگەڵدا دەکەم.
- یوسف: بەڵێ، ئەز خولام.

سەعید ئاغا چووە سەر ڕێی خۆی و یوسف پارەکەی بە شڤان دا بۆ کڕینی ئەو شتمەکانەی سەعید ئاغا داوای کردبوو. لە کۆتاییدا، جلوبەرگ و گۆرەویەکانی خستە ناو کیفەیەکی جوانەوە وە لەگەل شڤاندا ناردی. تازە خزمەتکارە پیاوەکە هەنگاوەکانی لەدەرگای دووکانەکە بردبووە دەرەوە، سبخۆی خزمەتکارە ئافرەتەکەی ئامینەی خێزانی سەعید ئاغا وەژوور کەوت. داوای لە یوسف کرد کە:

" سەر لە ئێوارەکە دوکانەکەی دانەخات بۆ ئەوەی خاتوونەکەی بێت و دوو دەستە کەتان هەڵبژێرێت... زۆر هەوڵمدا کە پێ لەسەر ئەوە داگرم کە ئەمشەو دەبێت من بۆ کارێك بەرەو موصل بڕۆم، بەڵام وتی: نابێت ئێرە بە جێبهێلیت... هیچ چارەم نەما، دەبوایە نەچم... پێش ئەوەی خاتوونەکە بێت، چوار پێنج کڕیاری تر هاتنە ناو بازاڕ و هەموویانم ناردنەوە بۆ ئەوەی خاتوونەکە جاڕس نەبێت. ئەو ئێوارەیە ئامینە هاتە ناو بازاڕ و تارایەکی پۆشیبوو کە ڕووخساری دیار نەبوو، بۆئەوەی کەس نەیناسێتەوە."

لە ناو دوکانەکە ئامینە سەرپۆشەکەی هەڵگرتو سڵاوی لە یوسف کرد. ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە لە نێوانیاندا ڕوویدا:

---

٩١ شال و شەپك: جلو بەرگێکی رەسەنی ناوچەی بادینانی زۆر فرەیە( وەگێڕ)

" ئامینە گوتی: بیستوومە قوماشی باشت هەیە کە پێی دەڵێن (هەڕە وەرە)... هەموو جۆرەکانم پیێ نیشان بدە بۆئەوەی بە حەزی خۆم بۆ دوو کراس قوماش ببەم... پێم وت: ئەوەتا دووکانەکەت لە پێشە.. چیت دەوێت هەڵیگرە. ئامینە بۆماوەی یەك کاتژمێر لە دوکانەکەم ماوە تەنها هەتا دوو جۆر قوماشی هەڵبژارد. دوانزە باسك[٩٢] قوماشی هەڵگرت کە لەڕاستیدا تەنها هەشت باسك قوماشی بەس بوو بۆ دوو کراس. کاتێك کە تەواو بوو وتی: یوسف، دەزانی پارەم لەگەڵ خۆم نەهێناوە. دەبێت بەخۆت یان کەسێ بنێریتەماڵمان. توتنێکی نایابم لەماڵەوە هەیە، لە دونیادا شتی وا نیە! دەبێت بایی قوماشەکە بیکێشم و لەجیاتی پارەکە پێتی بدەم. وتم: زۆر چاکە، بڕۆ، خوات لەگەڵ بێت. ئامینە چووە سەر ڕێگای خۆیو منیش لە دڵی خۆمدا وتم: کێ دەچێت تووتنەکەم بۆ دەهێنێ؟ چۆن بچمە ماڵیان؟ دەبێت دوکانەکەم دابخەم و کەسێك لەگەل خۆم ببەم بۆ ماڵیان وە پاشانیش تووتنەکە قاچاغە، ئەگەر تووتنەکە بهێنمە ماڵەوە پێیەوە دەسگیر بکرێم، ئەوا بە دڵنیاییەوە ماڵەکەم بەسەر یەکدا دەڕوخێت... ئەگەر یەك کیلۆ لە ماڵی کەسێك دۆزرابوایەوە، زیندانی دەکرا."

لە عێراقدا بازرگانی تووتن تەنها بۆ حکومەت قۆرغ کرابوو. هەمان یاسا بەسەر ئارەقیشدا دەچەسپا. کڕینو فرۆشتنی ئارەق ڕێپێنەدراو و نایاسایی بوو. هەر کەسێك ئارەقی هەبووایە، پێیەوە دەسگیردەکرا وە کەلوپەلەکانیشی دەستیان بەسەردا دەگیرا. لەکۆتایی ئەم باسەماندا: سەعید ئاغا شتمەکی لە دوکانەکەی یوسف برد، وە ئامینەی خێزانیشی بۆ دوو کراس قووماشی برد.

---

٩٢ لەو کاتەدا پێوانەی مەتر نەبوو، بۆیە بەدەست پێوانە دەکرا، واتە لە دەستی مرۆڤەوە تاوەکو ملی بە مەترێك هەژمار دەکرا. ( وەرگێڕ)

ئامینە بەڕاستی دەیویست پارەکەی بەو تووتنە بداتەوە کە لەماڵەوە هەیبوو، بەڵام یوسف درکی بەوە کردبوو کە هێنانی تووتنی نایاسایی چ مەترسیەکی هەیە.

## کێشەیەکی بێ مانا!

ساسۆن ناحوم باسی کێشەیەکی کێشەیەکی بێ مانای لە نێوان سعید ئاغا و جوولەکەیەکی دهۆکدا کردووە. ئەو شێوازەی کە ناحوم لە خوارەوە باسی کردووە، خۆی لە خۆیدا کاردانەوەی پەیوەندی نێوان جووەکانی دهۆك و سەعید ئاغا بووە، وە هەروەها ئاماژەیەکی ڕوونی سروشتی سەعید ئاغا بەدەردەخات. ڕۆژێکیان، سەعید ئاغا لەگەڵ جوولەکەیەك کە ناوی موشی بوو دەبێتە شەڕیان، کە ئەو جوولەکەیە هاوڕێی ساسۆن ناحوم و خاوەنی دوکانێك بوو لەناو بازاڕدا. سەعید ئاغا شالێیەکی لە موشی کڕی کە دەیویست بۆ یەکێك لە شوانەکانی خۆی بنێرێت. ئەو لە ناو یەکێك لە دوکانەکانی بازاڕەکەدا شالێیەکەی بەجێهێشت. ئەو کات مانگی ڕەمەزان بوو وە خەڵك بەڕۆژوو بوون، کەس نەیدەوێرا لەگەڵ سەعید ئاغا قسە بکات. دواتر، سەعید ئاغا بەڕێکەوت چاوی بە موشی کەوت کە شالێیەکی لەناو دەستدا بوو. ئەو وایزانی هی خۆیەتی. بە پێی وتەکانی ساسۆن، ئەم گفتوگۆیە لە نێوان هەردوولادا ڕوویدا:

- سەعید ئاغا: موشی، ئەوە شالێی منە!
- موشی: ئەمە هی تۆ نیە. ساسۆن ناحوم وتی: ئەو لێی نەدەترسا چونکە ئێمە ڕێزێکی گەورەمان لەلای حکوومەت هەبوو.
- سەعید ئاغا لەسەری سوور بوو: موشی، دووبارە پێت دەڵێمەوە، ئەو شالێیە هی منە!
- موشی: نەخێر، ئەو شاڵ یە هی تۆ نیە.

- سەعید ئاغا: پێت دەڵێم، من دەزانم ئەوە هی منە.
- موشی: ئاغا، گرەوت لەگەڵدا دەکەم، ئەگەر ئەو شاڵ یە هی تۆ بیت، من دوو سەد دینارت پێ دەدەم، بەڵام ئەگەر هی تۆ نەبێت، دەبێت تۆ سەد دینارم پێ بدەیت.

سەعید ئاغا جوێنی پێدا و وتی: تۆ دوو سەد دینارم دەدەیتێ وە من سەد دینار بە تۆ بدەم؟! واتە تۆ خۆت لەمن بە گرنگتر دەزانی.

بە پێی وتەکانی ساسۆن ناحوم، سەعید ئاغا خەریك بوو بە گۆپالەکەی لە موشی بدات، بەڵام ڕەشید ئاغای برازای وەستاندی. سەعید ئاغا لەگەل ڕەشید ئاغا و دوو سێ کەسی تر شوێنەکەیان جێهێشتو چوونە دوکانی ناحوم ساسۆن. ناحوم وتی: ئێمە ئەومان ئارام کردەوە. موشی زۆر توڕە بوو لە دوکانەکەی دانیشت، ئەوەی ڕەتکردەوە لەگەڵی ئاشت بێتەوە، هەرچەند ئامادەبووانی ئەویش زۆر هەوڵیاندا ئەم کارە بکەن. لە ئەنجامدا، شاڵێکە لە دوکانێکی تردا دۆزرایەوە وە ئەمە ئەوەی سەلماند کە موشی لەسەر حەق بوو، سەعید ئاغا پەلەی کرد لە تاوانبارکردنی موشی بە هەڵگرتنی شاڵێکە.

## چەوساندنەوەی جووەکان:

دێوالی کوڕی سەعید ئاغا لەساڵی ١٩٤٧ وەك سەرۆکی ئاغاکانی هۆزی دۆسکی جێگای باوکی گرتەوە. بۆ ماوەیەکی کورت سەرکردایەتی هۆزی دۆسکی کرد، بەڵام لە چوار ساڵدا سەرکردایەتی ئەو جوولەکانەی کرد کە لە دهۆکدا لەناوچەی دەسەڵاتداری ئەودا دەژیان، پێش ئەوەی بۆ ئیسرائیل کۆچ بکەن. جووەکان دێوالیان بە خەراپتر لە سەعید ئاغا وەسف کردووە. یوسف گەملیلی وتی کە خەریك بوو بە لێدان بمکوژێت، هەروەك لەم بەسەرهاتەی خوارەوە بە پوختی باسی دەکەین. لە بۆنەیەکدا، هەندێك خشل لە ماڵی

جوولەکەیەك بە ناوی شیمۆن خەتیَ دزرا. ئەو گومانی لە جوولەکەیەکی تر هەبوو کە دزیەکەی کردبێت، وە داوای لە دێوالی کرد کە یارمەتی بدات لە چارەسەرکردنی کێشەکە و گەوهەرە دزراوەکان بدۆزێتەوە. وادیاربوو کە ئەو جوولەکەیەی کە گومانی دزیەکەیان لیَ دەکرد، یوسف خۆی بوو. ئەو تاوانبارکردنەی یوسف بریندارکەر بوو وە بارودۆخەکەی گەرم کرد. لەئەنجامدا لەناو چایخانەیەکی دهۆکدا شەڕ لەنێوان هەردوولادا بەرپا بوو. لە ئێوارەی جەژنی دروێنەی جووەکاندا، دێوالی بانگی حاخام باشی باوکی یوسفو هەندێك پیاوی ڕیش سپی کرد.[٩٣]

دواتر دەرکەوت کە جوولەکەیەك بەناوی حەسکۆ عەلۆ لەدژی جوولەکەکە هانی دێوالی دابوو بەوەی کە پێی وتبوو لە ڕۆژی پاڕانەوەی جووەکاندا، جووەکان لەناو پەرستگادا جوێنیان بە دێوالی داوە. دواتر دەرکەوت کە شیمۆن خەتیَ، کە گەوهەراتی خێزانەکەی دزی بوو، پەنجا دیناری عێراقی داوە بە دێوالی کە لێمان بدەنو پارەکە وەرگرنەوە. دێوالی لە باوکی یوسفی پرسی: بیستوومە کە تۆ لە پەرستگادا جوێنت پێداوم. حاخام باشی پێی وت:

" جوێنمان پیَ نەداویت... بەڵکو لەڕاستیدا دوعامان بۆ کردیت کە خودا دڵی سەرکردەکانی ئەم شارە نەرم بکات.... لە خودا پاڕاینەوە کە بەزەیی بخانە دڵی ئەوانەوە کە بە دادپەروەری ڕەفتار لەگەڵ جووەکاندا دەکەن... دوعامان نەکردووە کە ببن بە نەیاری جووەکان... داوا لە خودا دەکەین کە سۆز

---

٩٣ ئەوانەی کە بانگکرابوون بریتی بوون لەم کەسایەتیانەی خوارەوە: شموعیل داود سەلمانو داود بیری و هارون جیندیو مورداخ کۆپۆ و سۆسۆ حالیو حەسکۆ گەملیلی.

و بەزەیی بخاتە دڵیانەوە بۆ پاراستنی جووەکان... ئەگەر ئەمە ڕیسوا کردن بێت، پێم بڵێ."

دێوالی وتی: نا نا، ئەمە ڕیسواکردن نیە، بەڵام حەسکۆ بۆچی ئاوای پێ وتوم؟ حەسکۆ، دێوالی هاندابوو لە دژی جووەکان بەوەی کە جوێنی پێداوە. حاخام باشی پێی وت: ئەمە ڕاست نیە، ئەگەر دەتەوێت با حەسکۆ بینمە بەرامبەرت. هەروەها داواشی لێکرد کە پەرتووکی پاڕانەوەی جووەکان بهێنێت بە ئامادەبوونی ئێمە پرسیاری لێ بکرێت کە ئایا جوێنمان بە ئێوە داوە یان نا. پاشان دێوالی داوای لە داود بیری کرد کە بیروبۆچوونی خۆی بڵێت کە ئەویش لەو کاتەدا پیاوێکی گەورەی جووەکان بوو. ئەویش وتی:

"دێوالی، ئەو گەوهەرانە لەلایەن ئیسفەوە دزراون. داود بیری پێی وت: ئەز خولام، من گوێم لێ نەبووە کە هەرگیز یوسف ئەو گەوهەرانەی دزیبێت یان لە ژیانی خۆیدا کارێکی وای کردبێت. ئەو پیاوێکی دەست پاکە. دێوالی، من سورم لەسەر ئەوەی کە ئەو دزیویەتی..."

لەو گفتوگۆیەدا دێوالی هەوڵیدا بزانێت ئایا بەڕاست یوسف دزیکەرەکەیە یان جوولەکەیەکی تر، کە لەلایەن خاوەنی زێڕەکەوە گومانی لێکرا بوو. کە ئەو قسە زارەکیانە تەواو بوون، دێوالی چیتر قسەی نەکرد و دەستی کرد بە لێدانی یوسف.

" دێوالی منی گرتو بە هەردوو دەستەکانی بە توندی ڕایکێشام.... دەستی گرتمو پێی وتم کە گەوهەرەکان بگەڕێنمەوە... پێم وت: من نەمبردووە... من هیچ هەواڵم لێ نیە... دێوالی بەردەوام بوو لە لێدانم تاوەکو گۆپاڵەکەی بەپشتمەوە شکاند....من ڕامکردە ناو دارستانێکی ئەو دەوروبەرە کە داری گەورەی لێ بوو....خودا هێزی پێدام... پارچە دارێکم هێنا و دام بە دێوالی. پێم وت: ها بیگرەو بمکوژە. سەیرێکی کردم وە بە گلەییەوە بەوانی تری وت: ئێوە پیاوێکتان خستۆتە ژێر دەستم کە بەبێ تاوان بیکوژم."

ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی دێوالی، حەسکۆ عەلۆ بگرێت و بەتۆمەتی وروژاندنی ڕقو کینە لە دژی جوولەکەکە، وە پاشان دەستی کرد بە لێدان و جوێن پێدانی. ناسنامەی دزەکە هەرگیز بەدیار نەکەوت و نازانرێت کە کێ دزیەکەی کردووە و گەوهەرەکانیش نەدۆزرانەوە. مەبەستی دێوالی لە خۆتیهەڵقورتاندنی ئەو کێشە چارەسەرنەکراوە ئەوە بوو کە ئەگەر بهاتبوایە دزەکە ئاشکرا بووایە، ئەوا بەدڵنیاییەوە دێوالیش بەشێکی لەو گەوهەرە دەست دەکەوت. یەکێك لە جووەکان ئەو هەلەی قۆستەوە و ئەو تاوانەی دایە پاڵ باوکی یەکێك لە گومانلێکراوەکان بەوەی کە لە پەرستگادا لە پیرۆزترین ڕۆژدا جوێنی بە دێوالی داوە. ئەو کێشە و ململانێیە بەردێکی لەسەر دانراو کپ کرا، بەڵام ئەو هەست و رق لێبوونەوەیەی هاوڵاتیانی جوولەکە بەرامبەر بە دێوالی سەعید ئاغا هەر بەردەوام بوو. یوسف کە زۆر سەردانی شاری زاخۆی دەکرد، بەراوردێکی لە نێوان دێوالیو حازم بەگی زاخۆدا ئەنجام داوە. ئەو دەڵێت حازم بەگ لەچاو دێوالیو باوکی فریشتە بوو!.

دێوالی ئاغایەکی چاوبرسی بوو، هەمیشە چاوی لەدەستی خەڵك بوو. شێوازی ڕەوشتی وەك هی سەعید ئاغای باوکی بوو، بەڵام بەشێوازێکی جیاوازتر کە هەندێك توندتر و کەمتر پەیڕەوی مافی خەڵکی دەکرد. ئەو وەکو باوکی وابوو، دەبووایە سەرانە لە هەموو ئەو مامەلانەی کە لە سنووری ژێر دەسەڵاتی ئەودا ئەنجام دەدران، وەربگرێت. هەموو ساڵێك جووەکان بڕێك پارەیان بە نۆکەرەکانی ئاغا دەدا بە بیانووی ئەوەی پارێزگارییان دەکەن، لەجیاتی ئەم پارەیەش ئاغا بە خزمەتکارەکانی دەگووت کە جووەکان نەکوژن و دزیان لێ نەکەن. چەمکی ئاغاتوسا بە چەمکی پاراستنی جووەکانەوە لکێنرابوو، واتە: ئەو بەشەی کە ئاغا لە جووەکانی وەردەگرت بۆ ئەوە بوو کە جووەکان لە هەر مەترسییەك کە دەکەوێتە سەریان بپارێزێت. لەو کاتەی کە

یوسف گشت کەلوپەل‌و سامانی خۆی، پێش کۆچی بۆ ئیسرائیل، فرۆشت، دێوالی داوای سەرانەی خۆی کرد. دێوالی داوای یەك لەسەر پێنجی کۆی ئەو مامەلە بازرگانیە کرد کە لە سنووری دەسەلاتداری ئەودا ئەنجام درابوون. کاتێك کە پرسیار کرا کە ئایا ئەو سەرانەیە پەیوەندی بە پاراستنی جووەکانەوە هەیە یان نا، یوسف بە دڵنیاییەوە وتی: نەخێر، ئەمە سریخوسا، گەندەڵی بوو. یوسف لە گوندێکی نزیك شاری ئۆرشەلیم لە خانوویەکی فراواندا دانیشتبوو، وە بیری ئەو ڕۆژانەی دەکرد کە لە کوردستاندا بەسەری بردبوون کە لەو کاتەدا باوکی، حاخام باشی دهۆك بوو، وە خۆیشی بازرگانێکی دەوڵەمەندی ئەو شارە بوو. بەم شێوەیە نیگەرانی خۆی لە مەڕ ئەو بارودۆخەی کە ئەو تیایدا گوزەری کردبوو، دەربڕی:

"جووەکان هەمیشە بەسەربەرزییەوە لەکاتی بینینی ئاغاکانیان سەری ڕێزیان دەچەماندەوە... لەڕاستیدا، ئاغا ئازاری جووەکانی نەدەدا، بەلام لە سەدا بیستی سەرانەی لەو ئاڵوگوڕە بازرگانیەکان وەردەگرت."

یوسف بێزاری خۆیشی لەوەش دەربڕی کە جووەکان هەردەم بە ئاغاکانیان دەووت، ئەزبەنی یان ئەز خولام، واتە: لە خزمەتت دام و خزمەتکاری تۆم. لەڕاستیدا کوردەکانیش هەمان دەستەواژەیان بەرامبەر بە ئاغاکانیان، وەك ڕێزێك بۆ گەورەکانیان، بەکاردەهێنا، بەلام بە بۆچوونی یوسف ئەمە خۆبەدەستەوەدانی جووەکان بوو بۆ ئاغاکانیان. هەروەها یوسف لەسەر ژیانی لە کوردستاندا بەردەوام دەبێت و دەڵێت: جووەکان هەمیشە سەرشۆڕ بوون. واتە ململانیی خێڵەکی‌و خۆبەدەستەوەدەر و نزم بوون بەهۆی ئەو باجەی کە بەسەریاندا دەسەپێنرا.

## پێدانی غەرامەی دێوالی بە حکومەت:

لە هەندێ شێوازدا دێوالی جیاواز بوو لە سەعید ئاغای باوکی، ئەو لەبەر چاوی بەریتانیەکان دڵسۆز بوو لەو کاتەی کە پیاوانی هۆزی دۆسکی بەهۆی فێڵی توورکەکان لەدژی بەریتانیەکان لەساڵی ١٩٢٥، تووشی دەردەسەری بوون[٩٤]. دێوالی بە تۆمەتی ئاژاوەو پیلانگێڕی دژی حکومەت لەلایەن پۆلیسەوە دەسگیر کرا. وەك باسدەکرێت، ململانێیەکی توند لەنێوان سەعید ئاغای دۆسکیو سەلیمێ مستێدا هەبوو. وادیار بوو کە سەلیمی مستێ (سەلیم موستەفا) یان کوڕی یان کوڕی موستەفا باسیفکی یان سەعید ئاغای مزووری بوو، کە لە گوندی باسیفکێ دەژیا و دوو کاتژمێر لە دهۆکەوە دوور بوو، گەڕیدەیەکی مەسیحیەکانی بەناوی رۆجەر کەمبیرلاند کوشت. سەلیمێ مستێ ڕایکرد. بە پێی ڕاپۆرتەکان، سەعید ئاغای دۆسکی پیاوەکانی خۆی ناردە گوندی باسیفکێ بۆ کوشتنی سەلیمێ مستێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. لەساڵی ١٩٤٧، سەلیمی مستێ باسیفکی لە سەر پەیژەی موتەسەڕیفی موصل، سەعید ئاغای دۆسکی کوشت. سەلیمێ مستێ بەمردن مەحکووم کرا، وە پاشان دێوالی،

---

٩٤ بەهۆی دابەشکردنی سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم، دەوڵەتی نوێ ی عێراق تەشکیل کرا کە لە سێ ویلایەتی بەغدا و بەسرا و موصل لەگەل ناوچە نەوتیەکان پێك هاتبوو. ڕێکخستنی موصل هۆکاری ناکۆکی ئەو هێزانە بوو کە بەژداربوو لە دابەشکردنەکە، بەڵام بەریتانیا بەهۆی ئەوەی کە ئیدارەی ناوچەکەی لە ژێر دەست بوو، توانی لەو ململانێیە سەرکەوێتو لە کۆتاییدا، لەساڵی ١٩٢٥، بە عێراقەوە لکێنرا.

کوڕی سەعید ئاغا، بە تۆمەتی تۆڵەسەندنەوە لە دانیشتوانی گوندی باسیفکێ دەسگیر کرا. بۆئەوەی ئازاد بکرێت، دەبوایە چوار سەد پارچە زێڕ بدات و غەرامەی پێنج سەد دینار بە حکوومەت بدات. ئەو بڕە پارەیە لەو جوولەکە و مەسیحیو مسوڵمانانە وەرگیرا کە لەژێر سنووری دەسەڵاتداری ئەودا بوون. لە پێشدا، لە سەردەمی حوکمی بەریتانیەکان، حکوومەتی عێراق ویستی لێبوردنی گشتی بدات بە هەموو ئاغا یاخیبووەکان بە سێ مەرج: گەرەنتی وەستاندنی دوژمنداری، دانی غەرامەیەکی زۆر و بەدەستەوەدانی ئەو چەکانەی کە لە ژێر دەستی ئاغا و پیاوانی ئاغادا بوون. لە خوارەوە باسی چەند نموونەیەکی تر دەکەین سەبارەت بە سەعید ئاغاو کوڕەکانی. بەپێی ڕاپۆرتەکان، ڕەشید ئاغای کوڕی بچوکی سەعید ئاغا بوو. بەپێی وتەکانی یوسف، ڕەشید ئاغا بایەخی بە مەسەلە پیس و چەپەڵەکان دا. هەروەك لەم نمونەیەدا دەردەکەوێت:

"معەلیم یەتزاکی برام کاری فالچیەتی دەکرد. بەم کارەی ژیانی ڕۆژانەی خۆی دابین دەکرد. ڕۆژێکیان ژمارەیەك کورد ئەویان گرت. پێیان وت: تۆ نووشتەیەکت بۆ کردین بۆئەوەی ئەو ئافرەتە جوولەکەیە ببێتە موسڵمان، بەڵام کچەکە نەگۆڕا و نەمانتوانی بیکەینە مسوڵمان. ئەو هەشت دینارەمان بدەوە کە بەمەبەستی نووشتەکە پێمان دابوویت. یەکێك لەو کوردانە کوڕی ئاغا حەسۆ دێزارکی بوو. هەڕەشەی کووشتنیان لە فالچیەکە کرد ئەگەر بێتو هەشت دینارەکە نەداتەوە."

هەندێك لە کوردە موسڵمانەکان نوشتەیان لە فالچیە جووەکان دەکڕی. فرەیی ئاینی لە کۆمەڵگاکە و دابونەریتی کۆمەلایەتیو باوەڕ بوون بەو جۆر خورافیاتە، وایکرد کە ئەو ڕووداوە سەبارەت بە نووشتە و نوشتەکاری ئاسان

بێت. له شارەکاندا جۆرە نەریتێکی هاوبەش له نێوان جوولەکە و موسڵمانەکاند بەتایبەتی له بابەتی خورافیاتدا هەبوو.

دوابەدوای ئەو ناکۆکیەی کە لە نێوان زڕبرای یوسف و ئەو کوردانە پەیدابوو، یوسف بە ناچاری زڕبراکەی بۆلای جوولەکەیەکی هاوڕێی لەشاری هەلەبجە بۆئەوەی بیپارێزێت نارد. معەلیم یەتزاك بوو بە خوێنەری تەورات لە کەنیسە و قەساب و سوننەتکەری منالان بۆ هاولاتیانی جوولەکە لە شاری هەلەبجەدا، بەلام خێزانەکەی کە خوشکی یوسف بوو هەر لە دهۆك مایەوە. کۆمەلێك کورد زۆرجار دەهاتنە ماڵیو داوای هەشت دینارەکەیان دەکرد جوێنیان پێدەدا و هەڕەشەی بردنی سامانەکەیان دەکرد. لە ئەنجامدا، معەلیم یەتزاك نامەیەکی ناردە دهۆك و داوای لە یوسف کرد کە خێزانەکەی بنێرێتە هەڵەبجە. یوسف بەو داواکاریەی قایل بوو و ئۆتۆمبیلێکی بۆی بە کرێ گرت.

" من دەستم کرد بە بارکردنی کەلوپەلەکانی. کاتێ کە کوڕی حەسۆ دێزارکی لەگەڵ ڕەشید ئاغا بەیەکەوە هاتنە لام، پێیان وتم: ئێمە ڕێگا نادەین ئەو ئۆتۆمبێلە لێرە بڕوات تاوەکو پارەکەمان نەدەیتەوە. من لێیان پاڕامەوەو پێم وتن: ئەمە چ پەیوەندیەکی بە ئافرەتەکەوە نیە. ئەمە کێشەی معەلیمە. ڕاستە ئەوە خوشکمە، بەلام هیچ پارەی پێ نیە. وتیان: نەخێر، ڕێگای پێنادەین ئێرە بەجێبهێلێت. دەستی لەسەر کەلوپەلەکان دانا وە ویستی بانهێنێتە خوارەوە. پێم وت: دەستەکانت بکشێنەوە ئەگەر نا دەتکوژم. ئەو کەلوپەلانە مولکی معەلیم نین. من دەچمە لای، ڕەنگە بتوانم پارەکەتان بۆ لێ وەرگرمەوە. بە ڕەشید ئاغام وت: ئەگەر ڕێگام پێنەدەی بڕۆم، یان تۆ دەمکوژی یان من دەتکوژم."

یوسف زۆر هەولێدا کە قەناعەت بە ڕەشید ئاغا بکات بۆئەوەی ڕێگا بە خووشکەکەی بدات بڕوات. هەڕەشەی ئەوەی لێکرد کە شکایەتی لای سەعید

ئاغای باوکی لێ دەکات ئەگەر نەهێڵێت ئەو ئافرەتە هەژارە بڕوات. لەو کاتەدا حەشامەتێك خەڵك لە دەوریاندا کۆبوونەوە، وە هەندێك داوایان لە ڕەشید ئاغا کرد کە ڕێگا بە ئۆتۆمبیلەکە بدا کە بڕوات. یوسف بەم شێوەیە کۆتایی بە مەسەلەکە هێنا: لە کۆتاییدا توانیم کەلوپەلەکان بگەیەنمە هەلەبجە. دەڵێن بەو ئاسانیە ڕەشید ئاغا دەستی لە داواکەی هەڵنەگرت. پاش دوو مانگ، یوسف ئەوی لەگەل پیاوێکی درێژی وەك دێودا، کە پێیەکانی لە سەر خاكو سەری لە ئاسماندا بوو! بینی کە بەرەو ماڵی ئێمە دەهات:

" من نیوە جلی شەوم لە بەردا بوو. لەو کاتەشدا خێزانەکەم بەمناڵێك زگی پڕ بوو. کاتێك کە لە ماڵەکەمان نزیك بووەوە، هەر لەبەر دەرگا هاواری کرد: ئیسف زووکە، هەشت دینارەکەم دەوێتەوە. من پێم وت: یەك خوولەك بوەستە، من جلم لەبەردا نیە. با بچمە ژوریێو هەشت دینارەکەت بۆ دەهێنم. چوومە ژوورەوە و شال و شەپکەکانم پۆشیو دەمانچەکەم هەڵگرت و بۆ لای دەرگاکە ڕامکردە دەرەوە. بە دەمانچە بەدەستەوە پێم وت: ڕەشید، پارەی منت دەوێت یان نا؟ پێشتر پێم وتی کە من هیچ پارەم نیەو ناتوانم ئەو برە پارەیەت بۆ دابین بکەم. هێشتا داوای دەکەی؟ وتی: حەسۆ، دەرگاکە بکەوە ئەگەر نا بە یەك فیشەك ڕەوانەی دۆزەخمان دەکات. دەرگاکە لە پشت هەردووکیانەوە داخرا بوو. ڕەشید بە پیاوەکەی تری وت: بڕۆ دەرگاکە بکەوە، بابڕۆین. بەرەو دەرگاکە ڕایکرد و کردیەوە."

دوای ئەو ڕووداوە، یوسف چووە لای سەعید ئاغا بۆئەوەی سەبارەت بە ڕەشید ئاغا شکایەتی لا بکات. پێی وت: کوڕەکەت نەیهێشتووە بۆماوەی سێ چوار مانگ من پشوو بدەمو ویستی بە زەبری هێز پارەکەم لێ بسەنێت. سەعید ئاغا پێی وت: ئیسف، تۆ بڕۆ ماڵەوە. منیش دەچمەوە ماڵەوەو هەردوو چاوەکانی دەردێنم. چوار ئاغا لەوێ ئامادە بوون ( لەناو چایخانەکە) کاتێك

یوسف ئەو باسەی لای سەعید ئاغا وروژاند. داود بیری کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی کۆمەڵگای جوولەکە لە دهۆك، دوای ئەوەی لە چایخانەکە دەرچوون، سەرزەنشتی یوسفی کرد و پێی وت: کە نەدەبووایە لە شوێنێکی گشتی وەك چایخانە باسی ئەو کێشەی لەگەڵ سەعید ئاغا کردبووایە[٩٥]. لەم بارەدا داود بیری ڕاستی دەوت، نەدەبووایە باسی بکات. بەپێی سیستەمی هۆزەکی، سکاڵاکردن لە کوڕی ئاغایەك لەو جۆرە شوێنانەدا، شتێکی گونجاو نەبوو. دواتر یوسف لە محیٚ یەوە بیستبووی کە حەسۆ دێزارکیو سەعید ئاغا، ڕەشید ئاغایان ئاگادارییان کردەوە و پێیان وتبوو: ئەگەر جارێکی تر کێشە بۆ ئیسف دروست بکەیتەوە، ئەوا ئێمەش لەبەرامبەرت هەڵوێستی ترمان دەبێت.

لە کۆتاییدا، کوردەکان نەیانتوانی پارەکە بگەڕێننەوە چونکە ڕەشید ئاغا دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو کە قسەی سەرۆك هۆزێك بشکێنێت. ڕەفتارەکانی دێوالیو ڕەشید ئاغا بەرامبەر جووەکانی دهۆك وەك ڕەفتاری باوکیان بوو، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز. ئەمە لەو ڕووداوەی کۆتاییدا بە ڕوونی دیارە کە کاتێك سەعید ئاغا لە پشت پشتی یوسف وەستا و نەیهێشت خودی کوڕی خۆی پارەکەی لیٚ بسەنێت، ئەمەش ئەو پەڕی دادوەرییە.

## ٢. شێخ عبدالله بریفکانی:

٩٥ لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا چایخانە وەك ماڵی دووەمی پیاوان سەیر دەکرا. چایخانە شوێنی کۆبوونەوەو خواردنەوەی چایو یاری دامەو چەندین یاری تر بوو. هەروەها تیایدا باسی کێشە کۆمەلایەتیو سیاسیو کلتوری دەکرێت، بەم هۆیەوە نەدەبووایە یوسف باسی ئەو مەسەلەیەی کردبوایە.

شێخ عبدالله بریفکانی یەکێك بوو لە سەرکردە ئایینیەکانی ناوچەی دهۆك کە پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ جوولەکە و ئایینی یەهوودی هەبوو. بەپێی ڕاپۆرتەکان، ئەو ئارەزووی خوێندنەوەی تەوراتی کردووە وە لە ناوەڕاستەکانی بیستەکان و سەرەتای سیەکانی سەدەی بیستەم، لەلایەن ڕاهیبێکەوە بەشێك لەو پەرتووکە وەرگێڕدراوە. لە سەدەی بیستەم کرانەوەی بیری شێخە کوردەکان بەرامبەر بە ئایینە کانی تر بە ڕوونی دەبینرا. شابۆ شیمۆ کە خزمەتکارێکی جوولەکەی شێخ عبدالله بوو، وتی ڕۆژێکیان، کە خۆیشی پێی سەرسام بوو، دەگێڕێتەوە:

" لەنزیك کۆلانی شێخ عبدالله چاوم بە حاخام شالۆم کەوت. پێم وت: من هەرگیز تۆم لێرە نەبینیوە، ئەوە لێرە چی دەکەی؟ حاخام شالۆم وتی: بوونی من لێرە سوودی بۆ جووەکان هەیە..."

کاتێك حاخام شالۆم چووە ماڵی شێخ، شابۆ درکی بەوە کرد کە ئەو لەوێدا ئاسوودەیە. شێخ داوای چا و قاوە و کەرەی کرد کە خزمەتی حاخامی پێ بکرێت[٩٦]. دواتر شابۆ ئەوەی زانی کە حاخام شالۆم چەند بەشێکی تەوراتی بۆ شێخ وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و فێری کردووە تاوەکو کۆچی حاخام بۆ فەلەستین لەساڵی ١٩٣٦. شێخ ببوە خۆشەویستی جووەکان. کاتێك حاخام شالۆم کۆچی کرد، زۆر بۆی گریا، چونکە نەیتوانی ئیتر لەسەر خوێندنەکەی بەردەوام بێت. هاوڵاتیانی جوولەکە دەڵێن کە شێخ عبدالله زۆر گرنگی بە جووەکانی دهۆك دەدا و بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەش، دوو ڕووداویان وەك

---

٩٦ دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە کوردەکان زۆر زانا بوون لە خزمەتکردنی میوانەکانیان و ڕێزیان دەگرتن. بۆیە کاتێك میوانێکی جوولەکە دەهات، دەیانزانی بە پێی یاسای خواردنی جووەکان، خزمەتی بکەن.

بەڵگە هێناوەتەوە. لە کاتی تەنگو چەلەمەی ئاشووریەکان لەساڵی ١٩٣٣، دەڵێن بڕیارێك بۆ لەناو بردنی جووەکان دەرچوو، بەڵام شێخ عبدالله لەلای پارێزگار سکاڵای کرد کە نابێت هیچ شتێکی خراپ بەسەر جووەکان بێت. هەروەها لەکاتی کێشەکانی ڕەشید عالی لەساڵی ١٩٤١، کاتێك کە داوا لە جووەکان کرا بڕی شەش هەزار پاوەندی زێڕ بدەن، شێخ عبدالله ڕازی نەبوو کە جوەکان ئەم بڕە پارەیە بدەن. بە درێژایی ڕووداوی ئاشووریەکان لەساڵی ١٩٣٣، هەرچەندە جووەکان هەندێك جار نیگەرانیان دەربڕیوە، بەڵام تووشی هیچ هەڕەشە و گوڕشەی ڕاستەوخۆ نەبوون. شێخ عبدالله گەلێك یارمەتی جووەکانی داوە لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو کە ڕووبەڕویان دەبووەوە. بەپێی ڕاپۆرتەکان، جووەکانی دهۆك بەرتیلیان بە سەعید ئاغا داوە بۆئەوەی ئەو کێشەیە نەقۆزنەوە بۆ چەوساندنەوەی جووەکان. لە کۆتاییدا، جووەکانی دهۆك لەم کێشمە کێشمە ڕزگاریان بوو، چونکە ڕژێمەکەی ڕەشید عالی زۆر بەردەوام نەبوو.

ئەو بەسەرهاتەی خوارەوە، کە لەلایەن شابۆ شیمۆنەوە گێڕدراوەتەوە، ڕەنگدانەوەیەکی تایبەتیە لە پەیوەندی نێوان شێخ عبدالله و جووەکانی دهۆك. شێخ عبدالله داوای لە هاوڵاتیانی جوولەکە کرد لە ڕێگای شابۆی خزمەتکارەکەیەوە کە بۆ چاکبوونەوەی کوڕەکەی دوعا بکەن، کە هەردووکیان پێشتر لە یەکتر ڕەنجابوون و کوڕەکەشی هیوای دەخواست لەگەڵ باوکی ئاشت بێتەوە. دوای دوو مانگ ئاشت بوونەوەکە ڕوویدا بە ئامادەبوونی چەندان کەسایەتی وەك شێخ نووریو شێخ عبدالرەحمان ئەلتوشیو شێخ محمد مەمانیو مریەم خاتوونی مامۆژنی. هەروەها ڕاهیب یوسف و ئیمامی دهۆکیش تیایدا بەژدار بوون. بەپێی ڕاپۆرتەکان، لەم بۆنەیەدا شێخ عبدالله باسی ئەو دەمەقاڵێیەی کرد کە پێش دوو مانگ لەگەڵ ئیمامی دهۆکدا کردبوویو تیایدا

ئیمام ڕای گشتی له دژی جووەکان هاندا بوو. لەم گفتوگۆیەدا شێخ عبدالله بەتوندی لەگەل ئیمام دوا سەبارەت بە کۆلەکەکانی ئیسلام. شێخ عبدالله:

" پەیمانیدا کە سەد دینار بە ئیمام بدات ئەگەر توانی لەماوەی یەك مانگدا کۆلەکەکانی ئیسلام باس بکات، بەڵام ئەگەر نەیتوانی، دەبێت ئەو وروژاندنەی لەدژی جووەکان ئەنجامی دەدا، ڕابگرێت وە هیچ گلەیشم نەکات ئەگەر فەرمانی کووشتنی ئەوم دا."

ئەمە گفتوگۆیەکی گەرم بوو. یەکێك لە ئامادەبووان پرسیاری لە شێخ عبدالله کرد کە بۆچی ئەو پرسیارەی سەبارەت بە کۆلەکەکانی ئیسلام لە ئیمام کرد وە پاشان شێخ داوای لە شابۆی خزمەتکارەکەی کرد بۆ ئەوەی لاپەڕە ڕەشەکانی تەوراتی بۆ بهێنێت کە لەلایەن حاخام شالۆمەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدرا بوو. پاشان داوای لە خزمەتکارەکەی کرد پیشانی عبدالرحمان ئالتووسی بدات بۆئەوەی کە لە بنجو بناوانی تێبگات. شێخ عبدالله وتی کە ئەو زۆر شانازی بە ڕەچەلەکی خۆی دەکات. وتی: خودا هێزی پێداوین وە ئێمەش پێویستە ئەو هێزە بۆ پاراستنی جووەکان بەکاربهێنین. ئەو بەردەوام دەبێت و دەڵێت کە دوو ڕاهیبی جوولەکە بە ناوەکانی حاخام شالۆمو حاخام موشی سەرکەوتوو بوون لە باراندنی باران، بەهۆی پاڕانەوەکانیانەوە، لە کاتی وشکانیدا و توانیان ڕێ لە دوو کەمتیار بگرن لە خواردنی بەرووبومەکان لە گۆڕستانی موسڵمانانندا. هەموو ئەو کارانەیان بەهۆی پاڕانەوە و نووشتەوە ئەنجام دا. سەبارەت بە شێخ عبداللهوە ئەم نموونەیە بەس بوو کە بڵێت خەڵکی جوولەکە لە موسڵمانان لە پێشترن.

## ناکۆکی نێوان حاجی مەلۆ و شێخ نووری:

کۆمەڵگای خێڵەکی کوردی بەوە ناسرا بوو کە هەمیشە ململانێ‌و ناکۆکی تیادا بووە. هەرچەندە جووەکان بە هاوڵاتی ناخێڵەکی‌و پارێزراوی ژێر دەستی ئاغاکان لەو کێشانە دادەنران. لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەتوانرێت ئەمە ببینرێت.

یەکێك لە سەرکردە دیارەکانی کۆمەڵگای جوولەکەکان لەماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، داود بیری بوو کە هەردوو کوڕەکانی کچەکانی جوولەکەیەکی بازرگانی دەوڵەمەندیان بە ناوەی داود سلێمان هێنا بوون. بەرە بەرە بیری بەهۆی کاری دارفرۆشیەوە بووە بازرگانێکی دەوڵەمەند، وای لێهاتبوو کە خەڵکی ناوچە شاخ نشینەکانی بۆ گواستنەوەی دارەکان دادەمەزراند. ئەو وەك خەزنەداری پەرستگای دهۆك دامەزرا و پەرەی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئاغا و حکوومەت دا. بیری بەوە ناسراو بوو کە پەیوەندیەکی نزیکی لەگەڵ عەلی حاجی مەلۆدا هەبوو وە ئەو پەیوەندییەیان بەردەوام بوو تاوەکو ئەو ڕۆژەی کە حاجی مەلۆ لە لایەن سەعیدی کوڕی شێخ نووریەوە کوژرا، لەو کاتەوە ئاژاوەو دووبەرەکی باڵی بەسەر هۆزەکەدا کێشا. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان، ئەوان ویستیان داود بیریش بکوژن، بەڵام بەهۆی ئەو پاسەوانیەی کە لێی دەکرا، خودا ئەوی لەو تەڵەیە پاراست. بۆ جوولەکەکان ئاسایی نەبوو کە خۆیان لەو ملمڵانێیەی نێوان ئاغاکان هەڵبوقورتێنن، چونکە جووەکان بەشێك نەبوون لە هاوڵاتیانی هۆزەکی، بەڵکو تا ڕاددەیەك سەربەخۆ بوون. ئەو پەیوەندیە نزیکەی بیری لەگەڵ حاجی مەلۆ وای کرد کە ئەو

کەسانەی حاجی مەلۆیان کوشتووە، ئەویش بکەن بە ئامانجی خۆیان و بیکوژن. جووەکانی دهۆك وتیان کە بیری هەندێك زانیاری سەبارەت بە نووری بریفکانی بە حاجی مەلۆ دابوو، هەر بۆیەش دەیویست بیکوژێت. نازانرێت تاچەند ئەمە ڕاستە بەڵام دەڵێن کە داود بیری بەتەواوی لایەنگیری دووژمنەکانی شێخ نووری بووە. هەروەها بەهۆی پیاوانی حاجی مەلۆوە ژیانی ڕۆژانەی خۆی دابین دەکرد، کە پیاوانی مەلۆ دەهاتنە دوکانەکەیو هەموو پارەی خۆیان لەوێدا خەرج دەکرد. بە پێی ڕاپۆرتەکان، ئەو ململانێیە هەر بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی جووەکان لەساڵی ١٩٥١ بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کرد[٩٧].

٩٧ لە ساڵی ٢٠٠١دا، هەشت ئەندام پەرلەمانی پارتی دیموکراتی کوردستان گۆڕدران. دووانیان ناوەکانی سەلیم حاجی مەلۆ و دکتۆر قەیس دێوالیان هەڵگرتیوو، لەوانەیە ئەو دووانە نەوەکانی هەردوو ئاغاکە بن کە لەم بەشەدا باس کران.

# بەندی چوارەم

## ئامێدی

### ئامێدی لەسەدەکانی کۆندا:

ئامێدی دەکەوێتە دووری ٦٥ میل لە باکووری خۆرهەڵاتی شاری موصل. شارۆچکەکە لەسەر بانێکی شاخی شێوە هێلکەیی بنیادنراوە وە بەرزیەکەی دەگاتە پەنجا بۆ هەشتا پێ. ئامێدی پایتەختی ناوچەی بادینان بوو[٩٨]، جاران یەکێك بوو لە ناودارترین شوێنەکانی کوردستان بۆ جووەکان. بە گوێرەی وتەکانی ڕیچ لەساڵی ١٨٢٠ و دەیڤید دی بیس هیل لەساڵی ١٨٢٦، ژمارەی دانیشتوانی ئامێدی لە دوو سەد خێزانی جوولەکە و هەزار خێزانی موسڵمان پێك هاتبوو. پێش ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، ئامێدی بە گۆڕانکاریەکدا تێپەڕی کە کاریگەری گەورەی کردە سەر شارەکە و کۆمەڵگای جوولەکە. لەساڵی ١٨٢٨، میر محەمەدی ڕواندز، کە بە (میری کۆرە)ش ناسرابوو، ئابلۆقەی خستە سەر شارەکە و داگیری کرد. ئەو ئامێدی تاڵان کرد و زۆر بەخەراپی مامەڵەی لەگەڵ هاوڵاتیانی جوولەکە کرد، کە بە بەشێکی گرنگی دانیشتوانەکەیان پێك دەهێنا، و بەبێ بەزەییانە دەیان چەوساندنەوە. زۆربەی جووەکان ناچار کران

٩٨ ئەو سەردەمە بە شارەکانی دهۆك و زاخۆ و ئامێدی دەووترا ناوچەی بادینان.

کۆچ بۆ ئەو شوێنانە بکەن کە کەمتر بچەوسێنرێنەوە لەژێر زۆرداری پاشای کۆرە. تاوەکو ساڵی ١٨٣٨ میری کۆرە بەردەوام بوو لە چەوساندنەوەی جووەکان لە شارەکانی ڕانیە و کۆیە و هەولێر و ئاکرێو زاخۆ، ئەو زۆرداریەی تاوەکو جزیرە و ماردین سنووری کێشا. ڕوون نیە کە جووەکان لە شارەکانی تریش وەکو ئامێدی دەچەوسێنرانەوە یاخود نا.

لەساڵی ١٨٣٨، سوپای تورکیا میر محەمەدی دەسگیر کرد و لە سێدارەیان دا. ئەو یەکێك بوو لە دوایین قەوارەی نیمچە سەربەخۆی کوردستان کە لەلایەن سەرکردەیەکی هۆزەکیەوە حوکمی بکرێت. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم بە دواوە، دەسەڵاتدارانی تورکیا کارگێری ناوچەکەیان گرتە ئەستۆ. دوا بەدوای نەمانی پاشای کۆرە، موصل حوکمی ئامێدی کرد. بارودۆخی جووەکان تا ڕاددەیەك بەرەو پێش چوو، بەڵام ناچار کران کە بەرد و ئاو بۆکاری دروست کردنی قەلا بۆ ئامێدی سەربخەن و هەموو کارێکی قورسیان پێدەکردن. لە ماوەیەکی کورتدا، بەهۆی ئەم بارودۆخەوە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بۆ سەد خێزان کەم بووەوە. بارودۆخی ئابووری جووەکان بەهۆی نائارامی ئاساییشی سیاسەوە بەرەو خوار دەڕۆیشت. ئەساهیل گرانت، کە لەساڵی ١٨٣٩ سەردانی ئامێدی کردبوو لە دوای ڕووخانی پاشای کۆرە دەڵێت، بەهۆی شەڕ و شۆڕەوە خەریك بوو شاری ئامێدی چۆل بکرێت. لە کۆی هەزار ماڵ تەنها دوو سەد و پەنجایان مابوونەوە. خانوو و بازاڕەکانی تر هەموویان خاپوور کرا بوون. لەساڵی ١٨٥٠ جۆرج پێرس لە ڕێگادا چاوی بە نوێنەری جوولەکەکان کەوت کە بۆ سکاڵاکردن چووبوە لای پاشای موصل بەهۆی ئەو بەزۆر لێسەندنەوەی پارە لەلایەن پارێزگاری ئامێدیەوە.

جوولەکەو مەسیحیەکان وەکو یەك لەژێر زوڵمی پارێزگاردا دەچەوسێنرانەوە، وە دەیانویست شارەکە بەجێ بهێڵن، بەڵام بەزەبری هێز ناچار کرابوون

بمێننەوە. لە دەورووبەری ئەو کاتەدا، گەڕیدە هێنری هاروون ستێرن، کە لەگەڵ هەندێ ڕاهیبەدا سەردانی ئامێدی کردبوو، ڕێگای پێدرا کە لە پەرستگادا بۆ جووەکان قسە بکات. ئەو بەسەرهاتەی خوارەوە تۆمار کرا:

" ڕۆژی پاشتر پارێزگار بەدوایدا ناردم وە بەبێ ئەوەی من سڵاوی لێبکەم یان ئەو وەلامی سڵاوەکەم بداتەوە، بە توندی پرسی کە چ کارێکم بەو جوولەکانە هەبوو لەو ئێوارەیەدا[99]. بە کورتی پێم وت: مەبەست لە وتارەکەم ڕەواندنەوەی هەندێك گوومان بوو لە مێشکی جووەکاندا. وتی: کارەکەت شایەنی ڕێز لێنانە، هیوادارم کە هەموو جووەکان ئیمان بە حەزرەتی مەسیح بهێنن. باشترە کە سوپاسگوزاری پێغەمبەرێك بن لەوەی کە هەردووکیان ڕەت بکەنەوە."

بارودۆخی ئامێدی بەردەوام بەرەو خەراپی هەنگاوی دەنا. لەساڵی ١٨٧١دا، بەدرێژایی جەنگێکی جەنگێکی تردا لە شارەکە، موسڵمانەکان هێرشیان کردە سەر هاوڵاتیانی جوولەکە، دوو پەرستگایان تاڵان کرد و تەختە کۆنە خشلەکەی تەوراتیان برد. بۆیە سەیر نیە کە لەساڵی ١٨٨١دا ژمارەی خێزانە جووەکان، کە لە ئامێدیدا ژیاون، تەنها بۆ پەنجا خێزان کەم بوەوە. بەپێی ڕاپۆرتێکی نافەرمی لەساڵی ١٩٣٠دا لە کۆی سیویەك هەزار و حەوت سەدو چلو شەش هاوڵاتی دانیشتووی شارەکە، جووەکان تەنها هەشت سەدو دوانزە کەسیان پێك دەهێنا. ڕاپۆرتێکی سەربازی بەریتانیا ژمارەی دانیشتوانی ئامێدی بە سێ

---

٩٩ ڕوون نیە کە ئایا ستێرن ڕاهیبەکانی سەبارەت بە پەیامەکەی لە پەرستگادا ئاگادار کردۆتەوە یان نا. من (نووسەر) وای بۆ دەچم کە ڕاهیبەکان هیچ زانیاریەکیان لەبارەی پەیامەکەوە نەبوبێت وە هیچ زانیاریەکیان لەسەر ئەسلی عبری نەبووبێت. بۆیە ڕەنگە ئینجیل کاریگەری هەبووبێت لەو گفتوگۆیەدا. ناوەڕۆکی وتارەکەی هۆکاری ڕەخنەگرتنەکە بوو، وە ئەمەش سەرنجی پارێزگاری بۆ خۆی ڕاکێشا.

هەزار خەملاندووە. لەو کاتەدا کێشەی کەمی ئاو لە شارەکەدا بوونی هەبوو. دەڤەری ئامێدی لە توانایدا نەبوو کە سەرچاوەی بژێوی بۆ دانیشتوانی دابین بکات. سەرچاوەکانی ژیان لە شارەکەدا لەو ئاوە زیادە دابین دەکرا کە لە ناوچەی دهۆکەوە زیاد دەبوو. لەساڵی ١٩٤٥ ژمارەی هاوڵاتیانی جوولەکە لە شارەکەدا چوار سەد کەس بوو، وە چاوەڕوانیش دەکرا کە ئەو ژمارەیە لە ماوەی پانزە ساڵدا نیوەی ببێتەوە. بۆیە لەساڵی ١٩٤٥ ئەو ژمارەیە بۆ سێ سەدو سێ کەس کەم بووەوە.

### پەیوەندی جووەکان لەگەڵ ئاغا و حکوومەتی ناوەخۆییدا:

بەدرێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم شابای باراشی، کە بازرگانێکی جوولەکەی دەوڵەمەند و ڕابەری جووەکان بوو، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی شارەکەدا هەبوو. ئەو پیاوێکی بەخشندە بوو، هەمیشە دەسەڵاتدارانی حکومەت و ئاغاکانی میوان دەکردن لە سەر حیسابی ئەو دەیانخوارد و خواردەوە. لە نێوان میوانەکانیدا ئەمانەی خوارەوە دەبینران: معاونی پۆلیس و قایمەقام و قازیە ناوخۆییەکان. جووەکانی ئامێدی بە پیاوێکی زیرەك وەسفیان کردووە، کە کاریگەری چاکی لەسەر پۆلیس هەبووە، جا ئەم کاریگەرییە چ لە ڕێگای گیرفانەوە بووبێت یاخود لە ڕێگای ئەو خواردنەوانەی کە بۆی دەکڕین. ئەو فەرمانبەرانەی حکومەت هەرچیەکیان داوا بکردایە، بۆیان ئامادە دەکردن. هەرچەندە هیچ نموونەیەکی ڕوون بەرچاو ناکەوێت، بەڵام لە بەرامبەردا ئەویش هەرچیەکی داواکردبوایە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆی دابین دەکرا. دانیشتوانی ئامێدی گەواهیدەری ئەوە بوون کە پەیوەندی شاباتای باراشی لەگەڵ حکومەتدا بووە هۆی ڕزگارکردنی ڕاهیبێك بەناوی حاخام عەلوان ئاڤیدانی لە کێشەیەکیدا لەگەڵ حکومەت. باراشی پشتگیری لە ئاڤیدانی کرد لە

بوون بە بەرپرسی کۆمەڵگای جووەکانی ناوچەکە، شایانی باسە کە مووچەی ئەو کارە لەلایەن حکومەتەوە دابین دەکرا. لەساڵی ١٩٣٦دا، لەناو خەڵکەکەدا کێشەیەك سەری هەڵدا، لە ئەنجامی دابەشبوونەکەی دوو کۆمەڵەکەی پەرستگا. باراشی بەرپرسیاریەتی پەرستگای سەرووی گرتە ئەستۆ و حاخام عەلوانیش بووە بەرپرسی پەرستگای خواروو.

گرنگترین ڕابەرانی شاری ئامێدی لە ئاغا کوردەکان پێك هاتبوون. جوولەکە و موسڵمانەکان تەنها داوای یارمەتیان لە ئاغا دەکرد چونکە هەرچیەکی بگووتایە بە ناچاری حکوومەت قایل دەبوو. ڕاستەوخۆ دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی یەکەم، بەریتانیەکان دیارترین کەسایەتیو هۆزەکانی ناوچەکەیان دەست نیشان کرد، کە لەمانەی خوارەوە پێك هاتبوون: ڕەشید بەگ و موسا بەگی هۆزی بەرواری بالا، عبدالوەهاب ئاغای نێروەو ڕێکان، سوتۆ ئاغای تەشووریو ئۆرەماری. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، ئامێدی دوو ئاغای سەرەکی لێ بوو، ئەوانیش حاجی عبداللتیف حاجی عبدالعزیز و حاجی شەعبان ئاغا. سەرچاوەکانی جوولەکە باسی چەندین ڕووداوی ئەم دوو ئاغایە و کوڕەکانیان کردووە.

## حاجی عبداللتیف و کوڕەکانی:

بەریتانیەکان ئەم پیاوە وەك پارێزەرێکی سەرکەوتوو لە شاری ئامێدی وەسف دەکەن، هەروەها ڕاپۆرتە بەریتانیەکە دەڵێت: هەرچەندە بە جۆرێك لە جۆرەکان حوکمەکە زبر بوو، بەڵام هەر بە سەرکەوتوو دادەنرێت. حاجی لەساڵی ١٩١٩ بۆ شاری موصل دوورخرایەوە، دوای ئەو پیلانگێڕیەی کە لە دژی بەریتانیەکان ئەنجامیدا، کە کۆتایی بەدەسەڵاتەکەی وەك پارێزگار هێنا، پاشان ڕێگای گەڕانەوەی پێدرا. دوای گەڕانەوەی ئاوارە ئاشووریەکان لەخاکی

تورکیاوە بۆ عێراق، دوابەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم، ئامێدی خرایە سەر پارێزگای دهۆك و بوو بە ناحیە وە حاجی وەك بەڕێوەبەری ناحیە دەست نیشان کرا. ئەو لەگەل قایمەقام دەسەڵاتێکی وایان پێنەدرا بوو. کاتێك ئامێدی دەسەڵاتی بۆ قادە زیادکرا، لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٠ بەریتانیەکان شاری ئامێدیان جێهێشت و حاجی بە حاکمی شارەکە دەست نیشان کرا کە زۆر بە کارامەیی و سەرکەوتوویی کارەکانی ڕاپەڕاند.

جووەکانی ئامێدی ئەویان وەك گەورە و پارێزەری موسڵمان و مەسیحیی و جووەکان وەسف کردووە. سەرچاوەکانی جوولەکە ئاماژەیان بەوە داوە کە کەس نەیتوانیوە دوژمنداری جووەکان بکات لەژێر دەسەڵاتداری ئەودا، هەروەك ئەوەشی قەدەغەکرد کە نابێت جووەکان لەلایەن دانیشتووانی شارەکە و حکومەتەوە هەراسان بکرێن. لەو کاتەی حاجی حاکمی شارەکە بوو لەساڵی ١٩٢٠ بەدواوە، جارێکیان یارمەتی شێخ محەمەد زێباری، کە زڕبرای خۆی بوو، دا. ژمارەیەك چەکداری نارد بۆ بەژداریکردنیان لە ڕاپەڕینەکەی ئامێدی. تونێلێکیان لەژێر ئەو دیوارەدا هەڵکەند کە لە دەوروبەری ماڵی حاجی بوو. لە ئێوارەی ساڵی نوێی جووەکان، لە کانوونی دووەمی ١٩٢٢دا، جەنگێك لە نێوان یاخیبووە کوردەکان و هێزەکانی پۆلیس لەناو بنکەی پۆلیسدا ڕوویدا[١٠٠]. بۆ بەیانی دواتر جووەکان لە پەرستگادا بەژداری ئاهەنگی سەری ساڵیان نەکرد، چونکە لەوە دەترسان کە ببنە قوربانی هەردوولا. کۆمەل کۆمەل بە تەور و داسەوە لە ماڵەکانیان مانەوە، وایان لێك دایەوە کە نەوەکو هێرشمان بکرێتە سەر، ئەگەر ئەو کارە ڕوویدات ئێمەش هێرشیان دەکەینە سەرو هەتا دەتوانین

---

١٠٠ زۆرجار کوردە یاخیبووەکان هێرشیان دەکردە سەر بنکەی پۆلیس، چونکە هەموو چەك و جبەخانەکان لەوێ بوون و سیمبولی حکومەتیش بوو.

دەیانکوژین. لە نیوە شەودا، هێزی پشتیوانکەر کە لەلایەن سەربازانی ئاشووریەوە بەڕێوە دەبرا، هاتنە ناو شاری ئامێدی و لە تۆلەی کوردەکان هێرشیان کردە سەر هێزەکانی حکوومەت. لە ساڵی ١٩٢٢، خەریك بوو حاجی دەست بەسەر ئامێدیدا بگرێت لە هێرشێکی یاخیگەرانەدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و ڕایکردە بارزان بۆ لای شێخ ئەحمەدی بارزانی، کە بەهۆی هاوسەرگیری خوشکەکەی بۆ شێخ عبدالسەلام بارزانیەوە خزمایەتیان هەبوو.

حاجی چوار کوڕی هەبوون: صالحێ سەفیەیی، کە شوێنی باوکی گرتەوە،و عزەت و عەلی، کە ئەفسەری سوپای عێراق بوون، و ئەحمەد. دانیەل باراشی وەك هارون جودۆی زاخۆ لەگەلێ ئاغاکاندا پەیوەندیەکی هاوڕێیانەی هەبوو. هەندێ چاکەی لەو ئاغایانە بینی، بەڵام لەهەمان کاتدا بەهۆی ئەو پەیوەندییە نزیکەی لەو ئاغایانەوە، لەلایەن هەندێك کەسەوە تووشی ئازاردان بووە. بەڕاشی دانی بەو پەیوەندیە ناوە کە لەگەل صالح سەفیەیی، کوڕی حاجی، و مستێ تاهیر ئاغا، هاوەڵی هەبوو. هەروەك لە خوارەوە بە پەیوەندیەکی پیرۆز باسی کردووە و دەڵێت:

" ئەوان منیان خۆش دەویست.... من بە سەماکردنەکەم دڵی ئەوانم پڕ لە جۆش و خرۆش دەکرد... هەروەها شتمەکم بەبێ بەرامبەر پێدەدان. بۆ نموونە، ئەگەر ئاغایەك باڵندەیەك یاخود پەلەوەرێکی بویستابە، خزمەتکارێکی خۆی بە پارەوە دەنارده لام وە منیش خزمەتکار و پارەکەم دەناردەوە و پارەکەشم لێی وەرنەدەگرت. هەر بۆیە ئەوان منیان خۆش دەویست."

بەدرێژایی جەنگی جیهانیی دووەم صالح صەفیەیىو مستیٚ تاهیر ئاغا یارمەتی هێزەکانی مەلا موستەفا بارزانییان دا، چونکە کچی حاجی شووی بە یەکێك لە کوڕەکانی شێخ ئەحمەدی بارزانی کردبوو[١٠١]. بەپێی وتەکانی دانیەل بەڕاشی:

" مەلا موستەفا هاتە ئامێدیىو توانی بە یارمەتی صالح و مستیٚ نزیکەی پێنج سەد پارچە چەك لە ئامێدیىو ناوچەکە کۆبکاتەوە.... بۆ ماوەیەك چەکدارەکان لە دەرەوەی ئامێدی، لەناو بێستانەکاندا، چاوەڕوانی فەرمان بوون. حکوومەت هێزی پشتیوانی لە بەغداوە نارد. بۆ ماوەی پانزە ڕۆژ لە ڕێگای قایمەقامەوە گفتوگۆ لە نێوان هەردوو لادا ئەنجام درا، بەڵام پێشمەرگەکانی بارزانی گوێیان بۆ داواکاریەکانی حکوومەت نەگرت. صالح و مستیٚ خزمەتکارێکی خۆیان بە ناوی محەمەدیٚ فەللە، کە دایکی مەسیحی بوو، بە لیستێك کەلوپەلەوە نارده لام وە من دەبوایە بیان کڕم وە هەندێك پەلەوەر و ئەو جۆرە بابەتانەیان بۆ بنێرم.... کاتێك کە جەنگەکە هەڵگیرسا، ئەوان بانگی منیان کرد کە پەیوەندی بە مەلا موستەفاوە بکەم.... تاهیر ڕەشۆی خزمەتکاری صالحیان نارد لە ڕۆژی ئێوارەی هەینیدا کە من خەریکی پیاسەکردن بووم لەگەڵ هاوڕێکانمدا. بە تاهیر ڕەشۆم وت: بە هەموو شێوەیەك دەتوانم یارمەتیتان بدەم، بەڵام نامەوێت بەژداری لە جەنگدا بکەم. من جوولەکەم، چۆن بتوانم خواردنی ناو جەنگ بخۆم کە خواردنی حەلال (کۆشەر)ی لیٚ نیە[١٠٢]."

---

١٠١ ئەمە دووەمین پەیوەندی خزمایەتی بوو لە نێوان هەردوو لادا، چونکە پێشتریش خوشکی حاجی شووی بە شێخ عبدالسەلامی بارزانی کردبوو.

١٠٢ یاسای خۆپاریزی لە خواردن و نەبوونی گۆشتی کۆشەر، باوترین بەهانەی جووەکان بوو بۆئەوەی پەیوەندی بە ڕیزەکانی سوپاوە نەکەن.

ئەو کاتە شەوی هەینی بوو. دانیەل بەڕاشی بە تاهیر ڕەشۆی وت کە ناتوانێت لە ڕۆژی شەممەدا بێت و هاوسەرەکەی لەدوای خۆیدا جێبهێڵێت و بڕواتە جەنگ.

عیزەتی برای بچوکی صالح صەفیەیی لە سوپای عێراقدا ئەفسەر بوو. بە گوێرەی وتەکانی باراشی، عیزەت سەرکردایەتی سێ یەکەی سەربازی دەکرد بە مەبەستی پیشاندانی وانەیەکی سەربازی بە مەلا موستەفا بارزانی! کە پێی وتبوو یەکە سەربازیەکانی ئەو لە کوێن چ فەرمانێکیشیان پێکراوە. مەلا موستەفا خێرا هێزەکانی ئامادە کرد و هیچ بوارێکی هەڵاتنی بۆ ئەوان نەهێشتەوە. عیزەت و دوو ئەفسەری تر یەکەکانی خۆیان جێهێشت و چوونە پاڵ بارزانیو پاشان سنووریان بەزاند و چوونە ناو خاکی ئێران. پاش ماوەیەکی کەم ئەفسەرێکی بەریتانی، کە شەلیش بوو، چووە ناوچە سنووریەکان و پێشنیاری خۆبەدەستەوە دانی عیزەتو چەکدارەکانی کرد. دەسەڵاتداران بەڵینی ئەوەیان دا کە ئەگەر بگەڕێنەوە لێیان خۆش دەبن. بەم شێوەیە عیزەت و صالح و تاهیر و ئەحمەد حاجی عبداالتیف بەم ڕێکەوتنە ڕازی بوون و بەرەو شاری هەولێر بردران. ئەوان بۆ ژێر کۆنترۆڵی سوپا گواسترانەوە. وە بە عیزەتیان وت کە خۆی دەزانێت چارەنووسی ئەو کردەوانەی کە ئەنجامی داون، چیە. ئەویش وتی: تەنها گوولەیەکم لێ بدەن، بەڵام تەرمەکەم لە ئامێدی بنێژن[١٠٣]. عەلی بۆ حکومەت هەر بە دڵسۆزی مایەوە. ئەوانی تریش کە بریتی بوون لە صالح و سەلیمی مستێ و ئەحمەد حاجی عبداالتیف، لە بەندیخانەدا مانەوە و حکوومەت سەرجەم گوند و خانووبەرەکانیان زەوت کرد.

---

١٠٣ ئەو چوار ئەفسەرە کوردەی کە شانبەشانی بارزانی جەنگا بوون چەند کەسێك لەوانەی کە خیانەتیان لە حکوومەت کردبوو، لە سێدارە دران.

## حاجی شەعبان و کوڕەکانی:

ڕاپۆرتیکی سەربازی بەریتانی لەساڵی ١٩٢٩، حاجی شەعبان وەك یەکێك لە ڕابەرانی دوو کۆمەڵەکەی ئامێدی وەسف کردووە. حاجی شەعبان ئاغا سەرکردایەتی ڕاپەڕینەکەی ئامێدی کردووە و ئاوارەی ناوچە سنووریەکانی جەزیرە و تخوما بووە. بە پێی وتەکانی دانیەل بەڕاشی، حاجی شەعبان ئاغا بەلایەنی کە دەستی لە کووشتنی دوو سەربازی بەریتانیادا هەبووە و تێوەگلاوە[١٠٤]. وە ئەوەشی بیر دێتەوە کە شەعبان ئاغا، تاهیر هەمەزانی ناردە لای عبد ئاغای مزووری. ئەوان پلانیان داڕشت بۆ هێرشکردنە سەر ئەفسەرە بەریتانیەکان و سەربازە ئاشووریەکان کە لە بنکەی پۆلیسی ئامێدی کاریان دەکرد. لەم هێرشەدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی پۆلیس هاوکاری یاخیگەرانیان کرد.

" دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، جەنگێك لەنێوان حاجی شەعبان ئاغا و بەریتانیەکان ڕوویدا.. حاجی شەعبان ئاغا لەگەڵ تاهیر هەمەزانی بەیەکەوە پلانێکیان دانا لەنزیك گوندی هەمزە، نزیك بامەڕنێ... (عبد ئاغای مزووریش دەستی لە مەسەلەکەدا هەبوو)... پلانیان بۆ کووشتنی دوو ئەفسەری بەریتانی داڕشت... شەوێکیان، ئەوانیان لە بنکەی پۆلیسدا کوشت. ئەوانیان کوشتو بارەکانیان برد و هەڵاتن. بۆ ڕۆژی دواتر سوپای بەریتانی، یەکەی هیندی، هاتنە ئامێدی. جوولەکەکان زۆر ترسان و گەنجە تازە پێگەیشتووەکانیان نارد گوندەکانی دەورووبەر بۆئەوەی لەوێ پەنا بدرێن."

---

١٠٤ لە مانگی تەمموزی ١٩١٩دا ڕوویدا. ئەفسەرە بەریتانیەکانیش ئەمانەی خوارەوە بوون: کاپتن د. ویلی و کاپتن هـ.مەکرۆنالد و عەریف ڕەتووپ.

دانیەل بەڕاشیو خێزانەکەی بۆماوەی مانگێك لە گوندی سپینداری مازا مانەوە. دوای کۆتایی هاتنی حوکمی بەریتانیەکان، حاجی شەعبان بۆ هەردوو حوکومەتی عێراقیو بەریتانی بەدڵسۆزی مایەوە و لەدژی شۆڕشی کوردی وەستایەوە. لە بەرامبەردا عێراقیو بەریتانیەکان ئەو گوندانەی کە پێشتر مولکی صالح صەفیەیی، کوڕی عبداللتیف ئاغا، و مستیێ تاهیر ئاغا بوون، بەخشیە شەعبان ئاغا کە هەر دوو ئاغایە گەورەی دانیەل بەڕاشی بوون، بۆیە بەڕاشی هەستی بەوە کرد کە ڕووبەڕوی کێشە دەبێتەوە لەلایەن حاجی شەعبانەوە چونکە ئەو زۆر دڵسۆزی صالح و سەلیمێ مستیێ بوو. کاتێك هەردوو کوڕەکانی شەعبان ئاغا، ئەحمەد ئاغا و سەعید ئاغا، بانگهێشتی دانیەل بەڕاشیان کرد، ئەو بێ هیوا بوو و بە مەریەمی هاوسەری وت:

"تازە من تیاچووم... ئەو ئاغایانە بەزەییان بەخەڵکی خۆیاندا ناهێتەوە جا چ بگاتە جوولەکەیەکی قوڕ بەسەر... منماڵئاواییم لە هاوسەرەکەم کرد. ئەوە دوایین ڕۆژی منە لە ژیاندا. خێزانەکەم ماچ کرد و چوومە لایان. کە چوومە ژوورەوە هەموویان دانیشتبوون، من لەترسان چەمابوومەوە. وتیان: دانیکۆ (کورتکراوەی دانیەل) دانیشە، دەزانی بۆچی تۆمان بانگ کردووە؟ وتم: نەخێر. وتیان: دەمانەوێت لەگەڵ خزمەتکارەکانمان بۆ ئەو گوندانە بڕۆن کە پێشتر مولکی صالح صەفیەییو سەلیمێ مستیێ بوون. کوڕەکانی حاجی شەعبان داوایان لێکردم کە سەرپەرشتی کۆکردنەوەی سەرانە و بەرهەمی کشتوکاڵی بکەم و لە کۆگایەکدا هەڵیانگرم. خانوویەکیان بۆ دابین کردم کە تیایدا نیشتەجێ بم، وە بەڵێنیان دا کە حاخامێك و قەصابێك دابین بکەن بۆ ئەوەی گۆشتی کۆشەر بخۆم لە شوێنە نوێیەکەدا."

بەئاشکرایی ئەوان لێکۆلینەوەیان لەگەل محەمەدێ فەللە کردبوو وە درکیان بەوە کردبوو کە دانیکۆ بۆ ئەوە بانکراوە کە پەیوەندی بە یاخیبووەکانەوە

بکات، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە. کوڕەکانی شەعبان ئاغا بەو زانیاریە وروژان و یەکسەر ئەو کارەیان پێدا. هەرچەندە باراشی نەیدەویست ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ. ئەو وتی:

" ئاغا، نازانم، من لە ژیانمدا ئەو کارانەم ئەنجام نەداوە. ئەمە کاری من نیە. جوولەکەیەکی تەنیا ناتوانێت لەگەڵ ئەو هەموو موسڵمانەدا بژیت. بۆیە داوات لێدەکەم کە ڕێگام بدەی ئەو کارە ئەنجام نەدەم."

هاوسەرەکانی سەعید ئاغا و ئەحمەد ئاغا( بەگالتەوە) بەهانەکانی باراشییان بە لاواز وەسف کرد و بەهاوسەرەکانیان وت: ئەوە ئیشی دانیکۆ نیە، کاری ئەو سەماکردنە بە شمشێرەکیەوە بۆ ئێمە. لە کۆتاییدا ئازادیان کرد.

لەکاتە سەختەکاندا، هاوڵاتیانی جوولەکە داوای یارمەتیان لە حاجی شەعبان و کوڕەکانی دەکرد. لە نموونەیەکدا کە لە دەورووبەری ساڵانی ۱۹۳۹ یان ۱۹٤۰ دا ڕوویدا، بەهۆی باجی گومرکەوە، کە لەلایەن ئەفسەرانی گومرکەوە دەسەنرا، زۆر گران بوو، بۆیە بازرگانە جووەکان نیازی دەسبەردان لە کارەکانیان هەبوو لەژێر ئەم بارودۆخە قورسەدا. هەموو هاوڵاتیان گردبوونەوەیەکی ناڕەزاییان ساز کرد و سکاڵایان لە لای حاجی شەعبان ئاغا کرد و هەڕەشەی بەجێهێشتنی شارۆچکەکەیان کرد. وتیان: ئێمە ناتوانین چیتر لێرە بژین... خەڵکی هەژار و سواڵکەرمان هەیە، ئەو دۆخە بۆ ئێمە زۆر قورسە. دانیەل بەڕاشی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە زستانێکی سارد و سەخت بوو، بۆ خەڵکەکەش قورس بوو کە ئەو دارانە بگوازێتەوە بۆ خۆگەرم کردنەوە، ئەم کارە یەکێك بوو لە سەرەکیترین سەرچاوەی داهات بۆ جووەکانی ناوچەکە.

حاجی شەعبان گۆپاڵەکەی هەڵگرت و بەخزمەتکارەکەی وت کە بانگی دانیەل بەڕاشی بکات. کاتێك هاتەماڵیان، کە لە نزیك بنکەی پۆلیسی کۆن بوو،

کۆمەڵێك جوولەکە دەوری ماڵی شەعبان ئاغایان دابوو. بە گوێرەی وتەکانی باڕاشی، حاجی شەعبان وتی:

"ئەگەر ئەفسەرێکی گومرگ هاتە گەڕەکی جووەکان، دارێك هەڵگرن و تێر و پڕی لێدەن. هیچ خەمتان نەبێت. ئەگەر ئێوە ئەم کارە نەکەن، دەتانکوژم! پێم وت: بەڵێ ئاغام. هەر لەوێیەوە بەرەو بنکەی پۆلیس ڕۆیشتین..... حاجی شەعبان یەکسەر بەرەو دەرگای قایمەقام ڕۆیشت. پێی وت: نامەوێت بەڕێوەبەری دارایی لێرە بمێنێتەوە، دەبێت لەماوەی سێ ڕۆژدا شارەکە جێبهێڵێت.... قایمەقام ئەوی گرت و داوای لێکرد کە ئارام بێتەوە... پێی وت: هەرچیەك تۆ دەڵێیت ئێمە ئەوە دەکەین، ئێمە ڕێزت لێ دەگرین... پاشان گەڕاینەوە گەڕەکی جووەکان."

بەپێی وتەکانی دانیەل بەڕاشی، دوای ئەم ڕووداوە هیچ ئەفسەرێکی گومرك نەدەوێرا بێتە گەڕەکی جووەکان. بەڕاشی وتی: پێش ئەو ڕووداوە ئەو کاتەی کە ئێمە گایەك یاخو گۆلکێکمان سەردەبڕی دەبووایە سێ دینار بدەین، بەڵام دوای ئەم ڕووداوە ئەفسەرەکان زۆر کەمتر لەو بڕەیان وەردەگرت. لەم نموونەیەدا، ئاغا لە پێش چاوی دەسەڵاتداران یارمەتی بازرگانە جووەکانی دا بە کەمکردنەوەی باجیو لابردنی بەرپرسێکی گومرکەکە.

هەندێ جار ئاغاکان لەناو کۆمەڵگای کوردیدا تووشی کێشەی زۆر بێمانا دەبوون، هەروەك لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت. جارێکیان دانیەل بەڕاشی لە ئاهەنگێکی خەنەبەنداندا[١٠٥] بەژداری کرد. بەهۆی زۆر خواردنەوەی

---

١٠٥ خەنەبەنـدان: ئاهەنگێکـە پـێش ئـەوەی کـوڕ و کـچ ژیـانی هاوسـەری پێـك بهێـنن، لـە شـەوێکی تایبەتـدا، دەسـتی بـووك لـە خەنـە دەنرێـت. خەنـە ماددەیـەکی جوانکـاری سوورە لە گەڵای ڕووەکی خەنە بەرهەم دەهێنرێت.

مەیەوە سەرخۆش بوو، تووشی شەڕێك بوو لەگەل دوو شوفێری ئاشووری بە ناوەکانی ڤارلۆس و یوسف. ئەو دوو شوفێرە بۆ کەسێکی دەوڵەمەند بەناوی خالید حاجی بەدوحی کار دەکرد، بەهۆی ئەوەی کە بەڕاشی لە هەردوو شوفێرەکەی دابوو، زۆر لێی قەڵس بوو. ئەو کاتەی خالید و برازاکەی، کە دوکانێکی قاوەخانەی هەبوو، لەناو بازاڕ بوونایە، بەڕاشی نەیدەوێرا بچێتە بازاڕ. کاتێك ئەحمەد ئاغا و سەعید ئاغا(کوڕەکانی شەعبان ئاغا) بەم مەسەلەیان زانی، پلانی ئەوەیان دانا کە ئەو کێشە کۆنەی لە نێوانیاندا بوو لەگەل خالید حاجی بەدوحیدا ببڕنەوە. لە شەوێکی شەممەدا، خزمەتکارێکی خۆیان نارد و داوایان لە بەڕاشی کرد کە بچێتە قاوەخانەکە، ئەوانیش بەڵێنی پاراستنیان پێدا. باڕاشی ویستی ئەو داواکاریە قبوول نەکات، بەڵام خزمەتکارەکە لەسەر ئەوە سوور بوو کە ئەوان (پارێزەرانی بەڕاشی) لەوێ ئامادە دەبن. کێشەیەکی کۆن لەنێوانیاندا هەبوو، کوڕەکانی شەعبانیش دەیانویست بەهۆی ئەم ڕووداوەوە کێشەکە ببڕنەوە. باڕاشی چووە قاوەخانەکە و لەژێر کەپرەکە دانیشت:

"کاتێك کە لێیان نزیك بوومەوە، سەیریان کردم. زۆر بەهێواشی دەڕۆیشتم. کورسیەکم هەڵگرت و لەسەری دانیشتم و چایەکیان بۆ من هێنا. ئەو زۆلانە زۆر هەستیار بوون. مێشکیان کاری دەکرد. درکیان بەوە کرد ئەوە تەڵەیە، چونکە ماوەیەك بوو نەهاتبوومە ئەوێ. هەر بۆیە هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو وە منیش گەڕامەوە ماڵەوە"

ئەم نموونەیە ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە هەتا لە ململانێ هیچ و پووچەکانیشدا، جووەکان لەلایەن ئاغاکانەوە دەپارێزران و دوژمنەکانیان بۆیان نەبوو ئازاریان بدەن.

# بەندی پێنجەم

## سلێمانی

سلێمانی دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی کوردستانی عێراق، ٢٢١ میل لە شاری بەغداوە دوورە. لەساڵی ١٧٨٤ وەك پایتەختی ئیمارەتی بابان دامەزرا وە ناوی شارەکەش لە سلێمان پاشاوە، کە ئەو کات حوکمڕانی شارەکە بوو، وەرگیراوە. لەساڵی ١٨٥١ وەك بەشێك لە ململانێ نیمچە سەربەخۆیی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئیمارەتی بابان خرایە سەر موصل. بەدرێژایی سەدەکانی نۆزدە و بیست، سلێمانی بوو بە مەڵبەندی کلتووری و ڕۆشنبیری کوردی.

لەسەدەی نۆزدەمدا، ڕاپۆرتە جۆراو جۆرەکان، ژمارەی دانیشتوانی جوولەکەیان بە سەد هەتا دووسەد خێزان خەملاندووە. ژمارەی موسڵمانەکان نزیکەی دوو هەزار خێزان بوو. بە پێی ڕاپۆرتەکان هەزار و پێنج سەد جوولەکە لەساڵی ١٩٠٦ لەشاری سلێمانیدا ژیاون وە لەساڵی ١٩١٧ ژمارەیان سەد خێزان بووە. لەکاتی تەنگ و چەلەمەکاندا لەسەدا پەنجای ژمارەی دانیشتوانی جوولەکە بەهۆی کۆچ کردنەوە، کەم بووەوە. پاش چەند ساڵێکی کەم، ژمارەی جوولەکەکان بۆ پێنج سەد خێزان بەرز بووەوە. لەساڵی ١٩٣٠، لەکۆی (٤٧٥١٧) هاوڵاتی، تەنها نۆسەد جوولەکە (ئارامی) لەناوچەی سلێمانیدا ژیاون. یاخیبوونەکەی شێخ مەحموود لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بووە هۆی

کۆچکردنی جووەکان لە شاری سلێمانیەوە. لەساڵی ١٩٤٧، بە پێی ڕاپۆرتەکان، سێ سەد خێزانی جوولەکە لەوێدا ژیاون. بێجگە لە یەك خێزان، ئەوانی تر هەموویان لەساڵی ١٩٥١ دا بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کرد.

### دامەزراندنی سلێمانی بە بیروبۆچونی جوولەکەکان

بە پێی بیروبۆچونی جووەکان، سلێمان پاشا کە لەساڵی ١٧٨٤ شاری سلێمانی دامەزراند، وتی: شارێك بەبێ بوونی جوولەکە تیایدا، بە شار دانانرێت. ئەو بیروباوەڕە لە باپیرانەوە ماوەتەوە کە دەبێ باوەڕت بەوە هەبێت کە جوولەکە لە هەر کوێی دنیا هەبن، خودا ڕەحمەتی خۆی بەسەر ئەم شوێنەدا دەبارێنێت. بەم پێیە دامەزرێنەری شارەکە لێژنەیەکی میرییان ناردە شاری قەرەداغ، کە ژمارەیەکی بەرچاوی جوولەکەی لێ بوو، و چەندین گوندی دەورووبەری سلێمانی بۆ زیادکردنی ژمارەی دانیشتوانی جوولەکە لە سلێمانیدا. دەڵێن کە قەرەداغ یەکەم شوێن بوو کۆمەلێك هاوڵاتی جوولەکەی بۆ شاری سلێمانی نارد. ئەم باوەڕ و نەریتە ئەوە دەردەخات کە جووەکان لەگەڵ دامەزرێنەرانی شارەکە و ئاغاکاندا پەیوەندیەکی لەبن نەهاتوویان هەبووە. هەرچۆنێك بێت، ئەم کۆچەی قەرەداغیەکان بۆ سلێمانی بەهۆی ئاگرکەوتنەوەیەکی گەورە بووە لە شارەکە کە زۆربەی شوێنەکانی ئەو شارەی سوتاند. جووەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە باب و باپیرانیان ڕێگایان پێدرابوو ناوچەیەکی تایبەت بەخۆیان لە بەشی باشووری شاری سلێمانیدا بنیاد بنێن. کاتێك پەرستگا و خانووەکانیان بنیاد نا، دەستیان بە ژیانێکی نوێ کرد. شانزە ساڵ دوای بنیادنانی شارەکە، واتە لەساڵی ١٨٠٠، گەشتیارێکی جوولەکە بەناوی ئێدمان وتی کە جووەکانی سلێمانی مافی یەکسانییان هەیە و بەخۆشگوزەرانیو برایەتی لەگەڵ برا کوردە موسڵمانەکاندا ژیاون. دەیڤید د

بیس لەساڵی ١٨٢٦ ئاماژەی بەوە کردووە کە خەزنەداری پاشایی سەرۆکی کۆمەڵگای جوولەکەکان بووە لە شارەکەدا، بە گوێرەی وتەکانی ڕوبن بار ئامون (لەساڵی ١٩١٣ لەدایك بووە) یەکەم سەرۆکی کۆمەڵگای جوولەکە لە شاری قەرەداغەوە هاتبوو وە خەڵکی ئەوێ بوو، وە بابە گەورەی ئەویش ڕوبن بار ئاموون بوو[١٠٦]. بە درێژایی کاتەکە، دوو کۆمەلەی جوولەکە لە شارەکەدا هەبوون، یەکەمیان جووەکانی خودی سلێمانی بوون کە لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەوێ بوون، دووەمیشان، جووەکانی قەرەداغ بوون کە لە شاری قەرەداغەوە کۆچیان بۆ شاری سلێمانی کردبوو.

## هەڵمەتێك لەدژی جوولەکەکان:

چەندان ڕووداو و نموونە لەسەدەی نۆزدەدا ئاماژە بەوە دەدەن کە جووەکانی سلێمانی وەك کۆمەلەیەك بەیەکەوە ژیاون و پلەوپایەی باشی کۆمەڵایەتیان لە شارەکەدا هەبووە. هەرچەندە لەساڵی ١٨٩٥ ڕووداوێك لەدژی سلێمانی لەدژی جووەکان بەرپاکرا کە کاریگەری لەسەر جووەکانی بەغدا و هیندستان هەبوو. لەشاری بەغداوە سێ نامە بۆ وڵاتی هیندستان نێردران کە تیایاندا ئەوە ڕوونکرا بووەوە هێرشێکی توند لەلایەن هاوڵاتیە ناجوولەکەکانەوە، ڕقیان لە ئیسرائیل بوو، کراوەتە سەریان. چەند ڕۆژێکی کەم پێش جەژنی دوورینەوەی[١٠٧] جوولەکەکان

---

١٠٦ واپێدەچێت بابە گەورەی ڕوبن بار ئامون هەر ئەو کەسە بووە کە دەیڤید د بیس باسی کردووە کە سەرۆکی کۆمەڵگای جووەکان بووە لە کاتی دامەزراندنی شارەکە لە ساڵی ١٧٨٤ دا.

١٠٧ لە ئایینی یەهودییەتدا، ئەم جەژنە پەنجا ڕۆژ دوای ئەو بۆنەیە دێت کە جووەکان لە مانگی نیسان و ئایاری هەموو ساڵێك دەیگێڕن بۆ بەبیرهێنانەوەی

لەساڵی ١٨٩٥، چەند هاووڵاتیەکی موسڵمان، ژمارەیان بیست و یەك کەس بوو، هێرشیان کردە سەر چەند جوولەکەیەك کە لەدەرەوەی شارەکەدا گەشتیان دەکرد، وە بەتووندی لێیان دان. پاشان تاوانبارەکان هاتنە ناو شارەکە و ژمارەیان بەرەو زیادبوون هەڵکشا بۆ نزیکەی پەنجا کەس وە بەم شێوەیە دەستیان کرد بە هێرش کردنە سەر جووەکان، جووەکانیش بە ناچاری دوکانەکانیان داخست و لەماڵ نەهاتنە دەرەوە. شەش جوولەکە، کە لەسەر ڕێگادا دەسگیر کرابوون، زۆر بە تووندی ئازار دران‌و ژیانیان خرایە مەترسییەوە. دەست درێژیکەران هەلیانکوتایە سەر ماڵی جووەکان‌و وێرانیان کردو پاشان دەستدرێژیان کردە سەر نامووسی هاوسەرەکانیان. ئەوان کردارە ئاینییەکانیان شێواند و تەوراتیان دڕاند، وە پاشان کەلوپەلە زێڕ و زیوەکانیان برد. موتەسەڕیفی شارەکە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە ژمارەیەك سەربازی نارد و وەستاندنیان لە وێرانکاری، بەڵام ژمارەی هێرشبەرەکان لە ژمارەی سەربازەکان زیاتر بوو. بۆ ڕۆژی پاشتر سوپا بە دەسگیرکردنی پەنجا تاوانبار تەداخولی دۆخەکە کرد و ئارامی بۆ شارەکە گەڕاندەوە. هێرشبەرەکان دانیان بەوەدانا کە ئەوان لەلایەن شێخەوە هان دراون، بەڵام شێخ ئەو پڕوپاگەندانەی ڕەت کردەوە. لە کۆتاییدا ئازاد کران. وادیار بوو کە ژمارەیەکی موسڵمانان پەیوەندیان بە کۆمەڵەی جووەکانەوە کردبوو کە لەناو بێستانێکدا لەنزیك پەرستگای جووەکان ئارەقیان خواردۆتەوە. شێخەکەش ئەوانی دیوە و فەرمانی پێ کردوون کە پەلاماریان بدەن. هەندێك لە کوردەکان پەیڕەوی فەرمانەکەیان کرد و جووەکانیش بۆماوەی حەوت ڕۆژ دەرگایان لەسەر خۆیان داخست و لە ماڵەکانیان نەهاتنە دەرەوە هەتا تێکدەرەکان دەسگیرکران وە پاشان

---

هەڵاتنی جووەکان لە میسر، واتە ئەو جەژنە دەکەوێتە مانگی تەمموز و ڕۆژێکی پیرۆزە لەلایان.(وەرگێڕ)

جووەکان حەسانەوە. هەندێك جار دەورییەی سەربازی بەناو کۆلانی جووەکاندا ئێشکگری دەکرد بۆئەوەی ژیانی ئەوان بپارێزێت و یاسا پەیڕەو بکرێت. پاش ماوەیەکی کەم دوای ڕووداوەکە، بەپێی ڕاپۆرتەکان، بیست کەسیان لە تەمەنی پانزە هەتا هەژدە ساڵ بە زیندان حوکم دران. ئەوانەی کە مابوونەوەش لە شار دەرکران. دوای ئەم ڕووداوە:

" دانیشتوانی شارەکە ئاگادار کرانەوە کە ئەگەر بێتو جارێکی تر لەدژی جووەکان ئاژاوە بگێڕنەوە، ئەوا هەموو شارەکە نوقمی ئاگر دەکەن! تۆپی جەنگ لە دەوروبەری شارەکەدا جێگیر کران و هاولاتیان ئاگادار کرانەوە، ئێستا ئەوان ناوێرن هیچ شتێك بە جووەکان بلێن، نە بەباشی نە بەخەراپی."

وەلامە یەکلای کەرەوەکەی دەسەلاتداران کاریگەری باشی کردە سەر هەردوولا و کۆمەلگا. بڕیاری دەسگیرکردنە درێژخایەنەکەی هێرشبەران پەیامێکی نموونەیی گەیاندە کۆمەلگاکە بەوەی کە دەستدرێژی کردنە سەر جووەکان بەهیچ شێوەیەك مایەی قبول نیە. ئەم ڕووداوە بێ وێنە بوو وە حکومەت زۆر بەتوندی مامەڵەی لەگەل ئەنجامدەرانی ئەو هێرشەدا کرد.

**ئاغا و جووەکان: شێخ مەحمودی بەرزنجی:**

هەروەك لە کۆمەلگاکانی کوردیدا، جووەکانیش لەلایەن ئاغاکانیانەوە دەپارێزران لەبەرامبەر پێدانی چەند دیارییەك یاخود بڕێکی پارە. هەرچەندە هەندێك جار لەلایەن ئاغا و دز و پیاوانی چلسەوە ئازار دەدران، بەلام بەشێوەیەکی گشتی سەلامەتییان بۆ فەراهەم کرا بوو. لەساڵی ١٩٠٩دا، گەشتەوەرێك ئاماژەی بەوە دا کە جووەکان لە نێوان ئاغاکاندا دابەش کرابوون، واتە هەر ئاغایەك سەرپەرشتی ژمارەیەك خێزانی جوولەکەی دیاری کراوی دەکرد. بە گوێرەی وتەکانی ڕوبن بار ئامون، هەر تاکێکی جوولەکە دەیویست

به هەمان شێوە لەژێر چاودێریو پارێزگاری ئاغادا بێت، وە ئەوان زۆر خۆشحال بوون کە شێخ و ئاغا پارێزگارییان دەکەن لە بەرامبەر پێدانی هەندێك کەلوپەل. لە کۆندا، بەگێکی تورك خانووەکە و جوولەکەکەی فرۆشتبوو کە لەژێر پارێزگاری ئەودا بوون. زۆرجار هەندێ دز و جەردە بەچەکەوە هەڵیاندەکوتایە سەر ماڵە جووەکان و هەرچیەکیان بویستایە دەیانبرد. ئەم دزانە هاوڕێی ئاغا بوون و بۆ ئەو کاریان دەکرد.

عەزیز دانیەل موختار کە باوکی موختاری کۆمەڵگای جوولەکەکان بوو لە سلێمانی، ئاماژەی بەوە داوە کە شێخ مەحمود بەرزنجی (١٨٨٠-١٩٥٦) و مناڵەکانی کە بریتی بوون لە بابە عەلی، کە دواتر لە حکومەتی عێراقدا بوو بە وەزیر،و شێخ ڕەئوف و شێخ لەتیف، لەماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا پارێزەری جووەکانی سلێمانی بوون. بەپێی وتەکانی جوولەکەیەك، کاتێك باپیرە گەورەی کوڕەکانی شێخ مەحمود بەرزنجی، شێخ کاك ئەحمەد بەرزنجی، مەراسیمی حەجی تەواو کرد، لەکاتی گەڕانەوەیدا درکی بەوەکرد کە ئەو کەسەی هاوکاری خێزانەکەی کردووە لە کاتی حەج کردنیدا، بازرگانێکی جوولەکە بووە لە بنەماڵەی شموعیلی.

لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە یوم تۆڤ بار ئامون سەرۆکی کۆمەڵگای جوولەکەکان بووە لە سلێمانی کە نەوەی یەکەمی سەرۆکی جووەکان بووە پاش ئەوەی شوێنی عبادیە بار ئاموونی باوکی دەست بەکار بوو. بار ئامون پەیوەندییەکی پتەوەی لەگەڵ شێخ مەحمود و شێخ قادری برایدا هەبووە، کە ئەم دوانە دیارترین و بەهێزترین شێخانی ناوچەکە بوون. ئەو دوو برا بەناوبانگە پارێزگاری جووەکانیان فەراهەم کردبوو. بەشێوەیەکی ئاسایی، لەکاتی تەنگژەدا جووەکان داوای پەناگەیان لە ئاغا ناوخۆییەکان دەکرد. هەروەك موشی شالۆم ئاماژەی بەوە داوە کە:

" کاتێك بارودۆخێکی مەترسیدار بۆ جووەکان پێش دەهات، دەچوونە لای شێخ و داوای هاوکاریان لێ دەکرد. لە بۆنەکاندا، جووەکان سێ چوار سندوق چا و سێ فەردە ئارد و سێ عەلاگەی گەورە شەکریان بە ئاغا دەدا[١٠٨]. شێخەکە پێی وتن: برۆن و هیچ ترستان نەبێت، ئێمە دەتان پارێزین. بەم شێوەیە هەندێك پاسەوانی دەنارد بۆ بەرگریکردن لە جووەکان و لە سەلامەتییان ئاگادار دەکرایەوە. کەس نەیدەوێرا جووەکان ئازار بدات."

بە واتایەکی تر، جووەکان پاراستنی خۆیان لە سەرکردەی نەتەوەیی کورد شێخ مەحموود دەستەبەر دەکرد. وەك سەرجەم جووەکانی تری کوردستان لە بەرامبەر ئەو پارێزگاری کردنەدا، چەند دیاریو بڕە پارەیەکیان بە ئاغا دەبەخشی بۆ فەراهەم کردنی ئارامی خۆیان. جووەکانی سلێمانی زۆرجار بەرووبومی خۆراکی وەك: برنج و قاوە و شەکریان بە عەلاگە یان بە فەردە بۆ ئاغاکان دەنارد، بگرە هەندێك جار ئۆتۆمبیلیان نیوە پڕ دەکرد لە خواردن. موشی شالۆم دەڵێت کە ئەو شتانە لە بەرامبەر پاراستنی جووەکان هیچ نرخێکیان نەبوو، یەك فەردە شەکر بە نیو دینار بوو. بە واتایەکی تر، تێچوونی ئابووری لە بەرامبەر پاراستنی جووەکان، بارێکی ئەوەندە گران نەبوو لەسەر شانی جووەکان وە تا ڕاددەیەك ببوە کارێکی ئاسایی لە بواری پەیوەندییان لەگەڵ ئاغاکاندا.

پارێزگاری جووەکان لەلایەن شێخانی بەرزنجیەوە بەرز دەنرخێنرا لەلایەن هاوڵاتیانی جوولەکەوە. لە هەمان کاتدا، لە سلێمانی هەندێك ڕاپۆرت ئاماژەیان بەوە داوە کە کرداری کووشتن و هەراسانکردن و تۆقاندن و دەربڕینی وشەی

---

١٠٨ هۆکاری هێنانی ئەو جۆرەو خواردنانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شێخ و ئاغاکان هەمیشە پڕ میوان بوون، بۆیە ئەم جۆرە بەرهەمانە لە دیوانخانەکانیاندا پێشکەش دەکران.

ڕەگەز پەرستانە جاربەجار بە جووەکان دەووترا، ئەمە سەرەڕای پارێزگاریکردنی شێخانی بەرزنجی. لە بەراورد لەگەڵ چەقی شارەکانی تردا، ئەم بەسەرهاتانە سروشتین، چونکە کەم جار هەبووە ئەم پارێزگاریکردنە ڕەفتاری ئەو کەسانەی کە دژی جوولەکەن گۆڕیبێ، یان کرداری کوشتن و هەراسان کردن لەسەر ئاستی تاکەکەسیدا بنەبڕ بکات[١٠٩]. هەر لەبەر ئەمەشە کە ناتوانرێت ڕۆلی بەرزنجیەکان بەتەنها لەم چەند نموونەیە دیاریکراوە، ببینرێت. وە دەبێت ئاماژە بەوەش بدرێت کە هەرچەندە ئاغاکان بەڕاستی دەیانویست لەکاتی تەنگانەدا یارمەتی جووەکان بدەن، وە جووەکانیش یارمەتی ئاغاکانیان دەدا لە میانگیری کردن لە نێوان ئەوان و حکومەتدا.

لەئایاری ١٩١٩دا، لە ژێر سەرکردایەتی شێخ محمود یەکەم کرداری یاخیبوون لە سلێمانی ڕوویدا. بە درێژایی ئەو شۆڕشە، نزیکەی سەرجەم دانیشتوانەکەی لە هێرشی ئاسمانی بەریتانی دەترسان، شارەکەیان چۆڵ کرد. بەشێکی دانیشتوانی سلێمانی چوونە پاڵ بەریتانیەکان کە شارەکە چۆڵ کرا، زۆربەی هاووڵاتیان چوونە ئەو ناوچانەی کە لە جەنگ دوور بوون. ژمارەیەکی زۆر لە جووەکانی شارەکە بەرەوە بەغدا و کەرکوك و ناوچەکانی تر کۆچیان کرد. شۆڕشەکەی شێخ مەحمود بۆماوەی چل ڕۆژ بەردەوام بوو، بەڵام هەتا ئەو کاتەی کە تەواویش بوو هەندێك لە جووەکان دوو دڵ بوون لە گەڕانەوە و هەر لە شوێنی خۆیاندا مانەوە. کاتێك شێخ مەحمود لە ئاوارەیی گەڕایەوە، جووەکانی سلێمانی بەبەردەوامی سەردانی گوندەکەیان دەکرد. تاوەکو ئەمڕۆش ناوبانگی شێخ مەحمود هەر لە پێش چاوەی جووەکان گەشاوەیە.

---

١٠٩ تەنها عبدالكريم ئاغا توانیویەتی سەلامەتی ڕەهای جووەکان دابین بکات.

# بەندی شەشەم

## شاری شنۆ: مەلا مستەفا و جووەکان

باسکردنی ڕووداوەکانی شنۆ لە کوردستانی ئێراندا لەگەڵ هەر پێنج شارەکانی تری کوردستانی عێراقدا بۆ سێ هۆکاری گرنگ دەگەڕێتەوە. یەکەم، ئەم ڕووداوانەی خوارەوە سەبارەت بە شاری شنۆ، لەساتە گرنگەکانی مێژووی نوێی کوردی، زانیاری گرنگمان پێدەبەخشێت. دووەم، ڕووداوەکان باسی پەیوەندی گەورەترین سەرکردەکانی میللەتی کورد، کە مەلا موستەفا بارزانیە، لەگەڵ جووەکانی شنۆدا دەکات. سێیەم، کۆچی ناوەکی کوردستان (هەمەجۆری زاراوەی کوردی) بووە هۆی ئەوەی ئاغا و جووەکان بەیەکەوە لە شوێنێکدا بژین بەناوی شنۆ. شاری شنۆ بووە شوێنی چاوپێکەوتنی بارزانی، کە لەساڵی ١٩٤٥-١٩٤٦ لەوێ نیشتەجێ بوو، و میخایل میخاییلی، کە جوولەکەیەك بوو و کاری جۆلایی دەکرد وە لە بنەڕەتدا خەڵکی کوردستانی عێراق بوو، دواتر بوو بە نوێنەری کۆمەڵگای جوولەکەکان.

زۆرێك لە جووەکان باسی ئەو پەیوەندیەییان کردووە کە لە نێوان ئاغاکانی بارزانیو ئەو جوولەکانەدا، کە لەژێر ناوچەی دەسەڵاتی ئەواندا بوون، کردووە. پەیوەندی نێوان مەلا موستەفا و بنەماڵەی خواجە خینۆی جوولەکە لە ئاکرێ بۆ سێ نەوە دەگەڕێتەوە، بۆ سەدەی نۆزدەهەم، ئەگەر زووتر نەبێت. هەندێك

نموونەی تر پەردە لەسەر پەیوەندی جووەکان لەگەڵ ئاغاکانی بارزانیدا هەڵدەدەنەوە، بەتایبەت لەگەڵ شێخ ئەحمەد و مەلا موستەفا و ئەو جوولەکە گوندنشینانەی کە لەژێر ناوچەی کۆنترۆڵی بارزانیدا دەژیان. خێزانی موشی بنیامین، کە لە سەرکانی و مێرگەسۆدا نیشتەجێ بوون، باسی ئەو مامەڵە باشەیان کردووە کە لەلایەن ئاغاکانی بارزانی، بەتایبەت مەلا موستەفا بارزانیەوە، لەگەڵیاندا کراوە. ئەم بەسەرهاتەی میخایل میخایلی، باسی ئەو ماوەیە دەکات، لە ساڵی ١٩٤٥–١٩٤٦، لەو کاتەی مەلا موستەفا بارزانیو ئەندامانی خێزانەکەی لەگەڵ چەکدارەکانی بۆ ماوەیەکی کاتی لە شنۆدا دەژیان. کاتێك کە بارزانی لەساڵی ١٩٧٩ کۆچی دوایی کرد، لە شاری شنۆدا، بەهەزاران کەس لە پرسەکەیدا ئامادە بوون.

**پەیوەندی بارزانی و میخاییل:**

میخایل میخایلی جوولەکە لە بنەڕەتدا خەڵکی کوردستانی عێراق بوو. بۆ گەڕان بە دوای کاردا لە شنۆ نیشتەجێ بوو و لەو کاتەی کە ئەم شارە لەساڵی ١٩٤٥–١٩٤٦ جەنگی تیادا بەرپا بوو، ئەو لەوێدا دەژیا[١١٠]. لە ماوەی ساڵانی جەنگدا لە شنۆ، مەلا موستەفا بارزانی لەگەڵ یەکە چەکدارەکانی لە شنۆدا نیشتەجێ بوو وە میخایلیش بووە بەرگدرووی تایبەتی ناوبراو. بە وتەی

---

١١٠ لە کۆتاییدا، تەرمی مەلا موستەفا بارزانی لەساڵی ١٩٩٣، لە شاری شنۆوە بۆ بارزان هێنرایەوە، ئەو شوێنەی کە تیایدا لەدایك بوو. لە حەشامەتێکی بێوێنەدا تەرمی ناوبراو پێشوازی لێکرا بە ئامادەبوونی هەزاران کەس. من (وەرگێڕ) گەواهیدەری ئەو ڕاستیەم، لەو کاتەی کە تەمەنم تەنها حەوت ساڵان بوو، یەکێك بووم لە ئامادەبووانی ڕێوڕەسمەکە.

میخاییلی، ئەو چەندین جار چاوی بە مەلا موستەفا کەوتووە، وە بە سەرکردەیەکی گەورەی لەقەلەم داوە. ئەو جلی شاڵوشەپکی بۆ ئەدوری و دەبووایە پێش دروێنەکە قەبارەی بارزانی بگرێت. لەو بەسەرهاتەی خوارەوە میخایل وەسفی ئەوەمان بۆ دەکات کە چۆن لەگەڵ بارزانیدا ئاشنا بووە و بۆتە هەواڵدەری کۆمەڵگای جووەکانی شنۆ.

میخاییل هەرگیز دەربارەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کتێبی نەخوێندۆتەوە، بەڵام لە سەردەمێکدا ژیاوە کە گەواهیدەری گرنگترین بەشی ژیانیەتی وە یارمەتی زۆری بارزانی داوە و ئاگاداری مێژووی ئەو سەردەمە بوو کە تیایدا دەژیا. بارزانی خۆیو سێ هەزار پیاو گەیشتنە شاری شنۆ بەرەبەرەی تەواو بوونی جەنگی جیهانیی دووەم کە یەکێتی سۆڤیەت کۆنترۆڵی شارەکانی شنۆ و نەغەدە و سابلاغی دابووە دەست پیاوانی بارزانی. دوای ساڵێك بارزانی لە کۆمارە کوردییەکەی مهاباد وەك سەرۆکی هێزە چەکدارەکان دەست بەکار بوو. کاتێك لە ساڵی ١٩٤٦ هێزەکانی سۆڤیەت لە ناوچەکە پاشەکشەیان کرد، کۆماری مەهاباد ڕوخا وە جەنگ لە نێوان کورد و فارسەکان بەرپا بوو. هەندێك لە پیاوانی بارزانی کوژران و بریندار بوون. ئەوان پاشەکشەیان کرد و لە شنۆ کۆبوونەوە کە لەگەڵ خۆیان ١٨٠ دیلی فارسیان دەسگیر کردبوو. بە گوێرەی وتەکانی میخایلی:

"بە درێژایی ئەو ماوەیە من خەریکی دروستکردنی شاڵوشەپك بووم بۆ مەلا موستەفا و براکانی کە ناویان بابۆ و موحەمەد صدیق و شێخ ئەحمەد بوون. بارزانیەکان وەك پێغەمبەر موحەمەد ئەوانیان خۆش دەویست[١١١]."

---

١١١ مەبەستی نووسەر لێرەدا ئەوەیە کە بارزانیەکان ئەوەندە ئەو سەرکردانەیان خۆش دەویست، خۆیان فیدا دەکرد. (وەرگێڕ)

دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد، جەنگ لە نێوان سوپای فارسەکان و هێزە چەکدارەکانی بارزانیدا لە ناوچەی شنۆ بەرپا بوو. ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتووان لە شنۆ ڕایانکرد، بەڵام جووەکان مانەوە. میخاییلی ئاماژەی بەوە داوە: ئێمە جوولەکەی مەلا موستەفا بارزانی بووین. کاتێك پیاوانی بارزانی لە مەهاباد گەڕانەوە، زۆریان برسی بوو. ئەوان یەکسەر لە ماڵە جووەکان خواردن و کەلوپەلیان وەرگرت، بەڵام هیچ پارەیان نەبرد. میخایلی سکاڵای لەلای مەلا موستەفا کرد و ئەویش فەرمانی دەرکرد کە هیچ جوولەکەیەك نابێت جاڕس (هەراسان) بکرێت. جووەکان پێویستیان بە ئاساییش هەبوو، هەر بۆیە بارزانی بڕیاریدا کە پارێزگاری لە گەڕەکی جووەکان بکرێت.

میخاییلی ئاماژەی بەوە داوە کە:

" هەموو شەوێك دوو لە پیاوانی بارزانی ئێشکگری ناوچەی جوولەکە نشینەکان بوون. یەکێکیان دەچووە ناو حەوشەی جووەکانی ناوچەکە و ئەویتریش دەهاتە ماڵی من، لەبەر ئەوەی من جوولەکەی مەلا موستەفا بووم و ڕێزێکی تایبەتم هەبوو."

بەهۆی ئەم کارەوە، میخایل سوپاسی پیاوانی بارزانیو ئەو ڕێزەی کە لەلایەن بارزانیەوە لێی لێیان دەگیرا، کرد بۆ پاراستنی جووەکانی شارەکە هەروەك لەم چەند نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە بارزانی تا چ ئەندازەیەك یارمەتی جووەکانی داوە.

١. دەست بەسەرداگرتنی گەنم

جووەکانی شنۆ گەنمی خۆیان لە عەمباردا هەڵدەگرت و دەیانپاراشت. چاڵێکیان هەڵدەکەند و گەنمەکەیان دەخستە ناوی وە بەپووشو خۆڵ دایاندەپۆشی بۆئەوەی کەس نەیبینێت. لەکاتی یەکێك لە قۆناغەکانی جەنگدا،

سەدان پیاوی بارزانی بەهۆی شەکەتی‌و برسیەتییەوە دەیان نالآند بەم هۆیەشەوە هاتنە شنۆ. لە برسیەتیاندا تەنها پێویستیان بە کات بوو بۆئەوەی دەست بەسەر خواردنی هاولآتیاندا بگرن. بە گوێرەی وتەکانی میخاییلی:

" ڕۆژێکیان، جوولەکەیەك کە ناوی سلێمان بوو، خۆی‌و منالّەکانی بەڕاکردن‌و گریانەوە هاتنە لام و داوای یارمەتییان کرد، هاوار، هاوارە ! ئەو دوو سێ تۆن گەنمی حەشاردابوو وە پیاوانی بارزانی خەریکی بردنی بوون. من هەولّمدا یارمەتی ئەوان بدەم لە گەڵ دوو سەربازی بارزانیدا چوومە مالّیان، بەلّام تا گەیشتمە ئەوێ، نیوەی گەنمەکەیان برد بوو. هەر یەکێکیان فەردەی خۆی پڕ کردبوو و ڕۆیشتبوو....ئەوان برسی بوون و ناحەقیان نەبوو."

جارێکی تر میخاییلی لەگەڵ دوو چەکداری بارزانی، کە بۆ پاراستنی جووەکان لەلایەن بارزانیەوە دیاریکرابوون، لەگەلّم هاتن. ئەوان توانیان تالآنکردنەکە بووەستێنن، بەلّام درەنگ گەیشتن چونکە نیوەی گەنمەکە پێش ئەوان تالآن کرابوو.

### ٢. هەلّکوتانە سەر پەرستگای جووەکان:

لە ڕۆژێکی ساردی وەرزی زستاندا کەسێك هاواری بۆ لای میخایل هێنا و ئاگاداری کردەوە کە جەنگاوەرانی بارزانی هاتوونەتە ناو تاکە پەرستگای جووەکان لە شنۆ. بەفرێکی ئەستوور تارای لە زەویدا پۆشی بوو وە پیاوانی بارزانی لە مزگەوتەکانی شارەکەیان وەك پەناگە بەکاردەهێنا. بارزانیەکان دیلە فارسەکانیان لە گەورەترین مزگەوتی شارەکەدا بەند کردبوون. بە بیری خۆیان وایانزانی کە ناکرێت پەرستگای جووەکانیش هەروا بە بەتالی بمێنێتەوە و سوودی لێ نەبینرێت، لە کاتێکدا کە هەموو بالّەخانەیەکی گشتی بەکار هێنرابوون. میخاییلی داوای یارمەتی لە بارزانی کرد و پێی وت:

" ئێمە تەنها یەك پەرستگامان هەیە. منداڵەکانمان تیایدا دەخوێنن. گەنجەکانمان تیایدا دەپارێنەوە[112]. ئەمە تاکە شوێنمانە، بەڵام پیاوانی تۆ چوونەتە ناویەوە. داوات لێدەکەم کە پێیان ڕابگەیەنی کە ئەوێ چۆڵ بکەن."

مەلا موستەفا بارزانی بەدەم داواکاریەکەی میخاییلەوە هات و دەستبەجێ دوو پیاوی نارد بۆئەوەی ئەو پیاوانەی کە بەبێ ڕوخسەتی بارزانی چووبونە ناو پەرستگاکە دەربکەن. پیاوانی هۆزەکی بارزانی لەکاتی جەنگە قوورسەکاندا سەرباز بوون. بارزانی سەرۆکی خێڵ و سەرکردەی فەرماندەکانی سوپا بوو، کە بەرپرس بوو لە چەکدارەکان، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەرپرس بوو لە خۆشگوزەرانیو پاراستنی جووەکان هەروەك بەڕوونی ئاماژەی پێدرا.

### ٣. ڕزگارکردنی دیلە جووەکانی سوپای فارسەکان:

لەکاتی جەنگ لەگەل سوپای فارسەکاندا، سەربازانی بارزانی سەدوهەشتا فارسیان بە دیل گرتبوو. لە گەورەترین مزگەوتی شاری شنۆدا دانرابوونو تەنها چەند پارچەنانێكو گەنمیان بۆ خواردن پێدان. میخاییلی بیرۆکەی ئەوەی لە مێشکدا گەلالە بوو کە لەناو زیندانیە فارسەکاندا جوولەکە هەن. داوای لە موحەمەد صدیقی برای مەلا موستەفا کرد، کە لەوکاتەدا بەرپرسی پاسەوانەکان بوو، کە ڕێی پێ بدات قسە لەگەڵ ئەو جوولەکانەدا بکات.

" موحەمەد صدیق لێی پرسیم: بۆچی دەتەوێت بزانی کە جوولەکە لەناو زیندانیەکاندا هەن یاخوود نا؟ بەم شێوەیە بۆم ڕوون کردەوە: من زۆر کارت بۆ

---

١١٢ لە زۆربەی کۆمەڵگا جوولەکە نشینەکانی خۆرهەڵات، تەلاری پەرستگا هەمیشە بەکاردەهات بۆ قوتابخانەی عبری منالان، سەرەڕای ئەوەی کە شوێنێکیش بوو بۆ پاڕانەوەی و نوێژی جووەکان.

ئەنجام دەدەم، بۆیە ئەگەر بەهەر شێوەیەکیش بێت، جوولەکەیەکی تیادا بێت، من دەتوانم بیبەم و لە ماڵی خۆم یارمەتی بدەم."

موحەمەد صدیق بە داواکاریەکەی ڕازی بوو. ڕێگای بە میخایل دا کە بچێتە ناو مزگەوت، وە ئەفسەرێکی فارسەکان پرسیاری لێ کرد: چیت دەوێت؟ میخایل بەم شێوەیە وەلامی دایەوە:

" ڕەنگە هەندێك هاولاتی جوولەکە لەگەڵ ئێوەدا هەبن، ئەگەر هەبن دەمەوێت چاوم پێیان بکەوێت. ئەفسەرە فارسەکە وتی: تەنها کەسێکی جوولەکە لێرەیە بەناوی عەلیزەر. پاشان بانگی کرد وەرە ئێرە. لێم پرسی: تۆ جوولەکەی؟ وتی بەڵێ. وتم چۆن بزانم کە تۆ جوولەکەی؟ وتی: (بی–ئیمیت ها–تۆراه)، واتە سوێند بە ڕاستی تەورات، من جوولەکەم. پەرتووکێکی بچووکی لە گیرفانی دەرهێنا و دەستی کرد بە خوێندنەوەی.... دڵم بۆی چوو و دەمویست بۆی بگریم! لێم پرسی کە ئایا هیچ جوولەکەیەکی تر لێرە هەیە؟ یەکێکی تر لەوێ بوو بەناوی ابراهیم. وتیان: فەرموو ئەوە ئیسرائیلیەك... وە سێیەمینیان زایۆنی خەڵکی تەهران بوو."

میخاییلی لە مزگەوتەکەوە بەرەو ماڵی خۆی یاوەری ئەو سێ جوولەکەیەی کرد. ئەوان ئەسپێیان لە لاشەدا بوو، چونکە لە زیندانیەکی قەلەبالغو کەم ئۆکسجیندا پارێزرا بوون. بۆ ئەوەی لە ئەسپێ پاك ببنەوە، خۆیانو جلوبەرگەکانیان بە ئاوی گەرم شوشت. میخاییلی لەوانی پرسی: لەوێ چیتان دەخوارد؟ یەکێکیان دەستەسڕێکی لە گیرفانی دەرهێنا و چەند دەنکە گەنمێکی پیشان دا. ئەوان هەژدە ڕۆژ لە ماڵی میخایل مانەوە. لە کۆتاییدا، حکومەتی فارسەکان و بارزانی لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی زیندانییەکان ڕێك کەوتن. ئەوان زیندانیەکانیان گۆڕییەوە لە ڕۆژێکی شەممەدا وە میخایل وتی کە هەرسێ بەندکراوە جوولەکەکە بەبێ ئەوەی خواردن بخۆن پەرستگایان بەجێهێشت و

ڕۆیشتن. میخایل هەندێك خۆراکی پێدان بۆ ئەوەی لە ڕێگادا بیخۆن وە ڕادەستی سەربازانی بارزانی کردنەوە و داوای لێکردن کە لەبەر خاتری ئەو ئاگایان لەو سێ جوولەکەیە بێت.

ئەم ڕووداوە ئەوە دەردەخات کە متمانەیەکی دوولایەنە لە نێوان بارزانی و میخاییلدا هەبوو. بەهۆی میخایلەوە بووە کە کوردەکان ڕێگایان بە دیلە جووەکان دا کە بچنە ماڵی ئەو لەکاتێکدا دیلەکانی تر لەژێر پاسەوانییەکی توندا لە مزگەوتی شنۆ دیل کرا بوون.

### ٤. چا و شەکر لەکاتی ئابلۆقەدانی شنۆدا:

دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦، یەکێك لە هێڵەکانی جەنگ بەرەو ناوچەکانی دەوروبەری شنۆ هات. ئەمانە لە ڕۆژانی سەختی ئابلوقە و دابڕان بوون، وە میخاییلی ئەوە دەگێڕێتەوە کە جەنگێکی گەورە ڕوویدا کە تیایدا چوار هاوەن شاری شنۆیان بۆردوومان دەکرد. ڕۆژێکیان نوێنەرێکی بارزانی هاتە لای میخایلیو پێی ڕاگەیاند کە مەلا موستەفا داوای دەکات. میخایلی چووە دیوانخانەکەی وە مەلا موستەفا پێی وت: ڕونیێ، (دانیشە) معەلم:

" گوێ بگرە معەلم، ئەوە سێ ڕۆژە چایم نەخواردۆتەوە. نە من و نە منداڵەکان وە نە کەسی تر نەیانخواردۆتەوە. میخاییلی دەڵێت: کەس نەیدەوێرا لە شنۆ بچێتە دەرەوە، هەموو دانیشتوانەکەی هەڵاتبوون، تەنها بارزانیەکان و جووەکان لەو شارەدا مابوونەوە. ئەوان هیچ شەکر و چایان نەمابوو. مەلا موستەفا بە میخاییلی وت: ئەگەر تۆ معەلیمێکی باشی، هەندێك چا و شەکرم بۆ پەیدا بکە. هەرچەندی پارەت دەوێت، بیبە، تەنها شەکر و چایمان بۆ بێنە. هەتا ئەگەر کیلۆیەك شەکر بە سەد تومەن بێت، هەر بیکڕە و من لاریم نیە. من

پێم وت: دەولەت د سەرێ تە (لەسایەی سەری تۆوە) پارەی منیش هەر بەهۆی تۆوە دەستم کەوتووە، چۆن من دەتوانم پارەت لێ وەربگرم؟! پاشان ئەگەر توانیم هیچ بدۆزمەوە، قسەت لەگەل دەکەم دەربارەی نرخەکەیو پێت دەڵێم چەندی تێچووە.... من چووم و بە هەموو جووەکانی شنۆم وت: بەهۆی ئەو پیاوەوەیە کە هیچ کوردێك ناوێرێ ئازارمان بدات وە ئەو پارێزەری ئێمەیە. ئێستا ئەو کەسە پێویستی بە ئێمەیە.... داوام لێکردن چای نەخۆنەوە و شەکر بەکارنەهێنن، تەنها بۆ ماوەی دوو ڕۆژ، هەتا دەتوانن بۆی کۆبکەنەوە. لە ماڵێك بڕێك چایو شەکریان هێنا. نزیکەی ١٠–١٥ کیلۆ شەکر و ٤٠–٥٠ پاکەت چای کۆبووەوە و بەم شێوەیە بەشی ماوەیەکی ئەوانی دەکرد. من ئەو ڕۆژە نەگەڕامەوە... بۆئەوەی وانیشان بدەم کە کارێکی قورسم ئەنجام داوە، بۆیە ڕۆژی دواتر گەڕامەوە. شەکر و چایەکەم لەسەر پشتی خۆم دانا... لە دوورەوە بینیم مەلا موستەفا دانیشتبوو. پێیان ڕاگەیاند: ئەوەتا معەلم گەڕایەوە. پێی وتم: تۆ هاتیت؟ وتم: بەڵێ، شێخ، نیوەی ڕۆحم چوو هەتا بۆ تۆ بەچەند گوندێکدا گەڕام و ئەو شەکرو چایەم دۆزیەوە[١١٣]. لێی پرسیم: معەلم، چەند پارەی تێچوو؟ پێم وت: قوربان، چۆن پارەت لێ وەردەگرم! خۆزگە تۆ لە جەنگەکەدا سەردەکەوتی، با ماڵی منیش بسوتێ، هیچ لاریم بەوە نیە. پێی وتم: معەلم، ئەرکی سەر شانی خۆت بە ئەنجام گەیاند."

---

١١٣ ڕەنگە لێرەدا کەسێك بپرسێ و بڵێت بۆچی پیاوێکی مەلا موستەفا بۆ کۆکردنەوەی شەکر و چایەکە لە جیاتی جوولەکەیەك نەدەچوو؟ جووەکان، لەبەر ئەوەی جەنگەکە جەنگی ئەوان نەبوو، هەر بۆیە بەئاسانی دەیانتوانی بۆ کوێی بیانویستایە بڕۆن. بەڵام پیاوانی بارزانی بەهۆی مەترسییەوە نەیاندەتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەن.

میخایل کۆتایی بەوە هێناوە کە ئەو خۆشەویستی لەگەل بارزانیدا بەهێزتر کرد. ئەو وتی: باوەڕ بکەن، تا ئەو کاتەی کە ئەو شنۆی بەجیٚ هێشت، دوو لە چەکدارەکانی هەموو شەوێك دەهاتن بۆ پاسەوانی کردنی گەڕەکی جوولەکەکان وە هەموو سەری کاتژمێرێك من ئەوانم دەدیت کە دەورەیەکیان لە شەقامدا لێدەدا.

ئەم نموونەیە زۆر بەڕوونی ئەوە دەردەخات کە پەیوەندیە خێڵەکیەکان زۆر بەهێز بوون، هەروەك لەلایەن توێژەر (لیچ)ەوە ئاماژە بەوە دراوە کە شەکر و چا و قاوە لە پێداویستیە گرانبەهاکانی دیوانخانە بوون. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمەوە، شێوازی خواردنەوەی چای ڕووسی لە هەموو کوردستان بڵاوبووەوە.

" چا زۆر بە خەستی لە سەماوەردا دەکوڵێنرا، وە لەگەڵ بڕێکی زۆر لە شەکری قەند پێشکەش دەکرا. هەرکە میوانەکە دەگات، سەماوەرەکە بە زووترین کات دەخرێتە کارەوە و پێشکەشی میوانەکان دەکرێت تاوەکو بە ئارەزووی خۆی دەڕوات."

٥. میخاییلی بەتۆمەتی هاوڕێیەتی لەگەڵ بارزانیدا خرایە زیندان

لەو کاتەی مەلا موستەفا شاری شنۆی بەجێهێشت، حکومەتی فارس( ئێرانی ئەوکات) کۆنترۆڵی شارەکەیان کرد. کەسێك ئاگاداری حکوومەتی کردەوە کە میخایل ئاوارەیەکی عێراقی نایاسابییە. ئەوان وتیان: ئەو جوولەکەی مەلا موستەفا بووە و لەگەڵیان کاری کردووە. میخاییلی خۆی بەم شێوەیە بەسەرهاتەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

" لە ڕۆژێکی شەممەدا، پۆلیس دەورووبەری ماڵی ئێمەیان ئابلوقەدا. دوو ئەفسەری پۆلیس هاتنە ژوورەوە و لێیان پرسیم: تۆ ناوت میخایلە؟ وتم: بەڵێ. پرسییان: ئایا تۆ جوولەکەی مەلا موستەفا بوویت؟ وتم: نەخێر. پێیان وتم: درۆ

مەکە، تۆ لەگەلیان بوویو چەکت هەبووە و جلوبەرگت بۆ ئەوان دروست دەکرد، تۆ خەڵکی گوندی بارزانی. پێم وتن: من ساڵێك پێش ئەوان هاتبووم بۆ ئێرە. من بۆ ئەوە هاتوومە ئێرە بۆ ئەوەی ژیانی خۆم بەڕێوە ببەم. ڕاستە من جلوبەرگم بۆ دروست دەکرد، بەڵام ئەگەر وام نەکردایە، ئەوان دەیانکوشتم. پێیان وتم: دەنگۆی ئەوە هەیە کە تۆ لەماڵەوە چەند پارچە چەکێکت حەشار داوە. ئەگەر بەڕاست چەکت هەیە، پێمان بدە. ئەگەر پێمان نیشان نەدەی و ڕادەستی ئێمەی نەکەی، وە ئێمەش پاش پشکنین لە ماڵی تۆدا دۆزیمانەوە، ئەوا بەبێ دوو دڵی دەخرێیتە زیندانەوە. پێم وتن: باوەڕم پێبکەن کە من هیچ چەکێکم نیە. ئەگەر باوەڕ ناکەن، فەرموو ماڵەکە بگەڕێن. ئەوان خاکەناسێکیان هێنا بۆئەوەی چاڵ هەڵبکەنن بۆ گەڕان بە دوای چەکەکاندا..... خانووەکەم بە فەرش و بەتانی سوف داپۆشرا بوو... بە ئەفسەرەکەم وت: ئەگەر چەکەکانت دیتەوە، هەرچیەك کە تۆ دەتەوێت بیکە، بەڵام ئەگەر لە ماڵی مندا هیچتان نەدۆزیەوە، ئەوا داواتان لێدەکەم کە ماڵەکەم وەك پێشتری لێبکەنەوە. ئەو زانی کە من ناترسێم، بۆیە بڕیاریدا کە چاڵەکە هەڵنەکەنن. منیان ڕاپێچی بەندیخانە کرد... بە عەزمیم وت ( ئەو کەسەی کە پۆلیسی ئاگادارکردبووەوە شیعە بوو) کە بە ئەفسەرەکە بڵێت، هەموو حکومەتەکانی دونیا ڕەوشتیان هەیە، بەڵام حکوومەتی فارسەکان خاوەنی هیچ ڕەوشتێك نیە.... من بە ئەفسەرەکەم وت کە من بۆماوەی هەژدە ڕۆژ خواردن و جلوبەرگم بە سێ دیلی فارسی جوولەکە بەبێ بەرامبەر داوە... کاتێك کە ئەوان لە ماڵی من بوون، یەکێك لەوان داوای لێکردم کە ئەفسەرەکەشیان بێنمە ماڵی خۆم خواردنی بدەمێ، نەوەکو کاتێك گەڕاینەوە لێمان توڕە ببێت و ئازارمان بدات... لەناو بەندیخانەدا چەندین موسڵمانی خەڵکی شنۆم بینی. ئەوان لە ژێر لێکۆلینەوەدا بوون سەبارەت بەوەی کە کاتێ بارزانی کۆنترۆڵی شارەکەی کردبوو، چی

دەقەوما... من لەوێدا تاکە جوولەکە بووم... لەهەمانکاتدا هەندێك جوولەکەی تری شاری شنۆ، وەك حاخام ڕافاییل و ئیزیکیل و یەحوشوا جبرایل، بە ئەفسەرە فارسەکانیان وتبو کە من لەگەڵ ئەو بەندکراوانەدا، کە لە ماڵی من بوون، زۆر دڵسۆز بووم... بەم شێوەیە پاش دوو کاتژمێر منیان ئازاد کرد."

لەو ڕۆژە بەدواوە میخایلی ڕۆژانە لێکۆلینەوەی لەگەڵدا دەکرا. هەموو ڕۆژێك ئەفسەرێکی پۆلیس دەهاتە پەرستگا و میخاییلیو براکەیو برازاکەی بەرەو بنکەی پۆلیسی دەبردن. پرسیاریان لێدەکرا کە بۆچی عێراقیان جێ هێشتووە و هاتوونەتە ئێران. ئەوانیش دەیان وت: بەهۆی بارودۆخی ئابووریەوە هاتووینەتە ئێرە. میخاییلی هەوڵی دەدا ئەو ڕوون بکاتەوە کە لەو کاتەی کە ئەوان هاتنە ئێران، حکوومەتی فارس لە ناوچەکەدا نەبوو و هەرکەسێك دەیتوانی لە سنوور بپەڕێتەوە. لە نیوەشەودا، میخاییلی توومەنێکی بە ئەفسەرەکە دەدا و ئازادی دەکرد. بۆ ماوەی مانگێك ئەم ڕۆتینە بەردەوام بوو. هەموو ئەو داهاتەی کە من هەم بوو، دەچووە گیرفانی ئەفسەری پۆلیسەوە. لە کۆتاییدا، میخاییلی داوای ناونیشانی تایبەتی ماڵی ئەفسەرەکەی کرد. لێی پرسی: بۆچی ئەم داوایە دەکەی؟ میخایل وتی کە دەیەوێت سەردانی بکات.

" کومبارێکم هەڵگرت، کە خۆم دروستم کردبوو، لەگەل چوار قووتی شەکر و بەتانیەکی سوفی ڕەنگاوڕەنگی جوان. وتم: ئەمە بۆ لانکەی منالّەکەتە. هاوسەرەکەی زۆر خۆشحاڵ بوو. ئەفسەرەکە لێی پرسیم: بۆچی ئەو هەموو شتانەت هێناوە؟ پێم وت: سەیرکە، ئەوە بۆماوەی یەك مانگە من ناتوانم کاربکەم و ژیانی ڕۆژانەی خۆمم بۆ دەستەبەر ناکرێت. من دز نیم، تەنها بۆ پەیداکردنی نان هاتوومەتە ئێرە. ئەگەر ئەمە لەلای ئێوە شایانی قبوول کردن نیە، بمنێرەوە بۆ عێراق. ئەو وتی کە دەبێت نامەیەك بۆ دەسەڵاتدارانی تەهران

بنێرم، ئەگەر ئەم داوایەی تۆیان قبوول کرد، باشە، وە ئەگەریش نا، من هیچم لەدەست نایەت."

ئەفسەرە پۆلیسەکە وەڵامێکی نەرێنی وەرگرت، بەڵام بەهۆی ئەو بەفرە زۆرەی کە ناوچەکەی داپۆشیبوو، هەموو هۆکارەکانی گواستنەوە وەستابوو. بۆماوەی سێ مانگی تر توانی لەوێ بمێنێتەوە، دواتر بەرەو تەهران بەڕێ کەوت و لەوێشەوە بەرەو ئیسرائیل کۆچی کرد[١١٤].

## جوولەکە شارنشینەکان و ئاغاکانیان: دەرئەنجام

لێکۆلینەوە لە پەیوەندی نێوان ئاغا و جووەکان لە شەش شاری کوردستاندا دەمانگەیەنێتە سێ دەرئەنجام. یەکەم، جووەکان سودیان لە پارێزگاریکردنی ئاغا بەهێزەکان وەردەگرت، هەروەك لە زاخۆدا ئەمە تەجرەبە کرا، وە کەمتر لە سلێمانی ئەم دیاردەیە تێبینی کرا، وە ماوەیەکی کورتیش لە شنۆدا جووەکان سودیان لەم پارێزگاریکردنە بینی وە لە ئامێدیشدا تاڕاددەیەك هەستی پێکرا. بەهۆی پارێزگاری کردنی ئاغاوە، ئاغا بەهێزەکان زیاتر لە هەر شتێك دەیانتوانی یارمەتی هاوڵاتیانی جوولەکە بدەن. دووەم، بەهۆی ڕابەرایەتی جوولەکەیەکەوە، کە پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ ئاغاکان و

١١٤ زۆر لە جوولەکە عێراقیەکان بەشێك بوون لەو کۆچڕەویەی کە لە ساڵانی پەنجاکان بەناو ئێراندا چوونەوە ئیسرائیل. ژمارەی دایشتوانی کوردستانی ئێران لەساڵی ١٩٥٠، بە نزیکەی سیانزە هەزار خەملێنراوە. وە لەساڵی ١٩٥١ سێ هەزار و پێنج سەد کەس لە کوردستانی ئێراندا مانەوە، ئەوانی تر هەموویان بەرەو تەهران بەڕێ کەوتن پەناگەیان لەوێ دۆزییەوە و پاشان بەرەو ئیسرائیل سەری خۆیان هەڵگرت.

حکومەتدا هەبوو لە ئاکرێدا، توانی ئاسایيشی جووەکان فەراهەم بکات. لە حەقیقەتدا، سەرکردە و بازرگانە جووەکان، لە هەندێك کۆمەڵگای تری کوردیدا، ڕۆلێکی یەجگار کاریگەریان گێڕا لە پەیوەندی دروست کردن لەگەڵ حکوومەت و ئاغاکاندا، بەڵام ئەوەی لە ئاکرێدا ڕوویدا وێنەیەکی تەواوی پاراستنی جووەکان لەو شارەدا خرایە بەرچاو. جووەکانی شاری دهۆك جیاواز بوون لە جووەکانی هەردوو کۆمەڵگای زاخۆ و ئاکرێ. جووەکانی دهۆك سودیان لەو پارێزگاریکردنەی ئاغاکان وەرنەگرت وەك لە زاخۆ و ئاکرێدا ڕوویدا. جووەکانی دهۆك و ئامێدی سێیەم و گرنگترین خاڵی سەرئەنجام دیاری دەکەن. سەرکردە جووەکان دەبووایە سەرچاوەیەکی دارایی بە حکومەت و ئاغاکان بدابوایە بۆ پاراستن و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕویان دەبوونەوە.

# بەشی دووەم

## جوولەکە گوندنشینەکان و ئاغا خێڵەکیەکانیان

# بەندی یەکەم

## ژیانی جوولەکە گوندنشینەکان

ژیانی گوندنشینی لای جووەکانی کوردستان زۆر بە قووڵی دیاردەکەوت، کە تیایدا جووەکان لە نزیکەی دوو سەد گوند دەژیان. هەروەك لەلایەن جوولەکە کۆنەکانی کوردستانەوە وتراوە، جووەکان لە سەدان گوندی کوردستاندا ژیاون و خەریکی کشتووکاڵ و ڕەز و بێستان بوون. لەهەمان کاتدا، هەندێکی تریش کاری وەك ئاژەڵداریو دروینی جلوبەرگی کوردیو دروستکردنی فەرشیان دەکرد. دەیڤید د. بیس ئاماژەی بەوە داوە کە لە چوار پێنج گوندی خۆرهەڵاتی نوسەیبین، کە دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی تورکیا، ژیاون. بوونی پەرستگا لەم گوندانەدا بۆ کاری خواپەرستی جووەکان و مەڵبەندێکی گرنگ بوو بۆ فێربوونی منداڵان و ئاشنابوونیان بە زمانی عیبریو سەرجەم چالاکیە کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریەکان. بنزیون ئیزرایلی، کە لەناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستەمدا سەردانی کۆمەڵگا کوردییەکانی باکووری عێراقی کردووە، ئاماژەی بەوە داوە کە:

"ئەو جوولەکە کرێکارانەی کاری کشتووکاڵییان لە چیاکانی میزۆپۆتامیادا دەکرد، شوێن و پلەوپایەی باشیان لەناو کۆمەڵگای باکوردا دەست خست.

ئەوان بەزۆری لە گوند و شارە تێکەڵەکاندا دەژیان. من سەردانی شاری دهۆکم کرد... لە کۆی سەد و بیست خێزان، بیستیان خاوەنی بێستانی تایبەتی خۆیان بوون، وە نزیکەی پەنجا کرێکاری جوولەکە و ناجوولەکە بە سەپان کاریان دەکرد[115]."

بە واتاییەکی تر، کەمتر لە یەك لەسەر پێنجی خێزانە جووەکان لە دهۆك بەکاری کشتووکاڵیەوە خەریك بوون. جوولەکە گوندنشینەکان، هەروەك ئاماژەمان پێدا، لە چالاکی گوندنشینەکانی کوردستان بەژداربوون. لە ڕاستیدا، زۆربەی جوولەکە نوێیەکانی کوردستان کاری وەستایی‌و دەسگێڕییان دەکرد، بەڵام هەروەك براوەر ئاماژە بەوە دەدات کە کەسایەتی‌و ئایناسیان هەروەك سروشتی گوندنشینەکان وابوو. پێش کۆچە بەکۆمەڵەکەی جووەکان بەرەو ئیسرائیل، لەساڵی ١٩٥١–١٩٥٢، نزیکەی یەك لەسەر پێنجی جووەکانی کوردستان سەرچاوەی داهاتیان لە کشتووکاڵەوە بوو. لە دەورووبەری ئەوکاتەدا، ژمارەی جووەکانی کوردستان نزیکەی بیست هەزار کەس بوو لەگەڵ نزیکەی هەشت هەتا دە هەزار هاوڵاتی تر کە پێشتر لە خاکی پیرۆزدا نیشتەجێ بوون.

بەم پێیە، ژمارەی ئەو جوولەکە گوندنشینانەی لەسەر داهاتی کشتووکاڵ دەژیان بریتی بوون لە نزیکەی چوار هەزار کەس، بەپشت بەستن بە ڕاپۆرتی شیلۆم، ژمارەی جوولەکە گوندنشینەکان لە سەرتاسەری کوردستاندا پێش کۆچە مەزنەکە لە نێوان سێ بۆ چوار هەزار هاوڵاتی بووە، واتە کەمتر لەیەك

---

١١٥ سەپان: بەوە کەسە دەوترێت کە لەسەر زەوی خاوەن موڵکێك کاربکات و قازانجی بەرهەمەکەش دابەش دەکرێت لە نێوان هەردوولادا. ڕێگایەکی تریش هەیە کە خاوەن موڵك زەویەکەی بە کرێ دەداتە کەسێك بە بڕە پارەیەکی دیاریکراو بۆ ماوەی ساڵێك یاخود زیاتر. (وەرگێڕ)

لەسەر پێنجی سەرجەم دانیشتوانی جوولەکە[١١٦]. ئەگەر یەکێك ژمارەی ئەو جوولەکانەی کە پێشتر بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کردووە، زیاد بکات بۆ ئەم ژمارەیە ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەم ژمارەسەش بەرەو هەڵکشان دەڕوات. هەروەها ڕاپۆرتێکی بەریتانی دەڵێت، ژمارەی ئەو جوولەکانەی لە کەرتی کشتوکاڵی کاریاندەکرد لە ناوچە شاخاوییەکانی ڕووباری گەورەی زاپ، لە نیوەی ژمارەی ئەو جوولەکانەی کە لە چوار پارێزگاکانی باکووری عێراقدا دەژیان، زیاتر نەبوو، کە کۆی گشتی پانزە هەزار بوو.

چەندین توێژەر ئاماژەیان بە ڕێوڕەسمی ئایینی جوولەکە کوردەکان، لەکاتی قات و قوڕیو برسییەتی، کردووە. ئەو جۆرە ڕێوڕەسمە ئایینیانە بەزۆری لە کۆمەڵگا گوندنشینەکاندا دەبینران وە براوەر تێبینی ئەوەی کردووە کە ئەسڵی ئەو ڕێوڕەسمانە، دەرەکی بوون، بەڵام پەیوەندی جووەکان بەو جۆرە ڕێوڕەسمانە جیاوازن و سروشتین کە ڕەنگە زۆرێك باوەڕیان وابێت کوردە جوولەکەکان لە کەرتی کشتووکاڵدا کاریان کردووە. دابونەریتی گوندنشینی بە شێوەیەك ڕەگی لەناو جوولەکە کوردستانیەکاندا داکووتا بوو کە تەنانەت لە کاتی گەڕانەوەیاندا بۆ ئیسرائیل لەسەدەی بیستەمدا، زۆربەی جووەکان شێوازی ژیانی گوندنشینییان هەڵبژارد و لەناوچە کشتوکاڵیەکانی ئیسرائیلدا نیشتەجێ بوون. تاوەکو پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، جووەکانی کوردستان لە پێشەنگی ئەوانەدا بوون کە لە کۆمەڵگا نوێیە گوندنشینەکاندا نیشتەجێ بوون. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، زۆر خێزانی جوولەکەی

---

١١٦ ژمارەی خەمڵێنراوی جوولەکە گوندنشینەکان پێنج سەد خێزان بووە لەگەڵ چوارسەد هاوڵاتی سەڵت، وە هەر خێزانێك لە شەش بۆ حەوت ئەندامی تیادا بووە. لەبەر ئەوەیە کە کۆی گشتی ژمارەی جووەکان بۆتە سی! هەزار بۆ چوار هەزار هاوڵاتی.

کوردستان له ناوچەی سیخارا نیشتەجێ بوون که یەکەمین شوێنی گوندنشینی جووەکان بوو له فەلەستین. له سالانی دواتردا، جووەکانی کوردستان گوندی زیاتریان له فەلەستین بنیادنا. ئەوان له دامەزرێنەرانی کفار بەروخ بوون لەساڵی ١٩٣٦دا وه تەواوی ژمارەی دانیشتوانی گوندی عەل ڕۆعی یان پێك دەهێنا لەساڵی ١٩٤٥ له دۆڵی جەزریلدا. لەسەرەتای ساڵی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، لەکاتی کۆچە بەکۆمەلەکەی جووەکان بۆ ئیسرائیل، جوولەکەی زیاتر له گوندەکاندا نیشتەجێ بوون، که تیایدا گوندی وا هەبوو تەواوی دانیشتوانەکەی جوولەکەی کوردستان بوون[١١٧].

له کوردستاندا، جوولەکه شارنشین و گوندنشینەکان لەلایەن ئاغاکانەوه حوکم دەکران و پەیڕەوی یاسا ڕەوشتیەکانی هۆزەکه بوون. نەك تەنها ئەو جوولەکانەی که له گوندەکاندا دەژیان، بەڵکو زۆربەی جوولەکه شارنشینەکانیش لەلایەن ئاغاکانەوه چاودێری دەکران و دەپارێزران. گرنگە که باسی ئەو جوولەکانه بکەین و له ژیانیان شارەزا بین که له گوندەکاندا ژیاون، چونکه ژمارەیەکی زۆر لەو جوولەکانه له ناوچه گوندنشینەکاندا دەژیان. یەکەم، ژمارەی خێزانه جووەکانی له هەر گوندێکدا زۆر کەم بوو، تەنها دوو تا سێ خێزان بوون که خزمایەتی له نێوانیان هەبوو. هەندێ ڕاپۆرتی سەدەی ڕابردوو باسی ئەم دیاردەیه دەکەن. لەساڵی ١٨٢٧دا، دەیڤید د. بیس هیل له ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بەوه کردووه که له گوندی سەلاغە، که سێ کاتژمێر له فیشخاپوورەوه دووره، له کۆی سەد خێزانی موسڵمان تەنها یەکیان جوولەکە

---

١١٧ هەندێك لەو گوندانە لەمانەی خوارەوه پێك هاتبوون: تسویا، زەکەریا، نس حاریم، پاتیش، میڤتاخیم، یەعالی، ئاگور، کفار یوڤال، ئەڤیتال، یاردینا، میتاڤ پارسۆن، ڕەحۆڤ، محاحۆز زایۆن و چەندانی تر.

بووە. ئەو جوولەکەیە وێنەکێش و بەرگدرووی گوندەکە و هاوڕێی ئاغای گوندەکە بوو. بنیامینی دووەم ئاماژەی بەوە کردووە کە جوولەکە گوننشینەکان لە ناوچە شاخاویەکانی کوردستاندا بڵاو ببونەوە. هەروەها توێژەر هەی، دەڵێت تەنیا یەك خێزانی جوولەکە لە ناو چەندین گوندی کوردیدا ژیاوە. جووەکان بۆ ماوەی چەندین سەدە وەکو کەمایەتیەکی بچووك لەناو زۆرینەی موسڵماناندا ژیاون. لە چەند گوندێکی کەمدا، ژمارەی جووەکان دە تا پانزە لە سەدی ژمارەی دانیشتوان بوو. چەند بەڵگەیەك کە دەڵێت ژمارەی جوولەکە گوندنشینەکان بەرە بەرە لە کەمبوونەوەدا بووە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوویان، کەمێك پێش کۆچە بەکۆمەلەکە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٠[١١٨].

خاڵی دووەم کە شایانی باسکردنە ئەوەیە کە زۆربەی جووەکان لە شوێنە دابڕاوەکاندا دەژیان. لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا، بنیامینی دووەم، ڕەخنەی لەوە گرتووە کە جوولەکە گوندنشینەکان لە براکانی تریان دابڕێنراون، وە ئاماژەی بەوەش کردووە کە ئەو جوولەکانەی لە ناوچە شاخاوییەکان دەژیان، لەناو کوردەکاندا پەرت و بڵاوببونەوە و ئاگایان لە دونیای دەورووبەری خۆیان نەبوو. لەسەدەی بیستەمدا، موشی بنیامین ئەو بەسەرهاتەی گێڕاوەتەوە دەربارەی نوێنەری جووەکان کە سەردانی موتەسەڕیفی هەولێری کردووە. کاتێك ڕابەری جووەکانی هەولێر، کە لەگەڵ نوێنەرەکە بوو، داوای لە

---

١١٨ بەڵگە و هۆکارەکەش بەم جۆرە بوو. بۆ نموونە لە ناوچە گوندنشینەکاندا: سێ خێزانی جوولەکە لە گوندی سەرکانیدا دەژیان, کە لە ژێر ناوچەی دەسەڵاتداری بارزان بوو لەساڵی سییەکان. لە دەورووبەری هەمانکاتدا، ١٩٣٠، لە گوندی ڕەباتکێ، نزیك ئامێدی تەنها پێنج خێزان لە کۆی شەش سەد خێزان لەوێدا دەژیان. لە دەورووبەری ساڵی ١٩٥١دا، چوار خێزانی جوولەکە لە گوندی حاریمی سەر بە ناوچەی دەسەڵاتداری زێباری، دەژیان.

موتەسەڕیف کرد کە یارمەتی ئەو جوولەکانە بدات کە بەرەو هەولێر بێن، موتەسەرپف باوەڕی بەوە نەکرد کە ئەوان جوولەکەن، چونکە ئەوان ڕێك وەك کوردە گوندنشینەکان دەهاتنە بەرچاو. ئەو دابڕانە قووڵە وای لێکردبوون کە تەواو خووی کوردەکان بگرن. لە شوباتی ساڵی ١٩٤٣دا، گەتمان دەربارەی جوولەکە گوندنشینەکانی چیاکانی کوردستان شتێکی نوسیوە و تیایدا وتویەتی:

"جووەکان بەڕێژەیەکی زۆر لەناوچە دابڕێنراوەکاندا دەژیان، بۆیە بەتەواوی لە یەکتر دابڕا بوون. لە چەندین شوێندا ئەوان بەتەواوی بزر بوون و کەس نەیدەزانی جوولەکەن."

شێوازێکی تر کە لە ڕاستیدا پەراوێز خراوە، بەڵام لە هەمانکاتدا شایانی باسکردنە بریتییە لە خاوەنداریکردنی گوندێك لەلایەن تاقە جوولەکەیەکەوە. بنیامینی دووەم باسی گوندێکی کردووە کە خاوەنەکەی جوولەکەیەك بوو. ئەو سەردانی گوندی سیلمای کرد کە ناوەکەشی هەر لە دامەزرێنەری گوندەکەوە هاتووە، کە نزیکەی کاتژمێرێك لە باشووری خۆرهەڵاتی شاری نوسەیبینەوەیە. پاشان پارچە زەویەکی پێ بەخشرا تیایدا ژمارەیەکی زۆر خانووی بۆ جووتیارە ئەرمەنیو عەرەبەکان بنیادنا. سیلما توانی چەتە تاڵان کەرەکان لەو ناوچەیەدا وەدەربنێت. بنیامین میوانی ماڵی سیلما بوو وە ئاماژەی بەوەداوە کە چەندین جوولەکەی تریش لەم گوندەدا نیشتەجێ بوون. سیلما تاکە جوولەکە نەبوو کە تەواوی گوندەکەی لەژێر دەستدا بێت. سەرچاوە ڕاپۆرتیە جوولەکەییەکان دەڵێن کە پیاوانی بنەماڵەی خواجە خینۆی ئاکریو خێزانی موشی گابای زاخۆ، گوندیان هەبووە، هەرچەندە ئەوان لەو گوندەدا نەژیاون، بەڵام کرێی خانوو و زەویەکەیان وەردەگرت.

شێوازی چوارەمی نیشتەنگای جووەکان باسی ژمارەیەکی کەمی گوند دەکات، بۆ نموونە گوندی ساندور و سوخۆ و بیتەنور یان بێزە نوور، کە تیایدا سەرجەم یان نزیکەی هەموو دانیشتوانی جوولەکە بوون. هەندێك لە کۆمەڵگا گوندنشینەکانی جوولەکەی وەك ساندور کۆن و فەراهەمکراو بوون. بۆ ئەوەی جووەکانی کوردستان لە ناوچە گوندنشینەکان بژین، پێویستیان بە پارێزگاری کردن هەیە لەلایەن ئاغاکانەوە. لەبەر ئەوەی گوندێك کە تەواوی دانیشتوانەکەی جوولەکە بن، دیاردەیەکی نا ئاسایی بوو، چونکە ئەو کۆمەڵگایە ئاغایان نەبوو و بەم شێوەیە ئەوان یارمەتییان لە ئاغاکانی دەوروبەر داوا دەکرد. گرنگترین هۆکار بۆ کەمی ئەو نیشتەنگایە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئاغاکان چاودێرییان نەدەکردن و جوولەکەکانیش نەیاندەتوانی بەم شێوەیە بژین، هەروەك ئەم حاڵەتە لە گوندی ساندوردا دەبینرێت.

**ساندور: گوندێکی جوولەکەنشین:**

ژمارەی دانیشتوانی گوندی ساندور، کە زۆر لە دهۆکەوە دوور نیە، هەمووی جوولەکە بوون. بە پێی وتەکانی ئەو جوولەکانەی کە لە گوندەکەدا دەژییان، لە کۆندا مەسیحیەکان لەوێ بوون وە هەر لەبەر ئەمەشە پێی دەووترێت ساندوور کە لە ووشەی سان دێر ی مەسیحیەکانەوە هاتووە[١١٩]. لەو کاتەی کە مەسیحیەکان گوندەکەیان جێ هێشت، موسڵمان و جوولەکەکان هاتنە ناو گوندەکە. مەسیحیەکان باڵەخانەیەکی گەورەیان بنیات نابوو کە دواتر جووەکان کردیانە پەرستگا، وە کاتێك موسڵمانەکان گوندەکەیان جێهێشت،

١١٩ دێـر: وشــەیەکە بـۆ ئـەو شـوێنە بـەکاردێت کـە مەسـیحییەکان خواپەرسـتی تیـادا دەکەن وە دەلالەت لەوە دەکات کە مەسیحیەکان لەو شوێنەدا بوونیان هەبووە.

جووەکان باڵەخانەی مزگەوتیان ڕووخاند. ئەم نموونە و ڕووداوانەی خوارەوە باس لە پرۆسەی بەجوولەکە بوونی ساندور دەکەن.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، هێشتا سێ خێزانی کوردی موسڵمان لە گوندەکەدا دەژیان، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەوان لە ڕۆژی شەممەدا کاریان دەکرد، ڕۆژی پەرستشی جووەکانیان تێك دابوو. موختاری جوولەکەی گوندی ساندور، کە پیاوێکی دەست ڕۆیشتبوو، داوای لە قازی دهۆك کرد، کە هاوڕێی خۆیشی بوو، ئەو کوردە موسڵمانانە لەوێ بگوازێتەوە. بەپێی ڕێککەوتنەکە، جووەکان ناچار بوون کە کەلوپەلی خانووی ئەو کوردانە بکڕن کە لەوێ باریان دەکرد، بەم شێوەیە گوندەکە بوو بە مولکی جووەکان. نوێنەرێکی جوولەکە لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە لەساڵی ١٩٤٢ هیچ هاوڵاتیەکی ناجوولەکە لەو گوندەدا نەبوو، جگە لە کەسێك ئەویش ئەفسەری پۆلیس بوو.

هەموو زەویەکان لە ساندوردا مولکی جووەکان بوون کە کاریان لە وەبەرهێنانی بیستان و ڕەز و کێڵگەکاندا دەکرد. چاندنی دار مێو یەکێك بوو لە سەرەکیترین کارەکانی گوندەکە. لە وەرزی هاویندا، بەرهەمهێنەرانی دارمێو، ترێ کەیان بەکەسێکی مەسیحی شاری موصل بەناوی بۆرکیس دەفرۆشت کە کارگەی بەرهەم هێنانی مەی هەبوو. هەندێك لە ترێیەکە دەکرا بە مێووژ و هەندێکی تریشی بە گەنم ئاڵوگۆڕی پێدەکرا.

ساندور گوندێکی بێ هاوتا بوو لە ناوچە کوردیەکاندا کە هەر نوێنەرێکی جوولەکە لەدەرەوە بۆ کۆبوونەوە هاتبوایە، ئەوا سەرۆك وەزیرانی عێراق بە شانازییەوە باسی دەکرد. بێنزیۆن ئیزرایلی لەساڵی ١٩٣٤دا، ژمارەی دانیشتوانەکەی بە هەشت سەد هاوڵاتی خەملاندووە. ئەو وتی: ساندور هەر لە ناوخۆیدا دەوڵەتێکە.... ئەمە گوندی جوولەکەکانە، کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی جووەکانە کە هیچ نەتەوەیەکی تری تێکەڵ نەبووە. لەساڵی ١٩٤٢، ئینزۆ

سیرینی، که نوێنەری جووەکانی فەلەستین بوو لە عێراق، سەردانی ئەو گوندەی کرد و بە درێژی وەسفی کردووە.

گوندەکە کەوتبووە دووری کاتژمێر و نیوێك لە شاری موصلەوە، لە نێوان دوو شاخی گەورەدا. بەتەواوی سەوز بوو و پڕ بوو لە باخچەی میوەی تریێو هەنار و هەرمێو هەڵوژە و سێو.

ساندور سەرنجی چەندین جوولەکەی ناوچەکانی تری ڕاکێشابوو. خێزانی حاخام مۆردیخای لە سەدەی هەژدەمدا لە گوندی شارانێشەوە بەرەو ساندور کۆچیان کرد. بنەماڵەی حاخام کێشەیان لەگەڵ بنەماڵەیەکی ناجوولەکە هەبوو کە تیایدا کێشەکە بە مردنی کەسە ناجوولەکەکە کۆتایی هات. لە ئەنجامی ئەم ڕووداوەدا بنەماڵەکە کۆچیان کرد و لە گوندی ساندور گیرسانەوە کە پاشان هەر لەوێدا بوون بە سەرۆکی هاوڵاتیانی ئەم گوندە. لەساڵی ١٩٣٤، بنزیۆن ئیزرائیلی ئاماژەی بەوە داوە دە خێزان، کە لە گوندە شاخاوییەکانەوە بەهۆی ترسەوە هەڵاتبوون، لە گوندی ساندوردا پەناگەیان دۆزیەوە. لە مانگی ئابی ١٩٤٥دا، یەکێك لە نوێنەرانی جوولەکە لە بزووتنەوەی زایۆنی بە نازناوی ئاڤنەر، ڕاپۆرتێکی لەسەر گوندی ساندور ئامادەکرد. ئاماژەی بەوە داوە کە دانیشتوانی جوولەکەی گوندەکە بەهۆی کۆچی جوولەکە کوردستانیەکانی ترەوە هەر ساڵێك نزیکەی دە تاوەکو پانزە خانووی تیادا زیاد دەبوو.

سەرۆکی کۆمەڵگای جوولەکە لە گوندی ساندوردا حاخام مۆدریخای بوو. ئەو (لەساڵی ١٨٧٠ لەدایك بووە) دایانی جووەکانیش بوو[١٢٠]. وە بەڕێوەبەری هەموو ئاهەنگێکی ژن گواستنەوە و سونەتکردن و قەصابی ئاژەڵەکان بوو. گەورەترین و دەوڵەمەندترین خێزانی گوندەکە بوون. مامۆستایەکی گوندەکە

---

١٢٠ دایان: قازی، بۆ کاروباری ئاینیو ناوخۆیی.

پەرستگای بەکاردەهێنا لەکاتی کۆتایی هەفتەدا، وەك بیت میرداش، واتە خوێندنگای ئایینی کە تیایدا تەوراتی فێری بیست بۆ بیست و پێنج منالٚ دەکرد، بەڵام کچی تیادا نەبوو. کچەکان هەر لە تەمەنی منالٚی بەشوو دەدران، بەزۆری لە تەمەنی چواردە سالٚیدا. ئەڤنەر دەلٚێت:

"بەشێوەیەکی گشتی کوڕەکان پێش گواستنەوەیان کچەکانیان باش دەناسی. جارجار، بەدزیەوە بۆ کاری ڕابواردنو خۆشەویستی بەیەکەوە دەچوونە ناو بێستانەکان. گوندەکە داوێن پاك نەبوو و هیچ خزمەتگوزارییەکی پزیشکیشی تیادا نەبوو... سەرەڕای ئەم ڕاستیەش، زۆر نەخۆشی لەناو دانیشتوانیدا نەبوو ئەمەش بەهۆی سەلامەتی جەستەیی گوندنشینەکانەوە."

ئەڤنەر باسی لەو تەندروستیە خەراپەی گوندەکەی کردووە، وە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە دانیشتوانی ساندور وەك شاخ بوون و دەیانتوانی بەرگەی زۆربەی نەخۆشییەکان بگرن. زۆربەی جووەکان بۆماوەی حەفتا تاوەکو سەد سالٚ دەژییان.

لەسالٚی ١٨٢٦-١٨٢٧دا، دەیڤید د. بیس هیل لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە هەموو دانیشتوانی گوندی ساندور جوولەکە بوون. هەرچەندە پاش بیست سالٚ بنیامینی دووەم وتی کە لە دوو سەد خێزانی کورد، تەنها پەنجا خێزانی جوولەکە لە گوندەکەدا نیشتەجێ بوون. ئەم دژیەکە ڕەنگە ناڕوونیەك لە ڕاپۆرتەکاندا دەربخات، بەڵام ئەمە هەمووی لە ئەنجامی کۆچی ناوخۆییدا ڕوویدا. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، دانیشتوانی ساندور هەمووی جوولەکە بوون. لەسالٚی ١٩٤٢دا، بینزیۆن ئیزرایلی، سەردانێکی ماوە درێژی گوندی ساندوری کرد و بەم شێوەیە ڕاپۆرتەکەی ئامادە کردووە:

" بەڕاستی ئەمە گوندێکی جوولەکەنشین بوو، تەنها چوار پێنج خێزانی کورد لەوێ نیشتەجێ بوون و چەندین خێزانی تریش بۆکاری وەرزی دەهاتنە

ناو گوندەکە، سەرچاوەی داهاتی ئەوان لە ڕەز و باخ و هەندێ بەرووبومی کێڵگەییو چەند سەر مەڕێکەوە بوو. هەموو خەڵکەکە، بە گەنجو پیرەوە، کاریان دەکرد. کارکردن لە زەویدا پیشەی هەمیشەیی ئەوان بوو. ئەوان لەم دواییانەدا لە گوندە کوردییە شاخاویەکان هەڵاتبوون، کە ژمارەیان بریتی بوو لە دە خێزان، لەترسی مردن هاتبوونە ئەو گوندە جوولەکەنشینە. ئەوان بەزۆری لە کەرتی کشتووکاڵ کاریان دەکرد و کرێی ڕۆژانەیان نزیکەی چل بۆ پەنجا یەکەی فەلەستینی بوو. لەلایەکی ترەوە، دە دانیشتووی گوندەکە لەماڵە جووەکانی بەغدا خزمەتگوزار بوون. ئەوان هاتبونە بەغدا بۆئەوەی پارەی مارەیی هاوسەرەکانیان پەیدا بکەن و یارمەتی خێزانەکانیان بدەن وە لەسەرووی هەمووشیانەوە پارەی پێویست کۆبکەنەوە بۆئەوەی بەرەو فەلەستین پێی کۆچ بکەن. ژیانی گوندنشینی لەو گوندەدا زۆر ئەستەم بوو. ئەوان هەموویان یەك دەردیان هەبوو، ئەویش ترسی دوورخستنەوەیان بوو. باری ئابووریان وەك هی گوندەکانی تر خەراپ بوو. چەندین جار ئابڕویان بردراوە، ئەوان لە ترس و نەبوونی ئاسایشی گیانیوماڵیدا دەژین، هیوایان دەخواست بەرەو خاکی پیرۆز بگەڕێنەوە و داوای دابینکردنی بڕوانامەی کۆچبەریان دەکرد. بە هەردوو چاوی خۆمم بینی کە چۆن گەنجێکی کورد لەگەڵ هاوەڵەکەی ئەوەندە شەڕی کرد تا خوێن لە جەستەی هاتە خوار، لە شەودا هاتنەوە و چوونە ماڵی جوولەکەکە بە تۆمەتی ئەوەی کە چۆن وێراویەتی هەردوو شەڕکەرەکە لەیەکتر بکاتەوە. تەنها لەبەر خاتری تاکە گەنجێك چۆن هەڵیانکوتایە سەر تەواوی هاولاتیانی گوندەکە وە لە هاولاتیە جووەکەیاندا. ئەمەش ڕیسواییو زەلیلی بەرامبەر جووەکان دەردەبڕێت."

میوانێکی جوولەکەی فەلەستین، کە لەساڵی ١٩٤٥ سەردانی ساندوری کردبوو، باسی لە کەرتی کشتوکاڵی ئەوێ کردووە. بەرهەمی گەنم و جۆ لە

گوندەکەدا زیادی نەدەکرد و گوندنشینان دەبوایە ئارد لەشارەوە بکڕن. کانیە سازگارەکان بێستان و ڕەزەکانی ساندووریان دەبووژاندەوە. زۆربەی خێزانەکان خاوەنی ڕەز و بێستانی خۆیان بوون، دەخێزان، هەریەکیان سێ تا چوار بێستان و ڕەزیان هەبوو، پانزە خێزان بەهۆی کاری چنینەوە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دابین دەکرد. گوندەکە مێگەڵە مەڕێکی پێنج سەد سەریو پەنجا گوێدرێژ و دە ئەسپیان هەبوو، بەڵام هیچ شوانێکی جوولەکە نەبوو، چونکە جووەکان نەیاندەتوای لە ڕۆژی شەممەدا کار بکەن. بەم شێوەیە جووەکانی ساندور شوانێکی موسڵمانیان بەکرێ گرتبوو، ئەمە لە ناوچە جوولەکەنشینەکانی تریش بەرچاو دەکەوت. ئەو شیرەی کە لە ئاژەلەکان دەدۆشرا، بۆ خواردنی ژیانی ڕۆژانەیان بەکاردەهات. زۆربەی گوندشینەکان بە کاری کشتووکاڵیەوە خەریك بوون وە هەندێکیان بە کرێی ڕۆژانە لە بێستانە گەورەکان کاریان دەکرد. لە وەرزی هاویندا، دانیشتوانەکەی لە بێستان و ڕەزەکان کاریان دەکرد. لە کازیوەی بەیانیەوە تاوەکو کاتژمێر دە کاریان دەکرد، وە پاشان بەهۆی گەرماوە دەگەڕانەوەماڵەوە دواتر کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ هەتاوەکو ئێوارە دەستیان بەکاردەکردەوە. میوانەکە دەڵێت: خەڵکی گوندی ساندور لەکارکردن تەمبەل نەبوون، زۆر بەخێرایی کاریان دەکرد لەوکاتەی کە ڕەزێکی نوێیان بکۆڵیبوایە، لەو ڕۆژەدا زۆر بە قورسی کاریان دەکرد.

### کۆمەڵگا خێڵەکی و ناخێڵەکیەکان:

دوو جۆر لە خەڵکی گوندەکانی کوردستان هەبوون، ئەوانەی کە پەیڕەوی یاسا خێڵەکیەکانیان دەکرد و ئەوانەی کە هیچ پەیوەندییەکیان بە سیستەمە خێڵەکیەکانەوە نەبوو. ئەمەی دواییان ناخێڵەکی بوون، واتە بەهیچ جۆرێك لە

جۆرەکان هیچ ڕێکخستنێکی خێڵەکیان نەبوو. جووتیارە ناخێلەکیەکان بەشێوەیەکی کرداری لەژێر یاسای حکومەتی تورکیو عورفیدا بوون، یان لە هەندێ باردا، لەژێر دەستی بەهێزترین ئاغادا بوون. لە ڕاستیدا تەنها کوردە گوندنشینەکان بەشێك نەبوون لە ڕێکخستنە خێڵەکیەکان، بەڵکو کوردە شارستانیەکانیش، بەهۆی خزمایەتیو ژن و ژنخوازییو کۆچکردنەوە، بەشێك بوون لە پەیڕەوانی ئەو ئاغایانە. چاودێران جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە کوردەکانی ڕەواندز و بتلیس و وان و سلێمانیو سینا و چەند شارێکی تر، هێشتا لەژێر سیستەمی خێڵەکیدا گوزەریان دەکرد.

لەسەرەتای ١٨٢٠دا، ڕیچ وەسفێکی گرنگی یەکێك لە هۆزەکانی بلباس دەکات:

"بلباسەکان لە ناو ئەواندا هاوڵاتی خاوەن متمانە بوون و کاری کشتووکاڵیان دەکرد، کە هیچ دەنگیان لە مەسەلەکانی ئەواندا نەبوو. هۆزی بلباس لە چەندین عەشیرەت پێك هاتبوو... هەر ئاغایەك چەند دزێکی دیاریکراوی هەبوو کە دزییان بۆ بکات، تاکە یاسایان ئەوە بوو کە پەیڕەوی دادپەروەرییو دابونەریتی هۆزەکەیان بکەن. وە ئاغاکانیان لەلایەن پیاوە پیرەکانی هۆزەکەوە پشتگیری دەکران. سزای مردن بۆ هیچ تاوانبارێك نەبوو، تەنها داوێن پیسو گومڕاکردن نەبێت."

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا، بیشۆپ ئاماژەی بەوە داوە کە کۆچەرە خێڵەکیەکان هیچ یاسایەکیان نەبوو، تەنها خاوەن هێزەکان مافیان هەبوو، واتە کێ بەهێز و پشتوپەنا بوایە ئەو خاوەنی هەموو مافێك بوو. لە هەمانکاتدا، کوردە ناخێڵەکیەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەژێر دەسەڵاتی تورکیادا بوون، ئاشتییان خۆش دەویست، بەڵام نەیاندەویست پەیوەندییان لەگەڵ مەسیحیەکاندا هەبێت. برەیڤەر، کە لەساڵی ١٩٣٣ سەردانی کوردستانی

کردووە، تێبینی ئەوەی کردووە کە یاسای تورکی لە ناوچە کوردنشینەکاندا تەنها ڕووکەش بووە وە ئاغاکان چۆنیان بویستایە ئاوا حوکمی جوولەکەکانیان دەکرد. ڕەفتاری ئەو خەڵکە ناخێڵەکیەی کە لەژێر یاسا دەرەبەگە توندوتیژەکاندا دەژیان، ئاوا ڕووندەکاتەوە کە ئەوان ئەو هاوڵاتیە بوون کە خاوەنی زەوی تایبەتی خۆیان نەبوون و چەندین جووتیاری کوردی ناخێڵەکی، لە بنەڕەتدا موسڵمان، لە نێوانیاندا هەبوون. لەناو هۆزەکانی هەمەوەند و دزەییدا، جووتیارە ناخێڵەکیەکان بە مسکێن یاخود کرمانج، لە باکوری کوردستاندا، ناسراو بوون. لە پێشدا ئەوان بە گوران ناسرابوون، واتە جووتیارێك کە بنەڕەتەکەی ناخێڵەکییە، ئەم زاراوەیە لەم دواییانەدا لە کوردستانی ئێران بەکاردەهات. هاوڵاتیە ناخێڵەکیەکان بە (راعیەت) ناسراو بوون. واتە: سووك یان هاوڵاتی ناموسڵمان، یان دەست و پەیوەندی پەرستگا. ڤان برونسمان ئاماژە بەوە دەدات کە گۆڕانە ئابووریە کۆمەڵایەتیەکان لە سەدەی بیستەمدا، جیاوازیەکانی لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا تەسك کردەوە.

" بە شێوەیەکی سروشتی، پیاوانی هۆزەکی شوانی کۆچەری یان نیمچە کۆچەری بوون، وە هەندێکیانیش کاری کشتووکاڵیان دەکرد لە کاتە سەختە ئابووریو سیاسییەکاندا. ئەوان دەستیان بەسەر وەستا و جووتیارە ناخێڵەکیەکاندا گرتبوو."

زۆرینەی کوردەکان خەڵکی هۆزەکی بوون یان یان دانیشتووی شارەکان بەزۆری پەیوەندییان بە لایەنێکی ئاینیو سیاسییەوە هەبوو. زۆربەی مەسیحیەکان لە ڕووی سیاسییەوە کۆنترۆڵ کرابوون وە لە هەمانکاتدا لە ڕووی ئابووریشەوە، لەلایەن ئاغاکانەوە، چەوسێنرابوونەوە. لە گەڵ ئەوەشدا، هەندێك لە هاوڵاتیە مەسیحیەکان لەناوچە کوردیەکانیشدا لە چوارچێوەی خێڵەکیدا بوون. بۆ نموونە، نەستۆریەکانی خواروو و سەرووی تیاریو تخوما و

ژیلۆ و باز، که له باشوور و باشووری خۆرئاوای هەکاری (جۆلەمێرگ)دا، دەژیان. لەلایەکی ترەوە، هاوڵاتیانی جوولەکە، شارنشین و گوندنشینەکان، هەرگیز بەشێك نەبوونە لە سیستەمی خێڵەکی.

**پارێزگاری (پاراستنی) خێڵەکی:**

هەموو جوولەکەی گوندنشین و هەندێك لە شارنشینەکان لەژێر حوکمی خێڵەکی ئاغادا دەژیان. ئەوان بەشێکی تەواو نەبوون لە هۆز، بەڵام هاوڵاتی پارێزراوی ئاغا بوون. بەبێ پشتگیری ئاغاکان، هیچ گەرەنتیەکی سەلامەتیو ئازادی لە ڕێگاوباندا، لەناوچە گوندنشینەکانی کوردستان، فەراهەم نەدەکرا. پەیڕەوکردنی دابونەریت بۆ پارێزگاریکردنی جووەکان یەکێك بوو لە پێکهاتە سەرەکیەکانی پەیوەندی نێوان ئاغا و جوولەکە گوندنشینەکانیان. پاراستنی هاوڵاتیە ناموسوڵمانەکان، بەزۆری جوولەکە و مەسیحیەکان، بوو بە یەکێك لە ئەرکەکانی ئاغا. لە بەرامبەر ئەمەشدا، هاوڵاتیە ناخێڵەکیەکانیش دیاریو باج و بەشێك لە داهاتی زەوی و کارە دەستیەکانیان بە ئاغاکان دەدا. تاکە ڕێگایەك بۆئەوەی سەیری پەیوەندی نێوان ئاغا و جووەکان بکرێت بریتیەیە لە سەیرکردنی ئەو پشتگیریو چاودێرییەی کە لە ئەنجامی ئەو خزمەتگوزاریو سەرانەیەی بە ئاغاکان دەدرا. یەکێکی تر بریتییە لە سەیر کردنی ئەو کرێو زۆر لێکردنەی کە لە ئەنجامی بەرگری کردنی ئاغا لە جووەکان ئەنجام دەدرا. مەسەلەکە هەرچییەك بێت، ئەو پەیوەندییانە لەسەر بنەمای چەند بەرژەوەندییەك بنیادنرابوون، هەروەك لە سەرەتا و کۆتایی ئەم پەرتووکەدا بە درێژیی باسی لێوەکراوە. ئەو یاسایانەی کە پەیوەندی نێوان ئاغا و جووەکانی پێك دەهێنا، پەیوەندییەکی زۆر درێژخایەنی لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش پێك دەهێنا.

پشتگیریە بەناوەکەی ئاغا خێڵەکیەکان بەرامبەر بە جووەکان داخوازی هەرە لە پێشینەی ئەوان بوو. لە بازنەی خێڵەکیدا ناوە ناوە ئەگەر قسە بە جوولەکەیەکی ئاغایەکی دیاریکراو بگووترایە، ئەوا پیاوانی خێڵ سەرەنجامی ئەو ئازاردانەی جووەکانی دەزانیو درکی بەوە دەکرد کە سەرپێچی یاساکانی خێڵی کردووە. دەسگێڕێکی جوولەکە، کە زۆر سەردانی ناوچە شاخاویە کوردیەکانی کردووە، لەکاتی گەشتەکەیدا لە چەندین گونددا ماوەتەوە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ و هەفتە. لە ژمارەیەك لەو گوندانەدا، ئەو بەشەو لە ماڵی ئاغاکە دەمایەوە چاودێری دەکرا پاشان بەرەو گوندێکی تر دەیبرد. ئەو کاتەی کە جوولەکەکە میوانی ئاغاکە دەبوو، خواردن و پەناگەی لەلایەن ئاغاکەوە دابینکراو بوو. دەسگێڕە جووەکەش لەبەرامبەر ئەو میوانیەدا هەندێك کەلوپەلی پێشکەش بە ئاغاکە دەکرد، وە لەبەرامبەردا ئەگەر ئەویش سەردانی شاری بکردایە، لەلایەن ئەو جوولەکەوە میوانداری دەکرا.

ئەو پشتگیرییە بەتەواوی سەلامەتی جووەکانی فەراهەم نەدەکرد. کاتێك کە دزییەك ئەنجام دەدرا، مانای وابوو کە پاراستنی جووەکان گشتگیر نەبوو، هەروەك ئەوان هیوایان بۆ دەخواست. ئاغاکان دەیانزانی کە دزەکان کێن. واپێدەچێت کە هەر پیاوەکانی خۆی یانیش دەکرا دوژمنەکانیان بن[١٢١].

لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێك کە تراژیدیای وەك کووشتنی جوولەکەیەك ئەنجام دەدرا، واتای کۆتایی هاتنی پەیوەندی نێوان جوولەکە و ئاغاکانیان بوو. ئەو چاودێریو پارێزگاری کردنەی کە ئاغاکان بە جووەکانیان دابوو، تەنها ڕووکەش و بەناو بوو.

---

١٢١ ریچ لە سەرەتاکانی ١٨٢٠دا, لە باسی هۆزی بلباسدا، دەڵێت: هەر ئاغایەك ژمارەیەکی دیاریکراوی دزی خۆی هەبوو کە دزی بۆ بکات.

**وێنەی جوولەکەکان:**

یەکێك لە بەناوبانگترین بەناوبانگترین ئەو کێشانەی کە لە جیهانی مۆدێرن و ڕۆژئاوادا باس دەکرێت بریتییە لە چیرۆکی سوتۆ و تەتۆ کە لەساڵی ١٩٢٥ لە چاپ درا. لە ڕاستیدا ئەم چیرۆکە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا ڕوویداوە. تەتۆ و بنەماڵەکەی لەژێر دەسەڵاتی ئاغا بەهێزەکانی هۆزی ئۆرەمار بوون. ناکۆکیەکە لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە تەتۆ چیتر بەرگەی ئەو زەلیل بوونەی براکەی لەلایەن ئاغاکانی ئۆرەمارەوە نەگرت. تەتۆ بە برا گەورەکانی خۆی (تەمۆ و هادیو ڕەسول) وت: من ناتوانم وەك ئێوە خۆم بخەمە ژێر دەستی ئەوان. من خۆم ناکەمە جوولەکەیەکی ژێر دەستی سوتۆ. تەتۆ وتی: من ناتوانم بەردەوام بمو ڕێ بەخۆم بدەم کە ترسنۆك بمو خۆم وەك پەیکەرێکی کۆیلە نیشان بدەم. سوتۆ ئۆرەماری بانگی هەموو هاوەڵانی کرد و ئاگاداری کردنەوە کە ئەگەر شێخ موحەمەد صدیق بارزانی یارمەتی تەتۆی دوژمنی بدات، ئەوا زەویەکانی دۆسکیو ئۆرەماری دەخرێنە مەترسییەوە و ئێمە ناچار دەکرێین تەسلیمی تەتۆی بکەین ئەگەر نا ناژین(دەمانکوژن). هەروەك سەرنووسەری چیرۆکەکە ئەوە بۆ خوێنەرانی ئەوروپی ڕوونکردۆتەوە کە مەبەست لە ڕستەی (ناچار دەکرێین کە تەسلیمی تەتۆ ببین)، لە ڕووی ئەدەبییەوە ئەوە دەگەیەنێت کە ( ئێمە دەبینە جوولەکەی تەتۆ).

بە بۆچونی کوردە خێڵەکیەکان تەسلیم بوون بە دوژمن، واتە بوون بە جوولەکە و بەئاغا بوونی بەرامبەرەکەی. کاتێك ئاغایەك خۆی بەدەست دوژمنەکەیەوە دەدات، خۆیو پلەوپایەکەی وەك هاوڵاتیانی جوولەکە لە کۆمەڵگادا نزم دەبێت. بە خۆبەدەستەوە دانی دوژمنێکی خێڵەکی، کەسێك دەبێتە ترسنۆك و پلەی کۆیلایەتی قبول دەکات. بە تێڕوانینی سوتۆی

ئۆرەماری، دۆڕان لەشەڕی خێڵەکیدا، بەرەو دوو ئاراستەت دەبات، یان دەبێت خۆت بەدەستەوە بدەیت و ببیت بە جوولەکەی تەتۆو یانیش بمریت. هەروەك لەچیرۆکی سوتۆ و تەتۆدا ڕوونکراوەتەوە جوولەکە بوون هاوواتای دۆڕان و بەکۆیلە بوون و چەوسانەوە بوو لەکۆمەڵگای خێڵەکی کوردیدا. هەتا توێژەرە نوێیەکانی کوردستانیش، وەك توێژەر هەی، وێنەی جووەکانی بەم شێوەیە وەسف کردووە. هەی لەساڵی ١٩٢١دا، وتی کە ئەگەر کوردێك بیویستایە بڵێ خێڵەکەی پەیڕەوی یاسا دەکات، دەیگوت: هەتا جوولەکەیەك دەتوانێت وامان لێبکات کە پەیڕەوی یاسا بکەین. بەواتایەکی تر، هەتا دۆڕاوێکی جوولەکەی ناخێڵەکی دەتوانێت وامان لێبکات کە خێڵەکە یاسا پەیڕەوە بێ. هەروەها گووتویەتی کە ئەگەر کوردێك ویستبوایە کارمەندێکی حکومەت ڕیسوا بکات ئەوا پێی دەووت: هەتا جوولەکەیەك لە تۆ باشترە. خەڵکی خێڵەکی دەیانگووت، گۆڕەکان (مردووەکان) نەفرەت لە دەسەڵاتدارانی تورکی دەکەن کە ببونە هۆی مەترسی بۆ سەر ئاغاکان، هەتا ئەمە قورس تر بوو لە ڕیسواکردنی جوولەکەیەك کە کەموکورتی ئایینیو کۆمەڵایەتیو ئەخلاقی هەبوو.

هەروەك لە چەندین سەرچاوەی جووەکاندا ئاماژەی پێدراوە، ئەم بەکەم زانینەی جوولەکەکان لەبەرچاوی هاوڵاتیانی خێڵدا لە کۆندا یارمەتی جووەکانی دا. دڵسۆزیو میهرەبانی کوردەکان بەرامبەر بە جووەکان بووە هۆی ڕزگاری جووەکان وە کەس نەیدەتوانی لەژێر دەسەڵاتی ئاغادا هەراسانیان بکات. ئەمە یەکێك بوو لەو بەهانە عەقلانیەی کە پارێزەری جووەکان بەو کەسانەیان دەوت کە توندوتیژی دژ بە جووەکان بوەستێنن. موشی یوشی میزراحی، کە خەڵکی ڕەباتکێ بوو، وتی کە ئەم بەکەمزانین و سستی پلەوپایەیان بەراستی سوودی پێ گەیاندن. زۆربەی جار هەندێك کورد بۆ ڕزگارکردن و پاراستنی جوولەکە لاوازەکان لە دەستی تووڕەیی کوردەکانی تر ئەم سیاسەتەیان پەیڕەو دەکرد.

ئەگەر هەر كوردێك جوولەكەیەكی چەوساندبوایەوە، كوردێكی تر بۆ ڕزگاركردنی دەهاتە مەیدانی ململانێكە. بە هێرشبەرەكەی دەووت: تۆ چۆن لەگەڵ ئەم جوولەكە هەژارە دەدوێیت؟ بۆچی كێشەی بۆ دروست دەكەیت؟ بە پشت بەستن بەو لاوازی و نزمەی كە جووەكان لەبەر چاوی خەڵكی هۆزەكیدا هەیانبوو، جێی سەرسوڕمان نیە كە جووەكان بە ترسنۆك سەیر دەكران، هەروەك بە بەڵگەوە لە چیرۆكی سوتۆ و تەتۆدا ڕوونكراوەتەوە[١٢٢]. بۆ تێگەیشتن لە بیروبۆچوونی خێڵەكی جووەكان وە هەروەها پلەوپایەییان دەبێت تێبینی چوار شت بكرێت: یەكەم، كوردەكان موسڵمان بوون بەڵام جووەكان ئایینیان جیاواز بوو. دووەم، لەگەل مەسیحیەكان بەیەكەوە، جووەكان بە خاوەنی پەرتووك لەقەڵەم دەدران. هەردووكیان بەپێی ئایەتەكانی قورئان لە وڵاتی موسڵمانانندا دەبوایە بپارێزرێن. بە پێچەوانەی مەسیحیەكان، جووەكان هاوڵاتی كەمینەی ناموسڵمان بوون وە بەشێوەیەكی گشتی باوەڕپێكراو و خۆبەدەستەوەدەر بوون. سێیەم، جووەكان، بەتایبەتی گوندنشینەكان، خزمەتكاری ئاغاكان بوون و لەهەمانكاتدا بێ كێشە بوون. چوارەم، جووەكان كاری جیاوازییان لە كوردەكان ئەنجام دەدا، ئەمەش هەندێك جار لەلایەن كوردەكانەوە پەسەند نەكراو بوو لە ڕووی كۆمەلایەتیەوە.

---

١٢٢ دەبێت تێبینی ئەوە بكرێت كە یەزیدییەكان، ئەوانە كە بەهۆی بیروباوەڕی ئایینیەوە ڕیسوا دەكران، بە شەیتان پەرست سەیریان دەكرا.

**بارودۆخی جووەکان:**

ڕیچ، کە لەساڵی ۱۹۲۱ سەردانی سلێمانی کردبوو، ئاماژەی بە بارودۆخی هاوڵاتیە ناخێلەکیەکان داوە. جارێکیان پیاوێکی خێڵەکی ئەوەی بۆ ڕوونکردەوە:

"کە هۆزەکان وا لە جووتیارەکان ڕادەمان هەروەك بڵێی تەنها بۆ بەرژەوەندی ئەوان دروست کراون. وە لەڕاستیدا بارودۆخی کوردە پەروەریارەکان کەساس بوو. (ڕیچ لە ئاغایەکەوە دەگێڕێتەوە کە پێی وتبوو: من بەشی خۆم لەوان وەردەگرم کە پێی دەوترێت زەکات، یان یەك لە دەی سەرجەم سەروەتەکەی وە هەتا بتوانم، هەموو ئامرازەکان بەکاردەهێنم کە زۆرترین ماڵیان دەست بخەم، جا بەهەر بەهانەیەك بێت"

لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، بنیامینی دووەم ئاماژەی بەوە داوە کە لە کۆمەڵگای گوندنشینیدا، ئاغای هۆز و گوند حوکمی جووەکانی کردووە. ئاغا جووەکانی پاراستووە و ئەو توانایەی پێداون کە بەپێی دابونەریتەکان کاربکەن و لەگەڵ خێزانەکانیان بژین، لەبەرامبەر ئەمەشدا باج و خزمەتگوزاریو هەندێك سوودی تریان لە جووەکان وەردەگرت. زەکەریا باڕاشی، کە لەساڵی ۱۹۲۰ لەدایك بووەو تاوەکو کۆچەکەی بۆ ئیسرائیل ژیاوە، وتی، حوکمڕانە موسڵمانەکان لەگەڵ هاوڵاتیانیاندا:

" هەرچیەکیان بویستایە ئەنجامیان دەدا وەکو کۆیلە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکردن، بەتایبەتی ئەو جوولەکانەی کە بەبێ بەرامبەر لەکارکردندا بەکاردەهێنران. هەتا ئەوان نانی نیوەڕۆیان، بۆ سەرکاری ئاغا، لەگەڵ خۆیان دەبرد. بەم جۆرە تاوەکو هەموو کارە وەرزیەکانی ئاغا کۆتایی دەهات، ئەوان

کاریان دەکرد. هەر کەسێك ئەوەی ڕەتکردبووایە، سزای کارکردنیشی دوو بەرامبەر دەکرا "

کاتێك جووەکان ڕوبەڕووی کێشەیەك دەبوونەوە، سیستەمی دوانەیی حکوومەت وای لێدەکردن کە نەزانن بەرەو کام لا ڕووی خۆیان وەرگێڕن. زەکەریا باڕاشی دەڵێت کە دانیشتوانی جوولەکە لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکوومەتەوە ناڕەزاییان دەرنەبڕیوە، چونکە ئەمە بۆ ئەوان مەترسیدار بوو، ژیانی جووەکانی دەخستە مەترسییەوە. هۆکاری ئەم ناڕەزای دەرنەبڕینەش ئەوە بوو کە دەستی ئاغا دەگەیشتە هەموو ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان و تۆڵەی لەو جوولەکەیە دەکردەوە کە ناڕەزاییەکەی دەردەبڕی، ئەمەش بەڕێگای خزمەتکارە کوردەکانیەوە ئەنجام دەدرا. بەڕاشی لەسەر وتەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

" ئەو ئاغایانە هەموویان وەك یەك نەبوون. هەندێکیان بەرامبەر بە جووەکان بە بەزەیی بوون وە هەندێکیشیان وەکو کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا.... ئەوان بە ڕۆژ و چەند کاتژمێرێك لە شەودا کاریان دەکرد. لە بەرامبەردا، جووەکان هەموو جۆرە دانەوێلەکیان، کە هەبووایە لە ناوچەکەدا، بۆ خێزانەکانیان وەردەگرت و دەبردەوە".

جوولەکە گوندنشینەکان دەبوایە لە هەموو دۆخێکدا ملکەچی دەسەڵاتداریەتی ئاغاکان بن. ئەگەر جوولەکەیەك لە چەوسانەوەکەی بێزار بووایە، ئەوا بە خۆیو ماڵ و منالّی لەو شوێنە ڕایاندەکرد و بەدوای پەناگەیەکی نوێ لەلای ئاغایەکی تر دەگەڕا، یاخود بەرەو شارێکی گەورەی وەك موصل یان بەغدا کۆچی دەکرد.

بەگوێرەی وتەکانی بنیامینی دووەم، دانیشتووانی جوولەکەی ناوچە شاخاویەکان لە کوردەکان دابڕابوون. ئەم سێ بەسەرهاتەی خوارەوە ڕووناکیان

خستۆتە سەر بارودۆخی جوولەکە گوندنشینەکان لە سەدەکانی ڕابردوودا. لە ناوچەی نێروەدا، پیاوێکی جوولەکە بە ئاگاداری ئاغایەکی کورد، کچێکی تەمەن هەشت ساڵی ڕفاند. باوکی کچەکە نەیتوانی کچەکەی بگەڕێنێتەوە لەترسی کەسە ناجوولەکەکە(ئاغا)، ئەو ڕاهیبی ناوچەکەی ئاگادارکردەوە کە شایی بۆ ئەو دوو کەسە ئەنجام نەدات. دووەم ڕاپۆرت لە ساندوور تۆمارکراوە، لە دەوروبەری سەدەی هەژدەمدا، باوکێك هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی مارەیی کچەکەی دا، بە بەهانەی ئەوەی کە کچەکەی، ئەوکاتەی مارەکراوە هێشتا نەگەیشتبووە تەمەنی شووکردن. لە نموونەی سێیەمدا کە لە گوندی ساخۆدا ڕوویدا[١٢٣]، پیاوێك بێوەژنێکی بۆ کوڕە نابالغەکەی هێنا وە وایزانی کە ئەو ئافرەتە دەتوانێ کاروباری ماڵەوە ئەنجام بدات هەتا ئەو کوڕە گەورە دەبێت، لە ئەنجامدا ژنەکە لە ماڵ ڕایکرد و خەڵکەکەش لەوە ترسان کە ئایینەکەی خۆی بگۆڕێت بۆئەوەی خۆی لە سزای خزمەکانی ڕزگار بکات. خەڵکەکە هاوسەرگیریەکەیان بە ناڕەوا لەقەلەم دا، چونکە مێردەکەی ناپێگەیشتوو بوو وە بەم هۆیەوە پشکنینێکیان بۆ کوڕەکە ئەنجامدا بۆ ئەوەی بزانن کە بەڕاستی کوڕێکی بچووکە یان بالغ بووە. ئەم ڕاپۆرتانە چەندین بارودۆخی تایبەت بە جوولەکە گوندنشینەکان دەخەنەڕوو، پلەوپایەی نزمی ئافرەتان و نابالغەکان و ئەو فەرامۆشکردنە گشتییەی دەربارەی پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ هەبوو(جێندەرەکان).

ئەم نموونانەی خوارەوە زیاتر تیشك دەخەنە سەر بارودۆخی جوولەکە گوندنشینەکانو پێشهاتی خۆیان سەبارەت بە بارودۆخی ژیانیان لە ڕابردوودا.

---

١٢٣ ساخۆ: سوکا یان سوخی، گوندێکە لە نێوان گوندی شوش و عەقارەوەیە، نزیکەی ڕۆژ و نیوێك بەپێ لە ئامێدیەوە دوورە.

هەندێك لە جووەکان، ئەوانەی کە لە ناوچە گوندنشینەکاندا دەژیان، دەیانزانی کە بەهاو پێشبینی ئەوان بۆ کۆمەڵگا خێڵەکیەکان چیە. ئەوان بارودۆخی خۆیان لە ژێر بیروبۆچوون و دابونەریتی ئاغاکان قبول دەکرد. ئەوان بارودۆخی سایکۆلۆژییان وەك ئەوە وابوو کە هەموو کەسێك دەبێت قبولی ئەوە بکات کە وەك فکری کۆمەڵگا خێڵەکیە کوردیەکان بیربکاتەوە، کە ئەمەش مەحاڵ بوو. ئەوان بیری خێڵەکیان بەشێوەیەك وەرگرتبوو کە هەر جوولەکەیەك لەدژی ئاغا یاخود بەرژەوەندیە خێڵەکیەکانی ئەوان بوەستایە بەتوندی ڕەتیان دەکردەوە. هاوڵاتیە جووەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە بیری خێڵەکی لە مێشکیاندا چەقی بەستبوو، زۆرجار ڕەخنەیان لە جووەکان دەگرت ئەگەر بهاتبایە بەناڕێکی ڕەفتاری کردبایە وە لەئەنجامدا ئەو جوولەکانە بە پێی بیری ئاغا و تاکێکی ناو خێڵەکە سزا دەدران. بە پێچەوانەوە هەندێك جوولەکە هەبوون کە لەمەسەلەکە گەیشتبوون پاساویان بۆ ئەو سزایە دەهێنایەوە کە لەلایەن کوردەکانەوە لە دژی ئەوان بەسەریاندا دەسەپێنرا. دوو جوولەکەی خەڵکی ساندور لەساڵی ١٩٤١دا موختارێکی جوولەکەیان کوشت، ئەوانیش پاساویان بۆ کارەکە خۆیان هێنایەوە، وتیان: ئێمە بۆیە ئەومان کوشت چونکە بەرەنگاری کوردە خێڵەکیەکان دەبووەوە، ئەوانیش بەوە تاوانبار کرابوون کە ئالیكو کەلوپەلی ماڵاتیان بۆ جووەکانی ساندور دەدزی. بە بۆچوونی ئەو دوو جوولەکە ساندوریە، موختارەکەیان زۆر بە شێوەیەکی توندوتیژ بەرەنگاری کوردەکان ببوەوە. صالح ڕەحیمی خەڵکی ساندور ئاماژەی بە کوشتنی حەوت جوولەکە کردووە لە کردەیەکی تەمێ کاریدا کە لەلایەن کوردە خێلەکیەکانەوە ئەنجام درا، ئەو زیاتر لەسەر بابەتەکە دەڕوات و دەڵێت:

"ڕاستی مەسەلەکە بەو شێوەیە بوو کە بکوژەکان زۆر ئاخیان بۆ کردەوەکەیان هەڵکێشاو پەشیمان بوونەوە.... بەڵام موختارەکەمان زۆر بەهێزو

دەسەڵاتدار بوو... پەیوەندی (واستە) لەگەڵ حکوموتدا، بەتایبەتی لەگەل قایمەقام و سەرۆکی پۆلیس و حاکمی دهۆکداو هەبوو وە دەیتوانی هەموو کارێك ئەنجام بدات. دەیتوانی خەڵك لە زیندان ئازاد بکات، بەڕاستی ئەو زۆر دەسەڵاتدار بوو"

جووەکانی ساندوور لەژێر پارێزگاری سەعید ئاغای دۆسکیدا بوون و ئەو هەمیشە پارێزگاری لە جووەکان دەکرد، بەڵام لەم ڕووداوەدا دوورە پەرێز وەستا. بەگوێرەی وتەکانی صالح ڕەحمیم، ڕاستیەکەی ئەوە بووە کە بکوژەکان لەسەر حەق بوون، چونکە سەعید ئاغا ڕێی پێدابوون[١٢٤]. ئەگەر سەعید ئاغا ڕێگری لەو کارە بکردایە، بێگومان ئەوان نەیاندەتوانی کاری کوشتنەکە ئەنجام بدەن. بە بڕوای صالح ڕەحمیم، موختارە جوولەکەکە بەشێوەیەك لە شێوەکان شایانی مردن بوو، لەوکاتەی کە ئەو هیچ چارەیەکی بۆ بکوژەکان نەهێشتەوە ئەویش بەهۆی ئەو کردارانەیەوە لە دژی پیاوە خێڵەکیەکان، ئەوانەی کە جووەکانیان دەچەوساندەوە، ئەنجام دەدا. موختارە جوولەکەکە داوای دەستێوەردان و خۆتێهەلقورتاندنی حکومەتی دەکرد. سکاڵا و داواکردنی یارمەتی لە حکومەت لەلایەن موختارە جوولەکەکەوە لەدژی کوردە خێڵەکیەکان بووە هۆی تووڕەیی کوردەکان و لەئەنجامدا کوژرانی حەوت هاوڵاتی جوولەکەی ساندووری لێکەوتەوە. بەهۆی پلەوپایە نزمەکەیان لە کۆمەڵگای کوردیدا، دوو چاودێرە جوولەکە باوەڕیان وابوو کە ڕەفتاری

١٢٤ بەپێی ڕاپۆرتەکان، کوردەکان چوون بۆ لای سەلیمێ مستێ، کە نەیاری سەعید ئاغا بوو، وە داوایان لێکرد کە ڕێیان پێبدات بۆ کوشتنی دوو جوولەکەکە (ساسۆن و موشی). بەپێی وتەکانی صالح ڕەحمیم، سەلیمێ مستی ڕێگای بە کوشتنی دوو جوولەکەکە دا وە لەهەمانکاتیشدا دەبوایە پرس بە سەعید ئاغاش بکرێت.

موختاره جوولەکەکە هاندەرێکی سەرەکی بوو بۆ جوولەکەیەکی ناخێلەکی لەناو کۆمەڵگا کوردیەکەدا. ئەوان شێوازی ژیانی کوردستانیان قبول کرد، وە بەم پێیە باوەڕیان وابوو موختارە جوولەکەکەی ساندور سنووری ئەو ڕەفتارانەی تێپەڕاندو زۆر بەتوندی ڕەفتاری لەگەڵ پیاوە خێلەکیەکاندا کردووە. ڕەفتاری موختارەکە لەگەڵ شێوازی ڕەفتاری پیاوانی هۆزەکیدا نەگونجاو بووەو نەیتوانیوە وێنەی ڕاستەقینەی جوولەکە شارستانیەکان بەرجەستە بکات. پاساوی کوشتنەکە لەوە هەڵدەقوڵێ کە جووەکان پلەوپایەیان لە کۆمەڵگا خێڵەکیە کوردەکاندا نزم بوو، وە ڕەنگە مەسەلەکە هەر ئەوەش بێت کە لە ناوچە کوردنشینەکاندا جوولەکەکان وەك کۆیلە سەیر دەکران، هەروەك لە خوارەوەدا بەدرێژی باسی لێوە کراوە.

### ١. جوولەکە کۆیلەکان

بەگوێرەی وتەکانی بنیامینی دووەم، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا جووەکان بەناو چیاکانی کوردستاندا بڵاوبوونەوە. گەڕانەکەی ئەوان سنووردار بوو، دەبوایە لەو جێگایەدا بمێننەوە کە بۆیان دیاری کرابوو.

" زۆرجار کەسێك پێنج هەتا بیست خێزانی جوولەکەی وەك سەروەتو ماڵ هەلدەگرت وە سەرەڕای ئەو مامەڵە خەراپەی کە لەگەڵیاندا دەکرا، باجی زۆر قورسیان لێوەردەگیرا. ئەوان لە کاتە جیاوازەکانی ساڵدا ناچار دەکران کە کاری قورسی وەك کێلانی زەویە گەورەکان ئەنجام بدەن بەبێ ئەوەی بتوانن داوای بچوکترین پێبژاردن بکەنەوە لەجیاتی ئەو کارەی ئەنجامیان داوە وەك حەق دەستی کارەکەیان."

بنیامینی دووەم لە راپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە کە لە گوندە دوورە دەستەکاندا، هەرچەندە وەك پێشتر نەدەکران بە کۆیلە، بەڵام جووەکان

بەدەستی ئەو ڕەفتارە خەراپەی کە لەبەرامبەریاندا دەکرا، دەنالاٌند. سەرەڕای ئەمەش، دەبوایە باجێکی زۆر بدەن وەك نۆکەریش لە کەرتەکانی کشتوکالٌ لە کاتە جیاوازەکانی سالٌدا بۆ ئاغاکان کاربکەن. جووەکان هیچ جۆر حەق دەست یاخود کرێیان بەرامبەر بەو کارەی کە دەیانکرد پیٚ نەدەدرا.

دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە لەوکاتەدا حکومەتی ناوەندی تورکی لە گەرمەی هەولٌێکی بیٚ وێنەدا بوو بۆ دامرکاندنەوەی ئەو میرنشینە کوردیانەی کە نیمچە سەربەخۆ بوون. لەم چوارچێوەیەدا، دەتوانین ئەم ڕاپۆرتانەی خوارەوە بە ڕوونی ببینین، لە تشرینی یەکەمی سالٌی ١٨٥١دا. ئەی ستێرن لەڕێگای ساندوورەوە بۆ زاخۆ بەناو چەند گوندێکی دابڕێنراودا تێپەڕی کە تیایدا چەوساندنەوەو زۆلٌم وای لە خەلٌکەکە کردبوو کە بۆ ناوچە شاخاوییە دوورە پەرێزەکان پەنا ببەن. لە چەندین نموونەدا باسی وەسفی پەیوەندیەکانی نێوان جوولەکە شارنشین و ئاغاکانیان کراوە کە تیایدا پارێزگاری تەواو لەلایەن ئاغاکانەوە بۆ هاولاٌتیانی جوولەکە دابین کراوە وە جووەکانیش (زێبارە[١٢٥])و هەندیٚ کاری تریان بۆ ئاغاکان ئەنجام داوە.

مەسەلەیەکی زۆر گرنگ هەیە کە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە ئەویش ئەوەیە ئایا بەڕاستی جووەکان لە کۆمەلٌگای کوردیدا کۆیلە بوون؟. ڕیچ، کە لەسالٌی ١٩٨٠ سەردانی شاری سلێمانی کرد، جیاوازیەکی کەمی تێبینی کرد لە

١٢٥ زێبارە: کارێکی هەرەوەزی بەکۆمەلٌە کە سەرجەم دانیشتوانی گوندێك لە کارێکی دیاریکراودا، بۆ نموونە دروێنەی گەنم یاخود زەوی کێلانی ئاغا، بانگ دەکرێن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە بەبیٚ ئەوەی کریٚ یاخود پاداشتێکیان پێبدرێت. شایانی باسە ئەم کارە تەنها بۆ ئاغا ئەنجام نادرێت، بەلٌکو هاولاٌتیانیش لەناو خۆیاندا هەلدەستن بۆ یارمەتیدانی یەکتر. بەگشتی کارێکی هەرەوەزیو دابونەریتی کوردەوارییە.

نێوان چەلەمەی کوردە ناخێلەکیەکانو ئەوانەی کۆیلەی ڕەش پێستو هیندییە خۆرئاواییەکان بوون. بنیامینی دووەم لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا، گفتوگۆی لەسەر چەرمەسەریەکەی جوولەکە شارستانیەکان، ئەوانەی لە ناوچە شاخاوییەکاندا ژیاون، کردووە. بەگوێرەی وتەکانی بنیامینی دووەم، گەورەی گوندەکە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ژیانو مردنی کۆیلەکەیەوە هەبوو. بەم پێیە دەیتوانی کۆیلەکەی بفرۆشێتە ئاغایەکی تر، ئەگەر بیویستایە کەسێکی لە خێزانەکە دەفرۆشت یانیش خێزانەکەی بە تەواوی دەفرۆشت. لە ساڵی ١٨٦٠–١٨٧٠دا، تایلەر تێبینی ئەوەی کردووە کە جووتیارە مەسیحیەکانی ناوچەی بۆتان بە جوتیاری (زێڕ کری) ناسراو بوون، واتە ئاغاکان ئەوانیان لەگەڵ ئەو زەویانەی کە کێڵابوویان، دەفرۆشت. دەچێتە ئەقڵەوە ئەگەر وادابنێین کە هەمان شت بەسەر هاوڵاتییە ناخێلەکیە جووەکانیشدا هاتبێت. هەندێك شایەت حاڵی تریش سەرنجی هەمان شتیان داوە کە دواتر لە خوارەوە باس دەکرێت. هاری چارلس لۆك لەساڵی١٩٠٧–١٩٠٨ سەرنجی ئەوەی داوە کە ئاغا کوردەکان هێشتا خاوەنی جووەکان بوون. لەساڵی ١٩٣٣ برەیڤەر تێبینی ئەوەی کرد کە ئاغا چۆن خۆشحاڵ بوایە ئاوا ڕەفتاری لەگەڵ جووەکان دەکرد و حوکمیان دەکردن. زۆربەی ئاغاکان چینی جووتیارانیان دەچەوساندەوە هەروەك لەسەدەکانی پێشتریش هەمان شت لەپۆلەنداو ڕووسیادا بەسەر جووەکاندا هێنرا. برەیڤەر باسی ئەوەی کردووە کە تاوەکو ساڵی ١٩٣٣، جووەکان هێشتا لەژێر دەستی ئاغا کوردەکان دەچەوسێنرانەوە. ئەفسەرێکی بەریتانی پێی ڕاگەیاند کە تاوەکو ئەو دواییانەش جوولەکە شاخاوی نشینەکان کۆیلەی ژێر دەستی گەورەکانیان بوون. ئاغاکان وەك نەریتێك خێزانێکی جوولەکەیان بەدیاری بۆ یەکتر دەنارد، بەتایبەتی ئەوانەی لە پیشەکەیاندا دەست ڕەنگین بوون، وەك پیشەی جۆلایی یان بۆیەچی.

حاخام شموعیلی ڕواندزی بە لێکۆڵەر برەیڤەری ڕاگەیاند کە کۆیلایەتی بەهەموو ئەو شوێنانەدا بڵاوبۆتەوە کە دەستی پۆلیسی عێراقی نەدەگەیشتێ[126]. برەیڤەر لە ڕاپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو چاوی کەوتووە بە:

" جوولەکەیەکی سیو پێنج ساڵی کە لەپێشدا لەلایەن گەورەکەیەوە بە دووسەد قڕانی ئێرانی کڕدرابوو، وە گەورەکەی هێشتا داوای ئەوەی دەکرد کە کاری بۆ بکات. لە شاری ڕەواندوزدا، جووەکان خەمی ئەوەیان نەبوو ڕووبەڕووی داواکاریە قورسەکانی گەورەکانیان ببنەوە، بەلکو لە دووری دوانزە کیلۆمەتر لە بنکەی پۆلیسەوە، کۆیلەیەك جورئەتی نەبوو لە دژی ئاغاکەی هەڵسێتەوە."

لەساڵی ١٩٤٢، ئینزۆ سیرینی کە گەڕیدەیەکی جوولەکەی فەلەستین بوو، سەرنجی ئەوەی دا کە گوندی جوولەکە نشینی ساندور دوو جۆر ڕەگەزپەرستی تیادا بەدی دەکرا.. جۆر یەکەمیان گوندنشینە دەوڵەمەندەکان بوون کە پێیان دەوترا (کۆلالا)، ئەمان بریتی بوون لە جۆرێکی زۆر تەندروستو بەهێزو جوان. جۆری دووەمیان کە بە بەراوورد لەگەل هی یەکەم کەمێك باشتر بوون، ئەو جوولەکانە دەگرێتەوە کە تاوەکو ئەم دواییانەش لە کوردستاندا دەژیان کە شێخەکان دەگرێتەوە. لە هەندێك شوێندا، هەتا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ئاغا کوردەکان حەقو خاوەنداریەتی جوولەکەکانی خۆیان دەفرۆشتە ئاغایەکی تر. بە پشت بەستن بە گەواهیدانەکەی یەحوشوا ڕیوبن کە دەڵێت، جووەکان وەك کۆیلە دەفرۆشران. بۆ نموونە، ئاغا عوبەیدۆ و ئیسفکۆی

١٢٦ ئەمە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە پرەنسیپی دوانەیی حوکمڕانی بوونی هەبووە. هەروەك پێشوتر باسمان کرد.

مامی ڕیوبنی بە دوو سەد قڕان فرۆشتە ئاغایەکی تر. ڕیوبن باسی ئەوەی کردووە کە لە ڕووی ئابووریەوە بۆ ئاغاکان فرۆشتنی جوولەکەیەك قازانجی زیاتر بوو وەك لە فرۆشتنی پارچە زەوییەك. لە هەمانکاتدا, ئاسانتریش بوو. بەتەواوی ڕوون نیە کە ئایا ئەمە ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی بوو یان نا، چونکە هەردوو ئاغاکە خەڵکی هەمان گوند بوون. بەگوێرەی وتەکانی ڕیوبن، ئەم جۆرە مافانە (فرۆشتنی جووەکان) وەکو ئەوە وابوو کە لە بۆنەکاندا ئاغاکان ئەم جۆرە دیاریانە لە بۆنەکانی موسوڵماناندا بەیەکتر دەبەخشی.

جوولەکە گوندنشینەکان ساڵێ یەك جار لیترێك نەوت یاخود شلوارێکی کوردیان بە ئاغاکانیان دەدا. ئەم جۆرە مافانە لە باوکەوە بۆ کوڕ دەهاتە خوار و دەبوایە بە بەردەوامی پێیان بدرێت. لە دەورووبەری هەمانکاتدا ویگرام چاوی بە ئاغا کۆنەکەی چاڵ کەوت، کە وەك پارێزگاری حکومی ئەو ناوچەیە کاری دەکرد وە باوەڕی ئایینیشی سۆفیگەری بوو. ویگرام وای بۆ چووە کە ئەو پیاوە زۆرزان بوبێت (پیاوکوژی گوندەکەی بوبێت) وە بەم شێوەیەی خوارەوە هەندێك تیشکی خستۆتە سەر کۆیلایەتی جووەکان:

" ئەو تاکە ناسیاوی ویگرام بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە جوولەکەی لە ژێر دەستدا بوون. گوندی چاڵ بە شێوەیەکی گشتی لەم جۆرە پیاوانە پێك هاتبوو. وە هەموویان دەیانویستو مەبەستیان ئەوەبوو خزمەتی ئاغاکەیان بکەن کە بڕبڕەی پشتی ئەوان بوو. هەتا ئەو ڕادەیەی کە نووسەرەکە(ویگرام) مافی تەواوی پێدرا کە جوولەکەیەك لەجیاتی بڕی پێنج پاوەند هەڵبگرێت، وە ئەگەر مامەڵەکە لە جێگایەکی باشتر ئەنجام درابوایە، ئەوا ڕەنگ بوو مامەڵەیەکی بەسوود بوایە بۆ نووسەرەکە، بوون بە خاوەنی جوولەکەیەك واتای ئەوەی دەگەیاند کە هەموو دەست ڕەنگینیو سامانەکەی دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی

ئەوەوە، وە تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری دەهێنا. ئەمەش بەهادارترین سامانە بۆ کەسێك"

لێرەدا دەشێت ویگرام مەبەستی لە ئاغاکە سەعید ئاغا بێت کە حوکمی بەسەر چاڵو ناوچەکانی دەوروبەریدا کردووە. واپێدەچێت کە ویگرام بڕوای وابێ کە گرتنە دەستی سەرجەم مافەکانی جوولەکەیەك واتای وایە کە جوولەکەکە هەموو کاتو هێزی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ بەرژەوەندیو قازانجی گەورەکەی. ڕەنگە مەبەستی ئەوە بوبێت کە جووەکان هەموو کاتەکانی خۆیان بۆ بەرژەوەندی ئابووری سەرف کردووە.

بەگوێرەی وتەکانی یەحوشوا ڕیوبنی خەلکی چاڵ وە زۆربەی ئەو کەسە گوندنشینانەی کە باسی بابەتەکە دەکەن، جووەکان بۆ ئەوە کاریان دەکرد کە یارمەتی خێزانەکانیان بدەنو ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دابین بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان لە بارودۆخێکدا بوون کە ئاغاکان دەیانتوانی دەستیان لێ هیەڵگرێتو ئازادیان بکات. ئەوان لە بۆنەکاندا دیارییان پێشکەش بە ئاغاکانیان دەکرد وە سەرانەو داهاتی کێڵگەو هەندێ بەرووبومی تریان پێدەدان. هەروەها جووەکان کاری زێبارەیان بۆ جووەکان ئەنجام دەدا کە شێوازێکی هەرەوزی زۆرە ملێ بوو کە ماوەکەی ساڵێ دوو یان سێ ڕۆژ بوو. هەرچونێك بێت زێبارە فەرزێك بوو کە سەرجەم هاوڵاتیە ناخێلەکیەکانیشی دەگرتەوە، شتێك نەبوو تەنها پەیوەست بێت بەجوولەکە گوندنشینەکانەوە.

لە کۆندا جوولەکە شارنشینەکانیش دەبوایە لە جیاتی ئاغاکانیان زێبارە ئەنجام بدەن. چەندین جوولەکەی شاری زاخۆ ئەوەیان باش لە بیرە کە ئەوان چۆن ناچار دەکران لەجیاتی حازم بەگی ئاغایان دەربەندی جۆگەکانی دەورووبەری زاخۆ بکۆلن. لەساڵی ١٩٣٣ برەیڤەر ئەوەی ڕوونکردەوە کە کۆیلایەتی ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر بوو وە جوولەکەو مەسیحیکانیش پێیەوە

دەیان ناڵاند. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا برەیڤەر ئاماژەیەکی باشی بە خۆ بەدەستەوەدانەکەی جوولەکەکان کردووە،ئەویش ئەوەیە کە:

" لە وڵاتێکدا کە خاوەنی هیچ جۆرێك لەئەمن و ئاساییش نەبێت، ملکەچی جووەکان بۆ ئاغاکانیان واتای پارێزگاریکردنیان دەگەیەنێت. وە بەبێ پشتگیریەکی بەهێز کەس لە چیاکاندا نەدەژیا"

بە پێی ووتەکانی براویەر لە پێشدا بازرگانی پێکردنی جووەکان لەلایەن ئاغاکانەوە کارێکی باوتر بوو. ئاغا دەیتوانی بڕی سێ سەد هەتا چوار سەد قڕان بۆ فرۆشتنی جوولەکەکەی وەربگرێت. هەروەها ئاغا دەیتوانی بەشێکی جوولەکەکەی بفرۆشێت. ئاغاکە سەرەتا یەك پێی دەیفرۆشتو دەیگوت: (پێیەکی جوهی دێ فرۆشم) واتە، یەك پێی جوولەکەك دەفرۆشم. بە فرۆشتنی یەك جوولەکە، نزیکەی دە پاوەندی دەست دەکەوت. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ساد، کە پیاوێکی ئەلمانی بوو، ئاماژەی بەوە داوە کە سەرۆك شارەوانی پێی وتوە:

"لەم دواییانەدا یەکێك لە بەگە کوردەکان کەبڕێك پارەی من قەرزارە، نامەیەکی بۆ ناردم کە تیایدا نووسیویەتی، ئێستا هیچ پارەی ئامادەی لە ژێر دەستدا نیە. لەم نزیکانە مەسیحیەکەی خۆی دەفرۆشێت، واتە دەیداتە بەگێکی تر، پاشان قەرزەکەی خۆی دەداتەوە."

هەندێك ڕاپۆرتی تریش ئاماژە بەوە دەدەن کە ئاغا خێلەکیەکان مافی ئەوەیان هەبوو کە بەشێك لە پارەی ئەو مارەییە وەربگرن کە جوولەکەیەك بە جوولەکەیەکی تری دەدا لە کاتی پرۆسەیەکی هاوسەرگیریدا لە سنووری دەسەڵاتداری ئەو. هەروەها ئاغا مافی ئەوەی هەبوو کە داوای قەرەبوو بکات لەو کاتەی کە جوولەکەیەکی ژێر ناوچەی دەسەڵاتداری خۆی، بەهۆی بارودۆخی ژیانی یان مردنی کەسێکی نزیکی، کە کۆچی بکردبوایە بە بیانووی ئەوەی کە

له داهاتوودا به نه‌مانی ئه‌و جووله‌که‌یه زه‌ره‌ر و زیانی پێده‌گات، که هه‌ردوو باره‌که له ژێر به‌رپرسیاریه‌تی ئاغا خێله‌کیه‌که‌وه بوو.

بۆئه‌وه‌ی له‌و شێوازه کۆیلایه‌تیه‌ی که له سه‌ده‌کانی نۆزده‌و بیسته‌مدا هه‌بووه تێبگه‌ین، ده‌بێت کۆیلایه‌تی له چوارچێوه‌ی عه‌ره‌ب‌و به‌تایبه‌تی جیهانی موسوڵمانان‌دا تێبگه‌ین، هه‌رچه‌نده ئاغاکان هه‌مان ئه‌و یاسا کۆیلایه‌تیانه‌ی که له لایه‌ن سیسته‌می ئیسلامیه‌وه په‌یڕه‌و ده‌کرا، جێبه‌جێ نه‌ده‌کرد. شه‌ریعه‌تی ئیسلام ڕێگای به دوو جۆر له به کۆیله‌کردنی خه‌ڵك داوه. یه‌که‌میان له ڕێگای جه‌نگی پیرۆزه‌وه،[127] دووه‌میان کۆیله کردنی ئه‌و منالانه‌ی که له‌دایك‌و باوکێکی کۆیله‌وه له دایك ده‌بن. له ڕێگای ئه‌و دوو شێوازه‌وه، ده‌کرێت بلێین که ته‌نها نا موسوڵمانان به‌کۆیله ده‌کرێن. سوپای موسوڵمانان هه‌زاران دیلی جه‌نگی کرده کۆیله، به‌لام مه‌سیحی‌و جووه‌کان که (أهل الكتاب و اهل الزمه) بوون، له‌م چاره‌نووسه ده‌به‌خشران ئه‌ویش به پێدانی باج له بری ئه‌م به‌کۆیله کردنه، به‌گشتی له جیهانی عه‌ره‌بی‌و ئیسلامیدا ئه‌م به‌کۆیله کردنه له ئه‌نجام ئه‌و گواستنه‌وه به کۆمه‌له‌ی ڕه‌ش پێسته ئه‌فریقیه‌کان بوو له سه‌ده‌ی دوانزه‌وه تاوه‌کو سه‌ده‌ی نۆزده‌م. له کۆمه‌ڵگای موسوڵمانان‌دا، کۆیله ڕۆڵی جیاوازی هه‌یه

---

١٢٧ جه‌نگی پیرۆز: نووسه‌ر لێره‌دا مه‌به‌ستی جیهاد کردنه، به‌لام واپێده‌چێت له‌وه بێ خه‌به‌ر بێت که جه‌نگی پیرۆز له ئیسلامدا بوونی نیه، ئه‌وه‌ی که هه‌یه بریتیه له جیهاد کردن له ڕێگای خودادا، وه دیسان جیهاد کردنیش به واتای جه‌نگی پیرۆز نایه‌ت، هه‌روه‌ك له‌سه‌رجه‌م ولاته ڕۆژاواییه‌کاندا به‌م شێوه‌یه لێك دراوه‌ته‌وه، به‌لکو ئه‌م وشه‌یه له (جهد)ه‌وه وه‌رگیراوه که به واتای تێکۆشان له ڕێی خودادا دێت. وه ده‌بێت ئاماژه به‌وه‌ش بکرێت که به هاتنی ئیسلام کۆیلایه‌تی له دوورگه‌ی عه‌ره‌بیدا بن بڕ کرا. من نازانم نووسه‌ر بۆچی ئاماژه‌ی به‌م دوو جۆره کۆیلایه‌تیه داوه، له‌ڕاستیدا له‌م سه‌رده‌مه شتێك نیه به‌ناوی کۆیلایه‌تی له ئیسلامدا. (وه‌رگێڕ).

به بەراورد لەگەڵ خۆرئاوادا. کۆیلەی موسوڵمانان لە کێڵگەی گەورەی بەرهەمە بازرگانیەکان بەکارنەدەهێنران، بۆ نموونە بەرهەمی خوریو شەکر، بەلکو ئەوان زیاتر لە خزمەتکردنی ماڵو ڕیزەکانی سوپاو فەرمانگە میریەکاندا کاریان پێدەکرا. بە گووتەی گۆردۆن:

"کۆیلەکان، بەهۆی سروشتی تێکەڵبوونی موسوڵمانان، کە بیروباوەڕیان ئەمەی بۆ کۆیلەکان ئاسان کردبوو بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن، وە وا هەست نەکەن کە لە ناو کۆمەڵگای موسوڵماناندا بیانین."

سەرەڕای ئەمەش، کۆیلە لە کۆمەلگای موسوڵماناندا دەتوانێ پلەی بەرز بکرێتەوە وە بەشێکی زۆریان بە تێپەڕ بوونی کات خرانە پاڵ کۆمەڵگای موسوڵمانان. چەندین ڕاپۆرت لەلایەن شایەت حالەکانی کوردستانەوە لەسەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا باسی جوولەکە گوندنشینەکان وەك کۆیلە دەکەن کە لەلایەن ئاغا خێڵەکیەکانەوە دوور لە چاوی گشتی لە شوێنە دوورە دەستەکاندا دەچەوسێنرانەوە. ئەم ڕاپۆرتانە باسی خراپ مامەلەکردنو بەکارهێنانی جوولەکەکان لەلایەن ئاغاکانەوە دەکەن، وە هەندێك ڕاپۆرتیش ئاماژە بە فرۆشتنی کۆیلە جوولەکەکان دەدەن. لە ڕاستیدا، ئەم جوولەکانە نەوەك کۆیلەی ڕۆژئاوا بوون، نەوەك هی موسولمانان، بەلکو ئەمانە کۆیلەی ئاغا کوردەکان بوون لە ناوچە دوورە دەستەکاندا کە تیایدا ئەرکی قورسیان لە سەر شان بوو لە کاتێکدا کە مافگەلێکی کەمیان هەبوو. بە پشت بەستن بەو زانیاریانەی لە بەر دەستدان، ئەمە ئاشکرایە کە ئەم جۆرە کۆیلایەتیەی جوولەکەکان لەلایەن گەشتەوەرە ئەوروپیەکانەوە تۆمار کراوە، هەر بۆیە بەو شێوەیەی کە ئەوان بینیویانە جوولەکەکان بەگوێرەی دابونەریتی کۆیلایەتی ئیسلامی ڕەفتاریان لەگەڵ نەکراوە. ئەم جۆرە کۆیلایەتیە لە ناوچە دوورە دەستە شاخاویەکاندا لەلایەن ئاغا خاوەن دەسەڵاتەکانەوە بە کرداریی کراوە،

که له کۆندا مافی به خاوەن بوونی هاوڵاتیانی جوولەکەیان هەبوو وه به میرات جوولەکەیان بۆ دەمایەوە. ئاغاکان، جوولەکەکانیان دەپاراستو له شوێنی شاخاویو نا ئارام، وەله بەرامبەردا دیاری و سەرانەو کرێکاریو چەندین جۆر قازانجی تریان له بەرامبەردا وەردەگرت.

یەحوشوا ڕیوبن، که خەڵکی چاڵ بوو، چاڵ ناوچەیەك بوو لەژێر دەسەڵاتی سەعید ئاغاو میرزاغا که هەردووکیان حوکمی زیاتر له سیٚ سەد گوندی دەوروبەری ناوچەکەیان دەکرد، ئەو باسی ڕاپۆرتێکی تر دەربارەی جوولەکه گوندنشینەکان دەکاتو دەڵێت: نزیکەی سی خێزانی جوولەکه له شارۆچکەی چاڵ دەژیان وه هەر خێزانێك خاوەنی خۆی هەبوو که جوولەکەکانی خۆی له هەموو جۆره مەترسییەك دەپاراست. جووەکان له هەموو بۆنەیەکی موسوڵمانانددا دیارییان پێشکەشی گەورەکانیان دەکرد. جوتێك بەرگوز و لیترێك سوتەمەنییان وەك دیاری له هەر بۆنەیەکی موسوڵمانانددا بەدیاری پێشکەشدەکرد[١٢٨]. پاراستنی جووەکان لەلایەن گەورەکانیانەوە، بەو مانایه دەهات که هیچ کەسێك بۆی نەبوو ستەم له جووەکان بکات. باپیری ڕیوبن چوار کوڕی هەبوون: سلێمانو عەلیو گەدالیەو ڕیوبن، باوکی یەحوشوا. ئەو ئاغا کوردە که گەورەی یەحوشوا بوو هەر چوار جوولەکەی کرد به موڵکی کوڕەکانیو بەسەریاندا دابەشی کردن. کوڕەکانی بەم ناوانەی خوارەوە بوون: ئەحمەدو عوبەیدۆ و عومەرو محمد. سلێمانو عەلی بەر ئەحمەدی کوڕه گەورەی کەوتن. ڕیوبن و گەدالیەش یەك له دوای یەك بەر برای دووەمو سێیەم کەوتن.

---

١٢٨ بەرگوز: جلوبەرگێکی کۆنی خەت خەتی کوردەواری کۆنە، کەسانی دەوڵەمەند دەیانپۆشی. (وەرگێر)

کاتێك عومەر کۆچی دوایی کرد، گەدالیە بوو بە موڵکی عوبەیدۆ، عومەریش بەبێ وەچە کۆچی دوایی کرد.

بە شێوەیەکی سەیر هەر چوار برا جوولەکەکە بە گوێرەی یاسای میراتی ئیسلام بوون بە میراتی گەورەکانیان کە تیایدا کوڕە گەورەکە دوو ئەوەندەی برا بچووکەکەی وەردەگرێت[129].

چەوساندنەوە بەشێك بوو لە ژیانی جوولەکە گوندنشینەکانە کوردستان و لەماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا وە لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەم لە بەشەکانی عێراقو تورکیاو ئێرانی مۆدێرندا. موسوڵمانان، بەبێ جیاوازی نەتەوەیی عەرەبو تورکو کوردو فارس، هەمیشە چەندین پلە بەرزتر بوون لە مەسیحیو جوولەکەکان. جیاوازی نێوان کوردە خێلەکیەکان کە بەشی هەرە زۆریان موسوڵمان بوونو هاولاتیانی خێلەکی کە زۆربەیان مەسیحیو جوولەکە بوون یەکێك بوو لە گرنگترین ئەو ئەو خاڵانەی کە سیستەمی کۆمەلایەتی کوردستانی وێنا دەکرد. جووەکان هەمیشە سەر بە بەشی ناخێڵەکی بوون لە کۆمەڵگای کوردیدا، هەروەك لە خوارەوەدا باسی ململانیی خێلەکیو زەلیلی ئەوان خراوەتە بەر باسو لێکۆلینەوە.

سەرەڕای بوونی چەندین ڕاپۆرتی ئەوروپیو جووەکان کە وشەی کۆیلەیان بەسەر جووەکانی کوردستاندا چەسپاندووە، بەڵام ناتوانین وادابنێین کە هەموو جوولەکە گوندنشینەکان بەتەواوی واتای چەمکی کۆیلایەتی، کۆیلە بووبن جا چ بە واتا خۆرئاوایەکەی یاخود بە واتا ئیسلامیەکەی. جوولەکە گوندنشینەکان،

---

١٢٩ یاسای نۆبەرەیی کە لە هەندێك کۆمەڵگای موسوڵماناندا بوونی هەیە،تەنها دەسەڵات بە کوڕی گەورە دەدات کە سەرجەم میراتی باوکی بۆ بمێنێتەوە یاخود هیچ نەبێت پشکی شێری بەر بکەوێت. قورئان (لە سورەتی النسا) وە چەندین زانای ئیسلامیو توێژەرە مۆدێرنەکان باسی یاسای میرات لە ئیسلامدا دەکەن.

بەتایبەتی بەرەبەری ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم، هاوڵاتی ناخێلەکیو پارێزراوی ئاغا خێڵەکیەکان بوون. ئەوان بەتەواوی حوکمی ئۆتۆنۆمیان نەبوو، بەلکو زیاتر لە ژێر حوکمی ئاغاکاندا بوون. ئەوان پێویستیان بە ڕێپێدانی ئاغانیان هەبوو بۆ هێنانی خەڵکو بڕیارە خێزانیەکانی وەکو بەشودانی کچو هێنانی ژن لەدەرەوەی بازنەی دەسەڵاتداری ئەو، یاخود لەکاتی کۆچکردنیان بۆ ناوچەکانی تر دیسان دەبوایە ئاغا ئاگادار بکرێتەوە. هەروەها لەکاتی بۆنە ئایینیەکانو بۆنەکانی تردا دیارییان پێشکەشی ئاغاکانیان دەکرد، وە ساڵێ جارێك یان دوو جار لە کێڵگەکەی یان بێستانەکەیدا بەبێ بەرامبەر کاریان دەکرد، ئەم کردارەش بە زێبارە ناسرابوو.

لەساڵی ١٩٤٣، کاتێك کە کۆیلایەتی جووەکان لە گەرمەی پراکتیکدا بوو لەناوچە دوورە دەستەکاندا، شماریاهو گەتمەن باسی باسی دوورخستنەوەو نەفامی ئەوانی لە باکووری عێراقدا کردووە. ئەو بەبەڵگەوە دەڵێت کە جووەکان بوون بە کۆیلەی ئاغا کوردەکان کە دەتوانرا بەهۆی هۆکاری ئەمنیەوە بفرۆشرێن بە ئاغا یاخود کەسێکی تر. لەم پەرتووکە تێبینی ئەوەکراوە کە ئەو نێردراوە جوولەکانەی لە خاکی پیرۆزەوە هاتبوون[١٣٠]، بۆ نمونە گەتمەن، وەسفی بەکرێ گرتنی وەك کۆیلایەتی لێك داوەتەوە، بەم شێوەیە لە عێراقدا کۆیلایەتی جووەکان دیار نەبووە. هەرچەندە ئەگەر چەند نموونەیەکیش هەبووبن، بەڵام ئەو زمانەی کە لەلایەن گەتمەنەوە بەکارهاتووە، زمانێکی گشتگیرە بۆ هەموو کوردەکان.

### ٢. دەسەڵاتی ئاغا

١٣٠ خاکی پیرۆز: ئیسرائیل.

کاریگەری ئاغا بەسەر هاولاتیە جووەکان بەشێوەیەك بوو کە نکۆڵی لە کەم کردنەوەی ناکرێت. بنیامینی دووەم تێبینی سەر شۆڕیو زەلیلی نەستۆریەکان [١٣١] و جوولەکەکانی ناوچە شاخاوییە کوردنشینەکانی کردووە، هەروەك بە ڕوونو ئاشکرایی لەم چەند رەفتارانەدا دەردەکەوێت. ئەگەر گەورەیەك لە ڕێگادا چاوی بە کۆیلە نا کوردەکەی کەوتبوایە، بەناچاری دەبوایە کۆیلەکە تاوەکو بەردەرگا لە پێشی بڕوات بەبێ ئەوەی کە ڕێگای پێبدرێت پشوو بداتو هەوایەك هەڵمژێت. ئەم نەریتە بەربەریە (پاشکەوتووە) تاڕادەیەك ڕۆژانە دووبارە دەبووەوە. ئاغا دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ژیانو مردنی کۆیلەکەیەوە هەبوو. بەم پێیە، دەیتوانی کۆیلەکەی خۆی بە ئاغایەکی تر بفرۆشێت، ئەگەر بیویستایە بە تەنیا دەیفرۆشت یاخود تەواوی خێزانەکەی دەفرۆشت. کردارێکی تری کۆن کە دەبێت ئاماژەی پێبدرێت ئەوە بوو کە دەسەڵاتی ئاغا لەو کاتەش دەردەکەوت کە کوڕو کچی جوولەکەو نەستۆریەکان دەیانویست هاوسەرگیری بکەن. دەبوایە پیاوە گەنجەکە بووکەکەی خۆی لە ئاغاکەی بکڕێت، ئەگەر بووکەکە بەرەو ناوچەی دەسەڵاتداری ئاغایەکی تر بگواسترابوایەوە، ئەوا بەم شێوەیە دەبوایە ئاغاکەی ساڵانە باج بدات بە ئاغاکەی تر. بەگوێرەی کردارێکی سەیرەوە کە لەلایەن بنیامینی دووەمەوە گێڕدراوەتەوە، کە ڕاپۆرتەکانی لەسەر زانیاری بێ بنچینە بنیادنرابوون لە کاتی خۆیدا، دەلێت: بووکە نوێکە بۆ کاری (نابەجێ) دەبوایە سەرەتا خۆی تەسلیم بە ئاغاکەی بکات وە ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی ئەم کردارە جێگای پارەپێدانەکە بگرێتەوە. هیچ سەرچاوەو ڕاپۆرت پشتگیری ئەم کردارەیان نەکردووە دان بە بوونیدا نەنراوە. دەبێت

١٣١ نەستۆریەکان: ئاشووریو کلدانیو نەستۆری مەسیحیەکان. (وەرگێڕ)

ئاماژە بەوەش بکرێت کە ئەم جۆرە کردارانە لەکاتی سەردانەکەی بنیامین بوونیان نەبووە، ئەویش تەنها گوێی لە خەڵك بووە کە وایان وتوە. ئێستا ئەو شێوازە کۆنەی ئەتك کردن بەشێوازێکی تر گوڕدراوە، دەبێت داواکەی ئاغا بە پارە پڕ بکرێتەوەو پیاوە گەنجەکان دەبێت بووکەکانیان لە ئاغا بکڕن.

بنیامینی دووەم لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەسەڵاتی ئاغاو تواناکەی بەتەواوی ڕوون دەکاتەوە. جارێکیان ئاغا جوولەکەیەکی کردە قەصابی کۆمەڵگای جوولەکەکان، لەم کارەیدا شارەزاییەکی تەواوی نەبوو، لە بەرامبەردا مووچەیەکی ساڵانەی بۆ بڕیەوە. بەم شێوەیە ئاغاکە شوێنی ڕاهیبی جووەکانی گرتەوە کە لەبنەڕەتدا ئەو دەسەڵاتی بەسەر ئەم جۆرە کارانەوە دەشکا. کاتێك بنیامینی دووەم لە گەوهەری ئەو مەسەلەیە گەیشت، هەوڵی لابردنی ئەو قەصابە نەشارەزایەی داو و لەم ئەرکەشیدا سەرکەوتوو بوو. ئەم دەست تێهەڵقورتاندنەی جوولەکە گەڕۆکەکە بووە هۆی توڕەکردنی ئاغاو هەڕەشەی کوشتنی لێکرد، بەڵام ئەو توانی خۆی بەبێ ئازار ڕزگار بکاتو ڕابکات. لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەسەڵاتی مەرکەزیو بنەڕەتی لەدەست ئەو ئاغایە بوو کە دەسەڵاتی ناوچەکەی لە ژێر دەستدا بوو. بە کردار دەسەڵاتدارە عوسمانیەکان سودیان لەم ستراتیژیە دەبینی بۆئەوەی بەتەواوی کۆنترۆڵی ناوچە دوورە دەستەکان بکەنو بەهۆی ئاغاو سیخورەکانیانەوە سنوورەکان بەهێز بکەن. لە سەرەتای ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم، والاس لیۆن چاوی کەوت بە:

" عبدالقادر بەگی ئاغای میران، کە ئاغای یاخود خاوەن دەسەلاتی کۆیلە کلدانیەکان بوو. ئەم ئاغا کوردانە بە بەگزادە ناسراو بوون لەناو خێڵەکەی خۆیاندا هاوسەرگیریان ئەنجام دەدا وە وەك کوێخاکان بەزۆربەی گوندەکاندا دەسوڕانەوە. وەك نێوەند لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەت ڕەفتاریان دەکردو

پێشوازیان لەهەموو میوانێك دەكرد. هەموو جۆرە غەرامەو پێبژاردنەوەیەكیان لەجیاتی ئەوان دەداو بەرگری لێدەكردن لەدژی هەر هێرشێك."

ئەم بەسەرهاتەی خوارەوە كە لەلایەن گەڕیدەیەكی تایبەتمەندی ئایینیەوە خراوەتەڕوو لەساڵی ١٩١٤دا، كوردەكان چەندین مێرد منداڵی ئاشووریەكانیان ڕفاند كە لەقوتابخانەی ئایینی ئامێدییەوە بەرەوماڵەوە دەگەڕانەوە بە هاوڕێیەتی دوو لە خزمەتكارەكانی گەڕیدەكە:

" كوڕەكان هیچی وایان پێنەبوو، بەڵام ئەوانی تر، واتە خزمەتكارەكان، كەلوپەلی ماڵ و كەرەستەی جل درونیان پێ بوو، كە نرخی سەرجەمیان بە نزیكەی بیستو سێ ڕووپی دەخەملێنرا. ئەم بڕە پارەیەمان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئامێدیەوە پێدرایەوەو ئەوانیش داوای گەڕانەوەی كەلوپەلو دزەكانیان لە ڕەشید بەگی میری بەرواری كرد كە بگەڕێنرێنەوە. لە هەمانكاتدا ئەوان نرخی شتمەكەكانیان بۆ بژێردرایەوە لەلایەن ئەو پێنج گوندەی كە نزیكی شوێنی دزیەكە بوون، كە تیایدا سێ گوندی كوردنشینو یەك سوریو یەك جوولەكە بوون. ئەم سیاسەتە بۆ بیروهۆشی خۆرئاواییەكان ڕێگایەكی سەیر بوو بۆ جێبەجێ كردنی دادپەروەری، بەڵام ئێمە دڵنیاكراینەوە كە ئەمە یاسای ناوچەكەیە".

ڤان برونسەن تێبینی ئەوەی كرد كە ئەندامانی خێڵ بەسەر هاوڵاتیانی خێڵەكیو ناخێڵەكیدا جیادەكرێنەوە. هەروەك لە خوارەوەدا ڕوونكراوەتەوە:

"ئاغاو خزمەتكارەكان، دەسەڵاتدارو دەسەلات بەسەردا سەپێنراوەكان... ئەندامانی خێل جەنگاوەرن نەك بكەری كاری گران، ناخێڵەكیەكان بەو شێوەیە سەیر دەكرێن كە ناتوانن كاری جەنگاوەری ئەنجام بدەن وە ئەمەش ئاساییە كە گەورەو ئاغاكانیان ئەمە بقۆزنەوە بۆ كاری تایبەتی خۆیان. ئەوان سەرمایەیەكی بەرهەمدارن".

به گوێرەی وتەکانی ڕەش‌و ڕاند، هەرچەندە ئاغا دەیتوانی جووەکەی بکڕێت‌و بفرۆشێت وە ژیانی‌و مردنی لەژێر دەستی ئەودا بوو، بەڵام زۆر بەدەگمەن ئەم کردارە جێبەجێ دەکرا. جوولەکەیەکی خەڵکی بەڕاشی بە ڕەش‌و ڕاندی وت کە:

" ئاغا دەسەڵاتێکی زۆری بەسەر ژیانی ئێمەوە هەبوو، دەبوایە پرس بە ئاغا بکەین بۆئەوەی کە لەگوند دەرچین، کچێك بخوازین یان تەلاقی بدەین. ئاغا ڕۆڵی ناوبژیکردنی پێدەدرا لەو کێشەو ناکۆکیانەی بەرەو لای دەهێنران.... بڕیارەکەی... دەیتوانی مردن یان ژیان بەکەسێك بدات... هەتا ئاغا دەتوانێت بمان فرۆشێتە ئەو ئاغایەی کە خۆی هەڵیدەبژارد! "

لە ناوچە خێڵەکیە جۆراو جۆرەکاندا، هاوڵاتیە ناخێڵەکیەکان نەیاندەتوانی بە ئاسانی دەست لە ئاغایەك بەردەن بۆ بەرژەوەندی ئاغایەکی تر. بە گوێرەی وتەکانی ڤان برونسەن، ئازادی گەڕانی هەندێك هاوڵاتی ناخێڵەکی هەتا ئەو دواییانەی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە کوردستانی عێراق سنووردار کرابوو. جوولەکەیەکی خەڵکی بەڕاشی دەسەڵاتداریەتی ئاغا بەم شێوەیە کورت کردۆتەوە:

"ئەگەر گوندنشینێك پێویستی بە کرێکارێك بوایە بۆ کاری دروێنە لە کێڵگەکەیدا، دەبوایە پرس بە ئاغا بکات، دەبوایە پیاوانی گوند ناچار بن لە سەرەتادا بۆ ئەو کار بکەن وە هیچ پارەیەکیشی پێنەدەدان".

سەرچاوەکانی جوولەکە دەڵێن: تەنها خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان‌و نەخۆشەکان لەم کرێکاریە دەبەخشران. ئاغا باجی لەسەر ئەو نەخت‌و مارەییە دادەنا کە باوکی بووکەکە لە جیاتی بەشودانی کچەکەی وەریدەگرت. ئەو بانگی باوکی بووکەکەی دەکرد، کە بەتەمای شوکردن بوو لەگەڵ کەسێکی دەرەوەی دەسەڵاتداری ئەودا، وە داوای بەشی خۆی دەکرد لەو بڕە پارەیەی کە باوکی

کچە جوولەکەکە لەجیاتی بەشودانی کچەکەی دەستی کەوتبوو، یەك لەسەر چواری پارەکەی یاخود یەك لەسەر دەی پارەکەی وەردەگرت.

دانیەل بەڕاشی کە خەلکی ئامێدی بوو، دەیویست ئافرەتێکی جوولەکەی گوندی نێروە بخوازێت. شاباتای مامی بەڕاشی، قادر و سەعدۆ، هەردوو ئاغای نێروە، بانگهێشتی ئامێدی کردن. ئەوانی میوان کردن‌و کەبابی لە بازاڕدا لە موستەفا سەعید کەبابچی کڕی‌و ژەمێکی باشی پێدان، چونکە ئەوان لە قاپ‌و قاچاغی جووەکانیان نەدەخوارد. دانیەل بەڕاشی بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

" مامم بەوانی وت: کچێك لە نێرەوەدا هەیە، ئەگەر ئێوە ڕازی بن، ئێمە دێینە داخوازی... هەرکەسێك شتێکی بوویستایە کە پەیوەندی بە جووەکانی نێروەوە هەبوایە، دەبوایە سەرەتا پرس بە ئاغا بکات. ئەوان خاوەنی جووەکانی نێرەوە بوون. جووەکان نەیاندەتوانی بەبێ ڕێپێدانی ئەوان کۆچ بکەن. (سەبارەت بە کچەکەی نێرەوش) ئاغاکان وتیان: ئەگەر کوڕەکە حەز بکات ئەوا ئێمە لاریمان نیە".

دانیەل بەڕاشی چووە گوندی نێروەو وەك مارەیی شەست دیناری بە خەزوورەکەی دا، ئەوەی دواییان هیچ پارەیەکی بە دوو ئاغاکەی نێروە نەدا و هەمووی بۆخۆی هەڵگرت. کاتێك ئاغاکان بەبڕی ئەو پارەیەیان زانی، داوای یەك لەسەر دەی پارەکەیان کرد. لەسەرەتادا ڕاستەوخۆ داوای پارەکەیان نەکرد. سەعدۆ ئاغا پێی وتم کە ئاغاکانی تر کێشەم بۆ دەسازێنن ئەگەر ئێمە بەشی خۆمان لەو مارەییە وەرنەگرین. بە پێی وتەکان بەڕاشی، ئاغا کێشەی بۆ خەزوورەکەی دروست دەکرد، ئەگەر ئەو بڕە پارەیەی پێنەدابوایە. بەڕاشی وەك دیارییەك شەش دیناری بە ئاغاکە بەخشی.

بەکورتی، ئاغا خێڵەکیەکان هێزێکی لەبن نەهاتوویان بەسەر ژیانی جوولەکە گوندنشینەکانەوە هەبوو. جوولەکە گوندنشینەکان دەبوایە پرس بکەن ئەگەر بیانویستایە بەرەو جێگایەکی تر کۆچ بکەن پێش ئەوەی بەڕێ بکەون، دەبوایە داوای ڕێپێدان لە ئاغاکەیان بکەن بۆئەوەی لەو گوندەی کە لەژێر دەسەلاتی ئەودا بوو، نیشتەجێ بن. جوولەکە گوندنشینەکان دەبوایە پرس بە ئاغا بکەن پێش ئەوەی خێزانەکانیان تەلاق بدەن یاخود کچەکانیان بدەن بە کەسێکی دەرەوەی دەسەلاتداری ئەو. هێزی ئاغا بەسەر جوولەکەکاندا بەشێوەیەك فراوان بوو کە لە هەندێك شوێنی دوورە دەستدا لەسەدەکانی ڕابردوودا، دەیتوانی بیانفرۆشێتە ئاغایەکی تر. سەبارەت بەهێزو دەسەڵاتداری ئاغا، کە وایدەبینین لەبەر چاوی بیانیەکان جۆرێك لە زیادەڕەوی تیادایە، جوولەکەیەکی خەڵکی بەڕاشی لە پرسیارکەرەکەی دەپرسێت:

" بەلاتەوە سەیرە کە ئێمەی جوولەکە لە ژێر ئەم یاسایانەدا ژیانمان گوزەراندووە؟ ئایا وەك ئەفسانەیەك یاخود ڕووداوێکی مێژووی کە پێش چەندین ساڵە ڕوویدابێت دێتە بەر چاوت؟ هەرچۆنێك بە خەیالتا بێت بیر بکەوە... ئەمە ڕاستیەکەیە... ئا بەم شێوەیە بوو کە ئێمە لە شاخە سەرسەختەکانی کوردستاندا ژیانمان بەسەر بردووە".

دەسەڵاتی ئاغا بەسەر جوولەکەکانیەوە زۆر بەهێز بوو، لەو کاتەی کە سکاڵایەك لە دادگا یاخود بنکەی پۆلیس لەدژی بەرژەوەندیەکانی ئەو تۆمار دەکرا. ئەم نموونەیەی خوارەوە جارێکی تر زاڵبوونی ئاغاکان بەسەر دەسەڵاتدارانی حکومەتدا دەردەخات. جارێکیان دانیەل بەڕاشی لەگەل خەزوورەکەی لە گوندی نێروە کاری دروستکردنی جلوبەرگی شال و شەپکیان دەکرد. شەوێکیان، دز هەندێك شتمەکی لە مالەکەیاندا دزی. بەڕاشی دەڵێت کە گدالیاو رەحامیم لە نێروەدا رکابەری خەزورەکەم بوون. ئەوان دەیانویست

خەزورەکەم ئازار بدەن و هەندێك كورد قایل بكەن بۆئەوەی دزی لێ بكەن. ئەو دەیزانی كە لەم كارەدا دەستی هەندێك لە جوولەكەكانی تیادایە، چونكە ئەگەر كوردەكان تەنیا كارەكەیان ئەنجام بدایە، سەگەكان لەبەر دەرگای ئەودا دەوەڕین. بەڕاشی لە بنكەی پۆلیس سكاڵای لەدژی ئەوان تۆمار كرد. ئەوان ڕێگایان بە بەڕاشیدا لە ماڵی هەر كەسێك بگەڕێت كە گومانی لێیان هەیە بۆ دۆزینەوەی كەلوپەلە دزراوەكان. بەڕاشی هەندێك ماڵی كوردی پشكنی، بەڵام هیچی نەدۆزیەوە. دوای ماوەیەكی كورت، داوای ئەفسەری پۆلیس كرد كە ڕێگای بدات بە ئەنجامدانی گەڕانێكی تر، ئەمجارەیان لە گوندی دۆسەگە، گوندی هەردوو ئاغا جوولەكە گومانلێكراوەكە (گەدالیاو ڕەحیمیم). دوو ئەفسەری پۆلیس لە ئامێدیەوە هاوڕێیەتی بەڕاشییان كرد بەرەو گوندەكە. خانوویەكیان پشكنی كە تیایدا هەندێك لەو كەلوپەلانەی لە چاڵێی نزیك درەختێك دۆزیەوە. لە ماڵێكی تردا، ژنێك لێیان نزیك بووەوە پێی ڕاگەیاندن: لێرە بڕۆن، هیچ شتێك لێرە نیە. بەڕاشی دەیزانی كە دەبێت شتێك لە ماڵی ئەو ئافرەتەدا شاردرابێتەوە. وادیاربوو كە دزەكان شتمەكەكانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش كردبوو. بەڕاشی گەڕایەوە نێروە، بەڵام دانیشتوانی دۆسەگە لەلای صالحێ خانێ، ئاغا، سكالایان لە دژی سەردانی ئەفسەرە پۆلیسەكان و بەڕاشی تۆماركرد. ئەو چووە لای ئاغا قاهیرۆو ئاغا سەعدۆی نێروەیی و داوای لێكردن كە بێنە ناو كێشەكەو یارمەتی بدەن. مەسەلەكەی بۆ ڕوونكردنەوەو ئەوانیش دركیان بەوە كرد كە ناكرێت بەم ئاسانیە ئەو سزا بدرێت بە هۆی ئەو كارەیەوە. لە شەودا، قاهیرۆو سەعدۆ هاتنە لای دانیەل بەڕاشی پێیان ڕاگەیاند: ئێمە خزمی یەكترین، ئێمە كچی خۆمان بەتۆ داوە. ئەوان توانیان وا لە بەڕاشی بكەن لە سكالاكەی پەشیمان بێتەوە. بۆ ڕۆژی دواتر، هەموویان بەیەكەوە چوون بۆلای ئەفسەری پۆلیسەكە. ئەو ئەفسەرە زللەیەكی لەو كوردە دابوو كە

شتمەکەکانی لە ماڵەکەیدا دۆزرابووەوەو لێی پرسی: چۆن دەوێری ئەم شتانە لە جوولەکەیەك بدزی؟ لە کۆتاییدا قاهیرۆو سەعدۆ بۆئەوەی سکالاکە پۆچەڵ بکەنەوە، بەرەو لای بەڕێوەبەری پۆلیس چوون. بە وتەی بەڕاشی:

"ئەفسەری پۆلیس لەدەسەلاتیدا نەبوو سکاڵاکە پووچەڵ بکاتەوە، بەهۆی ئەفسەرە سەرپەرشتیارە نوێیەکە کە ڕێگای لەم جۆرە کارانە نەدەدا. ئەگە جوولەکەکە وتەکانی خۆی بگۆڕێت وە لەجیاتی بلێت، کەلوپەلەکان بزربوونە....... ئەو کات دەتوانرا شتێك بکرێت. من پێم ڕاگەیاندن کە ناتوانم شتێکی لەم شێوەیە بکەم. هەموو کەسێك دەیزانی کە ئەم شتانە دزراون، من چۆن بتوانم وتەکانی خۆم بگۆڕم؟ .... ئەوانیش وتیان: خەم مەخۆ، سەرپەرشتیارێکی نوێ هاتووە، دەتوانی قسەکانی خۆت بگۆڕیت".

لە ئەنجامدا، دوو ئاغاکە دانیەل بەڕاشییان ڕازی کرد کە لەلای ئەفسەرەکە بلێت "من بەگاڵتە" ئەو شاهیدیەم داوەو ڕاستیەکەی وانەبووە، شتەکانیان لێ نەدزیوم، بەلکو بزر ببون. سەرپەرشتیارە نوێیەکە پێی سەیر بوو کاتێك بەڕاشی بە پێکەنینەوە ئەم وتانەی پێ دەووت. هەردووکیان بەرەو لای بەڕێوەبەر ڕۆیشتن. بەڕاشی بە سێ دینار سزا درا بە تاوانی گاڵتە کردن بە پۆلیس. ئەو گەڕایەوە گوندی نێروەو پاشان بەرەو ئامێدی چوو و پاش ماوەیەك بیستو پێنج دیناری وەك قەرەبوو وەرگرت بۆ هاوکاریەکەی[١٣٢].

زانیاری دەرە جووەکانو چاودێرانی کوردستان لە زۆر سەرچاوەدا باسی ئەوەیان کردووە کە ئاغاکان پیاوی خۆیان هەبووە بۆ دزی کردن لەجیاتی

---

١٣٢ ڕێك وەك ئەو نموونەیەی کە پێشتر باسمان کرد، ناحوم شەڕابی لە زاخۆ لە لایەن عبدالکریم ئاغاوە داوای لێکرا کە سکالاکەی بکێشێتەوە کە ئاراستەی یەکێك لە هاوڵاتیانی کرابوو.

ئەوان. بە پێی وتەکانی ڕەش‌و ڕاند، هەندێك ئاغای چاوچنۆك‌و گەندەڵ دزی خۆیان هەبوو، کە دزەکە کارەکەی تەواو دەکردو ئاغاکەش پارەی وەردەگرت، یەکسەر دزەکەی تێهەڵدەداو دووری دەخستەوە لەو ناوچەیە. ئەم نموونەیەی خوارەوە کە لەلایەن شاباتای ئەمرام یوسفەوە گێڕدراوەتە زیاتر بابەتەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. سەبارەت بە ڕەشید ئاغا صەلاح بێتەنور کە ئاغای گوندی وێڵە بوو وە بە ڕەشۆ بێتەنور ناسراو بوو. بەپێی ڕاپۆرتەکان، ئەحمەد بەگ حاجی ڕەشید بەگی سەرۆکی هۆزی بەرواری ئێستری ڕەشۆ بێتەنوری دزی بوو. کاتێك کە شاباتای داواکاری ئاغاکەی ڕەت کردەوە بۆ دانەوەی ئێسترەکە، ئاغا بیری لە شتێکی تر کردەوە. من پێم نەداوە، بۆیە ڕەشیدی کوڕی صەلاح ئێسترەکەی دزی‌و دایەوە دەست ئەحمەد بەگ[١٣٣].

حاجی ڕەشید بەگی بەرواری باڵا، لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەم لە دژی بەریتانیەکان جەنگا، بەڵام بە چاکی ڕەفتاری لەگەل زیندانیە هیندیەکان کردو بەبێ ئازار ناردنیەوە وە ئەم کارەی بووە هۆی ئەوەی لەلایەن فەرماندەی هێزەکانی بەریتانی لە عێراق دەست خۆشی لێ بکرێت[١٣٤]. کاتێك ئەو لە وڵاتی تورکیا بوو، حاجی ڕەشید بەگ بەژداری لە چالاکیەکان نەکرد لە دژی بەریتانیەکان. پاشان بەریتانیەکان ڕێگایان پێدا کە بگەڕێتەوە ناو خێڵەکەی‌و وەك گەورەی بەرواری باڵا دایانمەزراند. ئەزموونی ژیانی هارون جودو لە کوردستان کە باسی دیاردەی دزین‌و کوشتن بۆ بەرژەوەندی ئاغا باس دەکات.

١٣٣ دزینی ئێستر لەکوردستان کارێکی باو بوو. بۆ نموونە، لەساڵی ١٩٢٤ هاوڵاتیەکی ئاشووری خەڵکی ژیلۆ لەشەودا ئێسترەکەی لە تەوێلەی شێخ نووری محمد لە گوندی هەتووش دانا بوو، بەڵام بۆ بەیانیەکەی دزرابوو.

١٣٤ ئەو کاتە هێشتا هیندستان لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بوو، بۆیە هەندێك لەوان سەرباز بوون لە ڕیزی سوپای بەریتانیدا. (وەرگێڕ).

قسەوباسی جیاواز هەیە سەبارەت بەم دیاردەیە لە نێوان هاولاتیانی ناخێلەکیدا، بەلام هەروەك جودو، زۆر بەکەم بەشێوەیەکی قوولْ باس دەکرێت.

**هاولاتیانی جوولەکە وەك سەرمایەی ئابووری:**

باوترین پیشەی جوولەکە گوندنشینەکان بریتی بوو لە جۆلایی‌و بۆیەچی، ئەمە سەرەڕای هەندێك کاری تری وەك دەسگێری کە وای لێکردبوون بەهایان لەلای هۆزە کوردیەکان بەرز بێت‌و سەرمایەیەکی گرانبەهای ئەوان بوون. ڕێزی جوولەکە گوندنشینەکان وەك گوێڕایەلْ‌و بەوەفاو خاوەن متمانە، زیاتر ئەوانی بەهێز کرد لە ململانێ خێلّەکیەکانی کۆمەلّگادا.

ئاغا خێلەکیە کوردەکان بە شێوەیەکی زۆر باش جوولەکە شارنشین‌و گوندنشینەکانی خۆیان بەهادار کردبوو وە وەك سەرمایەیەکی تاکەکەسی زۆر بەنرخ، بەباشی ڕەفتاریان لەگەلْ خاوەنانی کتێبدا دەکرد. زمانی کوردی زۆر بە ڕوونی ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێت، کاتێك کە ئاغایەك لەگەلْ هاولاتیە مەسیحی‌و جووەکانیدا دەدوا، بە فەلەهێ من، واتە مەسیحیەکەم، یان جوهێ من، واتە جوولەکەکەم، ئەمەش واتای ئەوە بوو کە ئەم دوانە زۆر لە ئاغاوە نزیك بوون. وە ئاغا مافی خاوەنداریەتی‌و گەورەیی بەسەر خەلّکەکەیەوە هەبوو. لەلایەکی ترەوە جوولەکەو مەسیحیەکانیش ڕێزێکی یەکجار زۆریان لە ئاغاکانیان دەنا و بەگوێڕایەلیەوە بە "ئاغاکەم" بانگیان دەکرد. لە هەموو بارودۆخەکاندا، کە ئاغا جووەکانی دەپاراست، لە بەرامبەردا ئەوانیش ڕێزێکی زۆریان لێ دەگرت، ئەمەش سەرەڕای پێدانی دیاری‌و سەرانەو هەندێك پاداشتی تر.

لەکاتی ململانێ خێلەکیەکاندا، ئاغاکان هێرشیان دەکردە سەر ئەو جولەکانەی کە لایەنگیری ئاغاکەی تر بوون‌و تالانیان دەکردن‌و دەیانکوشتن.

لەڕاستیدا جوولەکە گوندنشینەکان وەکو سەرمایەیەکی بەنرخی ئاغاکان سەیر دەکران، بەڵام لە هەمانکاتدا ئامانجێکی دیاری کراوبوون بۆ ناحەزانی خێڵ. کوشتنی یاخود ئازاردانی جوولەکەی ئاغایەکی تر بەواتای ڕوخانی سەرمایەو ئابڕوی ئاغاکە بوو. جاربەجار ئەو ئاغایەی کە هاوڵاتیە جووەکانی لەلایەن ئاغایەکی ترەوە ئازاردەدران، ئەویش وەك تۆڵەسەندنەوەیەك هەمان شتی بەرامبەر جوولەکەی ئاغاکانی تر دەکردەوە. بە بڕوای جووەکان، ئەمە یەکێك بوو یەکێك بوو لە سەرەنجامە دژ بەیەکەکانی ئەزموونی ژیانی خێڵەکیان. شتێکی باو بوو کە کۆمەڵگای کوردی بەوە ناسراو بوو هەمیشە ململانێی تیادا بەردەوام بووە. ئەمەی خوارەوە بیروڕای (لیۆن)ە، کە لە نێوان ساڵانی (١٩١٨–١٩٤٤) دا لە کوردستان کاری کردووە:

"گەورەترین نەهامەتی لە کوردستان بریتی بوو لە کێشەی خوێن یاخود تۆڵەسەندنەوە. شتە سەرسوڕهێنەرەکە ئەوە بوو کە زۆرجار ئافرەت دەبووە هۆی گواستنەوەی ئەم ناکۆکیە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. بووکە گەنجەکە ڕەنگ بوو بە هاوسەرەکەی وتبا: چۆن دەتوانم بە سەلامەتی لە سەر جێگاکەت بخەوم، لە کاتێکدا خوێنی باوکو براو مام....هتد، هێشتا تۆڵەیان بۆ نەسەنراوەتەوەو ئەو کەسەی کە کوشتویەتی هێشتا وەکو کەلەشێرێك بە خۆزلکردنەوە لەم ناوە دەسوڕێتەوە. لەو ساتەی کە ئەو گفتوگۆیە لە نێوان هەردوولادا ڕویدەدا، هیچ جۆرە ئاشتیەك لە نێوان بووکو زاواکەدا هەستی پێنەدەکرا هەتا ئەو کاتەی ئەوانیش کەسێکیان لەجیاتی کوژراوەکە دەکوشت. هەتا دوای تۆڵە سەندنەوەکەش نەیدەتوانی پشووبدات چونکە یەکسەر لەلایەن خزمی کوژراوەکەوە دەکرایە ئامانج. ئەگەر منالێ بن، ڕەنگە بۆماوەی چەند ساڵێك کێشەیان نەبێت، بەڵام هەر کە گەورە بوون دایکیان وایان لێدەکات کە هەستی تۆڵەسەندنەوە لە مێشکیاندا دروست ببێت".

کۆچی ناوخۆیی یەکێك بوو لە دیاردە باوەکانی ژیانی جوولەکە گوندنشینەکان کە لە کۆمەڵگایەکی گوندنشینی بەرەو یەکێکی تر کۆچیان دەکرد، یاخود هەندێ جار بەرەو مەڵبەندی شارەکان دەچوون. گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە وای لە جووەکان کردبوو کە کۆچ بکەن، هۆکاری ئابووریو نەبوونی ئاساییشی تاکە کەسیو کوشتنی ئەندامێکی خێزانو ڕفاندنی کچە جوولەکەکان ( بەفێڵ یاخود هەڵخەلەتاندن) لەلایەن پیاوە هۆزەکیە کوردەکانەوە، بوون. بەزۆری ئەم ڕووداوانە لەو ناوچانەدا ڕویان دەدا کە کاریگەر بوونو بەهۆی ململانێ خێلەکیەکانەوە ستەملێکراو بوون. کوشتنی جوولەکە گوندنشینەکان لەلایەن ئاغا ڕکابەرەکانیانەوە، وەك بەشێك لە ململانێ خێلەکی، گرنگیو بەهای جووەکانی لە کۆمەڵگادا دیاری دەکرد.

ڕەنگە بەهۆی ئەو رۆڵە گرنگەی کە جووەکان لەناو هۆزدا هەیانبوو وای کردبێت هۆزە نەیارەکە یەکێك لەوان بکوژێت. ئەم جۆرە کوشتنە دەبووە هۆی کۆچکردنی خێزانی قوربانیەکە. کۆچکردنی جووەکان ئابڕوچونێکی گەورە بوو بۆ ناوبانگی خێڵەکە چونکە ئەمە واتای ئەوەی دەگەیاند کە خێڵەکە لە پاراستنی هاولاتیە جوولەکەکانیدا سەرکەوتوو نەبووە. بەهۆی ئەم کۆچکردنەوە ئەو کەسانەی کە سوودیان لە چالاکیە ئابووریەکانی جووەکان وەردەگرت تووشی زەرەر دەهاتن. ئەمە لەدەستدانی سەرمایەی خێڵەکەی دەگەیاند، چونکە هەمیشە دوای کوشتنی جوولەکەیەك هەموو بنەماڵەکە یاخود هەموو کۆمەڵگاکە (لەکۆندا) بەرەو شوێنێکی ئارمتر کۆچیان دەکرد. چەندین جوولەکە بوونە قوربانی دەستی ململانێ خێلەکیەکان، لەوکاتەی بەهۆی هێرشی ئاغا ڕکابەرەکانەوە دەکوژران. لە کۆتایی ساڵی (١٩١٣) لە ناحیەی ئامێدی، بە گوێرەی وتەکانی پیاوانی ئایینی شارەکە، ئەم ڕووداوە گرنگە ڕوویدا:

"له سه‌ره‌تای مانگی کانوونی یه‌که‌مدا شێخی بارزان هێرشی کرده سه‌ر هه‌ندێك گونده‌کانی ده‌ڤه‌ری نێروه‌، که سێ گوندی سوری‌و شه‌شی کوردی بوون وه تالانی کردن‌و شه‌ش جووله‌که‌ی کوشتن. ده‌ڵێن که هۆکاری ئه‌و هێرشه‌ی که کرایه سه‌ر نێروه ئه‌وه بوو که خه‌لکه‌که‌ی ئاماده نه‌بوون له‌و هێرشه‌ی که ده‌کرایه سه‌ر چاڵ‌و تخومادا یارمه‌تی بده‌ن که له خۆئاماده‌کردندا بوون بۆ وه‌رزی به‌هار. به‌لام ئایا بۆچی جووله‌که هه‌ژاره‌کان کرانه ئامانج، هۆکاره‌که‌ی ڕوون نیه"[135].

له‌کاتی شه‌ڕوشۆڕو ململانێ خێله‌کیه‌کاندا، زۆر به جدی سه‌یری ڕۆڵی جووله‌که گوندنشینه‌کان ده‌کرا. ده‌سگێڕو بازرگانه جووه‌کان نرخێکی زۆریان هه‌بوو، به‌تایبه‌تی له‌کاتی ململانێ خێله‌کیه‌کاندا، له‌و کاته‌ی که ڕێگای ئه‌ندامانی خێڵ به‌ره‌و ناوچه‌ی خێله‌کیه‌کانی تر سنووردار بوو. بۆ وێنه‌، دانیشتوانی سه‌رکانی ئه‌ندامی هۆزی بارزانی بوون، که ناویان زۆر به‌خراپ ڕۆیشتبوو به‌وه‌ی که له‌کێشه‌دا بوون له‌گه‌ڵ هۆزه دراوسێکانیاندا. له‌کاتی شه‌ڕو ناخۆشی خێله‌کیدا، دانیشتوانی جووله‌که‌ی سه‌رکانی یارمه‌تی ئه‌ندامانی خێڵیان ده‌دا له دابینکردنی شتمه‌ك‌و خۆراکی پێویست. گه‌ڕانی جووه‌کان به‌ره‌و ناوچه‌کانی تر یاساغ نه‌بوو، چونکه ئه‌وان به‌شێك نه‌بوون له خودی هۆزه‌که‌، به‌م هۆیه‌شه‌وه وه‌کو به‌شێك له کێشه‌که دانه‌ده‌نران. له‌ماوه‌ی جه‌نگی خێڵه‌کی له سالانی بیسته‌کانی سه‌ده‌ی ڕابردوودا (١٩٢٠–١٩٣٠) توانیان بگه‌ڕێنه‌وه‌و یارمه‌تی کورده بارزانیه‌کانی سه‌رکانی بکه‌ن، که ئه‌وان جموجۆلیان سنووردار

---

١٣٥ له مانگی نیسان–ئاداری ساڵی ١٩١٤دا حکومه‌ت ئۆپه‌راسیۆنێکی له‌دژی شێخی بارزان ئه‌نجامدا، به‌لام شێخ‌و هاوه‌لانی له ده‌ستی سه‌ربازه‌کان به‌ره‌و ئێران یاخود ده‌ڤه‌ری به‌رواری ڕایانکرد.

بوو. لەساڵی ١٩٣٢، لەکاتی شۆڕشی بارزانی لە دژی حکومەتی عێراقدا، بنەماڵەی موشی بن عیون بەرەو مێرگەسۆر کۆچیان کرد. بارزانیەکان نەیاندەتوانی بۆ ڕواندز یان ئاکرێ گەشت بکەن، لەو کاتەی کە جووەکان بۆ مەبەستی بازرگانی دەیانتوانی سەردانی ئەم دوو شارەو چەندانی تر بکەن.

بەم شێوەیە جووەکان دەیانتوانی یارمەتی ئەندامانی هۆزی بارزانی بدەن بە پێشکەشکردنی ئەو بەرهەمە سەرەتاییانەی کە دەست خستنیان ئەستەم بوو، وەك چا و شەکر. هەروەك پێش ماوەیەکی کەم لە گوندی سەرکانی لە ساڵی بیستەکاندا، جووەکانی مێرگەسۆر بۆ کڕینی شتمەکی پێویست لە جیاتی کوردە بارزانیەکان، هەڵمەتێکیان ئەنجامدا.

هەروەها جوولەکە گوندنشینەکان لەکاتی ئاشتیشدا ڕۆڵێکی باڵایان هەبوو. جووەکانی سەرکانی کاری جۆلاییان دەکرد، کە دروستکردنی جلوبەرگی کولتوری شاڵوشەپك بوو وە ئەم بەرگە بەناوبانگ بوو، پلەیەکی باڵی هەبوو لەناو جلوبەرگی کوردەواریدا. بەهۆی کارامەیی جووەکانەوە، ئاغا کوردەکان ئەرکی پاراستنی ئەوانیان لە ئەستۆ بوو و سەرجەم پێداویستیەکانیان بۆ دابین دەکردن. چوار خێزانی جۆلای جوولەکە لە گوندی هەریندا دەژیان کە لەناو جەرگەی ناوچەی دەسەڵاتداری هۆزی زێباریدا بوو بە سەرکردایەتی فارس ئاغا. جولەکە جۆلاکان سەرجەم پێداویستی پۆشاکی کوردییان بۆ گوندی هەرینو دەورووبەری دابین دەکرد، لە بەرامبەریشدا گوندنشینە کوردەکان پێداویستی جووەکانیان دابین دەکرد. بەپێی وتەکانی شالۆم پیرکۆ دروشمی ئاغا ئەمەی خوارەوە بوو:

"بۆ ئەوەی وا لە جووەکان بکەین لەگەڵماندا بمێننەوەو لەناو ئێمەدا بژین، دەبێت چاودێریان بکەین، کوردەکان بە نۆرە داری سوتانو گەنمو هەموو جۆرە دانەوێڵەو سەوزەو میوەیان بۆ جووەکان دەهێنا، بۆ ئەوەی بتوانن وایان

لێبکەن کە بەردەوام بن لە هاوکارییە ماددیەکانو بە ئاسودەیی لە ناوچەکەدا بژین. گوندنشینەکان ڕێگایان بە جوولەکەکان دابوو کە هەر جۆرە بەرهەمێك لە کێڵگە کوردیەکاندا هەڵبژێرن یاخود داوای شیرو ماستو کەرەو ڕۆنو شتی لەم جۆرە بابەتانە بکەن. ئەگەر جوولەکەیەك پێویستی بە شتێکی دیاریکراو بوایە، ئەوا داوای لە موختاری گوندەکە دەکرد. هەموو دوو سێ مانگ جارێك، موختار داوای لە خاوەن ماڵاتەکان دەکرد کە چوار یان هەشت سەر مەڕی گەورە بە جووەکان بدان. شوانەکەش مەڕەکانی دەهێنایە لای موختارو ئەویش بۆ چوار ماڵی جوولەکەی دەناردن".

**ئەمەکداری(دڵسۆزی) جووەکان:**

ڕەشو ڕاند، بەپشت بەستن بە چەند چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جووەکانی کوردستاندا، ئەوانیان بە زیرەكو دڵسۆز ناوبردووە تا ئەو ڕاددەیەی کە ئایینەکەیان ڕێگای پێدابوو. زانیاری دەرە جووەکان ئەوەیان پشتڕاست کردۆتەوە کە جوولەکە گوندنشینەکان لەناو ئەندامانی خێڵە کوردیەکاندا خاوەنی ڕێزی خۆیان بوون بەوەی کە دڵسۆزو باوەڕپێکراو بوون. هەروەك لەم نموونانە ئاماژەیان پێدەکرێت. لیڤی مۆردیخای حینۆی خەڵکی ژوژار، جارێکیان لەگەڵ کاروانێك لە ژوژارەوە بەرەو ئاکرێ دەچوون، کاتێك کە چەتە خێڵەکیەکانی گوندی سوری کەلوپەلی گەشتیارەکانیان لەنزیك ڕوبێ دزی[١٣٦]. ئاغاکانی سوری (ڕەنگە مەبەستی سورچی بێت)، شێخ عبداللەو شێخ بادی، دوژمنی سمایل ئاغای ژوژار بوون. کاتێك کە چەتەکان بەوەیان زانی یەکێك لەو

---

١٣٦ ئێستا ژوژار نزیکەی پانزە کیلۆمەتر لە باکووری خۆرهەڵاتی بەردەڕەشەوەیە لە قەزای ئاکرێ.

جوولەکانەی ناو کاروانەکە جوولەکەی سمایل ئاغایە، یەکێك لە دزەکان هەوڵیدا بیکوژێت، جوولەکەکە لە ترسی مردن خۆی لە پشت ئەوانی تر حەشاردا بوو[١٣٧]. کاتێك کە گەڕانەوە ژوژار، حینۆ چاوی بە سلێمان ئاغا کەوت:

"ئەو لێی پرسیم: کوا کلاوەکەت؟ کەشوهەوا زۆر گەرمە، ئەوە بۆچی لەسەرت نەناوە؟ پێم وت: نەخێر، ئێمە دزیمان لێکراوە. لێی پرسیم: کی دزی لێ کردوون؟ پێم وت کە سورسنای[١٣٨] لە ئاسی میری دزیان لێکردووین. ئاغا بانگی پیاوەکانی کرد، بەڵام ئێمە ڕێگامان پێنەدا کە لەگەلیاندا بجەنگن. لەوە دەترساین کە ئەوان دەگەنە گوندی سوری، ڕۆژ بەرەو ئاوابوون بێت. نەماندەویست لەبەر خاتری ئێمە چەندین کەس بکوژرێن.... هەروەها لەوەش دەترساین کە تۆڵەمان لێبکەنەوە. ئێمە سیانزە جوولەکەی خەڵکی ژوژار بووین بەیەکەوە نەمانهێشت سمایل ئاغا بۆ جەنگ بڕوات. پێمان وت کە هەتاوەکو تۆ دەگەیتە ئەوێ دونیا تاریك دەبێتو درەنگ دەبێت وە ئەمەش بۆتۆ مەترسیدارە[١٣٩]."

ڕاپۆرتێکی بەریتانی لەساڵی ١٩٢٣ ئاماژەی بە ڕکابەرایەتی نێوان حاجی عبدالله ڕەحمانی ژوژاری لە ناوچەی ئاکرێو ئیسماعیل ئاغا کردووە. ڕاپۆرتەکە

---

١٣٧ روون نیە کە مەبەستی ئەوە بوو بیکوژێت، بیترسێنیت بۆ جوولەکەکانی تریش یاخود تەنها بۆ خۆشیو ڕابواردن وای کردبێت.

١٣٨ ئەمەیان شێوازی ناوە ئارامی نوێیەکەی تیرەکەیە کە بەداخەوە نەمتوانی هاوواتا کوردیەکەی بدۆزمەوە یاخود ئاماژەیەکە بۆ سوری.

١٣٩ بنزیۆن ئیسرائیلی، لەساڵی سییەکان سەردانی کۆمەڵگای جووەکانی کوردستانی کردووە، دەڵێت: بارودۆخی ئەو کۆمەڵگایە خەراپ بوو وە هیچ ئومێدێکی باشبوون هەستی پێنەدەکرا. کەس نەیدەتوانی لە لای حکومەت سکالای سەرپێچی کاران بکات لە ترسی کوشتنیان وە هیچ سودێکی نەبوو.

بەوە وەسفی دەکات کە سەرۆکی کەرتی بزایەنی (عشائر السبعە)[140] لایەنگیری بەریتانیا بوو کە لەساڵی ١٩٢٥ بەهۆی نزیکی لە کەمپی ئاوارەکانی ئاشوری لە منیدان، زۆر ئازاری چەشتووە. میخایل میخاییلی ئاماژەی بەوە داوە کە شێخ تۆفیقی سیسناوە جووەکانی بە دڵسۆزو خاوەن متمانە لە قەڵەم داوە:

" ئەو شێخە کۆچکێکی هەبوو کە تیایدا سەماوەرێکی گەورەی تیادا دانابوو.... وە چایچیەکی هەبوو بەناوی بابەکر، کە بیستو چوار کاتژمێر خواردنو چای لەبەردەم میواناندا دەگێڕا. کوردە موسوڵمانەکان ڕێگایان پێنەدەدرا کە بچنە ژوورە تایبەتیەکی شێخەوە، تەنها چایچیەکەی دەیتوانی ئەم کارە بکات ئەویش تەنها لەو کاتەی کە بانگی دەکرا[141].... بەزۆری چایچی وەك پیشەی خۆی دەچووە ماڵی ئاغا بۆ هێنانی خۆراكو شتمەکی پێویست، بەڵام هەتا ئەویش ڕێگای پێنەدەدرا بچێتە ماڵی ئاغا. لەپێش دەرگا چاوەڕێی دەکرد تا خزمەتکارە ئافرەتەکان خۆراکەکەیان بۆ دەهێنا بۆئەوەی بیباتە دیوانخانەکە. جوولەکەکانی سیسناوە ڕێگایان پێدرابوو کە بچنە ناو ماڵی شێخەوە، چونکە متمانەیەکی تەواوی بەوان هەبوو".

میخاییل هەمیشە دەچووە بەشی تایبەتی ماڵی شێخ تۆفیق، و ڕێگای پێدرابوو، چیرۆکی دەگێڕانەو گۆرانی بۆ ژنو منداڵو کچەکان دەچڕی. هەروەها کچانی شێخ دەهاتنە ماڵی میخایل بۆئەوەی یاری لەگەڵ خوشکەکانی بکەن، بەڵام هەرگیز ئەوان سەردانێکی کۆمەڵایەتییان بۆ هیچ مالی کوردە موسولمانەکان ئەنجام نەدەدا.

---

١٤٠ عشائر السبعە: مەبەستی ئەو حەوت هۆزەن کە لەناوچەی ئاکرێو بەردەڕەشدا نیشتەجێن. (وەرگێڕ)

١٤١ میوانی ئاغا لەپێش دەرگای ژوورە تایبەتیەکەی ڕادەوەستا، هەتا ئەو کاتەی بەشێوەیەکی تایبەت داوای لێنەکرابوایە، نەیدەتوانی بچێتە ژوورەوە.

" ئێمە جوولەکەی شێخ تۆفیق بووین. شێخ ڕێزی لە باوکم دەگرت. بە باوکمی دەووت: موشی، وەرە دانیشە لە کۆچکەکەمدا، کورسی باوکم لە بەرامبەر هی شێخ دادەنرا. شێخ زۆر حەزی لەو بەسەرهاتە کۆنانە دەکرد کە باوکم بۆی دەگێڕانەوە. باوکم پێشتر جوولەکەی شێخ عبیداللەی بجیلی بوو. باوکی (شێخ تۆفیق) پێی وتبوو: چاودێری ئەو جوولەکەیە بکە، باوکم زۆر پیربوو هەر بۆیە چیرۆکە کۆنەکانی بەباشی لەبیر بوو، بەم شێوەیە بەسەرهاتەکانی بۆ دەگێڕاینەوە. هەفتەی جارێك لەگەڵی دادەنیشت، چا و قاوەیان بەیەکەوە دەخواردەوە و چیرۆکی ڕاستەقینەی بۆ دەووتن، ڕووداوی گرنگی مێژوویی باسدەکران".

هەندێك راپۆرت لەلایەن جوولەکە گوندنشینەکانەوە، دان بەوە بیرۆکەو بەسەرهاتانە دەنێن. ئاریە گابای ئاکریێ، ئەو پەیوەندیە باشەی جوولەکەو موسوڵمانان بۆ دڵسۆزی ئەوان دەگەڕێنێتەوە:

" کاتێك کە ئاهەنگێك لە دەرەوە ساز دەکرا، ئەگەر جووەکان لەنزیك ئافرەتە موسوڵمانەکان بوونایە کوردە موسوڵمانەکان پێی بێزار نەدەبوون، چونکە جووەکان دەسپاك بوون وە لەهەمانکاتیشدا جێی متمانەی ئەوان بوون. ئەگەر لە شوێنی ئەوان موسوڵمان بوونایە، ڕێگایان پێنەدەدرا نزیکی ئافرەتەکانیان بکەون. ژنو پیاو لە یەکتر جیادەکرانەوە".

بەکورتی، ئاغا خێڵەکیەکان ڕێزیان لە جووەکان دەگرتو متمانەیان پێ هەبوو، هەر لەبەر ئەو کارە بەسوودەی کە لە گەلیاندا ئەنجامیان دەدا، هەمیشە ئەوان گوێڕایەڵو دڵسۆز بوون. جووەکان هەرگیز هەڕەشە نەبوون بۆ سەر کوردە موسوڵمانەکان. لە بواری ئابووریدا، کەم جار هەبوو کوردو جووەکان هەمان پیشە ئەنجام بدەن وە ئەمەش هۆکار بوو بۆئەوەی هەرگیز رکابەری یەکتر نەکەن. سادەیی جووەکانو ئەو مێژووە درێژخایەنە

گوێڕایەڵیەی ئەوان، وای لە کورەکان کرد متمانەیان بەو پەیوەندیە بێت کە لەگەڵ هاوڵاتیە جووەکاندا بەستبوو.

جاروبار ئاغاکان بۆئەوەی جووەکان پەلکێشی لای خۆیان بکەن، کێشە لە نێوانیاندا دروست دەبوو، ئەمەش دەبووە هۆی دووبەرەکی لە نێوانیاندا. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەو ڕوداوانە. دوو ئاغای بەناوبانگ لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە شرناخ دەژیان[142]، حاجی یوسفی مالا بالکا و عبدالرحمان ئاغای گوندی حەسەن ئاغا. یعقوب چرمێرۆی[143] زاخۆیی، کە لە ژێر چاودێری ئیسف ئاغا بوو، زۆر بەکەمی سەردانی زاخۆی دەکردو حەزی دەکرد وەك میوان لە ماڵی یعقوب بمێنێتەوە. بەگوێرەی وتەکانی حەیۆ چرمێرۆ، یوسف ئاغا داوای لە یەعقوبی مامی کرد کە خانوویەکی فراوان بۆ پشوودان بنیاد بنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، عبدالرحمان ئاغای ڕکابەری دەیویست یعقوب ببێتە لایەنگری. یەعقوب ئاگاداری کردەوە کە پەیوەندیەکانی لەگەڵ حاجی ئیسف ئاغادا بپچڕێنێت. حەیۆ چرمێرۆ وتی:

"مامی سوربوو لەسەر ئەوەی کە ئامادەنیە حاجی یوسف جێبهێڵێت. لە کۆتاییدا، عبدالرحمان ئاغا ئەوی ڕفاند و لە ژوورێکدا بۆماوەی دە ڕۆژ دەرگای لەسەر داخست. حاجی یوسف ئاغا هیچ ئاگاداری ئەم ڕووداوە نەبوو. دوای دە ڕۆژ، عبدالرحمان ئەوی ئازاد کردو ئاگاداری کردەوە کە چیتر پێ نەنێتەوە شرناخ. هەندێك بکوژی ناردبوون بۆ کووشتنی یەعقوبو باوکم (برای یەعقوب) بۆئەوەی سەری هەردووکیان لە لاشەیان جیا بکەنەوەو بۆی بهێننەوە".

---

١٤٢ شرناخ: شارۆچکەیەکی کوردستانی باکوورە (تورکیا). (وەرگێڕ)

١٤٣ چرمێر: واتە، چوارسەد پیاو. لە دابونەریتی ئەم بنەماڵەیە دا پیاوان لە توانایاندا هەبوو لە دژی چوارسەد پیاو بجەنگن!

کاتێك یەعقوب گەڕایەوە زاخۆ، یۆنای برای باوکی حەیۆ چرمێرۆ گوێی لەوە بوو کە دوو لە ئەندامانی خێلی عبدالرحمان بەناوەکانی قاپلار و جەهوار هاتوون بۆئەوەی بیانکوژن. یەعقوب بانگی چەندین پیاوی بەهێزی جوولەکەی کرد. ئەوان پلانیان دارشت بۆئەوەی هێرش بکەنە سەر بکوژەکانو هەر لەو کاتەی لە دەرگا هاتنە ژوورەوە قۆڵبەستیان کەن. ئەو دزانە هێشتا بەتەواوی لە دەرگای ماڵەکە نەهاتبوونە ژوورەوە، برایانی چرمێرۆ و جووەکانی تر ئەوانیان دەسگیرکردن. ئەوانیان گرتنو لە ژێرزەمینەکە زیندانیان کردنو هەموو جووەکانی تریش لە سەرەوە دانیشتبوونو خەریکی خواردنو خواردنەوە بوون. برایانی چرمێرۆ بانگی جوولەکەیەکی عبدالرحمانیان کرد بەناوی بینیۆ. ئەوان خۆزگەیان دەخواست کێشەکە چارەسەر بکرێت، بەڵام بینیۆ واقی وڕما بەوەی کە ئەوانە دوو کەسی خێڵەکیانن لە هاوڵاتیان عبدالرحمان گرتووە کە لەلایەن ئەوەوە نێردرابوون. بینیۆ لەوە ترسا هەموویان بکوژرێن. یعقوب بە ترسنۆکیەکەی زۆر توڕە بوو و پێی وت: لێرە ون بە، ئەی ترسنۆك. لە کۆتاییدا:

"یعقوب دزەکانی بەرەو کەناری ڕووبار بردو تفەنگەکانی بۆ گەڕاندنەوە. پێی وتن: ڕەنگە ئێستا ئێوە من بکوژن. وتیان: چۆن لە ڕووماندێت بتکوژین لەکاتێکدا تۆ تفەنگەکانت داینەوە؟ ئەوان بەرەو لای عبدالرحمان ئاغا گەڕانەوە، چیرۆکەکەیان بەتەواوی بۆ گێڕایەوە. حاجی ئیسف هیچ زانیاریەکی نەبوو دەربارەی ئەو هەڕەشانەی لە جووەکان کرابوو، سەرەڕای ئەمەش سەبارەت بە ڕفاندنەکەش ئاگای لە هیچ نەبوو. دوای ماوەیەك ئاغا هەواڵی یەعقوبی نەبیست، خورشیدی کوڕی لێی پرسی: بۆچی یەعقوب ناهێتە ئێرە؟ حاجی ئیسف ئاغا وتی: نازانم کوڕم. نامەیەکی بۆ بنێرنو پێی بڵێین بێتە ئێرە. ئەوانیش لەسەر فەرمانی ئاغا نامەیەکیان نارد و داوایان لە یەعقوب کرد کە لەماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا سەردانی ئاغا بکات".

یۆنای باوکی حەیۆ و مامی یەعقوب، هەروەك داواكرابوو، چوون بۆئەوەی سەردانی حاجی ئیسف ئاغا بكەن. بەڵام نهێنی مەسەلەكەیان نەدركاند. بەهەر جۆرێك بوبێت دەبێت حاجی ئیسف ئاغا بە گوێیدا چرپێنرابێت چونكە هەردووكیانی لەگەڵ خۆی بردو چوونە لای عبدالرحمان، بە ئامادەبوونی حاجی ئیسف ئاغا، عبدالرحمان پرسیاری لێكرد: ئەرێ بەڕاست ئەم دزانە هاتبوونە لای ئێوە؟ مامی حەیۆ وتی: ئەوان نەهاتبوونە لای ئێمە وە لەژیانمدا ئەو پیاوانەم نەدیوون. ئەو بەردەوام بوو لەسەر چیرۆكەكەی، بەڵام هیچ شتێكی نەدركاند. حەیۆ ئەوە ڕووندەكاتەوە كە ئەگەر حاجی ئیسف ئاغا بە ڕووداوەكەی زانیبوایە، شەڕێكی گەورە لە نێوان هەردوو ئاغا نەیارەكە بەرپا دەبوو.

ئەگەر ئەمە ڕوویدابوایە، ئەوا بێگومان گلەیی لەجووەكان دەكرا بۆ پێكدادانەكەو هەر قوربانیەكی لێكەوتبایەوە جووەكان تاوانباری سەرەكی دەبوون. ئەمە ئەوە بەدەردەخات كە بە بەردەوامی بەرەنگاربوونەوەی نێوان كوردو جووەكان هەستی پێكراوە. جووەكان دەیانخواست دەسبەرداری مافی خۆیان بن لەپێناو تێكنەچوونی باری خێڵەكی. چرمێرۆ لە دركاندنی ئەو زانیاریانەدا شتێكی دروستی كرد چونكە دەیزانی كێشەیەكی گەورەی خێڵەكی ڕوودەدات. چرمێرۆ دەیزانی كە لە هەر كۆمەڵگایەك جوولەكەی تیادا بێت، هەر ئەوان ناڕەحەتیو ئازار دەچێژن.

### هاوكاری كردنی ئاغا:

زۆربەی جار جووەكان بۆ ئاغاكانیان سوودمەندبوون وە وەكو سەرمایە سەیریان دەكرا. ئەمانەی خوارەوە دوو بەسەرهاتن سەبارەت بە مەلا موستەفا بارزانی، سەرۆك هۆز و ڕابەری نەتەوەیی كوردەكانی عێراق لە سەدەی بیستەم وە ئەویتریان سەبارەت بە قادر ئاغای سەرۆك خێڵی زێباریەكانە.

**١. پێدانی چەك و تەقەمەنی بە بارزانی:**

موشی بنیامین، کە بنەماڵەکەی بۆ ماوەی چەندین وەچە لەژێر ناوچەی دەسەڵاتداری بارزانیدا ژیاون، ئەم چیرۆکەی خوارەوەمان بۆ دەگێڕنەوە[١٤٤]. پاش ئەوەی مەلا موستەفا بارزانی بەهۆی دوورخستنەوەی لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٣ لە سلێمانی گەڕایەوەو دەستی کرد بە هەڵمەتی سەربازی لەدژی ڕژێمی عێراق. چەندین سەرۆك هۆز بۆ وێرانکردنی بنکەی پۆلیس لە باکووری وڵاتدا یارمەتیان دا. لەگەڵ پیاوەکانی لە چیاکان دەمایەوە وە ڕۆژێکیان نوێنەرێکی نارده لای موشی بنیامین لە دیانا و داوای لێکرد بچێتە لای سەرۆکی مەسیحیەکانی ئەم شارۆچکەیەو داوا بکات سێ ڕەختو فیشەك بۆ چەکەکان پێشکەشی بارزانی بکات. بەڕێککەوت، ویگرام لە ڕاپۆرتێکیدا سەبارەت بە بارزانی شتێکی لەهەمان جۆر باسکردووە. کاتێك شێخ عبدالسەلام بارزانی، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە جەنگدا بوو لەگەڵ حکومەتو پاشان بەرەو شاخەکان چوو، لەوکاتەدا شێخ لە بەرهەمی میوەی گوندیەکان خۆراکی بۆ خۆیو هاوەڵانی دابین دەکرد، هیچ کەسێکی مەسیحیو موسوڵمان بە خەیالیشیدا نەدەهات بۆ بەرژەوەندی دوژمنەکانی ناپاکی بەرامبەر بکات. با بگەڕێینەوە ساڵی ١٩٤٣، موشی بنیامین دەسبەجێ وەلامی داواکاری نوێنەرەکەی مەلا موستەفا بارزانی دایەوە. ئەو چوو بۆماڵی سەرۆکی مەسیحیەکانی دیانا، کە ناوی تۆما بوو، داواکاریەکەی بارزانیان بەجێ گەیاندو شتمەکی داواکراویان نارد.

١٤٤ بنەماڵەی موشی بنیامین لە سەرکانی و مێرگەسۆر، لە ژێر ناوچەی دەسەڵاتداری بارزانیەکاندا لایەنی کە بۆماوەی سێ یاخود چوار نەوە ژیاون.

"تۆما وتی: کاتژمێرێکی تر چاوەڕێ بکە، بۆتانی ئامادە دەکەم. هەرسێ گەورەکی مەسیحیەکان، تۆماو یۆحەناو ئیشۆ، هەریەکەیان پشتێنەیەکی دوانزە بە دوانزەیان ئامادە کرد[١٤٥]. هەروەها سێ دەستە لە جلی بەکارهاتووشیان نارد چونکە بارزانی داوای جلی کۆنەشی کردبوو، بەهۆی ئەو بارودۆخە قورسەیەوە کە لەدەرەوە لەسەر خاکدا دەنووستو پارچەدارێکی وەك سەرین بەکاردەهێنا. شتمەکە داواکراوەکانم تەسلیمی نوێنەری مەلا موستەفا بارزانی کرد. هەرگیز نە چاوم پێی کەوتەوە و نە هەواڵێکیشم لێی بیست".

موشی بنیامین ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو کارەی کە کردوویەتی، کارێکی پڕ لە مەترسی بووە. ئەگەر بەم تاوانەوە کەسێك لەلایەن پۆلیسەوە دەسگیر کرابوایە، ئیتر ژیانی کۆتایی هاتبوو، بەڵام ئەو هەستی بەو بەرپرسیارەتیە کردبوو کە دەبێت ئەم کارە بۆ بارزانی بکات، چونکە بارزانیش یارمەتی جووەکانی خۆی دەدا و خۆشی دەویستن. کاتێك پرسیاری ئەوە لە موشی کرا کە بۆچی ئەو بەرپرسیارەتیە مەترسیدارەی خستە ئەستۆی خۆی، ئەو بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:

" بارزانی ئێمەی جوولەکەی خۆشدەویست، لەبەرامبەردا ئێمەش ئەومان خۆشدەویست. بۆماوەی چەندین ساڵ پێشڕەو و ڕابەرمان بوو. هەروەك پێم وتی ئەگەر بەهۆی ئەوەوە نەبوایە، نەماندەتوانی فێری ئەلف بێی عیبری ببین".

جووەکانی مێرگەسۆر بەپێی ڕێنماییەکانی بارزانی دەجولانەوە وە بانگهێشتی قەصابێکی بەتەمەنیان بە ناوی شیڤانی کرد کە لە پیریان بە ئەستەم دەستەکانی کاریان دەکرد. سەرەڕای سەربڕینی ئاژەلەکان، ئەو

---

[١٤٥] واپێدەچێت مەبەستی ئەو پشتێنەیە بێت کە لە شەڕکەرەوە دەبەسترێت، وەك پیتی (X)١٤٥ ی ئینگلیزی.

منالآنیشی فێری زمانو نووسینی عیبری دەکرد وە هەندێك لە خوێندنی ئایینیشی پیشانی ئەوان دەدا. بەهۆی چاکەو گەورەیی بارزانییەوە بوو منالە جووەکانی مێرگەسۆر فێری ئەلفابێی عیبری بوونو کۆمەڵگای جوولەکە گۆشتی حەلال (کۆشەر)و سوننەتکەرێکیان لە کاتی جەنگەکەدا بۆ دابین کرا. بەگشتی، پەروەردەی جوولەکەییو عیبری لە کۆمەڵگا گوندنشینەکاندا بوونی نەبوو، وە بەزۆری منالە جووەکان لەناوچە گوندنشینە بچووکەکاندا پەروەردەیەکی ڕێكو پێکیان وەرنەدەگرت. شاری مێرگەسۆریش بەدەر نەبوو لەم حالە، تاکو هاتنی مامۆستاکە، کە لە لایەن مەلا موستەفاوە دابین کرابوو.

هاوکاری کردنی هاوسەری قادر ئاغای زێباری:

ئاغا و ئەندامانی هۆز یارمەتی کوردە گوندنشینەکانیان دەدا، وە لە بەرامبەریشدا جووەکان بە نۆرە پشتگیریو کۆمەکیان بەئاغاو ئەندامانی خێڵەکان دەبەخشی. بە ڕێککەوت چاوپێکەوتنێك لە نێوان قوتابیەکی گەنجی جوولەکەو قادر ئاغا زێباری ڕوودەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی نیشاندانو دەرخستنی ئەو یارمەتیەی کە پێشکەشی یەکتریان دەکرد. قوتابییەکە ناوی یەحوشوا ڕیوبن بوو، لەلایەن ڕوبنی باوکیەوە لە گوندی چاڵەوە بەرەو گوندی سوریێ بۆ خوێندن لەژێر دەستی حاخام یۆحەنان نێردرابوو. لەوکاتەدا کێشەی نەبوونی پەروەردەی یەهوودیەت لە کۆمەڵگا گوندنشینەکاندا بوونی هەبوو وە لە هەموو گوندێکدا بۆ منالەکان مامۆستا نەبوو. سوریێ لەژێر دەستی قادر ئاغای زێباریەوە بەڕێوە دەبرا. یەحوشوا لەلایەن مامۆستاکەیەوە بەباشی ڕەفتاری لەگەڵدا نەدەکرا، کە هەر لە ماڵی ئەوانیشدا دەژیا و زۆربەی کات بەهۆی ئەوەی کە دەست کورت بوون، بە برسییەتی دەمایەوە. ڕۆژێکیان چووە

کۆشکی قادر ئاغا بۆ داواکردنی هەندێك نان بۆئەوەی هەندێك خۆراك بخوات.
یەحوشوا لەکاتی گێڕانەوەی بابەتەکە، ئەم وتانەی بیر هاتنەوە:

" کاتێك بەرەو سەرەوە سەرکەوتم، کەسم نەبینی. یەکسەر بەرەو چێشتخانەکە ڕۆیشتم. گوڵنامی خێزانی قادر ئاغا لەوێ بوو. لێی پرسیم: ئەی جوو لێرە چیت دەوێت؟ پێم وت: برسیمە. پێی وتم: دانیشە کوڕی گەنج. جۆرە نانێکی پێدام کە لوول درابوو وە دەبوایە تەڕ بکرێت بۆئەوەی نەرم بێتەوە[١٤٦]. هەتا تێر بووم لەو نانەم خوارد. ئەو خواردنە منی بوژاندەوە. پاشان زانیم ئەم ئافرەتە خەڵکی زاخۆیە. وتی ڕوخسارت وەك هی بنەماڵەی نیەو تۆ بەوان ناچیت. خەڵکی کوێیت؟ من خزمی نزیکی ئەوان نیم. من لە گوندی چاڵەوە هاتووم وە بۆ ئەوە هاتووم فێری تەورات ببم. لە چاڵ تۆ سەربە چ خانەوادەیەکی؟ وەلامم دایەوە: خاتوون ئاغا، ئەگەر پێم وتبای سەر بە بنەماڵەیەکم، ئەتناسین؟ ئەو سور بوو لەسەر ئەوەی کە بەردەوام بم، بۆیە منیش پێم وت: من کوڕی ڕیوبنم، نەوەی (وەردێ). کاتێك ئەمەم وت، لە باوەشی گرتمو گریا. من ترسام وە لە هەمانکاتیشدا شلەژام. پێی وتم: تۆ ڕێك وەك ئیبۆی کوڕمی. وتی: لەلایەن شێخی بارزانەوە فەرمانێك دەرکرا، دەبوایە لە گوندەکەکان کۆچ بکەین.... حکومەتی تورکی هەموو شتێکی سوتاند بوو....ئێستا تەمەنی ئیبۆی کوڕم بیست ساڵە، کاتێك کە بارمانکردو هاتینە چاڵ، من بە ئیبۆ دوو گیان بووم. وتی: داپیرەت هەموو شتمەکەکانی پەرستیاری بۆ ناردم، وە جانتایەکی پڕ لە برنجو نیسکو هەموو

١٤٦ من وای بۆ دەچم کە مەبەستی ئەو نانە بێت کە لەسەر ساج دروست دەکرێت. (وەرگێڕ)

خواردەمەنیەکی بۆ ئێمە نارد. ئێمە لە ژێرزەمینەکەی ئامانکۆ، خۆمان حەشاردابوو".

ئەم ڕووداوە ڕێککەوتە لەنێوان گولنامو گەنجە قوتابیەکە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە پێش بیست ساڵ داپیری یەحوشوا یارمەت منالە بچووکەکی گوڵنامی بە خۆراکو شتمەکی پێویست داوە. ئەم نموونەیەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە یارمەتی دوولایەنەی نێوان ئاغاو هاوڵاتیە جوولەکەکانی زۆر بەهێز بووە.

# بەندی دووەم

## چاودێری و دادگەری ئاغاکان

لەزۆر باردا جوولەکە گوندنشینو شارنشینەکان بۆ ئاغاکانان یارمەتیدەر بوون. لەکاتە پێویستەکاندا جووەکان گرنگترین شتمەکیان پێشکەش دەکرد، ئەمەش دەبووە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندیەکان هەردوولا. جووەکان لەکاتە سەختەکاندا ئاغاکانیان ڕزگار دەکرد بە پێدانی پارە یاخود گەرەنتی کەسی بۆئەوەی پاراستنەکەی مسۆگەر بکات. بەم شێوەیە، بەپێی ڕاپۆرتەکان، جەمیل ئاغای سندیو دێوالی سەعید ئاغاو حاجی صادق برۆ چەند شێخێکی تری هۆزەکانی گۆرانو هەرکی، لەلایەن جوولەکە دەوڵەمەندەکانی کوردستانەوە یارمەتی دراون، جا ئەو یارمەتیان بەشێوەی باجو سەرانە بوون یاخود لە کاتە پێویستەکان بوون. ئەم پەیوەندیەی نێوان جوولەکەو ئاغاکان بۆ هەردوولا بەسود بوو، ئاغاش زۆرجار لە هەردوو ژیانی ڕۆژانەو لەکاتی پێویستیدا، یارمەتی جووەکانی دەدا. لە ڕووی کردارییەوە پاراستنی جووەکان لەلایەن ئاغاکانەوە بە ڕوونی دەبینرا. هەندێك جار، لەو کاتەی کە جوولەکەیەکی ژێر دەستی ئاغا ئازار بدرایە، ئاغاکە بە ڕێگای زۆر توند پەرچەکرداری لە دژی سەرپێچی کارەکان دەنواند. ئەوان هەستیان بەوە دەکرد کە دەسەڵاتیان تووشی بەرنگاربوونەوە دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئاغا

پارێزەرەکە هەموو کاتێك تۆڵەی لە ئاغا ڕکابەرەکەی نەدەکردەوە کە ئازاری جووەکانیان دەدا. کاردانەوەکە لەسەر چەندین مەسەلە پەیوەست بوو، وەکو تەرازووی هێز لە نێوان دوو خێلەکەدا. لە کۆندا ململانێو بەرژەوەندیە خێڵەکیەکان کاردانەوەی توندی لێدەکەوتەوە. جارێکیان، ئاغای نێروە زۆر بە توندی کاردانەوەی هەبوو لە دژی ئازاردانی جووەکان، لەو نموونەیەدا کە کاتێك کوردێکی خەڵکی گوندی دۆتزە، دزی لە جوولەکەیەکی نێروە کردو لێیدا، جووەکەش ناوی مۆردیخای بوو. دزەکە پشتێنێکی کەتانی دە مەتری دزیبوو. لە دەمو دەستی گەڕانەوەی بۆ نێروە، کاتێ ئاغا داوای بەشو سەرانەی لە بازرگانیەکەیدا لێکرد، مۆردیخای چیرۆکی دزیەکەی بۆ گێڕایەوە. ئاغای نێروە هەندێك لە چەکدارە خێڵەکیەکانی لەگەڵ خۆی برد بۆئەوەی تۆڵە لە دەست درێژیکارەکان بکاتەوە و لەئەنجامدا ئەو دزەی کە پشتێنەکەی دزی بوو کوژرا و دوانی تریش بریندار بوون. چەندین ڕاپۆرتی تر لەبەر دەست دان سەبارەت بە کردەوەی ئاغاکان کە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە سزای دەست درێژیکارانو بکوژی جووەکانیان نەداوە. ئەمەش بەهۆی قوربانیانی جووەکان خۆیانەوە بوو، کە لەوە دەترسان لۆمەی ئەوان بکرێت ئەگەر بەهۆی ئەوانەوە دوو خێڵ کەوتبانایە جەنگەوە.

بەگشتی ئاغاکان ڕەچاوی بەرژەوەندی جووەکانیان دەکرد لە پەیوەندیەکانیاندا لەگەڵ حکومەتو دەسەڵاتدا، بە گەواهی چەندین جوولەکەی گوندنشین، درك بەوە دەکەین کە ئاغاکانیان توانیویانە چەندین جار وا لە حکومەت بکەن باج لە جووەکان وەرنەگرنو لێیان خۆش بن. لە نمونەیەکدا، موشی معەلم، موختارە ناودارەکەی جوولەکە لە ساندور، توانی کارێکی وا بکات کە جووەکان لە باج ببەخشرێن، بەتایبەتی باجی موڵكو هەندێك باجی تری وەك باجی مەڕوماڵاتو مێگەلە.

**پاراستنی جووەکان لە ڕێگا دەرەکیەکاندا:**

کاتێك جوولەکە شارنشینو گوندنشینەکان بەرەو دەشتو کێوەکانی کوردستان کۆچیاندەکرد، چەندین ڕێگای خۆپاراستنیان دەگرتە بەر. هەندێك لە بازرگانەکان دەمانچەیان هەڵدەگرت، وەهەندێکی تریش بە کۆمەڵ گەشتیان دەکرد. جاربەجار چەند کەسێکیان لە خێلێکەوە لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ ڕێگای مەترسیدار. لەو کاتەی کە بڕە پارەیەکی باش یان کەلوپەلی بەنرخیان پێبوایە، دەبوایە کەسێك وەك پاسەوان لەگەڵیاندا بوایە بۆ پاراستنی ئەو گەشتەوەرانە. لەم جۆرە ڕووداوانەدا، بێ هێزیو کەم بایەخی جووەکان ناچاری دەکردن کە پشت بەم جۆرە خۆپاراستنە ببەستن لەکاتی گەشتە ئابوورییەکاندا. پاسەوانی کەسی زۆر کەم بوو وە تەنانەت ئاغاکان دەستیان لەو کارەش هەڵدەقورتاند و ئەوان پاسەوانیان دیاری دەکرد. ئەم جۆرە پاسەوانیە گەرەنتی ئەوەی نەدەکرد کە گەشتەکە بێ زیانو دەستدرێژی کۆتایی دێت. لەگەڵ ئەوەشدا، موشی بنیامین لە دوو نموونەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە پاسەوانی کەسی، کە سەر بە خێڵ بوو، ژیانی خۆیو باوکی لە مردن ڕزگارکردووە. لە ماوەی ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەمدا، لەوکاتەی کە بنەماڵەی موشی بنیامین لە شارۆچکەی دیانا دەژیان، جارێکیان، بنیامینی باوکی بۆ کڕینی هەندی کەلوپەل لەکاتی نزیك بوونەوەی یەکێك لە جەژنەکان گەشتێکی بازرگانی ئەنجام دا. ئامۆزا گەنجەکەی لەگەڵی چوو بۆئەوەی شتمەکە کڕدراوەکانی بۆ هەڵبگرێت، پاشان چوونە سیدەکان، کە لەوێ بنکەی پۆلیسی لێ بوو. سیدەکان ماڵە بەناوبانگەکەی سەرۆك خێلی ڕواندزی لێبوو کە ناوی موحەمەد

بەگی زاوای شێخ ڕەشیدی لۆلان بوو[١٤٧]، پیاوێکی بەناوبانگی نەقشەبەندی بوو. بۆئەوەی پارەیان دەست کەوێت‌و بتوانن شتمەك بکڕن، بنیامین سێ یان چوار جلوبەرگی شالوشەپکی هێنابوو بۆئەوەی بیانفرۆشێت، وە کاتێك پۆشاکەکانی فرۆشت پارەیەکی تاڕاددەیەك باشی کەوتە ناو گیرفانەوە. کاتێك بنیامین چووە ماڵی موحەمەد بەگی ئاغای ناوچەکە، محمد بەگ لە بوونی دزو جەردە ئەوی ئاگادار کردەوە، بەم هۆیەشەوە کەسێکی باوەڕپێکراوی لەگەڵدا نارد بۆئەوەی بەرەو دیانا ڕێنموونی بکات‌و بیانپارێزێت، وە داوای لێکردن کە هەرکاتێك بەسەلامەتی گەیشتنەجێ، بەتەلەفۆن ئاگاداری بکەنەوە. پێش ئەوەی ئەوان بگەنە گوندی شێخان[١٤٨]، سێ دز ڕووبەڕوویان بوونەوەو پێیان وتن: دەست هەڵبڕن! ڕەشید بەگی پاسەوان پێی وتن:

"هەرسێ تەلاقم کەوتبێ! هەتا سەرەتا من نەکوژن، ناهێڵم دەست بۆ ئەم جووە بەرن.... یەکێ لە دزەکان وتی: ئەو پارەیەکی زۆری پێیە، ئێمە دەیکوژین‌و پارەکە دەبەین نەك تۆ. پاسەوانەکە وتی: هەتا ئەگەر پارەو زیو و هەرشتێکی گرانبەهای پێبێت، ئێوە ناتوانن دەستی لێ بدەن".

دزەکان بنیامینیان جێهێشت‌و لێی گەڕان. کاتێك گەیشتنەوە ماڵ، ڕەشید بەگ لەماڵی ئەفسەری پۆلیسەوە تەلەفۆنی بۆ موحەمەد بەگ کردو چیرۆکەکەی بەتەواوی سەبارەت بە دزەکان‌و گەشتەکە بۆ گێڕایەوە. لەو کاتەی ڕەشید بەگ خەریکی پەیوەندیەکەی بوو لەگەڵ محمد بەگ، بنیامین

١٤٧ شێخ ڕەشید لۆلان: نەیاری بارزانی بوو. لەکاتی کۆچە مەلا موستەفا بارزانی لەساڵی ١٩٤٧–١٩٥٨ بەرەو وڵاتی ڕووسیا، بارزانی سوێندی خواردبوو کە تۆڵە لەو کەسانە بکاتەوە کە ناپاکیان بەرامبەر دۆزی نەتەوەیی گەلی کورد کردووە، یەکێك لەوانە شێخ ڕەشید لۆلان بوو.

١٤٨ شێخان: دەکەوێتە نێوان هەردوو شارۆچکەی دیانا و سیدەکان. (وەرگێڕ)

پرسیاری لە موشی کوڕی کرد کە لەو کاتەی ئەو لەوێ نەبووە چ کارێکی ئەنجام داوە؟ موشی پێی وت کە جوتێك شالوشەپکی دروست کردووە. موشی وتی: باوکم پێی وتم کە ئەم قاتە بهێنمو وەك دیاری بیدەم بە پاسەوانەکە کە ئێمەی لە مردن ڕزگارکرد.

ئەم نمونەیەی خوارەوەش یەکێکی ترە لەو مەترسیانەی کە جووەکان لەکاتی گەشتەکانیاندا بەرەو ناوچە گوندنشینەکان ڕووبەڕوی دەبوونەوە. بەپێی ڕاپۆرتەکان، کۆکرنەوەی قەرزی جووەکان لە کوردو عەرەبەکان لە کاتی کۆچە بەکۆمەلەکەی جووەکانی عێراقو کوردستان، لەسەرەتای سالآنی پەنجاکان بەرەو ئیسرائیل، قورستر بوو. لەگەڵ نزیك بوونەوەی کۆچی جووەکان بۆ ئیسرائیل، گەلێ بازرگانی جوولەکە کەوتنە حالەتی ئەوەوە کە قەرزەکانیان بەزەحمەت بۆ وەربگیرێتەوە. بەهۆی کۆچە چاوەڕوانکراوەکەیان، زۆرێك لە قەرزارە کوردو عەرەبەکان بە بیانووی جۆراوجۆر خۆیان لە دانەوەی قەرزەکانیان وەلا دەنا. لەو کاتەی کە کۆچەکە نزیك بووەوە، جوولەکە شارنشینەکان ئاماژەیان بەوە دا کە ئەوان چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی قەرزەکانیان ناکەن، ئەمەش بەهۆی ناسەلامەتی ڕێگاو دزینی لەلایەن جەردەکانی ڕێگاوە. لەو ماوە قورسەدا، موشی بڕیاری کۆکردنەوەی قەرزەکانیدا.

"بۆ ماوەی دوو سێ ڕۆژ بەپێ بەرەو گوندی سیڤەكو پاشان لۆلان بۆ کۆکردنەوەی پارەکانم گەشتم کرد.... من پەیوەندی وام هەبوو لەو دوو گوندە لەگەڵ موسوڵمانانندا کە ئامادەبوون خۆیان بە کوشت بدەن پێش ئەوەی کەسێك من بکوژێ... من لە ماڵی یەکێك لە کوردەکان مامەوە کە خاوەنی دوانزە کوڕ بوو... لەشەودا، خاوەن ماڵە کوردەکە بە یەکێك لە کوڕەکانی خۆی وت: بەیانی تۆ لە ڕێگادا ڕێنموونی دەکەیت، وە ناهێڵی کەس ئازاری بدات. بۆ

بەیانیەکەی، سێ پیاو بەرەنگارمان بوونەوە... بەسەرماندا هاواریانکرد: نەجولێن، ئەگەرنا ئەتانکوژین! من کاتژمێرێکم لە گیرفاندا بوو. یەکێك لە جەردەکان زنجیری کاتژمێرەکەی لە گەردن کردمەوە و وتی: ئەگەر بتکوژم، با ئەو کاتژمێرەم لەدەست نەچێت. وامزانی کە تازە تەواو ڕۆحم لە جەستەم جیادەبێتەوە.... دەمەقالێیەکە لە نێوان پاسەوانەکەو جەردەکە ڕوویدا، پاشان پاسەوانەکە وتی: هەرسێ تەلاقم کەوتبێ هەتاوەکو من نەکوژیت، ناتوانێت دەست بۆ ئەم جوولەکەیە درێژ بکەیت... ئێمە دوانزە براین، ئەگەر تۆ من بکوژی، ناتوانی بێیتەوە ئەو ناوچەیەو براکانم تۆلەت لێدەکەنەوە. ئەو پیاوە کە ناوی عبدول بەگ بوو، وتی: پاش ڕەنگی ڕەش هەموو ڕەنگێك لە ئێوە حەرام بێت[١٤٩]. من لە عێراق‌و تورکیا و ئێران ئەمە کارم بووە. کاری من تەنها لەگەڵ چەکەو ژیانی خۆم ئاوا دابین دەکەم. دوێنێ لەو دوو دۆڵەدا دوو پیاوم کوشتووە. ئەمە کاری منە، هەر دەیکوژم. پاسەوانەکەم وتی: تۆ ناتوانی بیکوژی. لە گفتوگۆیەکەیان بەردەوام بوون تاوەکو جەردەکە وتی: زۆرباشە، ئەمڕۆ جوولەکەکەت ناکوژم. پاسەوانەکە پێی وت: لەسەر ئەم بەردە ناجولێم تاوەك کاتژمێرەکەی بۆ نەگەڕێنییەوە. وتم: لێی گەڕێ، با بۆخۆی بیبات. وتی: نەخێر، تەلاقم دەکەوێت. هەتا نەیگەڕێنیەوە، لێرە ناجولێم".

لە ڕاستیدا کاتژمێرەکەی گەڕاندەوە. لە ڕێگای گەڕانەوەدا، ئەوان بۆ شەوەکەی لە هەمان گوند مانەوە، بەڵام لەوێش دووبارە تووشی دز و جەردە بوونەوە کە خاوەنی مالات بوون بەرەو لای چەستار بەڕێ دەکەوتن. پاسەوانەکەی بەو خاوەنماڵەی وت کە شەو لەوێ مانەوەو ئەو دزانە

---

١٤٩ ئەم دەربڕینە بەواتای ئەوە دێت کە من پیاوێکی خەراپم. وە ڕەنگی ڕەش بە مانای خەم‌و ناخۆشی‌و دەردەسەریە بۆ کەسانی تر. (وەرگێڕ)

ویستویانە موشی کوڕی بنیامین بکوژن. خاوەن ماڵەکە زۆر توڕە بوو، تفەنگەکەی لەژێر کومبارەکەی دەرهێناو وتی: ئێستا ئەیکوژمو پارچە پارچەی ئەکەم. مانگی جارێك جوولەکەیەك میوانمانە، چۆن ئەوێرن شتی وامان بەسەردا بێننو میوانەکەمان ئازار بدەن؟! موشی بنیامین ویستی هێمنی بکاتەوە بەوەی کە پێی بڵێت لەگەڵیان ئاشت بووینەوە، بەڵام خاوەن ماڵەکە ڕازی نەبوو و وتی: ئێستا کێشەکە هی منە، پەیوەندی بە جوولەکەی منەوە هەیە. موشی بنیامین هەندێك بەرووبومی شەکرو چای پێبوو بۆئەوەی بیانفرۆشێت.

"ئەو کەلوپەلانەم لە پارچە قوماشێك بەستو پاشان دام بە جەردەکان. پێم وتن: بۆ ڕێگا هەڵیگرن، دامە دەستی عبدول ئاغا... وتی: ئەمە بەسە بۆ من، ئەمە پێی دەوترێ بەکەم ڕازی بوون، وەئەمەش لە ئیمانەوەیە. ڕاستیەکەتان پێ بلێم، تاوەکو گەڕامەوە ماڵ، وابیرم دەکردەوە ئەمە دوایین ڕۆژ بێت لە ژیانم. پاش ئەم ڕووداوە، هەرگیز دووبارە بۆ گەڕان لەناوچە گوندنشینە خێڵەکیەکاندا نەچوومەوە".

ئەم بارە پەشێوە بەهۆی پاراستنو پاسەوانی جوولەکە گەشتیارەکانەوە کە لەلایەن ئاغاکانەوە دابین دەکرا، چارەسەر دەکرا، کە لێیان نەدەگەڕا تووشی هیچ ئازارێك بن یاخود لەلایەن هیچ کەسێکەوە قۆرغ بکرێن. ئێستاش موشی بنیامین لەو باوەڕەدایە کە شتێکی باشی کردووە بە پێدانی چەند سودێکی ماددی بە جەردەکان کە بووە هۆی ڕازیکردنی ئەوانو ڕزگارکردنی نەفسی خۆی لە مردن.

**دادگەری ئاغاکان**

ئاغا خێلەکیەکان ڕۆڵی میانگیریان لەو کێشانەدا دەبینی کە ڕووبەڕوویان دەکرانەوە. بڕیارەکەی لە هەرکاتێکدا بوایە، دەبوایە جێبەجێ بکرێت. چەندین گەواهیدەری جووەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئاغا کوردەکان بەرامبەر بە جووەکان ڕاستو دڵسۆز بوون لەو بڕیارانەی بەسەر جووەکانیاندا سەپاندوویانەو بەدادپەروەرانە سەرجەم بڕیارەکانیان داوە. لەم دوو نموونەیەی خوارەوەدا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چۆن ئاغای کورد بە دادپەروەرانە لەجیاتی جووەکان چوونەتە بەردەم دادگاو بەرگریان لێ کردوون. لە ڕاستیدا، زۆربەی ئەو ئاغایانە لەمێژووی کوردیدا جێی پەنجەیان بەباشی دیاری نەکراوە، ئەمەش ڕەنگە بەهۆی کەمی نووسینی مێژووی کوردی بێت. لەگەل ئەمەشدا، بەپشت بەستن بەو تۆمارانەی کە لەلایەن جووەکانەوە سەبارەت بەم ئاغایانە باسکراوە، هەندێکیان شایانی چاوپێخشاندنو ڕێزی زیاترن لە مێژووی کوردیدا وەك لەوەی کە ئێستا هەیە.

**١. حاجی عبدالله و شێخ عبدالعزیز**

حاجی عبدالله موختاری گوندی ژوژار بوو، وە عبدالعزیز سەرۆك هۆزی ناوچەکە بوو. حاجی عبدالله سێ کچی هەبوون، بەلام خاوەنی هیچ کوڕێك نەبوو. پیاوێکی بەتەمەن وە بەرامبەر بە جووەکان مرۆڤێکی باش بوو. بەپێی ڕاپۆرتەکان، ئەو بە هاوڵاتیە کوردەکانی ژوژاری وتوە: "دەست لەدژی جووەکان هەڵنەبڕن، چونکە ئەوان هەژارو هێمنو بێ کەسن". بەپێی لێکدانەوەکانی لیڤی مۆردیخای حینۆ، شێخ عبدالعزیز بە دراوسێ موسوڵمانەکانی ڕاگەیاند کە

سەرپێچی ڕۆژی هەینی[١٥٠] جووەکان نەکەن وە ئەگەر هاتوو جگەرەیەکی داگیرساویان لەدەستدا بوایە، دەبێ بەهۆی ڕێزگرتنەوە، بکوژێندرێتەوەو فڕێبدرێت[١٥١]. لیڤی مۆردیخای حینۆ، ئەم بەسەرهاتەی خوارەوەی گێڕاوەتەوە:

" ڕۆژێکیان کەسێك سکاڵای لەمن کرد.... بەتۆمەتی ئەوەی من دوو گوارەی زێڕم لێ دزیوە... من هەمیشە دەچوومە ماڵی کەسێك بەناوی سۆفی گورگۆ لە گوندی ئاسینگران کە نزیکەی کاتژمێرێك بەپێ لە گوندی ئێمەوە دوور بوو. لەو کاتەی دایکی وەفاتی کرد، من بۆ سەرەخۆشی سەردانم کرد. ئەو داوای لێکردم کە شالەکەمی پێ بدەم.... منیش لێم پرسی: ئەی من بەچی بچمەوە ماڵەوە، بەو بێجامە سپیە درێژەوە؟ لێی پرسیم کە داوای چەند دەکەم؟ منیش پێم وت: دوو لیرەی زێڕ[١٥٢]. پێی وتم: "ها ئەوەتا دوو گوارەی خێزانەکەم، کە نرخی زێریان هەیە".

پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك، ئەوان خۆیان لە لیڤی نزیك کردەوەو پێیان وت کە ئەو جووتە گوارەی لە کوێ هێناوە؟ حینۆ وەلامی دانەوە: لە سۆفی گورگۆ. ئەو کەسەی کە گوارەکانی دزرابوون چووە لای حاجی عبدالله بۆئەوەی داوای لێبکات بەهۆی ئەوەوە گوارەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە. حاجی عبدالله پێی وت:

---

١٥٠ ڕۆژی حەوتەمی جووەکان دەکاتە شەممەی موسوڵمانان وە ئەوان لەو ڕۆژەدا خواپەرستی خۆیان ئەنجام دەدەن. (وەرگێڕ)

١٥١ جووەکانی زاخۆ هەمان دیاردەیان گێڕاوەتەوە، کە کوردە موسوڵمانەکان لەڕۆژی کۆتایی هەفتەی جووەکاندا، لەکاتی بینینی جوولەکەیەك جگەرەکانیان کوژاندۆتەوە.

١٥٢ لیرەی زێڕی تورکی لە زۆربەی ناوچە خێلەکیە کوردیەکان تاوەك پاش حوکمی تورکەکان لە ناوچەکەدا بەکاردەهات.

" جوولەکەکە ئەو گوارانەی کڕیون. پارەی پێبدە بۆئەوەی بتوانی وەریگریەوە. وتی: ئەمە موڵکی منە، وە تۆش داوای ئەوەم لێدەکەی کە پارە بە موڵکی خۆم بدەم؟ حاجی عبدالله پێی وت: ئەمە جوولەکەی منە. من نامەوێت تووشی زیانی ماددی ببێت".

لە کۆتاییدا، کێشەکە گەیشتە گوێی شێخ عبدالعزیز، ئەویش بانگی سۆفی گورگۆی کرد کە بازرگانیەکەی بە گوارەکانەوە کردبوو.

" لێی پرسی: ئەم جوولەکەیە ئەناسی؟ وتی: بەڵێ. شێخ لێی پرسی: چیت پێداوە وە ئەویش لەبەرامبەردا چی پێ بەخشی؟ سۆفی گورگۆ وتی: من گوارەکانی هاوسەرەکەم پێدا و ئەویش ئەم شالەی پێداوم. شێخ بەخێرایی وەلامی دایەوە: بەڵام ئەم گوارانە دزراون!شێخ گوارەکانی بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکەی گەڕاندەوە.... وەپاشان بە سۆفی گورگۆی وت کە لە جیاتی گوارەکان پارەی جووەکە بداتەوە. گورگۆ وتی: پارەم نیە. شێخ پێی وت: من پارەی پێدەدەمو پاشان لە کرێکەت دەری دەکەم".

وا پێدەچێت کە گورگۆ بۆ ئەو کاری کردبێت. حینۆ بەم شێوەیە کۆتایی بە بەسەرهاتەکە هێنا: من چوومە کۆچکی حاجی عبداللەو پێم ڕاگەیاند کە پارەکەم پێدرا. ئەویش لەوە ئاگاداری کردمەوە کە من هەرگیز لەم جۆرە کەسانە شت نەکڕم.

### ٢. قادر ئاغای زێباری

بنەماڵەی حایم بارزانی لە ئاوکاوادا دەژیان، کە لەژێر ناوچەی دەسەڵاتداری قادر ئاغای زێباریدا بوو. لەم گوندەدا، حایم دراوسێیەکی موسوڵمانی هەبوو کە مانگاکەیان بەپەتێکەوە دەبەستەوە. شەوێکیان مانگاکە لە تەپۆلکەکەوە خزیو کەوتە خوارەوە، وە بەم هۆیەوە لەو پەتەی کە پێی بەسترابووەوە خنکا.

" بەیانیەکەی هاوسێکەم هاتە ماڵی ئێمەو وتی: هەندێ لەم کەوڵە بۆ خۆت بەرە، سوودی هەیە بۆت... ئێمەش هەندێکمان لێ برد... بۆ دروستکردنی پێڵاو. پاش تێپەڕبوونی ساڵێك، ئەم دراوسێیە هاتە ماڵی باوکم‌و داوای چوار ماجدی [153]کرد بەرامبەر بەو کەوڵەی کە پێی دابوو. باوکم پێی وت: تەنانەت نرخی تەواوی مانگاکەت بەوەندە نیە!. دراوسێکە هەموو شتمەکەکانی وەك قاپ‌و قاچاغ‌و ملاکی دار و هەندێك کەلوپەلی تری بردن‌و هەوڵی چوونە دەرەوەی لە ماڵەوە دا. باوکم بە برا گەورەکەمی وت: دەرگاکە داخە، دەستمان کرد بەلێدانی دراوسێکە کرد. لە کۆتاییدا، هاواری کرد: هاوارە! ئەم عەرەبە لێم دەدات‌و شتی منیشی بردووە. موختار لێی پرسی: بۆچی ئەم کارەت کرد؟ دراوسێکە وتی: پارەی خۆمم دەوێت. ڕەشۆ ئاغای موختاریش لێی دا. پێی وتین کە ڕۆژی پێنج شەممە قادر ئاغای زێباری دێتە گوندو چارەسەری چەندین کێشە دەکات".

لەو کاتەدا، قادر ئاغا گەورەی خێڵی زێباری بوو وە لەگوندی سوریێ دەژیا. لەڕۆژی دیاریکراودا، قادر ئاغا سەردانی گوندی ئاوکاوای کرد بۆ ئەنجامدانی دادگەری‌و چارەسەرکردنی چەند کێشەیەك لەناو خەڵکدا. حایم بارزانی باسی یەکەم کێشەی کرد کە هی ژنێك بوو و دەیویست هاوسەرەکەی تەلاقی بدات. لەسەر بانی خانوویەکی نزم لە گوندەکەدا، دادگاکە دەستی بە کارەکانی کرد، هەموو خەڵکی گوندەکە بانگهێشتی ئامادەبوونی دادگاکە کرابوون. دادگاکە لە ناوەڕاستی گوندەکەدا دەستی پێکرد. کاتێك کە قادر ئاغا کێشەی یەکەمی

153 زۆر هەوڵمدا بەدوای واتای دروستی ئەو جۆرە یەکەیەدا بگەڕێم، بەڵام نەمتوانی. (وەرگێڕ)

تەواو کرد[154]، ڕەشۆ پێی وت: کێشەیەکی ترمان ماوە. سەبارەت بە پێستی مانگاکە، پێی ڕاگەیان کە لە نێوانیاندا چی ڕوویداوە. حایم بارزانی ئەم وتانەی گێڕانەوە:

" باوکم پێی وت کە دراوسێکە داوای لێکردووە کە هەموو پێستەکە ببات، بەڵام نەیتوانی هەمووی ببات. پاشان قادر ئاغا دەنکە شقارتەیەکی خستە ناو دەستی و وتی کە "دادگای گورگەکان" بۆ یەکلایی کردنی ئەم کێشەیە بەکاردەهێنم. دەنکە شقارتەکەی لەناو دەستی خۆیدا توند کردو بەخاوەنی مانگاکەی وت کە هەوڵبدات بە زمانی دەریبهێنێت. خاوەنی مانگاکە هەوڵی دا دەنکە شقارتەکە دەربهێنێت لەو کاتەی کە ئاغا دەستی خۆی بە توندی قایم کردبوو هەتا ئەو کاتەی کە دراوسێکەی بەتەواوی زمانی خۆی ڕاکێشا وەپاشان قادر ئاغا دەرزیەکی لە زمانی نا. ژنو پێنج مناڵەکانی گریانو لە ئاغا پاڕانەوە کە ئەو کارە بوەستێنێ. قادر ئاغا وتی: تەنها ئەگەر چوار پێنج ماجدی زێڕ بهێنن، ئازادی دەکەم. دوای ئەوەی پارەکەی پێدا ئەویش ئازادی کرد".

حایم بارزانی، کە ئەوکات تەنها تەمەنی دە یانزە ساڵان بوو لە کاتی ڕووداوەکەدا، دەڵێت کە ئەو دادگایە، دادگای گورگەکان، بوو. لەم نموونەیەی کە حایم بارزانی پیشانیدابن، بۆمان دەردەکەوێت کە قادر ئاغا هەموو کێشە گەورەو بچووکەکانی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەر دەکرد، هەروەك لەم

---

١٥٤ ئەم کێشەیە شایەنی ئەوەیە کەمێك هەڵوەستەی لەسەر بکرێت. بە کورتی کێشەکە بەم شێوەیە بوو: ژنەکە گلەیی لە ناپیاوەتی سێکسی پیاوەکەی هەبوو و قادر ئاغاش، بەپێی ڕاپۆرتەکان، داوای لە پیاوەکە کرد کە لەناو خەڵکەکە (کارەکە) ئەنجام بدات بۆ ئەوەی بزانرێت کە ژنەکە ڕاست دەکات یان نا. ئەوانەی کە باسی ئەو مەسەلەیان کردووە دەڵێن پیاوەکە کارەکەی ئەنجام دا و تیایدا سەرکەوتووش بوو.

نموونەیەی خوارەوەشدا زیاتر باڵ کشێنراوەتە سەر دادگەریەکەی. جارێکیان، جەنگێکی هۆزەکی لەنێوان قادر ئاغاو شێخ نوریدا ڕوویدا. قادر ئاغا چەندین کەسی بەدیل گرتو پیلاو و جلوبەرگو هەموو شتمەکەکانی دەست بەسەردا گرت. قادر ئاغا ڕووی لە بنەماڵەیەکی جوولەکەی خەڵکی سوریێ کرد کە یارمەتی بدات لە هەڵگرتنو کۆگاکردنی کەلوپەلەکان. ئەوانەی کە تالانەکەیان هەڵگرتبوو، یەکێك لە فەردەکانیان کردبووەوەو چەندین جووت پێڵاوی تیادا دۆزیەوە.....

" هەر کەسەو جوتێك پێڵاوی بۆخۆی برد... هەروەها یەتزاکی براشم جوتێکی بۆ خۆی برد... ئێمە وا لێڕاهاتبووین کە بچینە دیوانخانەی ئاغا. جارێکیان ئاغا لە براکەمی پرسی: ڕاستیم پێ بڵێو درۆ مەکە، ئەو پێڵاوانەت لە کوێ هێناون؟ ئەویش پێی وت کە لە کوێی هێناون. ئەو شەوە کەسێك هاتبوو و پێڵاوەکانی ئاغای دزیبوو. براکەم چووە لای قادر ئاغاو مەسەلەکەی بۆ ڕوون کردەوە. ئەویش پێی وت: برۆ بەیانی کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ وەرەوە و پێڵاوەکانت ببەوە. ئاغا بانگی هەموو هاوکارەکانی کردو ئاگاداری کردنەوە، "هەر کەسێك لە ئێوە ئەو پێڵاوانەی بردبێتو نەیگەڕێنێتەوە، چارەنوسێکی خەراپو تاڵی دەبێت. ئەگەر پێڵاوەکان تاوەکو بەیان نەگەڕێنرانەوە، ئەوا من هی خۆم ئەدەم بە جوولەکەکە، بەڵام ماڵی دزەکە بەسەریدا دەسوتێنم".

لە کۆتاییدا، ئەو کەسەی پێڵاوەکانی بردبوون لەپێش دەرگای ئاغا دایانابوونەوە. ئەم دوو نموونەیە دەسەڵاتو هێزی ئاغا بەسەر هۆزەکەیدا پیشان دەدات وە لەهەمانکاتیشدا گرنگیو ڕۆڵی جووەکان لەلایەن ئاغاو جێبەجێ کردنی دادپەروەری بەدەردەخات.

### ٣. شێخ موحەمەد ڕەباتکێ

ڕاپۆرتە سەربازییە بەریتانیەکان، گرنگیەکی بەرچاویان بە شێخ محمدی دانیشتووی ڕەباتکێ نەداوە. ئەو خزمی شێخ نوری بیفکانی بوو وە کەسایەتیەکی لاواز وە خاوەن چەند کەسێکی دواکەوتوو بوو کە دەسەڵاتی بەسەریاندا دەشکا. لە ڕاستیدا، دانیشتوانی گوندی ڕەباتکێ زۆر ڕێزیان دەگرتو بەشێخێکی بەئەمەکیان وەسف کردووە. بەپشت بەستن بەو نموونانەی لەلایەن جووەکانەوە باسکراون، وادەردەکەوێت کە شێخ محمد کەسایەتییەکی ئەوەندە گرنگی نەتەوەیی نەبووبێت، هەرچەندە شێخێکی بەهێز بوو ئاغایەکی کاریگەری ناوچەکەی خۆی بوو. ئەو لەلایەن دەزگای هەواڵگری بەریتانیەوە ئەوەندە گرنگی پێنەدراوە، بەڵام تا ئەو ڕاددەیەی کە پەیوەندی بە جووەکانەوە هەبووە، حوکمدارێکی بەتوانا و هاوکار بووە بۆ ئەوان. لە ڕاستیدا، شێخ محمد سوور بوو لەسەر جێبەجێ کردنی دادگەری بۆ جووەکان بە هەر نرخێك بووبێت ئەوانی لە مەترسییەکانی حکوومەتو خێڵ پاراستووە. شێخ نموونەیەکی گەشاوە بوو لەپاراستنو هاوکاریکردنی ئاغا کوردەکان کە بووە هۆی ئەوەی جووەکان بتوانن بۆماوەی چەندین نەوەی یەك لەدوای یەك لە کوردستاندا بە ئاسوودەیی بژین. موشی یوسف میزراحی دەڵێت:

" لە گوندەکەماندا ژیان وەك بەهەشتێك وابوو. شێخەکەمان دادوەرێکی دەست پاك بوو. لە ڕاستیدا، هەرچەندە نەیدەزانی ناوی خۆی بنوسێت(ناخوێنەدەوار بوو)، بەڵام دادوەرێکی دادپەروەر بوو".

وەك هەموو شێخەکانی تر، شێخ محمد میانڕەوی ئەو کێشانەی دەکرد کە دەهێنرانە پێشیو ئەویش بەشێوەیەکی دادگەرانە چارەسەری دەکردن. لەساڵی ١٩٣١دا، لە کاتی کۆچی خزمەکانی لە باڕاشییەوە بەرەو فەلەستین، ئەندامانی بنەماڵەی مزراحیش لە ڕەباتکێ یەوە دەیانویست بەرەو فەلەستین کۆچ بکەن. چەندین ئەندامی بنەماڵەی مزراحی، کە دانیشتووی ڕەباتکێ بوون،

بڕیاریاندا ماڵو مولکی خۆیان لەگوندە هاوسێیەکانیاندا بفرۆشن. ئەوان بۆ فرۆشتنی ئەو کەلوپەلانە ڕوویان لە گوندی سپینداری کرد:

"ئێمە بەناو کۆڵانەکانی سپینداریدا دەسووڕایەنەوە. دانیشتوانەکەی هیچی جوولەکە نەبوون، تەنها کوردو عەرەبی تیادا دەژیان. پیاوێك لەپێش دەرگاکەی لەسەر کورسییەك دانیشتبوو. بانگی کردین، ئێوە بە جوولەکەکان دەچن؟ ئێمەش وتمان: بەڵێ، ئێمە جوولەکەین. پرسی: لەچی دەگەڕێن‌و لێرە چی دەکەن؟ وتمان: ئێمە بۆئەوە هاتووینەتە ئێرە کە شتمەکەکانمان بفرۆشین.... ئەو پیاوە پێشنیاری ئەوەی بۆ کردین کە لەماڵی ئەودا بۆ شەوەکەی بمێنینەوە. ئەو پیاوە ناوی حاجی عبدالقادر بوو".

جووەکانی ڕەباتکێو حاجی عبدالقادر لەو شەوەدا گفتۆگۆیەکی تێروتەسەلیان کرد. جووەکان ئارەزوو و نیەتی خۆیان بۆ کۆچکردن بەرەو فەڵەستین پێ ڕاگەیان‌و خانەخۆیەکەش پێی وتن کە بۆ هەردوو شاری مەککەو قودس حەجی ئەنجام داوە. زۆر بە ڕاشکاویەوە قودسی بە شارێکی هەژارو بێکارو زەوی کشتووکاڵی وەسف کرد. وە شاری حەیفاش وەك شاری کەنار دەریایەك وەسف کرد کە خەڵکەکەی دەتوانن تیایدا کار بدۆزنەوەو ژیانی ڕۆژانەی خۆیان لێ دابین بکەن. پیاوە جووەکان بەدرێژایی شەو لەوێ مانەوەو بۆ بەیانیەکەی خۆیان ئامادە کرد کە شتومەکەکانیان بفرۆشن. ئێسترێك‌و دوو گوێدرێژیان لە نزیك ماڵی حاجیدا بەستبووەوە، بەڵام لە بەیانیەکەدا سەیریانکرد کە گوێدرێژەکان بە بارەوە ون بوونە. پەتەکەیان بڕدراوەو دزراون. پێش ئەوەی ئەمان لەخەو هەڵسن، خاوەن ماڵەکە بۆ کارکردن لە کێڵگەکەیدا ماڵی جێهێشتبوو. مزراحی بەم شێوەیە بەسەرهاتەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

" من بە مامەکانی خۆم وت: یەلا بابڕۆینە لای موختاری گوندەکە. ناوی موختارەکە ئەمین بوو... تەواوی بەسەرهاتەکەمان بۆ گێڕایەوە. داوامان لێی

کرد یارمەتیمان بدات بۆ دۆزینەوەی گوێدرێژە دزراوەکان. موختار پێی وتین: دەتوانم چیتان بۆ بکەم؟ هیچ شتێك نازانم، هەر بۆیەش ناتوانم یارمەتیتان بدەم. خۆ ئەو گوێدرێژانەتان لە لای من دانەنابوو! چەندین گەشتیار لە وڵاتانی سوریاو لوبنانو چەندین وڵاتی ترەوە سەردانی ئێرە دەکەن. ئەمە ناوچەیەکی گشتییە. ئێستا ئێوە پێم بڵێن، چۆن ئەتوانم بۆتان بدۆزمەوە؟"

جووەکان بەبێ گوێدرێژەکانیان گەڕانەوە ڕەباتکێ. ئەوان چوون بۆ لای شێخ محمدو تەواوی بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕایەوە. شێخ لێی پرسین: بۆچی نەچوونە لای موختاری گوندەکە؟ ئەوان پێیان وت کە موختار چ وەلامێکی داونەتەوە. ڕووداوەکە پەرەی سەند، هەروەك بەم شێوەیە لەلایەن میزراحیەوە گێڕدراوەتەوە:

"شێخ محمد بانگی سەید جەعفەری کوڕی کردو پێی وت: نامەیەك بۆ ئەمینی موختار بنووسە. بۆی بنووسە کە ناوی لەسەر زەوی دەسڕمەوە ئەگەر ئەو شتانەی کە دزراون نەدۆزیەو، چونکە ئەو گوێدرێژانە موڵکی جووەکانی منن کە لەوێدا دزراون. هەتا ئەگەر ئەو شتانەی کە دزراون لەلایەن گەشتیارە لوبنانیو سوریو میصریەکانیشەوە دزاربن، من هەر لە تۆم دەوێتەوە، ئەگەر ئەو گوێدرێژانە فڕیبنە ئاسمانیش، هەر دەبێت بیان دوزیەوە.... بەپێ دووری نێوان ڕەباتکێو سپینداری چوار کاتژمێر بوو. شێخ محمد باگی مۆردیخای کوڕی یوسف کرد و پێی وت: ئەم نامەیە بگرەو بیگەیەنە دەستی موختاری سپینداری، وە ئاگاداری کردەوە کە هیچ شتێك لە ماڵی ئەودا نەخواتو نەخواتەوە. مۆریدخای بەڕێ کەوت، دوای چوار کاتژمێر بەبێ پشوودانو خواردنو خواردنەوە گەیشتە شوێنی مەبەستو نامەکی گەیاندە دەستی موختار وە یەکسەر گەڕایەوەو بە شێخ محمدی ڕاگەیان کە ئەوەی فەرمانی پێکردبوو، بە ئەنجامی گەیاندووە. شێخ پێی وت: هیوادارم کە ئەو گوێدرێژانە

نەگەڕێننەوە. دڵ گران مەبە، لە جیاتی ئەوان من چوار ئێسترت پێ دەدەم....
بەم جۆرە، لەڕۆژی پێنج شەممە لە سپینداری گەڕاینەوە. مۆردیخای ڕۆژی هەینی نامەکەی گەیاندبووە دەستی موختارەکە، بۆ ڕۆژی شەممە، سەیرمان کرد گوێدرێژەکان بەتەنیا بەرەو ماڵەوە دێن. کەسێك هێنابوویە دەرەوەی گوندەکەو بەرەلای کردبوون. گوێدرێژەکان بە هەموو ئەو شتمەکانەی کە لەسەریان بوو، گەڕانەوە".

شێخ محمد زۆر باش دەیزانی تا چ ڕاددەیەك دەسەڵاتی هەیە، موختاریش درکی بەتواناکانی کردبوو. ئەم بەسەرهاتەی خوارەوە لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەم ڕوویداوە، لەماوەی کۆتایی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا. موشی (یوسف مزراحی) بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە سەبارەت بە پێکدادانی نێوان شێخ محمد ڕەباتکێو دەسەڵاتدارانی تورکدا کە جووەکانیان قۆرغ دەکرد بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان. فەرمانبەرە تورکەکە پلەی (مودیر عام)ی هەبوو لە نزیك شاری سوارێی نزیك بەڕاشیدا دەژیاو بەرپرسیاری ناوچەکە بوو. جارێکیان سەردانی ڕەباتکێی کرد لەو کاتەی کە شێخ محمد لە ماڵ نەبوو. فەرمانبەرەکە بۆ ماوەیەکی کورت وەك میوان لە ماڵی شێخ مایەوە. مزراحی ئاوا باس لە بەسەرهاتەکە دەکات:

" ماڵی ئێمە لە هەمان ئەو گەڕەکەدا بوو کە ماڵی شێخی تیادا بوو. دایکم کاری دروستکردنی مافووری دەکرد. بەڕێوبەرەکە لە ماڵی شێخەوە دایکی منی بینی بوو کە خەریکی دروستکردنی مافورە، بە جەندرمەکەی وتبوو کە مافورەکە ببەن[١٥٥]. جەندەرمەکە هاتە ماڵی ئێمەو وتی سەعیدە ڕەش (ناوی

١٥٥ جەندەرمە: وشەیەکی فەڕەنسیە، لە زمانی تورکیشدا بەکاردێت بە واتای ئەفسەری پۆلیس دێت. (وەرگێڕ)

مودیرەکە بوو) ئەم مافورەی دەوێت. بە باوکمی وت: هەڵیگرەو لەگەڵم وەرە. هیچ چارەمان نەبوو. ئێمە گریایین، بەڵام ناچار بووین. دەبووایە بیدەینێ. بۆ ئەوەی خۆی لەوە بقۆزێتەوە کە بڵێن بەهێز لێی وەرگرتووە، برە پارەیەکی کەمی بە باوکم دا کە نرخەکەی هیچ نەبوو. بەیانی پاشتر، گەڕایەوە بۆ سواریێو هەر لە هەمان ئێوارەشدا، شێخ محمد گەڕایەوە و بینی کە هاوسەرەکەی تورەیە. لێی پرسی: چی بووە ئافرەت؟ ژنەکەی پێی وت کە بەرێوەبەرەکە چی بەسەر جوولەکەکە هێناوە. بە ژنەکەی خۆی وت: هیچ خەمت نەبێت، چارەی دەکەم، بانگی سەید جەعفەری کوری کرد و پێی وت کە نامەیەك بۆ بەرێوەبەری گشتی بنوسێت. داوای لێکرد کە تیایدا بنووسێت: دەبێت بەخۆت فەرشەکە هەڵبگریتو بیهێنیتەوە بۆ جوولەکەکە. ئەگەر پێت شەرمە بەخۆت بیهێنیتەوە، ئەوا دەبێت سێ بەرامبەر نرخی فەرشێکی نوێیان پێ بدەیت. شێخ بانگی باوکمی کردو پێی وت: برۆ ئەم نامەیە بگەیەنە دەستی بەرێوەبەر خۆی، مەیدە دەستی خزمەتکارەکانی، وە زووش بگەرێوە. باوکم چووە لای بەرێوەبەر، بەرێوەبەر بە جەندەرمەکەی وت: با ئەو جوولەکەیە لێرە بێت. نامەکەی خوێندەوەو بە باوکمی وت: فەرشەکە ببە. باوکم ئەمەی رەت کردەوە. پێی وت: ئەگەر من بیبەم، شێخ دەمکوژێت. بەرێوەبەرەکە زەرفێکی هەڵگرتو ئەو برە پارەیەی خستە ناوی کە لەلایەن شێخەوە ئاماژەی پێکرابوو. باوکم زەرفەکەی هێنایەوەو بەم شێوەیە کێشەکە چارەسەر کرا".

بەرێوەبەر کەسایەتیەکی بەرزی هەبوو. کاتێك دەگەڕایەوە ماڵەوە جەندەرمەیەك، وەك پاسەوان، هاوەڵی دەکرد. بەم شێوەیە شێخ چارەسەری کێشەکەی کرد وەك هەموو کێشە هاوشێوەکانی وەکو دزەکان بە زەلیلیەو سەرشۆرییەوە. ئەم ڕووداوەی خوارەوە لەکاتی دەسەڵاتداری عوسمانیەکاندا ڕوویدا. باس لەدزینی مەرێکی جووەکان دەکاتو چۆنیەتی بڕیارە

یەکلاکەرەوەکانی شێخ محمد بۆ چارەسەرکردنی ڕوون دەکاتەوە. موشی یوسف مزراحی لەو کاتەدا تەنها تەمەنی شەش ساڵان بوو، بەڵام باوكو براکەی بەڕوونی چیرۆکەکەیان بۆ گێڕاوەتەوە. یوسفی کوڕی موشی بەرخێکی کڕیو پلانی بۆ کڕینی دووی تریش دانابوو. مەڕەکەی دەکووشتەوەو گۆشتەکەی ئامادەدەکرد بۆ درێژایی ساڵەکە. مەڕەکەی لەلای شوانی گوندەکە دانابوو بۆ ئەوەی چاودێری بکات.

" ئێوارەیەك، مەڕەکە نەگەڕاوە ماڵ. باوکم لە شوانەکەی پرسی: چی بەسەر هاتووە؟ وەڵامی دایەوە: ئەی جوولەکە، هیچ گورگو دزی لێ نەبوو، بۆچی نەگەڕاوەتەوە ماڵ؟ شوانەکە مەڕەکانی دەهێنایەوە گوندو هەر مەڕێك بەخۆی دەچووەوە لای خاوەنەکەی. باوکم لە دراوسێکانی پرسی، بەڵام ئەوانیش مەڕەکەیان نەبینی بوو. دوای سێ ڕۆژ، باوکم چووە لای شێخ محمد. شێخ لێی پرسی: چی بووە؟ پێی وت: مەڕەکەم ون بووە، لە دوو هەزار مەڕی گوند تەنها هی من بزر بووە. شێخ پێی وت: بڕۆ لەو ناوە پرسیار بکە. باوکم پێی وت: پێشتر پرسیارم کردووە و سێ ڕۆژە وەستاوم پێش ئەوەی بێم بۆ لای تۆ. شێخ پێی وت: بەکەس مەڵێ کە مەڕێکت ون کردووە. هیچ خەمت نەبێت. کێشەکە بۆ من جێ بهێڵە. بڕۆ ماڵەوەو دەنگی لێوە مەهێنە".

ئەم ڕووداوە لە مانگی تشرینی یەکەمدا، لە بەرەبەیانی جەژنی جووەکاندا ڕوویدا. تاوەکو مانگی ئاداری ساڵی دواتر هیچ شتێك دەرنەکەوت. مزراحی بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە بەڕاستی شێخ محمد گەلێك هەواڵدەری هەبوون، بەڵام هیچ زانیاریەکی دەست نەکەوت. لە کۆتاییدا، بەهۆی دەمەقاڵەیەکی نێوان ژنی دزەکانەوە ناوەڕۆكو ناسنامەی دزەکان دەرکەوت. دزەکان دوو دراوسێی کورد بوون بە ناوەکانی سلێمانو حسێن. مەڕەکەیان لە دارستاندا گرتبوو و

پاشان سەریان بڕی بوو. لە نێوانیاندا ژنێك دەژیا بەناوی عایشە. مزراحی ئەوە دەخاتەڕوو کە چۆن ناسنامەی ئەو دزانە ئاشکرا بوو:

"ڕۆژێکیان هاوسەرانی ئەو دوو دزە بوو بەمشتو مڕیان. یەکێکیان بەوی تری وت: دەزانی ئەگەر شێخ بزانێت ئێمە مەڕەکەمان دزیوە لە جوولەکەکە، دەمانکوژێت. عایشە گوێی لەوان بوو. ماڵی ئێمە لەسەر ڕێگای کانی بوو. لە ڕێگای کانیدا، عایشە لەتەنیشت دەرگاکەمان ڕاوەستا وە بەدەرگاکەی وت: ئەی دەرگا ! فلانو فلان مەڕەکەی تۆیان دزیوە. بۆ ڕۆژی دواتر، دایکم چووە سەرکانیو چاوی بە خێزانی شێخ کەوت، کە ناوی حەلیمە خاتوون بوو. دایکم پێی وت: ئێمە گوێمان لێ بووە کە کێ مەڕەکەی بردووە، بەڵام دەترسین باسی بکەین. حەلیمە خاتوون لێی پرسی: کێ پێی وتون؟ دایکم پێی وت: فریشتەیەك ! . حەلیمە خاتوون بەتوڕەییەوە بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە. شێخی هاوسەری لێی پرسی: چیت لێ قەوماوە؟ پێی وت: چۆن لە جوولەکەیەك چاوەڕێ دەکەیت کە لەگەڵتا بمێنێتەوە لە کاتێکدا سەروماڵی سەلامەت نیە؟ پێی وت سلێمانو حسێن مەڕەکەیان بردووە. شێخ بە خزمەتکارەکەی خۆی وت: هەرچۆنێك ئەوانت هێنابێ، دەبێ بیانهێنی بۆ لام، هەتا ئەگەر ڕوتیش بن. خزمەتکارەکە ڕۆیشتو پێی وت: سلێمان، شێخ تۆی خۆش دەوێتو دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات. ئەو کاتە ئێوارە بوو، هەستایەوە سەرپێو یەکسەر بەرەوە لای شێخ بەڕێ کەوت. شێخ داوای لێکرد کە دابنیشێت. سلێمان لە شێخی پرسی: چ کارێکت پێم هەیە یا شێخ؟ شێخ وتی: پرسیارێکم هەیە، ئەگەر دەتەوێت ڕاستیم پێ بڵێی، پێم بڵێ. وتی: بەسەرچاو ئاغا. شێخ لێی پرسی: تۆ مەڕی جوولەکەکەت لەناو مێگەلەکەدا دزیوە؟ یەکسەر دانی پیادا ناو وتی: بەڵێ، من دزیومە. شێخ وەلامی دایەوە: دەستت خۆش بێت، ڕەنگە بە وتنی ئەو ڕاستیە هیچت پێ نەڵێم. ڕۆژی دواتر بانگی حسێنی کرد. هەمان

پرسیاری ئاراسته کردو هەمان وەڵامی لەویشەوە دەست کەوت. پاشان دەری کردە دەرەوە. شێخ پیاوێکی بەپشوو و زیرەك بوو، پاش هەشت ڕۆژ نامەیەکی بۆ باوکم نارد تیایدا داوای لێکردبوو کە لە هەردوو دزەکە خۆش بێت، ئەگەر داوای لێبوردنیان کرد. لەهەمانکاتدا شێخ ئەم پەیامەی بۆ هەردوودزەکە نارد، سبەی بەیانی، دەبێ بۆ هەر ڕانێکی ئەو مەڕە، مەڕێکی تەواو بدەن، هەر یەکیان دەبێت چوار مەڕ بهێنێت، هەردووکتان بەیەکەوە هەشت مەڕ. دەبێ ئێوە بڕۆن لەنزیك ماڵی جوولەکەکە بیان بەستنەوە. سەرەڕای ئەوەش، سێ ڕۆژتان لەبەردەستدایە کە بۆخۆتان‌و خێزانەکانتانەوە گوندەکەم جێ بهێڵن. ئەگەر لەو ماوەیەدا بار نەکەن، لەناو خانووەکانتاندا ئەتانسوتێنم".

سزاکەی شێخ گەلێ سەخت بوو، ئەگەر هەردوو گوندنشینەکە ناچار بکرێن گوندەکە جێبهێڵن، ئەوا مناڵەکانیان برسی دەمێننەوە. مزراحی وتی: بەبێ کێڵانی زەوی‌و زارەکانیان، مناڵەکانیان لەبرسان دەمرد. بۆ بەیانی دواتر، کاتێك کە خێزانی مزراحی لەخەو هەڵسان، هەشت سەر مەڕی بەستراویان لە نزیك ماڵەکەیانەوە بینی کە لەلایەن سلێمان و حسێنەوە هێنرابوون.

"عەلی خدر، کە موختاری گوندەکە بوو، چیرۆکەکەیان بۆ باسکرد بۆئەوەی لەلای شێخ تکایان بۆ بکات: "ئێمە تاوانمان ئەنجام داوە وە دانیشی پێدا دەنێین، بەڵام شێخ لەناو خانووەکەمان ئەمانسوتێنێ ئەگەر لەماوەی سێ ڕۆژدا لە گوندەکە بارنەکەین"

موختار و هەردوو دزەکە بەیەکەوە چوون بۆ لای مامی مزراحی، کە پیشەی بۆیەکردنی قوماش بوو. ئەو پیاوێکی بەتەمەن‌و ریش سپی بوو. داوایان لێ کرد کە هەوڵیان بۆ بدات لەلای شێخ بۆئەوەی لێیان خۆش بێت. مزراحی دیمەنەکەی بەم شێوەیە وێنا کردووە:

"سلێمانو حسێن پەتێکیان لە دەوری گەردەنیان بەستەوە بە ماڵی شێخەوە هەڵیانواسی. لە نزیك ژووری شێخ، وەك بلێن سەگن، لەسەر دەستو پێکانیان وەستان. لەسەر دەستو لاقەکانیان درێژ بوونو چوونە ژووری شێخ. شێخ بە پاسەوانەکانی خۆی وت: ئەم سەگانە بەرە دەرەوە. وەك بلێن ئەوان ژوورەکەیان پیس کردبێت، چونکە لە کوردستان سەگ بە گیاندارێکی پیس لەقەلەم دەدرا، وە دروست نەبوو دەستی لێ بدەن. موختار بە شێخی وت: ئەوان هەڵەیان کردووە، بەڵام بەزەییت بە مناڵەکانیان بێتەوە. شێخ وتی: ئەگەر دانیشتوانی گوندەکەم ئاوا مامەڵە لەگەل جوولەکەکاندا بکەن، ئەی خەڵکی تر چۆن دەبن؟"

لە کۆتاییدا، شێخ ڕێگای پێدان لە گوندەکەدا بمێننەوە. بەرپرسیاریەتیەکەی بەرامبەر بە پاراستنی جووەکان زۆر بەهێزبوو. بەگوێرەی وتەکانی مزراحی، هەردوو دزەکە لە کردەوەکانیان پەشیمان بوونەوە، وەهەتا ئەوان چوونەوە ئیسرائیل، هەردووکیان بەردەوام بوون لەسەر داوای لێبووردن کردن لە باوکم. مزراحی وتی کە بەهۆی ئەم ڕووداوەوە سلێمانو حسێن بۆ ئێمە وەك برایان لێهات.

ئەم ڕووداوەی خوارەوە کە لەلایەن موشی یوسف مزراحیەوە گێڕدراوەتەوە لە دەورووبەری ساڵانی ١٩٢٧–١٩٢٨ ڕوویداوە. لە دوای نیوەڕۆیەکی ڕۆژی هەینی، جوولەکەیەکی شاری ئاکرێ بەناوی حەمۆ هاتە لای شێخ محمد بۆئەوەی داوای قەرزەکەی بکات کە لەلای کەسێکی دانیشتووی ڕەباتکێ بەناوی عوسمانێ بوو. نزیکەی کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ، مزراحی لەماڵ دەرچوو و پیاوێکی ریش داری بینی کە لە هەیوانی شێخ محمد دانیشتبوو. مزراحی دەلێت: بۆیە زانیم کە جوولەکەیە، چونکە لەهەزار موسوڵمان تەنیا یەکیان ریشی هەبوو. بەخۆی وت:

" ئەی خوایە، ئەو جوولەکەیە بەو هەینییە لە ماڵی شێخ چی دەکات؟ بە باوکمم وت: وابزانم میوانێکی جوولەکە لە ماڵی شێخە. باوکم پێی وتم: بڕۆ بهێنە ئێرە. منیش چووم‌و پێم وت: سڵاو بەڕێز. ئەویش وتی سڵاو. لێم پرسی: بۆچی ناهێیتە ماڵی جووەکان؟ وتی: کێشەیەکم هەیە، دەبێت قسەی لەسەر بکەم لەلای شێخ. پێم وت: بۆ پاڕانەوە وەرە لای ئێمە وە ڕۆژی شەممەش دەتوانی قسە لەگەڵ شێخ بکەی. وەلامی دایەوە: شێخ ڕازی نابێت. من لەسەر داواکەم سوور بووم‌و پێم وت: دە وەرە! چووینە پاڕانەوەو دوعاکردن. باوکم پێی وت: ئەمڕۆ باسی کارو بۆچی هاتوویتە ئێرە ناکەین. لە ڕۆژی شەممەدا، شێخ خزمەتکارێکی خۆی نارد کە بۆچی ئێمە میوانەکەی ئەومان بردووە. باوکم بۆی ڕوون کردەوە: میوانی موسوڵمان بۆ تۆ، وە هی جوولەکەش بۆ ئێمە. وتی: ڕاستە، کارێکی باشت کردووە".

لە شەوی شەممەدا باوکی مزراحی‌و میوانەکە چوونە لای شێخ محمد وە مزراحی‌یش لەگەڵیان چوو. لەسەر تەختەکە دانیشت:

" شێخ لێی پرسی: ئەی جوولەکە، چیت دەوێت؟ مەسەلەکی سەبارەت بە کوردەکەی ڕەباتکێ بەناوی عوسمان کە پیشەی سۆلچێکەر [١٥٦] بوو، پێ ڕاگەیاند. عوسمان چووبوە ئاکری‌و باوکی بایی چل ڕووپی شتمەکی لای حەمۆ هێنابوو، وە پاشان بێ ئەوەی پارەکە بدات، هەڵاتبوو. حەمۆ بە شێخی وت: ئێستا من هاتوومەتە لای ئێوە، بەڵکو ئێوە بتوانن شتێکم بۆ بکەن. شێخی بانگی پینۆی خزمەتکارەکەی کرد و پێی وت کە ئێستا بڕوات‌و عوسمان بهێنێت. عوسمان لە ڕەباتکێ دەژیا، بەڵام بەهۆی کارەکەیەوە، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جوولەی دەکرد. کاتێك لە ماڵی شێخ نزیك بووە وە چاوی بە

---

١٥٦ سۆڵچێکەر: پێڵاو دروستکەر.

حەمۆ کەوت، یەکسەر ترسا. شێخ لێی پرسی: تۆ چل ڕووپی حەمۆ قەرزاری؟ وەلامی دایەوە: بەڵێ. لێی پرسی: ئەی بۆچی پارەکەی نادەیتەوە؟ وتی: هیچ پارەم نەبوو، بۆیە هەڵاتم. شێخ پێی وت: ئێستا دەمەوێت ئەو چل ڕووپیەی بدەیەوە کە بایی ئەو بڕە شتمەکت لە لای بردبوو. عوسمانی پێی وت: ئاغا، من هیچ پارەم نیە. ئەو کات بە چل ڕووپی کەسێك دەیتوانی دوو خانوو بکڕێت. عوسمانی پێی وت: ئەگەر تۆ بمکوژی، هیچ پارەم نیە. شێخ چل ڕووپی لە گیرفانی خۆی دەرهێناو بە حەمۆی دا. وە پێی وت: دەتوانی بەیانی بچیتەوە ماڵ. وە بە عوسمانی وت: بەیانی کاتێك لە نوێژ دەگەڕێمەوە لە مزگەوت، پارەکەم دەوێت"

ڕۆژی دواتر حەمۆ گوندەکەی جێهێشتو مزراحیش لەگەلی ڕۆیشت تاوەکو لە گوندەکە دەرچوونو پاشان خواحافیزییان لەیەکتر کرد. لەو کاتەدا عوسمانی هیچ پارەی نەبوو، بۆیە دەبوایە هێدی هێدی پارەی شێخ بداتەوە. مانگاکانی خۆی فرۆشت بۆئەوەی بەشێك لە قەرزەکەی بداتەوە. موشی وای بۆدەچێت کە عوسمانی، هەتا ئەو کاتەی کە ئەوان بەرەو فەلەستین کۆچیان کرد، نەیتوانی پارەکەی شێخ بداتەوە. مزراحی ئەم بەسەرهاتە بە پرسیارێکی ڕەوانبێژییانە بە کۆتا دەهێنێت:

"لە دونیادا رەوشتی وات دیوە، وەك ئەوەی شێخ کردی، کە پارەی لە گیرفانی خۆی دەردەهێنا و دەیدا بە کەسێکی بیانیو نەناسراو؟"

ئیلیاهۆ شالۆم وەسفی پەیوەندی شێخ محمد لەگەڵ هاووڵاتیە جووەکانی کردووە. حاخام رەحمیم شالۆم، باوکی ئیلیاهۆ، پیشەی قەصابو سونەتکەر و گیادەرمانی سروشتی بوو، لە بنەڕەتدا خەڵکی بەڕاشی بوو. زیاتر لە سێ ساڵ خێزانەکەی لە سێ گونددا ژیاون: حەسینکەو ڕەباتکێو ساندور.

لەساڵی ١٩٣١ لەسە داوای شێخ محمد، باوکی لە ڕەباتکێ نیشتەجێ بوو، چونکە باوکم یارمەتی زۆری خەڵکی ناجوولەکە دەدا.... مناڵی سوننەت دەکردن‌و خەڵکی چارەسەر دەکرد. ئیلیاهۆ شالۆم باسی کردارێکی تری شێخ محمد دەکات:

" دەسەڵاتداریەتی هەموو ناوچەکەی دەکرد. کاتێك دەستی لەسەر شتێك دادەنا، هیچ حکومەت‌و دەستی دەرەکی نەیاندەتوانی دەستی تێوەردەن‌و مەسەلەکە بگۆڕن. بێگومان ئەگەر کەسێکت کوشتبوایە، حکومەت دەهات، بەڵام لەکاروباری‌و کێشە ناوخۆییەکاندا، کەس بۆ نەبوو خۆی لە مەسەلەکانی هەڵقورتێنێت".

ئیلیاهۆ شالۆم باسی ململانێیەك دەکات لەنێوان دوو هاوسەری ئاغادا، یەکێك لەو دوو ئافرەتانە دایکی بوو. ئەحمۆی هاوسەری دراوسێیەکیان هات‌و لە دایکی ئیلیاهۆی دا. باوکی لەلای شێخ شکایەتی کرد. شێخ محمد، ئەحمۆی گرت‌و ئەوەندەی لێدا تاوەکو لەسەر زەوی کەوت. بەگوێرەی وتەکانی شالۆم، کاتێك کە شێخ بە گۆچانە دارەکەی لە کەسێك دەدا، کەس نەیدەوێرا قسە بکات یان بەرەنگاری بێتەوە. ئەو کەسەی کە لێی دەدرا دەبوایە بەرگە بگرێت‌و چاوەڕوانی تەواوبوونی شێخ بکات. شێخ هەمیشە لەگەل ئەو ئاغاو فەرمانبەری حکومەتدا بە قسەی ناخۆش دەدوا، بەڵام لەم نموونەیەدا جیاواز بوو. کاتێك کە پیاوێکی کورد لە خێزانی حاخام دەدات، شێخ بەتوندی لەناو خەڵك لێی دەدات، تاوەکو لەسەر زەوی دەکەوت بۆئەوەی خەڵکی تری گوند چاوی لێ نەکەن. ئەو لەلایەن جووەکان ڕەباتکێ ڕێزی لێ دەگیرا چونکە هەمیشە پاڵپشت‌و پارێزەریان بوو.

### ٤- شێخ تۆفیق سیسناوەیی

شێخ تۆفیق لە بنەماڵەیەکی بەدەسەڵات لەناوچە گوندنشینەکانی کوردستان لەدایك بووە. ئەو کوڕی شێخ عبداللەی بجیلی بوو کە یەکێك بووە لە شۆڕشگێڕە بەناوبانگەکانی کوردستان لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەمدا. باپیرە گەورەی ناوی شێخ محمد بجیلی بوو. شێخ تۆفیق، شێخێکی بەناوبانگ بوو لە پاراستنی مافەکانیاندا وەبەپێی ڕاپۆرتەکان، بەرامبەر جووەکانی ناوچەی دەسەڵاتداریەتی خۆی لە سیسناوە، دادپەروەر بووە. خەڵکی سیسناوە لە نزیك ماڵەکانیاندا بێستانیان هەبوو، بەڵام ئاودانیان وا ڕێك خستبوو کە بەنۆرە دابەش بێت بەسەریدا، چونکە ئاوەکە بەشی ئەوەی نەدەکرد لەیەك کاتتدا بۆ هەموویان بڕوات. بە پێی وتەکانی میخایل میخاییلی، ڕۆژێکیان:

" سەید هەبابەکری خزمەتکاری شێخ تۆفیق ئاوی لە باخچەکەی من گرتەوە و بەریدایە سەر هی خۆی. لێم پرسی بۆچی ئەو کارەت کردووە؟ وتی: نۆرەی تۆ نیە. بەردێکی بچووکی تێگرتمو لێی دام. لەڕاستیدا هیچ ئازاری نەبوو. چوومە لای شێخ تۆفیقو پێم وت کە چی ڕوویداوە. بانگی سەیدی کرد. وەلامی دایەوەو وتی کە من جوێنم پێداوە. شێخ تۆفیق فەرمانی بە دوو خزمەتکارەکەی کرد: "بڕۆنە ناو باخچەکەیو سەراوبنی بکەن وە پاشان پەرژینەکەش خاپوور بکەن"

ئەو دەستدرێژی کردنە سەر مافی جوولەکە لەو کاتەی کە نۆرەی ئاودانەکەی بوو، تاوانێکی گەورە بوو لەلای ئەو، بەڵام واپێدەچێت ئاغای وەك شێخ تۆفیقو شێخ محمد هەندێك جار سزای قورسی ئەو کەسانەیان دابێت کە پێشێلکاری مافی جووەکانیان کردووە. بەم پێیە، ئاغا پەیامێکی ڕوونو ئاشکرای ئاگادارکردنەوەی دژی ئەو کەسانەی کە سەرپێچی مافی جووەکانیان دەکرد، دەدا.

میخایل نموونەیەکی تری پیشانداوە کە پشتگیری تەواوی جووەکانی کراوە لەلایەن شێخ تۆفیقەوە لەو کاتەی کە ڕووبەڕووی نادادپەروەری بوونەتەوە لە گوندی سیسناوەدا:

" ئافرەتێکی جوولەکە هەبوو کە لە عەقلیەوە ناتەواو بوو.... وە جوێنی بە خەڵك دەدا... جارێکیان ئەم ئافرەتە جوێنی بە کوردێکی گوندەکەدا و پیاوەکەش لێی دا... شێخ تۆفیق، وەك سزا، ئەو کوردەی لە گوندەکە وەدەرنا".

شێخ تۆفیق بەتوندی سزای خزمەتکارەکەی دا کە سەرپێچی مافی میخایلی لە ئاودای بێستانەکەی کردبوو. هەڵوێستێکی زۆر توندتری لەم نموونەیە هەبوو، ئەویش دەرکردنی کەسێك بوو لە گوندەکە. لە ڕاستیدا، میخایلی زیاتر باسی ئەو کەس‌و ڕووداوەی نەکردووە. لەبەر هەر هۆکارێك بووایە، دەرکردن سزایەکی قورسی کۆمەڵگای خێڵەکی بوو. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دوو نموونەیەی سەرەوە، بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە ئاغا جووەکانی خۆی پاراستووە وە لەگەڵ ئەوەشدا بە نیشاندانی ئەم سزایە، دەسەڵاتی خۆی دەرخستووە.

### جوولەکە گوندنشین و ئاغاکانیان: دەر ئەنجام

بارودۆخی جووەکانی کوردستان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر یان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاواز بوو. بوونی جووەکان لەسەدان گونددا وە بەرەوپێشچوونی ڕێگا کشتووکاڵیەکان، دەمانگەیەنەتە ئەم بۆچوونانەی خوارەوە. جووەکان لەناوچە گوندنشینەکانی کوردستاندا بە ئەمن‌و ئاساییشەوە دەژیان وە دەیانتوانی خۆراك بۆ خێزانەکانیان دابین بکەن‌و هەموو ئەرکە ئایینی‌و ڕۆحیەکانیان بەئەنجام بگەیەنن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، پلەوپایەی جوولەکە گوندنشینە ناخێڵەکیەکان دەگەیشتە رادەیەکی نزم کە ئەندامانی خێڵ جاربەجار سوود لەم لاوازیە وەربگرن‌و بەچەندین شێواز ئازاریان

بدەن. کۆمەڵگای کوردی دابەش سەر دوو بەش ببو کە بریتی بوون لە هاوڵاتیانی خێڵەکیو ناخێڵەکی، جوولەکەو مەسیحیەکانیش سەر بە بەشی ناخڵەکی بوون کە لەلایەن ئاغاکانەوە دەپارێزران. چەندین ڕاپۆرت لە سەدەکانی نۆزدەو بیستدا، جوولەکە گوندنشینەکانیان بەکۆیلە وەسف کردووە، کە لەناوچە دوورە دەستەکاندا لەلایەن ئاغاکانەوە دەچەوسێنرانەوە. ئەم ڕاپۆرتانە باسی خراپ مامەلە کردنی ئەو ئاغایانە دەکەن لەگەڵ جووەکاندا، هەتا کار گەیشتبووە فرۆشتنی ئەو جوولەکە کۆیلانە. فرۆشتنی جوولەکە کۆیلەکان سنووردار بوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە ئاغاکان نەیاندەویست ئەو سەرمایە بەنرخە لەدەست بدەن. لە ڕاستیدا، ئەو جوولەکانە بە تەواوی زاراوە ئیسلامیو خۆرئاواییی سەبارەت بە کۆیلایەتی، کۆیلە نەبوون، بەڵکو بەشێوەی کۆیلە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرا کە چەندین ئەرکیان لە ئەستۆدا بوو بەرامبەر بە چەند مافێکی کەم لە ناوچە دوورە دەستەکانی کوردستان لە ژێر حوکمی ئاغادا.

لەسەدەی بیستەمدا، شێوە دیارەکەی پەیوەندی نێوان ئاغاو هاوڵاتیە جووەکانی بەشێوەیەك بوو کە ئاغا دەبوایە پەناگەو پاراستنی جووەکان لەئەستۆ بگرێت. وە لەبەرامبەریشدا، جووەکان خزمەتگوزاریو دیاریو باجو کارکردنیان لەجیاتی ئەم پاراستنە پێشکەشی ئاغاکان دەکرد. بەپێی دابونەریتەکان، جووەکان پلەوپایەییان نزم بوو وە بە کەم سەیر دەکران، بەڵام لەژیانی ڕۆژانەدا وەك هاوڵاتی خاوەن متمانەو دەسپاكو یارمەتیدەری ئاغاکانیان لەکاروباری ئابووری لەکاتە پێویستەکانا، لەقەلەم دەدران. ئەوان لە هەڵسوکەوتەکانیاندا سەربەخۆ نەبوون، بەڵکو لەژێر حوکمی ئاغادا بەڕێوە دەبران، کە دەسەڵاتێکی زۆریان بەسەرەوە هەبوو. دەبوایە جووەکان داوای روخسەت بکەن لەو کاتەی کە دەیانویست لە شوێنێکەوە بەرەو شوێنێکی تر

کۆچ بکەن. جوولەکە گوندنشینەکان لەبەر چاوی ئاغاکان نرخێکی زۆیان هەبوو، کە هەروەك سەرمایەکەی دەیپاراستن. کاروپیشەی جووەکان بریتی بوو لە جۆلاییو دەسگێڕی. ئاغا سەرجەم پێویستیەکانی جۆلاکانی دابین دەکرد کە هەڵدەستا بە درووستکردنی جلی کوردی بۆ ئەندامانی خێڵو یارمەتی دەستگێرەکانیشیان دەدا کە ئەوانیش لەکاتی ململانێو ناخۆشیەکاندا بە پێشکەشکردنی شتمەکی پێویست یارمەتی ئاغاو ئەندامانی خێڵیان دەدا.

هەندێك لەجوولەکە شارنشینەکان بەبەردەوامی سەردانی ناوچە گوندنشینەکانیان دەکرد. ئەوانیش وەك جوولەکە گوندنشینەکان لەلایەن ئاغاکانەوە دەپارێزران. لە بەرامبەردا، ئەوان لەکاتی پێویستیدا یارمەتی ئاغاکانیان دەداو بەبەردەوامی شتمەکیان پێشکەش دەکردن. پلەوپایەی ئەوان لە هی جوولەکە گوندنشینەکان بەرزتر بوو.

بەپشت بەستن بە نموونەکانی کۆچکردنی ناوخۆیی جوولەکە گوندنشینەکان، کە لەبەشەکانی داهاتوودا بەدرێژایی باسکراوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە جوولەکە گوندنشینەکان بەتەواوی لەئاسایشو ئارامیدا بوون. گەورەترین کۆسپی دەروونی کە کاریگەری هەبووبێت بۆ سەر جوولەکە گوندنشینەکان بریتی بوو لەکوشتنی ئەندامی بنەماڵەیەك. هیچ جۆرە کوشتنێکی بەکۆمەڵ لە کوردستاندا بوونیان نەبوو، جگە لە ڕووداوێك کە تیایدا کوردە خێڵەکیەکان لەساڵی ١٩٤١دا لە ساندور، حەوت جوولەکەیان کوشت. لەڕاستیدا چەند ڕاپۆرتێکی نووسراو، بەزۆری لە سەدەکانی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ئاماژە بە قۆرخکاری ئابووریو کوشتنی بە ئەنقەستی جووەکان دەکەن، کە بووە هۆی ئەوەی هەموو خێزانەکە لە

شوێنێکەوە بەرەو ناوچەیەکی ئارامتر کۆچ بکەن[157]. بەم شێوەیە، چاوپێکەوتنی زارەکی لەگەڵ پەنجاوشەش جوولەکە ئاماژە بەوە دەدەن کە سەرەڕای بوونی چەند ڕووداوێکی کووشندە، کە ئاماژە بە خەراپ ڕەفتارکردنی ئاغاك لەگەڵ جووەکان دەکرێت لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا[158]. پەیوەندی نێوان ئاغاو جووەکان بۆ هەردولا بەسوود بوو، ئاغا لەزۆربەی کاتدا، لەژیانی ڕۆژانەدا، یارمەتی جووەکانی دەدا، یارمەتی ئەوانی دەدا بەئەنجامدانی نەریتەکانیان. لە کۆندا جووەکان شانبەشانی ئەندامانی خێڵ لەکاتی شەڕو تەنگانەدا، یارمەتیان پێشکەش دەکرد. چەندین جوولەکەی گوندنشین ئاغا کوردەکانیان بەڕاستگۆ و دادپەروەر وەسف کردووە کە لە جێبەجێ کردنی دادپەرەوەیدا لەجیاتی ئەوان بڕیاریان داوە. دادپەروەریو چاودێریو پاراستن لەلایەن ئەم ئاغایانەوە، ڕەنگە ببوایە هۆی ئەوەی کە ئەگەر جووەکان بیانویستایە بمێننەوەو نەچنەوە خاکی پیرۆز، چەند ساڵێکی تریش لە کوردستاندا دەمانەوە.

---

١٥٧ بۆ نموونە، سەلیم گابای گێراویەتەوە کە خێزانەکەی لە گوندێکی ترەوە بەرەو زاخۆ کۆچی کردووە، کاتێك کە کوردێکی موسوڵمان ویستی کچێکی بنەماڵەکەی بهێنێت. هەندێ خێزانی تری جوولەکە هەر کاتێك کووشتن یان هەندێ تراژیدیای تر ڕوویدابوایە، بەرەو شوێنێکی سەلامەتتر کۆچیان دەکرد.

١٥٨ دوو سەرچاوە کە باس لەچەندین نموونەی خەراپ مامەڵەکردن لەگەل جووەکان دەکەن لەلایەن ئاغاکانەوە یان حکوومەتەوە.

# بەشی سێیەم

## هەندێك لایەنی ژیانی ڕۆژانە و تاکەکەسی جووەکان

# بەندی یەکەم

## سەلامەتی جووەکان لە کوردستان

جووەکانی کوردستان بایەخی زۆریان بە ئاسایيشی تاکەکەسی دەدا، بە ڕاددەیەك کە نەبوونی ئاسایيش کاریگەری لەسەر کەمبوونی جووەکان لەسەر نەخشەی کوردستان هەبوو. چەندباره بوونەوەی رفاندنی ئافرەتە جووەکان لەلایەن کوردەکانەوەو دزیو هەتا کوشتنی بازرگانان لەسەر ڕێگاکانداو چەندین قۆرخکردنی تری ئابووری جووەکان لەلایەن کوردەکانەوە، کە لەم پەرتووکەدا باسیان لێوە کراوە، ئاماژەیەکی ڕوونە لەنەبوونی ئاسایيشی کەسی جوولەکە گوندنشینو شارنشینەکاندا. خواستی جووەکان بۆ کۆچکردن، بەتایبەتی لەناوچە خێڵەکیەکانەوە بەرەو ناوەندە سەلامەتەکانی شار، بەڵگەیەکە بۆ نەبوونی ئاسایيشی کەسی جوولەکە گوندنشینەکان.

### پاڵنەرەکانی (هاندەرەکانی) کۆچکردن:

دەکرێت ئاماژە بە وتەکانی بی. دیکسن بدرێت کە وتویەتی، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا زۆربەی دانیشتوانی ناوچە گوندنشینەکانی کوردستان هەرگیز لە گوندەکانیان دەرنەدەچوونو ئەو کەسەی لە گوندەکە چوبایە

گوندێکی نزیك به پیاوێکی سەرکەش سەیر دەکرا. به تێڕوانینی ئەو، سەبارەت بەکەمی گەشت لەلایەن هاوڵاتیە ناوچە گوندنشینەکان، کۆچی جوولەکەکان پێویستی به لێکۆلینەوەی زیاتر هەیە. جوولەکەی ناخێلەکی ئاغایەك، که دەیویست کۆچ بکاتو لەگوندێکی تردا نیشتەجێ بێت، دەبوایه روخسەت له هەردوو ئاغا وەربگرێت، واته ئەو گوندەی که لێوە کۆچی دەکردو ئەوەشی که کۆچی بۆ دەکرد. ئەرکێکی ئاسان نەبوو بۆ جوولەکەیەك که ڕووبەڕوی ئاغا بەهێزەکەی ببێتەوەو داوای جێهێشتنی بکات. دەبوایه ئەو کەسەی که ئەم داوایەی کردووه پۆزشێکی بەهێزی هەبووایه تاوەکو کارەکەی بۆ ئاسان بکرایه. گەواهیدەرەکان سێ هاندەری سەرەکیان دەست نیشان کردووه بۆئەوەی کۆچ بکەن. یەکەم، بوژانەوەی نەتەوەیی هاوڵاتیانی جوولەکە لەخاکی پیرۆز یان ئیسرائیل لەماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا. دووەم، بارقورسی ئابووریو نەبوونی کار. سێیەم، نەبوونی ئاسایشی تاکەکەسی، ئەمەش یان بەهۆی ئاژاوە و کوشتنی جووەکانەوە بووە یان نەرمی نواندن بەرامبەر به بکوژی جوولەکەکان.

خالی کۆتایی گرنگترین هۆکار بوو که وای له جووەکان کردبوو که کۆچ بکەن. ئەم نموونانەی خوارەوە باسی چەندین هۆکار دەکەن که بوونه هۆی کۆچکردن وە پلەوپایەی جووەکانی لەناوچە گوندنشینەکان شی دەکەنەوە.

جوولەکه کوردەکان هەر له سەرەتاکانی سەدەی شانزەمەوە دەستیان به کۆچ کردن کردوه بۆ خاکی پیرۆز. له کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە و بەدرێژایی سەدەی بیستەم، کۆچ کردن له کوردستانەوە بەرەو خاکی پیرۆز ئەنجام دراوە. تاوەکو ساڵی ١٩٥٢، بەشێوەیەکی کرداری هەموو جووەکانی کوردستان بەرەو ئیسرائیل کۆچیانکرد. لەڕاستیدا هۆکاری کۆچی کەسی جووەکان بۆ خاکی پیرۆز لەپێش کۆچە بەکۆمەڵەکەی ساڵی ١٩٥١–١٩٥٢ بۆ

هەستو رۆڵی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە، سەرەڕای ئەوەش کە پێشووتر بەهۆی باری قورسی ئابووریو نەبوونی ئاساییش بووە. لەلایەکی ترەوە، کۆچە بەکۆمەڵەکە بۆ ئیسرائیل لەماوەی سەرەتاکانی ساڵی پەنجاکان، بەهۆی هەموو ئەو هۆکارانەی کە باسکران، بووە. هەروەها بەهۆی کەمبوونەوەی ئەمنیەتی جووەکانو ململانێی نێوان عەرەبو ئیسرائیلو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بووە. کۆچی بەکۆمەڵی جووەکان بەرەو ئیسرائیل بەهۆی هەوڵی سەرکردایەتی ڕێکخراوی جووەکان لەعێراقو ئیسرائیل ڕێکخرابوو. ئەم چوار نموونانەی خوارەوە بارودۆخی کۆچی جووەکان دیاری دەکات.

لەبەرەبەری خۆئامادەکردن بۆ ئیسرائیل، نوێنەرسێکی جووەکان لەدیانا بۆ داواکردنی هاوکاری لە سەرکردایەتی جووەکان بەرەو هەولێر بەڕێ کەوت، سەرکردەی کۆمەڵگای جووەکان ناوی صالح یوسف نوری بوو[١٥٩]، وە لەهەمانکاتدا ڕێکخەری کۆچە بەکۆمەلەکە بوو. لە دەورووبەری هەمانکاتدا، پلەوپایەی جووەکان لە کوردستان زیاتر لەق بوو. بۆئەوەی ناویان تۆمار بکەنو ڤیزە وەربگرن:

"دەبوایە چووبانە شاری رەواندز، کە یەك کیلۆمەتر بەپێ دوور بوو، بەڵام لەوە دەترسان لە ڕێگادا بکوژرێن... چونکە موسوڵمانان دەیانووت، ئەو جوولەکانە دەچنە فەڵەستین، نابێ ڕێگایان پێ بدەین وە دەبێت بیانکوژین".

نوێنەرەکەی دیانا سەردانی صالح یوسف نوری سەرکردەی دیاری جووەکان لە هەولێر کرد و داوای یارمەتی لێکرد، وە مەترسی خۆی دەربڕی بەوەی کە

---

١٥٩ صالح یوسف نوری: بە یەکێك لە سەرکردە دیار و کاریزماکانی جوولەکە دادەنرێت. دوای کۆچکردنی بەرەو ئیسرائیل لە سەرەتاکانی ساڵانی پەنجاکان، بەهۆی ڕووداوێکی هاتووچۆوە لە ئۆرشەلیم کۆچی دوایی کرد.

کوردەکان کچەکانمان دەبەن وە ئەگەر ئەو یارمەتییان نەدات، ئەوا کچەکانمان لە دیانا دەمێننەوە. نوری هەولێدا کە نوێنەرەکەی دیانا رازی بکات چەند مانگێکی تریش بمێننەوە چونکە هێشتا کەس لە هەولێر بەڕێ نەکەوتبوو. بەڵام جووەکانی دیانا دەیانویست لەو کاتەدا کۆچ بکەن، هەتا ئەگەر داوایان لێکرابووایە لە پەرستگای هەولێر بمێننەوە ئەوان پێیان چاکتر بوو[١٦٠].

لە کۆتاییدا، ڕێکخەری کۆچکردنەکە ئەوانی بردە لای موتەسەڕیف (پارێزگار)و پێی وت:

" داوات لێدەکەم کە فەرمانێك دەربکەیت ئەم جوولەکانە بهێنرێنە هەولێر. موتەسەڕیف لێی پرسی: چۆن دەبێت ئەو جوولەکە بێت؟[١٦١] ئەو بە جلوبەرگو زمانەکەمانەوە بڕیاری لەسەر ئێمە دەدا، چونکە ئێمە نە زمانی عەرەبیو نە هی عیبریمان نەدەزانی، تەنها دەمانزانی بە کوردی بدوێین".

لە کۆتاییدا، مانەوەی جووەکان لە دیانادا کۆتایی هات، دوای ئەوەی کە موتەسەڕیف بەوە ڕازی بوو ئەوان بەرەو هەولێر بگوازرێنەوە. موشی بنیامین گەڕایەوە دیانا وە بنەماڵەکەی خۆی لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە ئاگادار کردەوە وە داوای لێکردن کە خۆیان ئامادە بکەن بەرەو هەولێر کە تیایدا لەوێ دەمێننەوە تاوەکو بەرەو ئیسرائیل کۆچ دەکەن.

---

١٦٠ لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ ئیسرائیل، چەندین جوولەکە لە گوندەکانەوە هاتن بۆ شارو شارۆچکە کوردەکان وە پاشان بۆ بەغدا، لەوێدا ئەوان لە پەرستگاکان دادەنران هەتاوەکو نۆرەیان دەهات، پاشان بەفڕۆکە بەرەو ئیسرائیل دەفڕین.

١٦١ هەروەها برەیڤەر، کە لەساڵی ١٩٣٣ سەردانی کوردستانی کردبوو، تێبینی ئەوەی کردووە کە تەنها کەسێکی بە ئەزموون دەیتوانی جیاوازی بکات لە نێوان جوولەکەکانی شاخ و کوردەکان.

دەروێش ناحومی ئاکرێ ئاماژەی بەوە داوە کە شەپۆلی کۆچکردنی جووەکان، کە لە ژێر ناوچەی دەسەڵاتداری هۆزی سورچیدا دەژیان، قۆناغ بەقۆناغ بوو. جوولەکە گوندنشینەکان نەیاندەتوانی بەردەوامی بە ژیانی رۆژانەی خۆیان بدەن بەبێ کۆمەکی رێکخراوی یاریدەدەر. بەلایەنی کەمەوە ئەوان پێویستیان بە سەربڕێکی ئاژەڵ هەبوو بۆ دابینکردنی گۆشتی حەلال، بەلام ئەم خزمەتگوزاریە لە گونددا بەردەست نەبوو. هەندێك لەم گوندانە کەوتبوونە رێی چەندین کاتژمێر بەپێ لەئاکرێ وە جوولەکە گوندنشینەکانیش بۆماوەی چەندین نەوە لەوێدا دەژیان، بەڵام لەکۆتاییدا بڕیاریاندا بەرەو ئاکرێ کۆچ بکەن پێش چەند ساڵێك بەر لەکۆچە گەورەکە بەرەو ئیسرائیل. لەساڵی ١٩٥٠، لیڤی یەتزاکی خەزنەداری گارزەنجیل، بەرەو بەغدا گەشتی کرد وە چاوی بە حاخام باشی کەوت بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە کۆچی هاوڵاتیەکانی بەرەو ئیسرائیل. لەو کاتەی گەڕایەوە داوای لە سەدو دە هاوڵاتی جوولەکەی ئەندانی کۆمەلەکەی کرد کە خۆیان بۆ کۆچکردن ئامادە بکەن. جووەکان دەستیان بە فرۆشتنی شتمەکەکانیان کرد، بەڵام عبدالله ئاغای سەرۆك خێڵی ناوچەکە، پیاوەکانی خۆی ناردن بۆئەوەی چەکی جوولەکەکان وەربگرنەوە. ئەوان نەیانهێشت جوولەکەکان کەلوپەلەکانی خۆیان بفرۆشن‌و گوندەکە جێ بهێڵن. سەرۆکی کۆمەڵگای جوولەکەکان ئەم حالەتە زۆر بە مەترسیدا وەسف کردو داوای لە عبدالله ئاغا کرد کە کاتێك دیاری بکات بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵیان، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە لە گەڵیان دابنیشێت.

لە شەشی نیسانی ساڵی ١٩٥٠ وە لەماوەی شەش هەفتەدا، ئۆپەراسیۆنی ئیزرا و نەحیمیا خەریك بوو دەستی پێدەکرد. ئەم ئۆپەراسیۆنە سەدو بیست هەزار جوولەکەی لەخۆ دەگرت کە لەعێراقەوە دەگوازرانەوە بۆ ئیسرائیل

لەماوەی تەنها یەك ساڵدا. لەڕێگای کەسێکی ناجوولەکەی دڵسۆزەوە، نامەیەکیان بۆ حاخام باشی موصل نارد. کە تیایدا حاخام سۆلۆمۆن وتبووی:

" ئێمە وەك کۆمەلە خەڵکی گارزانجیل ئێستا لە مەترسیداین، چونکە حاکمی ناوچەکە (عبدالله ئاغا) چەکەکانی ئێمەی دەست بەسەردا گرتووە. ئەو ناهێڵێت ئێمە شتمەکو خانوو و کێڵگەکان بفرۆشین، وە هەروەها ناهێڵێت گوندەکە جێ بهێڵین.... ئەو کەسانەی بەلای ئێمەدا دێن ڕێگایان پێنادرێت سەردانمان بکەن... وە ئامادەش نیە چاوی پێمان بکەوێت. زۆر سوپاستان دەکەین ئەگەر دەست بخزێننە ناو ئەم کێشەیە".

حاخام سۆلۆمۆن لەلای سەرۆکی پۆلیس سکاڵای تۆمار کرد. ئەفسەری پۆلیس لە هەردوو سکاڵاکەرەکەو عبدالله ئاغای پرسی. لە ئەنجامدا، ئەوان گەیشتنە ڕێککەوتننامەیەکی حەوت خاڵی کە بووە هۆی ڕوونکردنەوەی مەسەلەی مانەوەی جوولەکە گوندنشینەکان لە کۆمەڵگا کوردیو کۆچ کردنەکەیان، حەوت بڕگەکەش ئەمانەی خوارەوە بوون:

١. عبدالله ئاغا سەرجەم جووەکان دەپارێزێت تاوەکو دەچنە شاری موصل.

٢. ئاغاکە لە سەدا دەی سەرانەی ئەو پارەیە وەردەگرێت کە جووەکان کەلوپەلەکانیان پێ دەفرۆشن.

٣. جووەکان رێگایان پێ دەدرێت هەموو کەلوپەلەکانیان بفرۆشن.

٤. حکوومەت دەست بەسەر سەرجەم خانووی جووەکاندا دەگرێت.

٥. ئاغا دەست بەسەر هەموو کێڵگەکانی جووەکاندا دەگرێت.

٦. جووەکان لەڕێگای ئاغاوە دەبێت تەواوی قەرزەکانیان بدەنەوە.

٧. ئاغا ئەو قەرزەی کە لەلای موسوڵمانانە کۆدەکاتەوە و دەیداتەوە بە جوولەکەکان.

ڕێککەوتنەکە لەلایەن عبدالله ئاغاوە ئیمزا کرا کە بەرپرس بوو لە پاراستنی جووەکان تاوەکو چونیان بۆ موصل. دوای دوو مانگ، جووەکانی گارزانجیل ئامادەبوون کە بەرەو موصل بەڕێ بکەون. یەکێك لە سەرکردەکانی کۆمەڵەی جووەکان پێنج ئۆتۆمبیلی گەورەی بەکرێ گرت، وە پۆلیسیش هاوڕێیەتیان کردن تاوەکو گەیشتنە موصل. لەماوەی چەند مانگێکدا هەموو خێزانە جووەکانی گارزانجیل لە بەغداوە بەرەو فرۆکەخانەی لۆد لە ئیسرائیل فڕین. ئەم بەسەرهاتە گرنگیەکی تایبەتی هەیە، هەروەك دەریدەخات کە چۆن خەڵکی گوندنشین پێویستیان بە هاوکاری سەرکردایەتی جوولەکەو سەرۆکایەتی پۆلیس لەموصل هەبووە، سەرەڕای ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە جووەکان پێویستیان بە هاوکاری دەسەڵاتدارانی خێڵەکی هەبوو بۆ ئەوەی ناوچەکانیان جێبهێڵن.

جوولەکە گوندنشینەکان پشتیان بە ئاغاکانیان دەبەست وە دەبوایە داوای روخسەت لە ئاغاکانیان بکەن لەکاتی کۆچکردنیان بۆ شوێنێکی تر. بەواتایەکی تر، دەبوایە جووەکان ڕازی بوونی ئاغاکانیان دەستەبەر کردبوایە بۆ دوایین کۆچکردنیان کە بریتی بوو لە گەڕانەوە بۆ ماڵی هەمیشەیی. هەر لەبەر ئەمەشە جوولەکە گوندنشینەکان قۆناغ بە قۆناغ، سەرەتا دەچوونە نزیکترین ناوەندی شار کە کۆمەڵگایەکی دامەزراوەیی جوولەکەی تیادا بوو. لە کۆمەڵگا جوولەکە گەورەکاندا، سەرکردەو چالاکوانی وای تیادا بوو کە چاودێری هەموو پرۆسەکەی دەکردو سەرجەم پێداویستیەکانی دابین دەکرد بۆ خۆئامادەکردنی کۆچکردنەکە. هۆکاری ئابووری یەکێك بوو لە هەرە سەرەکیترین ئەو پاڵنەرانەی وای لە جوولەکە گوندنشینەکان کرد کۆچ بکەن. میخایل میخاییلی بەهۆی بارقورسی ئابوورییەوە دوو جار کۆچی کرد. ئەو لە شاری ئاکرێدا لە دایك بوو وە کاتێك کە گەنج بوو، بەرەبەری ساڵی ١٩٢٠، خێزانەکەی بەرەو گوندی سیسناوە کۆچیان کرد، کە چەند کاتژمێرێکی کەم لەئاکرێ وە دوور بوو.

سیسناوه لەژێر ناوچەی فەرمانڕەوایی شێخ تۆفیق سورچی کوڕی شێخ عبیداللەی بجیلدا بوو. کێشەی ئابووری کە بووە هۆی ئاسانکردنی کۆچی خێزانی میخایل، ڕەنگە پەیوەندی بە کاریگەرییەکانی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە هەبووبێت، بارقورسییەکی توندی ئابووری بەدوای خۆیدا هێنا. میخایلی ئەوەی ڕوون کردەوە کە کوللە تەواوی دانەوێڵەی لە بەین برد. ئەو سەردانی شێخ تۆفیقی کرد و پێی وت:

"منداڵەکانم برسین، هیچ خۆراکێکم نیە پێیان بدەم. بۆ ئەوەی کۆچ بکەم، دەبوایە پرس بەو بکەم. من جوولەکەی ئەو بووم وە پێویستم بە رازی بوونی ئەو هەبوو. داوام لە شێخ تۆفیق کرد کە یان بژێوی ژیانم بۆ دابین بکات یاخود ڕێگام پێبدات بچمە سەر ڕێگای خۆم. وتی: گوێ بگرە، من سەرپەرشتی شەست تا حەفتا خێزان دەکەم، ئەگەر یارمەتیت بدەم لە دابین کردنی بژێوی ژیانت، دەبێت یارمەتی خێزانە موسوڵمانەکانیش بدەم".

بەبێ ڕەزامەندی ئاغا، هاوڵاتیە جوولەکەکان نەیاندەتوانی کۆچ بکەن. لە دەورووبەری ساڵانی ١٩٣٨-١٩٣٩، میخایل میخاییلی ڕابەرایەتی بیستو سێ ئەندامی خێزانەکەی دەکرد لە سیسناوەوە بەرەو زینوەی نزیك سنووری عێراق-ئێران[١٦٢]. لەو گوندەوە بەتەنیا بەردەوام بوو تاوەکو سنووری کوردستانی ئێرانی بڕی. لە گوندی سوفیان چاوی کەوت بە مام حسێن، کە ئاغا و ڕابەری ئایینی ناوچەکە بوو. میخایل هاوڕێیەکی کوردی هەبوو بەناوی کەتزیل کە لە عێراقەوە بۆ ئێران هەڵاتبوو، بەهۆی کێشەیەکی خێڵەکیو لە سنووری سوفیاندا نیشتەجێ بوو. کەتزیل، میخاییلی بردە دیوانخانەی مام حسێنی

١٦٢ زینوە: گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی باڵەکایەتی لەنزیك گوندی ئاڵانە، چەند کیلۆمەترێکی کەم لە قەزای چۆمانەوە دوورە. (وەرگێڕ)

ئاغای ناوچەکە. هەر کە چاوی پێکەوت، یەکسەر جلوبەرگی شالوشەپکی بەدیاری بۆ مام حسێن ئامادە کردبوو. بەپێی دابونەریتەکانی ناوچەکە، کاتێك کە میوانێکی تازە دەگەیشتە دیوانی ئاغا، ڕێگای پێنەدەدرا دابنیشێت تاوەکو ئاغا روخسەتی پێدەدا.

" کەتزیل لەلایەن ئاغاوە داوای لێکرا کە دابنیشێت. مام حسێن لێی پرسی: ئەو پیاوە کێیە؟ کەتزیل وتی: ئەو جوولەکەیە دەیەوێت لێرە نیشتەجێ بێت. جلوبەرگەکەی پێداو وتی: ئەمە دیاری منە بۆ باپیر ئاغای کوڕە گەورەکەت. منیش (میخایل) دواتر بانگهێشتی دیوانخانەکە کرام. ئاغا لێی پرسیم: پیشەت چیە؟ پێم وت: شالوشەپك دروست دەکەم. ئەو زۆر خۆشحاڵ بوو و وتی: ئەگەر ئەمە کارت بێت، لێرە قازانجێکی چاك دەکەیت. کەتزیل بە ئاغای وت: ئەگەر بتەوێت لێرە نیشتەجێ بێت، دەبێت کەلوپەل‌و خێزانەکەی لە زینوەوە بهێنێتە ئێرە. ئاغا لێی پرسیم: دەتوانی چ کارێکی تریش ئەنجام بدەی. پێم وت کە من جوتیارم، دەتوانم توتن‌و برنج بچێنم. کەتزیل ڕێنموونی کردبووم کە چی‌و چۆن بدوێم بۆئەوەی ئاغا پەسەندم بکات".

میخاییلی لە دەورووبەری مانگی تشرینی دووەم سەردانی مام حسێنی کردبوو، ماوەیەکی کەم پێش وەرزی زستان کە زۆربەی هەرە زۆر خاکی کوردستان بە بەفروباران دادەپۆشێت. لە مانگی کانوونی یەکەم بەدواوە مەحاڵ بوو بتوانی بەڕێگادا گەشت بکەی. ڕێگا لە زینوەوە بۆ سوفیان هەشت کاتژمێر بوو. مام حسێن دەبوایە پێش ئەوەی وەرزی زستان دەست پێبکات ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ هێنانی خێزانی میخایل. مام حسێن درکی بەوە کردبوو کە هەژدە لە ئەندامانی خێزانی میخاییلی لەو دیو سنوور چاوەڕوانی ئەو دەکەن. ئەو پێی وابوو زۆر قورس دەبێت کە بتوانێت جێ‌و ڕێ بۆ میخایل دابین بکات، چونکە زستان نزیك دەبووەوە و هەموو باڵەخانەکان گیرابوون. نیشتەجێ بوونی ئەو

لەسوفیان پێویستی بەوە دەکرد مام حسێن فەرمانی دروستکردنی خانوویەکی تایبەت بۆ ئەو بدات. مام حسێن بانگی بازرگانێکی دەوڵەمەندی بەناوی ئەحمەد کرد کە بۆ کاروباری بازرگانی نێوان عێراقو ئێران گەشتی دەکرد.

"ئەو هاتو لەپێش دەرگادا وەستا. هەتا پیاوە دەوڵەمەندەکانیش روخسەتی هاتنە ژوورەوەیان نەبوو تاوەکو لەلایەن ئاغاوە ڕگای پێنەدرابوایە کە بێنە ژوورەوە. ئاغای پێی وت: دەبێت بەیانی بڕۆیتو خێزانی ئەم جوولەکەیە بهێنیتە ئێرە. ئەحمەد پێی وت: ئەگەر ئەو بەیانییە پێت وتبومایە، دەمتوانی پێنج وشتر بەبارەگەنمەوە ئامادە بکەمو بڕۆم بۆ زینوە و لە رێگای گەڕانەوەشمدا خێزانی جوولەکەکەم لەگەڵ خۆم دەهێنایەوە. ئاغا پێی وت: ئەمە کێشەی من نیە، دەبێت بیانهێنیت".

مام حسێن فەرمانی بە ئەحمەد کرد بچێتە زینوە و خێزانی میخایلی بهێنێتە گوندی سوفیان لە کوردستانی ئێران. بازرگانەکەو هاوکارەکەی بەیانی زوو بارێکی گەنمیان بارکرد و لەگەڵ میخایلی بەڕێ کەوتن. تەواوی ڕۆژەکە بەپێ ڕێیان کردو شەوێك لە زەرگەتانی نزیك شنۆ و نەغەدە مانەوە، بۆ بەیانی دواتر گەیشتنە زینوە. پاش ئەوەی کە گەنمەکەیان فرۆشت، هاوسەر و مناڵەکانی میخاییل یان هەڵگرتو لەگەل کەلوپەلەکانیان سواری وشتریان کردن. میخاییلیو کوڕەکەی لەکاتژمێر دەی بەیانییەوە تاوەکو بەرەبەیانی ڕۆژی پاشتر، بەبێ وەستان بەپێ ڕێیان گرتە بەر تاوەکو گەیشتنە سوفیان.

چەند ساڵێکی کەم میخایلی لەسوفیاندا ژیا، بەڵام مردنی دایكو خوشکی ژنەکەی بووە هۆی ئەوەی کۆچ بکاتە شنۆ، شنۆ شارۆچکەیەك بوو کە کۆمەڵێك جوولەکەی تیادا دەژیان کە کاروباری ئایینیو هەندێ خزمەتگوزاری تری جووەکانی تیادا پێشکەش دەکرا، لەهەمانکاتدا پێویستی بەم جۆرە خزمەتکاریە بوو، هەر بۆیە بەرەو ئەو شارە کۆچی کرد. لە شنۆدا، میخاییلی

خۆی لە هێڵی پێشەوەی ململانێکانی نێوان بارزانیو سوپای فارسەکاندا بینیەوە. شایان باسە تاوەکو شەڕ لەم شارەدا دەستی پێنەکرد، جوولەکەکانیش کۆچیان نەکرد لەو شارەدا. دەکرێت ئەوان هەستیان بە ناسەلامەتی خۆیان بە ڕوودانی ئەو شەڕە کردبێت وەك لە پێشوودا ئەزموونی ململانێی خێلەکییان دیبوو. لەو جەنگەی کە لە شنۆدا ڕوویدا، جووەکان بە خۆشحالیەوە یارمەتی جەنگاوەرە بارزانیەکانیان دا، وە لەهەمانکاتدا ئەوان ئامانجی سوپای ئێرانی نەبوون. لە شنۆدا، میخاییلی بەردەوام بوو لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ سەرکردەی کورد مەلا موستەفا بارزانی، وە بۆ ئەو جلوبەرگی شال و شەپکی دەدرو وە هەندێك هاوکاریشی کرد.

چەندین کرداری کۆچکردن لە ناوچە گوندنشینەکانەوە بەهۆی کێشە خێڵەکیەکانەوە ئەنجام دراون. هەندێك بەڵگە لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە کە راهیب شموعیل بارزانی لە بارزان رای کرد، دوای ئەوەی ئاگریان لە گوندەکە بەردا، رەنگە هۆکارەکەش یەك دەنگ نەبوونی شێخەکانی ناوچەکە بووبێت.

ئاساییشی جووەکان بەپیاوانی خێڵ سپێردرابوو، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کە ململانێو ئاژاوە خێڵەکیەکان مەترسی بوو بۆسەر ئاساییشی جووەکان. لە ڕاستیدا تەنها جوولەکە گوندنشینەکان نا، بەڵکو شارنشینەکانیش ناچار دەکران لەکاتی شەڕو ئاژاوەدا کۆچ بکەن. لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، بەلایەنی کەم پانزە خێزانی جوولەکە لە باشووری خۆرهەڵاتی تورکیاوە تەنها لەشاری زاخۆدا نیشتەجێ بوون، ئەمەش بەهۆی کۆمەلکوژیەکەی ئەرمەنیەکانو پێکدادانی نێوان ئاشووریو تورکەکان کە لەئەنجامدا هەردووکیان زیانی زۆر

قورسیان نایەوە[١٦٣]. یەکێك لەو کۆچبەرانە ناوی موشی مهاجر بوو کە لە ناوچەی بەشقەلە هاتبوو وە لەو کاتەوە نازناوی مهاجری بەدواوە نووساوە. لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، کۆمەڵگای جووەکانی ئامێدی بۆماوەی مانگێك هەموو ژنو منداڵەکانی ناردە گوندی سپیندارێ، ئەوەش بەهۆی چالاکی یاخیگەریو بارگرژی کوردە خێڵەکیەکانی ئامێدیو دەسەڵاتدارانی بەریتانی. چەندین خێزانی جوولەکە لە گوندی ڕەباتکێدا دەژیان، کە لەژێر چاودێری شێخ محمد ڕەباتکێدا بوو. جووەکانی ئەو گوندە بەسەلامەتی دەژیانو ئەمەش بەهۆی شێخ محمدەوە بوو کە بەرگری لە مافەکانیان دەکرد، بەڵام:

" دوای مردنی لەساڵی ١٩٤٥ بارودۆخەکە خەراپ وەرگەڕا... شێخ محمد چیتر لە ژیاندا نەمابوو بەرگری لەجووەکان بکات. کوڕەکەی بەهۆی کوشتنی کەسێك لە شەڕێکی خێلەکیدا، ڕایکردبوو.... نەماندەتوانی چیتر بەرگەی ئێشو ئازار بگرین. هەموو ڕۆژێك هێرشو کارە هەواڵگریەکانی سوپا ئەنجام دەدرا... هەتاوەکو زۆرمان ئازار چەشتو بڕیارماندا کۆچ بکەین".

رەباتکێ، ئەو شوێنەی کە پێشتر بۆ جووەکان بەهۆی شێخ محمدەوە سەلامەت بوو، بووە مەیدانی شەڕوشۆڕە خێڵەکیەکانو ئیتر ژیان لەوێدا مەترسیدا بوو. ململانێ خێڵەکیەکان خوێناویتر بوونو ئاساییشی تاکەکەسی جووەکان کەم بووەوە. خێزانێکی جوولەکە کە لەساڵی ١٩٣١ەوە لەوێ دەژیا، ناچار بوو بەرەو ساندور کۆچ بکات.

---

١٦٣ کۆمەلکوژی ئەرمەنەکان: ئەم کۆمەلکوژیە لەساڵی ١٩١٥دا لەلایەن تورکە عوسمانیەکانەوە ئەنجامدرا. بەپێی ڕاپۆرتەکان، ئەم کۆمەڵکوژیە کوردەکانیش تیایدا بەژدار بوو وە لەبەرامبەردا بەڵێنی ئەوەیان پێدرا کە کورد مافەکیانیان دەست دەخەن، ئەگەر ئەم کارە بکەن، بەڵام وەك تەواوی مێژوو، لێرەشدا کورد بووەتە قوربانی دەستی بەڵێنە درۆینەکانی دوژمنان. (وەرگێڕ)

گوندی خەلکا لە ڕێکان، لەژێر ناوچەی دەسەڵاتداری کەلهیٚ ڕێکان ناوبانگێکی خەراپی هەبوو لە کێشە خێڵەکیەکان.[١٦٤] بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی سەربازی بەریتانی، کەلهیٚ ڕێکان:

"ئاغای بەناوباگی ڕێکان‌و ئامۆزای وەهاب ئاغا بوو، کە ئەمەی دواییان لەلایەن سوتۆ ئاغای ئۆرەماریەوە لە تشرینی یەکەمی ١٩١٩دا کوژرا. دواتر لەگەڵ سەرۆکی ئاغاکانی مزووری باڵا بوو بە مشتومڕییان، بەڵێنی کچێکی بە خەلیل خۆشەوی دابوو کە داڵدەی دابوو، پاشان کچەکەی لە ئاغایەکی ڕێکانی مارە کرد، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی جەنگ لەنێوان ڕێکان‌و مزوری باڵا. پاشان هێزێکی خێڵەکی دروست بۆ یارمەتیدانی قایمەقامی ئامێدی لە شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٢٢دا و چەندین گوندی ناوچەی مزووری باڵای خاپوور کرد".

کاتێك کەلهیٚ ڕێکانی کوژرا، هاڤیۆ ڕێکانی کوڕی شوێنی گرتەوە. حایم بارزانی لە دەورووبەری کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لە گوندی خەلکا لەدایك بوو. کاتێك هێشتا ئەو منالٚ بوو، خێزانەکەی بەرەو گوندی ئاوکاوا ڕۆیشتوون لەناوچەی زێبار کە ناوچەی دەسەڵاتداری قادر ئاغای زێباری بوو. لەدوای حەوت ساڵ، بەهۆی جەنگی خێڵەکی لە زێبار خێزانەکەی گەڕانەوە بەرەو ڕێکان. پاشان کۆچیان کردە بامەڕنیٚ کە لەژێر ناوچەی دەسەڵاتداری شێخ بهاالدین بامەڕنی بوو. ئەوان لە بامەڕنیٚ بەرەو خاکی ئیسرائیل لەساڵی ١٩٢٧ کۆچیان کرد. بەکورتی، لەماوەی سی ساڵدا، چوار جار خێزانەکی لەنێوان گوندەکانی کوردستاندا کۆچان کرد. بەهەمان شێوە، سەرجەم جووەکانی شندۆخ بەهۆی کێشە خێڵەکانیانەوە لەم گوندەدا باریان کرد. بەپێی

---

١٦٤ هەردوو براکەی کە ناویان تەتۆ و تەمۆ لە کێشە خێلەکیەکان‌و ئاژاوە نانەوە بەناویانگ بوون، وە هەردووکیان لەلایەن سوتۆ ئاغاوە کوژران.

ڕاپۆرتەکان، جووەکانیساندور و بێتەنور لە شندۆخدا نیشتەجێ بوون وە بەبێ کێشە لەوێدا دەژیان تاوەکو ئەو کاتەی کە شافار ئاغای تیرۆریست، گەورەی گوندەکەی لە شندۆخ دەرکرد[165]. شافار ئاغا هاتە ناو گوندو کاولی کرد، لەوکاتەی ئابانۆ ئاغا بەرەو شاری دهۆك رایکرد. گوندەکە خاپوورکرا و جووەکانیش بەهۆی توندووتیژیە هۆزەکیو جەنگەوە لە شندۆخ کۆچیانکرد. پاش کێشەکە، جوولەکەیەك بۆماوەی دوو ساڵ لەو گوندەدا مایەوە، چونکە رەزێکی هەبوو وە نەیدەویست بەئاسانی رادەستی ئەوانی بکات، هەرچەندە دایکی بەبەردەوامی هانی دەدا بۆئەوەی لەو گوندە دەرچن. لە کۆتاییدا، بەرەو دهۆك کۆچیان کرد، رەزەکەیان لەوێ بەجێهێشت بەبێ ئەوەی بیفرۆشێت.

**کووشتنی جوولەکەکان لە ناوچە خێلەکیەکان: بەدەنگەوە هاتنی خێڵەکی:**

کوشتنی ئەندامی خێڵێك ناخۆشترین تراژیدیا بوو بەسەر جوولەکە گوندنشینەکاندا دەهات. ئەگەر جوولەکەیەکی لادێیی کوژرابوایە، بەدڵنیاییەوە دەبووە هۆی ئەوەی خێزانی قوربانیەکە لەو گوندە باربکەنو بەدوای شوێنێکی ئارامتر بگەڕێن. سەبارەت بەم پرسە دەبێت ئاماژە بە چوار خاڵی گرنگ بدرێت:

١. ئەو بارودۆخە تایبەتیەی کە کاری کوشتنەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت.

---

١٦٥ لێرەدا من لە مەبەستی نووسەر تێنەگەیشتم کە ئاخۆ مەبەستی چیە لە بەکارهێنانی زاراوە تیرۆریست. تیرۆریست لەم سەردەمەدا بەواتای ئەو کەسە دێت کە کاری خۆکوژی و تەقاندنەوە ئەنجام دەدات، بەڵام بەمانا فراوانەکەی بە واتای تۆقاندن دێت. جا بۆیە نازانم نووسەر مەبەستی کامیانە ! چونکە واتای یەکەم لەم دواییانەدا بەکارهێنراوە. (وەرگێڕ)

٢. نەبوونی هیچ وەلامێکی جدی یاخود دەستوەردانی پۆلیس لە مەسەلەکەدا.

٣. نەرمی نواندنی هۆز و سیستەمی دادوەری بەرامبەر بە بکوژەکە.

٤. کۆچکردنی جووەکان بەهۆی کوشتنی ئەندامی خێزانێك.

### ١. کافر کوشتن: کوشتنی نامسولمانان

کوشتنی جوولەکەیەك بۆ ئابڕوی ئاغا ڕیسواییەکی گەورە بوو، بەڵام دەتوانرا کێشەکە لەلایەن ئاغاوە چارەسەر بکرێت. هەروەك یەکێك لەو کەسانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە بەئاشکرایی وتی: کوشتنی جولەکەیەك وەك کوشتنی ئاژەڵ وابوو، بەواتایەکی تر تەنها ئاغاکە لەڕووی ماددیەوە ئازار بە پێگەکەی دەگەیشت. ئەمە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە کوشتنی جوولەکەی ئاغایەك کێشەیەك بوو دەتوانرا چارەسەر بکرێت. لە کۆمەڵگای خێڵەکی کوردیدا، کوشتنی جوولەکەیەك بە تاوانێکی نزمتر سەیر دەکرا بەبەراورد لەگەل کوشتنی کوردێك. والاس لیۆن ئەفسەرێکی سیاسی بەریتانی بوو لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، چاوی کەوت بە عبدالقادر بەگ میرانی، ڕابەری کلدانیەکانی شەقڵاوە. ئەو ئاماژەی بەوە داوە عبدالقادر بەگ شەیدای خزمەتکارەکانیەتیو دەیزانی کە مەسیحیەکان وەك ئێسترێکی باش بەهادارن بۆ ئەو. لە گفتوگۆکردن سەبارەت بەکوشتنی جوولەکەو مەسیحەکان لەلایەن موسولمانانەوە، زۆر گرنگە باس لەو بەسەرهاتو نموونانەی خوارەوە بکرێت. ڕۆجەر کەمبەرلاند هاوڵاتیەی بەڕەگەز ئەمریکی بوو لەشاری شیکاگۆدا دەژیا، وە بۆ کارێکی دیاریکراو سەردانی کوردستانی کردبوو.

لەساڵی ١٩٢٣ گەیشتە شاری موصلو پاشان بۆ لێکۆلینەوەکەی بەرەو کوردستان گەشتی کرد. ئەو فێری زمانی کوردی بوو و شارەزاییەکی باشی

سەبارەت بە کورد دەست کەوت (بەتایبەتی کوردەکانی باکووری موصل هەتاوەکو زاخۆ و ئامێدی). لە کۆتاییدا لە شاری دهۆك نیشتەجێ بوو و تیادا لەناو دانیشتوانی دەورووبەری ناوچەکە ناوبانگێکی باشی بۆخۆی پەیدا کرد. ساسۆن ناحوم ئەوی دەناسیو جاروبار سەردانی دەکرد. ئەو سەبارەت بە کەمبەرلاند، کە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم لەدهۆك نیشتەجێ بوو، بۆمان دوا و وتی: خانوویەکی بنیادنا کە هەموو کەسێك دەیتوانی سەردانی بکات. لەساڵی ١٩٣٠دا کانیەکی ئاوی کڕیو بەهێڵی بۆڕی ئاوی بەسەر دانیشتوانی دهۆکدا دابەش دەکرد. بەهۆی ئەو کارە چاکانەی کە ئەنجامی دەدا، ماڵەکەی بووە جێگای کۆبوونەوەکان بەتایبەتی کۆبونەوەی موسوڵمانان. کار گەیشتە رادەیەك کە خەڵکەکە داوای قەرزیان لێ دەکرد. کەمبەرلاند بەوانەی کە شتیان لێوەردەگرت دەووت: (بەگوێرەی وتەکانی ساسۆن ناحوم) نەمن لێت وەردەگرمەوەو نەتۆش بە منی بدەوە[١٦٦]. کاتێك لە شەودا خەڵك لە ماڵی کۆدەبوونەوە، بەزمانی کرمانجی بۆ گوێگرەکان ئنجیلی دەخوێندەوە. کەمبەرلاند باسی خۆشەویستی دوولایەنەی نێوان هەموو ئایینەکانی دەکرد. ساسۆن بەپێکەنینەوە وتی: پاشان ئەو کڕنۆشی دەبرد و هەموویان لەدوای ئەو کڕنۆشیان دەبرد.

نوری حەداد معاونی شاری دهۆك بوو، براکەشی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی کوڕان بوو، هاوسەرەکەشی بەڕێوەبەری خوێندنگای کچان بوو. بەپێی ڕاپۆرتەکان، ئەوان قوتابی ئایینی کەمبەرلاند بوون. بەپێی سەرچاوەی پەرتوکێك کە باس لە ژیانی گەڕیدە ئایینیەکانی مەسیحی دەکات ناوی ئەو

---

١٦٦ ئەم رەوشتە وەك یەکێك لە بەشەکانی ئینجیل بەرچاو دەکەوێت، ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێت وای وتوە. (مەتیٚ) بەشی دەیەم، ئایەتی هەشتەم.

کەسەی کە لەلایەن کەمبەرلاندەوە پاك کراوەتەوە، عبدول عبدول بوو[167].
بەهۆی ئەو ڕەفتارەیەوە موسولمانان فەرمانیان بە هاوسەرەکەیدا خۆی تەلاق بدات، چونکە پیاوەکەی چیتر موسولمان نیە[168]. قوتابیەکان وتویانە کە بەڕێوەبەرەکەیان زۆر شتی سەبارەت بە حەزرەتی مەسیح فێر کردوون، کە کوڕی خودا بووە و مردووی زیندوو کردۆتەوە و پەرجووی ئەنجام داوە[169].
کاتێك دایكو باوکی قوتابیەکان درکیان بەوە کرد، رقیان لە کەمبەرلاند هەڵسا. ژیاننامەی کەمبەرلاند ئەوەمان پیشان دەدات کە سەرکەوتنەکەی کەوتە مەترسییەوەو کارەکەی لەلایەن خەڵکەوە بەرپەرچدراوەتەو خەڵکی ئەو شارەی

---

١٦٧ لە ئایینی مەسیحیەتدا، ئەگەر کەسێك تازە هاتبێتە ناو ئایینەکەوە، قەشەکان لە ڕێوڕەسمێکدا لە ئاوی هەڵدەکێشن، بەو واتایەی لە گوناحو تاوان پاك بۆتەوەو ئەم کارەش پێی دەوترێت (تەعقیم). (وەرگێڕ)

١٦٨ لە ئایینی ئیسلامدا، هاوسەرگیری لەنێوان موسولمانو ناموسولماندا ڕێگا پێنەدراوە، مەگەر ناموسولمانەکە بێتە سەر دینی ئیسلام. (وەرگێڕ)

١٦٩ وەك وەرگێڕ، من بۆ پاراستنی رەوشتی وەرگێڕان، هەر ئەوە وەردەگێڕم کە نووسەر هەڵساوە بە نووسینی، ئەگەرنا ئێمە وەکو موسولمان، باوەڕمان بەوە هەیە حەزرەتی عیسا (د.خ) یەکێك بووە لە پێغەمبەرە گەورەکانی خودا، وە توانیویەتی مردوو زیندوو بکاتەوە و پەرجوو ئەنجام بدات بە ئیزنی خودا، بەڵام لە ئایینی ئیسلاندا کوڕییەتی خودا کە بە حەزرەتی عیساوە لکێنراوە لەلایەن مەسیحیەکانەوە، بە هەموو شێوەیەك ڕەتکراوەتەوە. بێجگە لەمەش، لە قورئاندا زۆر بە تەسەلی باسی حەزرەتی عیسا کراوە، تەنانەت ناوی ئەو پێغەبەرە بیستو پێنج جار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، لە کاتێکدا کە ناوی پێغەمبەری ئیسلام تەنها پێنج جار هاتووە. (وەرگێڕ)

تورە کردووە. بەپێی وتەکانی ساسۆن ناحوم، سەعید ئاغای مزوری، سەلیمێ مستێی کوڕی ناردووە بۆ کوشتنی کەمبەرلاند.

بەپێی ووتەکانی ئەندامانی خێزانی کەمبەرلاند، کەمبەرلاند ئەو بکوژەی باش دەناسی وە دەیزانی کە سەلیمێ مستێی کوڕی سەعید ئاغای مزووری ئەوی ئەوی کوشتووە. سەلیم لەگەڵ خزمەتکارەکەی چووە سەردانیکردنی کەمبەرلاند، وە زۆر بەڕێزەوە پێشوازییان لێکرا، پاشان سەلیم گوللەیەکی لێدا و بەسەختی بریندار کرد. خزمەتکارەکەی کەمبەرلاند لێی پرسی: بۆچی وات کرد ئاغا؟ گوولەیەکی لەویش دا. خزمەتکارەکەی لەناو ئەو فڕۆکە بەریتانیەدا مرد کە ئەوانی بۆ شاری موصلێ هەڵگرتبوو، وە پاشان کەمبەرلاند لە نەخۆشخانەدا بەهۆی سەختی برینەکەی کۆچی دوایی کرد. سەلیمێ مستێ رایکرد. بەپێی وتەکانی ساسۆن ناحوم، لە کۆتاییدا سەعید ئاغای مزووری توانی بیگەڕێنێتەوە بۆ گوندەکەی. دوو هۆکار یارمەتی سەعید ئاغایان دا بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە. یەکەم، ئەو لەلای حکومەت رێزێکی تایبەتی هەبوو. دووەم، ئەمە کوشتنی کافرێکی ناموسولمان بوو کە لە کۆمەڵگای کوردیدا بە کافر کوشت ناسرابوو. سەلیمێ مستی هەر زوو پلەوپایەی جارانی گەڕاندەوە، ئەمەش بووە هۆی تووڕە بوونی سەعید ئاغای دۆسکیو دەورووبەری ناوچەکە. سەعید ئاغای دۆسکی پیاوەکانی ناردە گوندی بێسیفکێ بۆ ئەوەی بیکوژێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

### ٢. نەرمی نواندن بەرامبەر بە بکوژی جوولەکەکان.

لە بنەڕەتدا جوولەکە گوندنشینەکان سەربە خێڵ نەبوون، واتە پەیوەندیەکی خوێنییان لەگەڵ ئەندامانی خێڵ نەبوو. بەم هۆیەشەوە ئەوان ناچار نەبوون کە بەیەکەوە یەکتر بپارێزنو بەرگری لەیەکتر بەکەن، هەروەك

ئەو کارە دەبوایە لەلایەن ئەندامانی خێڵەوە ئەنجام بدرێت، بۆیە لەلای ئەندامانی خێڵ ئاسایی بوو کە یەکێك لەو لە هاوخێڵەکانی کوژرابوایە، بەقینەوە کاردانەوەیان هەبێت. بەڵام لەو کاتەی کە جوولەکەیەك دەکوژرا، کاردانەوەکانیان نەرمتر بوو وە بەجدی کێشەکەیان چارەسەر نەدەکرد. بە شێوەیەکی گشتی ئاغاو ئەندامانی خێڵ کەمتر گرنگییان بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەدا کە روبەڕووی جووەکان دەبووەوە، لە کاتێکدا پاراستنی جووەکانی ئەرکی سەرشانیان بوو. زۆر بەکەمی ئاغا بۆ کوشتنی جوولەکەکەی تۆڵەی دەکردەوە.

چەمکی کافر کوشتن، رێگای بۆ نەرمی نواندی ئاغا بەرامبەر کوشتنی جووەکان ئاسانتر دەکرد. سێ هۆکار هەبوون وای کردبوو جووەکان بکوژرێن. ئەم هۆکارانە ئەوەمان پێشان دەدەن کە بکوژی جووەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا چۆن سەیر کراون ئەو نەرمی نواندنە بەرامبەر بەو بکوژانە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە.

١. نەبوونی سزا بوو، هەروەك لە چەندین نموونەدا دەردەکەوێت کاتێك لاشەی قوربانیەکان هەرگیز نەدۆزراوەتەوە. هەر بۆیە قورس بوو کە بتوانرێت ناسنامەی بکوژەکان ئاشکرا بکرێت کە بەهۆی هاوکاری خێلێکی تر خۆیان دەشاردەوە. زۆر بەکەمی دەتوانرا ناسنامەی بکوژەکان بدۆزرێتەوە.

٢. هەروەك لە چەندین نموونەدا دەردەکەوێت، پێدانی پارە لەجیاتی خوێنی قوربانیەکە بۆ ماڵی قوربانیەکە بۆ ئەوەی بکوژە هۆزەکیەکەی پێ رزگار بکەن.

٣. لەو کاتەی جوولەکەیەك لەلایەن ئەندامانی خێڵەکیەوە دەکوژرا، بکوژەکان بۆئەوەی لەسزادان خۆیان رزگار بکەن پەنایان دەبردە بەر چیاکانو بۆماوەیەکی درێژ لەوێ دەمانەوە. بەهۆی یارمەتی هاوهۆزەکانیان دەیانتوانی

له چیاکان خۆیان لەو سزا چاوەڕوانکراوەیە کە بۆیان دیاری کرابوو ڕزگار بکەن تاوەکو ئەو کاتە لەوێ دەمانەوە کە ڕێککەوتنێك لەلایەن هەردوو لاوە ئەنجام دەدرا وە ئەویش دەیتوانی بەبێ ترس لە سزادان، بگەڕێتەوە.

حکومەت دەسەڵاتی تەواوی نەبوو لە جێبەجێ کردنی یاسادا لەو شوێنانەی لەلایەن ئاغاوە بەڕێوە دەبرا کە تیایدا ئاغاکان بەئاشکرا داڵدەی هەڵاتوانی دەدا. بۆ نموونە، لەساڵی ١٩٢٣دا راپۆرتێکی بەریتانی ئاماژەی بە سەید خلیل ئاغای بەرزنجی لەناوچەی کەرکوك داوە کە پیاوێکی دەوڵەمەند بوو وە یەکێك بوو لەو کەسانەی داڵدەی ئەو کەسانەی دەدا کە لەلایەن یاساوە داواکرابوون. بنەماڵەی دانیەل بەڕاشی خەڵکی گوندی بەڕاشی بوون، دوای ئەوەی مامی لەلایەن پیاوێکی خێڵەکییەوە کوژرا، بکوژەکان بەبێ ئەوەی سزا بدرێن توانیان رابکەن. بە گوێرەی وتەکانی بەڕاشی، مامی پیاوێکی قۆز و گۆرانی بێژێکی بەتوانا بوو وە لەشایی کورد و مەسیحیەکان گورانی دەچڕی.

"جاروبار ئافرەتانی مەسیحیو موسوڵمان دەکەوتنە داوی خۆشەویستی ئەوەوە، بەڵام پیاوەکانیان نەیاندەتوانی بیگرن. لەئەنجامی ئەمەشدا پیاوە گەنجە موسولمانەکان بەخیلییان پێ دەبرد. هەندێکیان بۆسەیان بۆ دانا. کاتێك کە ئەو کوژرا لەسەر بان بوو و هاوڕێکەشی بریندار کرا. ئەم ڕووداوە نزیکەی نەوەد ساڵ پێش ڕوویدا(لە دەورووبەری کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا)".

بە پێی ڕاپۆرتەکان، ژمارەیەکی زۆر لە ئاغاکان دەستیان لەو کوشتنەدا هەبووە[١٧٠]. دانیەل بەڕاشی وتی: ئەگەر هاریکاری ئاغاکان نەبوایە لەو مەسەلەیەدا، هەرگیز نەدەکرا ئەو کارە ئەنجام بدرێت. سەبارەت بە

---

١٧٠ دانیەل بەڕاشی یەکێکیانی تاوانبار کردووە، ئەویش حسێن ئاغای باوکی عبدالرحمان ئاغا و محمد ئاغا.

سزادانەکەش، هیچیان لە بکوژەکە نەکرد وە توانی بەرەو چیاکان رابکات. جاروباریش لە شەواندا دەگەڕایەوە ماڵ. بەهۆی ئەم کوشتنەوە بنەماڵەی قوربانیەکە بڕیاریاندا بەڕاشی جێ بهێڵنو بەرەو ئاکرێ کۆچ بکەن. حکومەتیش شوێن بکوژەکە نەکەوت بۆئەوەی پەلکێشی بەردەم دادگای بکاتو هیچ جۆرە سزایەکی خێڵەکیشی بەسەردا نەسەپێنرا.

کاتێك هاوڵاتیانی جوولەکەی خێڵ دەکوژرانو ناسنامەی بکوژەکانیش دیار بوایە، ئاغا ئەوەی بەچاك دەزانی قەرەبووی خوێنی قوربانیەکە بەپارە لەو کەسە بکەنەوە کە کوشتنەکەی ئەنجامداوە. لەلایەکی ترەوە ئەگەر کوردێك کوژرابوایە، خێزانی قوربانیەکەو ئەندامانی هۆزەکە ناچار بوون تۆڵەی خوێنەکەی بکەنەوە وە ئاغاش دەبووایە ملکەچی ئەو بڕیارە بێت. بە پێچەوانەی جوولەکە بێ چەکەکان، پیاوانی هۆز چەكو یارمەتی ئاغایان هەبوو ئەگەر بیانویستایە تۆڵە بکەنەوە. کۆمەڵەیەکی بچووکی جووەکان لەکاتی کوشتنی جوولەکەیەك نەیاندەتوانی یارمەتی ئاغا بەدەست بهێننو چەك هەڵگرن لەکاتی بوونی کێشەی لەم جۆرەدا. رەنگە جووەکان لەلایەن ئاغاکانەوە دڵیان درابێتەوە و پرسەیان بۆ دانرابێت، بەڵام ئەمە دەردە دڵی ئەوانی چارەسەر نەدەکرد بۆیە بەخێرایی خێزانی قوربانیەکە بەرەو شوێنێکی سەلامەتتر کۆچیان دەکرد، هەم لەبەر ئەو وەهمو خەیاڵەی کە تێیی کەوتبوون بەهۆی یارمەتی نەدانی ئاغاوە هەمیش لەوە دەترسان ئەم کردارە (کوشتنی جووەکان) دووبارە سەرهەڵبداتەوە.

لە یەکەم دەیەی سەدەی بیستەمدا، یەحوشوای باپیرە گەورەی یەحوشوا ریوبن لەو گوندەی کە لە نێوان گوندی چاڵو ئامێدی بوو کوژرا. ئەم نموونەیەی خوارەوە تەنها ناوەڕۆکی کووشتنەکەمان بۆ باس ناکات، بەڵکو ئاماژە بە پلەوپایەی جووەکان لەناو کۆمەڵگای کوردیش دەدات.

"باوکم دەچووە قادەی ئامێدی بۆ کڕینی خوری بە کۆمەڵ. ئەو خوریەی دەهێنایە گوندی چاڵ بۆئەوەی لەوێ بیچێنێت... هاوڕێیەکی کوردی هەبوو بەناوی مەلا تەمەر، کە خەڵکی سەرگەلی بوو، خوریەکەی لەوێ کۆدەکردەوە.... مەلا تەمەر هەموو شتمەکەکانی کۆدەکردەوەوە باپیریشم دەهاتو دەیبرد وە پاشان پارەکەشی پێدەدا. جارێکیان بۆ هێنانەوەی کەلووپەلەکانی چووە ئەوێ... لەوێ ڕێڕەوێکی هاتووچۆی لێ بوو کە گەشتیاران لەوێ چاویان بەیەك دەکەوت. هەروەها دوو کوردیش لەوێ بوون کە خەڵکی کەلەکچی بوون، پاشان ئەوان ڕێگای خۆیان گرتە بەر. دوو کەسە ناجوولەکەکە لە باپیرمیان پرسی: بۆ کوێ دەڕۆی؟ ئەویش پێی وت: بۆ لای مەلا تەمەر و ئەو پارەیەشی بۆ دەبەم، تەنها دەچم کەلوپەلەکانی لا دەهێنمو دەگەڕێمەوە. ئەوان بە باپیرمیان وت: با بەیەکەوە ڕێگا بگرینە بەر. تۆ بەکام ڕێگادا دەڕۆی؟ باپیرم وتی: بە ڕێگای سەرەوەدا. ئەوان گەیشتنە گوندێکی مەسیحی بەناوی دیرگینی وە بە باپیرمیان ڕاگەیاند کە ئێمە تۆ دەکوژین. باپیرم پێی وتن: ئەگەر پارەتان دەوێت، فەرموو ئەوەتا بیبەنن. ئەوان وتیان: ئێمە هەم تۆ دەکوژینو هەمیش پارەکەت دەبەین... لەوکاتەی کە بکوژەکان گەڕانەوە، کەلەکڤانەکان[١٧١] لێیان پرسی بوو: بۆچی گەڕانەوە؟ ئەوانیش وتیان: چووینە سەرێو لەوێ کارەکەی خۆمان ئەنجامداو ئێستاش دەگەڕێینەوە".

کاتێك باپیری ریوبن بۆماوەی پێنج ڕۆژ دیارنەماو نەگەڕایەوە، تیمێکی چواردە کەسی کە هەموویان جوولەکەی چاڵ بوون بۆ گەڕان بەدوایدا پێك هات. ئەوان گەیشتنە کەلەکڤانەکە وە ناوی ئەو دوو کەسەیان لێوەرگرت کە لەگەڵ

---

١٧١ کەلەکڤان: ئەو کەسەیە کە پیشەی گواستنەوەیدار دەکات بەرێگای ئاودا. لە کۆندا ئەمە پیشەیەکی باو بوو. (وەرگێڕ)

باپیری ریوبن گەشتیان کردبوو، ئەو دوو کەسە ناویان سەیدۆ و عبدالله بوون. کەلەکڤانەکە وتی کە لەڕاستیدا من ئەوانم بینی لەگەڵ ئەودا بەیەکەوە بەڕێکەوتن، پاش دوو کاتژمێر ئەوان گەڕانەوە، بەڵام باوکت نەگەڕایەوە. نزیکەی سەد کەس لەخەلکی گوندەکانی حەلانیو سیکانو زێوان یارمەتی تیمەکەیاندا بۆ گەڕان بەدوایدا. کاتێك تەرمی باپیری یەحوشوا دۆزرایەوە، ئەوان درکیان بەوەکرد کە بکوژەکان ئەویان کووشتوە، بە دەمانچە نا، بە چەقو نا، بەڵکو بە بەرد کووشتبویان. ئەوان ناوی بکوژەکانیان تەسلیمی سەعید ئاغا کرد، کە لەو کاتەدا سەرۆکی ئاغاکانی ناوچەکە بوو. سەعید ئاغا پێی وتن: بڕۆنو هەموو دارمێوەکانی گوندی بێزانور ببڕن[١٧٢]، کە گوندی بکوژەکان بوو. ئەمە نیشانەی شەڕی خێڵەکی بوو. پاشان دوو گوللەیان هێناو لەماڵی صالحی موختاری شوێنەکەیان دانا، کە بەگوێرەی یاسای هۆزەکی ئەمە ئەوە دەگەیان دەبێ بکوژەکان سزا بدرێن. شەڕ لە نێوان سەعید ئاغاو قاهیرۆی ئاغای نێروە، کە رکابەری راستەقینەی بوو، جاڕدرا. لە گفتوگۆی نێوان هەردوو ئاغاکەدا، سەعید ئاغای گەورەی ئاغاکانی گوندی چاڵو قاهیرۆ ئاغا، گەورەی گوندی بێزانور گەیشتە ئەوەی کە سەعید ئاغا داوای تەسلیم کردنی بکوژی جووەکانی کرد. هەردوو بکوژەکە دەوڵەمەند بوون، بۆیە پیاوانی خێڵ وتیان: ئێمە ئەو دوو کەسانە تەسلیم ناکەین. بە گوێرەی یاسای ئێمە، قەرەبووی خوێنەکەی چەند بێت، ئێمە ئامادەین بیدەین. ریوبن وتی:

---

١٧٢ بۆماوەی چەندین ساڵ، ژمارەیەکی زۆر لە خێزانی جوولەکە لەم گوندەدا ژیاون. بەپێی ڕاپۆرتەکان، ئەو جوولەکانە لەژێر دەستی ئاغا کوردەکانی ناوچەکە چەوسێنراونەتەوە.

"سەعید ئاغا خوێنی باپیرمی وەرگرت، بانگی مامو کوڕەکانی کرد. پێی وتن: من حەقی خوێنی باوکی تۆم وەرگرتووە. ئەوانیش پێیان راگەیاند: ئێمە ئەو پارەیەمان ناوێت....جووەکان پیلانی ئەوەیان داڕشتبوو تۆڵەی خۆیان لەو دوو پیاوە بکەنەوەو بیانکوژنەوە. هەرچەندە سەعید ئاغا ئەوانی ئاگادارکردەوەو پێی وتن: ئەگەر ئێوە ئەو دوو کەسە بکوژنەوە، شەڕێکی گەورە بەرپا دەبێتو خەڵکێکی زۆریش دەکوژرێت".

ئەگەر کورد کوژرابوایە، جەنگێکی گەورەی هۆزەکی هەڵدەگیرسا، بەڵام بکوژانی باپیری ریوبن بە سزای خۆیان نەگەیشتن. لەجیاتی ئەمە هەڵسان بەپێدانی قەرەبوو بە سەعید ئاغای پارێزەری جوولەکەکان. لەڕاستیدا ئاغا ئەو پارەیەی بە کوڕەکانی قوربانیەکە دایەوە، بەڵام هەروەك ریوین ئاماژەی پێداوە، ئەوان بە شایستەیان نەدەزانی ئەو پارەیە وەرگرن، چونکە ئەگەر ئەو کارەیان بکردایە، ئەوە مانای ئەوەی دەگەیاند ئەوان لە بکوژەکان خۆش بوونە.

ئەوان بەجیدی دەیانویست بکوژەکان تۆڵەیان لێ بکرێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەو پلەوپایە کۆمەلایەتیەی هەیانبوو، کارێکی لەم جۆرە ئەستەم بوو. هەروەها شایەستەش نەبوو پارەکە لە سەعید ئاغا وەرگرن. لەم سەینو بەینەدا ئاغاش قەرەبوو کرایەوە بەهۆی لەدەستدانی ئەو داهاتەی لەلایەن جوولەکە کوژراوەکەوە وەریدەگرت، ئەویش بەپێدانی دیاریو دانی باجو هەندێ قازانجی تر کە جووەکان لە جیاتی پاراستنیان بە ئاغاکانیان دەبەخشی. سەعید ئاغاو قاهیرۆ ئەو ئاگرەیان کوژاندەوە کە خەریك بوو ببێتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگێکە خێڵەکی نێوان هەردوولا، ئەمەش بەپێدانی بڕێکی پارە بە ئاغای قوربانیەکە. رەوشتو ئاکاری ئەو ئاغایانە لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش بنیادنرابوو، پێیان وابوو خوێنی جوولەکەیەکی خەڵکی چاڵ ئەوەندە ناهێنێ

شەڕێکی خێڵەکی لەپێناودا رووبدات. کاتێك نەتوانرا هیچ رێکارێك لەدژی بکوژەکان بگیرێتە بەر، تەنها رێگایەك کە جووەکانی چاڵ لەبەردەمیاندا مابووەوە بریتی بوو لە کۆچ کردن لەو ناوچەیەو دۆزینەوەی ناوچەیەکی ئارامتر. یوسف عەمرانی، لەساڵی ١٨٩٨ لەدایك بووە خەڵکی چاڵ بوو، لەساڵی ١٩٢٨ هاتە فەلەستین، لە راپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو تەمەنی سیانزە ساڵی بووە کە لە گوندی چاڵ کۆچیانکردووە. ئەو باسی ئەوەی کردووە کە هۆکاری رۆیشتنەکەیان لەو گوندەدا بەهۆی کوشتنی جوولەکەیەك بووە کە بە بەرد کووشتیان. ئەمە دەلالەت لەوە دەکات کە کوژراوەکە باپیری ریوبن بووە. جووەکانی گوندی چاڵ رێگا چارەی تریان لەبەر دەمادا نەبوو، تەنها جێهێشتنی ئەو گوندە نەبێت. هەر کەسێك ماڵو حاڵی خۆی جێهێشتو رایکردە شوێنێکی تر. یوسف عەمرانیش چووە گوندی گەرزەنجیل.

ئەو نموونانەی باسکران ئەوەمان بۆ روونده‌کاتەوە ژیانی جوولەکەیەك لە ناوچە گوندنشینەکانی کوردستان کەمتر بایەخی هەبوو بە بەراورد لەگەڵ ژیانی کوردەکان. سەرەڕای ئەمەش، بەرامبەر بە بکوژی جووەکان نەرمیان نواند، ئەمەش جیاکاری لەنێوان جوولەکەو کوردەکان پیشان دەدات.

### ٣. کووشتنی جوولەکەکان لە ناوچە گوندنشینەکان

گەورەترین ئەو کێشانەی کە جوولەکە گوندنشینەکان رووبەڕوی بوونەوە بریتی بوو لە ئاساییشی جەستەیی‌و ئەو مەترسیانەی لەسەر ژیانیان بوو لەو کاتەی بەتەنیا بۆ ناوچەیەکی دوور گەشتیان دەکرد. کاتێك جوولەکەیەك دەکوژرا، ئەو متمانەیەی جوولەکان پێشتر بەئاغا هەیانبوو، لەبەین دەچوو. بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی ئەو جوولەکانەی لەناوچە خێڵەکیەکان کوژراون تاراددەیەك کەمە. هەرچەندە خەڵکی جوولەکەش ژمارەیان کەم بوو وە

کوشتنی جوولەکەیەك دەبووە هۆی کۆچکردنی خێزانی قوربانیەکە یاخود هەموو جووەکانی ئەو ناوچەیە.

بنەماڵەی موشی بنیامین بۆماوەی چەندین نەوەی یەك لەدوای یەك لە ناوچەی بارزاندا ژیاون. ئەم خێزانە لەماوەی سی ساڵدا چوار جار کۆچیانکرد، وە لە ناوچەکانی سەرکانێو مێرگەسۆرو هاودیان‌و دیانادا گیرسانەوە. دوو لەم کۆچانە بەهۆی کوشتنی ئەندامی خێزانێك لەلایەن کوردە هۆزەکیەکانەوە بووە.

"ئێمە تەنها سێ خێزانی جوولەکە لە سەرکانێدا دەژیایین. باپیرم کە ناوی یەتزالا بوو، لەکاتی یەکێك لەجەژنەکانی جوولەکەکاندا کوژرا. ئەو بۆ هێنانی هێلکە بۆ ئاهەنگی بووك گواستنەوەی مامە بچووکەکەم رۆیشتبوو، بەڵام کوژرا. باوکی خوالێخۆشبووم بڕیاریدا چیتر لە سەرکانی نەمێنێتەوە. چۆن دەتوانین ئەوێ جێ بهێلیین؟ باوکم وتی دەبێت بچینە لای شێخ ئەحمەدی بارزانی، کە سەرکردەی رۆحی ناوچەکە بوو. بەم شێوەیە باوکم‌و سێ پیاوی تر بەرەو بارزان بەرێ کەوتن. ئەوان بە شێخ ئەحمەدیان وت: یا شێخ.... ئێمە ناخوازین چیتر لەو گوندەدا بمێنینەوە، تکایە بمانگوازەوە بۆ شوێنێکی تر. شێخ وتی: ئەگەر نەتوانم لەو گوندەدا سەلامەتیتان بپارێزم، ئەوا بێگومان ناتوانم لە شوێنێکی تریش ئارامیتان بۆ فەراهەم بکەم. باوکم پێی وت: من لێرە ناڕۆم هەتاوەکو تۆ وەلامێکم نەدەیتەوەو نەمگوازیەوە بۆ شوێنێکی تر. شێخ ئەحمەد پیاوێکی ئاسایی نەبوو، پیاوێکی گەورە بوو، بۆیە وتی: زۆر چاکە جوولەکەکانم، وەلامێکتان دەدەمەوە. پاش تێپەڕبوونی یەك هەفتە... شێخ ئەحمەد خزمەتکارێکی خۆی نارد... وە وتی: بنەماڵەکانیان ئامادە بکەن‌و بیانگوازنەوە بۆ مێرگەسۆر".

یەتزاك لەو كاتەدا كوژرا كە جەنگێكی هۆزەكی لە نێوان بارزانیەكانو هۆزی ماراكەرخی روویدا[173]. بە بیروڕای جووەكان، ئەمە كارەساتێكی گەورە بوو بۆ تاكە كەسێك، وە لەهەمانكاتدا شكستی بارزانیەكان پیشان دەدات لە پاراستنی جووەكاندا[174].

لەئەنجامی ئەو كارەدا جووەكان ویستیان سەركانی جێبهێڵن وە هەربۆیەش چوونە لای شێخ ئەحمەدی بارزانی، كە بۆماوەی چەندین ساڵ لەژێر ناوچەی دەسەڵاتداری ئەودا دەژیان. لە كۆتاییدا شێخ ئەحمەد ئەوانی بۆ مێرگەسۆر گواستەوە كە هەر لەژێر ناوچەی دەسەڵاتداری ئەو بوو بە سەرۆكایەتی ئەحمەد ئاغا. هۆكاری كوشتنی یەتزاك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەو بە بەردەوامی بۆ شار و شارۆچكەكانی دەورووبەر گەشتی دەكرد، لەوانەش ئاكرێو سۆران، وە ئەم شارانەش پڕ بوون لەكێشەو گێچەڵی خێڵەكی. ئەو كەلوپەلی دەكڕیو

---

١٧٣ هەولّی زۆرم دا بۆ ئەوەی بزانم ماراكەرخی چ هۆزێكەو دەكەونە كام ناوچەی كوردستان، بەڵام نەمتوانی زانیاری لەسەر ناوبراو دەست بخەم. (وەرگێڕ)

١٧٤ بە بڕوای من لێرەدا نادادپەروەریەك لە وتەی نووسەردا بەدی دەكرێت، چونكە لەوەتەی بوونی سیستەمی هۆزەكی لە كوردستاندا بەرجەستە بووە ئەو جۆرە كێشانە نەك تەنها جوولەكەكاندا بەڵكو كوردەكانیش خۆیان قوربانی دەستی سیستەمی هۆزەكی بوون. دەتوانرێت ئاماژە بە دەیان نموونە بكرێت كە تیایدا كوردەكان لەسەر كێشەیەكی بچووك بەربوونەتە گیانی یەكتریو قوربانیان داوە. جا بۆیە من پێم وایە بارزانیەكان، تا ئێستاش، لە پاراستنی كەمە نەتەوایەتیەكانی تری كوردستان، دریغیان نەكردووە. وە كوشتنی كەسێكی ناموسولمان لەژێر ناوچەی فەرمانڕەوایی شێخ ئەحمەد نابێتە هۆی ئەوەی ئەم شێخ ناو زڕ بكرێت، چونكە ناوبراو یەكێ بووە لە كەسایەتیە هەرە بەرز و دادپەروەرەكانی كوردستان، هیچ جیاوازی نەكردووە لە پاراستنی كوردو جوولەكەو مەسیحیەكاندا. (وەرگێڕ)

پاشان دەیفرۆشتەوە بە خەڵکی گوندەکان. زۆر گەڕانی هەموو کەسێك دیاری کراو بوو، ئەمەش یان بەهۆی کێشە هۆزەکیەکانەوە بوو یاخود بەهۆی ئەو جەنگەی لەگەل حکومەتدا هەبووە. جووەکانە لەکاتی کێشەو ئاژاوە خێڵەکیەکاندا فرۆشیاری زۆر باش بوون، چونکە ئەوان بەشێك نەبوون لە خێڵ هەر بەم هۆیەشەوە دەیانتوانی بە ئارەزووی خۆیان بە ناوچە خێڵەکیەکاندا بجولێنەوە. بەپێچەوانەی پیاوانی خێل کە هاتووچۆیان دیاری کراو بوو. جووەکان لەم جۆرە رووداوانەدا دەیانتوانی بەسەر هەموو ئەو بەربەستانەدا زاڵ بن کە دەهاتنە پێشیان. سەرەڕای ئەمەش، ئاغاکان داوایان لە جوولەکەکان دەکرد لەجیاتی ئەوان چەند کارێك ئەنجام بدەن کە بۆ جێبەجێ کردنیان بۆ ئەوان ئەستەم بوو. لە کۆتاییدا، کوشتنی یەتزاك بووە هۆی کۆچکردنی بنەماڵەکەی لە سەرکانی. پاش حەوت ساڵ ژیان لە مێرگەسۆردا، جەنگێك لەنێوان بارزانیو هێزەکانی سوپای عێراقدا روویدا، وە ئەو حەوت ماڵە جوولەکەیەی لەمێرگەسۆردا نیشتەجێ بوون، بەهۆی بارودۆخی خەراپی ناوچەکە بەرەو رەواندوز کۆچیان کرد. دوای نزیکەی شەش مانگ، باوکی موشی بنیامین داوای لە قایمەقام کرد رێگای پێبدات بچێتەوە ناوچە کوردنشینەکان. ئەو وتی لەو کاتەی جلوبەرگمان بۆ کوردەکان دروست دەکرد، دەمانتوانی ژیانی رۆژانەی خۆمان دابین بکەین. قایمەقام پێی ناخۆش بوو ئێمە برۆین، بەڵام باوکم سوور بوو لەسەر ئەمەو لە کۆتاییدا حکومەت رێگای پێداین کە بۆ هاڤدیا کۆچ بکەین[١٧٥].

"ئێمە لەگەڵ بارزانیەکاندا دەژیایین. دەچووینە گوندی ئەوان، لەماڵی ئەواندا دەنووستین. ئەوان رۆنو مەڕ و بزنو برنجیان پێ دەداین... ئەوان

١٧٥ هاڤدیا: هاودیان،نزیکەی پێنج میل لە شارۆچکەی دیاناوە دوورە. (وەرگێڕ)

هەموو ئو شتانەیان دەهێنایە ماڵمان، دوای حەوت ساڵ ئەوان مامی منیان کوشت... ئیتر ئێمە لەوێ ژیانمان نەما، دەبوایە لەو شوێنە بڕۆین... ئاغای ئێمە مەلا ئۆسوارە بوو... بەڵام نەیدەتوانی تۆڵەمان بۆ بکانەوە، چونکە ئەو کەسانەی ئەویان کوشت دەستیان زیاتر دەڕۆیشت".

دووبارە ئاغای جووەکانی هاڤدیا نەیتوانی لەدەستی دوژمنەکانی بیانپارێزێت، بۆیە ئەوانیش بەرەو دیانا کۆچیانکرد. لەماوەی سەرەتای ساڵی سیەکانی سەدەی بیستەمدا، پیاوەکانی خانەوادەی موشی بنیامین لە گوندەکانی دەوروبەری هاڤدیا بۆ کڕینی خوری مەڕ دەگەڕان.

لەوەرزی بەهاردا کوردە گوندنشینەکان مەڕەکانیان دەبڕیەوەو خوریەکەیان بۆ جۆلا جوولەکەکان هەڵدەگرت، کە بەکاریان دەهێنا بۆ دروستکردنی پۆشاکی شالوشەپك. شایانی باسە دروونی ئەم پۆشاکە پیشەی سەرەکی جووەکان بوو. شەوێکیان دوای یەکێك لەبۆنە ئاینییەکانی جوولەکەکان، دز ماڵی بریندارى مامی بنیامینی شکاند لە هەڤدیا وە چوار پێنج فەردە خوریان دزی بوو لەوکاتەدا داپیری موشی بنیامین لەسەرەمەرگدا بوو. بنەماڵەکەیان ئامادەکاری کاروباری پێشوازی کردنیان لەو جوولەکانەی لەدیاناو باتاس و رەواندزەوە بۆ هاوخەمی دەربڕین و سەرەخۆشی دەهاتن. دوای ماوەیەکی کورت لە دزیەکە، شڤانی خاڵی موشی بنیامین بۆ کڕینی خۆراك سەردانی گوندەکانی دەوروبەری کرد. لەکاتی گەشتەکەیدا شڤانی، کە بە ووتەی موشی بنیامین زمان درێژ بووە، چووە لای ئەسعەد ئاغای شێتنە[١٧٦]، وە تاوانباری کرد بە دزینی ئەو خوریە لە جوولەکەکان. بە تووڕەییەوە پێی ووت:

---

١٧٦ شێتنە: ئەم گوندە دەکەوێتە ناوچەی دۆڵەمەری سەر بە قەزای مێرگەسۆر. (وەرگێڕ)

"ئێمە جوولەکەی ئێوەین، دەبێت تۆ شەرم لەخۆت بکەیتەوە دزەکانی خۆت ناردووە بۆ ئەوەی سەرچاوەی بژێوی ژیانمان بدزن... ئاگاداری کردەوە کە دەچێتە لای پۆلیسی عێراقیو سکالای لەدژی تۆمار دەکات، بۆئەوەی بێت و دەسگیری بکەن. بەم شێوەیە ترس کەوتە ناو دڵی ئەسعەد ئاغا وە لەکاتی گەڕانەوەی شڤانی خاڵم، ئەویان کووشت".

هەروەك لەم نموونەیەی سەرەوەدا بۆمان روون بووەوە، ئەو پاراستنەی ئاغا بەرامبەر بە جووەکان پەیڕەوی دەکرد، ئیتر بەدناوی کرد وە هەمان ئەو کەسانەی کە وابڕیار بوو جووەکانی هاڤدیا بپارێزن، لەڕاستیدا دەستیان لەدزینی خوریەکەدا هەبوو. هۆکاری ئەم جۆرە کارانە لەلایەن موشی بنیامینەوە بەم شێوەیە لێك دراوەتەوە: دەبوایە جوولەکە گوندنشینەکانی هاڤدیا بێ دەنگ بنو دان بەخۆیاندا بگرنن هەتا ئەگەر ئەو دزانە سەر بە ئاغاش بوونایە کە تێوە گلابوون لە دزیەکە. بەگوێرەی راپۆرتەکان، کاتێك جوولەکەیەك زمان درێژ بووایە، ئەو جورئەتەی هەبوو کە ئەسعەد ئاغا بەدەست هەبوون لە دزیەکەدا تاوانبار بکات. بێگومان لەئەنجامی ئەو زمان درێژیەی کوژراوە. بەگوێرەی وتەکانی موشی بنیامین، خراپەو تاوانکاری چوەتە ناو نەژادی ئەوانو کوشتوویانە.

زۆربەی هەرە زۆری کووشتنەکان لە چەقی شارەکاندا روویان نەداوە، بەڵکو لەسەر رێگای گوندەکان بووە. کوشتنی جوولەکەیەکی شارنشین لە ناوچەیەکی گوندنشینی وەك زاخۆ، کاریگەریەکی قووڵی هەبوو لەسەر کۆمەڵگای جوولەکەکان بە گشتی کە نیوەی پیاوەکانی بە کاروباری بازرگانی جۆراوجۆرەوە خەریك بوون.

یەحوشوا میرۆ و کادوری رافاییل لەزاخۆ، باسی کرداری دزییەك دەکەن لەلایەن باندێکەوە کە پلانیان بۆ کوشتنی هەردووکیان دانابوو. ئەوان لە

دزەکان پاڕانەوە کە نەیانکوژن‌و دزەکانیش لەنێو خۆیاندا دەمەقاڵێیان بوو کە ئایا ئەوان ئەو جوولەکان بکوژن یان ئازادیان بکەن. چەندین جار چوون‌و هاتنەوە (دوو دڵ بوون لە کوشتنیان) پێش ئەوەی بەرەڵایان بکەن.

هەتا ئێستاش کە سەدەی بیست‌و یەکەمە، وە جووەکان لە ئۆرشەلیم بە ئاسوودەیی دەژین، ئەندامانی ئەو خێزانانەی لە زاخۆدا دەژیان بە بەردەوامی باسی کوشتنی ئەو سێ بازرگانە جوولەکەیە دەکەن، کە لەساڵی ۱۹۲۸ کۆمەڵگای جوولەکەکانی تووشی شۆك کرد. هەندێك نەناسراو سێ ئامۆزایان بەناوەکانی عەشیرو یوسف‌و جمعە رفاند و پاشان هەرسێکیان کوشتن، روخساریان بەشێوەیەك تێك دابوو کە ناسینەوەیان ئەستەم بوو. چەندین کەس لەو بنەماڵانەی کاریان گەشت کردن بوو بۆ ناوچە گوندنشینەکان، بەهۆی ئەم رووداوەوە کاریان وەستاند. هەندێکیان بڕیاریاندا بەرەو خاکی پیرۆز کۆچ بکەن. یەکێك لەوانە بنەماڵەی تزیدیکیاهۆ بوو کە هەڵسا بە کۆکۆدنەوەی قەرزەکانی لە گوندەکانی دەوروبەردا وە ئەم کارەشی ماوەی یەك ساڵی خایاند. بنەماڵەکە تەنها لەفرۆشتنی یەك خانوودا سەرکەوتوو بوون، چونکە جووەکانی تر نەیاندەویست ئەوان بڕۆن. بەم هۆیەشەوە ئەوان کۆچکردنەکەیان لەسەر داوای چەندین جوولەکە بۆماوەی سێ مانگی تر دواخست. لە کۆتاییدا، لە رێگای موصل‌و دیمەشقەوە زاخۆیان جێ هێشت، وە سی لە ئەندامانی خێزانەکەی لە رێگای قاچاغەوە بەناو یەکێك لە کەناڵە نایاساییەکان بەرەو فەلەستین بردران.

لە هەژدەی تشرینی یەکەمی ۱۹٤دا، نامەیەك لەلایەن کەسوکاری جوولەکەیەکی زاخۆ بەناوی شلۆمۆ عەتیاوە بۆ ئۆرشەلیم نێردرا کە تیایدا داوای بەڵگەنامەی کۆچ کردنکرابوو بۆ شلۆمۆ، بۆئەوەی لەو نەهامەتیەی کە ئەوی تیادا بوو رزگاری ببێت. ناوەڕۆکی ئەم پەیامە روناکی دەخاتە سەر پەیوەندی

نێوان جوولەکەو موسوڵمانانی زاخۆو دەورووبەری لەدوایین دە ساڵی ژیانی جووەکان لەکوردستاندا. ناوەڕۆکەکەی ئەوە دەگەیەنێت لەکاتی تەنگانەو ناخۆشیەکاندا جووەکانی کوردستان بۆ گەڕان بەدوای پەناگەیەکی ئارام، دەبوایە بەرەو شوێنێکی تر کۆچ بکەن.

" بە پەژارەیەکی زۆرەوە کە ئێمە دەمانەوێت چەند تێبینیەك بۆ بەرچاوڕوونی ئێوە سەبارەت بە ناوەڕۆکی کێشەی شلۆمۆ ئیلیاهۆ سەلمان، بە شلۆمۆ عەتیا ناسراوە، بخەینەڕوو. ئەو یارمەتیدەری ئەو جوولەکانە بووە کە لەساڵی چلەکاندا بەقاچاغ هاتنە ناو خاکی پیرۆزەوە. ئێمە لەجیاتی کۆمەڵگای جوولەکەکانی زاخۆ ئەم چەند هەستەمان هەیە.... ئەو شتەی لەسەرەوە باس کرا، شتێکی ناخۆشە... بەهۆی کوشتنی دوو جوولەکە، ناحوم یەحیا کۆهێن‌و ابراهیمی کوڕی، کە لەلایەن عەرەبەکانەوە (کوردەکان) لە گوندەکانی دەورووبەری زاخۆدا کوژراون. ئەوانیان رفاندوەو لاشەکانیشیان فڕێ داوەتە ناو چاڵێك لە چیادا. دوای ماوەیەکی کەم دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە ئەو دوو جوولەکەیە کوژراون‌و دزییان لێکراوەو پاشان لاشەکانیشیان شاردراوەتەوە. گروپێك لەشارەوە لەگەڵ پۆلیسدا هەموو ئەو شوێنانەیان پشکنی کە خەڵك باسی لێوە دەکرد، بەڵام نەیانتوانی تەرمەکان بدۆزنەوە بۆئەوەی بیان نێژن. لەبەر ئەوەی شلۆمۆ سەلمان پێستەی لەو گوندەدا نەدەکڕی، ئەو هەندێك پارەیان وەك بەرتیل بە چەند ناسیاوێك دا بۆئەوەی ئاوا بتوانن باوك‌و کوڕە کوژراوەکان بدۆزنەوە، لە ئەنجامدا ئەوان لە دۆڵێکدا دۆزرانەوە. شلۆمۆ یەکسەر گەڕایەوە زاخۆ، وە بەفەرمی حکومەت‌و پۆلیسی بەرەو شوێنی رووداوەکە لەگەل خۆی برد وە تەرمی هەردوو جوولەکەکەیان لەناو چاڵێکدا دۆزیەوە، پاشان پۆلیس چوونە ماڵی بکوژەکان‌و قۆڵبەستیان کردن. هەر بەم هۆیەشەوە هاوڵاتیانی گوندەکەو دەورووبەری رقیان لەو شلۆمۆیەی کە لەسەرەوە باس

کراوە، دەبێتەوە. لەو ڕۆژە بەدواوە، ناتوانێت لەماڵ بچێتە دەرەوە، چونکە ئەوان بەدوایدا دەگەڕێنو ئەگەر بیدۆزنەوە یەکسەر دەیکوژن. بۆیە ئێمە وەکو دەستەی کۆچبەرە جووەکانی زاخۆ لە ئۆرشەلیم، ئەو نامەیەمان لەزمانی عەرەبیەوە وەرگێڕایە سەر زمانی عیبری وە ئەو ئێستا لە ڕێگایەك دەگەڕێت بۆئەوەی رابکاتو رۆحی خۆی ئازاد بکات لەو مەترسییەی رووبەڕوی خۆیو خێزانەکەی بوەتەوە. ئێمە داوا لە فەخامەتی بەرزی ئێوە دەکەین بفەرموون بەپێدانی بەڵگەنامەی کۆچکردن بۆ ئەو خێزانە بۆئەوەی رزگار بن لەو نەهامەتیو مەترسییەی ئەوان تێی کەوتوون وە ئێمەش لەو رووەوە پڕ بەدڵ سوپاسگوزاری ئێوەین".

ئەم نامەیە چەند راستیەك سەبارەت بە ئەزموونی جووەکان لەناوچە شارنشینو گوندنشینەکان دەردەخات.

١. ئەو کەسەی باسی لێوە کراوە لە نامەکەدا، قاچاغچییەکی بەناوبانگ بووە لە دەربازکردنی جووەکان بەرەو فەلەستین لە رێگای باکووری عێراقو سوریاوە.

٢. عاتیا توانی بە شێوازێك مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکات کە بووە هۆی دەسگیرکردنی تاوانبارانی کووشتنەکە.

لەئەنجامی ئەو کارەیدا، عەتیا بوو بەئامانجی دوژمنایەتی ئەو کەسانەو ژیانی خۆی خستە مەترسییەوە. مەحاڵ بوو بتوانێت لەماڵ دەرچێتە دەرەوە، لە هەمانکاتیشدا نەیدەتوانی کار بکات.

جوولەکەیەکی دانیشتووی ساندور بەهۆی تێوەگلان لەکردارێکی تاوانکاری کوژرا. صالح رەحیمیم بەم شێوەیە باس لە رووداوەکە دەکات وە بە سەرسوڕهێنەر وەسفی دەکات. جوولەکەیەکی لادێیی بەناوی پیرۆ لەدژی برا جووەکەی هاوکاری چەند دزێکی کوردی کرد وە لە شەودا رابەرایەتی کرد بۆ

ماڵی جوولەکەکان. لەو کاتەی کە چەند کێشەیەك لەنێوان دزە کوردەکانو جوولەکەکە(میرۆ) سەریان هەڵدا، دوو کوردەکە جووەکەیان کوشت. لە دەورووبەری ساڵی ١٩٤٦-١٩٤٧دا، ئێمە لە شەوانی هاوین لەسەر بان دەنووستینن، دزەکان هاتنو هەتاکو مرد لێیاندا. پیرۆ خۆی تووشی مەترسییەکی گەورە کرد بە هاوکاریکردنی ئەو دزە تاوانبارانە. صالح رەحمیم ئەوە دەردەخات کە پیرۆ شایانی ئەو مردنە بوو، چونکە بە بۆچوونی ئەو، خیانەتی لە کۆمەڵگا کردووە.

٤. رەشەکوژی ساندور

تا ئەو رادەیەی ئێمە زانیاریمان هەبێت، لە کوردستان هیچ جۆرە کۆمەڵکوژییەك بوونیان نەبووە، جگە لە یەك رووداوی کوشتنی بەکۆمەڵ کە لە ساندوردا روویدا. بەپێچەوانەی ئەو مەترسییەی لەناوچە گوندنشینەکاندا هەبوو، جووەکان لەو گوندانەدا بەسەلامەتی دەژیان کە سەر بە شارەکان بوون، تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە لەلایەن پیاوانی خێڵەکیەوە دەکرانە ئامانج لە گوندی ساندوری نزیك شاری دهۆك کە دوایین گوندی تایبەت بە جووەکان بوو لە کوردستان. لەساڵی ١٩٤١ کوردەکان حەوت جوولەکەیان لەگوندی یەك ماڵەیان لە ساندور کوشت.

لە راپۆرتێکدا کە لەساڵی١٩٤٥ لەلایەن جووەکانەوە نووسراوە ئاماژە بە هۆکاری هێرشەکە کراوە وە تیایدا هاتووە "دەمەقاڵەیەکی کۆن لەنێوان موشی کوڕی حاخامو هاوڵاتیانی گوندی دراوسێدا روویدا بوو". ئەم سەرچاوەیە ئاماژەی بەوە داوە کە موشی پیاوێکی ئازا و بەجەرگ بوو وە نەیهێشتووە دزی لە هاوگوندیەکەی بکرێت لەلایەن خەڵکی گوندەکانی دەورووبەرەوە، وە ئەگەر بیانتوانیایە دزیەکە ئەنجام بدەن ئەوا بەهێز شتمەکە دزراوەکانی دەگەڕاندەوە.

بەهۆی ئەم کارەیەوە دراوسێکانی رقیان لێ دەبووەوە وە لەئەنجامدا ئەو کارەساتە گەورەیان بەرپاکرد. لەکاتی پەلاماردانەکەدا، گوندنشینەکان تەنها پێنج پارچە چەکیان لەلا بوو، بەڵام ئەوان(جووەکان) نەیانتوانی بەرگری لەخۆیان بکەن چونکە هێرشەکە لەناکاو بوو. دوای هێرشەکە، حکومەت دەستی بەسەر هەموو چەکەکانی دێیەکەدا گرت وە تاوەکو ئێستاش گوندەکە بەبێ چەك ماوەتەوە وە ئەمەش کاریکەریەکی خەراپی هەیە بۆ دانیشتوانی. ئێستاش بنەماڵەی حاخام دەیانەوێت بەرێگایەکی یاسایی چەك بکڕنەوە. راپۆرتێکی بەریتانی زانیاری زیاتری دەربارەی ئەم رووداوە ئاشکرا کردووە کە تیایدا دەڵێت: لەساڵی ١٩٣٠دا، هەندێك دزی کورد لە گوندی یەك ماڵەی دراوسێدا هەوڵیاندا مەڕو بزنو مانگا بدزن، بەڵام پاسەوانە جووەکان چاودێرییان کردو ئەوانی دایە بەر دەسرێژی گوللە. برای ئاغای گوندی یەك ماڵە لەو تەقەیەدا کوژرا. بۆماوەی یانزە ساڵ کوردەکانی ئەو گوندە هەوڵیاندا تۆڵە لە جووەکانی ساندور بکەنەوە بە کوشتنی موشی موختاری گوندەکەو ساسۆنو یەحودای براکانی کە لەو کاتەدا دەسەڵاتداری کۆمەڵگای جوولەکە بوون.

بینزیۆن ئیسرائیلی لەساڵی ١٩٣٤ لەراپۆرتێکدا دەڵێت: دەتوانین چاومان بە چەندین نموونەی لەم جۆرە بکەوێت کە تیایدا بەردەوامیو نەبوونی ئەمنو ئاساییشی ژیانو ماڵ، بەشێك بوون لەژیانی رۆژانەی ئەم جوولەکانە، وەئەم جوولەکانە لە بینزیۆن پاڕاونەتەوە کاری کۆچکردنیان بۆ خاکی پیرۆز ئاسان بکات. لەکاتی ئەو تەنگژەیەی جووەکانی عێراق لە سەرتاسەری عێراق لەساڵی ١٩٤٠ تێی کەوتبوون، کوردەکانی یەك ماڵە وایان بەباش زانی کە ئەمە کاتێکی گونجاو بێت بۆئەوەی تۆڵەی خۆیان بکەنەوە. لەشەوی شەممەی سیانزەی کانوونی دووەمی ١٩٤١ ئەم کارەیان ئەنجامدا. سەرەڕای پێدانی حەقو خوێنی قوربانیەکانو دەسگیرکردنی بکوژەکان، بەڵام ئەم پەیوەندیە خەراپە هەر

بەردەوام بوو. صالح ڕەحمیم کە شایەتحاڵی ڕووداوەکە بوو، باسی ناوەڕۆکی کۆمەڵکوژیەکەی کردووە. لە شەوی شەممەدا، دوو پیاوی گوندی یەك ماڵە لەگەڵ پێنج پیاوی تر هاتنە ساندور.

" ئەوان چوونە ناو ماڵی ساسۆنی برای موشی. لەراستیدا ئەوان نەچوونە ژوورەوە بەڵکو لە پەنجەرەکەوە تەقەیان کردو دوو منالّیان بریندار کرد بەناوەکانی فەریق‌و صدیق... پاشان شوێنەکەیان جێهێشت‌و بەرەو ماڵی موشی موختار بەڕێ کەوتن. موشی ئەوانی بانگهێشتی ژوورەوە کرد... ئەوان پێیان وت: ئێمە ناهێینە ژوورەوە، بەڵکو هاتووین تۆ بکوژین. دەستیان بە گوولە بارانکردنی هەموو ئەو کەسانەی لەوێ ئامادەبوون کرد... تەنها خێزانەکەیان نەکوشت، بەڵکو میوانەکانیشیان کوشتن. ئەو کەسانەی کوژران بریتی بوون لەمانەی خوارەوە، موشی معلم‌و موشی مەزی‌و چیچۆ و یوسف‌و شاباتای‌و جومعە".

پاش ئەنجامدانی تاوانی ڕەشەکوژیەکە، بکوژەکان گوندنشینانیان ئاگادار کردەوە ئەگەر بێتو دوایان بکەون، ئەوا ئەوانیش دەکوژن وە پاش ئەم قسانە ئەوان ساندوریان جێهێشت. ڕاپۆرتێکی تر لەساڵی ١٩٤٢ لە ئەنجامی سەردانی کردنی بیست‌و پێنج جوولەکە، لەسوپای بەریتانی خزمەتیان دەکرد، چەند شتێکی جیاواز باس دەکرێت. ئەم ڕاپۆرتە باس لە کوشتنی دە هاوڵاتی دەکات لە شەوێکدا لە کاتی شۆڕشەکەی ڕەشید عالی گەیلانی وە ئاماژە بەوەش دەدات کە هێشتا گوندەکە لەژێر کاریگەری ئەو کارەساتە ماوە.

بە پێگەترین بنەماڵەی جوولەکە لە ساندور، بنەماڵەی حاخام بوو کە بەپێی دابونەریت موختاری گوندەکەش بوو. حاخام مۆردیخای (١٨٩٠–١٩٤١)و موشی کوڕی(١٨٩٠–١٩٤١) لە نێوان ئەو حەوت جوولەکەیەدا بوون کە لە سیانزەی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤١دا، لەلایەن کوردەکانەوە هێرش کرابووە سەر ماڵی موختارە جوولەکەکە و لەوێدا کوژرابوون. حاخام مۆردیخای ڕاهیبی کۆمەڵگاکە

بوو وە موشی کوڕیشی موختار بوو، پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ حکوومەتدا دروست کردبوو. ئەو کۆمەکی جوولەکەو کوردەکانی دەکرد لە هەرکاتێکدا کە پێویستیان بە حکوومەتی عێراق بوایە. صالح رەحیمیم بە چاوێکی رەخنەگرانەوە سەیری مەسەلەکەی کردووەو دەڵێت:

" جووەکان دەسەڵاتیان هەبوو و موختاریش دراوسێ کوردەکانی هەراسان کردبوو. ئێمە لەوێ جووتیار بووین. ئەگەر کەسێك مانگایەك، بزنێك یان مەڕێکی دزیبوایە... دەچووە گوندی یەك ماڵەو ئەو تۆمەتەی دەخستە پاڵ ئەوان. دادوەری شاری دهۆك هاوڕێی موختار بوو، هەرچیەکی پێ وتبوایە بۆی ئەنجام دەدا. جارێکیان ئەوان(خەڵکی یەك ماڵە) مانگایەکیان لەگوند دزیو موختاریش چووە لای دوو پیاوی گوندەکەو تەلاقی پێ خواردن کە بڵێن ئەوان نەیاندزیوە. لەڕاستیدا ئەوان دزیەکەیان ئەنجام دابوو. کاتێك چوونە ماڵ لەگەڵ هاوسەرەکانیان بوو بە کێشەیان، چونکە ئەوان مانگاکەیان دزی بوو وە سوێندیان بەتەلاق خواردبوو، ئەمەش دیار بوو کە درۆ دەکەن چونکە ئەوان دزیبوویان".

ئەگەر بەهەڵە سوێندیان بەتەلاق خواردبوایە، ناچار دەبوون خێزانەکانیان تەلاق بدەن. موختارە جووەکەی ساندور بەرەنگاریان بووەوە و دوو کوردەکە بەهەڵە سوێندیان خوارد، وتیان ئەوان ئاژەڵە مالیەکەیان نەدزیوە. کاتێك هاوسەرانی تۆمەتبارە کوردەکان درکیان بە مەسەلەکە کرد، بڕیاریاندا ئەو کەسە بکوژن کە بوەتە هۆی ئەوەی مێردەکانیان ناچار بکرێن سوێندەکە بخۆن، بەم شێوەیە سوێندەکە پوچەڵ دەبێتەوەو بەناڕەوا لەقەلەم دەدرێت. رەنگە لەلای هەندێك کەس پرسیاری ئەوە دروست بێت کە ئایا سەرجەم دانیشتوانی گوندی ساندور جوولەکە بوون یاخود کۆمەڵگایەکی تێکەڵ بوو. دەبێت ئەوە بگووترێت کە لەڕاستیدا یەکێك لە هۆکارەکانی کۆمەڵکوژیەکە

بوونی جووەکان بەتەنها بوو لە گوندەکەدا. زۆر قورسە وابیربکەینەوە لە گوندێکی تێکەڵ بەهەموو نەتەوەکان، ئەم جۆرە تاوانە رووبدات کە تیایدا ئاغا چاودێری ئەو کۆمەڵە کەمەی جووەکان بکات. پارێزەرە هۆزەکیەکەی دانیشتوانی ساندور لەدەرەوەی گوندەکەدا دەژیا، بۆیە دەکرێت ئەویش دەستی لە رەشەکوژیەکەدا هەبووبێت. لەم رووداوەدا واپێدەچێت ئاغا رەزامەندی لەسەر تۆلە سەندنەوە لەدژی جوولەکەکان دەربڕیبێت.

چەند زانیاریەکی تر لەسەرچاوە بەریتانیەکاندا دەردەکەون، ئاماژە بە سەعید ئاغای دۆسکی دەدەن کە لە پشت هەموو کێشەکانی دهۆکەوە بوو. هەردوو گوندەکانی ساندور و یەك ماڵە لەژێر ناوچەی دەسەڵاتداری ئەودا بوون، هەرگیز نەیدەویست حکومەت دەست بخاتە ناو ئەو رووداوانەی پەیوەندییان بەوەوە هەبوو. بەم هۆیەوە سەیر نیە دەبینین رەخنەی لەو پشکنەرە گرت کە لەلایەن حکوومەتەوە بۆ لێکۆلینەوە لە رووداوەکە نێردرابوو. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت پشکنەرەکە کاری خۆی بەدڵسۆزیەوە ئەنجامداوە بۆ دۆزینەوەی بکوژەکان. بکوژەکان بۆئەوەی لەلایەن حکومەتەوە دەسگیر نەکرێن، رایانکرد. لە چیاکاندا خۆیان حەشاردا و زۆر بەکەمی دەگەڕانەوە ماڵەکانیان. جارێکیان صالح رەحمیم چاوی بە بکوژەکان کەوت لەو کاتەی خۆیو باوکی لە بێستانەکەیاندا کاریان دەکرد. باوکی لێی پرسین:

" بۆچی ئەو کەسە بێ تاوانەتان کوشتن؟ ئەو دوو کەسەی کە کوشتنەکەیان ئەنجام دابوو ناوەکانیان رەشید و تێلی بوون. ئەوان بۆ باوکمیان روون کردەوە کە ئەوان سەر لە ئێوارەکەی هاتوونەتەوە چاوەڕێی ئەوەیان نەبووە کەس چاوی بەوان بکەوێت.... داوایان لە باوکم کرد لەلای هیچ کەس باسی ئەوە نەکات کە ئەوان لەو ناوچەیدا خۆیان حەشار داوە. ئەوان لە رۆژدا

لەچیاکان دەسووڕانەوەو بە شەوانیش دەهاتنەوە ماڵ... باوکم وتی: باشە، لەلای هیچ کەس نایدرکێنین".

بەدرێژایی ئەو ماوەیە سەعید ئاغا بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕا کە وابکات بکوژەکان بگەڕێنەوە ماڵەکانیان. سەرچاوەکانی جوولەکە زیاتر تیشکیان خستۆتە سەر رۆڵی ئەو ئاغایە. ئەو سەرچاوانە لەو بڕوایەدان کوشتنی جووەکان بەبێ رەزامەندی ئەو هەرگیز کاریك نەبوو کە بتوانرێت ئەنجام بدرێت. هەروەها سەعید ئاغا رۆلێکی زۆر کاریگەری لە ئاشتبوونەوەی بکوژەکانو بنەماڵەی جوولەکە قوربانیەکاندا گێڕا. ئەو هاتە گوندی ساندور و هەموو هاوڵاتیان جوولەکەی کۆکردەوە. بەپێی راپۆرتەکان، سەعید ئاغا پێی وتن: ئەوەی کە بکوژەکان کردیان کارێکە هەڵە بوو، ئەوەی روویدا، روویدا، تازە ناگەڕێتەوە. موختارەکەی ئێوە کێشەی بۆ دروست کردوون. ئەو زۆر بەزیرەکانە هەموو تاوانەکەی خستە ئەستۆی موختارە جوولەکەکە، کە یەکێك بوو لە حەوت کوژراوەکە. سەعید ئاغا سێ دیناری وەك قەرەبووی خوێنی قوربانیەکان بە خێزانی هەر قوربانیەك بەخشی، بەڵام بریندارەکان هیچ شتێکیان پێ نەبەخشرا. ئەو قایلکردنەی ئاغا بەپێدانی پارەی قەرەبوو، بووە هۆی کپ کردنەوەی کێشەکە. ئاشکرا نیە چۆن سەعید ئاغا توانی ئەو بڕە پارەیە دابین بکات، بەڵام بکوژەکان توانیان لەچیاکان بێنەوەو بەبێ ترس بگەڕێنەوە ناو منداڵەکانیان.

" ئەو دوو کەسە دەهاتنە سەردانی ئێمە وە ئێمەش سەردانی ئەوانمان دەکرد، وەك بڵێی هیچ شتێك روونەداوە.... هەتا ئەوان سەردانی کوڕی موشی معلم یان دەکرد کە یەکێك بوو لە کوژراوەکان".

وەك دیارە ئەو رێککەوتنامەیە هەموو پەیوەندیەکانی نێوان بکوژەکانو جووەکانی گوندی ساندووری خستەوە باری جارانی. ئیسرائیل مۆردیخای کوڕی

یەهودا و نەوەی مۆردیخای کە کوژرابوو، ئەو نەرمونیانەی جووەکانی بەرامبەر بە بکوژەکان بەم شێوەی وەسف دەکات:

" ئەگەر کارەکە گەیشتبوایە دادگا، سزای ئەوان لەسێدارەدان بوو... بەڵام ئەو کات ئێمە ناچار کراین زێدی باب‌و باپیرانمان جێبهێڵین کە بۆماوەی چەندین سەدە بوو لەوێدا دەژیایین، وە ئێمەش نەماندەویست گوندەکەمان جێ بهێڵین. بەم هۆیەشەوە بڕیارماندا ئاشت بینەوە وە ئەوانیش باجی قورسی تاوانەکەیان دا".

دوابەدوای ئاشتببونەوەکە، کوردانی یەك ماڵە بوون بەهاوڕێی چاکی جووەکان. ئیسرائیل مۆردیخای دەنوسێت: لە کاتی رژێمەکەی رەشید عالی، یەك ماڵەو کوردەکانی تر یارمەتی جووەکانیانداو ئەوانیان پاراست. هەرچەندە کودەتاکەی رەشید عالی لەمانگی نیسانی ١٩٤١ تاوەکو حوزەیرانی هەمان ساڵ درێژەی کێشا، بۆیە کوشتنی حەوت جوولەکەکە پێش کودەتاکەی ئەو ئەو ئەنجام درابوو، واتە لە ١٢ی شوباتی ١٩٤١ نەوەك لە ١٣ کانوونی یەکەمی ١٩٤١. جووەکانی ساندور ئاماژەیان بەوە داوە لەکاتی تەنگانەکانی کودەتاکەی رەشید عالی لە ناوەڕاستی ١٩٤١، کوردەکان بەردەوام بوون لە یارمەتیدانیان. ئاغای یەك ماڵەو پیاوانی جوولەکەی ساندور یان دەپاراست لە کێشە پێشهاتەکاندا، بەڵام هێشتا ترس بەتەواوی لەناو دڵی کوردە هۆزەکیەکاندا تەواو نەبوو بوو. یەهودا حاخام مۆردیخای کە دوای مردنی براکەی بوو بە موختار، دوو نوێنەری ناردە لای سەعید ئاغاو داوای لێکرد پارێزگاری لە جووەکان ساندور بکات. سەعید ئاغا بەخۆی‌و هێزێکی پۆلیس‌و ژمارەیەکی زۆر لە پیاوەکانی هاتە گوندەکە. ئەو کوردانەی دەرکرد کە هێرشیان کردبوە سەر ساندور و پیاوەکانی خۆی بۆ پاسەوانی لە گوندەکەدا جێهێشت. سەعید ئاغا ئەو بەڵێنەی خوارەوەی بەحاخام مۆردیخای راهیبی گوندەکە دا.

" کەس بۆی نیە ئازاری جووەکانی ساندور بدات، هەتا ئەگەر فەرمانەکە لەدژی جووەکان لە حکوومەتیشەوە دەرچێت. ئەو خۆی گەرەنتی ئەوە دەدات جووەکان چیتر ئازار نەدرێن".

دۆخی ئەمنی گوندەکە باشکرا. لەساڵی ١٩٤٥، لە راپۆرتێکدا هاتووە کە شەش ئەفسەری پۆلیسی عەرەب پاسەوانی گوندەکەیان کردووە. هێزی پۆلیس لەساڵی ١٩٤١ دامەزرا. بە دڵنیایەوە یەکێ لەو هۆکارانەی بووە هۆی ئاسانکاری، هەروەك پێشتر باسمانکرد، بریتی بووە لە بوونی سەرجەم دانیشتوانی گوندەکە لە جوولەکە، ئەگەر بهاتایە جووەکان بەشێکی کەمی گوندەکە بوونایە، ئەوکات لە کۆمەڵگایەکی تێکەڵاو لەنەتەوە نەدەتوانرا کاری لە شێوەیە ئەنجام بدرێت. لەراستیدا، کۆمەڵکوژیەکی هاوشێوە لە ساڵی ١٨٩١–١٩٨٢ لە زاخۆشدا روویداوە، بەڵام ئەو لە چەقی شاردا بووە و بارودۆخی رووداوەکەش جیاواز بوو. بەگشتی جووەکان لەو گوندانەی کە تێکەڵ بوون لە چەندین نەتەوە، زیاتر دەپارێزران بە بەراورد لەگەڵ ئەو گوندانەی کە سەرجەمی دانیشتوانەکەی جوولەکە بوون.

تاوەکو ئەو راددەیەی ئێمە زانیاریمان هەبێتو زانرابێت، بەگشتی هاوڵاتیانی جوولەکە لەدەرەوەی گوند یاخود شارۆچەکەکەیاندا کوژراون. جاربەجار بەهانەی کوشتنەکەیان ئەوە بوو کە دەیانووت دزیمان لێکراوە یان جووەکان لەدژمان دەوەستنەوە یان زمان درێژن بەرامبەر بە موسوڵمانان. لە نموونەی تریشدا، جوولەکە بێ تاوانەکان دەبوونە قوربانی ململانێ خێلەکیەکان. کۆمەلکوژیەکەی ساندور زۆر بەئاشکرایی ئەنجامدرا. بکوژەکان هاتنە ناو گوندەکەو بەبێ شەرمانە بە موختاری گوندەکەیان ووت: ئێمە هاتووین تۆ بکوژین. جووەکان پارێزراوی سەعید ئاغای دۆسکی بوون، کە بەپێی راپۆرتەکان، یان ئەو کارەی فەرامۆش کردووە یانیش رێگای بە بکوژەکان داوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە قێزەوەنە.

# بەندی دووەم

## بارودۆخی ئابووری جووەکان

**پێش سەدەی بیستەم:**

جوولەکەکانی کوردستان بەژداری کڕینو فرۆشتنە ناوخۆییەکانیان کردوەە. جووەکانی شارو گوند باجو سەرانەیان بە حکومەتو ئاغاکان داوە. چەندین سەرچاوە باس لە باری ئابووری جووەکان لەچەندین سەدەدا دەکەن. راهیب شموعیل بارزانی هانی خەڵکی ئامێدی داوە یارمەتی بکەن لە بنیادنانی قوتابخانەیەکی ئایینی، ئەمە سەرەڕای لاوازی باری ئابووریان. هەروەها راهیب بارزانی[177] بە جوولەکەو قوتابیەکانی راگەیاند کە حکومەت لەو سەرمایەی جووەکان هەیانە ئاگادار نەکەنەوە بۆئەوەی هیچ فڕوفێڵو تەلەکەبازی دژی جوولەکە دەوڵەمەندەکان ئەنجام نەدەن. ئەو داواکاریەی راهیب ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ناکۆکی لەنێوان حکومەتو هاوڵاتیاندا سەبارەت بە دانی باج هەبووە. مەسەلەیەکی تر کە پەیوەندی بە باری ئابووریەوە هەیە بریتی بوو لە دانی باج لەلایەن جوولەکەکانەوە. چەندین سەرچاوە لەسەدەی نۆزدەمەوە

---

١٧٧ راهیب: پلەپایەیەکی ئایینی جوولەکەکانە، لە ئایینی ئەواندا لەدوای پلەی حاخام دێت. (وەرگێڕ)

ئاماژە بەو بارە خەراپەی سیستەمی دانی باج لەکوردستاندا دەکەن. لە نموونەیەکدا، لە هەولێر موتەسەڕیف کارێکی خەراپی لە دژی جووەکان ئەنجامداو باجی پەروەردەی دوو ئەوەندە کرد. بە واتا سادەکەی، واتە، پەروەردەکردن‌و راهێنانی خەڵك لەبوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا، بەشێوەیەکی گشتیش واتای پەروەردەکردنی منداڵ دەگرێتەوە. بەتەواوی نازانرێت لەم نموونەیەدا چ جۆرە باجێکیان بەسەردا سەپێنراوە، چونکە پەروەردەی جووەکان لەلایەن جووەکان خۆیانەوە، لەرووی داراییەوە، بەڕێوە دەبرا وە پارەکەش هەر لەلایەن ئەوانەوە دابین کرابوو. هاوڵاتیان لەدژی ئەم بڕیارە وەستان‌و لەلایەن پلەدارێکی گەورەتر لە کەرکوك سکاڵایان تۆمار کرد. لە نموونەیەکی تردا، بەهۆی ئەو لافاوە یەك لەدوای‌یەکانەی موصل، جووەکان ناچار بوون شارەکە چۆڵ بکەن وە بەدوای شوێنێکی سەلامەتتردا بگەڕێن. کاتێك دۆخەکە باشتر بوو، هەژارەکان یەکەم کەس بوون گەڕانەوە موصل، بەڵام رووبەڕوی کۆڵێك باجی نایاسایی نوێ بوونەوە[١٧٨].

لەماوەی سەدەی بیستەمدا، دوو گەشتیاری جوولەکە رووناکیان خستۆتە سەر باری ئابووری هاوڵاتیانی جوولەکەی کوردستان. لەساڵی ١٩٢٦-١٩٢٧، دەیڤید د. بیس هیل ئەو کۆمەڵگایانەی سەردانی کردوون، پۆلین‌و پلەبەندی کردوون. راپۆرتەکەشی بەم شێوەیە بوو، بنەماڵە جووەکانی ماردین‌و دهۆك‌و زارداوە هەژار بوون. لە هەولێر، زۆربەی دانیشتوانی جوولەکە هەژار بوون.

١٧٨ ئەو باجەی دەسەنرا بریتی بوو لە باجی خوێ کە پێی دەوترا (گابیلا). لە سەدەکانی ناوەڕاستد ئەم باجە بۆ بەرهەمە خۆراکیەکان دەسەنرا. گابیلا ئەو باجە بوو کە لەسەر گۆشتی کۆشەر دانرابوو لە قەصابخانەکاندا. ئەم باجە تاکە سەرچاوەی ئەو داهاتە بوو کە لە جووەکان وەردەگیرا کە تیایدا کرێی پیاوانی ئایینی‌و دادوەر و قەصابی پێدەدرا.

هەندێك لە جووەكانی ئامێدیو زۆربەی جووەكانی بەشقەلە، بازرگانی دەوڵەمەند بوون. هەندێك لە جووەكانی زاخۆ زۆر دەوڵەمەند بوونو خاوەنی ماڵاتێکی زۆر بوون. زۆربەی هەرە زۆری جووەكانی سلێمانیش بازرگان بوون. هەروەها دەیڤید سەردانی دوو گوندی كشتووكاڵی كرد (ساندور و سوخۆ). هاوڵاتیانی جوولەكە لە هەردوو گوندەكەدا مەڕوماڵاتێکی زۆریان بەخێو دەكرد. زۆربەی دانیشتوانی ساندور گەلێك دەوڵەمەند بوونو هەموو جووەكانی سوخۆش گوندنشینی زەنگین بوون.

دووەم گەشتیار كە باسی ئابووری جووەكانی كوردستانی كردووە، راهیب یەحیل فیشیل بوو. ئەو لە گەشتێكدا لەساڵی ١٨٥٩ سەردانی سیانزە كۆمەڵگای جووەكانی كردووە. ئەو تێچوونو بەكرێدانی ئێستری لەشوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر تۆماركردووە. هەروەها هەڵساوە كۆمەڵگای جووەكانی دابەشكردووە بۆئەوەی باشتر شارەزای ئەو داهاتە بێت كە هەر خێزانێك لەتوانایدا بوو بەدەستی بهێنێت، بەم شێوەیە كۆمەڵگاكانی دابەش كردووە.

ئەو كۆمەڵگای جووەكانی بۆ سێ كۆمەڵە دابەش كردووە بەپێی قەبارەیان:

١. یەك خێزان تاوەكو سی خێزان.

٢. سی تاوەكو شەست خێزان.

٣. لەنێوان ١٥٠–٢٠٠ خێزان.

زۆربەی ئەو كۆمەڵگایانەی كە فیشل سەردانی كردوون سەربە جۆری یەكەم بوون، واتە، كۆمەڵگای بچووك بوون. ئەم كۆمەڵگا بچووكانەی باسی كردوون ئەمانەی خوارەوە بوون: سیڤەرەكو دیاربەكرو كفریو جەرموكو دووزخورماتوو و جزیرەو دهۆك. تەنها دوو كۆمەڵگای جوولەكە لە جۆری دووەمن، واتە تاوەكو شەست خێزان، ئەوانیش ساندور و ئورفا بوون. چوار كۆمەڵگای تریش لە كۆمەڵگای گەورە هەژماركراون، ئەوانیش كەركوكو موصلو هەولێرو زاخۆ.

بەپشت بەستن بە راپۆرتەکەی فیشلو ئەو ریزبەندیەی خوارەوە، دەبێت تێبینی سیٚ کۆمەڵگای گرنگ بکرێت. کۆمەلەی یەکەم لە شەش کۆمەڵە پێك دێت کە لەلایەن فیشلەوە باس نەکراوە، ئەوانیش ئامێدیو ئاکرێو توشو ماردینو نوسەیبین. لێرەدا فیشل خۆی لەباسکردنی ئەو کۆمەڵگایانە دزیوەتەوە، چونکە وای بۆ چووە رێگای ئەم کۆمەڵگایانە مەترسیدار بوون.

کۆمەڵەی دووەم لە کۆمەڵگای هەژار پێك دێت کە لەلایەن گەشتیارەکەوە سەردانی کراوە: جزیرە و دوزخورماتوو و دهۆكو سیڤەرەكو دیاربەکرو کەرکووك. راهیب ئەو سیٚ کۆمەڵگای تری بەهەژار یان مام ناوەند لەقەلەم داون. جووەکانی سیڤەرەك هەژار بوون، هەروەك زۆربەی جووەکانی دیاربەکریش هەر بەم شێوەیە بوون، وە جووەکانی کەرکووکیش دەوڵەمەند نەبوون. کۆمەڵەی سێیەم پێك هاتبوون لەتێکڕای کۆمەڵگاکانی ساندور و موصلو هەولێرو ئورفاو زاخۆ. چەندین بەڵگەنامە لەسەدەکانی پێشوودا ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە باری ئابووری تاکەکەسی جووەکان زۆر قورس بووە. لە نموونەیەکدا، باوکێکی دانیشتووی زاخۆ، باری ئابووری زۆر خەراپ بوو وە بۆیە کچەکەی خۆی وەك خزمەتکارێك لەتەمەنی شەش حەوتساڵیدا فرۆشت. کڕیارەکە هێشتا جێرکێکی ئەو قەزارە[179]. لە بۆنەیەکدا، لەپێش چاوی خەڵك کڕیارەکە بەمەرجێك پارەکەی داوە ئەویش دەبێت کچی جوولەکەکە لە کوڕی کڕیارەکە مارە بکرێت. باوکی کچەکە رازی بوو، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك باوکی کوڕەکە کۆچی دوایی کرد و یەکێك لە کوڕەکانی کچەکەی بۆ

١٧٩ جێرك: چارەگە ماجدیەك بوو یان چارەگە شاگلێکی بەریتانی پێش جەنگی جیهانیی یەکەم بوو. واپیدەچێت لە وشەی چەرخیەوە هاتبێت کە پارەیەکی وردەی تورکی بوو لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، یەك جێرك یەکسانە بە پێنج قورش.

دایكو باوكی گەڕاندەوە. یەكێكی تر لەو دیاردانەی خراپی دۆخی ئابووری جووەكان لە سەدەی بیستەمدا دەردەخات، لەم بەسەرهاتەی خوارەوە دیار دەكەوێت.

قەیرەژنەكان یان بێوەژنەكان، بگرە هەتا ژنی شووكردووش، بەدوای پەیداكردنی بژێوی ڕۆژانەیان لەشارەكانی خۆیان بەرەو بەغدا دەچوون. ڕەحیل دەیڤید كە ئافرەتێكی شووكردوی دهۆك بوو، بۆ پەیداكردنی كارێك بەرەو بەغدا كۆچی كرد. كاتێك هاوسەرەكەی مرد، گەڕایەوە دهۆكو لەوێ موشی ئیلیای برای هاوسەری مارەی كردەوە[180]. لەساڵی ١٨٩٢، لەیەكتر جیابوونەوە و ڕاحیل دووبارە گەڕایەوە بەغدا.

بەدرێژایی سەدەكانی هەژدەو نۆزدە، جووەكانی كوردستان بەهۆی كەمی خۆراكەوە دەیان ناڵاند، ئەویش بەهۆی قاتو قڕیو كوللەو لافاو و پەتا، كە سەرتاسەری كوردستانی گرتبووەوە. لەم دواییانەدا، لە ڕاپۆرتێكدا دەركەوتووە لەساڵەكانی ١٨٨٠–١٨٨٨دا، خۆراك بەجۆرێك كەم بووە كە زۆربەی جووەكان ناچار بوون بەرەو بەغدا بڕۆن. بەپێی وتەكانی جوولەكەیەكی زاخۆ، كە بۆ گەڕان بەدوای بژێویدا لەساڵانی بیستەكاندا بەغدا كۆچیان كردبوو:

"لەسەدا بیستی جووەكانی زاخۆ لەكاتی پشوودا نانیان دەخوارد. ئەوانی تر لەكاتی ماندووبوندا نانیان دەخوارد هەندێكیان نانی بەیانیان هەبوو بیخۆن، بۆلای بۆ ئێوارەكەی هیچیان لەماڵدا شك نەدەبرد".

١٨٠ بەپێی نەریتی جووەكان، ئەگەر پیاوێك مرد، برای مردووەكە دەتوانێت ژنی برا كۆچ كردووەكەی مارە بكاتەوە, وە ئەگەر ئەمیش مرد, دەبێت براكەی تری مارەی بكات، بەم جۆرە پرۆسەكە بەردەوام دەبێت. ئەمە پرۆسەیەكی بەزۆرە و دەبێت ملكەچی بن. (وەرگێڕ)

بەهۆی کەمی بژێوی ژیانەوە چەندین جوولەکەی شارەکانی زاخۆو ئامێدیو ساندور بەرەو بەغدا کۆچیانکرد. لەوێدا وەك خزمەتکار لە ماڵی جوولەکە دەوڵەمەندە بازرگانەکانو پیاوانی کاردا، کاریاندەکرد.

لەساڵی ١٩١٠ ئارۆن دەیڤید شوهبیت، وەك وەرگێڕی زمان لەباڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا کاری دەکرد. وە راپۆرتێکی سەبارەت بەباری ئابووری جووەکان لەو شارەدا پێشکەش بە باڵیۆزخانەکە کرد. ئەو روونی کردەوە لەسەدا پێنجی دانیشتوانی جووی بەغدا هەژار بوون، وە ئەو هەژارانەش زۆربەی ئەوانەبوون کە لە باکورەوە بەرەو بەغدا هاتوون[١٨١]. ژمارەی جوولەکە کوردستانیەکان لە بەغدا بەرچاو بوو. لە شوباتی ١٩٤٣ شماریاهۆ گوتمان لەراپۆرتەکەیدا روونی کردۆتەوە:

" لەزۆربەی مالی جووەکاندا خزمەتکارێکی لیّ بوو. لە ماڵە ئاساییەکاندا خزمەتکارێکی جوولەکەی کوردی لیّ بوو. کەس نەدەچوو ئاو بخواتەوە، هەتا بانگی خزمەتکارەکەی دەکرد و داوای ئاوی لیّ دەکرد. لە ماڵی جووەکاندا، خزمەتکاری جوولەکەی خەڵکی کوردستان لەویّ کاریان دەکرد. کەس بەخەیاڵیشی نەدەهات جوولەکەیەکی بەغدا کارێکی قورس ئەنجام بدات".

بەگوێرەی وتەکانی سابار، کە لە زاخۆدا لەدایك بووە، زۆربەی جووەکان وەك کوردەکان هەژار بوونو بەدەستی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکاندا دەیان

---

١٨١ جێگری کونسوڵی فەڕەنسا لە بەغدا ژمارەی جووەکان ویلایەتی بەغدای بە چل هەزار هاولاتی لە کۆی سەدو شەست هەزار هاولاتی خەملاندووە. ژمارەی جووەکانی ناو شاری بەغدا لە نێوان چلو پێنج بۆ پەنجا هەزار هاولاتی خەملێنراوە. ژمارەی جوولەکە کوردستانیەکان لە بەغدا بە دوو هەزار کەس خەملێنراوە.

نالاند. حکومەت خزمەتگوزارییە پێویستەکانو قوتابخانەو هێنانی شتمەکی بۆ پەرەپێدانی ئابووری ولات فەرامۆش کردبوو.

**پیشەی سەرەکی جووەکان:**

لە ولاتە ئیسلامیەکاندا، بە پێچەوانی ئەورووپا، جووەکان بەئارەزووی خۆیان ئەو پیشەیەی کە دەیانویست ئەنجامیان دەدا، بەلام بەهۆی چەند پالنەرێکەوە چەند پیشەیەکی دیاریکراویان دەکرد. کوردە جووەکان بەزۆری لە سێ جۆر پیشەدا کاریان دەکرد: کشتووکال، ئەمە پیشەی سەرەکی ئەوان بوو نەك تەنها لەناوچە گوندنشینەکاندا بەلکو لەشارەکانیش هەمان کاریان ئەنجام دەدا، کارامەیی‌و وەستایی لە شارو گوندەکاندا، بازرگانی، بەزۆری لە شارەکاندا. دەیڤید د. بیس هیل ئاماژە بەوە دەدات کە پیشەی بازرگانی باوترین پیشە بووە لەناو هاولاتیانی جوولەکەی شارەکانی ئامێدی‌و سلێمانی‌و زاخۆدا[١٨٢]. لەناوەڕاستەکانی سالانی سییەکانی سەدەی بیستەم شاری ئاکرێ لە سەدوپەنجا خێزانی جوولەکە پێك هاتبوو کە زۆربەیان بازرگان بوون. دەست بەسەرداگرتنی بازاڕی ناوخۆی ئاکرێ لەلایەن جووەکانەوە بایەخدار بوو، وە لەرۆژی شەممەو پشووی جووەکاندا دوکانەکانیان دادەخست.

ج.س. ریچ، پێنجوینی وەك گوند وەسف کردووە، هەرچەندە داهاتی سەرەکی لە بازرگانیەوە بووە. چەند خێزانێکی کەمی جوولەکە لەو گوندانەدا

١٨٢ دەیڤید ناوی هیچ جوولەکەیەکی بازرگانی لەزاخۆدا نەهێناوە، بەلام لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، نیوەی خێزانە جووەکانی زاخۆ بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان پشتیان بە پیشەی بازرگانی مەڕومالات دەبەست. هەندێك لەوانە بەهۆی بوونی مالاتێکی زۆرەوە، گەلێك دەولەمەند بوون.

دەژیان کە تیایدا ئاغایەکی خەڵکی سلێمانی خاوەنداریەتی دەکرد[١٨٣].
بازرگانەکان بازرگانی گوێزو پێستەی ئاژەڵانیان دەکرد کە لە سەدەکانی دواتریشدا هەر بەو کارەوە خەریك بوون. بنیامینی دووەم شاری رواندزی وەك شوێنێکی کشتوکاڵی بەپیت وەسف کردووە. بەگوێرەی راپۆرتێکی بەریتانی، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا:

" کوردەکان پشتیان بە کارامەیی جوولەکەو مەسیحیەکان دەبەست، بەتایبەتی لە دروستکردنی ئەو جلانەی لەبەریان دەکرد. کوردەکان وایان لێکدەدایەوە کە ئەو کارە لەگەڵ شکۆی ئەواندا ناگونجێت".

راپۆرتێکی بەریتانی ئاماژەی بەوە داوە کە بازرگانو دەسگێڕە جووەکان لەسەرتاسەری وڵاتدا لەشێوەی کۆمەڵەی بچووکدا بوون، وە بەناو گوندە دوورە دەستەکاندا بڵاوبوونەتەوە. جگە لە پیشەی بازرگانی، جووەکان چەندین کاری تریان ئەنجام دەدا. هەی، لەساڵی ١٩٢١ ئەوەی روون کردۆتەوە کە جووەکانی هەولێر دەستیان بەسەر دروستکردنی مەی(ئارەق)دا گرتبوو، هەرچەندە خواردنەوەی بۆ موسوڵمانان حەرام بوو، بەڵام ژمارەیەکی دیاریکراو دەیانخواردەوە. خاتوو ریچ، لە یادەوەریەکانیدا باس لە چاوپێکەوتنی چەند قەشەیەکی جوولەکە دەکات: بەزۆری جووەکانی کارا کۆڵبەریان دەکرد، خوێیان دەگواستەوە، کە ئەم پیشەیە یەکێك بوو لە پیشە سەرەکیەکانی شارۆچکەکە. بەهەمان شێوە لەزاخۆشدا گەنجە سەڵتەکان کاری قورسی وەك کۆڵبەرییان ئەنجام دەدا. پاش ئەوەی هاوسەرگیرییان ئەنجام دەدا، دەبوون بە

---

١٨٣ گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە هەندێك شاری ئێستای کوردستان لە کۆندا لە گوندێك زیاتر نەبوون. بۆ نموونە لەم پەرتووکەدا دیانا بە گوند ناوهێنراوە، کەچی ئێستا شارۆچکەیەکی تاڕاددەیەك گەورەیە.

داربڕ (دارەوان) و پاشان دەسگێڕ یاخود بازرگان. ئەم دوو پیشەی دوایی کەمتر لایەنی جەستەییان پێویست بوو بە بەراوورد لەگەڵ داربڕین یان ئەسپ بەخێوکردن. ئەوەی لەسەرەوەدا باس کرا، ئاماژەیەك بوو بۆ کاروپیشەی جوولەکە نادەوڵەمەندەکانی زاخۆ. بەڵام لە خێزانە دەوڵەمەندەکاندا، کاروپیشە لەباوکەوە بۆ کوڕ دەمایەوە. جوولەکەکانی سلێمانی بازرگان‌و زێڕینگرو بەرگدرو و جۆلاو شارەزا لە بۆیەکردنی خوری بوون.

هەندێك جوولەکەی شارنشین پیشەساز بوون‌و کارەکەیان پشت بەپشت بۆ مابوەوە. زۆرێك لە دایك باوکان دەیانویست منداڵەکانیان فێری دەست ڕەنگینی بن لەرێگای راهێنانەوە لەگەڵ وەستایەکی شارەزادا وەك شاگرد کار بکەن، هەروەك لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت. لەم ڕووداوەدا باس لەباوکێك دەکرێت کە ویستویەتی کوڕەکەی ببێت بە دارتاش، بەم هۆیەشەوە لەلای دارتاشێکی موسوڵمان کردوویەتی بە شاگرد.

" باوکم دەیویست براکانم فێری پیشەی دارتاشی بن، بەڵام دارتاشە کوردەکە کە ناوی رەمەزان بوو، نەیدەویست جوولەکەیەك ببێت بە شاگردی. ئەو بە باوکمی وت: جوولەکە هەر کە توانی فێری دروستکردنی کورسیەك ببێت، وەستاکەی جێدەهێڵێت چونکە زۆر پارەی خۆش دەوێت. ئەم ڕووداوە لە دەورووبەری ساڵەکانی( ١٩٣٨ یان ١٩٣٩)دا بوو. باوکم سوودی لەو پەیوەندیانە بینی کە لەگەڵ حازم بەگدا هەیبوو، ئەو دەسەڵاتی وەزیرێکی هەبوو و کاری قۆنتەراتی لەزاخۆ و ناوچەکەدا دەکرد... لەگەڵ ئەوەی رەمەزان کاری دارتاشی بۆ خانووە نوێیەکەی ئەو دەکرد، بەڵام داواکەی ئەویشی رەتکردەوە و پێی وت: جوولەکە ناخەمە ناو ئیشی خۆمەوە".

پاش بینەو بەردەیەکی زۆر، حەبیب کەتنە، کوڕە جوولەکەکە، دەستی کرد بە کارکردن لەلای رەمەزانی دارتاش. پاش چەند ساڵێی کەم لەکارکردن،

لێی جیابووەوەو لەگەڵ رەئوفی برای پێکەوە لە گوندە مەسیحیەکانی دەورووبەر کاریان کرد. براکانی کەتنە لەکوردستان‌و ئیسرائیل هەر خەریکی کاری دارتاشی بوون.

بەهۆی رێزگرتنی جوولەکەکان لەرۆژی شەممەو کارنەکردنیان، چەندین جوولەکە نەیانتوانی ببن بە فەرمانبەری حکوومەت. لەساڵی ١٩٢٨دا، هاملتۆن باسی ئەوەی کردووە کە حکوومەت رۆژی پشووی دروست کرد بۆرازیکردنی موسوڵمانان، بەڵام چەند رۆژێکی دیاریکراو بۆ جوولەکەو مەسیحیەکان تەرخان کرابوو. جووەکان زۆر مکوڕ بوون لەسەر رێزگرتنی رۆژە پیرۆزەکانیان، هیچ جوولەکەیەك لەرۆژی شەممەدا کاری نەدەکرد، رەنگە ئەمەش هۆکارێك بووبێت تەنها چەند جوولەکەیەکی کەم لە کەمپی هاملتۆن، کە کاری دروستکردنی رێگا بوو، کاریان دەکرد. لە کەرتی حکومەتیشدا هەمان شت بەرچاو دەکەوت.

١. ئابووری شار

زۆربەی خێزانە جوولەکەکان لەشارە کوردیەکاندا بژێوی ژیانیان بەهۆی کاری بازرگانیەوە بوو. تەنها لەشاری زاخۆدا، نزیکەی نیوەی دانیشتوانی جوولەکە بەهۆی بازرگانیەوە ژیانی رۆژانەیان دابین دەکرد. لەساڵی ١٩٤٥ جوولەکەیەك سەردانی زاخۆی کردو لە راپۆرتێکدا ئەوەی دەرخست کە لەوێ جووەکان لە کەرتەکانی کشتوکاڵ‌و وەستایی‌و قاچاغچییەتی‌و گواستنەوەی داردا کاریان دەکرد.

وەك جووەکانی زاخۆ، ژمارەیەکی زۆر لەجووەکانی دهۆك‌و ئاکرێ‌و ئامێدی‌و هەولێرو کەرکوك‌و سلێمانی خەریکی کاری بازرگانی بوون. جوولەکە بازرگانەکان پەیوەندیەکی بازرگانی رێك‌وپێکیان لەگەڵ هاوپیشەکانیان لە بەغداو کەرکوك‌و هەولێرو موصلدا هەبوو. چەندین بازرگانی بەتواناو ئازا بۆ

کاری بازرگانی تاوەکو مۆسکۆ و تبلیسیو تەبریزو بۆمبەیو کەلکۆتا، گەشتیان کردووە[184]. لە زمانی کوردیدا، وشەی بازرگان هەر بازرگانە، بەڵام سەرچاوەکانی جوولەکە باسی دوو جۆری سەرەکی پیشەییان کردووە، هەروەك لە خوارەوە ئاماژەی بۆ کراوە.

تجارەت: ئەو بازرگانانە دەگرێتەوە کە بەکۆمەڵ شتمەکیان دەفرۆشتو لەناو بازاڕدا خاوەنی دوکانو کۆگا بوون. ئەوان مامەڵەیان بە کەلوپەلی وەك: کەتانو خوریو هەموو جۆرە بەرهەمە کشتووکالیەکانو دارەوە دەکرد، کە ئەمەی دواییان یەکێك بوو لەکەلوپەلە گرنگەکان. فرۆشتنی دار بۆ سووتەمەنی کارێکی نایاب بوو، چونکە لەسەر گردو چیاکاندا بەئاسانی دەست دەکەوت، وە پاش بڕینیان بە چەمو روبارەکاندا دەیانگواستەوە. بۆ نموونە لە زاخۆدا، بەهۆی کەلەکەوە دارەکانیان لە ناوچەی هۆزی گولیەوە دەگواستەوە. بازرگانەکان پەلەیان نەدەکرد لە فرۆشتنی شتمەکەکانیان یەکسەر دوای کڕینیان، بەڵکو ئەوەیان بەچاك دەزانی چاوەڕێ بکەن تاوەکو نرخەکەی بەرز دەبێتەوە. قازانجی بازرگانە گەورەکان لەوەدا بوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی بن تاوەکو نرخی بازاڕ بەرز دەبێتەوە[185]. ئەم چەند بەسەرهاتەی خوارەوە ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە کە جووەکان دەستیان بەسەر بەشێکی وڵاتو ناوچەکە بەگشتیدا گرتبوو. بنەماڵەی معلم ابراهیم، پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، داریان بۆ حکومەتی بەریتانیا لە عێراق دابین دەکرد. ئەوان داری سوورە چناریان دەبڕیو دەیانفرۆشتە بەریتانیەکان، ئەوانیش بۆ ستوونی

---

١٨٤ مۆسکۆ: پایتەختی رووسیا. تبلیسی: پایتەختی جۆرجیا. بۆمبەیو کەلکۆتا: دوو شاری گەورەی وڵاتی هیندستانن. ( وەرگێڕ)

١٨٥ لە ئاییینی ئیسلامدا ئەم کارە بەتەواوی ڕێگا پێنەدراوە کە شتمەکەکان تاوەکو گران بوونیان هەڵبگیرێن.

کارەباو پیشەسازی شقارتەو تەختەدار بەکاریان دەهێنا. بنەماڵەکەی لەبەغدا شەریکی هەبوو وە لە موصلیشدا بریکاریان هەبوو. لەناوچەکانی دەورووبەری زاخۆو نزیك دارستانەکاندا، ئەوان کۆمەڵە خەڵکێکیان هەبوو بۆ بڕینی دارو گواستنەوەیان بە ئێستر، کە دارەکانیان دەبڕیو پاشان بەئێستر لە چیاکانەوە دەیانگواستەوە بۆ زاخۆ و لەوێشەوە بۆ موصل.

ساسۆن کیتانی بازرگانێکی جوولەکەی خەڵکی زاخۆ بوو، جارێکیان بەرەو وڵاتی تورکیا بۆ کاری بازرگانی لەگەڵ جوولەکەیەك بەناوی هارون جاسورۆ و موسوڵمانێك بەناوی حەجۆ عەلەکی بۆ بردنی پۆلێك مەڕ بۆ ئەو وڵاتە گەشتی کرد. هاوبەشە (شەریك) موسوڵمانەکەی ناوی نەجیب جادر بوو. ئەوان شەش هەزار سەر مەڕیان لەوڵاتی تورکیا هێنا، کە وابڕیار بوو هەندێك لەو مەڕانە لە وڵاتی سوریادا بفرۆشن، بەڵام بەهۆی بارگرژی سنووری نێوان عیراق- سوریا نەیانتوانی بەو شێوەیەی کە پلانیان دانابوو کارەکە ئەنجام بدەن. لە ئەنجامدا، ناچار بوون لەبازاڕەکانی ناوخۆدا بەنرخێکی هەرزانتر بیفرۆشن. بەم هۆیەشەوە بڕێکی زۆر پارەیان لەدەستدا و متمانەیان لەلای بازرگانەکانیش کەمتر بوو. لەو ڕۆژە بەدواوە، دوابەدوای ئەو نوشوستیە ئابووریە گەورەیەوە، ساسۆن کیتانی بڕیاریدا چیتر بەو برە زۆرە مەڕومالآت نەکڕێت.

یوسف گاملیلی خەڵکی دهۆك، بازرگانو دوکاندار بوو. لەساڵی ١٩٣٨-١٩٤٠ لەکاتی پەیڕەوکردنی سیستەمی (تەموین) بەشە ئازووقەی هاوڵاتیان، حکومەت پێداویستی سەرەتایی وەك شەکرو کەتانی بەسەر بازرگانە متمانەپێکراوەکاندا لەسەرتاسەر وڵات دابەش دەکرد. ئەم بازرگانە ڕێپێدراوانە دوای ئەوەی بەشە خۆراکەکانیان وەرگرت، بەسیستەمی کۆبۆن بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشیان دەکرد. گاملیلی، یەکێك بوو لەو بازرگانە ڕێپێدراوانە وە هەوڵیدەدا بە فرۆشتنەوەی ئەو بەشە خۆراکە لە بازاڕە ڕەشدا قازانجی زیاتری دەست

بکەوێت، بەڵام پۆلیس سێ فەردە شەکری لەماڵیدا دۆزیەوە. گاملیلی ڕووداوەکە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

" پۆلیس منی دەستگیرکردو لەزیندان بەندیان کردم. شەش مانگ لە زیندان مامەوە.... من نیازم وابوو لەماڵ ئەو شەکرە بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی شەکرەکەیان لەماڵدا دۆزیەوە نەك لە دوکانەکەدا، دەستیان بەسەر شەکرەکەدا گرتو متمانەکەمیان هەڵوەشاندەوە، بەپێی یاسای تەموین نەمدەتوانی چیتر ئازوقە بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش بکەم.... ئێمە ئازوقەمان دەبردە ماڵەوە، چونکە چەندین کەس دەیانویست لێمان بکڕن.. کڕیارەکان بۆماوەی یەك کاتژمێر لە نۆرەدا چاوەڕێیان دەکرد... وە دوکانەکەش بچووك بوو، بۆیە چەندین جار شەکرم دەبردەوە ماڵ.. هەموو کەس لەمە ئاگادار بوو... وە بەهۆی ئەم کارەمەوە حکومەت بەندی کردمو پاش شەش مانگ لە زیندان ئازادکرامو دووبارە دەستم بە بازرگانی کردەوە".

دووەم جۆری بازرگانی بریتی بوو لە دوکانداری لەناو بازاڕدا. دوکاندارەکان لە ڕووی قەبارەوە لە (تجارەکان) بچووکتر بوون، بەزۆری ئالوگۆڕی بازرگانییان لەناو بازاڕدا بوو. بەزۆری کەلوپەلەکانیان تەنها بۆ دوکانو کڕیارەکانی خۆیان دەکڕیو دەفرۆشت. لیچ، لە راپۆرتێکدا ئەوە دەردەخات زۆربەی ئەو بازرگانانەی لە رەواندوزدا کاریان دەکرد لەساڵی ١٩٣٨ جوولەکە یان ئەرمەنی بوون. بەپێی راپۆرتێکی بەریتانی لەساڵی ١٩١١، حکومەت نیوەی باجی لەو دوکاندارانە وەرگرت لە:

" کۆی گشتی ئەو کەلوپەلانەی کە هاوردەو ناردەنی تورکیا دەکران... چونکە لەکاتی مانگەکانی هاویندا... کاتێك هۆزە کوردییەکان بۆ لەوەڕاندنی مالاتەکانیان سنووریان دەبەزاند، پەڕینەوە لە هەموو کۆنترۆلەکانی سنوور مەحاڵ بوو".

قاچاغچیەتی دیاردەیەکی باوی ناوچە کوردنشینە هەرێمیەکان بوو کە تیایدا لە دەورووبەری شار یان لەسەر سنوور دەکرا. دوو راستی شاری زاخۆیان کردە مەڵبەندی بازرگانیو قاچاغچیەتی.

١. زاخۆ ناحیە بوو وە بەسەدان گوند دەورە درابوو.

٢. زاخۆ لە کوردستانی عێراقدا کەوتبووە دووری نۆ میل لە سنووری تورکیاو دە میل لە سنووری سوریاوە، لەیەك نزیکبوونی سنووری هەرسێ وڵاتو بوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هانی کاری قاچاغچیەتی لەنێوان سوریاو کوردستانی عێراق دەدا.

قاچاغچیەکان بەناو رووباری بچووکەکەی خاپور دەپەڕینەوە ئەو بەری سنوور. دانیشتوانی کوردی تورکیا لەو بەری سنوور لەکاتی لەوەڕاندنی ماڵاتەکانیان کڵاوێکی تورکی ناسراویان لەسەر دەکرد بۆئەوەی بناسرێنەوە. قاچاغچیەکان کاتێك لەسنووری عێراقدا دەپەڕینەوە، کلاوەکانیان لەسەر لادەبرد. لەلایەکەی تری سنووریش ئەوان شتێکیان لەسەر دەئاڵاند. بەم رێگایە خۆیان وەك دانیشتووی کوردی ناوخۆیی پیشان دەدا. ئەوان بەشەو لە رووباری خابوور دەپەڕینەوە، وە ئەگەر پۆلیس لەولا یان لەلای تر ئەوانی دەسگیر کردبوایە، کەسە ئەزمونداره‌کان دەیانتوانی خۆیان لەو بارودۆخە رزگاربکەن. سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەگەر یەکێکیان دەسگیرکرابوایە دەتوانرا بەپێدانی هەندێك بەرتیل بە پۆلیسەکان کێشەکە چارەسەر بکەن. ژمارەیەکی زۆر لە قاچاغچی دەهاتنە زاخۆ، چونکە تاکە شوێنی بازرگانی ناوچەکە بوو. شتمەکی خۆیان دەفرۆشتو چەند جۆرە کەلوپەلێکیشیان دەست دەکەوت، جا چ بە پارەی کاش بوایە یان ئاڵوگۆڕی شتمەکەکان. هەندێك لەو قاچاغچیانە بۆماوەی چەندین ساڵ بەشێوەیەکی رۆتینی لە سنوور دەپەڕینەوە وە چەند پەیوەندیەکی باشیان لەنێوان جووەکانی زاخۆو قاچاغچیە کوردەکانی تورکیدا

دروست کرد. دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت کە قاچاغچیەتی لەناو کورداندا وەك کارێکی نایاسایی سەیر نەدەکرا. بەشێوەیەك سنووری نێوان تورکیاو عێراق، کوردەکانی لەیەك جیاکردبوەوە کە لەپێشدا بۆماوەی چەندین سەدە وە بەبێ بوونی بەربەستی سنووری بەیەکەوە دەژیان.

بەقاچاغ بردنی شتمەك لە سوریاوە بۆ باکووری عێراق بەبەراورد لەگەڵ تورکیادا کەمتر بوو. بازرگانەکانی زاخۆ بەرەو سوریا گەشتیان دەکرد، بەتایبەتی بۆ شاری قامیشلی. دوابەدوای جەنگی یەکەمی گێتی، کارگێڕی فەڕەنسا شارۆچکەکەیان بنیادنا کە ژمارەیەکی زۆر جوولەکەی لێ بوو، وە بەشێك لەو جوولەکانە کەسوکاریان لە زاخۆدا هەبوو. ئەوان ئەو کەلوپەلانەیان دەکڕی کە لە زاخۆدا داواکراو بوون و پاشان بۆ فرۆشتنی ئەو کەلوپەلانە لە سنوور دەپەڕینەوە.

دەسگێڕە جووەکان لەو گوندانەدا دەگەڕان کە کەوتبوونە ناو دەشتو شاخەکانەوە وە بەشێکی گرنگی ئابووری گوندنشینانیان پێك دەهێنا. ئەو دەسگێڕانە کەلوپەلیان بۆ ئەو کوردانە دەهێنا کە بەشێکی زۆریان زۆر بەکەمی لەناوچەکەی خۆیان دەردەچوون. بۆ نموونە، دەسگێڕە جووەکانی سلێمانی لەماوەی یەك هەفتەدا بەناو هەموو گوندەکانی شارەزووردا دەسوڕانەوە، وە بۆ رۆژی شەممەش دەگەڕانەوە. پیشەی دەسگێڕی گەڕۆك کە کوردەکان پێیان دەووت (عەتار)[١٨٦]، لەکۆندا پیشەیەکی باوی جووەکان بوو. ریچ بەو شێوەیە پێناسەی دەسگێڕی کردووە: دەسگێڕی کارێکە کە پیشەی دابینکردنی کەلوپەلە بۆ ئەو شوێنە دوورە دەستانەی کە تیایدا دوکان تیایدا نیە.

---

١٨٦ عەتار: وشەیەکی عەرەبییە بە واتای بۆنفرۆش، بەڵام لە کوردەواریدا بەو کەسانە دەوترا کە کەلوپەلیان بەشێوەیەکی گەڕۆکی دەفرۆشت.

دەسگێڕە جووەکان بەو شێوەیە دەوڵەمەند نەبوون کە بتوانن ببنە خاوەنی دوکانی تایبەت بەخۆیان وە تەنیا لەتوانایاندا بوو مامەڵە بەو شتمەکە سەرەتاییانە بکەن کە گوندنشینان پێویستیان پێ بوو. دەسگێڕەکان لەبازاڕە ناوخۆییەکاندا شتمەکیان دەکڕی، بەزۆری ئەو بەرهەمانەی بەقەرز یان پارەیان قەرز دەکرد بۆ کڕینی، وە پاشان بە یەك دوو گوێدرێژی بارکراوەوە دەچوونە گوندە دوورەدەستەکان بۆ فرۆشتنی. دوای فرۆشتنیان، بە پارە یان بەو کەلوپەلانەی کە ئاڵوگۆڕیان پێکردبوو دەگەڕانەوە شارەکەیان، وە دواتر قەرزەکانیان دەدایەوە، پاش پشوویەکی کورت دووبارە گەشتەکەیان دەستپێدەکردەوە. ئەم کارەیان مەترسیدار بوو، لەماوەی چەند ساڵێکدا ژمارەیەکی زۆر لەدەسگێڕە جووەکان لەو کاتەی خەریکی پیشەی خۆیان بوون، کوژران یاخود دزیان لێکرا.

جۆرێکی تری دەسگێڕی هەبوو کە تۆزێك جیاواز بوو، ئەویش چەرکچی بوو، واتە دەسگێڕی بچووك یان بەڕێککەوتو ناوبەناو. هەندێك لە جووەکان چەرکچی بوون، لەو کاتەی سودیان لە شتێك دەبینی ئەنجامیان دەدا، واتە بەردەوام لە کارکردندا نەبوون. ئەو کردارە ئابووریە بەزۆری لە گوندەکاندا روویدەدا، لەو کاتەی کە چەرکچی چاوی بە گوندنشینێك دەکەوت خەریکی گواستنەوەی بەرهەمەکانی بوو. هەندێك لە کوردەکان وایان بەباش دەزانی بەرهەمەکانیان بە نرخێکی باش بفرۆشن نەوەك لە گوندەکان بگەڕێنو کەلوپەلەکانیان بەنرخێکی هەرزانتر بفرۆشن. ئەم گوندنشینانە ئامانجی چەرەکچیەکان بوون. کاتێك گوندنشینێکی کورد بەبارێك بەرهەمەوە بەوناوانەدا تێدەپەڕی، چەرکچی لێی نزیك دەبووەوەو دەربارەی بەهای بەرهەمەکەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد.

چەرەکچییەکە لە کارەکەدا قازانجی دەکرد، چونکە فرۆشیارەکە ئاگاداری نرخی بازاڕ نەبوو. هەندێك لەو گوندنشینانە ساویلکە بوونو هەندێکیان ئاگایان لە نرخی بازاڕ نەبوو و نەیاندەزانی لە بازاڕدا ئەم بەرهەمە بەهادارە یان بێ بەهایە. ئەم بەرهەمانە بەشێوەیەکی باش نەدەکێشرانن، بەڵکو لەلایەن هەردوو لاوە کێشەکەی دەخەملێنرا. بەم هۆیەشەوە چەرکچییەکە زۆربەی جار بەرهەمەکانی بەنرخێکی هەرزان دەکڕی. کاتێك ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکە تەواو دەبوو، گوندنشینەکە بەخۆشحالیەوە دەگەڕایەوە گوندەکەی، وە وابیری دەکردەوە ئەگەر بەرهەمەکەی نەفرۆشتبایە چەرکچییەکە ئەوا ڕۆژێکی کارکردنی بەبادا دەچوو. بەم شێوەیە چەرکچییەکە دەگەڕایەوە شارۆچکەکەیو شتمەکەکانی بە قازانج دەفرۆشتەوە بازرگانێك. ئەو چەرکچییەی بیویستایە زۆرترین هەلی کار دەست بخات، دەبوایە لە قسەکردن زۆرزان بێت. هەندێك لە چەرکچییەکان هەتا پارەی ئامادەشیان نەبوو، وە هەندێك جار دەبوایە بۆ ئەم جۆرە مامەڵانە قەرز بکەن. بۆ نمونە، لە زاخۆ چەرکچییەکان لە کۆمەڵگادا بەچاوێکی نزم سەیریان دەکران، سەرمایەی سەرەکییان تەنها لێزانیو فێلبازییان بوو لە کاردا.

**ڕێگاکانی خۆپاراستن پێش ئەنجامدانی کارێك:**

زۆر بەدەگمەن هەبوو جووەکان لەناو گوندەکانیاندا بەدەستی بیانیەکان ئازار دەدران یاخود نەدەتوانرا ئازار بدرێن ئەگەر هاوڵاتی ژێر دەستی ئاغایەك بوایە. زۆربەی جار ئاغا لەناو هۆزدا، جووەکانی دەپاراست لەهەر دەست درێژییەك کە لەلایەن خەڵکی گوند یان پیاوانی هۆزەوە کرابوایە سەریان. لەدەورووبەری ساڵی ١٩١٣دا، سایکس چاوی بەسێ هاوڵاتی جوولەکەی خەڵکی ناوچەی هەکاری کەوت کە بە چەندین جۆر کەلوپەلەوە بەبێ چەك گەشتیان

دەکرد. ئەو ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو جوولەکانە بەشێوەیەکی کرداری دەیانتوانی لەناوچەکەی خۆیان بگەڕێن بەبێ ئەوەی هەست بە مەترسییەك بکەن. ئەمەش بێگومان بەهۆی ئەو ئاساییشەوە بوو کە لەلایەن ئاغاوە بۆ جووەکان دابین کرابوو. لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، دیکسۆن ئاماژەی بەمەترسی کوشتن‌و دزین لەسەر ڕێگا دوورە دەستەکانی کوردستان داوە. جوولەکە بازرگان‌و دەسگێڕەکان ناچار بوون هەندێك ڕێگا بگرنەبەر بۆ خۆپاراستنیان لەو مەترسیانەی رووبەڕویان دەبنەوە. گەورەترین کۆسپی جووەکان لەسەلامەتی ڕێگا دەرەکیەکان‌و ناوچەی دەرەوەی دەسەڵاتداری ئاغاوە بوو. گەشتەوەرە جووەکان بەکەمی بۆ دەرەوەی ناوچەی دەسەڵاتداری ئاغاکانیان گەشتیان دەکرد، بۆیە زۆربەی جار بەبێ پاسەوان بەناو ناوچە مەترسیدارەکان بۆ ئەو شوێنانەی مەبەستیان بوو سەفەریان دەکرد. ناخێڵەکی بوونی جوولەکە گوندنشینەکان وای لەوان کردبوو ببن بە ئامانجێکی ئاسانتر بۆ راکردووەکان یان دوژمنی ئاغاکانیان.

گەشتەوەرە جووەکان پشتیان بە چەندین هۆکار دەبەست بۆ بەرگری کردن لە خۆیان. ئەوان بە گرووپێکی دوو سێ کەسییەوە گەشتیان ئەنجام دەدا، یاخود لەگەل پاسەوانێك، یاخود پەیوەندییان بە کاروانێکەوە دەکرد، یانیش دەچوونە پاڵ پیاوانی خێل تاوەکو دەگەیشتنە شوێنی مەبەست. هەندێك لە جوولەکە بازرگانەکان کاتێك بە جووت یان کۆمەل گەشتیان ئەنجام دەدا، وایان بەباش دەزانی کە چەند سەد مەترێك لەدووری یەکترەوە بن بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێکیان دزیی لێکرا، ئەوەی تر بتوانێ داوای یارمەتی لە گوندەکەی دراوسێ بکات. لەڕاستیدا جوولەکە دەسگێڕەکان ئەوانەی کە بێ ئەندازە بەناو چیاکانی کوردستان گەڕابوون، ئەزموونێکی باشیان هەبوو. ئەوان دەیانزانی کە ڕێگاو گوندەکان‌و دانیشتوانەکەی چۆنن‌و دەیانناسین، ئەوان زۆر بەئاگادارییەوە

هەڵسوکەوتیان دەکرد بۆ ئەوەی ئەو مەترسیو کێشانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە خۆیان لێ بەدوور بگرن. ئەو بەرگری لەخۆکردنو پاراستنیان لەلایەن ئاغاوە، بەشێوەیەکی گشتی بەس بوو بۆ پاراستنی جووەکان لەمەترسی ڕێگا. لەگەڵ ئەوەشدا، چەند گەڕۆکێکی جوولەکە لەکاتی گەشتیاندا لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کوژران، کە زۆربەی جار دەبووە هۆی کوچکردنی بنەماڵەی قوربانیەکە بۆ گوندێکی تر یاخود ناوچەیەکی تر. کاتێك کە بنەماڵەی (موشی بنیامین) لەمێرگەسۆرەوە بەرەو دیانا کۆچیان کرد ئەوان بەدوای پشتگیری کردنی ئاغایەکی نوێ دەگەڕان وە پشتگیری (محمود بەگ)ی سەرۆك خێلی (پیرسینیا)و (ئەحمەد ئاغای)ی سەرۆك خێلی مێرگەسۆرو (حاجی ئەحمەد عەلی ئاغا)یان بەدەست هێنا. چەند ساڵێك پێش، دوو ئەندامی بنەماڵەکە کوژرابوون. یەکێکیان لە(سەرکانی)، ئەوی تریان لەمێرگەسۆر، کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی پاراستن لە ڕێگادا ببێتە کێشەیەکی گەورەی بنەماڵەکەی.

"لە کۆتاییدا کاتێك ئێمە ئەو ئاغایانەمان ناسی، ئەوان ڕێزیان لێ گرتین. لەو کاتەی کەبەڕێگاکاندا گەشتمان دەکرد، ئەوان خزمەتکارەکانی خۆیان بۆ پاراستنی ئێمە دەنارد بۆ ئەوەی دوورمان بخەنەوە لە کوشتن. بەم شێوەیە، ئێمە بۆ ماوەی یانزە ساڵی تر لەوێ دا ژیایین".

زۆربەی جوولەکە دەسگێڕەکان خەڵکی شارەکان بوون، تەنها ژمارەیەکی کەمی جوولەکە گوندنشینەکان ئەم کارەیان دەکرد. زۆربەی جار ڕێگاکانیان بەناو گوندێك یاخود ناوچەیەکی خێلەکیدا دەرباز دەبوو. ئەو شارەی کە باشترین ناوبانگی بۆ جووە دەسگێڕەکان هەبوو شاری زاخۆ بوو، کە بەسەدان گوند دەورە درابوو. دەسگێڕەکان بەناو گوندە شاخاویەکاندا دەگەڕان، دەهاتنو دەچوون، بەزۆری لەبەهارو پایزدا. بۆ دڵنیایی سەلامەتی جەستەییانو سەلامەتی کەلوپەلەکانیان، دەسگێڕەکان پێویستیان بەپاراستنی ئاغاکان بوو،

که گەشتەکە لەسنووری ئەودا ئەنجام دەدرا. جووە دەسگێڕەکان پەیوەندییەکی ناوازەیان لەگەل کوردەکاندا دروست کرد، که لەکاتی وەستانەکەی(پشوو) میوانداریيان دەکرد لە گوندەکانیاندا.

ئەو خانەخۆیانە پێیان دەوترا (ماری–بەسا) وات خاوەن ماڵ، ئەوان میوانداری دەسگێڕە جووەکانیان دەکرد لە ماڵەکانیان لەکاتی گەشتەکانیاندا. ئەو دەسگێڕانە میوانداری دەکران‌و خواردن‌و پەناگەیان لەماڵی خانەخۆیەکەدا بۆ فەراهەم دەکرا. بەپێی یاسای خواردەمەنی یەهودیەکان، ئەو خواردنی کۆشەر (حەلال)ی خۆی دروست دەکردو قاپ‌و قاچاغی خۆی بەکاردەهێنا. ماوە ماوە ئەو هەندێك دیاری‌و شمەکی ویستراوی بەخاوەن ماڵ‌و خێزانەکەی دەبەخشی. (ئیدمۆندس)بەم شێوەیە باسی ڕۆلی ئاغا ناوخۆیی‌و میوانداریەکەی لەگوندە کوردەکاندا کردووە.

"...... بەگشتی لەهەموو گوندێکدا کوێخایەك(خاوەن زەوی و زار)هەبوو یاخود ئاغایەك هەبوو که بەزەبری هێز خۆی بەسەر دانیشتووی گوندەکەدا سەپاندبوو. بەپێی دابونەریت، بوونی کوێخا پێویستییەکی حاشا هەڵنەگر بوو بۆئەوەی پەرە بەمیوانداریکردنی خەلکی بیانی بداتو دەستوری گوندەکە لەپێشوازیکردنی میوان نەشێوێت، ئەمەش بەهۆی دروستکردنی میوانخانەیەکی بچووك فەراهەم دەکرا... کەتیایدا هەتا زەلیلترین کەس دەیتوانی خۆشی‌و خەوتنی بۆ دابین بکرێت، بەشێوەیەکە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، خانەخۆیی چاوەڕێی هیچ جۆرە پاداشتێکی نەدەکرد بۆ مانەوەی کورتو کەم.... ئەو (کوێخا)کارو پیشەی ڕێك وەك هی موختار نەبوو... لەوکاتەی کەهیچ کوێخایەك لەگونددا نەبوایە موختارەکە خۆی بەرپرسیار دەبوو لە دابین کردنی خۆش بەختی‌و راحەتی بۆ گەشتیارەکە لەناو مزگەوت دا، هیچ ڕق‌و کینەیەك بەرامبەر کەس هەڵنەدەگیرا ئەگەر لەسەر هەر بیروباوەڕێك یاخود ئایینێك بوونایە.

میوانخانەکە یان ژووری میوانەکە... وەك جۆرێك لەیانەی لێدەهات کەتیایدا پەیوەندیەکان پەرەیان پێدەدراو میوانو گەشتیاریان لە گوندەکانی دراوسێدا پێشوازییان لێدەکراو باسو هەواڵی ئاڵۆگۆڕی بازرگانی تیایدا گفتوگۆ دەکرا".

سەرەڕای فەراهەم کردنی شمەکەکان، دەسگێڕەکان ڕاپۆرتو چیرۆکو خۆشییان لەتەواوی گوندە دوورە دەستەکاندا بڵاو دەکردەوە. چەندین دەسگێڕو بازرگان بوونە چیرۆك بێژ، هەندێك لە هەندێکی تر لەکاتی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەدا، بەهرەدارتر بوون. چیرۆك بێژە جووەکان لە دیوەخانەی ئاغا دادەنیشتنو دەنگوباسی ئاژاوە خێلەکیو کێشەکانی خەڵکیان دەگێڕایەوە بەگوێرەی وتەکانی (ڕاندو ڕەش)، وەك ئەوە وابوو کە دەتگووت ئەو (دەسگێڕ یان بازرگان) لەماوەی یەك ساڵی تەواودا ئەو چیرۆکانەی هەڵگرتووەو لەو دیوەخانەیەدا وەکو ئاوی نافورە هەمووی هەڵدەپژاند. بەدرێژایی ئەو کاتە، جووە دەسگێڕەکان پەرەیان بە بەهرەی گێڕانەوەی چیرۆك دەدا و هەندێك لەوانە بوون بەچیرۆك بێژی بەناوبانگ. ئەم چۆنیەتیە بووە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ خەڵکی گوندەکان دروست بکەنو بازرگانیەکەیان لەڕێگای گوندەکان ئاسانتر بکەن. (بۆسیس) جەخت لەوە دەکاتەوە کەلەناو کورداندا چیرۆك بێژ ڕێزێکی زۆری لێدەگیرا.

دیوانخانە پێگەیەکی کۆمەلایەتی گرنگی لە ناسنامەی خێلەکاندا هەبوو. هەموو ئاغایەك پەرەی بە دیوەخانە دەدا، کە تیایدا میوانداری پیاوانی خۆیو میوانانی دەکرد. ئەم بەسەرهاتەی خوارەوە لەلایەن ئەفسەری سیاسی بەریتانیا (والاس لیۆن) لەسەرەتای سالانی بیستەکان، باس لە وەرزی هاوینی دیوانخانەی (عەبدولقادر بەگ)ی سەرخێلی ئاغاکانی خێلی خۆشناو دەکات.

"دیوانە هاوینیەکەی لەناو دارستان بوو لەخوار گوندی شەقلاوە حەوزێکی تیادا بوو کە سێ پێ قوولو بیست پێ چوارگۆشە بوو، کە بە بەرد دەورە

درابوو، وه شوێنەکە بە لێفەو کومبار(ڕایەخ)داپۆشرابوو و دەوروبەری شوێنەکەش بەداری سوورەچنارو دارمێو دەورە درابوو، وە لەنزیك ئەم دیمەنە دلڕفێنە میوانخانەیەکی بچووك بۆ وەرزی هاوین بەرچاو دەکەوت. بیستو چوار کاتژمێر خزمەتکارێك لەوێ بوو، جگەرەی تێدەکرد و پەرداخ چای شیرینی لە سەماوەری ڕووسی پێشکەش بە میوانەکان دەکرد. هەتا ئەگەر خانەخۆیەکەش لەوێ نەبووایە یاخود کەس لەوێ نەبووایە قسەی لەگەل بکەی، کەسێك دەیتوانی ئیسراحەتی خۆی وەرگرێتو سووکەخەوێك لەوێ بکاتو پاشان خۆی لەحەوزەکە هەلێنێتو بێتەدەرەوە لە ڕۆژەگەرمەکاندا، بەجریوەی دەنگی جۆرەها باڵندە کەلەوێ دەورەدرابوون، دڵی خۆی تێر ئاوێتەی شادی بکات"

پاشان(لیۆن) بەدرێژی باس لەو خزمەتە دەکات کە تیایدا وەجبەی خواردنو میوەو چایو جگەرەی تیا پێشکەش دەکرا. لەڕاستیدا هەموو سەرخێلەکان ئەو جۆرە حەوزی ئاوەو خواردنە باشەیان نەبوو، بەڵام زۆربەیان دیوانخانەیان هەبوو کە تیایدا چایو ساردەمەنی پێشکەش دەکرا. بەپشت بەستن بە سەرچاوەی نووسراو و گوتراو، جوولەکەیەك تەنها ئەو کاتە دەیتوانی گەشتەکەی بکات کە پشتگیری پاراستنی لە ئاغاوە وەرگرتبوایە، بەبێ دابین کردنی سەلامەتی لەلایەن ئاغاوە کە دەستی بەسەر ئەو باندانەدا هەبوو کە دزیان دەکرد لە ناوچەی دەسەلاتداری ئەودا، چارەنووسی جووە دەسگێڕەکە نادیار بوو. ئەمەی خوارەوە لەو کاتەدابوو کە جوولەکەیەکی دەسگێڕ نزیك گوندێك کەوتەوە، یەکەمجار سەری گوێدرێژەکەی دایە ماڵی ئاغا بۆ ئەوەی مۆلەتی شمەك فرۆشتنی لێوەرگرێت لە گوندەکەدا وە باشترین جلوبەرگیشی پێشکەش بە ئاغا دەکرد. بەم شێوەیە ئاغا ڕێگەی بەم جوولەکە دەسگێڕانە دەدا کە لە گوندەکە بسوڕێنەوەو باندەکانی دزی ئاگادار دەکردەوە کە ئەو دەسگێڕە روخسەتی لەئاغا وەرگرتووەو ئازادە لەگەڕان بەناو گوندەکەدا.

هەندێك ئاغای چاوچنۆك، دزیکەریان هەبوون کە کاریان بۆ دەکردن، وە دوای ئەوەی ئەو دزانە هەندێك پارەیان پێدەدا، ئاغاکان خۆیان بێدەنگ دەکرد.

بەشێوەیەکی گشتی جوولەکە شارنشینەکان ناویان لەخۆیان نابوو (بازرگانی زیرەكو تێکۆشەر). جەنگی ساڵی ١٩٤٠ لەنێوان عەرەبو جوولەکەکانی فەلەستین، کە بە شکانی عەرەبەکانو ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل کۆتایی هات، کاریگەریی هەبوو لەسەر جوولەکەکانی کوردستان، جووەکان گەشتە ئابووریەکانیان کەمتر کردەوە، لەسەرەتاسەری ناوچە خێلەکیەکان وە بەقەرز فرۆشتنی شتەکانیان کەم کردەوەو هەوڵیاندا ئەو پارەیەی کە لەقەرز بوو وەری بگرنەوە، بۆئەوەی خۆیان بۆ کۆچی ئیسرائیل ئامادە بکەن.

### ب. سەرکەشیەکانی جوولەکەیەکی دەسگێڕ:

لایەنی کەم نیوەی دانیشتوانی جولەکەی زاخۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەهۆی چەندین جۆرە بازرگانیو پیشەی ئابووریەوە دابین دەکرد، زۆریو باوی ئەو جۆرە بازرگانیە لەناو جووەکانی زاخۆدا وای کرد کە لێکۆلینەوەیەکی پوخت سەبارەت بەو بابەتە لەم پەرتووکەدا بکرێت. جووە دەسگێڕەکان هەموو کاتێك لەخەمی سەلامەتی گەشتە بازرگانیەکاندا بوون. بۆ ژمارەیەکی زۆر ئەو گەشتە ئابووریانە تاکە سەرچاوەی داهات بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا جێگەی نیگەرانیش بوو، هەروەك باس کرا کە باندە دزەکان دزیان لەچەندین دەسگێڕ کردو ژمارەیەکی زۆریشیان لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا کوشت. کاتێك (یۆنای گابای)، خەلکی زاخۆو چیرۆك بێژێکی جوولەکە بوو، خۆی بۆ گەشتێك ئامادە دەکرد، سەرەتا دەیویست کەسێك وەك پاسەوان لەگەل خۆیدا ببات، (گابای)دەچووە لای (خانی) بازرگانەکانی زاخۆ، بەدوای کەسێکدا دەگەڕا کە

لەسەر چوون بنو شارەکە بەجێ بهێلن بۆئەوەی بتوانێت هەر هیچ نەبێ تا نیوەی رێگا لەگەڵیان بڕوات. جارێکیان کە چووە بازاڕ بەخۆی دەووت:

"دونیا مەترسیدارە، ڕێگاکان مەترسیدارن. لەناو دۆلەکاندا رێگر هەن.... دەبێ بڕۆمو بەدوای هاوڕێیەك لە هۆزی سلێڤانەییدا بگەڕێم، دەبێ لەگەل ئەوان بڕۆم، دەچمە پاڵ ئەوان"

(یۆنا گابای) باس لەمەترسی رێگاکانی ناوچە گوندنشینەکانی کوردستانی بۆ دەسگێڕەکان کردووە، جارێکیان لە گوندی (مالسینێ)، خۆیو ئامۆزاکەی ئامادەکاری گەشتێکیان دەکرد:

"(عەلی)ی خانەخۆ، لێی پرسیم: بۆ کوێ دەڕۆن یۆناکۆ؟[187] منیش پێم وت: قوربان خۆمان بۆ دەرچوون ئامادە دەکەین. وتی: دانیشەو بەڕێ مەکەوە، ئێستا دەمەو ئێوارەیە. ئەگەر ئێستا بڕۆی دزیت لیدەکرێت، چەتەکان دەتکوژن. ئەمشەو لێرە بنوو و سبەی بەیانی من تفەنگەکەی خۆم هەڵدەگرمو بەشێکی رێگاکە لەگەلت دێم، و پاشان دەتوانی بچیتە سەر ڕێگای خۆت. وتم: ڕاست دەکەی"

ئەو جوولەکانەی چاوپێکەوتنیان لەگەل کراوە باسی ئەوە دەکەن کە جووە دەسگێڕەکان لەلایەن کوردە خێلەکیەکانەوە مامەڵەی خراپیان لەگەلدا کردووەو پارەو کەلو پەلەکانیان دەدزین، سەرەڕای نیگەرانیەکانی رێگا و سەلامەتی تاکەکەسی، ئەوان رووبەڕوی مەترسییەکی تریش دەبوونەوە، جارێکیان (گابای) لەیەکێك لە کارە دەسگێڕیەکاندا، گەیشتە نزیك سنووری گوندی (مالسینێ)و بەتەمای سەردانی کردنی ئەو گوندە بوو، لەو کاتەی کە

---

١٨٧ لە زمانی کوردیدا بۆ خۆشەویستی، هەندێك ناو دەگۆڕدرێن، وەك لێرەدا دیارە یۆنای کراوەتە یۆناکۆ.

ئاگاداركردنەوەی برا گەورەكەی لە گوێی ئەودا دەزرینگایەوە:"نزیكی (مالسینیێ) مەكەوە.... لێی دوور كەوە، چونكە (عبدی غەزالە) تۆ دەچەوسێنێتەوە، قوماشەكەت دەبات بەبێ ئەوەی پارە بدات". (عبدی غەزالە) دانیشتووی (مالسینیێ)بوو، بەوە ناوبانگی دەركردبوو كە بەزۆر شمەكی لە جووە دەسگێڕەكانی زاخۆ وەردەگرت.

كاتێك (گابای) نزیكی (مالسینیێ) كەوتەوە، ڕێبوارێكی كورد پێی وت كە (عەبدی غەزالە) لەگوند چووەتە دەرەوە. ئەو فریو درا بۆ ئەوەی سوود لە غیابی (غەزالە) وەربگرێتو بڕیاریدا كە بچێتە (مالسینیێ)، بەڵام لەو كاتەی كە گەیشتە گوندەكە هیچ كەسێك نەهێتە لای تەنها (عەبدی غەزالە) خۆی نەبێت. ئەمەی دواییان كاتی خۆی بە فیڕۆ نەدا، یەكسەر خزمەتكارەكەی خۆی ناردە لای (گابای).

"خزمەتكارەكەی هاتە لام. خزمەتكارەكەی كێیە؟ بینیم ئەو و براكەم هاوڕێی گیانی بە گیانین. كاتێك دركی بەوە كرد جووە دەسگێڕەكە كێیە، وتی: خاك بەسەرم[١٨٨]، (عەبدی) پێی وتم كە دە یارچە شت(مادده) بهێنم. ئەو، ئەو شتانەت لێ دەدزێت. دوو پارچە شتم پێبدەو تا پێت دەكرێت زوو لێرە راكە، من پێی دەڵێم كە هیچ شتی ترت پێ نەبووە، ئەو پشتی شكاندم[١٨٩]. كراسێكو پانتۆڕ(بێجامەیكم) لەگەل چەرچەفێك پێدا. ئەو كەلوپەلانە بایی شەش چەرفیە

---

ئـــەم دەربڕینـــە بـــۆ ڕوودانـــی شـــتێكی نـــاخۆش لـــە كوردەواریـــدا بـــەكاردەهێنرێت. (وەرگێڕ) ١٨٨

دیســان ئــەم دەربڕینــەش لەكاتێكــدا بــەكاردەهێنرێت بــۆ كەســێك كــە تووشــی شــۆكێك یان زەرەرێكی مەزن بووبێت. (وەرگێڕ) ١٨٩

بوون[١٩٠]. کەلوپەلەکانی برد و ڕۆیشت. دەستم بەگریان کرد و بەخۆمم وت، براکەم دەمکوژێت، سەرم دەبڕێت"

(یۆنای گابای) زۆر گەشتی بەناو ناوچە گوندنشینەکانی کوردستاندا کردووەو ئەزموونی زۆری سەبارەت بە خەراپەکاریەو دەست درێژی کردنەسەر هەبووە.

"ڕۆژێکیان لەو ساڵەی (١٩١٥) کە ئەرمەنیەکان قەتلو عام کران، چوومە (جەزیرە) بۆ فرۆشتنی قوماشی سپی، بایی هەشتا ماجدیم لە بەرهەمەکانم فرۆشت. پاشان هەندێکیان داوای بیست پارچە کوتالیان لێ کردم، (هەیۆ)ی خانەخۆم پێی وتم: پێی بدە، ئەو توندوتیژو دڵ ڕەقە، تۆ ناتوانی بەرامبەر ئارەزووی ئەو بوەستیەوە، لێی پرسیم، بەچەندە؟ پێم وت خۆم بە بیست (ماجدی)یم کڕیوە، هیچ قازانجت لێوەرناگرم، هەر بەبیست ماجدییەکە دەتەوێ؟ وتی باشە، بەیانی پارەکەت دەدەمێ.... ڕۆژی دوایی چوومە لایەو وتم، پیاوە بەڕێزەکەم بیست ماجدییەکەم بدەرەوە، بەسەر مندا هاواری کرد، بڕۆ ون یە ئەی بەراز! ئەمڕۆ پارەکەم لانییە. بڕۆ بەیانی وەرەوە دەتدەمەوە، لەدڵی خۆمدا وتم ئەو پارەیە ڕۆیشت!، من ڕۆیشتم، کاتێك ئەوم بەجێهێشت، دوو دەهۆڵو زوڕناو نزیکەی دوو سەد کەسم لە مەیدانی جەزیرەو لەنیوەی بازنەیەکدا بینی کە سەمایان دەکرد، دوو کەسی تر بەشمشێرەوە لە ناوەڕاستیان سەمایان دەکرد. لەو کاتە، زۆرم پێخۆش بوو کە کاتێکی خۆش بەسەر بەرم، پێشتر سێ چوار جاری تریش لە جەزیرە بووم و هەر جارێك بیست سی (لیرە)م قازانج دەکرد. من زەوقم لەجێ بوو، دەستم کرد بەسەماکردن بەرامبەر بەو دوو کەسەی کە شمشێریان بەدەستەوە بوو، لەو

---

چەرخی: جۆرە پارەیەکی بوو لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بەکاردەهات. ١٩٠

کاتەی کە باوکی بووك و زاوا لەگەل ئاغای تر دانیشتبوون‌و سەیری منیان دەکرد....باوکی زاوا خزمەتکارەکەی نارد، پێی وت: شمشێرەکە لە سەماکەرەکە وەرگرەو بیدە بە جووەکە. بەڕاستی شمشێرەکەی پێدام. رەنگە لاتان ئاشکرا بێت.... باشترین سەماکەر ناتوانێ لەسەماکردندا شان لە شانی من بدات.... دەستمان بە سەماکردن کرد.... رکابەرەکەم هەوڵیدا کە لێم بدات.... خۆم دەسوڕاندەوەو خۆم بادەدا.... هەتا بە شمشێرەکە لە روخساریم داو شمشێرەکەم لەسەر سەریدا وەك نیشانەیەك کە لێی دەدەم.... لەو کاتەی کە هەموو کەس چاویان لەمن بڕیبوو، دوو سێ پیاو هاتنە پێش بۆئەوەی لێم بدەن، بەڵام باوکی زاوا بەسەریاندا هاواری کرد: پیاوەکان، کەس دەست لەو جووە بەرز نەکاتەوە!بانگی کردم و وتی: وەرە ئێرە، جووەکەم، دڵ گران مەبە، تۆ نابێت ئێرە جێبهێلیت تاوەکو شاییەکە تەواو نەبێت، ئەگەر کەسێك ئازارت بدات، چاوەکانی دەردێنم. ئەو ئاغایەکی خاوەن دەسەڵات بوو، ئەو سەرکردەو گەورەی جەزیرە بوو."

ڕۆژی دواتر خەڵکی جەزیرە بەردەوام بوون لە سەماکردن، بەڵام (یۆنای) لە سووچێکدا دانیشت، باوکی زاوا خزمەتکارەکەی خۆی نارد بۆئەوەی بزانێت کە بۆچی جووەکە لە سەماکردن وەستاوە، (گابای) پێی وت: من حاڵم باش نییە چونکە فلانەکەس فێلی لێ کردووم چەند بەرهەمێکی بە بیست ماجدی لێ بردوومو پارەشی نەداوە، ئاغا داوای لە ئەحمەدی خزمەتکارەکەی کرد کە لەگەڵی بچێت بۆ ماڵی کەسەکە. ئاغا بەڵێنی پێدا کە ئەگەر کەسەکە پارەکەی نەداتەوە ئەوا پارەکەشی لە جیاتی دەداتەوە.

" ئەگەر ئەو کوڕی سەگە قەرزاری من دەبێت، جا دەمەوێ ببینم کە چۆن پارەکە ناگەڕێنێتەوە. ئێمە چووین بۆ لای ئەو.... پێم وت: ئەز خولام، ئەو بیست (ماجدی)یەی کە تۆ قەرزارمی بمدەرەوە. وتی: هێشتا بڕی پارەی

تەواوم بەدەستەوە نییە، بەیانی وەرەوە. خزمەتکارەکە لەبەر دەرگا وەستابوو، هاتە ژوورەوەو وتی: ئاغا وتویەتی کە ئەگەر تۆ پارەکەی نەدەیتەوە، ئەو لەجیاتی تۆ دەیداتەوە، پاشان دەیەوێت ببینێت کە چۆن پارەی ئەو دەخۆیت، کاتێك گوێی لەمە بوو، وەك هەموو کەسێك، لە ئاغا ترساو وتی من خزمەتکارتم، شازدە ماجدی حازرن‌و ئەو چوارەی کە ماویشن بەیانی بۆت دێنم، پێم وت ئێستا ئەو شازدانەم بدەرێ، تاوەکو بەیانی خوا گەورەیە، شازدە ماجدیم وەرگرت‌و زۆر خۆشحال بووم، گەڕاینەوە لای ئاغا. ئاغا ئەو چوار ماجدییەی کە مابوون، پێی دامەوەو وتی: بڕۆ سەما بکەو کەیف خۆش بە، ئەو ڕۆژە زۆرمان ڕابوارد و پێکەنین".

بۆ بەیانی داهاتوو، ئاغای جەزیرە خزمەتکارەکەی ناردە لای (یۆنا گابای)و وەکو دیاری دەمانچەیەکی پێشکەش کرد بۆ ئەو بەژداربوونەی کە دڵی زاوا و ماڵی زاوای خۆش کرد. (گابای) درکی بەوە کرد کە دەتوانێت چەند شتێك بفرۆشێت‌و پارەکەی وەکو دیاری شاییەکە بدات بە زاوا، (گابای) وتی: لەسەرەتادا زاوا دیارییەکەی ڕەت کردەوە، بەڵام دواتر وەری گرت‌و منیش گەڕامەوە. لەم نموونەیەدا، با بەپێچەوانەی ئەوانی تر، ئەو لەدەستی پیاوێکی خێڵەکی ڕزگارکرا، توانی هەست‌و سۆزی بەهێزترین ئاغای جەزیرە بۆخۆی ڕابکێشێت، کە لە شاییەکەی کوڕی بەژداربوو. لە کۆتاییدا ئاغا توانی قەرزەکەی گابای بگەڕێنێتەوە.

### ج. سەربڕی ئاژەڵەکان (قەصاب)

هەر کۆمەڵگایەکی جوولەکەی شارنشین چەند پیشەیەکی دیاریکراویان هەبوو کە هاوکار بوون لە ڕاپەڕاندنی پێداویستیە ئاینیەکانی کۆمەڵگا، ئەم پیشانەش بریتی بوون لەمانەی خوارەوە: حاخام حەزان(تەورات خوێن)،

مامۆستا، موحیل(سوننەتکەر)، شۆهیت(سەربڕی ئاژەل). زۆربەی کات کەسێك هەموو ئەو ئەرکانەی رادەپەڕاندن. یەکێك لەگرینگترین پیشەکان بریتی بوو لە پیشەی شۆهیت کە تیایدا لە هەموو لایەنەکانی ئابووریو خواردەمەنیدا رۆڵی هەبوو، بەبێ ئەم پیشەیە ژیانی ئاسایی جووەکان ئەستەم بوو، لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگای گوندنشینەکان کۆمەلگای بچووك بوون، بەم هۆیەشەوە قورس بوو کە بتوانرێت کەسێکی دانیشتوانی گوندەکە هەستێت بەئەنجامدانی یەکێك لەم پیشانەی سەرەوە. ئەوان دەیانتوانی بەبێ مامۆستای منداڵان بەردەوام بن، وە لەڕاستیدا ژمارەیەکی زۆر لە جووە گوندنشینەکان نەخوێندەوار بوون، بەڵام نەیاندەتوانی ژیانی ئاسایی جوولەکەیی بەسەربەرن بەپێی یاسای خۆراکی جووەکان، گۆشتی کۆشەر تەنها دەتوانرا لەلایەن شۆهێتەوە دابین بکرێت، کۆمەڵگا جوولەکەکان زۆر بەتوندی پێداگربوون لەسەر یاساکانی سەربڕینی کۆشەر وە هەموو کات شۆهیت پێویستییەکی گرنگ بوو، شۆهیت ساڵانە یەك دوو جار لەشارەوە بۆ گوند دەهاتو چەند ئاژەڵێکی بۆ خەڵکی گوندەکە سەردەبڕی. چوار بەڵگەنامە، کە لەلایەن (مان)ەوە ئامادەکراون، باس لە پلەو پایەی شۆهیت لەکۆمەلگای جوولەکەدا لەسەدەی ڕابردوودا دەکەن. شۆهیت یەکێك بوو لەو پیشە دەگمەنانەی کە ژیانی ڕۆژانەی جووەکانی پێوە بەند بوو، هەر بەم هۆیەشەوە چەندین کەس لەجووەکان ئاواتیان ئەوە بوو ببن بە شۆهیتێکی پێشکەوتوو، چەندین قوتابی هەوڵیان داوە ببن بە شۆهیت، لەنموونەیەکدا راهیبێك قوتابیەکی خۆی ناردە شارۆچکەیەکی بچووکتر لەهی خۆیان بۆئەوەی بزانێت کە چەند قوتابی بەتەواوی ناکرێت ببن بە شۆهیتو بە کەلکی کاری سەربڕین نایەن، نوێنەری خۆی بۆ ئەو شارۆچکەیە دەنارد. نوێنەرەکەی راهیب داوای لێکردن کە بەجووت ئاژەل سەرببڕن، بۆ ئەوەی لەهەڵە بە دوور بێت، سەربڕ دەبێت بەڵگەنامەی رێگا پێدران کەس نەیدەتوانی

ئەم كارە بكات، چونكە ئەمە ئەركێكی ئاینی بوو وە دەبوایە پیاوانی ئایینی ڕێگای پێ بدەن. ئەم كارەی نوێنەرەكە كەمێك ناڕەزایی نایەوە چونكە بەجۆرێك لەجۆرەكان دەبووە هۆی لەدەستدانی سەرچاوەی داهاتی كەسەكە ئەگەر نەیتوانیبوایە ئەو كارە ئەنجام بدات. بەڵام لە كۆتاییدا، نوێنەرە توندەكە ناچار كرا كە بەشەرمەزاریەوە شارۆچكەكە جێبهێڵێت.

### ٢. ئابووری لادێیی

دوو لەگرینگترین ئەو شتانەی كە جووەكان دەبوایە پێشكەشی جووەكانی بكەن بریتی بوون لەپێدانی مافی ئاغا لە داهاتیاندا و ئەنجامدانی ئەوكارە هەرەوەزیەی كە لەلایەن خەڵكەوە لەجیاتی ئاغا ئەنجامدراوە كەبە زێبارە ناسرابوو، بۆ نموونە زێبارەی خانوو دروست كردن یاخود كێڵانی زەوی، ئەوەی كە لەمەولا باس دەكرێت چاوخشاندنێكی كورتە سەبارەت بەكارە گرنگو سەرەكییەكانی جووەكان، كە لەپەیوەندی نێوان جوو و ئاغاكان رەنگی داوەتەوە.

جووەكان لەسەدان گوندی سەرتاسەری كوردستاندا دەژیان. (لایارد) لەناوەڕاستەكانی سەدەی نۆزدەمدا بەڕێكەوت تووشی كەمپێكی گەورەی جوولەكەی كۆچەری هاتو سەردانی خێمەكانی كردن. ئەو كەمپە دەكەوتە نێوان شاری وانو بەشقەلەوە، بەڵام بەگوێرەی وتەكانی (لایارد) چەندین ئاژەڵ بەخێوكەری تریش، وەك جووەكان هەبوون كە بەناو چیاكان بڵاو ببوونەوە. (هەی)ئاماژەی بەوەدا كە ئەو گوندەی كەوتبووە نێوان هەردوو ڕووباری زاپ، بەتەواوی خەریكی كشتوكاڵ بوونو بازرگانی پیشەی دووەمیان بوو، ژمارەیەكی بەرچاو لە جوولەكەی گوندنشین لەبواری كشتوكاڵدا كاریان دەكرد، وەك جوتیارو خاوەن ئاژەڵو چاودێریكردنی رەزو كرێكاری ناو كێڵگە، جا هی خۆیان بوایە یا وەكو كرێكار بەڕۆژانە كاری لەوێ دەكرد. هاوڵاتییەكی(شندۆخا)ی نزیك دهۆك لە

راپۆرتێکدا وتی کە ئەو و هەندێك جوولەکەی گوندەکە لەبواری کشتوکال کارمان دەکرد. هەندێك جار لەکێڵگەکانی خۆیاندا و هەندێك جاریش وەك کرێکار لەکێڵگەکانی خەڵکدا کارمان دەکرد.

### أ. گرنگی کۆمەلایەتی جۆلا

جۆلایی بۆماوەی چەندین نەوەی یەك لەدوای یەك پیشەی سەرەکی جووەکان بوو، چاودێری گەشتیاری مۆدێرنی کوردستان، وەك(جی سی ڕیچ) تێبینی ئەوەی کردووە کە جووە گوندنشینەکانی کوردستان، بۆیەچی پەموو و کەتان بوون. لەدەورووبەری ساڵی (١٨٢٧)دا، (دەیڤید دبیس هیل) لە راپۆرتێکدا دەلێت کە تاکە جوولەکەی گوندی (سالاغە)، بۆیەچی گوندەکە بووە[١٩١]، کە هاوڕێی ئاغای گوندەکەش بوو. ئەو پەیوەندییە باشەی کە ئەو جووە لەگەل ئاغای گوندەکەدا هەیبوو، رەنگە لەئەنجامی ئەوە بووبێت کە ئەو جوولەیەکە جلوبەرگی کوردی بۆ ئاغاو دانیشتوانی گوندەکەی دابین دەکرد. پێش ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، (لایارد) لە ڕاپۆرتێکدا دەلێت، گوندەکە (نێروە)، کە کەوتۆتە دووری ٣٥ میل لەباشوری خۆرهەلاتی ئامێدی، تیایدا ژمارەیەکی زۆر لەجوولەکەکان بە پیشەی جۆلاییەوە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دابین دەکرد.

(راهیب یەحیل) دەلێت کە لەساڵی (١٨٩٥) هەموو جووەکانی کوردستان جۆلا بوون، هەتا بگرە راهیبەکانیش ئامازەیان بەوە داوە کە جۆلا جووەکان چاکەتیان لەزێڕ بۆ سەرکردەکانی(تیاری)دروست دەکرد. راپۆرتێکی بەریتانی

---

بەگوێرەی گەشتنامەکەی فیشل، واپێدەچێت ئەم گوندە بریتی بوبێت لە گوندی چاڵە. ١٩١

لەساڵی ١٩١١ سەبارەت بە (سنە)ی کوردستانی ئێران بەبێ گومانیەوە دەڵێت "پیشەسازی هەرە سەرەکی دروست کردنی ڕایەخ و لۆکە بوو لە کوردستاندا وە (سنە) بەیەکێك لەو شارە کوردییانە دادەنرا کە باشترین رایەخی لە جۆری خۆیدا بەرهەم دەهێنا". جوولەکەو مەسیحیەکان لە سنەدا ڕێژەی زیاتری لەسەدا دەی ئەو شارە پێکدەهێنا. بەڵام بەژدارییان لەکاری بازرگانیدا نەگونجاو بوو لەگەل ژمارەیان، (هەی) لەساڵی ١٩٢١ تێبینی ئەوەی کرد کە زۆربەی هەرەزۆری جوولەکە پیاوانی هەولێر جۆلاو بۆیەچی بوون، جۆلاکان دەزووەکانیان بە بنمیچی بانەکانەوە هەڵدەواسین بۆئەوەی بیپارێزن لە خواردنیان لە لایەن کرمەکانەوە، ئەوان (قوبە)یان دروست دەکرد، کە ڕەنگیان شین بوو بۆ بەکارهێنانی جلوبەرگ کە لە جەڕەی گەورەدا هەڵدەگیرا. ئەوان جۆرە پانتۆرێکیان لەخوری دەچنی کە پێی دەوترا(بەرگوزە) وە سەری پێڵاویان لە چەرمی گۆلك دروست دەکرد. باشترین جۆری خوری(سوف) بۆ دروست کردنی شالوشەپك و ڕایەخ و جۆرەکانی جلوبەرگ بۆ کوردەکان بەکار دەهێنرا.

هەروەها ژمارەیەکی بەرچاوی جووە شارنشینەکان داهاتی ژیانی ڕۆژانەیان بەکاری جۆلاییەوە گرێدرابوو، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان لەماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا سێ خێزانی جوولەکە لە ئاکرێدا داهاتیان بە کاری جۆلاییەوە بەدەست دەخست و سێ خێزانیش قوماشیان بۆیە دەکرد[١٩٢]. هەندێك جووی خەڵکی ئامێدی جلوبەرگی کوردی و پێخەف و فەرشیان دروست دەکرد.

---

دەروێش ناحوم و میخایل میخایلی لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەیان بەوە داوە کە سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەیان کاری جۆلاییان ئەنجام دەدا، جلوبەرگی شالوشەپك و پێخەفی خورییان دروست دەکرد. ١٩٢

کۆچکردنی جووەکان لەگوندەوە بۆ شارەکان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە پیشەی جۆلایی لەچەقی شارەکاندا پیشەیەکی باو بووە. هۆکارێکی تر کەباس لە سەلماندنی ئەو پیشەیە دەکات لە شارەکاندا ئەوەیە کە هەتا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، شارەکان وەك گوندێکی بچووك وابوو، بۆ بەکرداریکردنی ئەو پیشەیە کاری جۆلایی ڕۆلی ئابووریو کۆمەلایەتیو کلتوری لەناو نەخشەی خێلەکیدا بەیەکەوە بەستبووەوە. ڕۆلی جۆلا کاریگەریەکی زۆری لە کۆمەلگای کوردیدا هەبوو، چونکە جۆلا جووەکان بۆ بەردەوام بوونیان لە گوندەکاندا، جلوبەرگیان بەپیاوانی خێلو ئاغا دەبەخشی بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بەم پیشەیە بژیێننو هەمیشە وای دەکرد کە پلەوپایەی ئەوان لەناو کۆمەلگای کوردیدا بەرەو هەلدێر بڕوات.

دوای کۆچە بەکۆمەلەکەی جووەکان بۆ ئیسرائیل، موسلمانو مەسیحیەکان بەرەبەرە لەناوچە گوندنشینەکانی کوردستاندا دەستیان بەپیشەی جۆلایی کرد، بوونی جۆلای جوولەکە یارمەتیمان دەدات کە بەتەواوی لەئەزموونی ژیانی جوولەکە گوندنشینەکانی کوردستان تێبگەین. بنەماڵەی میخایل میخاییلی زۆر بەپەرۆشەوە پێشوازییان لێکرا لەوکاتەی کە بەرەو(سوفیان)کوردستانی ئێران کۆچیان کرد، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەبوو کە ئەوان جۆلایی بوون.

بەسەرهاتەکەی، گرنگیو بەهای جووە جۆلاکانمان بۆ دەردەخات لە چاوی ئاغا کوردەکانەوە ئاماژە بە هەولەکانی (مام حسێن)ی سۆفیان دەدات لەهێنانی ئەو خێزانە لەسنووری عێراقو ئێرانەوە بۆ کوردستانی ئێران، ئەمەش بێگومان ئاماژەیەکی روونە بۆ بایەخی ئەو بنەماڵەیە. هەروەها چوار خێزانی جوولەکە لە گوندی(هەرین) دا دەژیان، کە لەناوچەی ژێر دەسەلاتی زێبارییەکاندا بوو، وە جلوبەرگی (شالو شەپك)یان بۆ گوندەکانی دەوروبەر ئامادەو تەرخان دەکرد. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو کە بۆچی ئاغای

گوندەکە بانگی کردن کە بێن لە گوندی (هەرین)نیشتەجێ بن. (فارس ئاغا)ی سەرخێلی زێبارییەکان فەرمانی بەپیاوانی خێڵو گوندنشینەکانی کرد کە سەرجەم پێداویستیەکانی ئەو جووانەی کە لەژێر بەرپرسیارەتی ئەودابوون، دابین بکەن. ئەمە دروشمی ئاغاکە بوو:

"بۆ ئەوەی جووەکان بهێلینەوەو وایان لێبکەین کە بتوانن لەناوماندا بژین، دەبێت چاودێرییەکی باشیان بکەینو بیانپارێزین".

کوردەکان لەجیاتی ئەوخزمەتەی کە جووەکان پێشکەشیان دەکرد، داری ئاگرو گەنمو هەموو جۆرە دانەوێڵەو میوەو سەوزەواتیان پێ دەبەخشی، بۆئەوەی وایان لێبکەن بە خۆشحالییەوە بژین. جۆلا جووەکان ڕێگایان پێدرابوو بەهەوەسی خۆیان بەرهەمی کێڵگەکانی کوردەکان بچننەوەو ماستو شیرو کەرەو ڕۆنو ئەو جۆرە شتانە بۆخۆیان دابین بکەن بەماڵاتی کوردەکانەوە. ئەگەر جووەکان شتێکیان پێویست بوایە، داوایان لەموختارە کوردەکە دەکرد هەر دوو سێ مانگ جارێك گەورەی گوندەکە داوای لە خاوەنەکانی مەڕومالات دەکرد کە چوار یان هەشت بەرخی گەورە بدەن بەجووەکان بۆئەوەی پێداویستییەکانی گۆشتیان پڕبکەنەوەو دابینی بکەن. شوانەکەش مەڕەکانی دەهێنایە لای موختارو ئەویش بەسەر چوار ماڵی جوولەکەدا دابەشی دەکرد.

جوولەکەیەکی جۆلا کە خێزانەکەی لەهەردوو ناوچەی شارنشینیو گوندنشینیدا دەژیا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئاغاکان بەتەواوی ئەوانیان پاراستووەو پێداویستییەکانیان بۆ دابین کردووە: "لە گونددا پێویستی نەدەکرد کە ئێمە هیچ شتێك بکڕین". گوندنشینە کوردەکان بەرهەمیان دەدایە جووەکان بە بازرگانی ئاڵوگۆڕی، واتە گۆڕینەوەی کەلوپەل. بەواتایەکی تر، جۆلاکان بەرهەمی خواردەمەنیو پێداویستییەکانی تریان وەردەگرتو لە بەرامبەریشدا پۆشاکیان بە کوردەکان دەدا، ئەو جووانەی کە لەگوندەوە

دەچوونە شارەكان دەبوایە خۆیان لەگەل سیستەمی ئابووری شارەكە بگونجێنن كە جیاواز بوو لە هی گوندەكان. كاتێك ئەو جۆرە بنەماڵە جۆلایانە لە گوندەكانەوە بەرەو شارۆچكەی دیانا كۆچیان كرد، دركیان بەوە كرد كە پەیداكردنی داهاتی ژیانیان لە شاردا گرانترە وەك لە گوندەكاندا. ئەوان بەردەوام بوون لە درووني جلوبەرگی كوردی، بەڵام وا پێویستی دەكرد كە لەگوندەكانی دەوروبەردا بگەڕێن بۆ فرۆشتنی بەرهەمەكانیانو دەست خستنی پارەو پاشان كڕینی خۆراكو كەلوپەلی پێویستی ڕۆژانە بەو پارەیەی كە دەستیان دەكەوت. لەگونددا ئەوان كەلوپەلەكانیان دەفرۆشنو پاشان خۆراكو شتومەكی پێویستیان پێ دەكڕی. لە دیانا، وا پێویستی دەكرد كڕینو فرۆشتن ئەنجام بدەن بۆ ئەو كەلوپەلانە لە گونددا لەلایەن گوندنشینیاندا دابین دەكران، بەبێ ئەوەی لەماڵ دەرچن. ئەمە گۆڕانكارییەكی گەورەی بەسەر ئەواندا دەهێنا، لەبەر ئەوەیە كە سەیر نییە ئەگەر بلێین جوولەكە گوندنشینەكان لە گوندەكاندا زیاتر ئاسوودە بوون، كە تیایدا سەرجەم پێداویستییەكانیان لەلایەن گوندنشینە كوردەكانەوە دابین دەكراو پاراستنی ژیانیان لەئەستۆ دەگرت.

### ب. پرسی مافء پەیڕەوكردنی سیستەمی باج

جزیە (سەرانە) كە لەخاكی موسولماناندا لە ناموسولمانان وەردەگیرێت، تەنها ساندنی باج نەبوو، بەڵكو دەلالەتێك بوو بۆ گوێ ڕایەڵیو بێ دەسەڵاتی ئەوان[١٩٣]. لەساڵی ١٨٥٥، ئەنجومەنی توركیا یاسای دانی جزیەی نەهێشت كە

---

١٩٣ جزیە لە ئیسلامدا لەو كاتە وەردەگیرێت كە ناموسولمانان ئامادە نەبن بێنە سەر ئاایینی ئیسلامو ئەو سەرانەیەش لەبری پاراستنیان لە وڵاتی موسولماناندا

بەسەر هاوڵاتییانی (اهل الکتاب)، واتە جوولەکەو مەسیحیەکاندا، سەپێندرابوو بۆ ئەوەی ناچاریان بکات خزمەتی سەربازی جێبەجێ بکەن. هەرچەندە سەرانە بەباجێکی نوێ ئالۆگۆڕی پێکرا، کە پێی دەوترا (بدل عسکری) کە ناموسولمانەکان لەجیاتی خزمەتی سەربازیدا دەیاندا. ژمارەیەکی زۆری جووەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەوان باجی سەرانەیان داوە. جووە گوندنشینەکان ئەو باجانەیان بەئاغا داوە کە خاوەنیان بووە. (یەهوشودا ریوبن)ئەوەی روون کردۆتەوە کە هەرماڵێکی جوولەکە یەك ماجدی وەك باجی سەرانە دەدا. لەبەرامبەریشدا ئاغا ئەوانی دەپاراستو پاسەوانی لێدەکردن.

لەناوچە لادێ نشینەکانی کوردشتاندا، پەروەریار و خاوەنی زەوی بەچەندین رێگا بەرهەمیان لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکرد. یەکێك لەوانە بریتی بوو لە "نیوەی قازانجی کار" کە تیایدا پەروەریار و سەرکار بەرهەمەکانیان بەیەکسانی دابەش دەکرد. پەروەریارەکە تۆ و کرێکاری پێویستی دابین دەکردو خاوەن زەویەکەش تێچوونی دروێنەکەی دەدا، بەپێی ڕێکەوتنێکی تر کەبە (دەهـ–دوو) ناسرابوو، کە ئەمەیان باوترین جۆر بوو لەکوردستان، بەرهەمەکە دابەش دەکرایە سەر دوانزە بەش کە تیایدا سەرکارەکە دوو بەشی بەردەکەوت پەروەریارەکەش دە بەشەکەی تر، بەڵام ئەوەی دواییان هەموو

---

وەردەگیرێت. (وەرگێڕ) ئەو سێ مەرجانەی ناموسولمانان دەبێ لە وڵاتی موسولماناندا جێبەجێی بکەن ئەمانەی خوارەوەن:

١. وەرگرتی ئیسلامو موسولمان بوون.

٢. ئەگەر موسولمان نەبن دەبێت جزیە(سەرانە) بدەن.

٣. ئەگەر سەرانەش نەدەن، ئامادەی جەنگ بن.

سەرچاوە: سۆزی نەتەوایەتیو بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلامدا، نووسینی مامۆستا عەلی باپیر، لاپەڕە ٣٢، چاپی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥.

خەرجییەکانی لەئەستۆ دەگرت. لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٩٥ گەڕیدەیەکی مەسیحی (مبشر) سەردانی گوندی(تۆلا)ی لە دەوروبەری ئورمیە کردبوو و لەڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە کردووە:

"باروودۆخێکی باو هەبوو، لەو کاتەی کە ئاغا.... کە زۆر دەوڵەمەندو مەلایەکی دەسەڵاتدار بوو، هەوڵیدا بەهەر وەسیلەیەك بێت سێیەکی بەرهەمی گەنم وەك باجەکی قۆرغ بکات، لەجیاتی هەشت، کەهەر لە کۆنەوە لە ناوچەکەیدا ئەم دابونەریتە چەسپێندرابوو."

باشترین ڕێژەی لەسەدای باج کە لەلایەن گوندنشینەکانەوە بەئاغای ناوچەکە دەدرا، یەك لەسەر دەی سووەکە بوو. لەچەندین گوندی نزیك ئاکرێ دا، وەك گوندەکانی شوشو نەریمو خەربەزو سیانو بجیل، گوندنشینەکان یەك لەسەر دەی سوودەکانیان دەدا، وەك بەرهەمەکانی گەنمو جۆ و ئەو بابەتە. بەجیا لەو گوندانەی کەلەسەرەوە باس کران، جووەکان تەنها لەگوندی(بجیل)دا نیشتەجێ بوون، کە لەژێر ناوچەی دەسەڵاتداری شێخ (عبیدالله)دا بوو.

جوولەکەیەك بەناوی (لیڤی)، ئاشەوانی هەرسێ ئاشی (شێخ عبیدالله) بوو. لە هەموو ڕۆژێکی هەینیدا، یەك لەسەر دەی سوودەکەیان وەرگرت لەو بەرهەمانەی کە بۆ ئاشەکە دەهێنران. (میخایل میخایلی) خەڵکی (سیسناوە) لەژێر ناوچەی دەسەڵاتداری (شێخ تۆفیق) کوڕی (شێخ عبیدالله)دا دەژیا، کە حوکمی (نێروەو وەلماسو خەلاو و بیر و مەندیاو گەلوك)یشی دەکرد. لەم هەموو جێگایانەدا جووەکان تەنها لە (سیسناوە)دا دەژیان. (شێخ تۆفیق) باجی لە پەروەریاری زەویەکان دەساند بەڕێژەی یەك لەسەر دە بۆ هەر عەلبەیەکی گەنم[١٩٤]. پیاوێك کەناوی (شانە) بوو، نوێنەری شێخ تۆفیق بوو،

---

١٩٤ چواردە کیلۆ گرام بریتیە لە یەك عەلبە.

گەنمەکەی دەکێشاو یەك لەسەر دەی کۆدەکردەوە. (شێخ محمد ڕەباتکی)، یەك لەسەر دەی باجەکانی لەهەموو گوندنشینەکان وەردەگرت، چونکە خاوەنی هەموو زەویەکانی گوندەکە بوو. لە (شاندۆخ)دا ئەو زەوییەی لەلایەن جووتیارەکانەوە دەکێلرا، خاوەنەکەی مەسیحییەکی خەڵکی موصل بوو بەناوی (ئیبراهیم ب. پترۆس). یەکێك لەجووەکان پارچە زەوییەکی لە پترۆس وەرگرت وە مەرجەکانی باجیش بریتی بوون لە یەك لەسەر دەی بەرهەمەکە بۆ خاوەن زەوی. بەکورتی، ئەمانە مەرجی سەرەکی بوون لەنێوان خاوەن زەویو سەپان، وە بەتایبەتی بەسەر جووەکاندا نەسەپێنرابوو.

ئاغا خێلەکیەکان دوو لەسەر سێی داهاتی لەو گوندنشینە وەرگرت کە لەبێستانەکانی ئاغا کاریان دەکرد. ئاغاکانی(شاندۆخ) خاوەنی زەویو رەز بوون وە ئەو گوندنشینانەی لە رەزەکانیاندا کاریان دەکرد، یەك لەسەر سێی داهاتەکەیان وەردەگرت، لەو کاتەی کە خاوەن زەوییەکە دوو لەسەر سێی بەردەکەوت. رێژەی باجەکەش بەسترابووەوە بە جۆری بەرووبومەکەو خاوەنداریەتی زەویەکە. (شێخ محمد ڕەباتکی)باجی یەك لەسەر دەی لەسەر بەرهەمی مێووژ و کشمش وەردەگرت، ئەگەرچی لەبەرهەمی توتندا نیوەی وەردەگرت، چونکە ئەم بەرهەمە پێویستی بە ئاوێکی زۆر هەبوو. رێژەیەکی تر بەسەر باجی ئاژەڵداریدا سەپێندرابوو. هەندێ لە دەوڵەمەندترین جوولەکە گوندنشینەکان خاوەنی مێگەلی مەڕ بوون. خاوەنی ئەو ماڵاتە هەر سالێك لەکۆی پەنجا سەر مەڕ یەك مەڕی بەشێخ دەدا. هەروەها ئاغا بەشێکی لەو مافە بازرگانییەی کە لەناو بازاڕدا دەکرا، هەبوو. لەپیشەسازی خوێی (کارا)دا، پەروەریارەکە چوار لەسەر پێنجی قازانجی بەرهەمەکەی بەر دەکەوت (حاجی بەشیر بەگی)سەرخێلی (بەرواریش) پێنج یەکی بەردەکەوت.

سەرەڕای دانی باج یان لەجیاتی پێدانی باج، هەندێك جوولەکەی گوندنشین لەبۆنەکانی موسولمانانندا، دیارییان بە ئاغاکان دەبەخشی. جووە جۆلاکان جلوبەرگی شال و شەپکیان لەبۆنە ئایینیەکانی وەکو جەژنی ڕەمەزانو قوربانندا بە ئاغاکان دەدا. (حایم بارزانی)کە لەسێ گوندی کوردستاندا ژیاوە تێبینی ئەوەی کردووە کە جووە جۆلاکان جلوبەرگیان بە ئاغاو هاوکارەکانی دەدا وە لەبەرامبەریشدا ئەوان ناوبراویان لەهەر مەترسییەك دەپاراست.

جاروبار جووەکان هەندێك جلوبەرگیان بەئاغاو هەندێك لە ئەندامانی خێزانەکەی دەدا، کە لەلایەن ئەوانەوە پەسەند دەکران. لەکۆندا دیاری بە خزمەتکارو خزمەتکاری دیوەخانە دەدرا بۆ ئەو خزمەتەی کە پێشکەشی میوانەکانی دەکرا، بە پێدانی نانو ئاو و حەسانەوە. دیاری وەکو چوار پێنج پاکەت لە شەکر نیشانەی دڵسۆزی ئەو جوولەکەیەی بۆ ئاغا دەردەخست. دانی باج لەلایەن جووەکانەوە یاخود پێدانی ڕێژەیەکی لەسەدا، ساڵی جارێك یاخود دوو جار، نیشانەی ئەوەبوو کە هاوڵاتیاتی جوولەکە بۆ ئاغاکانیان دڵسۆز و بەوەفا بوون. نیشانەی ئەوەبوو کە جووەکان بە شێوەیەکی تەقلیدی بەیعەتی بە دلسۆزی فەرمانڕەوا داوە[١٩٥].

---

١٩٥ لەزمانی عەرەبیدا ئاماژەیە بۆ سوێند خواردنی ئیسلامی بۆ دڵسۆزی میری یان پێشەوا. بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام، خەلیفە بەهۆی بەیعەتی موسولمانانەوە هەڵدەبژێردرێتو بۆ پێشەوایی دەست نیشان دەکرێت. وشەکە لە چاوگی (بیع)ەوە هاتووە کە بەمانای کڕینو فرۆشتن دێت. بە واتایەکی تر، مامەلەیەکە یان بەڵێننامەیەکە لە نێوان فەرمانڕەواو ئەوانەی هەڵیانبژاردووە وە تیایدا ئەرك دەخاتە سەر هەردوو لایان.

سەرچاوە: ئیسلامو خۆرئاوا: گفتوگۆیەکی کراوە لەگەڵ بیرنارد لویس، ٢٠٠٦، واشنتۆن.

پێدانی باجو دیاریو هەندێك شتی تر لەلایەن جووەکانەوە، پەیوەندی نێوان ئاغاو هاوولاتیانی جوولەکەی قوڵتر دەکردەوە. لایەنێکی تر ئەوەبوو کە ئاغا لەزۆر بارودۆخدا لە جیاتی جووەکان، ئەو کاتەی کە تووشی کێشە دەبوون، دادپەروەریان دەسەپاند. بەگوێرەی وتەکانی(ڕاند و ڕەش)، جووەکان لەبەر خاتری ئەوە نەدەپارێزران کە سەربە خێڵێکی کوردی بوون، بەڵکو لەبەر خاتری ئەو باجو بەرتیلە بوو کە بە ئاغاکانیان دەبەخشی. لەڕاستیدا گەواهیدەرێك ئاماژە بەوەدەدات کە جوولەکە گوندنشینەکان بەهیچ شێوەیەك باجیان نەداوە، بەڵام دەکرێ ئەو گەواهیدانە تەنیا بە ئاماژەیەك بێت بەوەی کە ئەو گوندنشینەی کەوا دەڵێت، بەژداری کاری کشتوکاڵی نەکردبێتو هەر لەبەر ئەم هۆیەشەوە بوو کە پێویستی نەدەکرد هیچ باجێك بدەن[١٩٦]. پێدانی باجو سەرانە بە بەراورد لەگەڵ ئەرکی پاراستنی جووەکانی جیاوازییەکی تەواوی نییەو پێویستی بەچەند مەرجێك هەیە، ئەوە راستە کە جووەکان سەرمایەی ئاغاکان

---

١٩٦ ئیلیاهۆ شالۆم ئاماژەی بەوەداوە کە ئەو جوولەکانەی خاوەنی رەزو بێستان بوون، ناچار نەبوون لە سوودی بەرهەمەکانیان باج بە ئاغا بدەن. رەنگە ئەو مەبەستی گوندی ساندوور بێت، کە تیایدا بنەماڵەکەی بۆماوەیەك لەوێدا ژیاوە و ئەم گوندە دانیشتوانەکەی تەنیا جوولەکە بوون. سەرەڕای ئەمەش, بنەماڵەکەی خاوەنی هیچ رەزو بێستانێکیش نەبوون، وەڕەنگە راستیەکە نەزانرابێت. ئەو زانیاریەکانی لەوە سەرچاوەی گرتووە کە خێزانەکەی لە دوو گوندی بچووکی وەك هەسینکێو رەباتکێ ژیاوە, کە لەوێدا جووەکان کاری کشتووکاڵییان نەدەکرد. دواتر بەهۆی کێشەیەکی خێڵەکییەوە بنەماڵەکەی بەرەو ساندوور کۆچیان کرد. لەجێگایەکی تردا, ئیلیاهۆ شلۆم ووتی کە جووەکان لە کەرتی کشتووکالیدا کاریان نەدەکرد، وە ئەگەر ئەم کارەشیان ئەنجام دابوایە، ئاغا باجەکەی بۆ ئەوان کەم دەکردەوە.

بوون‌و جووەکانیش دیاری‌و سەرانەو خزمەتکاری‌و کرێکاریان پێ دەبەخشی، بەڵام ئەو پاراستن‌و چاودێرییەی لەلایەن ئاغاکانەوە بەجووەکان دەدرا، ڕۆڵێکی گرینگی لەژیانی جووەکاندا هەبوو. سەرەڕای ئەمەش هەروەك دەزانین خەراپ مامەلەیان لەگەل هاوڵاتییانی دەکردو بەو بەشە ڕازی نەبوون کە لەلایەن هاوڵاتییەکانەوە بۆیان دابین دەکرا، وە چاوچنۆك بوون. لەلایەکی ترەوە، بەهاکانی وەك دابونەرینی خێلەکی، وەسیەتی سەرخێل بۆ کوڕەکەی کە دەبێ جووەکان بپارێزێت‌و شکۆو ڕێزی ئاغا بەبوونی هاووڵاتیانی جوولەکەو دەست رەنگینی ئەوان ڕەنگێکی تر دەبەخشێتە پەیوەندی نێوان هەردوولا. لەگەل ئەو فاکتەرانەی کەلەو پەرتووکەدا باسکران، کە هەندێکیان لەوانی تر روونترن، هاوسەنگییەکی تەواو دروست دەبێت لەو ئاڵوگۆڕیەی لەنێوان جوولەکەو ئاغاکاندا ئەنجام دەدرا.

## ج. کاری هەرەوەزی لەجیاتی ئاغا- بەخۆشی بوو یان بەزۆری؟

جووەکان کاری زێبارە بەکارێکی هەرەوەزی لەجیاتی ئاغا لەکاتێکی دیاریکراوی ساڵ یان وەرزدا وەسف کردووە. لەکۆنەوە کاری ناچاری سەریهەڵداوە، بەڵام بەشێوەیەکی کرداری لەسەردەمی نوێشدا زیندوو بۆتەوە. سەلمانزادە ئەم کارە بە کرێکاریی بێ حەق دەست دادەنێت‌و بەبەشێك لەو قازانجە ئابووریەی لەقەلەم داوە کە خاوەن زەویەکان‌و دەرەبەگەکان لە گوندنشینەکانیان وەرگرتووە. مایکل چیت، زێبارەی بەکارێکی هەرەوەزی‌و نەریتێکی کۆمەڵایەتی پێناسە کردووە کە تیایدا کۆمەلە خەڵکێکی گوندنشین هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئەرکێك بۆ کەسێکی ناو کۆمەڵگاکە. واپێدەچێت کە ئەو کەسەی کارەکەی بۆئەنجام دەدرێت، کەسێکی دەسەڵاتداری وەك ئاغا بووبێت کە هەموو گوندنشینانی ناچاردەکرد یارمەتی بدەن لەو کارەی لەلایەن

ئەوەوە بایەخی پێدرابوو. سەرچاوەکانی جوولەکە بە چەندین جۆر پێناسەی زێبارەیان کردووە. گوندنشینێکی جوولەکە وەك کارێکی خۆبەخش پێناسەی کردووەو دەڵێت کە ئەم تاکە کاری بەخۆڕایی جووەکان بوو بۆ ئاغاکانیان. ئەوان بەزۆری ڕێگای جۆگەی ئاو و ڕەزی ئاغایان دەکێڵا. جوولەکەیەکی تری خەڵکی وحیلا ئاماژەی بەوە کردووە کە تاکە ئەرکێك کە لەبەرامبەر ئاغادا ئەنجامیان دەدا بریتی بوو لە زێبارە، کە ساڵی جارێك گوندنشینان هەڵدەستان بەیارمەتیدانی ئاغا بۆ لێکردنەوەی گەڵای دارمێو. ئەو ناوی لەم کارە ناوە کاری خۆبەخشی ساڵانە. جوولەکەی سێیەم وا سەیری ئەم کارەی کردووە وەك باجێك بۆ ئاغا وابوو. میخایل میخاییلی باس لەوە دەکات کە چۆن شێخ عبیداللە چەند خێزانێکی جوولەکەی ژێر ناوچەی دەسەڵاتداری خۆی بەکارهێناوە لە بجیلدا. یەکێك لەوانە خێزانی بیبە بوو کە خاوەنی سێ کوڕ بوو بەناوەکانی یوسفو پیرێزتزو ئەزرا. شێخ عبیداللە بەباشی ڕەفتاری لەگەڵ ئەواندا دەکردو هیچ کوردێك بۆی نەبوو ئازاریان بدات. ئەو خۆی ئەوانی دەناردە هەندێك شوێنی وەك ئاکرێ وە لەچەندین ئەرکدا وایلێکردوون کە کاری بۆ بکەن، وەك پاککردنەوەی پاشماوەی ئاژەڵ (ریخ)و خۆڵەمێش. کاتێك باس لەوە دەکرێت کە لەکاتی کاردا شێخ چ خواردنێکی پێداون، دەڵێن کە شێخ چاوبرسی بووەو خۆراکێکی چاکی پێنەداون.

لەڕاستیدا چەند جوولەکەیەکی زێبارەیان بە کارێکی خۆبەخش لەقەلەم داوە، بەڵام تایبەتمەندی کاری بەزۆری پێوە دیار بوو، هەرچەندە تەنها بۆ ماوەیەکی کەمی وەك ساڵێ جارێك یان دوو جار بوو. ئەم کارە لەناوچە گوندنشینەکانی کوردستاندا وەك دابونەریت سەیر دەکرا، وە هاوڵاتیانی جوولەکەش بەم دابونەریتە گوێڕایەڵ بوون بێ ئەوەی بەرەنگاری ببنەوە، هەروەك چۆن نەیاندەوێرا بەرامبەر ئاغا هەڵسنەوە. شێخ عبیداللە بجیلی

سوودی لەجووەکان وەردەگرت لەو کاتەی کە بەردەست بوونایە، بەبێ ئەوەی پارەیان پێبدات. سەرچاوەیەك لە راپۆرتێکیدا ئاماژە بەوە دەدات کە کاتێك جوولەکەیەك پێویستی بەکرێکار بوایە بۆئەوەی دروێنە بۆ برنجەکەی بکات، دەبوایە داوای روخسەت لەئاغا بکات.

" ئەگەر ئاغا لەو کاتەدا پێویستی بە کرێکار بوایە بۆ کێڵگەکەی خۆی، هەموو پیاوانی گوندەکەمان ناچار بوون لەسەرەتادا کار بۆ ئەو بکەن، وە بەهیچ شێوەیەك حەقدەستەکەشی نەدەدان. تەنیا شەلو نەخۆش لەم کارانەدا چاوپۆشییان لێدەکرا".

### ٣. خستنە کاری جوولەکە ناخێڵەکیەکان

خستنەکاری ئابووری جووەکان لایەنێکی تری پەیوەندی نێوان جوولەکەو ئاغاکانیان دەردەخات. ئەم جۆرە بەکارهێنانە لەچوارچێوەی خێڵدا بەدیار دەکەوت کە تیایدا پیاوانی خێڵ دەسەڵاتیان بەسەر لایەنی کۆمەڵایەتیو سیاسیو جەنگی جوولەکە ناخێڵەکیەکاندا هەبوو. ئەم بەسەرهاتانەی خوارەوە دەسباڵایی خێڵەکیو کاریگەری بەسەر ئابووری جووەکانی کوردستاندا روون دەکەنەوە. گوندنشینێکی خەڵکی شاندۆخ ئاماژە بەوە دەدات کە گوندنشینەکان، بەجوولەکەکانیشەوە، بێ پارەو بەناچاری بۆ ئاغاکانیان کاریان دەکرد، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆئەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی ئاغا تاکە خاوەنی زۆربەی یان گشت زەویەکانی دەوروبەری گوندەکە بووە. بۆ کرێچی هیچ بەدیلێکی تر نەبوو، بێجگە لەوەی کاری بۆ بکات. جاران دەبوایە جوولەکە دەوڵەمەندەکان لەگەڵ ئاغا چاوچنۆکەکان خۆیان بگونجێنن، هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

تەڤرەدان (فیَلَ)

یوسف گەملیلی سەبارەت بە رووداوێك بۆمان دوا کە بەسەر خودی خۆیدا هاتووە، لەو کاتەی کە دوو برای خێڵی دۆسکی بەناوەکانی رەشیدو خورشید هەوڵیاندا فێڵ لێبکەن کاتێك لەگەڵیان خەریکی بازرگانی بوو. ئەو دوو کەسە دەیانزانی کە گەملیلی بازرگانو بەدوای هەڵی کاردا دەگەڕێت، وە بۆیە پێشنیاری فرۆشتنی بارە خەلوزێکیان پێشکەش کرد. گەملیلی دەیزانی بازرگانیی خەڵووز قازانجێکی باشی هەیە، بۆیە پارەی پانزە باری وەك پێشەکی پێدان، بۆهەر یەکێکیان دوو لیرە. ئەو هەردووکیانی بردە دادگا کە بەڵێننامەیەکیان پێ واژوو بکات. ئەوان خەلوزەکەیان دابین نەکرد. دوای چەند مانگێك لە چاوەڕوانی، گەملیلی درکی بەوە کرد هەڵخەلەتێنراوە. بەتەنیا چووە گوندی ستوکورکێ، کە گوندی رەشید و خورشید بوو.

"من شەوێك لەماڵیاندا مامەوە. پێم وتن: ئازیزانم، ئێوە خەلوزەکەنتان بۆ نەهێنام. پێیان وتم: ئەم شەو میوانی ئێمە بە، بەیانی هەر پانزە بارەکەت بۆ دێنین لە کۆڕی گاڤانی. وتم: باشە.... لەشەودا رەشید هاتە لامو پێی وتم: ئەمشەو براکەم دەتکوژێت. پرسیم: بۆچی دەمکوژێت؟ من چیم لەو کردووە؟ووتی: بەهۆی پارەکەتەوە... ئەو دەتکوژێتو تەرمەکەت فڕێدەداتە ناو دۆڵێکەوە، بەم شێوەیە کەس ناتوانێت بڵێت خورشید تۆی کووشتوە. داوام لێکرد... کە بمشارێتەوە... وتی: من دەتبەمە ماڵی خزمەتکارە ئافرەتەکەم، وە لەوێ ئەتشارمەوە".

یوسف پێنج سەد شەش سەد دیناری زیادی لە گیرفاندا بوو، کە خورشید پێی زانی بوو، دەیویست بیبات. خورشید پلانی دارشتبوو لە ماڵی رەشید دا بیکوژێت وە تەرمەکەشی فڕێبداتە ناو دۆڵێکەوە. گەمیلی وابیری کردەوە کە ویژدانی رەشید پاکترە. رەشید بە براکەی وت: لەماڵی مندا مەیکوژە، لەو کاتەدا بیکوژە کە لەماڵی مندا دەچێتە دەرەوە. لەکۆتاییدا رەشید یارمەتی

گەملیلی دا کە ڕابکات. جلی ئافرەتانی لەبەر کردو بردیە ماڵی خزمەتکارە ئافرەتەکە لە قەراغی گوندەکەدا. ڕەشید خزمەتکارەکەی ئاگادار کردەوە کە ئەو بڕوای بەو هەیە بۆیە لەلای دایناوە، وە پێی وت کە ئەگەر بەیانی بێمو لێرە نەدۆزمەوە، دڵنیابە دەتکوژم. ئەویش سوێندی خوارد کە بیپارێزێت. هەر کە ڕەشید لەماڵ چووە دەرەوە، یوسف جلی ئافرەتانی لەبەر خۆی کرد، بەنەعلو دەمانچەو ئەو خەنجەرەی لەدەستیدا بوو رایکرد بۆئەوەی ژیانی خۆی رزگار بکات. یوسف بەسەرهاتەکەی بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: بەدرێژایی شەوەکە بەناو چیاو دۆڵەکاندا رامکرد، من لام وابوو ڕێگا هەرگیز تەواو نابێت. لەکۆتاییدا خودا منی گەیاندە وێستگەی ئامێدی کە لەوێوە بەپاس بەرەو دهۆك دەچوون. من وتم: شەما ئیسرائیل[١٩٧]. گەملیلی خۆشحاڵ بوو کە ئەمجارەش رزگاری بوو. لەکۆتاییدا توانی خۆی بگەیەنێتە گوندی گاڤانی، کە تیایدا هاوڕێیەکی مەسیحی لەوێدا هەبوو و پۆلیس بوو، وە ناویشی جاجۆ گۆرگیس کاکۆ بوو. یوسف چووە ماڵی:

" لێی پرسیم: ئیسف، ئەوە لە کوێ دێیت؟ منیش چیرۆکەکەم بۆ گێرایەوە کە چیم بەسەر هاتووە.... لەو کاتەی هێشتا هەر خەریکی قسەکردن بووین، گوێمان لێ بوو یەکێك لەدەرگای دەدا. ئێمە لەوە دەترساین کە ئەو کەسە ڕەشید بێتو بەدوای مندا هاتبێت... ئەو پێی وتم: یوسف، ڕەنگە ئەو بێت، وەرە با لەناو ئاودەست بتشارمەوە. لەوە دەترسێم هەردووکمان بەیەکەوە بکوژێت. با بتشارمەوە..."

١٩٧ واتە: گوێت لێبێت ئەی ئیسرائیل، خودای ئێمە، خودای تاكوتەنهایە. ئەم دەربڕینە لەکاتی تەنگانەو ناخۆشیدا لەلایەن جووەکانەوە دەگوترێتەوە وە یەکێکە لەگرنگترین پاڕانەوەکان.

ئەفسەری پۆلیس لەرەشید دەترسا، بەوە وەسفی دەکرد کە ئەو فریشتەی یەك چاوە[198]. هەتا دێوالی سەرخێلی هۆزی دۆسکیش لێی دەترسا. جاجۆ، یوسفی لە ئاودەست شاردەوە. ئەو بەپیر دەرگاکەوە چوو بۆئەوەی بیکاتەوە، کە دەرگاکەی کردەوە بینی رەشید لەگەڵ چوار پێنج پیاو لەبەر دەرگا وەستاوە. رەشید داوای لێکرد:

" دەبێ تۆ سوێند بخۆی چاوت بە ئیسفی کوڕی حاخام باشی دهۆك نەکەوتووە! جاجۆ پێی ووت: نا نا، ئەو نەهاتۆتە ئێرەو منیش چاوم پێی نەکەوتووە. بۆ چی قەوماوە؟ ئەو کوژراوە یان شتێکی بەسەر هاتووە؟ رەشید پێی وت: نا نا جاجۆ، نیگەران مەبە، ئەو نەکوژراوە. من بەدوایدا دەگەڕێم. ئەو لەگوندەکەماندا ون بووەو نازانین ئێستا لەکوێیە. جاجۆ پێی وت: ئەو هێشتا لەناو گوندەکەدایە. رەشید لێی پرسی: چۆن دەزانی؟ جاجۆ وتی: چۆن دەکرێت جوولەکەیەك بەتەنیاو بە شەو، لەو رێیە دوورە لە گوندەکەتەوە بێتە ئێرە؟ پێی وت: نەخێر، منیش باوەڕناکەم. ئەو وتی: باشە، فەرموو دانیشن، چایەکتان بۆ بێنم. رەشید دانیشتو جاجۆ چایەکی پێدانو بەڕێی کردن".

ئەو بەدرێژایی کاتەکە لەناو ئاودەستەکە بوو، یوسف لەترسان دەلەرزیەوە. کاتێك رەشید رۆیشت، جاجۆ یوسفی بەسواری وڵاغێك ناردەوە دهۆك. لەو کاتەی خەریکی قسەکردن بووین سەبارەت بە جاجۆ، یوسف بۆی دەپاڕایەوەو دەیووت: خوا سەلامەتی بکات. جاجۆ قەلابەیەکی پڕ لەداری راگرت کە دوو پیاوی تیادا بوو و یوسفیان هەڵگرت. هەر لەو شەوەدا یوسف گەیشتەوە ماڵو

---

١٩٨ مەبەستی ئەوەیە کە رەشید ئاغا کووشتنی لەلا شتێکی ئاسایی بوو وە هەرکەس پێچەوانەی ئارەزووەکانی رەفتاری کردبوایە، ئەوا یەکسەر مەترسی مردنی هەبوو. ( وەرگێڕ)

دوعای سوپاسگوزاری خوێندەوە. یوسف بەو شتەی بەسەری هات لە هەوڵدانەکانی سارد نەبووەوە. ئەو بڕیاری دابوو کە ئەو پارەیەی بە ناحەق لێی سەنرابوو، بگەڕێنێتەوە. ئەو لەلای سەعید ئاغا سکاڵای نەکرد، چونکە ڕەشید ئەندامێکی باڵادەستی هۆزی دۆسکی بوو. پەیوەندیە خێڵەکیەکانی هەردولا بەشێوەیەك بوو کە سەعید ئاغا نەیدەتوانی پارەکەی لێ وەربگرێتەوە. یوسف لەلای قازیەکی موسوڵمان شکایەتی کرد کە ناوی حسێن بەگ تۆحالا بوو، وە هاوڕێی بنەماڵەکەشیان بوو.

" قازیەکە بانگی خورشیدی کردو پێی وت: بۆ من ئەو جوولەکەیە هیچ گرنگ نیە، بەڵام من خەمی ئەو پارەیەمە کە هی مامی منە، بەقەرز بەو جوولەکەی داوەو منیش دەمەوێت بۆ بگەڕێننمەوە".

پایە بەرزەکەی قازیو ئەو ڕاستیەی مامی پارەی لەلای جوولەکەکە بوو، دوو هۆکاری سەرەکی بوون بۆئەوەی ئەو دوو برا دۆسکیە پارەکە بگەڕێننەوە. ئەم دادگاییەکی فەرمی نەبوو، بەڵکو چارەسەریەکی خێڵەکی بوو لەلایەن قازیەکی موسوڵمانەوە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا. ئەم جۆرە دەسکاریکردنە لەکاروباری دەوڵەت، وای لەدەسەڵاتدارە فەرمیەکان دەکرد کە لەو دوو تاوانبارە بترسێن کە مافی یوسفیان زەوت کردبوو.

**دەستاودەست کردنی ڕەزێك:**

لەکۆندا ئاغا بەهێزەکان دەیانتوانی جوولەکە خۆجێییەکان بەڕێوە ببەنو کۆنترۆڵی ژیانی ئەوان بکەن، بەشێوەیەك کە سەرمایەو کەلوپەلە بەنرخەکانیان بخەنە ژێر دەستی خۆیان. موشی گابای، گەورەی هاوڵاتیانی جوولەکەو لەهەمانکاتیشدا دەوڵەمەندترین پیاوی زاخۆ، ژمارەیەکی زۆر لە خانوو و دوکانو گوندی هەبوو، وەك گوندەکانی شەرلیکیۆ ئافیرمایی. بنەماڵەکەیان

لەگوندی کەستایی زەویان هەبوو. لە زاخۆدا، ئەوان خاوەنی دوو کاروان سەرا بوون، یەکێکیان دوکان بوونو ئەوی تریشیان بۆ بازرگانو ئێسترەکانیان بوون کە بتوانن لە شەودا پشوو بدەن. خێزانەکەی گابای خاوەنی رەزێکی جوان بوون، لەدواییدا بە رەزی محمد ئاغا ناونرا، لەبەرامبەر گەڕەکی جووەکاندا. محمد ئاغا سەرۆك شارەوانی زاخۆ بوو. لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، دەسەڵاتدارە خێلەکیو سیاسیەکان جوولەکە دەوڵەمەندەکانی زاخۆیان ناچار کرد دەسبەرداری رەزو باغەکانیان بن بۆ شارەوانی زاخۆ. ئەم باغانە پڕ لەداری میوەی جوان بوون. محمد ئاغا دڵی بۆ ئەو باغە لێیدەداو بە یەتزاك گابای باپیری سەلیم گابای وت:

"من ئەو باغەم دەوێت. ئەویش وتی: ناتدەمێ... محمد ئاغا وتی: ئەگەر تۆ ئەم باغەم پێ نەدەی، من موشی کوڕت دەبەمە ناو ریزەکانی سوپا... باپیرم پێی وت: تۆ چی بکەی من پێت نابەخشم. کوڕەکەم ببە ناو سوپا. سەرەتا محمد ئاغا بۆ بارکێشی، ئێسترەکانی ئێمەی برد، وە دەهاتو دەستی بەسەر گەنمدا دەگرت.... بەهێز لێی زەوت دەکردین. لە کۆتاییدا وتی: کوڕەکەت بۆناو لەشکر دەبەم، وە ئەو بۆ ناو لەشکرد نێردرا... لەکاتی جەنگەکەدا، یەکێك لە فەرماندەکانی سوپای تورکیا لە کاروان سەرای ئێمەدا نیشتەجێ بوو... ئەو بە یەتزاکی باپیرمی وت: من پارەی مانەوەکەم ئەو کات دەدەم کە سوپا هاتەوە ناو شاری زاخۆ، باپیرم کاروان سەراکانی بەتاڵ کردو یەکەی سوپا تیایاندا نیشتەجێ بوون. ئەو پێی وتن کە داوای کرێکەی ناکات، بەڵام دەیەوێت کوڕەکەی بگەڕێتەوەو لەسوپا ئازاد بکرێت. تەلەگرافێك نێردرا و دەست بەجێ موشی گابای ئازاد کرا. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك، محمد ئاغا بەباپیرمی وت: راستە کوڕەکەت گەڕاوەتەوە، بەڵام ئەگەر باغەکەم نەدەیتی ئەوا ماڵەکەت دەسوتێنم... لەکۆتاییدا هیچ چارەیەکمان نەماو باغەکەمان پێدا".

والاس لیۆن، كە وەك ئەفسەری سیاسی بەریتانیا لەنێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٤٤ لە كوردستان كاری كردووە، گەندەڵی سیستەمی دادوەری توركی بەم شێوەیە باس كردووە:

"ئەگەر كەسێك بێستانێكی بەپیتی هەبوایەو رەتی كردبوایە بیفرۆشێتە ئاغا یان پاشایەكی دیاریكراو، ئەوان لەلای ئەو ئاغاو پاشایە كارێكی زۆر ئاسان بوو چەند تاوانێكی بۆ هەڵبەستیٚو دەسگیری بكات، یان دەسبەسەری بكات تاوەكو ناچار دەبێت بیفرۆشێت. ئەم جۆرە كێشانە زۆر باو بوون....".

## ج. یەكەمین وێستگەی گاز لە زاخۆدا

پەیوەندی باش لەگەڵ دەسەڵاتدارە نوێیەكانی بەریتانیا شتێكی بەسوود بوو، هەروەك نەوەكانی بنەماڵەی گابای دركیان بەو راستیە كردبوو. بەریتانیەكان زەوییان لە بنەماڵەی گابای بەكریٚ گرتبوو لەگوندی ئەفریمایی نزیك شاری زاخۆو بەكاریان دەهێنا بۆ فرۆكەخانە. لەساڵی ١٩٢٣دا، دەسەڵاتدارانی بەریتانیا ویستیان یەكەم وێستگەی گاز لەزاخۆدا بكەنەوە. وەكالەتەكەیان پێشكەشی موشی گابای كرد كە لەبەر چاوی ئەواندا پیاوێكی باوەڕپێكراو بوون. موشی وێستگەی گازی بنیادنا كە هی كۆمپانیای سوتەمەنی رافیدەین بوو. كاتێك كێشەكانی نێوان جوولەكەو عەرەب لە فەلەستیندا لەهەڵكشاندا بوو، بەریتانیەكان پێشنیاری ئەوەیان بۆ كرد كە هاوڵاتیەكی موسوڵمان لەگەل خۆی بكاتە شەریك، ئەو كەسەش حازم بەگ بوو. لەدوای حازم بەگ، مۆردیخای دووەمین دەوڵەمەندترن پیاوی زاخۆ بوو. موشی خاوەنی گوندو زەویو زار بوو لە دەورووبەری شارەكەدا، كە شەمدین ئاغا چاوی تیٚ بڕیبوو. حازم بەگ یەكێك بوو لە كڕیارەكانی ئەو موڵكانە، بەڵام موشی گابای

توانی ئەو خانووبەرانە تاوەکو کۆچی جووەکان بۆ ئیسرائیل بپارێزێت. سەلیم گابای لە راپۆرتێکدا دەڵێت:

" رۆژێکیان بەڕێوەبەرێکی گەورە بەناوی ئاشلی گلانزل لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا هات... وتی: گابای جەنگ لەنێوان عەرەبو جووەکان هەڵگیرساوە. ئەگەر عەرەب سەرکەوێت، ئەنجامەکەی بۆ ئێوە باش نابێت. بەهەمان شێوەش ئەگەر جووەکانیش سەرکەون، دیسان بۆ ئێوە باش نابێت، لێرە کێشەتان بۆ دروست دەبێتو وەك دوژمن رەفتارتان لەگەڵدا دەکرێت. حەزدەکەم تۆ حازم بەگ وەك هاوبەشی کاری خۆت لە وێستگەدا دابنێیت... رۆژەکە هەینی بوو. باوکم پێی وت: بەڵام من پێشتر شەریکێکم هەیە... باوکم پێی وت: ئەمڕۆ هەینیە، بەیانیش شەممەیە، بەڵام لە رۆژی یەك شەممەدا من کۆپیەکی بەڵێننامەی هاوبەشیەکەت بۆ دەنێرم. ئەو چووە لای کەسێك بەناوی حاجی محمد، کە کەسێکی سادەو لەخوا ترسو موسوڵمانێکی باش بوو... پێی وت: حاجی من دەتکەمە هاوبەشی خۆم، بەڵام تەنیا بەناو، واتە تەنیا لە بەڵگەنامە فەرمیەکاندا، وە هەرچیەکت پێویست بێت لە گازو بەنزین بۆت دابین دەکەم. لەدادگادا، بەڵێننامەکەی واژوو کرد. ئەو کۆپیەکی لەو بەڵێننامەیە رەوانەی لەندەن کرد.... جەنگ هەڵگیرساو پاشان کۆتایی پێهات. ئەو موسوڵمانە فێڵی لێنەکردین. ئەو بانگەشەی ئەوەی نەکرد بڵێت من هاوبەشی تۆم، وە بەشی خۆمم دەوێت. ئێمە تەنیا گازو بەنزینمان بۆ دەنارد، هەرچیەکی لە سووتەمەنی پێویست بوایە، بۆمان دابین دەکرد. ئەو پیاوێکی باش بوو و لەنزیك گەڕەکی جووەکاندا دەژیا... کوڕەکەی ناوی سەعۆ بوو. ئەوان کەسی باشو بێ فیز بوون".

گابای کە وێستگەکەی لەساڵی ١٩٢٣ دروست کرد وە لەسەری بەردەوام بوو تاوەکو ساڵی ١٩٥١. لەو ساڵەدا حکومەت مافی هاوڵاتیبوونی لە جووەکان وەرگرتەوەو دەستی بەسەر وێستگەی گازو پێکهاتەکانی ناو کۆگاکەدا گرت، پێش ئەوەی بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکەن.

# بەندی سێیەم

## هەڵگەڕانەوەی جووەکان بۆ ئایینی ئیسلام لە کۆمەڵگای کوردیدا

### أ. موسڵمانبوونی جووەکان

بێرنارد لویس باسی سێ کۆمڵی پلەنزمی لە ئیسلامدا کردووە، ئەوانیش بریتین لە کۆیلەو ئافرەتو بێ باور، کە بەراورد دەکرێن بە سێ جۆری دژبەیکی وەك، گەورەو کۆیلە، ژن و پیاو، باوڕدارو بێ باور، و نایەکسانی لەنێوان ئەمانەدا لەئایینی ئیسلام بەدی دەکرێت[١٩٩]. ئەو جوولەکانەی لە کوردستاندا

---

١٩٩ بۆچوونی ئیسلام پێچەوانەی بێرنارد لویسە. ئەو دەڵێت لە ئیسلامدا ئافرەت پلەو پایەیکی نزمی هەیە لە چاو پیاودا، هەرچەندە ئەم بابەتێکی دوورو درێژەو پێویستی بە هەڵوەستەیەکی تێروتەسەل هەیە، بەڵام لە ئیسلامدا بەهیچ جۆرێك نە لە قورئانو نەلە فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) باسی نزمی پایەی ئافرەت نەکراوە، بەڵکو لە ئا یەتەکانی قورئاندا ئافرەتو پیاو بەیەکەوە باس کراون. بۆ نموونە، لە چەندین شوێنی قورئاندا خودای باڵادەست دەفەرموێت، "ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە، لە پیاوانو ئافرەتان". بەهیچ جۆرێك نافەرموێت، ئەی پیاوە بڕوادارەکان، واتە هەردووکیان لە تەرازووی ئیمانەدا یەکسانن، بەڵام لە هەندێك مەسەلەی بایۆلۆجیدا جیاوازییان هەیە، وەك کارکردنو چەند ئەرکێکی تر. وە ئەگەر لە مەسەلە فسیۆلۆجیەکاندا بەیەك چاو سەیری هەردووکیان بکرێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا نادادپەروەریە لە نێوانیاندا، چونکە تۆ ئەو شتەت پێنەبەخشیوە کە پڕ بەپێستی لایەنی جەستەیی ئەو ئافرەتەیە. جۆری دووەم مەسەلەی کۆیلایەتییە، هەر بەهاتنی

دەژیان، پلەو پایەی ئایینیو کۆمەلایەتیان نزم بوو. بە شێوەیەکی تیۆری جووەکان لە دوو رووەوە نایەکسان بوون لەگەڵ کوردە موسوڵمانەکاندا، هەروەك لەلایەن بێرناردەوە باسی لێوە کراوە، جووەکان هاوڵاتی ناخێڵەکی ئاغا کوردەکان بوونو لەبەر چاوی کوردە موسوڵمانەکاندا بێ باوەڕ بوون. لە رابردوودا هەندێك لە جوولەکە گوندنشینەکان کۆیلە بوون، هەروەك لەسەرەوەدا بە درێژی باس کراوە[٢٠٠].

لە سەدە تازەکاندا چوونە سەر ئایینی ئیسلام وەك سەردەمی سەرەتای لەدایك بوونی ئەو ئایینە بە شێوەیەکی بەرفراوان نیە[٢٠١]. ژمارەیەکی کەمی جووەکان بەهۆی هاندەری ئایینیەوە بوون بە موسولمان. ئایین گۆڕینی

---

ئیسلام ئەم بابەتە کۆتایی پێهاتو چەندین کۆیلە لەو سەردەمەدا لەسەر دەستی پێغەمبەر (د.خ) ئازاد کران. بۆ مەسەلەی نزمی پلەی بێ باوەڕان لە ئیسلامدا، ئەمە مەسەلەیەکی روونە و لە ولاتی موسوڵماناندا بەتەواوی ژیانیان فەراهەم کراوە و کوردستانیش بەرجەستەکردنی ئەم راستیە لەخۆ دەگرێت. (وەرگێڕ)

٢٠٠ لە راستیدا پلەوپایەی جووەکان رێك یەکسان نەبوو بە هی جووەکان، بەڵام لەژێر دەستی ئاغا بوونێك دەلالەتێکە لە بە کۆیلە بوون، بەتایبەتی لە سەدەکانی زوودا لە ناوچە گوندنشینەکاندا.

٢٠١ لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمو سەرەتاکانی سەدەی بیستویەکەمدا، ئاینی ئیسلام لە خۆرئاواو ئەمریکادا بە شێوەیەکی فراوان پەرەی سەندووە. لە ئێستادا ئیسلام خێراترین ئایینە لە جیهاندا لە رووی زیادبوونی ژمارەی پەیڕەوانی، بەتایبەتی دوای هێرشەی تیرۆرستیەکەی یانزەی سێپتێمبەر، خەڵکی بۆ زانینی کرۆکی ئەم ئایینە دەستیان بە لێکۆلینەوە کردو گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ئەوە ئیسلام نیە کە توندوتیژی تیادا هەیە. وە ئەوەی شایانی باسیشە زۆربەی ئەوانەی دەبوونە موسوڵمان بریتی بوون لە ئافرەت. (وەرگێڕ)

جووەکان چەند هاندەرێکی کۆمەلایەتی لەپشت بوو، وەك پلەوپایەیان لەناو کۆمەڵگا یاخود پەراوێزخستنی جوولەکە گوندنشینەکان. لەسەر ئەم گفتوگۆیەدا دەبێت ئاماژە بە سێ خاڵ بدرێت.

١. ژمارەی ئەو ئافرەتە جوولەکانەی چوونە سەر ئایینی ئیسلام بەشێوەیەکی بەرچاو زیاتر بوو لە پیاوان. ئایینی ئیسلام رێگای بەپیاوانی موسولمان داوە کە ئافرەتی مەسیحیو جوولەکە مارە بکەن بە مەرجێك حەقی مارەییەکەی بدەنو ئافرەتەکەش بەئارەزووی خۆی شووی پێبکاتو داوێن پیسیش نەبێت. بەڵام لەژێر هەر بارێکدا بێت، ئیسلام رێگا بەوە نادات کە کچی موسولمانان شوو بە پیاوێکی ناموسولمان بکات.

٢. لە ئیسلامدا، هاوسەرگیری مارەبڕینێکی سادەیەو تەنیا دوو شاهیدی پێویستە. بۆئەوەی هاوسەرگیریەکە بەردەوام بێت، ئافرەتەکە دەبێت گوێڕایەڵی هاوسەرەکەی بێتو هاوسەرەکەش مارەیی ئافرەتەکە بداتو لە هەمانکاتدا ژیانیشی دابین بکات.

٣. بە مارەکردنی ئافرەتێکی جوولەکە، پیاوە موسولمانەکان لە دوو لایەنەوە سوودمەند بوون. لەو کاتەی دەیانتوانی چوار ژن بهێنن، ژنە جوولەکەکە دەکرا بە ژنی دووەمو سێیەمو چوارەم. سەرەڕای ئەمەش، کاتێك ژنێکی جوو مارە دەکراو بنەماڵەکەی دژی ئەو کارە بوون، پیاوەکە خەرجی مارەکردنەکەی کەمتر دەبوو و خۆی لەپێدانی ئەو بڕەپارەیەکی کە بۆ مارەیی دەدرا، دەپاراست.

لەکۆمەڵگای جوولەکەدا ئەو جوولەکەیەی شووی بە کەسێکی موسولمان دەکرد دەبوایە لە خێزانەکەیو کۆمەڵگا بەگشتی جیا بکرێتەوە. ئەو جوولەکەیەی دەیویست شوو بە موسولمانێك بکات، دەبوایە ئایینی ئیسلام قبول بکاتو ئەو جۆرە ئایین گۆڕینەش لەژێر ئەم دۆخەدا بەشێوەیەکی

خۆویستی ئایینی نەبوو. گۆڕینی ئایین بۆ ئیسلام تەنیا کاریگەری لەسەر ژیانی تاکەکەسی ئەو جوولەکەیە نەبوو، بەڵکو پلەوپایەی کۆمەڵایەتیشی بەرز دەبووەوە. ئەو جوولەکە گوندنشینانەی شوویان بەئەندامانی خێڵێك دەکرد، دەبوونە یەکێك لە ئەندامانی ئەو خێڵە. جوولەکە شارنشینەکانیش کە شوویان بە کوردێك دەکرد، پلەوپایەی کۆمەلایەتیان بەرز دەبوو. نزیکەی هەموو ئەو جوولەکانەی چاوپێکەوتنیان لەگەلدا کراوە، لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا جوولەکەیەکی ئافرەت یان پیاوی دەناسی کە لەئایینەکەی خۆی هەڵگەڕابێتەوە. هەندێك لەو کەسانەی ئەم چاوپێکەوتنانەیان لەگەڵدا ئەنجام دراوە دوو دڵ بوون لە باسکردنی ئەگەر ئەو کەسە یەکێك بوایە لە نزیکەکانی ئەوان، بەڵام لە کۆتاییدا هەموویان رازی بوون بەدرێژی باس لەو بابەتە بکەن.

جووەکان شوویان بە پیاوانی سەر بە ئایینە نزیکەکانیان دەکردو هەر بۆیە ئایینی خۆشیان دەگۆڕی. لەشاری دهۆکدا، دوو پاوی جوولەکە بوونە مەسیحیو ئافرەتی مەسیحیان هێنا. پاشان دوو کچەزاکانیشیان بوونە مەسیحی. کلێسای مەسیحیەکانو پەرستگای جووەکان لەیەکەوە نزیك بوون، هەر بۆیەش مەسیحیو جووەکان زۆربەی کاتەکان چاویان بەیەك دەکەوت. بەشێوەیەکی بەرچاو جوولەکەو مەسیحیەکان لەدهۆك پەرەیان بە پەیوەندیەکانیان دەدا. دوابەدوای سەردانێکی بۆ دهۆك لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، یۆنا سابار لە نوسینێکیدا بەباشی باسی جووەکانی کردووەو ئاماژەی بەو پەویوەندیە باشەی نێوان مەسیحیو جووەکان داوە. لەشارۆچکەی نوسەیبیندا، ئافرەتێکی جوولەکە هەبوو کە ببوە مەسیحیو شووی بە پیاوێکی مەسیحی کردبوو، بەڵام دوای ئەوەی مرد مناڵەکانی بەرەو ئیسرائیل کۆچیانکردو گەڕانەوە سەر ئایینی یەهودی.

قسەکردن لەسەر هاوسەرگیری جووەکان لەگەل کوردە موسڵمانەکان پێویستی بە دوو تێبینی گرنگ هەیە. مەسەلەی ڕەچەلەکی کوردەکان بووە مەتەلێك و عەرەبە نەیارەکان لەکۆنەوە کوردە موسڵمانەکان بەوە تاوانبار دەکەن کە ڕەچەلەکیان جوولەکەیە. لەم دواییانەدا پرۆفیسۆر جۆیس بلۆ باسی ئەوەی کردووە کە بۆ لەکەدارخستنی ناوبانگی(سومعە) کوردەکان لەبەر چاوی ناوەندە ئیسلامیەکاندا، ئێستا لێکۆلینەوەیەك لەتورکیا بلاو دەکرێتەوە کە تیایدا دەیسەلمێنێت بنەماڵەی بارزانی ڕەچەلەکیان جوولەکەیە[٢٠٢]. لەڕاستیدا ئەم بیرۆکەیە بە هیچ جۆرێك پشتگیری نەکراوە، بەڵام ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لە نێوان هەردوو لادا دەبینرا وای کردووە ئەم بیرۆکەیە پەرە بسەنێت.

لە ڕاپۆرتەکەیدا دەربارەی شاری سلێمانی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، (ئەی. بی. سۆن) باسی لە پەیوەندی خوێنی لە نێوان کوردو جوولەکەدا کردووە. هەروەها لە ئەترۆشدا، ئەبراهام مۆردیخای میزراحی ئاماژەی بەوە داوە کە لە کۆی هەزارو پێنج سەد ماڵ، زیاتر لە یەك لەسەر چواری رەچەلەکیان جوولەکە بووە، وە ناوەکەشیان بن جووهی، واتە کوڕی جوولەکە، بووە. ئەو باسی ئەوەی کردووە کە کوردەکان هەندێك ئافرەتی جوولەکەیان بە

---

٢٠٢ بەداخەوە، عەرەب و تورکە قین لەدڵەکان، هەموویان نا، ئێستاش لەگەڵدا بێت هەر کاتێك ناوی کوردستان دەبرێت، بیریان بۆ ئیسرائیلی دووەم دەچێت. ئەوان وادەزانن کوردو جوولەکە دوو بران لە دوو وڵاتی جیادا، لەوە بێ خەبەرن کە، من دڵنیام، ئیسلامی ڕاستەقینە لەرووی کرداریەوە تەنیا لەلایەن کوردەوە پەیڕەو و دەپارێزرێت. روانینی کوردیش بۆ گەلی جوولەکە وەك سەرجەم نەتەوەکانی جیهان بیروبۆچونێکی مرۆڤانەیە، بەبێ گوێدانە باوەڕیان. (وەرگێڕ)

(Israil'in beka stratijisi ve kurtler).. ستراتیژیەتی هەمیشەیی ئیسرائیل و کوردەکان. نووسینی: جەواد دۆغان. ئەستەمبۆل، لاپەڕە ٢٤٤.

زەبر و زۆری بردووە، بەڵام هەندێکی تریان بە ئارەزووی خۆیان بوون بە موسڵمان.

خەمو شەرمەزاری ئەو جوولەکانەی دادەگرت کە یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی لە ئایینی جوولەکە هەڵدەگەڕایەوە. کاتێك (نەعیمە)ی خوشکی موشی شالۆم لە سلێمانی شووی بە کوردێکی موسولمان کرد، رەحمای خوشکی تووشی کێشە بوو.

" رەحما، نەیدەویست نەعیمەی خوشکی ببێتە موسڵمان، بۆ ئێمە شەرم. هەتا ئەگەر کەسێك لە رۆژی شەممەدا جگەرەی کێشابوایە، بەس بوو بۆئەوەی بە ناجوولەکە لەقەلەم بدرێت.... رەحما لەسەر بان خۆی فرێدایە خوارەوە. خۆشبەختانە نەمرد، بەڵام هێشتا بەهۆی ئەم رووداوەوە دەشەلێت".

لیڤی مۆردیخای حینۆ، کە خوشکەکەی ببوە موسڵمان، ئابڕوچوونەکەی بەم شێوەیە باس دەکات:

" ئەو کەسەی دەیویست خوشکەکەم مارە بکات، ئەوی بردە لای ئیسماعیل ئاغا و لەوێدا مارەی کرد. کوڕێکی بوو و ناوی نا محمد. دوای ماوەیەك، هاوسەری خوشکەکەم کۆچی دوایی کردو کوڕەکەشی بەهەمان شێوە مرد. دایکم ویستی ئەو بهێنێتەوە ماڵ، بەڵام من قایل نەبووم".

لەکۆتاییدا هەڵوێستە نەگۆڕەکەی حینۆ بەرامبەر بەخوشکەکەی بووە هۆی ئەوەی خوشکەکەی لە هاتنە ماڵەوەدا رێگای پێنەدرێ، هەرچەندە دایکی دەیویست بگەڕێتەوەو هیوای دەخواست کە بنەماڵەکەی باوەشی بۆ بکاتەوە. رەنگە یەکێك لە هۆکارەکان بریتی بووبێت لەبچوکی خێزانەکەیان کە وای کردبوو باس لەگەڕانەوەی بکرێت. هەروەها دەبێت ئاماژە بەو راستیەش بکرێت کە خوشکەکەی حینۆ، هاوسەرو منداڵەکەی لەدەستدا بوو، وە ئەمەش رێگای خۆشکرد بۆ ئەوەی باس لە گەڕانەوەی بۆ ناو خێزانە جوولەکەکەی بکرێت.

**ب. گرنگترین ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی گوڕینی ئایین**

ڤی. بی. مۆرین باس لەسێ لەگرنگترین ئەو هۆکارانە دەکات کە بوونە هۆی ئایین گۆڕینی جووەکان.

١. راستیو دروستی ئایینەکانی تر، بەتایبەتی ئیسلام

٢. دەسکەوتنی هەندێك سوودی ماددی لەو ئایین گۆڕینەدا

٣. ترسان لە چاوسورکردنەوەو چەوساندنەوە

مێژووی جووەکان لەولاتە مەسیحیەکاندا چەندین نموونەمان پیشان دەدەن سەبارەت بە خاڵی سێیەم، بەڵام ژیانی جووەکان لە ئەزمونی ژیانی ئەو جوولەکانەی لەوڵاتە مسوڵمانەکانی سوونە مەزهەبدا دەژیان، بەشێوەیەکی رێژەیی کەم نموونەی لەم جۆرەمان دەست دەکەوێت. قەزاز گفتوگۆی لەسەر ئەوە کردووە کە گۆڕینی ئایین لەناو جووەکانی عێراقدا لەسەردەمی مۆدێرندا رێژەکەی کەم بوو، وە ئەگەر هەشبوبێت بەهۆی ناڕەزایی تاکەکەسی لە ئایینەکەی خۆی یان بەزۆری بەهۆی کەمی پایەی ئابووریو کۆمەڵایەتیەوە بووە. لەسەدەی بیستەمدا چەندین رووداوی ئایین گۆڕینمان بەرچاو دەکەون، ئەویش بەهۆی هۆکاری یەکەمەوە، واتە: راستیو دروستی بیروباوەڕی ئایینەکانی ترەوە. ژیانی جووەکان لەکوردستان چەند نموونەیەك لەهۆکاری دووەمی گۆڕینی ئایین دەخاتە روو، واتە: دەسکەوتنی سوودی ماددی. دەبێت تێبینی پێنج هۆکاری سەرەکی بکرێت لەهەڵگەڕانەوەی جووەکانی کوردستان، هەروەك لە چەندین سەرچاوەدا ئاماژەی پێدراوە.

### ١. هەڵگرتنی(رفاندن) ئافرەتە جووەکان

رفاندنی ئافرەت لەچوارچێوەی هەندێك کۆمەڵگای کوردیو مێژووی وڵاتانی تردا دیارە. لە سەرەتاکانی ساڵی ١٨٢٠کان، ریچ، تێبینی ئەوەی کرد کە رفاندنی کچ لەلایەن خۆشەویستەکەیەوە کارێکی ئاساییو باو بوو. لە وڵاتی ئازەربایجاندا، زۆربەی مەسیحیەکان لەو گوندانەدا دەژیان کە لەلایەن دەرەبەگو ئاغاوە بەڕێوە دەبران وە زۆربەشیان مسولمان بوون. گوندنشینەکان بەبێ بەرامبەر کاریان دەکرد و هەندێ جار ئاغاکان ئافرەتە جوانەکانیان دەبرد. هەروەها ئیدمۆندسو لیچ لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، باسی ئەو کۆمەڵگا کوردیانەیان کردووە، وە تێبینی کرداری رفاندنی ئافرەتی کوردیان کردووە. هەندێك لەو شایەت حالانەی کە ئێمە لەگەڵیان دواین، ئەوانیش ئاماژە بە رفاندنی ئافرەتە جووەکان لەلایەن کوردە خێڵەکیەکانەوە کردووە، کە ویستویانە ئەو ئافرەتانە بهێنن. لەناو خێڵە کوردیەکاندا هەندێ جار ئەندامانی خێڵ بەسەر لایەنی بەرامبەردا سەردەکەوتن بە رفاندنی ئەو ئافرەتەی ئارەزوویان بوایە.

چەندین جار ئەو بەناو رفاندنە بەهاوکاری نهێنی ئافرەتە رفێنراوەکە ئەنجام دەدرا. لە کۆتاییشدا، سەرۆك خێڵی هەردوولا بۆ ئاشتکردنەوەو گەیشتن بەچارەسەرێك گفتوگۆیان دەکرد، بە زۆریش وا رێك دەکەوتن قەرەبووی دارایی خێزانی رفێنراوەکە بکرێتەوە. ئەگەر گفتوگۆیەکە سەری نەگرتایە، بەشێوەیەکی گشتی پشێوی دەکەوتە نێوان هەردوولا. بەپێی بیروبۆچوونی کوردە خێڵەکیەکان، رفاندنی ئافرەتێکی جوولەکە بەبەراورد لەگەڵ رفاندنی موسولمانێك، کەمتر ئاڵۆز بوو. کوردە خێڵەکیەکان تووشی هیچ جۆرە ناخۆشییەك نەدەبوون ئەگەر بهاتبوایە ئافرەتێکی کورد رفێنرابوایە. بنەماڵە جووەکان کە کچەکانیان دەڕفێنران، هیچ جۆرە هێزێکیان بەسەر رفێنەرەکانەوە نەبوو کە تۆڵەی خۆیان بکەنەوە. ئەوان

هەوڵیاندەدا بەرهەڵستی ئایین گۆڕینی ئەندامانی خێزانەکانیان بکەن بە سکاڵاکردن لەلای دەسەڵاتداری خۆجێییەکەیان بەهۆی هەندێك شێوازی تری ئاشتیانە کە لە خوارەوە باس کراوە.

لەساڵی ١٩٣١، حاخام باشی زاخۆ، نامەیەکی بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی نەتەوەیی جووەکان لە فەلەستین نارد کە تیایدا باسی لە هەندێك دیاردەی نابەجێ کردووە، لە نێوانیاندا رفاندنی ئافرەتە جووەکانیش بەرچاو دەکەوێت. لە شارۆچکەی نوسەیبین، گەنجێکی کورد کەوتە داوی خۆشەویستی ئافرەتێکی جوولەکە کە لە شاییەکدا چاویان بە یەکتر کەوتبوو، گەنجەکە یەکێك بوو لەئەندامانی باندی مۆسیقا ژەنەکانی ناو شاییەکە. دوای بەسەرچوونی ماوەیەك، گەنجەکە گەڕایەوەو بەهێز کچەکەی رفاند، دایكو باوکی کچەکەو هاوڵاتیانی جوولەکە دەیانویست بەپارە کچەکە رزگار بکەن، بەڵام کوردەکان زۆر بەهێزتر بوونو ئەوان نەیانتوانی کچەکە بگەڕێننەوە. ئافرەتەکە لەگەڵ گەنجەکەدا مایەوەو بنەماڵەکەشی لەم رووداوەدا خەمبار بوون. موشی شالۆم، لە راپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە خوشکەکەی بەهۆکاری رۆمانسیەوە ئایینەکەی خۆی گۆڕی. وە هەروەها وتی کە گەنجە کوردەکە کەوتە داوی خۆشەویستی خوشکەکەیەوەو پاشان رفاندی. بەبڕوای موشی شالۆم، شتێکی ناپەسەندو ناماقولە خوشکەکەی بۆ موسولمانێك واز لە خێزانەکەی بهێنێت. من (نووسەر) دووبارە لێم پرسیەوە کە بەڕاستی خوشکەکەی رفێنراوە بەزۆریو بەبێ ویستی خۆی مارە کرا. بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە: نازانم، من لەوێ نەبووم، رەنگە ئەویش کوڕەکەی خۆشویستبێت. لەلایەکی ترەوە صادق، برا بچووکەکەی، بەم شێوەی دوا: هیچ کاتێك جوولەکەیەك ئایینەکەی خۆی نەدەگۆڕی، بەڵام لەڕاستیدا ئەوان بەزۆری دەبردران. بابو باپیرانی بنەماڵەکەی توانیان چەندین ئافرەتی جوولەکە رزگار بکەن کە دەیانویست ئایینی خۆیان

بگۆڕن. جەستیس یەعقوب تزیما، کە باوکی ئەندامی پەڕلەمانی عێراق بوو لە شاری موصل، ئاماژەی بەوە داوە کە باوکی تووشی چەندین کێشەی رزگارکردنی:

" ئافرەتە لاوە جووەکانی کوردستانی کردووە لەدەستی ئاغا خێلەکیەکاندا... کە کۆنترۆلی باکووری عێراقیان کردبوو.... لە وڵاتێك کە فرەژنی ڕێگای پێدرابوو.... ئاغا بەدەسەلاتەکان کە حەزیان لە ئافرەتێکی جوولەکە دەکرد، بەزۆری تازە پێگەیشتووەکان، پاشان بەزەبری چەك ئەوانیان دەرفاندو ناچاریان دەکردن ببنە موسولمانو بەزۆری شوویان پیێ دەکردن".

یەعقوب تزیما لەم نموونەیەدا جەختی کردۆتەوە لەسەر وشەی "بەزۆری". لەڕاستیدا ئەو هیچ نموونەیەکی دیاریکراوی بۆ نەگێڕاینەوە، بەڵکو ئاماژەی بە باوکی دا سەبارەت بە ئاغا کوردە بەهێزەکان کە ئەو ئافرەتە سەرنجراکێشەی جوانانە لەژێر دەسەڵاتی ئەوا بوون، بەزەبری هێز دەیبردن. جاروبار، دایكو باوکیان هەتا ئەو کاتەی لەژێر فەرمانڕەوایی ئەو ئاغایەدا دەبوون، نەیاندەوێرا سکاڵا بکەن، وە هەندێك جار ئەم هەواڵانە لەناوچە کوردیەکانەوە دزەیان دەکردە شاری موصل. لەم جۆرە نمونانەدا ئەندام پەڕلەمانە جووەکە زۆر بەتوندی هەوڵیدەدا کچەکە بگەڕێنێتە ناو خێزانەکەی. جووەکان(ئەوانە بەسەرهاتەکەیان گێڕاوەتەوە) چەمکی رفاندنیان لەجیاتی ژن هەڵگرتن یان رادو کەوتن بەکارهێناوە. هەروەها هەمان زاراوەیان بەکارهێناوە بۆ ئەو ئافرەتە جوولەکانەی بە خواستی خۆیان لەگەل رفێنەرەکان هەڵاتن.

دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت کە ژیانی ئافرەتە گەنجە جووەکان لە دەورووبەر مالەکانیان چەقی بەستبوو. بەگشتی، ئەوان بەشێوەیەکی فەرمی پەروەردە نەکرابوونو بەژداری هیچ جۆرە خوێندنگای حکومی یان ئایینیان نەکردبوو. لە کۆندا لە شارو گوندەکاندا، ئەوان بەڕێکەوت تووشی پیاوانی خێل

دەهاتن، ئەو پیاوانە ئەوانیان فریو دەدا بۆئەوەی لەگەڵیان راکەن. جووەکان بەهۆی ئەو شەرمو حەیایەی هەیانبوو، ئەگەر کچەکەیان یاخود خزمێکیان بەویستی خۆیشی لەگەڵ ئەو گەنجانەدا رایکردبوایە، ئەوان بە رفاندن لەقەلەمیان دەدا، هەرچەندە حەقیقەتی رووداوەکەش بەم شێوەیە نەبووایە. ئەم پرسە پرسێکی زۆر هەستیارە لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. هاوسەرگیری کاریکی زۆر تایبەتی دایك‌و باوکی کچەکان بوو. خواستی کوڕو کچ لەکۆمەڵگای کوردیدا هیچ بەهایەکی نەبوو. لەناو کۆمەڵگای جوولەکەکاندا، بەشێوەیەکی کرداری لەناو هەموو کۆمەلگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئافرەتان رێگایان پێنەدەدرا بەدڵی خۆیان هاوسەری ژیانیان دیاری بکەن. بەڵگەنامەی هاوسەرگیری‌و مەرجەکانی پەیوەندی بە دایك‌و باوکی کچەکەوە هەبوو. بە واتایەکی تر، هاوسەرگیری بەبێ رەزامەندی بوونی ماڵی بووکوکە سەرپێچی بوو لە یاسای کۆمەڵگاکە، لەو کاتەی دەبوایە باوك‌و دایکی زاوا سەردانی ماڵی بووکەکە بکەن‌و داوای دەستی ئەو کچە بکەن[٢٠٣]. بەهۆی ئەم داب‌ونەریتەوە، ئەو جوولەکانەی کچەکانیان بەبێ رەزامەندی دایك‌و باوکیان هاوسەرگیرییان ئەنجام بدابوایە، کارەکە بە رفاندن لەقەلەم دەدرا هەتا ئەگەر ئافرەتەکە یارمەتی رفێنەرەکەشی دابوایە‌و بەئارەزووی خۆی رەدووی

---

٢٠٣ لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٣دا، دادگای باڵای لاهۆر لە پاکستان دانی بە مافی شووکردنی ئافرەت دانا بەبێ رەزامەندی باوك‌و براکانی ئافرەتەکە. ئەم بڕیارە بڕیارەکەی پێشووی هەڵوەشاندەوە کە هاوسەرگیری بەبێ رەزامەندی دایك‌و باوك هیچ شەرعیەتێکی لەدادگادا نەبوو. بەواتایەکی تر، بەپێی داب‌و نەریتە باوەکانی ئیسلام‌و لە ولاتانی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا، هەتا لەسەرەتاکانی هەزارەی سێیەمدا، هاوسەرگیری بەبێ ویستی بنەماڵە یان بەخێوکەر بە چاوی لادان لە یاسا کۆمەلایەتیەکان سەیر دەکرا.

کەوتبایە. لەگشت رووداوەکاندا، لەو نموونانەی باسمانکردن، بۆمان روون بوەوە هەتا ئەگەر کچەکە بەرەزامەندی خۆی رۆیشتبوایە یان نا، لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگا جوولەکەکەوە بە رفێنراو سەیر دەکرا.

٢. رەوشی ئابووری

ئیزابێلا ئێل بێرد لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، لە راپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە کە بوونە موسولمان لەلایەن هاوڵاتیان ئایینەکانی ترەوە، کە دواتر دەیانتوانی ببن بە میراتگری خێزانەکانیان، لەشارۆچکەی نوسوییبیندا جوولەکەیەك بەناوی گورجی بووە موسولمان‌و لەئەنجامدا وەك میراتگری خێزانەکەی دیاری کرا. جوولەکەیەکی تریش لە هەمان شارۆچکەدا، بەناوی ئەبراهام مارشین بەهۆی هەڕەشەیەکەوە یان ترسان لەوەی حکومەت دەست بەسەر سەروەتەکەیدا دەگرێت، بووە موسولمان. لە دیانا، ئافرەتێکی جوولەکە شووی بە کوردێکی موسولمان کرد. ئەو دوو برایەی کە باسی ئەو بەسەرهاتەیان کردووە، هەریەکیان باسی هۆکارێکی کردووە، یەکێکیان وتوویەتی کچەکە هیچی نەبووە بیخوات بۆیە بۆتە موسولمان، بەڵام براکەی دەڵێت کە راستە کچەکە هەژار بووە، بەڵام کچەکەش پیاوەکەی خۆشدەویست، وە پیاوەکەش خاوەنی قاوەخانەیەك بوو. بارقورسی ئابووری لە ئامێدیش هۆکارێك بوو بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری ئافرەتە جووەکان. تۆڤای کچی معلم شیمۆن شووی بە ئامۆزاکەی کردبوو. ئەوی زۆر خۆشدەویست، بەڵام هاوسەرەکەی کاری نەبوو نەیدەتوانی بەردەوام بێت لەسەر ماڵداری، بۆیە بەجێی هێشت‌و شووی بە موسولمانێك کرد. پاشان ویستی بگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی، بەڵام مامی (باوکی کوڕە جوولەکەکە) وتی: هەروەك چۆن پێشتر لەسەر دابونەریتی باوکی لایداوە با ئاواش لەوێ بمێنێتەوە.

### ٣. دڵداری

ئەو چاودێرە خۆرئاواییانەی لەهەرێمی کوردستان بوون بەسەرساممییەوە تێبینی چەندان نموونانەی خۆشەویستی لە هاوسەرگیری کۆمەڵگای کوردیدا کردووە، هەروەك لەراپۆرتەکانی گەریدەکانی کوردستان لەساڵی ١٩٢١دا هاتووە:

" هاوسەرگیری لەلایەن چەندین کەسەوە لە سەر بنەمای خۆشەویستی دوو لایەنە بوو... خۆشەویستیەکی راستەقینە لە نێوان ژنو پیاودا هەبوو و ئەم جۆرە خۆشەویستیە بەهیچ جۆرێك لەلایی هۆزەکانەوە نەبوو. وە هیچ پەیوەندییەکی باشتر لە پەیوەندی نێوان ئەو دوو رەگەزەو باشتر نەبوو".

هەندێك لەو نموونانە بەرجەستە کراون بۆ گۆڕینی ئایین بەهۆی هاندەری دڵداریەوە بوو[٢٠٤]. نەعیمە شالۆم کە خەڵکی سلێمانی بوو، لە دەورووبەری ساڵی ١٩٣٥–١٩٣٧ دا شووی بە کوردێکی موسولمان کرد. ئەو خوشکی موشی شالۆم بوو. نەعیمە لەماڵی یەکێك لە جووە دەوڵەمەندەکان بەناوی ئەبراهام شالۆم وەك پاککەرەوە کاری دەکرد:

" ئێمە لەکۆلانێکی جوولەکەنشین دەژیایین، وە خێزانەکانی تر لەنزیك سەرا، لە گەڕەکە بەناوبانگەکان بوون... ئەم پیاوە جوولەکەیە داوای لە باوکم کرد کە رێگا بە نەعیمە بدات وەك کارگوزارێك یارمەتی خێزانەکەی بدات. خێزانەکەی هیچ منالێکی نەبوو. بۆماوەی شەش مانگ یان ساڵێك لەوێدا کاری کرد. ئەوان دەیاننارده بازاڕ بۆ کڕینی شتمەك، وە رەنگە ئەو لەوێ چاوی

---

٢٠٤ دڵداریو خۆشەویستی بەشێوەیەکی ئاشکرا لەناو خێزانەکاندا باس نەدەکرا. ئەوان پەرۆشیو ناخۆشی لەدەستدانی کچەکەی یان خوشکەکەیان بوون، بەلاّم جاربەجار دڵداری یان خۆشەویستی بەرچاو دەکەوت.

بەپیاوێکی موسولمان کەوتبێت‌و کەوتبێتە داوی خۆشەویستی ئەوەوە... وە لەکۆتاییدا رفاندی‌و پاشان ژیانی هاوسەرگیرییان پێك هێنا..."

موشی شالۆم دڵداری رفاندنی تارادەیەك بەیەك شێوە لێك داوەتەوە، هەرچەندە هەروەك لەم نموونەیەی سەرەوەدا دەرکەوت کە هاندەری سەرەکی بەهۆی دڵدارییەوە بوو. لەگوندێکی نزیك دهۆکدا، کوڕێکی مسوڵمان ئافرەتێکی جوانی جوولەکەی مارەکراوی لە ماڵەکەیدا برد. هاوسەری ئافرەتەکە لەلای حاخام شیمونی حاخام باشی دهۆك لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، سکاڵای کردو داوای یارمەتی لێکرد. حاخام شیمون سەردانی قایمەقامی کرد بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکەو لەکۆتاییدا قایمەقام پیاوەکانی خۆی نارد بۆئەوەی ئافرەتە جووەکە ئازاد کەن. لەڕووداوێکی هاوشێوەدا، ئافرەتێکی گەنج کەوتە داوی خۆشەویستی کوڕە گەنجێکی موسولمان‌و بۆماوەی یەك هەفتە لەگەڵی چووە ماڵی کوڕەکە.

حاخام شیمونی هاتە لای باوکی گەنجە موسولمانەکەو قایلی کردن کە ئافرەتەکە بنێرنە ماڵی ئەو. لە کۆتاییدا، شیمونی کچەکەی رازی کرد کە تەنیا بۆ ماوەی یەك هەفتە بێتە ماڵی ئەو، وە بەڵێنی پێدا لە کۆتایی هەفتەدا رێگای پێبدات بڕوات. ئافرەتە گەنجەکە سوێندی خوارد کە جارێکی تر چاوی بە پیاوی موسولمان ناکەوێتەوە.

### ٤. ئایین گۆڕین بۆ دوورکەوتنەوە لە سزا

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی بووە هۆی ئایین گۆڕینی جووەکان بۆسەر ئایینی ئیسلام، هەڵاتن بوو لە سزای قورس. لە کوردستاندا، تەنیا پیاوان هاندەری لەم جۆرەیان هەبوو کە ئایینی خۆیان بگۆڕن بۆئەوەی لە سزادان بەدوور بن، ئەمەش بەزۆری لەبەر ئەوە بوو کە زۆر قورس بوو جوولەکەیەکی تاوانبار

بەرچاو بکەوێت. لەشاری زاخۆدا، دوو برای جوولەکە بەرپرسیار بوون لە کوشتنی جوولەکەیەکی تر لە شەڕێك کە دەترسان لەدادگا نەوەك بەهۆی ئەوەوە سزا بدرێن، هەردووکیان بوونە موسولمان بۆئەوەی لەو سزا توندە رزگاریان ببێت. ئەم جۆرە کارانە هاندەری سەرەکی بریتی بوو لەوەی کە دادگاو بڕیاری دادگا بەرامبەر بەموسولمانان نەرمتر بوو بە بەراورد لەگەلّ هاولاّیانی ناموسولماندا.

### ٥. بێوەژنو کێشە خێزانیەکان

لە راپۆرتێکدا کە لەشاری نوسەیبین باسکراوە، ئافرەتانی جوولەکە نەیاندەتوانی شوو بە هاولاّتیان جوولەکە بکەن بەهۆی بەربەستی ئایینیەوە وە هەر بۆیەش شوویان بە پیاوانی ناجوولەکە دەکرد. هاوسەرانی ئەم جوولەکانە لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەم ون بوون، بەلاّم نازانرێت کە مردن یاخود زیندوو بوون. لە زمانی عیبریدا ئەو ئافرەتانەی تووشی ئەو حالەتە دەبن پێیان دەوترێت (ئاگۆنا)، بەو واتایەی ئەم ئافرەتە رێگای پێنادرێت دووبارە شووبکاتەوە[٢٠٥]. بەپێی راپۆرتەکان، هەندێك لەو ئافرەتانە لە نوسەیبین کە

---

٢٠٥ دەبێت لێرەدا هەلّوەستەیەك بکەین لەسەر ئەم دۆخەی کە بەسەر ئافرەتانی کوردستانیشدا هاتووە. رژێمی لەناوچووی بەعس لەکاتی ئەنفالکردنی بارزانیەکاندا بەخێزانی ئەو ئەنفالکراوانەیان راگەیاند کە ئەندامانی خێزانەکانیان(پیاو و گەنج) تەنیا بۆماوەیەکی کاتی دەبردرێنو پاشان ئازاد دەکرێنو دەگەڕێنە ناو مالّو منالّەکانیان. لەکاتی نووسینی ئەم پەڕەگرافەشدا هێشتا چەندان بێوەژنی بارزانی لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی پیاوەکانیانن. هەرچەند لەم دواییانەدا ئەم مەسەلەیە یەکلایی بۆتەوە کە ئەو رژێمە هەموویانی لە گۆڕە بەکۆمەلەکاندا ناشتو ئێستاش تەرمی هەرە زۆریان گەڕێنراوەتەوە کوردستان، بەلاّم ئەم ئافرەتانە بەهۆی

هاوسەرەکانیان ون بوون، هێشتا گەنجو جوان بوون. ئەو ئافرەتانە داوایان لە کۆمەڵگای جوولەکەکان کرد لەژێر ئەو قەیدو زنجیرەی هاوسەرگیری رزگاریان بکەن، بەڵام چەندین ساڵ گوزەری کردو دادگای ئایینیش رێگای بەوان نەدا. ئەوان نەیاندەتوانی شوو بەپیاوێکی جوولەکە بکەن تا ئەو کاتەی دادگای ئایینی جووەکان بەڵێننامەی هاوسەرگیریان هەڵنەوەشێنێتەوە.

دادگاکە نەیتوانی چارەسەری گونجاو بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە، چونکە بەڵگەی تەواوی لەمردنی هاوسەرەکانیان لەبەر دەستتدا نەبوو و نەیتوانی رێگا بەدووبارە شووکردنەوەی ئەو ئافرەتانە بدات. پاش چاوەڕوانیەکی زۆر، لەکۆتاییدا دوو لەو ئافرەتانە ئایینی خۆیان گۆڕیو شوویان بە پیاوی ناجوولەکە کرد، یەکێکیان بووە موسولمانو شووی بەپیاوێکی موسولمان کرد، ئەوی تریشیان بوو بە مەسیحیو شووی بە پیاوێکی مەسیحی کرد.

لە شاری کەرکوکدا، بەپێی راپۆرتەکان پیاوێکی جوولەکە ژنێکی خەراپی هەبوو وە بڕیاریدا تەلاقی بدات. هاوسەری ئافرەتەکە پارەی تەواوی نەبوو ئەو بڕە پارەیە بدات کە لە رێککەوتنامەکە هاوسەرگیریەکەدا هاتبوو. بەم پێیەش نەیتوانی پارەکە بداتو ئافرەتەکە لە تاوان پاك بکاتەوە. لەجیاتی ئەوەی بە پارە قەرەبووی بکاتەوە، هەستا بە دابین کردنی سەرپەرشتیارێکی بەخێوکردنی منالٚ بۆ چاودێریکردنی دوو منالەکەیانو تەنیا ئەو کات توانی بڕیاری جیابوونەوە دەربکات، ئەمەش بێگومان بەپێی یاسای هاوسەرگیری جووەکان بوو. پاش ماوەیەك، ئافرەتەکە کچە بچووکەکەی بە پیاوێکی جوولەکە فرۆشتو خۆشی شووی بەکوردێکی موسولمان کردو پاشان بووە

---

دڵسۆزیو چاوەروانی گەڕانەوەی پیاوەکانیان تاوەکو ئێستاش دووبارە شوویان نەکردۆتەوە. (وەرگێڕ)

موسولمان. کچەکەی، کە ئەوکات تەمەنی شەش حەوت سالآن بوو، لەگەل ئەو کەسەدا مایەوە کە هەلسابوو بە کڕینی، بەڵام راهیبە خۆجێییەکە پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئەو پیاوەی کچەکەی کڕیوە دەبێت:

" کچەکە مارە بکات بۆئەوەی رێگری لەوە بکات رۆژێك دایکی بێتو بلێت من کچەکەی خۆمم دەوێتەوەو بەو بیانوویە بییاتە سەر ئایینی ناجووەکانو بیکات بەکەسێکی ناجوولەکە... بۆیە پیاوەکە بەلێننامەیەکی ئامادە کرد و کچەکەی بەپێی یاسای ئایینی جوولەکەکان مارەکرد، وە پاشان کچەکەی هێناو تەسلیمی باوکی کردەوە".

لە دیانا، پیاوێکی جوولەکە بەناوی ئەمرام هاوسەرگیری لەگەل ئافرەتێك بەناوی کیتان، کە خەلکی باتاس بوو، ئەنجامدا. بەگوێرەی راپۆرتەکان، کیتان لە هاوسەرەکەی بێزار بوو، بەڵام دەیویست تەلاقێکی گونجاو وەربگرێت، ئەو زۆر بە ئاسانی پیاوەکەی جێهێشتو شووی بە پیاوێکی موسولمان کرد. کیتان خاوەنی دوو کوڕ بوو: کوڕە گەورەکەی بابلۆ لەگەل باوکیدا مایەوە و ئێستاش لە شارۆچکەی ئەشعۆدی ئیسرائیلدا ژیان بەسەر دەبات، بەڵام بچووکەکەیان، براهیم، لەگەل دایکی چوو کە شووی بە کەسێکی ناجوولەکە کردبوو. دوای جەنگی کەنداوی سالی ١٩٩١، ئافرەتێك لە خێزانەکەیو نزیکەی سی منالو نەوە، بەگوێرەی یاسای گەڕانەوە بۆ ئیسرائیل بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کرد.

لە نموونەیەکی تردا لەگوندی ئەردەلانی نزیك بامەڕنێ، بەپێی راپۆرتەکان چوار برای جوولەکە خاتوونی خوشکیان لاقە کردبوو. بنەماڵەی تزیما باڕاشی لە راپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە هەموو رۆژێك ئەو چوار برایە کێشەیان بۆ دروست دەکردو کاری نابەجێیان لەگەلٚ ئەو کچە هەژارە ئەنجام دەدا. لەبەر ئەم هۆیە کچەکە پەنای بردە بەر موسولمانەکان. بنەماڵەکەی بەدوایدا چوونو داوایان لێکرد کە بگەڕێتەوە، بەڵام ئەو وتی کە هەرگیز ئامادە نیە بگەڕێتەوە.

ئەوان لە گوندی ئەردەلاندا دەژیان کە دراوسێی گوندی بامەڕنێ بوو. بە گوێرەی وتەکانی هاوسەری تزیما بەڕاشی:

"گوندی ئەردەلان رێك وەك شوێنی تیرۆرستو جەردە وابوو، کەس نەیدەتوانی بچێتە ئەوێ. تەنیا دوو ماڵی جوولەکە لەوێ بوون وە خاتوون کچی تاقانەی ماڵەوە بوو لەنێوان چوار برادا. ئەو نەیتوانی لەوێ بمێنێتەوە، بۆیە رایکرد".

**ج. ئەو رێگایانەی لەلایەن جووەکانەوە بەکاردەهێنران بۆ گەڕاندنەوەی ئەو کەسانەی ئایینی خۆیان گۆڕی بوو**

لە کۆمەڵگای جوولەکەکاندا، ئایین گۆڕین وەك لەدەستدانێکی گەورە سەیردەکراو تاڕاددەیەك بەدۆستی مردنی ئەندامی خێزانێك دادەنرا. دەسەلاتدارانی کۆمەڵگاکە بەگشتی هەوڵیاندەدا پرۆسەی ئایین گۆڕین بوەستێنن یان لە قۆناغەکانی سەرەتادا بیگەڕێننەوە. ساسۆن تزیما کە ئەندامی پەرلەمان بوو لە شاری موصل، لەگەل بەزۆر گۆڕینی ئایین لە کوردستاندا ئاشنایەتی هەبوو. بەگوێرەی وتەکانی یعقوب تزیمای کوڕی، رزگارکردنی کچە رفێنراوەکان ئەرکێکی قورس بوو، وە تووشی سێ کێشەی سەرەکی دەبوونەوە. یەکەم، دەبوایە کچە رفێنراوەکە لەناوچە دوورە دەستەکانی کوردستاندا بدۆزنەوە، ئەمەش کارێکی زەحمەتو پڕ لە نەهامەتی بوو. دووەم، قایل کردنی حکومەت بۆ جوولە پێکردنی هێزەکانی پۆلیس بۆئەوەی کچەکە لەدەستی رفێنەرەکان رزگار بکەنو بیگەڕێننەوە ناو بنەماڵەکەی. سێیەم، مەترسی تۆڵە سەندنەوە لەلایەن ئاغا خێڵەکیەکانەوە لەدژی بنەماڵەی کچەکە. ساسۆن تزیما رفاندنی کچانی جوولەکەی بەکارێکی لەرادەبەدەر قورس دەزانی وە لەلای پلەبەرزەکانی حکومەت سکالای دەکرد

وەك سەرۆك وەزیرو وەزیرەكان. خۆتێهەڵقورتاندنی ئەندام پەرلەمانێك لە هەوڵێكدا بۆ گەڕانەوەی كچە رفێنراوەكە، جاربەجار دەبووە هۆی ئەوەی كە ئاغا خێلەكیەكان چاودێری چەكدار بنێرن بۆ ترساندنی تزیما بۆئەوەی كاریگەریەكەی كەم بكەنەوە.

لەلایەكی ترەوە ئەو راستیەی كە حكومەت هەنگاوی جیدی دەگرتەبەر بۆگەڕاندنەوەی ئافرەتە رفێنراوەكە لەلایەن ئاغاكانەوە، حكوومەت ئەو كارە بەدژایەتیكردنی دەسەڵاتی ناوەند لە قەلەم دەداو یارمەتی باشی تزیماو جووەكانی دەدا. ئەم جۆرە رووداوانە وای لەهەردوو حكومەتی توركیا(عوسمانی)و عێراق كرد كە ئاغا كۆنترۆل نەكراوەكان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و هەڵی ئەوەیان بۆ دەرەخسا كە لەجیاتی هاوڵاتیان شەڕ لەگەل ئاغادا بكەن. یەعقوب تزیما ئەوەی بیر كەوتەوە كە هەموو ئەو نموونانەی باس كراون‌و ئەو زانیاری لەسەر هەبێت، لە كۆتاییدا توانراوە شوێنی كچە گەنجە جوولەكەكە دیاری بكرێت. باوكی یەعقوب لەم جۆرە كێشانەدا پێش ئەوەی وەك ئەندام پەرلەمانێك رۆڵی خۆی بگێرێت[٢٠٦]، پەنای دەبردە بەر قازیەكی مسوڵمان یان ئەنجوومەنی شاری موصل، كە خۆیشی تیایدا ئەندام بوو. هاوسەرگیری ئەو كچە گەنجانە بەشێوەیەكی نایاسایی بوو وە ئەوان رادەستی ساسۆن تزیما دەكرانەوە. ئەویش لەماڵی خۆیدا داڵدەی دەدان‌و میوانداری دەكردن تا دەیانتوانی بگەڕێنەوە ناو خێزانەكانیان یاخود كوڕێكی جوولەكەیان بۆ رێك دەخست بۆ ئەوەی شووی پێ بكات. جاری واهەبوو گواستنەوەی ئەوان لەموصلەوە بۆ ئیسرائیل رێك دەخرا بۆئەوەی لەوێ شوو

---

٢٠٦ لە سەرەتادا ئەو ئەندامی ئەنجوومەنی موصل بوو، وە پاشان بوو بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق بە نوێنەرایەتی خەڵكی جوولەكەی ئەو دەڤەرە.

بکەن، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە مانەوەیان پڕ لەمەترسی بوو لە کوردستان. یەعقوب تزیما جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بەهۆی کاریگەری باوکیەوە لەحکومەت توانی ئەو ئافرەتانە لەناوچە گوندنشینەکانی کوردستان رزگار بکات.

هەندێك زانیاری هەن کە پیشانی دەدەن سێ هەنگاوی گرنگ گیراوەتە بەر بۆئەوەی ئایین گۆڕینی ئافرەتە جووەکان بۆ ئیسلام پوچەڵ بکەنەوە. هەندیچك جار، زیاتر لەرێگایەك گیراوەتە بەر بۆ گەراندنەوەی کچەکە بۆناو کەس‌و کاری خۆی.

**١. سکاڵاکردن لەلای دام‌و دەزگا میریە ناوخۆییەکان**

یەکەم رێگا کە جووەکان دەیانگرتە بەر بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئایین گۆڕینەکە بریتی بوو لە سکاڵاکردن لەلای سەرکردە خێلەکی‌و ئایینیەکانی ناوچەکە، کە لە سنووری دەسەڵاتداری ئەودا ئایین گۆڕنەکە یان زەماوەندەکەی تیادا رووی دەدا. سەرکردەکانی کۆمەڵگاکەو ئەندامانی خێزانی ئافرەتە لەدین هەڵگەراوەکە لەلای دەسەڵاتداران سکاڵایان دەکرد بۆئەوەی رێگایان پێبدات بیگەڕێننەوە ناو خانەوادەکەی خۆی. هەندێك جار، ئەو گازەندانە کاریگەر بوون، هەروەك لە خوارەو روون کراوەتەوە.

پیاوێکی جوولەکە بەناوی ساسۆن لەگەڵ هەردوو خێزانەکەی، راحیل‌و سارا، لەگوندی شێروان مەزنەوە بەرەو دیانا کۆچیان کرد بەهۆی شەڕی خێلەکیەوە. لە دیانا، بەهۆی نەبوونی خانووی کرێ‌و بارقورسی ئابووریەوە ژوورێکیان لەماڵی کوردێکدا بەکرێ گرت. لەکۆتاییدا حەسەنی خاوەن خانووەکە کەوتە داوی خۆشەویستی یەکێك لە خێزانەکانی ئەو جوولەکەیەو بەیەکەوە هەڵاتن. ئەو پیاوە سارای لەگەڵ خۆیدا بردە ماڵی لەعلێ خان، کە لەوێدا وەك

خزمەتکارێك کاری دەکرد. بەپێی راپۆرتەکان، بە لەعلیٚ خانی وتبوو کە سارا ویستوویەتی ببێت بە مسوڵمان. لەو کاتەشدا ئەندامانی خێزانی جووەکە بەدوای سارادا دەگەڕان. خزمو کەسەکانی هەرگیز باوەڕیان نەدەکرد ئەم ئافرەتە بەویستی خۆی لەگەل کەسێکی ناجوولەکەدا بڕواتو دەیانووت ئەو ئافرەتە لە جۆرە کەسانە نیە، بێجگە لەمەش ئەو خاوەنی منالێکە. لەکاتی گەڕانەوەیدا کەسێکی بەڕەچەڵەك جوولەکە کە موسوڵمان ببوو. چاوی بەموشی بنیامین کەوتو پێی وت، حەسەن، سارای بردۆتە ماڵی لەعلیٚ خان بەمەبەستی ئەوەی بیکاتە موسوڵمان. موشی بە مامی خۆیو معلم شموعیل حاخامی وت. ئەوان چەند کەسێکیان وەك نوێنەر ئامادە کرد کە لە منالەکەی ساراو خێزانی دووەمی ساسۆن پێك هاتبوو. هەموویان چوونە ماڵی لەعلیٚ خان لە رەواندوز:

" ئەوان لەدەرگایانداو وتیان بۆ ئەوە هاتوون کێشەی ئەو ئافرەتە چارەسەر بکەن. ساسۆن بە لەعلیٚ خانی وت: ئەم پیاوە بەزۆری ئەم ئافرەتەی هێناوە. ئەم ئافرەتە هاوسەردارەو خاوەنی منالێکە... ئەمە خێزانی منە، ئەم ئافرەتە خاوەنی پیاوی خۆیەتیو کچ نیە..."

واپێدەچێت حەسەن ئەوی بە ئافرەتێکی شوو نەکردوو لەلای لەعلیٚ خان ناساندبێت. لەعلیٚ خان بانگی حەسەنو ئافرەتە جوولەکەکەی کرد، پرسیاری لە سارا کرد، بەڵام سارا سوور بوو لەسەر ئەوەی کە:

" من ناگەڕێمەوە. دەمەوێت لەگەڵ حەسەندا بمێنمەوە. لەعلیٚ خان لێی پرسی: ئەمە کوڕی تۆیە؟ وتی: بەڵی. لەعلیٚ خان پێی وت: بگەڕێوە ماڵی خۆت، ئەگەرنا خوا بەزەییت پێدا ببات، ئەگەر نەڕۆیت سەرت دەتاشم".

موشی بنیامین جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە کێشەکە بەبیٚ پۆلیسو هێز چارەسەر کرا. لەعلیٚ خان زۆر بە ئاسانی بە سارای وت، بگەڕێوە ماڵ. وە بە جووەکانیش وت: خوا دەزانێت چیتان بەسەر دەهێنم ئەگەر کەسێك دەستی

بۆ درێژ بکات. لەکۆتاییدا سارا گەڕێنرایەوە بۆ دیانا. پاشان بەرەو ئیسرائیل کۆچی کردو ئێستاش لە ناوچەیەکی گوندنشینی نزیك ئۆرشەلیمدا دەژیت.

### ٢. پێکهێنانی لێژنەیەك بۆ لێکۆلینەوە لە هۆکاری ئایین گۆڕینەکە

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی لەلایەن کۆمەڵگای جوولەکەکانەوە دەگیرایە بەر بۆ بەگژداچوونەوەی ئایین گۆڕینی ئافرەتە جووەکان بریتی بوو لە پێکهێنانی لێژنەیەك بۆ بەدواداچوونی مەسەلەکە کە دەبووە هۆی ئەوەی سەرکردە جووەکان بەرەنگاری ئەو کوردە خێلەکیانە ببنەوە کە کاری ئایین گۆڕینەکەیان لەلا ئەنجام دراوە. بەهۆی بەکارهێنانی ئەو میکانیزمە نارەسمیەوە، بەلأم گرنگە، جووەکان هەوڵیان دەدا ئافرەتەکە بهێننەوە ماڵ بۆئەوەی قایلی بکەن پەشیمان بێتەوە. لە دیانا، دوو ئافرەتی جوولەکە بوونە موسولمان‌و جووەکانیش لەم سەروبەندەدا هەڵسان بەپێکهێنانی لێژنەیەکی لێکۆلینەوە لە رەواندوز، وە لەژێر سەرپەرشتی قایمەقام، بۆئەوەی بزانن ئایا دوو ئافرەتەکە بەئارەزووی خۆیان بوون بە موسوڵمان یان ناچار کراون ئەو کارە ئەنجام بدەن. لەو کۆبونەوەیەدا، ئافرەتێك بەناوی سمحا وتی کە ئەو ویستوویەتی هەر لەسەر ئایینی جووەکان بمێنێتەوە، لە ئەنجامدا ئەو پیاوەی بەزەبری هێز ئافرەتەکەی بردبوو، زیندانی کرا. ئافرەتەکەی تر کە ناوی کتان بوو، وتی کە ئەو بە ئارەزووی خۆی بووەتە موسوڵمان.

یەکێکی تر لەو بەسەرهاتانەی لە دیانا روویاندا زیاتر رووناکی دەخاتە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم میکانیزمە. ئافرەتێك بەناوی بەتیە بوو بە موسوڵمان، بەلأم پاش تێپەڕبوونی ماوەیك بۆ سەردانیکردنی دایکی لەدیانا گەڕایەوە. جووەکانی شارۆچکەکە ئەو سەردانەیان بەهەڵە لێکدایەوە، هەر زوو دەستەیەکیان پێکهێنا بۆئەوەی بزانن کە ئایا ئارەزووی هەبووە بگەڕێتەوە ناو

بنەماڵەکەی یان نا. دەستەکە لە نوێنەرانی هەردوو ئایین پێك هاتبوو وە شتێکی فەرمی بوو، بەڵام ئافرەتەکە ئەندمانی کۆمەڵگای جوولەکەی مەندەهۆش کرد کاتێك پێی وتن ئەو تەنها بۆ ئەوە هاتبوو سەردانی دایکی بکات. جووەکان داوایان لێکرد کە ماڵی دایکی جێبهێڵێت، وە پێیان وت: بۆچی هاتوویتە ئێرە کێشە بۆ جووەکان دروست بکەیت؟.

شەش مانگ پێش کۆچە بەکۆمەلەکە بۆ ئیسرائیل، ئەندامی خێزانی شێخێك لەناو یان دەورووبەری شاری کۆیەدا، ئافرەتێکی جوولەکەی رفاند. لەسەرەتادا، کاتێك ئەو کوڕە کەوتە داوی خۆشەویستی لەگەل ئەو ئافرەتەدا، دایكو باوکی کچەکە ناردیان بۆ لای خزمو کەسیان لە دەرەوەی شاری کۆیەدا، بەڵام کوردەکان شوێنەکەیان دۆزیەوەو بەهێز رفاندیان.

" باوکی کچەکە چووە لای پۆلیسو پۆلیسیش پێی راگەیاند کە بانگی کچەکە دەکەن بۆدادگاو پرسیاری ئەوەی لێدەکەن کە ئایا ویستوویەتی لەسەر ئایینی جوولەکەکان بمێنێتەوە یان ببێت بە موسوڵمان. بانگی کچەکەیان کرد، بەڵام لەو کاتەدا موسوڵمانەکان کچەکەیان بەکەسێکی تر ئاڵوگۆڕ کردبوو. بەهۆی پەشۆکاوی خێزانی ئافرەتەکەوە تێبینییان نەکرد، لەو کاتەی لەوێدا ئافرەتێك رووی خۆی داپۆشیبوو. باوکی درکی بەوە نەکرد کە ئەو کەسێکی ترە نەوەك کچەکەی کە گەواهی دەدات. ئەوان ئافرەتێکی موسوڵمانیان هێنابوو بۆ دادگاو ئەو ئافرەتەش وتی کە ئەو بە ویستی خۆی بووەتە موسولمان".

دادوەرەکە پێی راگەیاندن کە کچەکەیان بەئارەزووی خۆی بووەتە موسوڵمان. کەمێك پاش تەواو بوونی گەواهیدانەکە، ئەوان بیستیان کە کچەکەیان ئاڵوگۆڕ کراوە، بەڵام تازە زۆر درەنگبوو و کار لە کارا ترازا بوو.

لەهەندێك لەو نموونانەی کە لە خوارەوە باسکراون، جووەکان زیاتر لە یەك میکانزمیان بەکاردەهێنا بۆ گەڕاندنەوەی ئافرەتە جووەکان بۆناو

خێزانەکانیان. لەشارۆچکەی ئامێدی، دوو خۆشەویستی جوولەکە بەناوی قەمەریێو حاخام رەحمیم هەبوون. حاخام، قەمەریێی مارەکرد، کە هێشتا تەمەنی بچووك بوو، وە بەپێی راپۆرتەکان بەخەراپی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد.

" ئەو هەرگیز لەگەڵیدا پێنەدەکەنی. ئەستەم بوو بتوانی قسەی لەگەڵدا بکات... هەر کاتێك چەقوەکەی تیژ کردبوایە بۆ سەربڕینی ئاژەڵ، هەڕەشەی لێدەکردو پێی دەووت: بەم چەقوە دەتکوژم".

حاخام رەحامیم دراوسێی تزیما بەڕاشی بوو. بەهۆی چەندین هۆکاری جۆراوجۆرەوە، لەوانە، دڵ رەقی مێردەکەیو ترسانو بۆشایی جیاوازی تەمەن لەنێوان هەردووکیانو کەوتنە داوی خۆشەویستی کەسێکی ناجوولەکەوە، بوونە هۆکار بۆئەوەی قەمەریێ ببێتە موسوڵمان. رۆژێکیان، لەو کاتەی هاوسەرەکەی لەماڵ نەبوو، هاتە ماڵی تزیما بەڕاشیو پێی وتن:

"من دەچمە لای ئاغا بۆئەوەی خۆم لە ناسنامەی جوولەکایەتی دەرخەم... وە ببم بە کەسێکی موسوڵمان. من زۆر دەرد و جەفام لەدەست پیاوەکەم چەشتووە، هەموو رۆژێك کە چەقوەکەی تیژ دەکات، پێم دەڵێت: بەم چەقۆیە سەرت دەبڕم. بەڕاستی ئەمە ژیان نیە منی تیادام. لەجیاتی ئەوەی بژیم، خەریکە دەمرم. من چیتر بەرگەی ئەم نارەحەتیە ناگرم".

دوا نیوەڕۆی رۆژی هەینی بەجێی هێشتو پەنای بردە بەر حاجی شەعبانی ئامێدی. کاتێك هاوسەرەکەی درکی بەوە کرد کە رۆیشتووە، لە توڕەییان خەریك بوو شێت بێت. هەر لەو رۆژەدا و لە نوێژی شێواندا کۆمەڵەکە بڕیاریاندا نوێنەرێك بنێرنە لای ئاغاو هەوڵ بدەن ئافرەتەکە بگەڕێننەوە. لەو ئێوارەیەدا نوێنەرەکان سەردانی ئاغایان کرد. بە خزمەتکارەکەی بەردەرگایان وت:

" دەمانەویت قسە لەگەڵ ئاغادا بکەین. ئەگەر قایل بوو چاوی بەئێمە بکەوێت ئەوا پێی دەڵێین بۆچی هاتووین. ئەگەر رازیش نەبوو بمانبینێت، ئەوا دەگەڕێینەوە

ماڵەوە. ئاغا رێی پێدان بێنە ژوورەوە. لە دیوانخانەکەدا، یەکێك لە نوێنەرەکان، کە ئاغا باش ئەوی دەناسی، روونی کردەوە کە ئەوان هاتوون بۆئەوەی کێشەی ئەو ئافرەتەی لەلای ئەوە چارەسەر بکەنو بێگەرێننەوە بۆ لای هاوسەرەکەی بۆ ئەوەی نەبێتە موسوڵمان. ئاغا وتی: ئەوەتا ئافرەتەکە لێرەیە. دەنگی بەرز کردەوەو لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: ئەگەر بیەوێتو بڵێت، بەڵێ، ئەوا بۆتان هەیە بیبەن. ئەگەر بڵێت نامەوێت لەگەڵیاندا برۆم، ئێوە بۆتان نیە بیبەن".

قەمەریێ نەیدەویست بڕوات، وتی کە ئەو دەیەوێت بگەرێتەوە سەر ئایینی یەهودی ئەگەر هاوسەرەکەی بەشێوەیەکی یاسایی تەلاقی بدات.

" حاخامی هاوسەری، سەربڕەکە (تزیما بەڕاشی بەگاڵتەجارییەوە دەدوا) چووە لای موفتییەکو وای پیشاندا کە موسوڵمان بووە، ئەو وای بە خەیاڵدا هات ئەگەر ئەویش ببێتە موسوڵمان، خێزانەکەی ناتوانێت بەجێی بهێڵێتو دەتوانێت دووبارە دەستەبەری بکاتەوە. حاخام رەحمیم پێی وتن کە ئەو نابێتە موسوڵمانی راستەقینە. پاش تێپەڕبوونی یەك دوو هەفتە گەڕایەوە. پاش ئەوەی موسوڵمانان زانیان ئەوە فێڵە، بەدوایدا گەڕانو دەیانویست بیکوژن. ئەو بۆماوەی پانزە بیست رۆژێك ون بوو، هەتا ئێوارەیەکی رۆژی پێنج شەممە، دوای نانی ئێوارە، لە ئامێدی بەدەرکەوتەوە. ئەو وەك دراوسێیەك داوای لێکردم کلیلی (بی–هەزانیێ)، کە یەکێك بوو لەو دوو پەرستگایەی جووەکان لە ئامێدی، پێ بدەم. منیش دەرگای پەرستگام بۆ کردەوەو لەوێدا حەشارمدا".

ئەو لەوێدا هەتا رۆژی یەك شەم مایەوەو تزیما بەڕاشی ئۆتۆمبێلێکی بۆ رێکخست بۆئەوەی بیباتە شاری موصل. بەپێی راپۆرتەکان، کۆمەڵگای جوولەکەکان لێژنەیەکیان پێك هێنا کە تیایدا قەمەریێ پێی وتن:

" گوناهەکانی لە ئەستۆی ئێوەبێت ئەگەر ناچارم بکەن بگەڕێمەوە لای. پێم باشترە شوو بە سەگێکی جوولەکە بکەم، نەوەك بگەڕێمەوە لای ئەو. ئەگەر بە شێوەیەکی یاسایی تەلاقم نەدات، من دەبمە موسوڵمان".

۳. جیاکردنەوەی ئافرەتەکە بۆ ماوەیەکی کاتی

یەکێکی تر لەو ڕێگایانەی کۆمەڵگای جوولەکە بەکاری دەهێنا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئایین گۆڕینی ئافرەتە جووەکان بریتی بوو لە دوورخستنەوەی ئەو ئافرەتە لە هاوڕێ موسوڵمانو کوردە نوێیەکاندا. مەبەست لەم کارەش بریتی بوو لەوەی ئەم ئافرەتە بۆ ماوەیەك تەنیا بێت، دوور لە هاوڕێ نوێیەکانی، بۆئەوەی لەم تەنیاییەدا بیربکاتەوە، وە ئەم کارەش لەژێر سەرپەرشتیاریو پەستانی کەسێك یان خێزانێکی جوولەکەوە ئەنجام دەدرا. مەبەستی سەرەکیش لەو کارە ئەوە بوو باوەڕی ئایینی ئەو ئافرەتە تاقی بکەنەوەو ناچاری بکەن بگەڕێتەوە سەر ئایینەکەی خۆی. لەکۆتایی ئەو ماوەیەدا، ئافرەتەکەیان لەسەر باوەڕە نوێکەی بەردەوام دەبوو یان دەگەڕایەوە ناو بنەماڵەکەی. ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیە گرنگەکانی جوولەکە، ئەو ئافرەتە لەدین هەڵگەڕاوەیان لەکاتی جیاکردنەوەکەدا لەماڵی خۆیان لەباوەش دەگرتو ئامادە بوون لەو ماوەیەدا خزمەتی بکەن، هەتا ئەو کاتەی بیروباوەڕی خۆی دەگۆڕیو دەگەڕایەوە سەر ئایینەکەی پێشووتری. ساسۆن تزیما کە ئەندامی پەرلەمان بوو بە نوێنەرایەتی جوولەکەکان وە سەربە بنەماڵەی خواجە خینۆی ئاکرێ بوو، توانی چەندان جوولەکەو مەسیحی بگەڕێنێتەوە سەر ئایینی پێشوویان دوای ئەوەی دەبوونە موسوڵمان. هەندێك لەو ئافرەتانە دەهێنرانە ماڵی خواجە خینۆ، ئەم ئافرەتانە هەندێك جار بۆماوەی یەك مانگ لەوێدا دەمانەوە، هەتا ئەو کاتەی بۆیان دەردەکەوت ئایا ئەوان بە ئارەزووی خۆیان بوونەتە موسوڵمان یان نا. ئاریە گابای ئاماژەی بەوە داوە:

" دەرگایماڵی ئێمە هەمیشە لەسەر پشت بوو بۆ لە ئایین هەڵگەڕاوەکان ، ئەگەر مەسیحیەك بیویستایە ئایینی خۆی بگۆڕێت، ئەوا نەیان دەناردە لای قەشەیەك، بەڵکو یەکسەر دەینهێنایە ماڵی ئێمە. ئەو ئافرەتە هەتاوەکو یەك مانگ لە ماڵی ئێمەدا دەمایەوە. ئەگەر ئێمە ئەومان قایل کردبوایە، ئەوا دەگەڕایەوە سەر ئایینەکەی خۆی. ئەگەر لەم کارەشدا سەرکەوتوو نەبونایە.... ئەوا ئەو ئافرەتە ئایینەکەی خۆی دەگۆڕی، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە جوولەکە بوایە. بەڵام دەکرێت بڵێین ئەم جۆرە نموونانە زۆر کەم بوون".

ئاریە گابای چەندین نموونەی جوولەکەو مەسیحیەکانی کۆکردۆتەوە کە باس لەئایین گۆڕینی خۆیان بۆ بەرژەوەندی ئیسلام دەکەن. ئەوان لەتوانایاندا بوو ئەو هەڵگەڕاوانە بهێنن بۆئەوەی لەماڵی خواجە خینۆدا بمێننەوە.

" لەبیرمە دوو ئافرەتی جوولەکە بەهێز لە گوندەکانی دەورووبەری ئاکرێدا نیشتەجی کرابوون. ئێمە ئەوانمان هێنایە ماڵ، قایلمان کردن و گەڕانەوە ناو خێزانەکانیان".

فایەق گابای باسی خێزانێکی کردووە کە هەموو ئەندامانی ببونە موسوڵمان، ناوی بەخێوکەری خێزانەکە نەسیم بوو وە ناوی کچەکەشی مریەم بوو. ئەو لە شاری بەغدادا بە ماری ناسراو بوو.

" باوکی خوالێخۆشبووی چارەسەر ئەو کێشەیەی خستە ئەستۆی خۆی. ئێمە ئەوانمان هێنایە ماڵ و ناردمانە بەغدا، بەم شێوەی کێشەکە چارەسەر کرا. ئەمڕۆ ئەم ئافرەتە لێرەیە لە ئیسرائیل وەبە ماری کۆنگاها ناسراوە، ئەو سەماکەرێکی بەناوبانگی بەغدادی بوو[٢٠٧]".

---

٢٠٧ ئەو کەسەی بەسەرهاتەکەی گێڕاوەتەوە ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو، ماری بانگهێشتی شاییەکەی کرد لەساڵی ١٩٥٦ لە یانەی لیدۆی شاری رام اللەی ئیسرائیل.

جووله‌كه‌كان هه‌موو جۆره ئامرازێكیان به‌كارده‌هێنا بۆئه‌وه‌ی ئافره‌ته جووله‌كه‌كان بگه‌ڕێننه‌وه ناو كۆمه‌ڵگاكه‌یان. زۆربه‌ی جار، زیاتر له‌یه‌ك رێگا گیراوه‌ته به‌ر وه به‌شێوه‌یه‌كی به‌رچاو جووه‌كان پشتیان به‌خاوه‌ن ده‌سه‌ڵاته‌كان به‌ستووه كه له‌جیاتی ئه‌وان هه‌ڵسن به ئه‌نجامدانی ئه‌م كاره. وه هه‌روه‌ك كاریگه‌ری شێخ‌و ئاغاكانیش زۆر به پێویست ده‌زانرا.

## د. كاریگه‌ری‌و رۆڵی شێخ و ئاغا

ئاسه‌ف باسی له‌چه‌ند نموونه‌یه‌كی كه‌م كردووه كه تیایدا ئایین گۆڕینی جووله‌كه‌كان بۆ ئایینی ئیسلام زۆر به‌توندی ئه‌نجام دراوه‌و ئه‌م هاوڵاتیانه له‌لایه‌ن زاڵمه‌كانه‌وه سزا دراون بۆئه‌وه‌ی ناچاریان بكه‌ن ببنه موسڵمان[٢٠٨]. هه‌ندێك

---

٢٠٨ له ئیسلامدا، به‌هیچ جۆرێك هیچ كه‌س ناچار ناكرێت به‌زۆری ببێته موسولمان، مه‌گه‌ر به ئاره‌زووی خۆی بێت، بۆیه گێڕانه‌وه‌ی ئه‌م رووداوه دوو رێگای هه‌یه:

أ. یان موسولمانه‌كان به‌ته‌واوی له ئایینی ئیسلام نه‌گه‌یشتوون و ده‌كرێت بارودۆخی رووداوه‌كه‌ش كاریگه‌ر هه‌بووبێت.

ب. یان ئه‌و كه‌سه‌ی(ئاسه‌ف) رووداوه‌كه‌ی گێڕاوه‌ته‌وه زیاده‌ره‌وی كردووه له گه‌وره‌كردنی مه‌سه‌له‌كه‌دا، چونكه خۆی جووله‌كه بووه.

به‌ڵگه‌ش بۆ قسه‌كانمان كه هیچ كه‌سێك له‌ئیسلامدا ناچار ناكرێت ببێته موسولمان، ئه‌و ئایه‌ته‌ی خودای باڵاده‌سته له سووره‌تی (البقره) ئایه‌تی ٢٥٦ كه ده‌فه‌رموێت: (لا اكراه فی الدین قد تبین الرشد من الغی). (وه‌رگێڕ)

واته: زۆر لێكردن ره‌وانییه له‌وه‌رگرتنی دینا له‌سه‌ر گاورو جووله‌كه، وه به‌ڕاستی رێگه‌ی راست‌و لار ده‌ركه‌وتوون‌و جیابوونه‌ته‌وه له یه‌كتر به‌ته‌واوی.

سه‌رچاوه: ته‌فسیری نامی بۆ قورئانی پیرۆز، دانراوی: مه‌لا عبدالكریمی موده‌ڕیس. به‌رگی یه‌كه‌م، لاپه‌ڕه ٢٩٤. انتشارات كردستان. سنه.

بەڵگەنامەو سەرچاوەی تریش سەبارەت بە جوولەکەکانی ئێران‌و کوردەکان لەسەدەکانی رابردوودا دڵڕەقی‌و چارەڕەشی ئەو کەسانە دەردەخەن کە رەتیان کردۆتەوە لەدینی خۆیان هەڵگەڕێنەوە. لەماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، تەنیا یەك نموونەیی بەزۆر ئایین گۆڕین دەردەکەوێت ئەویش ئافرەتێکی جوولەکە بوو. ئاریە گابای ئاماژەی بەوە داوە کە هێزو دەسەڵاتی شێخەکان ناوچەی ئاکرێ بەڕاددەیەك بوو کە دەیانتوانی ئافرەتە جوولەکە جوانەکان بەزۆر ببەن. ئەگەر ئافرەتێکی جوولەکە لەیەکێك لە گوندەکانی دەورووبەردا رفێنرابوایە، پیاوانی ئایینی بنەماڵەی خواجە خینۆ پۆلیسیان لە رفاندنەکە ئاگادار دەکردەوەو داوایان لێدەکردن ئافرەتە رفێنراوەکە بهێننە ماڵی ئەوان. بەگوێرەی وتەکانی ئاریە گابای:

" ئافرەتەکە لەماڵی ئێمە دەبوو تاوەکو کێشەکەمان چارەسەر دەکرد، بەم پێیەش دوو چارەسەر هەبون، یان ئەوەتا ئافرەتەکەمان دەناردەوە گوندەکەی یانیش لە کەسێکی جوولەکەی ناوچەکە یان گوندێکی تر مارەمان دەکرد".

سکاڵاکردن لەلای پیاوێکی ئایینی ناوچەکە یان شێخ دەنگدانەوەی بەرچاوی بەدوای خۆیدا دەهێنا، هەروەك لەم چەند نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت. شێخ بهاالدین کە بە باوەدین ناسراو بوو، شێخێکی بەناوبانگی نەقشەبەندی بوو لە کوردستان[٢٠٩]. پاش جەنگی جیهانیی یەکەم تەمەنی شێخ بهاالدین ببوە حەفتا ساڵ. لەمانگی ئابی ١٩١٩، بەریتانیەکان خانوو و تەکیەکەیان وێرا کرد،

---

٢٠٩ شێخ بهاالدین یەکێك بوو لەو سێ کەسایەتیە ئایینیانەی دەڤەری بادینان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا. شێخەکانی تر بریتی بوون لە شێخ نووری بریفکانی شێخ ئەحمەد بارزانی, واپێدەچێت بەریتانیەکانن شێخ مەحموود بەرزنجیان وەك کەسایەتی ئایینی هەڵنەسەنگاندبێت، بەڵکو زیاتر بەسەرکردەیەکی خێڵەکی وەسفیان کردووە.

وه شێخ بەرەو بەغدا نێردرا. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك ڕێگای پێدرا بگەڕێتەوە بامەڕنێ. بە وتەی تزیما بەڕاشی:

" لە بامەڕنێ شەش حەوت ماڵی جوولەکە لەناو کوردەکاندا دەژیان. شێخ بهاالدین تەمەنی گەورە بوو، بەڵام وەك گەنجێك وابوو. دیواخانەکەی جێگای دوو سەد سێ سەد میوان بوو. هەموو موسڵمانەکانی ئێران‌و عێراق ڕێزیان دەگرت‌و وەك ڕێزێك خۆیان دەچەماندەوە.... بەهۆی ئەو ترس‌و ڕێزەی ئەو هەیبوو، کەس نەیدەوێرا لێی نزیك بێتەوەو لەگەڵی بدوێت...ئەو لە حکومەت بەهێزتر بوو... پیاوێکی تووڕەو سەرگەرم بوو، لەگەرمەی کێشەیەکدا دەیتوانی چەند کەسێك بکوژێت!"

جارێکیان ئافرەتێکی جوولەکە بەناوی نێرگز، لەبامەڕنێ بوو بە موسولمان لەژێر ناوچەی دەسەڵاتداری شێخ بهاالدین[210]، لە وەلامی داواکاریەکەی جوولەکەکاندا حکومەت بۆماوەی سێ ڕۆژ نێرگزی لەناو دەستی جووەکان دەرهێنا بۆئەوەی یەکلایی بکاتەوە کە ئایا ئەو ئافرەتە دەیویست بچێتە ناو بنەماڵەکەی یان نا. لەو ماوەیەدا جووەکان هەوڵیاندا ئافرەتەکە قایل بکەن بگەڕێتەوە ماڵ. لە کۆتاییدا نێرگز بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆلای موسڵمانان‌و پێی ڕاگەیاندن کە جووەکان جوێنیان بە ئایینی ئیسلام داوە، چونکە لەو کاتەدا تەنیا بەئەوەی بتوانن ئافرەتەکە بگەڕێننەوە وشەی نابەجێیان بە موسڵمان‌و ئیسلام وت. پاش چەند ڕۆژێکی کەم، چوار یان پێنج پیاوی خێڵەکی چوونە دەرەوە و معلم شیمۆنی شووبرای حاخام شیمۆن‌و نەفتالی‌و منالێکی بچوکیان کوشت. تزیما بەڕاشی بەم شێوەیە باسی لە ڕوداوەکە کردووە:

---

٢١٠ بنەماڵەی نێرگز لەبنەڕەتدا خەڵکی دهۆك بوون وە بەپێی ڕاپۆرتەکان، دوو جار شووی کردووە، بەڵام هەردوو هاوسەرەکەی مردن.

" ماوەیەکی درێژ بوو، پێش ئەوەی ژیانی هاوسەری پێك بهێنم. (عەبدال)[٢١١]ی باوکی نێرگز هەولیدا قایلم بکات کچەکەی بخوازم. پێی وتم: پانزه دینارم پیێ بدەو ئێمه له موصل دەیگەڕێنینەوەو لەتۆی ماره دەکەین. منیش پێم وت کە نامەوێت ئەو کاره بکەم، ئەگەر بیهێنم، دەکوژرێم و دەردەسەری بۆخۆم دروست دەکەم... لەراستیدا من لەو کاره دەترسام".

## هـ. هەلگەڕانەوەی پیاوه جوولەکەکان له ئایین

بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی ئەو پیاوه جوولەکانەی بوونه موسولمان به بەراورد لەگەلٚ ئافرەتەکان له نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کەمتر بوون. سێ هۆکاری گرنگ له پشت ئەم کارەوه بوون. یەکەم، کۆمەلگای کوردی کۆمەلگایەکی پیاوسالاری بوو. دووەم، ئەگەر پیاوێکی کورد ئافرەتێکی جوولەکەیی خۆشویستبوایه، دەیتوانی بیهێنێت بەو مەرجەی ئافرەته جوولەکەکەش هاوکار بوایه. لەلایەکی ترەوه پیاوی جوولەکەو ئافرەتی کور زۆر بەدەگمەن لەنەخشەی خێلٚەکی کوردستاندا دەبینران‌و نەیاندەتوانی بەیەك بەن. سێیەم، کۆنترۆلٚی تەواوی ئاغا خێلٚەکیەکانی کوردستان بەسەر ژیانی خێزانه جوولەکەکاندا، بەتایبەت ئەوانەی لەناوچه گوندنشینەکاندا دەژیان، وای کردبوو ژمارەیەکی زۆر له ئافرەته جووەکەکان ببنه موسولمان‌و شوو به کوردەکان بکەن. کۆمەلگای جوولەکه بەو شێوەیەی کە ئافرەتان دەبوونه موسولمان، وەها سەرکۆنەی ئەو پیاوانەیان

٢١١ لـه نموونەیـەکی تـردا بەڕاشـی ئامـاژه بـەوه دەدات کـه بـاوکی نێرگـز نـاوی مـەنهایم بـوو وه لـه نموونەیـەکی تـردا عەبـدال. دەکرێـت کـه نـاوه کـوردیو عیبریەکـه لەیـەك گـۆڕدرابن، وه یان ناو و نازناوەکەی به نۆره بەکارهاتبن یانیش هەردوو ناوەکه تێکەلٚ کرابن.

نەدەکرد کە دەبوونە موسوڵمان. کۆمەڵگاکە بێزار بوو لە دیاردەی ئەو پیاوە خێزاندارانەی دەبوونە موسوڵمانو خێزانە جووەکانیان جێدەهێشت.

ئەم کۆمەڵگایە هەڵسا بە هەموارکردنەوەی یاسای هاوسەرگیریو زیادکردنی چەند مەرجێکی نوێ بەڵێننامەی هاوسەرگیری کە تیایدا وابکات ئەو بەڵێننامەیە نایاسایی بێت لەو کاتەی یاو ئایینەکەی خۆی دەگۆڕێت بۆ ئایینێکی تر. ئەم هەموارکردنەوەیە ئاماژە بەوە دەدات کە چەندین نموونەی وا بەرجەستە بوون تیایدا پیاوە جووەکان بوون بەموسوڵمان بەبێ ئەوەی خێزانەکانیان بەشێوەیەکی ڕێك تەلاق بدەن. ئەدەبی ریسپۆنسا باسی چەندین نموونە دەکات لەسەدەکانی رابردوودا کە پیاوە جووەکان لەکوردستاندا لەئایینی خۆیان هەلگەڕاونەتەوەو بوون بە موسوڵمان. راهیبێك بۆی دەرکەوت کە ئەو مارەییەی لەلایەن ئەو پیاوە موسولمانەی بووەتە موسولمان وەردەگیرێت، نایاساییە. راهیبەکە داوای لە کۆمەڵگای تەبریز کرد کە هەوڵ بدەن مارەییەکی گونجاو وەرگرن. خێزانی ئەو راهیبە هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئەو دەبێتە موسوڵمان کوڕەکەی خۆی لەگەڵ خۆیدا دەبات ئەگەر رێگای دووبارە شووکردنەوەی لێبگرن.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، ژمارەیەکی زۆر لە پیاوە جوولەکەکان بوونە موسوڵمان. لە شاری کۆیەدا، پیاوێکی جوولەکە ببوە موسوڵمان، ماوەیەکی کەم پێش کۆچە بەکۆمەلەکەی جووەکان لە گوندی خۆی هاتو داوای لە ئیسرائیل شۆمەر کرد ناوی تۆمار بکرێت بۆ کۆچکردنەکە. ئیسرائیل شۆمەر وتی: من ڤیزەیەکم بۆ ئامادە کردو ناردمە شاری بەغدا. خێزانە موسوڵمانەکەیو دوو منالّی لەدوای خۆیدا جێهێشت. ئێستا ئەو لە ئەلقۆشی باکووری ئیسرائیل ژیان دەگوزەرێنێت. چەندان راپۆرت لەبەردەستدان سەبارەت بەو جوولەکانەی ئاینی خۆیان بۆ ئیسلام گۆڕیوە، بەڵام ئەمە یەکەمین راپۆرتە کە زانرابێت جوولەکە هەڵگەڕاو لەدینەکە لەکوردستان ماڵو

منالّی خۆی جێهێشتبێتو چووبێته پالّ کۆمەلّگای جووەکان بۆ گەڕانەوەی بۆ ئیسرائیل. داریوش ناحوم له ئاکریێ کەسێکی دەناسی بەناوی (بنۆ) بنیامین که زۆڕنای دەژەنیو خەلکیش حەزیان له مۆسیقاکەی دەکرد.

" کچێکی کورد کەوته داوی خۆشەویستیەکەیو نەیهێشت بڕوات... بنۆ ئەم کچەی مارەکرد. ئەو هاوسەرە جوولەکەکەی خۆی تەلاق دا که کوڕێکی لێیەوه هەبوو. ناوی کوڕەکەی (عەمرام)ە و ئێستاش له موشاق مەنوحەدا دەژیت. له ژنه کوردەکەی خاوەنی چوار کوڕو چوار کچه. پێش ماوەیەك ( لەسەرەتای سالانی نەوەدەکان) من بەسەردان له کوردستان بوومو پرسیاری منالّەکانیم کرد. بەم دواییانه کورەکەی پەیوەنی پێوه کردم. دەیویست بزانێت که هەوالّی نیو برا جوولەکەکەی چۆنه".

له نموونەیەکی تردا جوولەکەیەکی زاخۆ ئافرەتێکی موسولّمانی خۆش دەویست. بەم دواییانه له سەردانێکی هارون ناحومدا بۆ کوردستان، دوابەدای جەنگی کەنداو لەسالّی ١٩٩١:

" منالّەکانی داوایان لێکردم که به نیو براکەیان رابگەیەنم لەئیسرائیل ئەوان دەیانەوێت سەردانی باوکی بکەن پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، وه ڕەنگه ئەوان بیانەوێت بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکەن".

هەروەها هاروون ناحوم باسی لەئایین گۆڕینی دوو برا کردووه لەزاخۆ بەناوەکانی محمد بن جوهیو ئەحمەد بن جوهی. ساسۆن ناحوم له راپۆرتێکدا باسی ئەو پیاوە جوولەکانەی کردووه که بوونەته موسولّمان. یەکێك لەوانه ناوی مۆردیخای بوو که کەوتبووه داوی خۆشەویستی کچێکی موسولّمان. ئەو پێشتر هاوسەرگیری ئەنجام دابوو، بەلاّم بەهۆی ئەوەی ئافرەتێکی موسولّمانی مارەکرد، خێزانه جوولەکەکەی تەلاق دا. له دواییدا پینحاسی برای که دواتر ناوی بوو به عبدالله، خێزانەکەی خۆی تەلاق داو ئافرەتێکی موسولمانی هێنا.

ئەوان لە شاری دهۆکدا مانەوە. منداڵە موسولمانەکانی مورداغ حەزیان دەکرد کە بچن بۆلای جوولەکەکان پێیان دەوتن پسمام، واتە ئامۆزا.

هەموو ئەو نموونانەی سەرەوە ئاماژەیان بەوە داوە کە گۆڕینی ئایین بۆئیسلام تراژیدیاو ئازاربەخش بوو، بەتایبەتی بۆ سەرکردەکان کە ڕێگریان لەو پرۆسەیە دەکرد. بوونە مسولمانی جوولەکەکان بەشێك بوو لە ژیان جووەکانی لە کوردستان. لەسەرەتای ساڵی نەوەدەکان، پاش جەنگی کەنداو، حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردی لە باکووری عێراقدا دامەزرا. ئەو جوولەکانەی پێش ساڵی ١٩٥١–١٩٥٢ لە دین هەڵگەڕابوونەوە، دەیانتوانی پەیوەندی بەخزمو کەسەکانی خۆیانەوە بکەن لە ئیسرائیل. لە ئەنجامدا، دەیان ئافرەتی جوولەکە، ئەوانەی شوویان بە پیاوە موسولمانەکان کردبوو، دەیانویست بەرەو ئیسرائیل بچن. بەهۆی یاسای گەڕانەوە بۆ ئیسرائیل، دەیانتوانی ببن بە هاوڵاتی ئیسرائیلی. ئەو ئافرەتە جوولەکانەی بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کرد ژمارەیان بەسەدان کەس بوو، بەڵام ئەوان نەیاندەزانی کە بۆچی هاتوونەتە ئیسرائیل، بە پێچەوانەی چەندان جوولەکەی کۆچکردوو کە بیروباوەڕی زایۆنی یان جێبەجێ کردنی پەیامەکانی تەورات‌و گەڕانەوە بۆ ئایینی جودابیزم‌و بیری زایۆنی. زۆربەی ئەو کۆچبەرانەی لە کوردستانەوە گەڕانەوە لەسەرەتای ساڵی نەوەدەکان بەهۆی ناجێگیری باری ئابووری‌و ئاساییشەوە بوو. مشت‌ومڕێکی زۆر پەیدا بوو لەو کاتەی کە زانرا ئەو کۆچبەرانە سەردانی مزگەوتەکانیان کردووەو بەهۆی ئەو کێشەیەشەوە چەندین کەس لە ئیسرائیل کۆچیان کرد بەرەو وڵاتانی ئەورووپی‌و خۆرئاواییەکان یان گەڕانەوە بەرەو کوردستان.

# بەشی چوارەم

## دوایین وەچەی جوولەکەکان لە کوردستان: لە نێوان جەنگی جیهانیی یەکەم و کۆچکردنیان بەرەو ئیسرائیل

# بەندی یەکەم

## ژیانی جوولەکەکان لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەم

### بەسەربازیکردن و هەوڵدان بۆ خۆدزینەوە[212]

لەساڵی ١٩١٤دا، پاش چەندین هەفتە لەهەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەم، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی چووە پاڵ ئەڵمانیاو جەنگی لەدژی هەرسێ وڵاتی بەریتانیاو رووسیاو فەرەنسا راگەیاند. لەشەقامەکانی بەغدا حکومەت بە تەپڵ لێدان جاڕی بوون ب سەربازی لە شەقامە سەرەکیەکاندا لێدا. ژمارەیەکی زۆر لە جوولەکە بەغدادیەکان ناونووسکران بۆ سوپای شەش کە نێردران بۆ ناوچە بەفرینیەکانی شاخەکامی قەوقاز بۆ بەرنگاربوونەوەی سوپای رووسەکان. دوو لەسەر سێی هێزەکانی تورکیا، کە هەزاران جوولەکەی تیادا لابوو، لەمەیدانەکانی جەنگ نەگەڕانەوەو کوژران. ئەم هەواڵە ترسی دروست کرد لەلای جووەکانەوە، بەهۆشیەوە هەوڵیاندەدا خۆیان لەسەربازیکردن بدزنەوە. هەندێکیان یەکە سەربازیەکانیان جێهێشت و لەلای هۆزی

١ ئـەم بەنـدە بـاس لـە ژیـانی سیاسـی و ئـابووری و سـەربازی جووەکـانی کوردسـتانی عێـراق دەکـات لـە سـەرەتای دەسـت پێکردنـی جـەنگی جیهـانیی یەکـەم تـاوەکو کۆچـە بەکۆمەڵەکەی جووەکان لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥١–١٩٥٢.

بەدەوین پەناگەیان بۆ خۆیان دۆزیەوە، وە ئەوانی تری بەرەو شاری بەسرا رایانکرد کە لە نۆڤەمبەری ١٩١٤ لەژێر دەستی بەریتانیەکاندا بوو. هەواڵە ناخۆشەکانی بەرەکانی جەنگ گەیشتە شارو ناوچە دوورە دەستەکانی کوردستان. ئەم جەنگە بە (سەفەربەرلیگ) ناسراو بوو[٢١٣]، کە ئاماژە بوو بۆ بەدبەختیو ئاژاوەوە چارەڕەشیو کەسێك ناتوانێت تیایدا بگەڕێتەوە. لەکاتی جەنگەکەدا، هاوڵاتیە مەدەنیەکانی ژێر ناوچەی دەسەڵاتداری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تووشی ناونوسکردنی بەزۆریو دەست بەسەرداگرتنی ئازووقەو خواردن بۆ سەربازەکان بوونەوە، بەم هۆیەشەوە خۆراك کەم بووەوە و هەتا کار گەیشتە ئەو رادەیەی برسیەتی سەریهەڵدا، بەمەش چەندین جوولەکەی شارنشین ناچاربوون پەنا ببەنە بەر کۆمەڵگا گوندنشینەکان و لەژێر حوکمی ئاغادا بژین. لە ئەنجامدا، لەکاتی جەنگەکەدا ژمارەیەکی زۆر لەجوولەکە شارنشینەکان بەناو گوندەکاندا بڵاوبوونەوە. جوولەکەکانی کوردستان زۆر بەدەگمەن لەپێش جەنگی جیهانیی یەکەم خزمەتی هێزەکانی سوپای تورکیایان کردووە. چەند نموونەیەکی کەم لێرەدا باسکراون: پێش جەنگی جیهانیی یەکەم، حکوومەت دوو هاوڵاتی گەنجی جوولەکەی قوتابی لەسلێمانیەوە نارده فێرگەی مەشقی سەربازی لە ئەستەمبۆل. دوابەدوای ئەمە، ئەم دوو مەشقپێدراوە ( شیمۆن شاول و حایم عەزرا) گەڕانەوە سلێمانی و لە سوپای عێراق و هێزەکانی پۆلیسدا خزمەتیان کرد[٢١٤].

---

٢١٣ سەفەربەرلیگ، لەزمانی تورکیدا واتە: وریابوونەوەی گشتی. ئەو ناوە لەوەوە هاتووە کە دەوڵەتی تورکیا نزیکەی سێ ملیۆن چەکداری بەرەو ناو ریزەکانی سوپا و ملیۆنان خەڵکی مەدەنیش بۆ ناو جەنگ چوون.

٢١٤ شیمۆن شاول بوو بە موقەدەم لە عێراقدا. بەپێی راپۆرتەکان لە عێراقی نوێدا، ئەو یەکەمین جوولەکە بووە گەیشتبێتە ئەو پلە سەربازیە باڵایە. حایم عەزرا بوو بە

هەروەها یوسف بین بنیامین، کە خەڵکی نوسەیبین بوو، لە راپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە باوکی تەنانەت پێش جەنگیش لەسوپای تورکیدا خزمەتی کردووە، واتە لە ساڵانی ١٩١٢–١٩١٣. ئەم نموونانە بۆمان دەردەخەن کە یاسای پێش جەنگ چۆن بووە. لەکاتی روودانی جەنگەمە، زۆربەی گەنجە پێگەشتووەکان بۆ ریزەکانی سوپا باگهێشت کران. (ریڤ ئالن) لەئابی ١٩١٧ بەناو کوردستاندا گەشتی کرد، لەراپۆرتێکدا جەختی لەوە کردۆتەوە لە سابلاغ (مهاباد)ی کوردستانی ئێران:

" کە سەدا حەفتاو پێنجی دانیشتوانی لە ئافرەتی پیرو هەندێك ئافرەتی گەنج پێك هاتبوون، هەموویان بێوەژن و ژمارەیەکی زۆر لە هەتیوو بوون. لەسەدا بیست و پینجەکەی تریش پیاوی پیرو گەنجی پەککەوتە بوون".

جوولەکەیەکی زاخۆ دەڵێت، بێجگە لە ژمارەیەکی کەمی پیاوی بەتەمەن، تەنانەت سوپا یەك پیاویشی لەزاخۆدا نەهێشت...ئەفسەرانی ناونوسکەر هیچ پیاوێکیان لەماڵەوە نەهێشت کە تەمەنی لەنێوان حەڤدە تاوەکو حەفتا ساڵی بوایە[٢١٥]....لەسەرەتای جەنگەکەدا، حکومەت سەدویەك جوولەکەی لەزاخۆوە تاوەکو موصل برد. وە لە شاری دهۆکیشدا:

"دوابەدوای بەرپابوونی جەنگ، هیچ کەس لەشارەکەدا نەمابوو.. حکومەت هەموویانی گرتبوو... هەتا پیاوی پەنجا بۆ شەست سالیش لەم یاسایە بەدەر نەبوون... وەهیچ خوێندنگایەك نەبوو، هەروەها جووەکانیش بێ بەش بوون لە خوێندنی ئایینی لە پەرستگاکانیان".

---

پشکنەری پۆلیس لە ناوچەی دیوانیدا کە ژمارەی دانیشتوانی بەزۆرینە شیعەن، بەڵام ئەو هەر زوو کوژرا.

٢١٥ حەفتا ساڵ تەمەنی راستەقینەی سەربازی نیە، بەڵام ئەم تەنها بۆ موبالغە و جەخت کردنەوە لە شلەژاوی بارەکەیە.

ئەم دۆخە تەنیا تایبەت نەبوو بە کوردستان، بەڵکو جوولەکەیەکی بەغدا دەڵێت: جەندەرمەکانی تورکیا وەکو ئاژەڵ ئێمەیان راوکرد. وەکاتێك ئێمە دەسگیر کراین و ئێمەیان بردە بنکەی پۆلیس، وەکو دیلی جەنگ رەفتارمان لەگەڵدا کرا. ئەم نموونەیەی خوارەوە کە لەلایەن ناحوم شەڕابی باسکراوە، زیاتر ئەوەمان بۆ روون‌دەکاتەوە کە ئەوان زیاتر دیلی جەنگ بوون وەك لەوەی سەربازی تازە دامەزراوبن:

" ئەفسەرەکانی سوپا بەسەر ئەسپەکانیانەوە دەهاتن و دەچوون، لەو کاتەی سەربازە نوێیەکان بەپێ دەرۆیشتن... بێ سەروبەرىو ناڕێکی باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشابوو. لە گەرمەی جەنگەکەدا، سوپا جلوبەرگ و پێڵاوی سەربازی دابین نەدەکرد وە هەتا نەیدەگۆڕینەوە لەو کاتەی کە کۆن و بێ کەڵك دەبوون. ئەگەر سەربازێك نەخۆش بوایە، هیچ چارەسەری نەبوو و لێی دەگەڕان تاوەکو خۆی دەمرد"

لەسەرەتای جەنگەکە، تورکەکان تەنیا یەك لەسەر شەشی سەرجەم ژمارەی ئەو سەربازانەی کە ناونووس کرابوون لەجەنگەکەدا کردە سەرباز. بەدرێژایی جەنگ حکومەت هەڵمەتێکی توندی بەسەربازیکردنی دەستپێکرد کە وابکات زیاتر هاوڵاتی مەدەنی بهێنرێنە ناو سوپا و پێداویستیە سەربازیەکان پڕبکەنەوە. معلم لیڤی لەسەر بابەتەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت، تورکەکان بەبەردەوامی دەهاتنە زاخۆ لە گەرمەی جەنگدا بۆ بەدواداگەڕانی ئەو پیاوانەی بۆ خزمەتی سەربازی دەست دەدەن. ئەم چەند نمونانەی خوارەوە ئاماژە بەوە دەدەن تەنها ژمارەیەکی کەم لە جووەکانی زاخۆ لەکاتی جەنگدا لە شارەکەدا مابوونەوە. جارێکیان، لەڕۆژی شەممەی جووەکاندا، توورکەکان هێرشیان کردە سەر پەرستگای جووەکان لە زاخۆ و دوو راهیب و سێ پیاوی گونجاو بۆ سەربازییان دەسگیر کرد، کە یەکێکیان باوکی معلم لیڤی بوو:

" دوو راهیب و برای یەکێکیان بۆ خزمەتی سەربازی نێردرانە ئەستەمبۆل و موصل. ئەوەی کە نێردرایە موصل نیوەی سەرانەکەی(جزیە) دابوو، هەربۆیەش بۆ ئەو شوێنە نزیکە رەوانە کرا، وە ئەوەی تر پارەی نەبوو وبەرەو ئەستەمبۆل نێردرا".

سوپای تورکیا بەرادەیەك پێویستی بەسەرباز بوو کە کار گەیشتبووە ئەوەی سەربازی ناونوسەکەر تەنها یاسای پەرستگای نوێژکردنی جووەکانی نەدەشکاند، بەڵکو بێ رێزی بەرامبەر بە ئازادی پەرستن و پیرۆزی رۆژی شەممەش دەکرد. بەپشت بەستن بەم رووداوە، وادیار دەبێت تەنیا لەپانزە پیاوی جوولەکە لەکاتی جەنگدا لە شاری زاخۆ مابوونەوە، لەکاتەی پێش جەنگەکە هەموو پیاوانی گەنجی شارەکە بەژداریان لە خزمەتکردنی پەرستگا لەرۆژی شەممەدا دەکرد.

هەڵمەتی بەسەربازیکردن، بەسەربازیکردنی چەندین پیاوی جوولەکەی شارنشینی بەدوای خۆیدا هێنا. تەنیا ژمارەیەکی کەم لەسەرچاوەی نووسراو و بیستراو سەبارەت بەو جوولەکانەی خزمەتی سەربازیانە کردووە، ماونەتەوە. هەرچەندە ئەو سەرچاوانەی بوونیان هەیە باس لەوە دەکەن کە تورکەکان جووەکانیان لە پلەوپایە ناجەنگیەکاندا بەکاردەهێنا، ئەویش بەهۆی تەمەن وکەمی ئەزموونیان لەکاروباری جەنگیدا. ناحوم حەننا، لە بەڕێوەبەرایەتی دەست بەسەرداگرتنی شتمەك کاری دەکرد، وە بەرپرسیار بوو لە کۆگای خواردن و خواردەمەنی. لەماوەی دوو سێ ساڵی جەنگدا، ئەو و موسوڵمانێك بەناوی فایدەر ئاغا بەرپرسی کۆگا بوون، کە تیایدا سوپا گەنم وجۆ و بەرهەمی تری تیادا خەزن دەکرد، هەروەها ئەو بەرهەمە دەست بەسەرداگرتوانەی لەلایەن هاوڵاتیانی مەدەنیەوە وەردەگیرا، لە کۆگادا هەڵیاندەگرت بۆ بەکارهێنانیان لە پێداویستیەکانی جەنگەکەدا.

بەهەمان شێوە باوکی یوسف بین بنیامین لە شارۆچکەی نوسەیبین سەرپەرشتی چەندین سەر مەڕی دەکردو هەزاران ئاژەڵی دەلەوەڕاند کە سوپا دەستی بەسەردا گرتبوو. بەپێی راپۆرتەکان، ئەو هەتا شاری ئیزمیر چوو وە بۆ ماوەی دوو ساڵ نەگەڕایەوە، بەڵام هەندێك سوودی لەم گەشتەدا دەست کەوت.

"هەندێك جار هیچیان نەبوو بۆ خواردن... دەچوونە گوندی کوردو عەرەبەکان بۆ ئەوەی هەندێك ئاژەڵ بفرۆشن. بەم شێوەیە، ژیانی رۆژانەی خۆیان پەیدا دەکرد و دەیانتوانی هەندێك پارەش بنێرنەوە ماڵ".

جوولەکەیەکی تری زاخۆ بەناوی یوسف شاول لیڤی لەبەشی پاشەکەوتی سوپای تورکیا ئەفسەر بوو. هەروەها شعیە زاکین کە خەلکی زاخۆ بوو، لە پۆستێکی ناجەنگیدا خزمەتی سەربازی تەواو کرد. ئەو بۆماوەی سێ ساڵ لە قەراغ رووبارێکی نزیك ئێران بوو، سەربازی دەگواستەوە ئەو بەری رووبارەکە. ئەو لێپرسراوی ئەو بەلەمانە بوو کە سەربازیان دەگواستەوە وە خەڵکی مەدەنیشی بەکرێ دەگواستەوە. لەکاتی شەڕدا، توورکەکان دوو ملیۆن و هەشت سەدو پەنجا هەزار سەربازیان خستە کار کە لەنێوانیاندا سێ سەدو بیست و پێنج هەزاریان(٣٢٥٠٠٠) کوژران، چوار سەد(٤٤٤٤٤٤) هەزاریان بریندار بوون و دوو سەدو پەنجا (2٥٤٤٤٤)هەزاریان وون بوون یانیش بەدیل گیران. رەنگە ئەو نموونانەی کە لەلایەن ئەو جوولەکە ناجەنگیانەی خزمەتی سەربازییان ئەنجام داوە بە ئاراستەیەکی هەڵەدا بمان بەن، لەو کاتەی زۆربەی جووەکان لە یەکەکانی سەربازیدا کاریان دەکرد نەگەڕانەوە ماڵ بۆ ئەوەی پشت بە زانیاریەکانیان ببەسترێت، ئەو سەربازانەی کە لە پلەکانی ناجەنگیدا بوون، زیاتر رزگاریان بوو لەوانەی لەبەرەکانی شەڕدا دەجەنگان.

نموونەکەی یعقوب ابراهیم چاڤیرۆ گێڕانەوەیەکی زۆر باشە، چونکە ئەمە یەکێك بوو لەو بەسەرهاتانەی کە کەسێك لەبەرەکانی جەنگەوە باسی رووداوەکانی کردووە. ئەو بەم شێوەیە ئەزموونەکەی بۆ عەزیز چاڤیرۆ گێڕاوەتەوە. کاتێك جەنگ دەستی پێکرد، یعقوب بۆناو ریزەکانی سوپای تورکی ناونووسکرا. دۆخەکە بۆ جوولەکەکان قورس بوو، هیچ خواردنێکی گونجاو نەبوو و بەزۆری نان و چایان دەخوارد. کاتێك دەچوونە ناو هەر گوندێکەوە، مانگاو مەڕیان دەگرت و دەیانکوشتەوە و پاشان گۆشتەکەیان دەخوارد. لەکاتی جەنگەکەدا، تیمی سەربازی ناپاکیەکی لە فەرماندەیی یەکەکە کرد کە فەرمانی بەهێزەکان دابوو تەقە رابگرن.

"سەربازە ماندوو و شەکەتەکان جلوبەرگی خۆیان داکەند. وا نووستن هەر دەتووت مردوون... من پەیامبەری فەرماندەیی سریەکەم بووم. فەرماندەکەم هەستی بەشتێك کردو پێی وتم: ئاگاداری هەر (٢٥٠) سەربازی سریەکە بکەوە کە پۆشاك و جلەکانیان دانەکەنن، ئەو پێشبینی خیانەتێکی کرد. چاوەڕێمانکرد بۆ ئەوەی بزانین ئەو شەوە بۆ ئێمە چی لە هەگبەدا شاردۆتەوە. لە شەودا، فەرماندە پێی ووتم: فەرمان بەسەربازانی سریەکەمان بکە بەهێمنی کەمپەکە جێ بهێڵن. سەرەتا فەرماندەکە ڕۆیشت و ئێمەش بەدوایدا ڕۆیشتین. من و فەرماندەکە سەربازانمان لەوە ئاگادار کردەوە کە نەنوون. لەکاتژمێر دووی بەیانی، لەناکاو ئێمە فەرماندەی فیرقەکەمان بینی کەلە رووناکیەکەوە لە کەمپەکە دەچێتە دەرەوە. بەبێ ئاگاداری پێش وەختە، گوێمان لەدەنگی فڕۆکەی جەنگی بوو. فەرماندەکەم پێی وتم: یعقوب، بڕۆ بزانە چی بەسەر ئەو سەربازە نووستوانەی فرقەکە هاتووە. فڕۆکەکان زۆر بەنزمی دەفڕین و شوێنەکەیان بۆردومان کردین.... ئەوان هەموو فیرقەکەیان سەراوژێر کرد، کە زیاتر لەچوار هەزار سەرباز بوون. دوای ئەوەی کارەکەیان ئەنجام دا، بینیمان

فەرمانەی فیرقەکە روناکیەکەی خۆی بەرەو ئاراستەی فڕۆکەکان جولاندو ئەوانیش نزم فڕین و بە پەڕەشووت چوار صندوقیان بەردایەوە خوارەوە و ڕۆیشتن. فەرماندەی سریەکەم فەرمانیدا کە فەرماندەی فیرقەکە دەستگیر بکەن. ئێمە ئەومان گرت و پێمان ووت: ئەی ناپاك! سەیرکە و بزانە چیت کرد! هەموو سەربازەکانی خۆت بەکوشت دا. لەسەدا نەوەدو پێنجیان کوژران و ئەوانی تریش بریندار بوون. بۆ بەیانیەکەی، فەرماندە پەیوەندی بە جەنەڕالەوە کرد و ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە. جەنەڕال لێی پرسی: چەند سەرباز رزگاریان بووە؟ پێی ووت: دوو سەدو پەنجا. جەنەڕالەکە بڕیاریدا هەر سەربازێك پێنج گوللەی لێبدات. ئێمە ئەومان بەرزکردەوەو هاوارمان کرد، ئەی ناپاك، وەپاشان هەر سەربازێك پێنج فیشەکی لێدا. هەرچوار صندوقی زێڕەکەشمان هەڵگرت و لە ئەسپ بارمان کردن، وە لەبەر ئەوەی بەریتانیەکان بەدوامانەوە بوون، ناچار بووین پاشەکشە بکەین".

پاش ماوەیەکی کەم بەریتانیەکان پێشڕەویان کرد و یەعقوبیان دەستگیر کرد. ئەو زۆر نەخۆش بوو وە لەوە دەترسا بەریتانیەکان بیکوژن، بەڵام لە نەخۆشخانەیان هێشتەوە. کاتێك چاك بووەوە، بەریتانیەکان ئەویان نارده کەمپی دیلەکانی جەنگ لەمۆمبای هیندستان، کە زیاتر لە پانزە هەزار سەربازی تری تورکی لێبوون. بەریتانیەکان مووچەیان بەسەربازەکان دەدا، وە پاش دوو مانگ شاڤیرۆ قاوەخانەیەکی کردەوە کە تیایدا چا و قاوە و ساندەویچی دەفرۆشت. شاڤیرۆ بە کوڕەکەی خۆی ووت: پارەیەکی زۆرم دەست کەوت لەم کارەمدا. ئەو بۆماوەی سێ ساڵ لەو کەمپەدا مایەوە. لە کۆتاییدا، دوای تەواو بوونی جەنگ، ئەو ئازادکرا. پاش ئازادکردنی، چووە بازاڕی مۆمبای و هەندێك شتمەکی وەك جلوبەرگی کڕی و خستیە ناو جانتاکەی و بەشەمەندەفەر گەڕایەوە.

له ڕێگادا پارەکەی دزرا. ئەو پاش شەش ساڵ لەزیندانی گەڕایەوە زاخۆ، کاتێك گەڕایەوە کەس لەماڵ نەبوو. پرسیارم لە دراوسێکانم کرد: کوانیٚ خێزان و دوو منداڵەکانم؟ ئەوان پێیان وتم: هەموویان مردوون.

" عەزیز شەڤرۆ بەم شێوەیە کۆتای بە چیرۆکەکە هێنا: لەکۆتاییدا باوکم دایکمی مارەکرد. ئەوان ئەبراهیمی برای منیان بوو، وە پاش شەش ساڵ منیش هاتمە دونیاوە".

## خۆدزینەوە(هەڵاتن) لە خزمەتی سەربازی:

جوولەکە شارنشینەکان هەموو فێڵ و تەڵەکەیان دەخستە کار بۆئەوەی خۆیان لەخزمەتی سەربازی بەدوور بگرن. ژمارەیەکی زۆر لە جوولەکەکان توانیان لەناوچە گوندنشینەکانی کوردستاندا نیشتەجیٚ بن، وە جووەکانی تریش چەندین رێگای تریان گرتەبەر بۆ راکردن لە ناونوسکردن. هەروەك لە خوارەوە سەرجەم ئەو رێگایانە روونکراونەتەوە.

### ١. ناوچە لادێییەکانی کوردستان وەك پەناگەیەکی سەلامەت

هەروەك لە ناوە تورکیەکەیەوە دیارە (سەفەربەرلیك)، جووەکان دەست بەجیٚ لەناوچە شارنشینەکانەوە بەرەو دەرەوەی شار بەڕیٚ کەوتن. زۆربەی ئەو پیاوە جوولەکانەی بۆ خزمەتی سەربازی گونجاو بوون، یان پەیوەندیان بەریزەکانی سوپاوە کرد یاخود، بۆئەوەی خۆیان لە سەربازی دوور بخەنەوە، بەرەو ناوچە گوندنشینەکان هەڵاتن. زۆربەی ئەوانەی بوونە سەرباز هەر هەلێکیان بۆ بڕەخسایە لە یەکەکانی خۆیان رایاندەکرد. بەم هۆیەشەوە هێزی کار لە شارەکاندا کەم بوەوە، وە بەدوای خۆیدا چەندین خێزانی جوولەکەی بیٚ سەرپەرشتیارو کارکەر هێشتەوە. لەکاتی جەنگەکەدا، بەبەراورد لەگەڵ

شارەکاندا، ناوچەی گوندنشینەکان ئارامتر بوون. جوولەکەو موسوڵمانە گوندنشینەکان، دوورە دەستی ئەفسەرانی ناونوسکەری سەربازی بوون. سەرەڕای ئەمە هەموو دەردەسەریە، برسییەتی لە دەرەنجامە مەترسیدارەکانی جەنگەکە، کە کەمتر کاریگەری هەبوو لەسەر لادێکاندا. بەپێچەوانەی شارەکان، لە لادێدا هەموو کەسێك دەیتوانی پێداویستیە سەرەتاییەکانی وەك خۆراك و سووتەمەنی و دانەوێڵە پەیدا بکات. چەندین لەو جوولەکانەی کە بەرەو شاخەکان رایانکردبوو، بەرەبەرە توانیان خێزانەکانیشیان بگوازنەوەو تاوەکو تەواو بوونی جەنگەکە لەوێدا بمێننەوە. گرنگترین سودی ناوچە گوندنشینەکان بریتی بوو لە خۆدوورخستنەوەی هاوڵاتیان لەخزمەتی سەربازی. جوولەکەیەکی خەڵکی رەباتکێ ئەوە دووپات دەکاتەوە کە:

" لە رەباتکێ نە کوردو نە جوولەکەکان خزمەتی سەربازییان ئەنجام نەدا. گوندەکانی شێخ محمد رەباتکێ وەکو پەناگەیەك وابوون. براکەم نەچووە ناو سوپاوە....شێخەکەمان پیاوێکی دەسەڵاتدار بوو و رێگای نەدەدا هاوڵاتیانی بۆناو ریزەکانی سوپا ناونووس بکرێن".

جوولەکەیەکی گوندی چاڵ ئاماژەی بەوە داوە کە گوندەکەیان خزمەتی سەربازییان ئەنجام نەداوە، نە لەسەردەمی باوکیداو نە لەسەردەمی خۆشیدا. ئاغاکانی ئەو گوندە رێگایان بە هاوڵاتیە کوردو عەرەب و جووەکانیان نەداوە لەریزەکانی سوپادا وەك ئاژەڵ بکوژرێن. بۆ نموونە، هەردوو شێخەکانی رەباتکێو چاڵ لەدژی بەسەربازیکردنی گوندنشینەکانیان وەستاونەتەوە لەترسی ئەوەی نەوەك بە ئامادەنەبوونی ئەوان داهاتیان کەم بێتەوەو پلەوپایەیان نزم بێتەوە. بەهەمان شێوە جووەکانی وحیلەی نزیك نێروە، بۆناو ریزەکانی سوپا ناونوس نەکران چونکە جووەکان سەربازیان پێ نەدان. دانیشتوانی وحیلە چاویان بە جەنگ نەکەوت بەڵکو تەنیا گوێبیستی دەبوون.

جوولەکەیەکی خەڵکی شاندۆخ ئەوە دەگێڕێتەوە کە بارودۆخی جەنگ شایانی بەزەیی پێدا هاتنەوە بوو، بەڵام ئێمە لە گوندەکەماندا هەستمان بەبوونی جەنگ نەدەکرد. ئەو زیاتر ووتی:

"لەکاتی جەنگەکەدا، حکومەت پیاوی دەستگیر دەکردو دەیبردنە ناو ریزەکانی سوپا. لەگەل ئەمەشدا، لەکۆی چل تا پەنجا پیاو، بەشێکیان جوولەکە بوون، ئاغاکەمان تەنانەت قایل نەبوو تەنانەت یەك کەسیش بڕوات... گوندەکە هی ئەو بوو و نەیدەهێشت لەکاتی جەنگەکەدا هیچ جوولەکەیەك بچێتە سەربازی. جاربەجار دەچووە بنکەی پۆلیس و لەکاتی گەڕانەوەشیدا بەخزمەتکارەکەی دەووت: بڕۆ بە گشت دانیشتوان رابگەیەنە کە کۆببنەوە، دەمەوێت بۆیان بدوێم. خەڵکەکە کۆدەبوونەو بە ئاغایان دەووت: ئاغا چیت هەیە پێمان بڵێی؟ ئاغا ئەوەی روونکردەوە کە قایمەقام و پارێزگار لێیان پرسیوە، بۆچی رێگا بەو چل پەنجا پیاوەی خۆی نادات بێنە ناو سوپا؟ ئاغا لەسەر ئەوە سوور بوو رێگا بە پیاوانی خۆی نەدات بچنە سەربازی، چونکە دەیووت: ئەوان خزمەتکاری منن و لە بێستانەکانی مندان و کارم بۆ دەکەن. ئەگەر ئەوان بچنە سەربازی، کاروباری گوندەکە دەوەستێت و ئێمەش لەبرسان دەمرین. لە بنکەی پۆلیسدا، هەموویان بەڕێزەوە رەفتاریان لەگەڵ دەکرد... لە پڕێکەوە پێی وتن: هەندێك پارە کۆبکەنەوە و بەیانی دەیدەم بە ئەفسەرانی پۆلیس، رەنگە بەم شێوەیە وازمان لێبێنن. ئەم کارە رۆژانە روویدەداو هەر کەسێك بەپێی توانای خۆی پارەی پێدەدا، دەیانخستە ناو شتێك و پێیان دەدا".

ئاغای شاندۆخ بەڕاددەیەك دەسەڵاتی هەبوو کە بتوانێت دەسەڵاتدارانی حکومەت لەبڕیارێك پاشگەز بکاتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو بەرتیلەی پێیانی دەدا کە دەسەڵاتەکەی بەهێزتر دەکرد. عەبانۆی ئاغای شاندۆخ زۆر بەهێز و دەسەڵاتدار بوو. ئەو زۆر بە کارامەیی دەسەڵاتی خۆی بۆ بەسەربازینەکردنی

هاوڵاتیانی لەگەل بەرژەوەندیەکانی خۆیدا بگونجێنێت. بەگوێرەی راپۆرتەکان حکومەت، تەنیا یەك کەسی لەگوندەکە بانگهێشتی سەربازی کرد. ململانێ و ناکۆکی تاکەکەسی لەگەڵ ئەو هاوڵاتیە جوولەکەیەا، وایکرد ئاغا رێگا بە حکومەت بدات ئەو کەسە ناونووس بکات.

"ئەو کەسە ناوی حەمۆ بوو وە لەبنەماڵەی جومعە بوو... حەمۆ خاوەنی رەزێك بوو کە ئاغا داوای لێکردبوو کارێکی تایبەتی بۆ ئەنجام بدات، بەڵام خۆی لە ئەنجامدانی دوورە پەرێز گرت و بە ئاغای ووت: لێم گەڕی کاری خۆم بکەم. ئاغا ئاگاداری کردەوە کە چارەنووسەکەی باش نابێت و لە داهاتوودا شتێکی تاڵی بەسەردا دەهێنێت... وە دوای ئەمە ناوەکەی پێشکەش بە حکوومەت کرد. لە کۆتاییدا، ئەویان بردە ناو ریزەکانی سوپاوە، وە هەرگیز نەگەڕایەوە. هیچ کەس دووبارە هەواڵێکی دەربارەی نەبیستەوە".

بەواتایەکی، حکومەت لەشارەکاندا بەئاسانتر دەیتوانی هاوڵاتیان پەلکێشی سەربازی بکات بەبەراورد لەگەڵ کۆمەڵگا گوندنشینەکاندا کە تیایدا ئاغا لەسەر دانیشتوانی بەدەنگ دەهات، بەتایبەتی جوولەکەکان کە بەزۆری کاری جۆلایی جلوبەرگی کوردیان دەکرد یاخود سەپانی ئاغا بوون. زۆربەی ئەو جوولەکانەی تەمەنیان گونجاو بوو بۆ سەربازی، بەرەو گوندەکان رایانکرد. بۆ جووەکان ئەم رێگایە ئاسایی و کرداریی بوو کە خۆیان لە سەربازی بدزنەوە، چونکە زۆربەیان بازرگان و دەسگێڕ بوون و لەلایەن پیاوانی خێڵەیەوە ناسراو بوون. بەدرێژایی نەوە دوای نەوە, ئەوان توانیان پەرە بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ گەورەکانیان بدەن و لایەنی کۆمەڵایەتی تاکەکەسی لەگەڵ خێڵ و ئاغای گوندەکاندا پەرەپێ بدەن کە ئەوان لە مەترسییەکان دەپاراست و رێگای ئەوەیان بە جووەکان دەدا لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بەئارەزووی خۆیان بۆ کاری بازرگانی بگەڕێن. لەکاتی جەنگەکەدا ژمارەی دانیشتوانی کۆمەڵگا گوندنشینەکان بەرەو هەڵکشان

چوو، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە شارنشینەکان لەگەڵ خێزانەکانیان لە گوندەکاندا نیشتەجێ بوون.

جوولەکە شارنشینەکانی کوردستان تووشی هیچ ناخۆشییەك نەبوون بەبەراورد لەگەڵ جووەکانی تردا. بۆنمونە، جووەکانی شاری بەغدا، گازاندەی ئەوەیان دەکرد کە لە کاتی جەنگەکەدا موسوڵمانان هاتنە گوندەکانەوە و ئێمەی جوولەکەش هیچ شوێن و پەناگەیاکمان نەبوو خۆمان لە داگیرکاری تورکەکان دوور بخەینەوە. جووەکانی زاخۆ بۆ ماوەی چەند سەدەیەك لەژێر سەرپەرشتیاری خێڵەکانی دەورووبەر بوون، وەك خێڵەکانی سندی و سلیڤانی و گورگی. هەندێك لەجووەکان بۆ رزگاربوون پەنایان دەبردە بەر ئاغایەك. ئەبراهام مۆردیخای مزراحی، لەگەرمەی جەنگەکەدا تەمەنی بۆ خزمەتی سەربازی گونجاو بوو، لەو شوێن بۆ ئەو شوێن رایدەکرد، وە بۆ ئەوەی خۆی لەدەسگیرکردن بەدوور بخات بەرەو چیاکان رایکرد. دەیڤید یاعیر کە خەڵکی قەرەداغ بوو، باس لەوە دەکات چۆن براکەی ریزەکانی سوپای لەکاتی جەنگەکەدا جێ هێشتووە:

" ئەو ترساو بڕیاریدا رابکات بۆئەوەی لەناو جەنگەکەدا نەکوژرێت. ئەو توانی رابکات و پەنا بباتە بەر شێخێکی عەرەب (کورد؟) کە حکومەت نەیدەتوانی کۆنترۆڵی بکات. پێی ووت: من جوولەکەم. من هەڵاتوم. من پێم چاکترە لەلای تۆ بکوژرێم نەوەك بەدەستی حکومەت. ئەگەر رێگام پێبدەی لێرە بمێنمەوە، دەبم بەخزمەتکاری تۆ. شێخەکە رەزامەندی دەربڕیو براکەم بۆماوەی دوو ساڵ و نیو لەوێدا مایەوە، پاش ئەوەی جەنگەکە کۆتایی هات و ئەویش گەڕایەوە ماڵ"

معلم ئەبراهام ووتی: لەکاتی جەنگەکەدا خێزانەکەم چوونە گوندی بۆشال، لەوێدا میوەی زۆر هەبوو. هەروەها لەوکاتەی لەسەربازی رایکرد، دەیڤیدی برای

هارون جودۆش لەو گوندەدا پەناگەیەکی دۆزیەوە. بنەماڵەی گورگۆ ناحوم سەبتۆی زاخۆ، لەسەرەتادا بەرەو گوندی بایجۆ ی تورکیا چوون کە نزیکەی سیوسیٚ میل لەشاری زاخۆوە دوورە. دوای یەك دوو ساڵ، بەرەو باهنونای گوندی حاجی صدیق برۆی ئاغای ناوچەی گولی چوون. دانیشتوانی ئەو گوندە هەموویان موسوڵمان بوون، بەڵام لەکاتی جەنگدا هەروەك سەرجەم گوندەکانی تری کوردستان، چوار پێنج ماڵی جوولەکە چوونە ئەویٚ. جوولەکەیەکی تری زاخۆ بەناوی ساسۆن کتانی یارمەتی دوو پیاویدا بڕۆن بۆ شرناخ کە دوور بوو لە بنکەی پۆلیس و کەمپەکانی سوپا. گورگۆ ناحوم ئەوەی روونکردۆتەوە کە جوولەکە شارنشینەکان بەرەو لادێکان کۆچیان دەکرد ئەویش چونکە:

" مانەوە لەشارەکان دەبووە هۆی مردنی ئەوان... هەرکەسێك بەرەو لای ئاغا یان گەورەیەی رایکرد کە دەیناسی. وەلەوێدا دەیتوانی خۆیان لەدەستی حکومەت رزگار بکەن. لە گوندەکاندا، ئەوان کاریان بۆ گەورەکانیان دەکرد. ئەوان نەیاندەویست هیچ داهاتێك دەست بخەن، بەڵکو زیاتر دەیانویست ژیانی رۆژانەی خۆیان دابین بکەن".

باوکی شاباتای پیرۆی زاخۆیی لەکاتی هەڵاتن لەدەستی حکومەت لەیەکێك لە گوندە کوردیەکاندا نیشتەجیٚ بوو. لەوکاتەدا برسیەتی باڵی بەسەر زاخۆ و ناوچەکەدا گرتبوو. بەهۆی برسیەتیەوە لەزاخۆ، جاربەجار، سندوقێك خۆراکی بۆ دایکی دەناردەوە. بەتێپەڕبوونی کات، هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی لەگوندەکە پەیوەندیان پێوەکرد. واپێدەچێت ژمارەیەکی بیٚ شومار لە خێزان بەرەو گوندەکان کۆچان کردبێت پەیوەندییان بەو بنەماڵەیەوە کردبێت کە لەدەستی سەربازی هەڵاتوون.

### ٢. بەدیلی باج و لێبوردنی سەربازی و راگردن لێی

جوولەکەو مەسیحیەکان چەند جۆرە باجێکی زیاتریان لەموسوڵمانە مەدەنیەکان دەدا، دیارترینیان بریتی بوو لە سەرانە (جزیە) کە لەساڵی ١٨٥٥ بەیاسایەك دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەم باجەی نەهێشت. لەو ساڵەدا عوسمانیەکان یاسای بەزۆرکردنی سەربازی بەسەر هاولاتیانیدا فەرز کرد، بەلام تیایدا جولەکەو مەسیحیەکانی نەدەگرتەوە، بەلام لەجیاتی ئەم خزمەتە پارەی بەدەل عەسکەریان دەدا کە بەهۆیەوە لە خزمەتی سەربازی دەبەخشران. جزیە لەگەڵ باجێکی نوێدا ئاڵوگۆڕی پێکرا کە تیایدا ناموسوڵمانان لەجیاتی خزمەتی سەربازی دەیاندا وە ئەم باجەش پێی دەوترا بەدەل عەسکەری. لەهەمانکاتدا توورکەکان یاسای چەك هەڵگرتنیان لەدژی ناموسوڵمانان دانا. ئەو کەسەی پارەکەی دابوایە لەخزمەتی سەربازی دەبەخشرا و پێی دەوترا بەدەلچی. لەساڵی ١٨٨٥ بەدواوە، ئەم یاسایە زیاتر توندکرا و پەرەی پێدرا، بەم شێوەیە شەل و نووسەرو ئەوانەی زۆر نەخۆش بوون لەپارەدانەکە بەخشران. لەساڵی ١٩٠٩ عوسمانیەکان یاسایەکی نوێیان دەرکرد کە تیایدا هاتبوو هەموو هاولاتیەکی عوسمانی کە تەمەنی لە نۆزدە ساڵ کەمتر نەبێت، ئەوا دەبێت خزمەتی سەربازی ئەنجام بدات. ماوەیەکی کورت پێش دەسپێکردنی جەنگەکە، تەمەنی وەرگرتنی سەرباز بۆ هەژدە ساڵی کەم کرایەوە، هەرچەندە ناموسوڵمانان بەپێدانی کرێ لەم سەربازییە دەبەخشران. جۆن جۆزیف لەبارەی مێژووی ئاشووری و مەسیحیە ناوچە کوردیەکان توێژینەوەیەکی ئەنجام داوە وە ئاماژەی بەوە داوە کە ئەم باجە لەو جوولەکەو مەسیحیانەی تەمەنیان لەسەرووی شانزە ساڵیەوە بووە، وەرگیراوە. ئەو ئاماژە بەوە دەدات کە لەو کاتەی موسوڵمانان لەپێناو شا و سوڵتانەکانیان خەریکی جەنگ بوون، ناموسوڵمانان لەماڵەکانیان دەمانەوەو خەریکی کێڵگەو کارەکانیان بوون. دوابەدوای جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە،

واپێدەچوو زۆربەی جووەکانی کوردستان وایان بەباش زانی باجەکە بدەن بۆئەوەی خۆیان لەخزمەتی سەربازی رزگار بکەن. تەنیا ئەوانەی نەیانتوانی پارەکە بدەن بانگهیشتی سەربازی کران. وەدەبێت تێبینی ئەوەش بکرێت کە پێدانی پارەی بەدەل هەتا لەناو جەنگەکەش دروست بوو. معلم لیڤی زاخۆیی جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەو جوولەکانەی پارەیان هەبوو بەپێدانی بڕی پەنجا لیرەی زێڕ خۆیان رزگار کرد. واپێدەچێت سەرەڕای بەسەربازیکردنی ناچاری، هەندێك لەجووەکان توانیان لێبوردنی خۆیان بکڕن بەپێدانی پارە وە خۆیان لەسەربازی قورتار بکەن. یۆنا تزیکدیاهۆ، تێبینی ئەوەی کرد کە لە گەرمەی جەنگدا لە ساڵی ١٩١٦:

"ساسۆنی باوکم وەك هاوڵاتیانی تر بانهێشتی خزمەتی سەربازی کرا، بەڵام دوای چەند مانگێك و دوابەدوای پێدانی بڕی پەنجا پاوەندی زێڕ لەلایەن مۆردیخای باپیرمەوە کە بەدەسەڵاتدارانی بەخشی، ئەویان ئازاد کرد... ئا ئەمە بوو کرداری حوکومڕانە عوسمانیە گەندەڵەکان".

ناحوم حەننا سێ جار ئازادکردنەکەی کڕیەوە، هەموو ساڵ جارێك پەنجا لیرەی زێڕە دەدا. باوکی شاباتای پیرۆ، کە بانگهێشتی ریزەکانی سوپا کرابوو، نامەیەکی ناردە شاری حەیفا فەڵەستین و داوای لە بنەماڵەکەی کرد لەجیاتی ئەو پارەی بەدەل عەسکەری بدەن. بنەماڵەکەی ناچار بوو موڵکی خۆیان بفرۆشن و تەنیا بەو پارەیەی لەکارەکەدا دەستیان کەوتبوو، توانیان رزگاری بکەن.

" پاش تێپەڕبوونی دوو مانگ، باوکم گەڕایەوە ماڵ. بەماوەی دوو مانگ لەماڵ مایەوە، بەڵام توورکەکان جارێکی تر هاتنەوەو ویستیان بۆناو ریزەکانی سوپا بیبەنەوە. هەرچۆنێك بێت ئەم جارە توانی بەرەو شاخەکان رابکات".

ئیسەر مزراحی خەلکی دهۆك باسی ئەوەی کردووە کە حکوومەت ئەوی دەسگیر کرد.

"من بۆی گریام و پێم وت کە منیش دەمەوێت لەگەڵتا بێم.. پاشان باوکم بەبیست پاوەند زێڕ توانی خۆی لەدەستی تورکەکان رزگار بکات. ئەو گەڕایەوە ماڵ، بەڵام جارێکی تر ئەویان دەسگیر کردەوە. بەم شێوەیە، جاری دووەم بۆرزگارکردنی خۆی پارەی نەدا، بەڵکو لەجەنگەکەوە بەرەو شاخەکان رایکرد".

بەپشت بەستن بەگەواهیەکانی چەندین کەس واپێدەچێت ئەو پارە بەدەل عەسکەریەی لەلایەن هاوڵاتیە جوولەکەکانەوە دەدرا بریتی بوبێت لە جۆرێك لە بەرتیل و لەراستیدا ئەم پارەدانە تەنیا ماوەیەکی کەم ئەوانی رزگاردەکرد وەپاشان دەسگیردەکرانەوە. ئەم زانیاریە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو سەربازییە دواخستنە بۆماوەی ساڵێك یان کەمتر بوبێت.

جووەکان وا سەیری ئەو جەنگەیان دەکرد کە بەسەریاندا هاتبوو، وەك بڵێی هەڵچوونی گڕکانێکە، وایان دانەدەنا ئەمە شەڕی ئەوانە وە هیچ ئارەزوویەکی بەژداریکردنیان نەبوو. ئەو ناونووسکردن و هەڵمەتی بەسەربازیکردنە کێشەی بۆ هاوڵاتیانی جوولەکە نابووەوە. زۆربەی جووەکان خزمەتی سەربازییان ئەنجام نەدەدا. ئەوان هەرگیز بەشێك نەبوون لە کۆمەڵگای خێڵەکی کوردی، کە لەبنەڕەتدا نەریتێکی شەڕانییان هەبوو. ئەوانیش خۆیان بەگونجاو نەدەزانی بۆ خزمەتی سەربازی. کاریگەریە خەراپەکانی جەنگ زیاتر وای لەجووەکان کرد لە چوون بۆناو ریزەکانی سوپا خۆیان بەدوور بگرن وە هانی چەندین کەسیاندا کە لەناو سوپادابوون کە رابکەن بەرەو شوێنێکی نادیار. کاتێك جەنگەکە درێژەی کێشا، توورکەکان توشی قەیرانی کەم بوونەوەی سەرباز بوون وە پێویستیان بەسەربازی نوێ هەبوو. سوپای تورکیا توشی کێشەی هەڵاتنی سەرباز بووەوە، هەر بۆیە سزای قورسی بەسەر ئەوانەدا دەسەپاند کە سەربازیەکەیان جێدەهێشت و هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەگەر کەسێك رابکات ئەوا لەجیاتی ئەو، ئەندامێکی خێزانەکەی دەسگیر دەکرێت و ئەگەر ئەو

رووداوە دووبارەش بێتەوە ئەوا تووشی سزای مەرگ دەبێتەوە. ئەندامانی خێزانی ئەو جوولەکانەی رایانکردبوو بۆ گوندە کوردیەکان، دەسگیرکران بۆئەوەی زانیارییان دەست بکەوێت سەبارەت بەشوێنی هەڵاتووەکان. جووەکان باسی ئەو کێشە بەردەوامە دەکەن کە لەنێوان حکومەت و هاوڵاتیاندا هەبوو بۆ ئەو کەسانەی تەمەنی سەربازی دەیانگرتەوە.

یوسف بین بنیامینی خەڵکی نوسەیبین ئەوە دەڵێت کە هەندێك لەوانەی ناویان بۆ سوپا هاتبوو، پاش تێپەڕبوونی یەك دوو ساڵ لەخزمەتی سەربازی، رایاندەکرد یان خۆیان بەجۆرێك لە جۆرەکان خۆیان دەدزیەوە.

"ئەوان زۆر بەئاسانی رایاندەکردو کەسیش پێی نەدەزانی، لەکاتی جەنگەکەدا بەڕاددەیەك بێسەروبەری هەبوو کە کەس توانای ئەوەی نەبوو سەیر بکات کێ لەوێیە یان وون بووە. ناڕێکیەکی تەواو بەدی دەکرا... مەناشی مامم، سەربازی بەجێهێشت و رایکردە ناوچەیەکی گوندنشین، بەڵام حکومەت بنیامینی برایان دەسگیرکرد و دووجار ئەویان دەسبەسەر کرد. ئەوان وتیان: دەمانەوێت تۆ براکەتمان بۆ بهێنیتەوە. ئەو وتی: ئایان من بەخێوکەری براکەمم؟ لەکوێ بیهێنمەوە."

لە کۆتاییدا، بنەماڵەکەی بەرتیلیان بەکەسێکدا بۆئەوەی بنیامین لە زبندان ئازاد بکرێت. زۆربەی کات تورکەکان ئەو شێوازەیان لەدژی ئەندامانی خێزانی راکردووەکە بەکاردەهێنا. ئەوان تەنیا پیاوانیان دەسگیر نەدەکرد، بەڵکو بگرە ئافرەتانیش گیرۆدەی ئەمە بوون بۆ ئەوەی هەڵاتووەکە ناچار بکەن خۆی بەدەستەوە بدات. هارون جودۆ جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەیڤیدی برای و بارومی مامی لەناو ریزەکانی سوپادا رایانکرد. مامی سێ جار سەربازیی بەجێهێشت، لە دیاربەکرو موصل و سنجار:

"عەسنۆی پورم تاکە خوشکی حەوت برا بوو و حکوومەت ئەوی بردە دیاربەکرو پاشان گەڕێنرایەوە بۆ دهۆك. ئەو تەنیا نەبوو، بەڵکو سی چل ئافرەت بوون کە کوڕو برا و هاوسەرەکانیان لەسەربازییدا رایانکردبوو، بەڵام لەکۆتاییدا سوڵتان ئازادی کردن. ئەم مەسەلەیە بۆماوەی یەك مانگ درێژەی کێشا... راهیب شالۆم شیمۆنی کە موختارێکی جوولەکە بوو، لەوکاتەدا لەدهۆك پیاوێکی زۆر کاریگەرو دەست رۆیشتوو بوو. ئەو پورمی دڵنیا کردەوە کە براکەمی بینی، ئەوا یەکسەر ئاگاداریان دەکاتەوە... دوابەدوای ئەوە پورم گەڕایەوە زاخۆ".

هەڵاتوەکان کێشەیان بۆ بنەماڵەکانیان دەخولقاندو بەم هۆیەشەوە تووشی سزا دەبوون. هەربۆیە زۆربەیان لەگەڵ خێزانەکانیان پێکەوە بەرەو ناوچە گوندنشینەکان کوچیان دەکرد. لەوێدا سەلامتیان دەستەبەرتر دەبوو.

حکومەت سزای قورسی بەسەر ئەوانەدا دەسەپاند کە دووجار لەسەربازی رایاندەکرد. ئەو هەڵاتوانەی بۆ سێیەم جار دەسگیردەکران، بەپشت بەستن بەیاسای عورفی، بە خێراییو بەبێ دادگاو مافی بەرگریی لەخۆکردن، لە سێدارە دەدران. ساسۆن ناحوم خۆی ئامادەی کوشتنی چەند کەسێکی کردووە کە لە سەربازی رایانکردبوو. یەکێك لەوانە هاوسەری پوری بوو:

"ئێمە لەقوتابخانەدا بووین کە حوکمەکەی بەسەردا سەپێنرا. ئەوان چوار پێنج پیاوی هەڵاتوویان هێنا. دوانیان جوولەکە بوون. هاوسەری پوورم ناوی موشی ئاڤی بوو، جوولەکەکەی تریش ناوی شلۆ بوو، وابزانم جوولەکەیەکی تریش بوو، دوو مەسیحیو موسولمانێك بوون. پاسەوانەکان ئەوانیان بەرەو بنکەی پۆلیس برد. ئێمە لەو پەنجەرە دوو نهۆمیەکی قوتابخانەوە سەیرمان دەکرد. ئەوان شەش پیاوی چاو بەستراویان هێنا. من تەمەنم یانزە دوانزە ساڵان بوو. دوانزە ئەفسەری پۆلیس کارەکەیان ئەنجام دا، واتە بۆ هەر کەسێك

دوو پۆلیس تەرخان کرابوو. هەروەها مەسیحیەکی خەڵکی دهۆکیش لەگەڵیاندا بوو. ئەو پیاوێکی زۆر سەیر بوو! هەر دوو پۆلیس یەك تاوانباری گوللە باران کردو بەم شێوەیە هەموویان کوژران. هەموویان کەوتنە سەر زەوی. مەسیحیەکەش کەتە سەر زەوی، بەڵام دەسبەجێ گیانی دەرنەچوو. ئەفسەرێکی پۆلیس هەبوو پێیان دەووت حەمە چای، زۆر بێ بەزەیی بوو، بەپێڵاوە سەربازیەکانی سەری پان کردەوە".

هەروەها ئیستەر مزراحی، لەراپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە مامی لەکاتی جەنگەدا لە سێدارە دراوە. واپێدەچێت ئەو سێ جار لەسەربازی رایکردبێت. بەپێی راپۆرتەکان، دوو جوولەکەی تر رایانکرد بەڵام بەهۆی راهیب حاخام شالۆم شیمۆنی کەتوانی قایمەقام قایل بکات، بەخشران. پێی ووت کە

" کوشتنەکەیان هیچ سوودێك بەحکوومەت ناگەیەنێت، چونکە ئەوان پێشتر تامی مردنیان چێشتووە پاش ئەوەی لەژووری تاکەکەسی زیندان گوێیان لەو هەواڵانە بوو کە دەکوژرێن و جلوبەرگی ئەو کەسانەیان لەبەر کراوە کە بەمردن مەحکومن."

دەوڵەتی عوسمانی لەرێگای پیاوانی ئایینیەوە داخوازی سەربازییان لە ناوچەیەکی دیاریکراو دەکرد. بەم شێوەی موختاری جووەکان ئەو داوایەی حکوومەتیان بۆ خزمەتی سەربازی بە پۆستە دەناردو داخوازی تری وەك دەست بەسەرداگرتنی شتمەکیان رادەگەیاند. ئاغا جووەکانی لە پەرستگادا کۆدەکردەوەو لەکاتی پاڕانەوەیاندا لە راگەیاندنە فەرمیەکە ئاگادار دەکردەوە. بە فەرمانێکی تایبەت لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کەبە (گەورەکانی کۆمەڵگا) ناسرا بوو، لەخزمەتی سەربازی دەبەخشران. ناحوم حەننا, کە موختاری جووەکانی دهۆك بوو, لەخزمەتی سەربازی بەخشرا. لەوکاتەی حکومەتی تورکیا پێویستی سەربازی زیاد دەکرد، تەنانەت گوێی بەتەمەن و

پلەوپایەو بەخشین لەخزمەتی سەربازی نەدەدا. بە وتەی ساسۆن ناحومی کوڕی ناحوم حەننا، کاتێك پلەوپایەی تورکیا نزم بوەوە:

" حکومەت گوێی بە گەنجیی و پیریی نەدەدا. کاتێك وەزارەتی بەرگری لەجەنگەکەدا بێ هیوا بوو، هەتا باوکی منیان بردە ناو ریزەکانی سوپا، هەرچەندە موختاری جووەکانی دهۆکیش بوو".

**کۆچکردن بەهۆی کەمی خۆراکەوە:**

یەکێکی تر لەدەرئەنجامە خەراپەکانی جەنگ بریتی بوو لە کەمی خۆراك کە بەیەکسانی کاریگەری لەسەر دانیشتوانی ئیمپراتۆریەتو مەدەنیو سەربازی هەبوو. هێزی سەربازی بۆ دەستبەسەرداگرتنی شتمەكو ئاژەڵ لەهاوڵاتیانی مەدەنی بووە هۆی خراپترکردنی بارودۆخەکە. جوولەکەیەکی خەڵکی وحیلا دەگێڕێتەوە کە:

" کاتێك سەربازە توورکەکان لەبەرەکانی جەنگ گەڕانەوە، بەناو گوندی وحیلادا تێپەڕین.. ئەوان دەهاتن و دەچوون.. داوای نان و خۆراکیان دەکرد. ئەوان لەبرسان دەمردن!".

هەروەها موشی یوسف مزراحی رەباتکی، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە برسییەتی و کەمی خۆراك کێشەیەکی گەورە بوو لەکاتی جەنگەکەدا و دەڵێت: هەتا ئەگەر کەسێك پارەشی هەبوایە، هیچ شتێك نەبوو بیکڕێت. شاڵاوێکی پەنابەران لەجەرگەی جەنگەوە تووشی کەمی خۆراك و لەبرسان مردن بوونەوە. ئەم جەنگە گەلێك چەرمەسەری بەدوای خۆیدا هێنا. لەمانگی ئابی ١٩١٧، گەڕیدەیەکی مەسیحی بەناوی ئالێن لە راپۆرتێکدا لەکوردستان دەڵێت:

"خەم و ناخۆشی باڵی بەسەر کوردەکاندا کێشابوو... بەهەزاران کەس لەسەر تاکە بەڕێك دەژیان و لەسەر شەقامەکان سواڵیان دەکرد... هەموو جۆرە

نەخۆشییەك رووی لەبەرزبوونەوەدا بوو... وەئەگەر یارمەتی نەگەیشتبایە، هەموویان لەبرسان دەمردن. برسیەتیەكی لەژێر نەهاتوو لەكوردستان بوونی هەبوو".

هارون جودو باسی لەوە كردووە كە هەموو ئەو جوولەكانەی لەزاخۆدا بوون، بەزەحمەت بۆ خواردن شتێكیان لەماڵ شەك دەبرد. یوسفی باوكی جودۆ، ماڵو منالّی خۆی جێهێشت و بۆماوەی حەوت ساڵ هەتا وڵاتی میصر رۆیشت:

" لەو كاتەدا، كە سابتۆی برام چووە ناو ریزەكانی سوپا، دوای دەست پێكردنی جەنگەكە لەساڵی ١٩١٦، بەبیرم دێت كە ئەستەم بوو بتوانی پارویەك نان بەیەك دیناری زێڕیش پەیدا بكەیت. ئێمە دەچووینە ئاقارو جۆرە خواردنێك هەبوو پێیان دەووت (كەڕەنگ) دەمانبڕیو پاشان سورماندەكردەوە و دەمانخوارد".

چەندین گەواهیدەر ئەوە دەسەلمێنن لەكاتی جەنگەكەدا چەندین كەس لەبرسان مردن. معلم لیڤی جەختی لەبرسییەتیە كوشندەكەی زاخۆ كردۆتەوە:

" لەماوەی شەش مانگدا، سەدوحەفتا جوولەكەی زاخۆ بەهۆی برسییەتی و نەخۆشیەوە مردن، كاتێك پەناهەندەیەكی نەخۆش دەهاتە ناو زاخۆ و ئێمەش بەهۆی ئەو نەخۆشیە گوێزەرەوەی كە ئەو هەلی گرتبوو، نەخۆش دەكەوتین".

هەروەها ساسۆن ناحوم ئەوەی دوپاتكردۆتەوە كە لەكاتی جەنگەكەدا ژیان گەلێك قورس بوو وە ئەمەش دوابەدوای ئەو هات كە شەپۆلێكی پەنابەرانی ئەرمەنی دوابەدوای كۆمەلكوژیەكەی ئەرمەنیەكان لەباشووری خۆرهەڵاتی

تورکیاوە هاتنە ناو شارەکەوە لە ناوەڕاستەکانی ١٩١٥[٢١٦]. ژمارەیەکی زۆریان لەبرسان مردن و هەندێك کەس گۆشتی لاشەی مرداربووی دەخوارد. ئەو بەچاوی خۆی دیویەتی کە ئەو پەنابەرانە گۆشتی پشیلەی مردوویان لەسەر زبڵدان هەڵدەگرتەوەو دەیانخوارد.

بەدرێژایی جەنگەکە کەمی خۆراك و دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن حکومەتی تورکیەوە یەکێك بوو لەکێشە هەرە سەرەکیەکان. نەهامەتیەکانی بەرەی جەنگ و کەمی خۆراك وای لە حکومەت کرد سەرجەم سەرچاوە نەتەوەییەکان بەکاربهێنێت بۆ هاوکاریکردنی سەربازەکانی. لەگەرمەی جەنگەکەدا حکومەت یاسایەکی دەرکرد کە تیایدا هاتبوو حکومەت بۆی هەیە بەشێك لەداهاتی هاوڵاتیان بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێت. ئەوان دەستیان بەسەر ئاژەڵ و رۆن و دانەوێڵەو گەنم و جۆ و زۆر شتی تردا گرت. بەگوێرەی وتەکانی ساسۆن ناحوم، ئەوان دەستیان بەسەر هەموو ئەو شتانەدا گرت کە هاوڵاتیان لەماڵەوەدا هەیانبوو، ئەمەش بێگومان بەبیانووی جەنگەکەوە بوو. ئەبراهام مۆردیخای دەگێڕێتەوە کە:

" بەزیاد بوونی ناخۆشیەو زەحمەتیەکانی جەنگ، توورکەکان خواردنیان بەسەربازەکانیان نەدەدا. من بۆیە ئەم زانیاریە ئەزانم چونکە باوکم سەرباز بوو. لەوکاتەی هاوڵاتیان خەریك بوو لەبرسان دەمردن، هێزەکانی سوپا دەستیان بەسەر هەرچی لە کۆگای گوندنشین و بازرگانانڌا هەبوو، داگرت"

٢١٦ بەپێی سەرچاوە ئەرمەنی و هەندێك سەرچاوەی تر، ژمارەی قوربانیانی کۆمەڵکوژیەکە لەنێوان نیو بۆ یەك ملیۆن و نیو بوو، لەکاتێکدا حکومەتی تورکیا بەردەوامە لە نکۆڵی کردنی ئەو جینۆسایدە و دەڵێت ژمارەکە زۆر لەوە کەمترە.

معلم ابراهیم دەگێڕێتەوە کە سەربازەکان دەستیان بەسەر گشت ئەو خواردەمەنیانەدا گرت کە بنەماڵەکەی هەی بوو. ناحوم حەننا، بازرگان و موختاری کۆمەڵگای جوولەکە بوو لە شاری دهۆکدا. ئەوان بەهۆی ئەو گەنمەی لە کۆگادا هەیانبوو، بنەماڵەکەی توانیان خۆیان لەقات و قڕی جەنگەکە رزگار بکەن. بەبەردەوام بوونی جەنگەکە، توورکەکان دەستیان بەسەر بەشێکی زۆری ئەو کۆگایەدا گرت.

**کارکردنی ناچاری:**

بەزۆر کارپێکردن یەکێك بوو لەگرنگترین ئەو شێوازانەی لەکاتی جەنگەکەدا تورکەکان بەسەر هاوڵاتیانی مەدەنیدا دەسەپاند. ژیانی تاکەکەسی هارون جودۆ شایانی ئەوەیە باس بکرێت لەم دۆخەدا. پۆلیس ناوی ئەو و دوو کەسی تریان تۆمار کرد بۆ کارپێکردنی بەزۆر، هەرچەندە هێشتا تەمەنی سیانزە ساڵان بوو. ئەوان ناچار کران رابەرایەتی بیست و چوار گوێدرێژ بکەن لەزاخۆوە تا جەزیرە، وەهەریەکیان چوار تەنەکەی کیرۆسینیان لێ بارکرابوو. جودۆ بەپێکەنینەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە سەبارەت بە سروشتی ئەو کارە و دەڵێت:

" گەشتەکە لەبڕی رۆژێك هەشت رۆژی خایاند.. دەسەڵاتداران هیچ خواردن و خواردنەوەیەکیان پێنەداین. وە گوێدرێژەکانیش بەهەمان شێوە هیچیان پێ نەدرا. لەیەکەم رۆژدا، لەوکاتەی زاخۆمان جێهێشت، گەیشتینە گوندێکی مەسیحی بەناوی بیدرۆ. من بەرپرسیاری سێ گوێدرێژ بووم. ئەفسەری پۆلیسەکە چووە ماڵی مەسیحیەکە و پێی ووت: ئەم گەنج و گوێدرێژانە تا بەیانی لێرە دەمێننەوە. چاودێریان بکەن. لەو سێ گوێدرێژە، دوانیان هی من و دەیڤیدی برام بوون. لە شەودا، من چوومە ناو تەوێڵەکە بۆئەوەی بەدوای خۆراکدا بگەڕێم. بەڵام هیچ جۆرە خواردن و پوشێکی تیادا نەبوو. لەوکاتەی خەریکی گەڕان بووم،

هەستم بەوە کرد کە دەنگێك لەدیوارەکەوە دێت...من چوومە سەر گوێدرێژەکەو خۆم هەڵدایە سەرەوە.. کە چوومە ژوورەوە بڕێکی زۆر گەنمی شاراوەم دۆزیەوە..نزیکەی بیست و پێنج کیلۆم برد. پێنج کیلۆم دا بە گوێدرێژەکان و ئەوەی کە مایەوەش لەژێر کیرۆسینەکەدا حەشارم دا. بۆ رۆژی دووەم گەیشتینە گوندی قەسریکیێ، کە پانزە کیلۆمەتر لە شاری زاخۆوە دوور بوو. لە رۆژی سێیەمدا گەیشتینە گوندی تێل کوبی.. موختاری گوندەکە هەر یەکەو قاپێك خۆراك و نانێکی پێداین. خەڵکی ئەو گوندە دەوڵەمەند بوون وە بە ئایین موسوڵمان بوون. لەوێوە بەرەو وەحسیت بەڕێ کەوتین. تێل کۆبی فەرمانگەیەکی لێ بوو وە پێیان وتین برۆن لەوێ نان بەسەر سەربازەکاندا دابەش دەکرێت وە ئێوەش بەچاوی سەرباز سەیر دەکرێن، چونکە بەکاری ئەوان هەڵساون. ئێمە لەکاتژمێر چواری ئێوارە تاوەکو هەشتی ئێوارە چاوەڕوان بووین. لەکۆتاییدا پارچە نانێکی وشکیان پێداین کە خواردنی ئەستەم بوو. تاوەکو بەیانی نانەکەمان خستە ناو ئاوەوە بۆ ئەوەی نەرم بێتەوە. وەرزەکە بەهار بوو و گژوگیا بۆ مەڕو ماڵات سەوز بوو، گوێدرێژەکانیش کەمێکیان خوارد، بەڵام تێر نەبوون. لە تەل کۆبی چاوم بە پیاوێکی چەك لەشان کەوت. لێی پرسیم: تۆ جوولەکەی؟ منیش وتم: بەڵێ. وتی: ئەوە لێرە چی دەکەیت؟ وەلامم دایەوە: دەچمە لای قایمەقامی جزیرێ... هەندێك جوێنی بەقایمەقام دا و وتی: ئەو گوێدرێژانە بەبارەکانیانەوە بە من بفرۆشە. وتم: ببورە ناتوانم. ئەو هەڕەشەی لێکردم و وتی: ئەگەر پێمی بفرۆشیت لەبەرژەوەندی تۆدایە، ئەگەر نا بۆ تۆ باش نیە. من چارەم نەما. هەندێك پارەی پێدام... ئەو پۆلیسەی لەگەڵمان بوو لێی پرسیم: ئەوە چی قەوماوە؟ پێم وت کە گوێدرێژەکان مردوون. ئێمە هاتینە گوندێك کە تیایدا ئاشێکی ئاوی لێ بوو. خاوەنی ئاشەکە پێی وتم: ئەوە چیە هەڵت گرتووە؟ پێم وت: ئەمە کیرۆسینە. وتی: پێم بفرۆشە. وتم: ناتوانم، چونکە

من خاوەنی نیم. ئەویش چەند جوێنێکی بەقایمەقام دا. پێم وت: ئەگەر نانمان بۆ بێنی... پێت دەفرۆشین، چونکە ئێمە زۆر برسیمان بوو. ئەو نانی بۆ هێنام و منیش خواردم. چوومە لای ئەفسەری پۆلیسەکەو پێم وت گوێدرێژەکە بە بارەوە کەوتۆتە ناو ئاوەوە و خنکا و کیرۆسینەکەش رژا. ئەو بۆ دەسەڵاتدارانی سەروی خۆی نامەیەکی نووسی...من چوومە لای دوو پیاوەکەی تر(موشی و ئەبراهام حەبۆ) و نیوەی نانەکەم پێدان. بەزەییم پیادا هاتنەوە... ئێمە بەردەوام بووین لەسەر گەشتەکەمان و گەیشتینە گوندێك کە گەنم تیایدا درێژ ببوو. ئەوان خواردنیان پێنەداین، بەڵام ئاژەڵەکان رێگاییان پێدرا گەنم و جۆ بخۆن. لەسەر رێگاکەمان بەردەوام بووین و لەوکاتەدا گوێدرێژێك کەوتە سەر زەوی. پۆلیسەکە وتی: لیرە بمێنەوە تاوەکو دەمرێت. ئەو گوێدرێژەشم بە یەك ماجدی فرۆشت... لەرۆژی هەشتەمدا بەلەمێکمان گرت و بەرەو جزیرێ بەڕێ کەوتین کە دوو کیلۆمەتر لەوێوە دوور بوو. ئەو رووبارەی ئێمە پێیدا دەچووین پان و بەرین بوو، هەموو ئاژەڵەکانیش هەر لەو بەلەمەدا بوون. هەر لەناو بەلەمەکەدا گوێدرێژی چوارەمیشم فرۆشت.. بیست گوێدرێژ مابوونەوە. ئێمە گەیشینە لای قایمەقام و کیرۆسینەکەمان تەسلیم کرد. وتی: بەیانی وەرنەوە و پارەی خۆتان وەرگرن. ئێمە باوەڕمان نەکرد ئەو پارەمان پێبدات. ئەگەر ئەو کارەی بکردایە، پێیەکانمان ماچ دەکردن. بۆ رۆژی پاشتر، بیست ماجدی پێداین. هەریەك لە ئێمە شەش ماجدی بەرکەوت و بەو دوو ماجدیەی کە مابوونەوەش تۆی کاڵەکمان پێ کڕی. شاری جەزیرە هەندێك جوولەکەی تیادا بوو، من چوومە لای ئافرەتێك بەناوی نازێ کە پووری ئەمرام ئەلا بوو. پێم وت: ئێمە بەکارێکی نابەجێ هاتووینەتە ئێرە و هیچ خۆراکێکمان پیێ نیە. من هەندێك گەنمت بۆ دەهێنم. ئەو زۆر خۆشحاڵ بوو و منی ناسییەوە. من نیوەی ئەو گەنمەی هەمبوو بەخشییە ئەو ئافرەتە. نازێ بەو گەنمە دوانزە کۆلێرەی بۆ دروست کردین. بە پارەکەم چوار

پاکەت جگەرەم کڕی کە هەر یەکیان لەسەد پەڕە جگەرە پێك هاتبوو. ئێمە دەمانتوانی لەزاخۆ بۆ ماوەیەکی زۆر بەم بڕە ئیدارەی خۆمان بکەین، هەر دانەیەکمان بەچوار پێنج ماجدی دەفرۆشت".

هارون جودۆ و دوو کەسەکەی تر گەڕانەوە زاخۆ و بوون بە بازرگانی سەرکەوتوو.

## قوربانیانی سەربازە جوولەکەکان:

ئەو قورسیو بارگرانیەی جەنگەکە یادگاری گەلێکی زۆری لەدڵی جووەکاندا هێشتەوە. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی کە بۆ خۆدزینەوە لەخزمەتی سەربازی دران، ژمارەیەکی زۆر لە جووەکان نەیانتوانی خۆیان لەو ئەرکە بەدوور بگرن. معلم لیڤی زاخۆ دەڵێت: ژمارەیەکی کەمی جووەکان لە جەنگدا کوژران، چونکە ئەوان بە(بەدەل عەسکەری) خۆیان رزگار کرد. جووەکان باش ئەو کەسانەیان لەبیرە کە لە جەنگەکەوە نەگەڕانەوە. دەیڤید یاعید و یعقوب ابراهام رافایلی خەڵکی سلێمانی لە راپۆرتەکەیاندا ئاماژەیان بەوە داوە کە سەدوحەفتا هاوڵاتی جوولەکە بەرەو خزمەتی سەربازی پەلکێش کران و تەنیا پێنج لەوان بەزیندوویی گەڕانەوە. ئەم بەسەرهاتان ئاماژەیەکن بۆئەوەی کە هەرچەندە جوولەکە کوردستانیەکان هەوڵیاندا لەکاتی جەنگەکە خزمەتی سەربازی ئەنجام نەدەن، بەڵام ژمارەیەکی زۆریان کە بانهێشتی سەربازی کران، ژیانی خۆیان لەدەست دا. یوسف بین بنیامینی خەڵکی نوسەیبین ئاماژەی بەوە داوە کە لەنێوان چارەگ و یەك لەسەر سێی جووەکانی ئەو شارۆچکەیە، کە سەربازییان ئەنجامدا بوو، لەجەنگەکەدا مردن، ئەمەش رێك وەك رێژەی گشتی قوربانیانی جەنگە لەسوپای تورکیدایە. ئەو ژماردوویەتی کە نزیکەی پێنج یان شەش پیاو لەکاتی جەنگەکەدا کوژران، ئەمەش لەکۆی نزیکەی بیست خێزانی جوولەکە لە شارۆچکەکەدا.

# بەندی دووەم

## کۆتایی هاتنی جەنگ و سالآنی دواتر

قەشە ئالێن لەکۆتایی جەنگەکەدا سەردانی کوردستانی کردو بەم شێوەیە بەسەرهاتەکەی دەگێڕێتەوە:

"جەنگەکە ببوە هۆی خاپورکردنی شارو شارۆچکەو ماڵە کوردەکان. خەڵکەکە بەرەو شارەکان رایانکردو ژمارەیەکی زۆریان لەجەنگەکە نەهاتنەوە یان کوژران. دوای ئەوەی سەربازەکان بۆماوەی هەشت جار بەناو کێڵگەی ئێمەدا دەچوون و هاتن، ئێمەش دەبوایە کێڵگەکە بەجێ بهێڵین. ئێستاش ئەو کوردانەی کە مابوونەوە، خەریکن دەگەڕێنەوە، بەڵام هەموو شتێك خاپور کراوەو بەرووبومەکانی کشتووکاڵی وێران بوونە. وە لەهەموو شتێ خەراپتر، کەسێك نیە یارمەتییان بدات".

جەنگەکە دانیشتوانی شارنشینی کوردستانی خاپوور کرد. بەتەواوبوونی مانگە تشرینی دووەمی ١٩١٩، تورکەکان سەرجەم شارۆچکەکانی سەربە موصلیان جێ هێشت و ئالآی تورکیا هێنرایە خوارەوە. ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جەنگەکەی دۆڕاندو حوکمی بەریتانیەکان لەکوردستانی عێراق

دەستی پێکرد. بەریتانیەکان کە عێراقیان داگیرکرد، دووبارە وڵاتیان ڕێك خستەوە و سیستەمی سێ ویلایەتی دەوڵەتی عوسمانیەکان هەڵوەشاندەوە کە پێك هاتبوون لە هەرسێ ویلایەتی بەغدا و موصل و بەصرا. ئەوان عێراقیان بەسەر چواردە لیوا (پارێزگا)دا دابەش کرد کە لەلایەن پارێزگارەوە بەڕێوە دەبران. وە بەزۆری کوردەکان لەپێنج پارێزگادا نیشتەجێ بوون، ئەوانیش شارەکانی کەرکوك و هەولێرو سولەیمانی و دیالەو موصل بوون. بەکۆتایی هاتنی جەنگ، ڕێگا بۆ ئەو جوولەکانەی لەجەنگ رزگاریان بوو، خۆشکرا کە لەناوچە گوندنشینەکان دووبارە بگەڕێنەوە شارەکانی خۆیان. دوابەدوای کۆتایی هاتنی جەنگ بارودۆخی کورد و مەسیحی و جووەکان کەمێك شلەژا، ئەویش بەهۆی ئەو شەپۆلەی ئاوارەکانی دەرەوەی عێراق بوو بەتایبەتی ئەرمەنیەکان. لەنێوان ئەو ئاوارانەدا، ئاشووریەکانی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا هەبوون کە لە عێراقدا نیشتەجێ بوون و زەویان لەناوەوە و دەرەوی شایانی زاخۆ ئامێدی و دهۆك پێدا بوو.

ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە هۆی پووکانەوەی ئابووری شارەکان. بۆ نموونە، لەشاری زاخۆ، هەرچەندە لەنێوان سنووری هەرسێ وڵاتی عێراق و تورکیاو سوریادا بوو، بەڵام هەلی کارو ئالوگۆڕی بازرگانی تیادا کەم بووەوە. ئەم سنوورە نوێیانە تەگەرەی خستە بەردەم بازرگانە جوولەکەکان کە لەسەردەمی عوسمانیەکاندا تاوەکو بەشقەلەو وان و دیمەشق کارە بازرگانیەکانیان ئەنجام دەدا. ئەو بەرتەسکیەی سنوورەکان بووە هۆی کۆتایی هێنانی ئەو دەرفەتە بازرگانیانەی پێشتر جووەکان ئەنجامیان دەدا. دوای جەنگ، جووەکان بەشەپۆڵ بەرەو بەغدا و خاکی پیرۆز کۆچیانکرد، ئەمەش بە هۆی ئەو داتەپینە بازرگانیەوە بوو کە لەشارەکانی کوردستاندا ڕوویدا. بەکۆتایی هاتنی جەنگ، بەشی هەرە زۆری مەسیحی و جووەکان ئەم جارە

کەوتنە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیەکان. پەیڕەوکردنی ئینتیدابی بەریتانیا بەسەر هەردوو دەوڵەتی عێراق و فەلەستین ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ پەرەسەندنی بیری زایۆنیزم لەمێشکی جووەکاندا بۆئەوەی بەرەو فەلەستین کۆچ بکەن[٢١٧]. ئەو کۆچبەرانەی کە پێشتر بەرەو خاکی پیرۆز گەڕابوونەوە، کەسوکاری خۆشیان هاندەدا بۆئەوەی پەلە بکەن بگەڕێنەوەو دەوڵەتی ئیسرائیل بنیاد بنێن. ترس لەجەنگ و وێرانی دۆخی ئابووری لەکوردستان چەندین گەنجی هاندەدا بۆئەوەی کۆچ بکەن. لەئەنجامدا، دوابەدوای ساڵانی پاش جەنگ، ژمارەیەکی زۆر لە جووەکان لە کوردستانەوە بەرەو فەلەستین بەڕێ کەوتن. ئەو شەپۆلەی پەنابەران تەنیا لەو کاتە کۆتایی هات کە بەریتانیەکان دەروازەکانی فەلەستینیان بەرووی جووەکاندا داخست. گەیشتنی بەریتانیەکان بۆ کوردستان ئاماژەیەك بوو بۆ بوونی هیوای جووەکان بۆ گەڕانەوەیان. باری ئابووری بەرە بەرە گەشەی دەکرد، ئەمەش پاش ئەوە هات کە بەریتانیەکان دەستیان بەسەر ئیدارەی وڵاتدا گرت و ژێرخانی ئابوورییان بەهێز کرد. جووەکانی کوردستان دەگێڕنەوە کە بەهاتنی بەریتانیەکان، شتەکان بەرەو پێشچونیان بەخۆیەوە بینی. هارون جودۆ ئەم پێشەوەچوونە زیاتر دوپاتدەکاتەوە ودەڵێت:

" لەکۆتایی ئەیلولی ١٩١٨، بەریتانیەکان بەچوار ئۆتۆمبیل هاتنە ناو شاری زاخۆوە. ئێمە سەرمان سوڕماو وتمان دەبێ ئەم ئاسنە چی بن بەپێ دەڕۆن! ئاسن لەئاسمان دەڕوات (مەبەستی فرۆکەیە). خەڵك لەگەڵ بەریتانیەکان دەستیان بەکارکردن کرد بۆ قیرتاو کردنی ڕێگاکان. گەنجە تەمەن دە بۆ دوانزە

٢١٧ پەرۆشی بۆ گەڕانەوە بۆ خاکی پیرۆز و بیری زایۆنیزم شتێکی نوێ نەبوو لەبیری جووەکاندا، بەلکو ئەم بیرۆکەیە لە دابونەریتی ئەواندا رەگی داکوتاوە و لەتەورات و نوێژی رۆژانەیاندا ناوی دەبرێت.

ساڵ نیو روپی وەردەگرت. گەنجی پێگەیشتووش لە رۆژێکدا یەك رووپی وەردەگرت. هەندێك هاوڵاتی بەرەگەز هیندی لەناو سوپای بەریتانیادا بوون. ئەوان گۆرانیان دەوت و ئێمەشیان فێر دەکرد[٢١٨]".

هارون جودۆ وەك هەموو گەنجە جوولەکەکان بۆ بەریتانیەکان کاری دەکرد، رێگای نوێیان لە زاخۆوە بەرەو موصل و ئامێدی قیرتاو دەکرد. ئەنجامدانی کاری نوێو پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری، هەلی کارکردنی بۆ هاوڵاتیانی عێراق رەخساند وەبەم جۆرە جووەکانیش بەهاتنی بەریتانیەکان قازانجیان کرد. سوپای بەریتانیەکان گوندی عەفیرمێ ی نزیك زاخۆیان بەکرێ گرت کە مووشی گابای موختاری جووەکانی خاوەنی بوو. بەریتانیەکان لەبەرامبەردا مافی ئەوەیان پێدا کە یەکەم وێستگەی گاز لە زاخۆدا بکاتەوە. هەروەها بەریتانیەکان پێویستیان بەدار بوو بۆئەوەی لەکارەکانیان بەکاری بهێنن و هەمیش بۆ پیشەسازی بینێرنەوە ولاتەکەیان. ژمارەیەکی زۆر لەو بازرگانە جوولەکانەی کاری دارفرۆشیان دەکرد بەم داوایەی بەریتانیەکان بوژانەوە وە لەهەمانکاتدا پارە بەلێشاو رژایە ناو خاکی عێراق وە بەریتانیەکان ئەو ئاوارانەی پێشتر لە هەکاریەوە هاتبوونە ناو خاکی عێراق قەرەبوو کردنەوە. لەڕاستیدا هاتنی بەریتانیەکان بۆ کوردستانی عێراق هیوایەکی نوێی بە هاوڵاتیە دەردەدارەکانی کوردستان بەخشی، بەڵام شۆڕی هۆزە کوردیەکان و ئەو نائارامیەی کە رووی تێکرد کاریگەری خەراپی کردە سەر ئابووری و ئارامی وڵات.

سەرەڕای گەشبینیەکان، دوابەدوای کۆتایی هاتنی جەنگ باری ئابوریو سیاسی جووەکان هێشتا ناجێگیر بوو، وە دووبارە لەکاتی قەیرانەکانی عێراقدا کە زۆر دووبارە دەبووەوە بەتایبەتی لەساڵانی سیەکان و چلەکانی سەدەی

---

٢١٨ چەندین فیرقەی هیندیەکان لە عێراقدا لەناو سوپای بەریتانیەکان هەبوون.

بیستەمدا. ئەم گەواهیدانەی خوارەوەی راهیب عەلوان ئاڤیدانی روناکی دەخاتە سەر ئەو کێشانەی کە جووەکان لەکاتی کۆچی ئاوارە ئاشووریەکان رووبەڕوی بوونەوە. حاخام ئاڤیدانی جاربەجار بۆ گوندە دراوسێکان دەچوو بۆ ئەوەی ئاژەڵیان بۆ سەر ببڕێت و گۆشتی کۆشەریان بۆ دابین بکات. جارێکیان ئەو بەرەو سێ گوندی هاوسێ گەشتی کرد کە بریتی بوون لە گوندەکانی ئەردین و عەین شاخ و عەقلیش, وە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی بەرەو ئامێدی کۆچیان کردبوو.

"بەبیرم دێت جارێکیان کاتێك چووم بۆئەوەی ئاژەڵ سەربڕم... مەسیحیە ئاشووریەکان جوولەکەیەکیان بەناوی حەیۆ مەردانە لەژێر دارێکی نزیك گوندی عەین کادات کوشتبوو، وە لەوێدا ناشتبویان و هەموو سەروەتەکەیان تالآن کردبوو. بەهۆی ئەو رووداوەوە، من لەکاتی خۆپاککردنەوە لەگوناح لەگوندی بامەڕنێدا مامەوەو لەگەڵ هەموو خەڵکی گوندەکەدا کۆبوومەوە... لەو کاتەدا مەترسی زۆر هەبوو لەو شارانەی کە ئاشووریەکان تیادا نیشتەجێ بوون، ئەوان خەڵکیان دەکوشت و تالآنیان دەکردن. بەم هۆیەوە ئێمە لە رۆژی یۆم کاپور بەدڵ و گیان دەپاڕاینەوە وە لەرۆژی دواتردا حەسانەوەیەك رووی تێدەکردین، وەك پەرجوو ئاسایەك، وە توانیمان تاوەکو ئامێدی بەبێ کێشە گەشت بکەین".

گێچەڵەکەی جووەکان لە دوو پەیامدا خۆی دەبینێتەوە کە لەدوای جەنگ لەماوەی سیانزە ساڵدا لە زاخۆوە نێردران. پەیامی یەکەم لەساڵی ١٩٢٢ بۆ رێکخراوی زایۆنیستی لەندەن لەلایەن حاخام باشی و بیستو سێ لەدانیشتوانی زاخۆوە واژوو کرابوو، نێردرا. جەنگ و کێشەکانی سنوور زیانیان بە ئابووری زاخۆ گەیاند چونکە ئەوێ مەڵبەندی بازرگانی نێوان هەرسێ وڵاتی تورکیاو عێراقو سوریا. بازرگانە دەوڵەمەندە جووەکان داهاتەکەیان لەدەستدا و خەڵکەکە هەژارو کەم دەرامەت مایەوە. پەیامەکە باسی ئەوە دەکات کە جووەکان کاری داربڕیو کۆڵکێشیو گواستنەوەی

شتمەكو وەستاییو دەسگێرییان دەكرد. ئەم جۆرە پیشانە سودێكی باشیان نەبوو. پیشەی دەسگێڕی زۆر مەترسیدار بوو. زیاتر لە سی جوولەكەی دەسگێڕ كە كاریان گەڕان بوو بەناو گوندەكاندا لەكاتی كارەكانیاندا كوژران. بارگرانی ئابووری وای لەهەندێك جوولەكە كرد پارە قەرز بكەنو هەندێكی تریش سەریان بۆ كەسێكی ناموسوڵمانی گەورە شۆڕ دەكرد. پاش چەندین ساڵ لەحوكمی توركەكان، بەهاتنی ئیدارەی بەریتانی سەركردایەتی جووەكان شلەژانی تێكەوت. ئەوان گلەیی ئەوەیان دەكرد كە هیچ كەسێكی وایان نەبوو بتوانێت بەزمانی ئینگلیزی بدوێت و سەرنجی (لۆبی) ئەوان بۆ خۆیان رابكێشێت. نامەكە دەڵێت: ئێمە هیچ كەسێكمان نیە پشتی پێ ببەستینن جگە لە خودا و رێكخراوە بەڕێزەكەیان (ئاماژەیە بۆ رێكخراوی زایۆنیست لە لەندەن). لە كۆتایی نامەكەدا، نووسەرەكان داوای یارمەتیو بەڵگەنامەیان كردووە كە رێگایان پێبدات بەرەو خاكی پیرۆز كۆچ بكەن. ئەم نامەیە ئەوە دەردەخات كە جووەكان كارامەیی سەركردایەتییان لاوازبوو بۆئەوەی لەگەڵ ئیدارە نوێیەكەی ئینگلیزدا رەفتار بكەن. سەركردایەتی جوولەكە لەزاخۆدا لەتوانایدا هەبوو پەرە بە پەیوەندیەكانیان لەگەڵ خێڵەكانی دەوروبەر و حكوومەتدا بدەن. هاتنی كەسانی ئینگلیز زمان و ئیدارەی ئەوروپی سەركردایەتی جوولەكەی خستە بارێكی نالەبارەوە، بەڕاددەیەك كە ناچار بوون نامەیەك بۆ رێكخراوی زایۆنی لە لەندەن بنووسن.

پاش تێپەڕبوونی نۆ ساڵ، حاخام باشی زاخۆ نامەیەكی تری بۆ یتزاك بن زڤی بەرپرسی لێژنەی نەتەوەیی جووەكانی لە فەلەستین نارد. نامەكە وەسفی ناڕەحەتیە بەردەوامەكانی جووەكانی زاخۆ و دهۆك و ئامێدی كردبوو لەدوای كۆتایی هاتنی جەنگ لەسالآنی ١٩٣١دا. نامەكە بەتایبەت ئاماژەی بەكێشەی

کوشتنی دەسگێڕە جووەکان و مەسەلەی دزی لێکردن و رفاندنی ئافرەتە جووەکان کردبوو. پێش هەڵگیرسانی جەنگ، بازرگانە جووەکان دەیانتوانی هەتا تورکیاو سوریا بڕۆن. نامەکە دەڵێت: لەم ڕۆژانەدا هەرکەسێك بەرەو تورکیا گەشت بکات، یان دزی لێدەکرێت یاخود دەکوژرێت وە ئێمە ناتوانین بۆماوەی گەشتێکی یەك کاتژمێری لەشارەکانمانەوە دوور بکەوینەوە بۆ دەست کەوتنی شتمەك بۆ ماڵ و منداڵمان. ئەو نامەیە مەسەلەی کۆچکردنیشی وروژاند:

" نزیکەی پەنجا ماڵ دەیانەوێت کۆچ بکەن, بەڵام زۆربەیان تێچووی کۆچەکەو بەڵگەنامەی فەرمیان نیە. هەندێك لەجووەکان کەمێك پارەیان هەبوو، بەڵام لە راپەڕاندنی کاروباری کارگێڕیدا کارا نەبوون بۆئەوەی ئاواتەکەیان جێبەجێ بکەن. هەندێك لەجووەکانی خاوەنی چەند خانوویەك بوون کە بەفرۆشتنیان دەیانتوانی کۆچ بکەن، بەڵام ئەم خانوانە هیچ کڕیاریان نەبوو. هەندێکیان بڕێك گەوهەریان هەبوو کە بەفرۆشتنیان نەیاندەتوانی سەرجەم خەرجی گەشتەکەی پێ دابین بکەن".

نامەکە بەداواکردنی بەڵگەنامەی کۆچ کردن کۆتایی هاتو تیایدا داوای یارمەتی داراییشیان کردبوو. ئەم نامەیە بۆئەوە نووسرا کە دوپاتی ئەوە بکەنەوە لە زاخۆدا کوشتن و دزی لە جووەکان بوونی هەبووە. بەریتانیەکان راپۆرتێکی تریان لەسەر چەرمەسەریەکانی جوولەکە لە تەمموزی ١٩٣١دا بڵاوکردەوە، رەنگە ئەم راپۆرتە بەهۆی گلەییەکەی بن زیڤیەوە بووبێت پاش ئەوەی نیگەررانی خۆی سەبارەت بەئاسایشی جووەکان دەربڕی. ئەم راپۆرتە بەریتانیە هەولیدا لەگرنگی ئاساییشی جووەکان کەم بکاتەوەو بلێت ئەوان لەدۆخێکی جێگیردا دەژین. لەئابی ساڵی ١٩٣١، بین زڤی هەموو ئەو بەڵگەنامانەی سەرەوەی نارده لای حایم ئەلزۆرۆڤ، لەبەشی هەواڵگری سیاسی

جووەکان. بن زڤی ئەوەی بەپەسەند زانی چیتر لێکۆلینەوە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو نەکرێت، وەك

"چەند کەس کوژراون‌و حکومەت لەبەرامبەردا چی کردووە بۆ سزادانی بکوژەکان... بەڵام من وابەباش دەزانم و پێشنیار دەکەم هەنگاوی پێویست بگیرێتە بەر بۆئەوەی ڕێگا بە جووەکانی زاخۆو ئامێدی‌و شوێنەکانی تری کوردستان بدرێت کە ئارەزووی گەڕانەوە دەکەن بۆ خاکی پیرۆز".

ئەم نامە ناردنە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە پاش جەنگ گەڕانەوە جووەکان بۆ خاکی پیرۆز یەکێك بووە لەکارە هەرە پێشینەکانی کۆمەڵگای جوولەکە لەکوردستاندا. گرنگترین فاکتەرەکانی کۆچ بریتی بوون لە ئاساییش‌و ئابووری.

### پێشکەوتنی نوێی سیاسی لە ناوچەکەدا:

جەنگی جیهانیی یەکەم بەداگیرکردنی هەرسێ هەرێمی بەغداو بەسراو موصل، کە عێراقی نوێیان لەلایەن عوسمانیەکانەوە پێك هێنابوو، کۆتایی هات. حوکمی بەریتانیەکان ئاساییشی بۆ جووەکانی کوردستان فەراهەم کرد. تەنیا یەك ساڵ پاش کۆتایی هاتنی ئینتیدابی بەریتانی لەساڵی ١٩٣٣ کۆمەڵکوژی ئاشووریەکان ئەنجامدرا، هەرچەندە عێراقیەکان کاریگەریان بەسەر عێراقەوە ما تاوەکو ساڵی ١٩٤٤. بارودۆخی گشتی جووەکان بەهاتنە ناوەوەی بەریتانیەکان بەرەو پێشچونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا روون دەکرێتەوە. جوولەکەیەك بەناوی ساسۆن یەحیزەکیل، کە بە ساسۆن ئەفەندی ناسرا بوو، یەکەم وەزیری دارایی عێراق بوو وە لەکۆی شەش حکومەتی عێراقیدا ئەو لە پێنجیاندا خزمەتی کردووە. جووەکانی عێراق چوار کورسی پەڕلەمانیان پێدرا، دوو نوێنەریان لە بەغدا بووە و یەکەو نوێنەریش لەبەسراو موسلەوە. بەهۆی باشکردنی پەیوەندی نێوان عێراق‌و فەلەستین،

جووەکان بەئاسانی دەیانتوانی پەیوەندی بەجووەکانی فەلەستینەوە بکەن. مامۆستاو پیاوانی ئایینی لەخەڵکی جوولەکەی فەلەستین هەوڵی ئەوەیان دەدا کە ئەوان بەرەو فەلەستین کۆچ بکەین. ئارنۆلد تی ویلسۆن، ئەفسەرێکی پلەبەرزی سەربازی بەریتانیو نەیاریبزووتنەوەی زایۆنیستی بوو، لەپەرتووکەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بەڵێنی بلفۆر لەساڵی ١٩١٧ ناکۆکی لەعێراقدا بەرپاکرد. لەلایەکی ترەوە قەزاز ئاماژە بەوە دەکات کە دوای ڕاگەیاندنی ئەو بەڵێننامەیە یەکسەر نەتەوە پەرستەکان سەرزەنشتیان کرد. بەم جۆرە بارودۆخەکە لە فەلەستین شلەژا بەتایبەتی لەساڵی ١٩٢٩ بەدواوە کە بووە هۆی وروژاندنی خەڵکی عێراق لەدژی جووەکان. خۆپیشاندانو شلەژانە ئابووریەکان ترسیان لەلی جووەکانی بەغدادا داکوتاووە بووە هۆی ئەوەی چەندین جوولەکە بۆماوەی دوو هەفتە لەترسان دووکانەکانیان دابخەن.

پێش دەسپێکردنی جەنگی جیهانیی دووەمو پەیوەندی جوولەکەو موسولمانانی کوردستان هیچ جۆرە لێکترازانو دوژمنکاری بەخۆیەوە نەبینی. ئەو جوولەکانەی باسەکەیان گێڕاوەتەوە بەگشتی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ کوردەکاندا بەشێوەیەکی باش وەسف کردووە. دۆخی جووەکانو پەیوەندییان لەگەڵ دراوسێکانیاندا زۆر باشتر بوو لە شارەکانی ئاکریو زاخۆو وەك لەشارەکانی تری کوردستاندا. جووەکانی زاخۆ زۆر بەپەرۆشەوە جەخت لەسەر ئەو یادگاریانە دەکەنەوە کە لە ڕۆژی شەممەدا لەگەڵ کوردە موسوڵمانەکاندا چاویان بەیەك دەکەوتو بەیەکەوە دادەنیشتن. جووەکان بەشێوەیەك باسی ئەو یادگاریانە دەکەن کە دەڵێن: لەکاتی گەڕانەوەماندا لەڕۆژی شەممە لەپەرستگادا، کوردە موسوڵمانەکان بۆرێزگرتنی ئێمە جگەرەکانیان دەکوژاندەوە. ئەم بیرهاتنەوەیە نیشانەی ئەوەیە کە پەیوەندیەکانی جوولەکەو کوردەکان لەبارێکی باشدا بوو.

پەیدابوونی بزووتنەوەی زایۆنیستیو نەتەوە پەرستی عەرەب لەسەدەی بیستەمدا بووە هۆی گۆڕینی وێنەی جووەکان لەوڵاتە عەرەبیەکاندا. لەشوێنەکانی تردا جوولەکە دەیتوانی پشتگیری بیری زایۆنیزمی بکەن بەبێ ئەوەی لەلایەن هاونیشتیمانیەکانینەوە بە ناپاك لەقەلەم بدرێن. لەعێراقدا، حکومەت بزووتنەوەی زایۆنیزمی بە دژە عەرەب هەژمار کرد وە جوولەکەیەکی زایۆنی لەمێشکی عەرەبە نەتەوە پەرستەکان وەك خیانەتکار بیری لێدەکرایەوە. دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەجیهانی عەرەبیدا کاریگەری هەبوو لەسەر پەیوەندیەکانی جوولەکەو موسولمانان وە لەعێراقیشدا ئەم کاریگەرییە بەروونی تێبینی دەکرا. پۆلاك، باس لەگۆڕینی ئەو کلاوە دەکات کە جووەکان لەعێراقدا لەسەریان دادەنا. لەکاتی ئەو گواستنەوەسەدا جووەکانی عێراق دەستیان کرد بەگۆڕینی ئەو کڵاوەی لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی لەناوچووی عوسمانی لەسەریان دادەنا، کە ناوی فەز یان تەربوش بوو، بۆ کلاوی رووسی سیدرا, کە کلاوێکی عیراقی بەناوبانگ بوو لەلایەن نەتەوە پەرستە نوێیەکانەوە لەسەر دەکرا.

لەناوەڕاستەکانی ساڵانی ١٩٣٠یەکانەوە، بزووتنەوەی نەتەوە پەرستی عەرەبو ئەوانەی دژی بەریتانیەکان بوون، دەنگی ناڕەزاییان لەسیاسەتی عێراق بەرزکردەوەو رژانە سەر شەقامەکانی عێراقو شارە کوردییەکان. لەگەڵ ئەم خۆپیشاندانەدا هەستی دژایەتی کردنی جووەکانیش لە هەڵکشاندا بوو. لەساڵی ١٩٣٤، بنزیۆن ئیسرائیلی کە لەفەلەستینەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە دارخورماکانی عێراق سەردانی چەندین کۆمەڵگای جووەکانی باکووری عێراق کرد، وەك کەرکوكو هەولێرو موصلو دهۆكو ساندور. ئەو پێی راگەیەنرا کە ناتوانێت سەردانی جووەکانی سلێمانیو کۆیەو رەواندزو ئامێدی بکات. ئەو

تێبینی ئەوەی کرد کە خەریکبوو لیکترازانێك لە پەیوەندییەکانی کوردە موسوڵمانو جووەکاندا رووبدات.

" دوورخستنەوە لێرە تاڵو توندوتیژیش حەوت قات زیاترە. لێرەدا جووەکان مافیان پێشێل دەکرێت. ئەوان بەبەردەوامی لە گشت شوێنەکاندا چەواشەو ئیهانە دەکرێن، زۆر بەزبری رەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت. یەکێك لەگەورەترین ئەو مەترسیانەی رووبەڕوویان دەبێتەوە لەوەدایە کە ئەوان بەبەردەوامی لەوە دەترسێن پەیوەندیەکان لەگەڵ کورددا بنەبڕ بکرێت. من بەڕێکەوت تووشی هەندێك کۆمەڵگای جوولەکەنشین بووم کە چاوەڕوانی دەرئاسا (موعجیزە)یەکیان دەکرد بێتو رزگاریان بکات لەو دووخستنەوەیەو بیانبات بۆ ئیسرائیل. هیچ کەسو رێکخراوێك نەبوو سەبارەت بەم بابەتە هەستیارە لەگەل یەکتر نەدوێن. هەندێکیان لەگەل من دەدوانو دەپاڕانەوە بۆئەوەی یارمەتیان بدەم بۆ کۆچ کردن... بارودۆخی ئەو کۆمەڵگایانە خەراپەو هیچ هیوایەکی باشتربوونیش لەئارادا نیە. هیچ کەس ناتوانێت راپۆرتێك لەسەر سەرپێچیکاران بنووسێت، چونکە لەوە دەترسێن بکوژرێن. هەندێك کەس لە کەرکووك دەڵێن: ئەگەر باران نەباریبوایەو برسیەتی بەدوادا بهاتایە، ئەوان ئێمەیان لەناو دەبرد. زۆربەی بازرگانو خاوەن دووکانو دەسگێڕ بوون، وەداهاتیان دیارنەبوو چونکە زۆربەی موسوڵمانان پارەی شمەکیان نەدەدا. هیچ تروسکاییەك بەدی نەدەکرا پارەکە بگەڕێننەوە یان هیچ نەبێت بەشێکی بگەڕێننەوە. زۆربەی جووەکان تەنیا بەوە رازی دەبوون بەشی پێویستی کۆچکردنیان بدرێتەوەو ئەوەی تری لێ خۆش دەبوون. بەشێکی زۆری جوولەکە هەبوون سەرمایەکیەان لەقەرز بوو وە پارەی گەڕانەوەیان بۆ ئیسرائیل نەبوو.... لێرەدا پرسێك سەر هەڵدەدات... چۆن دەتوانین بیسەلمێنین ئەوان خانوو وماڵیان هەبووە. ئەوان لەوە دەترسان کە ئەگەر

ئارەزوویان بۆ کۆچکردن ئاشکرابێت، ئەوا بەهانەیەکی تر زیاد دەبێت بۆ چەوساندنەوەو نەگەڕاندنەوەی پارەکانیان. ئەرکی لەپێشینەی ئەوان بریتی بوو لەدۆزینەوەی ڕێگایەك بۆئەوەی بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکەن".

دوای کۆتایی هاتنی ئینتیدابی بەریتانی لەساڵی ١٩٣٢، ڕژێمی عێراقی نوێ تووشی پێنج کودەتای سەربازی بوو لەنێوان ساڵانی ١٩٣٣–١٩٣٩ کە تیایدا پێنج سەرۆك وەزیران لەو ماویەدا بینران. دۆخی سیاسی عێراق سەقامگیر نەبوو. سەردەمە شلەژاوەکەی مەلیك غازی بووە هۆی ئەوەی گەلێك کۆمەڵەو گروپی نەتەوە پەرستی لەعێراقدا دەست بە چالاکی بکەن, بەتایبەتی سەرکردە نەتەوە پەرستەکانی فەلەستینیو ئاوارە سووریەکان کە عێراق ببوە پەناگەیەك بۆیان. بالیۆزی ئەلمانیا لەعێراق لەسەردەمی ڕژێمی نازیدا، دکتۆر فریتز گرەبە، هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی بۆپشگیری ڕژێمی نازی دەست پێکرد کە لەکۆتاییدا کاریگەری لەسەر چەندین وەزیرو بەڕێوەبەری گشتیو ئەفسەری پلەبەرز دانا. لەسەرووی هەموو ئەمانەوە ئەڵمانیا بوونێکی بەهێزی لەعێراقدا هەبوو. لەسەردەمی عوسمانیەکاندا، ئەلمانەکان مەشقیان بە سەربازە توورکەکان دەدا، هەروەها عەرەبە عێراقیەکانیش لەلایەن ئەو ئەفسەرانەوە مەشقیان پێدەدرا وە بەم هۆیەشەوە ئەلمانیا لەم چوارچێوەیەدا لەلایەن هەردوو وڵاتەوە ڕێزێکی بێ پایانی لێدەگیرا. کاتێك هیتلەر هاتە سەر کورسی دەسەڵاتو دووبارە دەستی کرد بە بنیادنانەوەی دۆخی سەربازی ئەلمانیا. ئیدارەی عێراقی پارتی نازی لە عێراق گەشانەوەیەکی بەخۆیەوە بینی، وە پڕوپاگەندەکان لەدژی جووەکان زیاتر بوون، وە موفتی فەلەستینی (حاجی ئەمین ئەلحوسەینی )ش لەگەڵیاندا دەستی بەو پڕوپاگەندانە کرد کە لە دژی جووەکان بەرپا ببو.

لاوازبوونی باری ئاساییش فەلەستین‌و سەرهەڵدانی راپەڕینی ١٩٣٦، دوژمنایەتی نێوان جوولەکەو عەرەبەکانی عێراقی زیاتر کرد. ئەمە بووە هۆی ئەوەی عێراق رۆلێکی یەجگار گەورە بگێڕێت لەجەنگی فەلەستیندا. عێراقیەکان تەنیا چەك‌و تەقەمەنییان نەبەخشیە فەلەستینیەکان، بەڵکو سەد تا پێنج سەد جەنگاوەری نارد بۆئەوەی لەدژی جووەکان هاوکاری عەرەب بکەن. دوابەدوای روخان‌و دامرکانەوەی یاخیبوون لەفەلەستینی بەریتانی لەساڵی ١٩٣٩، موفتی قودس (ئۆرشەلیم)، حاجی ئەمین ئەلحوسەینی، بەرەو عێراق رۆیشت. لەوێدا ئەو بووە گرنگترین‌و کاریگەرترین پیاو لەهەردوو بواری سیاسی‌و ئایینیدا. لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤١، نامەیەکی بۆ هیتلەر نارد و تیایدا پشتیوانی خۆی بۆ دووپاتکردەوە. عێراق بوو بە جێگای ئاوارە فەلەستینیەکان‌و لەوێوە خەڵك هاندەدرا رق‌وقینەیان بەرامبەر جووەکان زیاتر بێت.

ئەوان بوختانیان بۆ بزووتنەوەی زایۆنیزمی هەڵدەبەست لە عێراق‌و فەلەستیندا، وە وایان نیشانی خەڵکەکە دەدا کە جووەکانی عێراق ناپاکن‌و پشتیوانی بزووتنەوەی زایۆنیزمن. زیادبوونی وجودی فەلەستینیەکان لە عێراق‌و تێوگلانی عێراق لە ململانێکانی فەلەستین وایکرد سۆزو خۆشەویستی لەدژی جووەکان بپوکێتەوە. ئەم ناکۆکیانە جیاوازی نێوان زایۆنیزم‌و جودایزمی لەکەدار کرد[٢١٩]. ئەم پێشکەوتنانە بوونە هۆی لاوازبوونی نفوزی جووەکانی عێراق. لەساڵی ١٩٣٦ بەدواوە، جووەکان بوونە ئامانج بۆ چەوساندنەوەو زیادبوونی رووداوی ناخۆش لەدژی ئەوان.

---

٢١٩ جیاوازی نێوان زایۆنیزم وجودایزم ئەوەیە کە زایۆنیزم بریتییە لەو رەوتەی جووەکان دایانمەزراند بۆ داگیرکردنی (سەندنەوەی؟) خاکی ئیسرائیل، بەڵام جودایزم بریتیە لە ئایینی جوولەکەکان. (وەرگێڕ)

# بەندی سێیەم

## جوولەکەو کوردو عەرەب (١٩٤١-١٩٥٢)

کەمی بەڵگەنامە سەبارەت بە جووەکانی کوردستان ناچارمان دەکات تەنها باسی کەمێك لایەنی ژیانی جووەکان بکەین. ئەو پانزە ساڵەی نێوان ١٩٤١-١٩٥٢ دوایین ئەو ساڵانە بوون کە جووەکانی کوردستانی عێراق بەسەریانبرد. دوو رووداوی گرنگ لەو ماوەیەدا روویاندا کە گشت ناوچە کوردیەکانی هەژاند.

رووداوی یەکەم بریتی بوو لە کودەتاکەی رەشید عالی گەیلانی لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٤١و دژایەتی کردنی جووەکانو ئەنجامدانی گەلەکوشتاری فەرحود. رووداوی دووەم بریتی بوو لە پلانی دابەشکردنی فەلەستین لەنێوان جوولەکەو عەرەبەکان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانە لە رێکەوتی ٢٩ تشرینی دووەمی ١٩٤٧. بەریتانیا نیازی کۆتایی هێنانی ئینتیدابی فەلەستینی لە ١٥ ئایاری ١٩٤٨ راگەیاند، بەڵام پێش ئەوەی فەلەستین جێبهێڵن ئاژاوە لەنێوان هەردوو بەرەی عەرەبو جوولەکە سەریهەڵدا. لەکاتێکدا وڵاتە عەرەبەکان لەدژی پلانی دابەشکردن بوون، بەڵام جووەکان لە ١٤ی ئایاری ١٩٤٨ دەوڵەتی ئیسرائیلیان راگەیاند. چەند رۆژێك دوای ئەمە سوپای پێنج وڵاتی عەرەب (ئوردنو میصرو لوبنانو سوریاو عێراق) هێرشیان کردە سەر ئیسرائیلو ویستیان داگیری بکەن، بەڵام بەتوندی بەرپەرچ درانەوە. لەو پێنج وڵاتە، تەنیا عێراق لەگەڵ ئیسرائیلدا هاوسنوور نەبوو. بەم هۆیەشەوە بەژداریکردنی لە جەنگدا ئاماژەیەکی تر بوو

بۆ نەیاریکردنی بزووتنەوەی زایۆنیزمو ئەو جوولەکانەی لە کوردستانداو عێراقدا بوون. لەکۆتاییدا دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل وایکرد کۆچە بەکۆمەڵەکە لەعێراقەوە بەرەو ئیسرائیل دەست پێبکاتو کۆتایی بەو زنجیرە رووداوانە هێنا کە بەسەر ژیانی جووەکاندا هات.

## کاریگەریەکانی گەلەکوشتاری فەرحود[٢٢٠]

لەمانگی ئازاری ١٩٤١، لەگەرمەی جەنگی جیهانیی دووەمدا، رەشید عالی گەیلانی رابەرایەتی کودەتایەکی کردو دەستی بەسەر عێراقدا گرت، پاشان حکوومەتێکی نیشتیمانی بۆ لایەنگیری ئەلمان پێك هێنا[٢٢١]. لەسەرەتای مانگی ئایارەوە رژێمە نوێیەکە دەستی کرد بەجەنگ لەدژی بەریتانیەکان. پاش چەند مانگێك پڕوپاگەندەی دژی جووەکان زیادی کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی جەستەیی ئەوان ئازار نەدران. لەنیسانو ئایاری ١٩٤١، خۆپیشاندان لەچەندین شاری عێراق دەستی پێکرد بەتایبەتی لە شارەکانی موصلو کەرکوكو هەولێرو عەمارە. قەلاچۆکۆدنی جووەکانی بەغدا یەکسەر

---

گەلەکوشتار: قەلاچۆکۆدنی کەمە نەتەوەکان لەناو ولاتێك بە رەزامەندی میری. (وەرگێڕ) ٢٢٠

٢٢١ رەشید عالی گەیلانی لە بنەماڵەیەکی خانەدانی شاری بەغدا و سیاسەتمەدارێکی دیاری عێراق بوو. لە شوباتی ١٩٤١ لەلایەن مەلیك عبداللە لە سەرۆك وەزیرانی عێراق دوورخرایەوە، بەڵام لە نیسانی هەمان ساڵدا، کاتێك بەریتانیەکان بەهۆی جەنگەوە تووشی شەکەتیەکی زۆر هاتبوون، توانی لەرێگای کودەتایەکەوە دووبارە بە هاوکاری پارتی نازی ئەلمانیاوە دەسەڵات بگرێتەوە دەست، بەڵام لە ئایاری ١٩٤١دا هێزەکانی بەریتانیا کودەتاکەیان کپ کردو جارێکی تر شاری بەغدایان گرتەوە.

دوای رووخانی رژێمو دەربازبوونی رەشید عالی گەیلانیو موفتی قودس روویدا، وەپێش ئەوەی رژێمی نویٚ دەستبەکار بێت لەژێر سەرپەرشتیاری بەریتانیادا. وارێککەوت ٣١ ئایار تا ٢ی حوزەیران جەژنی جووەکان بێت کە تیایداجووەکانی بەغدا یادی لەناوچوونی ئەم رژێمەیان کردەوە. ئەم ئاژاوەو کۆمەلکوژیەی بەغدا بە (فەرحود) ناسراو بوو، کە لەسەرەتای رۆژەکانی مانگی حوزەیرانی ١٩٤١ئەم گەلەکوشتاریە باڵی بەسەر شارۆچکەکانی عێراقدا گرت. ئەم رووداوە راتەکانێك بوو بۆ جووەکانی عێراقو بارودۆخێکی نوێی ترسان لەبوونی جووەکان لە عێراق دەستی پێکرد. لەناو ئەم تاوانبارانەدا ئەندامانی رێکخراوە نەتەوە پەرستەکانو پشتگیری کارانی رژێمەکەی پێشوو و ئەندامانی سوپای عێراقی شکستخواردوو بونیان هەبوو. سەبارەت بەجوولەکەو چاودێرانی عێراق، ناخۆشترین دیاردە بریتی بوو لە بەژداری کردنی چینو توێژەکانی کۆمەڵگا لەو گەلە کوشتارگەیەدا.

لەکاتی ئەنجامدانی ئەو تاوانەدا، سەدوپەنجا تا سەدوهەشتا جوولەکە کوژران، سەدانی تریش بریندار بوون وە سامانی جووەکان لەلایەن خەلکەوە تالان کرا. بەپشت بەستن بەو بەلگەنامانەی کە لەلایەن سەرۆکی کۆمەلگای جووەکانەوە باسکراوە، بەرپرسی یەکەمی ئەو ئاژاوەیە پۆلیس بوو، کە دەبوایە ئەرکی راگرتنی ئاژاوەکەی لەئەستۆ بگرتایە بەلام چەندین ئەفسەری پۆلیس شانبەشانی تێکدەرو تالانکاران تەقەیان بەسەر سەری ئەواندا دەکرد بۆئەوەی واپیشان بدەن کە خەریکن ئاژاوەکە کپ دەکەنەوە. بەرپرسی کۆمەڵگاکە ئەوەی روونکردەوە کە شەش سەد کە برینداربوونو ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە مردن لە گۆڕستانی موسوڵمانان بەخاك سپێردران بەبیٚ ئەوەی کەسو کارەکانی ئاگادار بکرێنەوە لە گۆڕی بەکۆمەا نێژران. ژمارەی ئەو ماڵانەی کە تالانکران بریتی بوو لە هەشت سەدو نەوەدو شەش مالٚ، ژمارەی ئەو خێزانانەی

دەرەبەدەر کران بریتی بوو لە ٢٣٧٣ خێزان، واتە نزیکەی ١٣٠٠٠ کەس. وە ژمارەی ئەو دووکانانەی تالآن کران بریتی بوون لە ٢٨٣ دوکان. هەروەها سەرپێچیکاران سووکایەتیان بە پەرستگا کردو ئافرەتیان بەزۆری دەڕفاندو کاری نابەجێیان لەگەل ئەنجام دەدا، بەلام ئەستەم بوو ژمارەی دروستی ئەو کەسانە بزانرێت، چونکە خێزانەکانیان رەتیان کردەوە زانیاری بدەن سەبارەت بە ئافرەتەکانیان. ئەگەر شتێکی لەم جۆرە لە شاری بەغدا روویبدایە، واتای ئەوە بوو ئەو خێزانە لەناو کۆمەڵگادا ئابڕوی چووە. وە دەبێت تێبینی ئەوەش بکرێت کە کەتیبەیەکی کورد فەرمانی پێکا بەرەو بەغدا بجولێت بۆئەوەی تالآنکاریەکە بوەستێنێت. راپۆرتێك لەسەرەتای مانگی نیسانی ١٩٤١ لە بەغدا لەلایەن نوێنەرێکی ئافرەتی رێکخراوی (کۆچی گەنجان)ی سەربە دەزگای هەوالگری جوولەکە، بەم شێوەیە باسی رووداوەکەی کردووە:

"من هەستم کرد جووەکان لەترس‌و شلەژانێکی زۆردان، وە بەشێوەیەك دەژین وەك بلێی لە کەمپێکی گەمارۆدراو دان. ئەوان باوەڕیان بەهاوڕێ عێراقی‌و بەریتانیەکان لەدەست داوە. جووەکان زۆر داخدارن بۆئەوەی هیچ کەسێکی بالا دەستی عێراقی گرنگی پێنەدان یان داوای لێبۆردنیشیان نەکرد بۆ ئەو رووداوانەی لەکاتی گەلەکوشتارگەکە روویاندا، وە هیچ یەکێکیشیان هاوخەمی خۆی دەرنەبڕی".

ئەو ماوە کورتەی مانەوەی رژێمی رەشید عالی گەیلانی رێگای بە بەرپرسەکانی خۆی نەدارێکاری فەرمی بگرنەبەر لەدژی جووەکای باکوور، واتە بەشە کوردیەکانی ولات. لەگەڵ ئەوەشدا، بیرە خەراپەکانی بەباشی پەرەی دەسەند. بەگوێرەی وتەکانی یعقوب تزیما، کە باوکی (ساسۆن تزیمای باوکی ئەندام پەرلەمانی عێراق بوو لە نێوان سالانی ١٩٢٩-١٩٥١ وە پێش ئەمەش لە ئەنجوومەنی کارگێڕی پارێزگای موصلیش کاری کردووە. لەو ماوەیەدا ترس‌و

تۆقاندن دڵی جووەکانی موصلو باکووری عێراقی داگیرکردبوو، ئەمەش سێ هۆکاری هەبوو.

١. بەغدا پایتەختی وڵات بوو وە ئەو رووداوانەی لەو شارە گەورەیەدا روویدەدا، کاریگەری بەسەر سەرتاسەری وڵاتەوە هەبوو.

٢. چەند هەزار کوردێکی جوولەکە لە شارە کوردیەکانەوە بەرەو بەغدا کۆچیان کردبوو، وە کە دەگەڕانەوە بۆ سەردانی خزموکانیان لە باکوور، ئەم هەواڵەیان بەگوێی ئەواندا دەچرپاند و دەبووە هۆی ترس لەلای ئەواندا.

٣. هەتا لە باکووری وڵاتو شارە کوردیەکانیشدا، موسوڵمانان لە هەر دەرفەتێك دەگەڕان بۆئەوەی ئازاری جووەکان بدەن، ئەوانەی تاکو پێش ساڵی ١٩٤١ دەستیان لەجووەکان بەرزنەکردبووەوە، لە نێو خەڵکدا هەڕەشەیان لە جووەکانی سەرتاسەری عێراق دەکرد.

ئەو هاندانە زۆرەی لە مزگەوتەکاندا لەدژی جووەکان دەبینرا ترسی خستە ناو دڵی جووەکانی باکووری عێراق. جووەکان لەترسان نەیاندەوێرا لەماڵەکانیان دەرچن، بەتایبەتی لەشەودا. لە ئەنجامدا جووەکان پەیوەندی رۆژانەی خۆیان لەگەل حکومەتدا سنووردار کرد، واتە کەمتر پەیوەندییان لەگەڵ خێڵو موسولمانان هەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەوە ناسراو بوون رقیان لە جووەکانە.

بەم شێوەیە ترسو ناڕەحەتی بەناو کۆمەڵگای جووەکاندا بڵاو بووەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی جەنەرال قاسم مەقصود کە حاکمی سەربازی بوو لەکاتی رژێمی رەشید عالیدا. سەرچاوەکانی جوولەکە ئاماژەیان بەوە داوە کە مەقصود رقو قینەیی خۆی بەرامبەر بە جووەکانی ناوچەکەی بە ئاشکرایی دەربڕیوە، ئەو ترسو تۆقاندنەشی لەناوچە کوردیەکاندا رەنگی دایەوە. پێش ماوەیەکی کەم لەگەیشتنی بۆ ناوچەکانی باکوور، مقصود بانگی نوێنەرانی

کۆمەڵگای جوولەکەکانی کردو بەوە هەڕەشەی لێکردن کە ئەوان دڵسۆزو لایەنگری بەریتانیەکان بوون و ویستویانە حوکمی رەشید عالی لەناو بەرن. ئەو داوای ئەوەی کرد کە جووەکان دەبێت سێ هەزار لیرەی زێڕی تورکی بدەن‌و لەماوەی سێ رۆژدا بۆی بنێرن، ئەمەش بۆ ئەوەی دڵنیابێت لە نیاز پاکییان. یەعقوب تزیما تێبینی ئەوەی کرد کە ئەو (مەقصود) وەك کەسێکی بەپەلە رەفتاری دەکرد، وەئەمەش ئاماژە بوو بۆئەوەی ئەو دەیویست پارەکە بۆخۆی ببات. کۆمەڵگای جووەکانی موصل بێ کەس مابوونەوەو موسولمانە دیارو ناودارەکانیش ئامۆژگاری جووەکانیان بەوە دەکرد کە خۆیان لەدانی پارەکە گیرۆ بکەن، چونکە کودەتاکەی رەشید عالی چەند رۆژێکی کەمی مابوو کۆتایی بێت. پاش چەند رۆژێکی کەم، بەریتانیەکان ئەویان لەسەر دەسەڵات لابرد و رژێمی یاساییان گەڕاندەوە[٢٢٢].

گابریەل لانیادۆ باسی ئەوەی کردووە کە لە ئایاری ١٩٤١دا، جەنەراڵ قاسم مەقصود داوای دوو لیرەی زێڕی لە هەر جوولەکەیەك کرد کە لە شارەکانی

---

٢٢٢ راپــۆرتێکی تــر ســەبارەت بــە قاســم مقصــود لەلایــەن یــەعقوب تزیمــاوە گێڕدراوەتــەوە کــە بــاس لــە پەیوەندیــەکانی لەگــەل راهیــب ســولۆمۆنی موصــل دەکــات. بــەپێی راپۆرتــەکان، خێزانــی مقصــود ســێ منــاڵی مــردن هــەر لــەدوای لــەدایك بوونیــان. لــەناو پرســەکەیدا، راهیــب ساســۆن بەمەقصــودی وت لــەدوای لــەدایکبوونی کــوڕی داهــاتوودا، کــاری خەتەنــەکردنی بــۆ لــەناو پەرســتگادا ئــەنجام دەداو دوعــای بــەختێکی بــاش بــۆ کوڕەکــەی دەکــات. کاتێــك کــوڕی مەقصــود لــەدایك بــوو، راهیبەکــە خەتەنــەی کــوڕە تــازە لــەدایك بووەکــەی کــرد. بــەپێی راپۆرتــەکان, مەقصــود هەســتی بەقــەرزاری کردبــوو بەرامبــەر بــە راهیبەکــە. لــە ئایــاری ســاڵی ١٩٤٨ مەقصــود بــووە حــاکمی ســــەربازی‌و هــــەموو دەســــەڵاتەکانی بەدەســــتەوە بــــوو. گابرییــــل لانیــــادۆ وەك مامۆستایەکی جوولەکە لە قوتابخانەیەکی حکومەت لەدەرەوەی موصل دامەزراند.

باكووردا، وەك موصلو دهۆكو ئاكرێدا دەژیان. لێرەدا پێنج نموونە باس دەکەین سەبارەت بەو ڕووداوانەی لەشارە جیاجیاکانی کوردستانی عێراق لە سەردەمی حوکمە کورتەکەی ڕەشید عالیدا ڕوویاندا.

### ١. کەرکووك

موشی دەباس کەرکوکی ئاماژەی بەوە داوە کە پارێزگاری ناوچەکە زۆر پابەندی یاسا بوو و رقی لەجووەکان نەبوو، هەروەها سەرۆکی پۆلیسو دادپرسیش بەهەمان شێوە بوون بەرامبەر بە جووەکان. پلەوپایەی ئەوان رەنگە هاوکاری جووەکان بووبێت لەکاتی نیوەی دووەمی مانگی ئایاری ١٩٤١ لەو کاتەی کە ڕووداوێکی نەخوازراو ڕوویدا:

" کچی یعقوب لیڤی جلوبەرگی لەناو حەوشەی خۆیان بۆ وشکبوونەوە لەبەر هەتاو هەڵدەخست. چەندین ئاژاوەگێڕ کە دەیانویست مەسەلەکە گەورە بکەن لەبەغدا دەستیان کردە بەتاوانباری کردنی ئەو کچە بەوەی کە ئەو ئەم کارەی کردووە بۆئەوەی فڕۆکەکانی بەریتانیا شوێنەکەیان دەست نیشان بکەن[٢٢٣]. پۆلیس بەخێرایی کچەکەیان دەسگیر کردو بردیانە بنکەی پۆلیس بۆئەوەی خانەوادەکەی لەدەستی خەڵك بپارێزن. کۆمەڵگاکە بەنەرمی رەفتاریان کرد... ئەوان پێکەوە بەرەو لای موتەسەڕیف ڕۆیشتن. پارێزگار تەنیا ئەوانی بۆماوەی دوو کاتژمێر لەلای خۆی هێشتەوەو تێکدەرەکانیشی

---

٢٢٣ بەگوێرەی وتەکانی بەرشان لەساڵی ١٩٤١دا، ئەو چاوی بە هاوپۆلێکی موسوڵمانی خۆی کەوتووە کە چاودێری کۆلانی جووەکانی لە بەغدا دەکرد لە شەودا. کاتێك ئەو ناچار کرا دان بەوەدا بنێت ئەو لەوێ چی دەکرد، کەوتە خوارەوەو وتی بەخوا براکەم، ئەوان منیان ناردۆتە ئێرە و وتویانە هەندێك جوولەکە لێرەن کە بە ڕووناکی ئیشارەت دەدەنە فڕۆکەکانی بەریتانیا.

ئاگادارکردەوە کە نابێت جارێکی تر ئەو ئاژاوەیە دووبارە ببێتەوە. جووەکان لەلایەن کوردەکانەوە دەپارێزران... هەواڵی گەلەکوشتارگەی جووەکان لەبەغدا ئێمەی ناڕەحەت کرد و ئێمە شلەژاو بووین سەبارەت بەسەلامەتی ژیانی جوولەکەکانی ئەوێ. کاتێك گوێمان لێبوو جەمیل مرفعی حوکمەتی نوێی پێك هێناوە، درکمان بەوە کرد کە کێشەکە بەرەو چارەسەرکردن دەڕوات".

سەربازێکی جوولەکە لەسوپای بەریتانی لە کەرکوك، ئاماژەی بەوە داوە کە لەکاتی کودەتای رەشید عالی، جووەکان لەترسان لە کۆلانەکانیان نەدەهاتنە دەرەوە. ئەو بەردەوام دەبێتو دەڵێت:

"جوولەکەیەکی گەنجم دەناسی (من هاوڕێی برا گەورەکەی بووم، هەردووکیان لە کۆمپانیای نەوتی رافیدەین کاریان دەکرد) وەتەنیا ئەو دەیوێرا لەکاتی کودەتاکە بچێتە دەرەوە. براکەی لە سوپای عێراقی لە بەغدا کاری دەکرد وە کاتێك هەستی بەوە کرد بارودۆخەکە لەژێر کۆنترۆل دەرچووە و چیتر بەرگە ناگیرێت لەسوپا رایکرد لەو کاتەی ئەفسەرەکەی بەوە تاوانباری کردبوو کە شوێنی ئەوانی پیشانی فڕۆکەکانی بەریتانیا دەدات. دوای دامرکانەوەی شۆڕشەکە، هەندێك بەرتیلی بەچەند کەسێك دا و خۆی لەسەربازی رزگار کرد... ئەو دوو برایە بەنهێنی پێیان وتم شۆڕشگێڕانی رەشید عالیو هەموو فەرمانبەرە بەریتانیەکان لەکەرکوك زیندانی کراون. کاتێك فڕۆکەوانە ئەلمانیەکان بە شارەکەدا سوڕانەوە، جووەکان هەستیان بە مەترسیەکی گەورە کرد. حاخام باشی شارەکە توانی پەیوەندی بە موتەسەڕیفی شارەکەوە بکات (کورد بوو و هاوڕێی بەریتانیەکان بوو). دوای ئەوەی بڕی سێ هەزار دیناری عێراقی وەك بەرتیل پێدا، موتەسەڕیف فەرمانیدا کە پۆلیس رێ لە هەر هێرشێك بگرن کە دەکرێتە سەر جوولەکەکان. پاش دامرکانەوەی شۆڕشەکە، ئەو موتەسەڕیفە پلەی بەرز کرایەوەو لە بەغدا کارێکی پێدرا".

بینزیۆن ئیسرائیلی تێبینی ئەوەی کردووە کە لەکاتی حوکمی رەشید عالیدا ژمارەیەکی زۆر لە جووەکانی کەرکوك ئەوەیان نیشان داوە کە ئەوان خاوەنی چەك بوون. ئەوان نەیاندەویست وەك ئاژەڵ سەربب‌ڕدرێن و بکوژرێن بەبێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتیان هەبێت. هەروەها ئیسرائیلی تێبینی ئەوەشی کردووە کە کۆمەلەیەکی بچووکی جوولەکەکانی گوندنشین دەستیان کرد بە کۆچکردن بەرەو شارەکان، یەکسەر پاش کۆتایی هاتنی حوکمی رەشید عالی.

### ٢. سلێمانی

شالۆم شالۆم، نوێنەری جوولەکەکان لە فەلەستین، کە لەشاری سلێمانی نیشتەجی بوو لە ئایاری ساڵی ١٩٤١دا، باسی ئەوەی کردووە کە ئەو مانگە بە ئارامی تێپەڕی بێ ئەوەی هیچ کەسێکیش هەڕەشەی لەژیانی جووەکان کردبێت. ئەو بەم شێوەیەی خوارەوە باسی ئەو کوشتارگەیەی کردووە کە لە شاری بەغدا روویدا، لە رۆژی دووەمی جەژنی درۆێنەی جوولەکەکان:

" لەو کاتەی لە پەرستگا بوین، دەنگێکی گەورەمان گوێ لێبوو. ژمارەیەکی زۆر لە تێکدەر لە نزیك شەقامی جووەکان وەستابوونو دەیانویست بهێنە ناو باڵەخانەی پەرستگاکە. محمد گولانی ئێمامی شارەکە گوێبیستی ئەو هەواڵە بوو، بۆ وەستاندنی ئەو کارە بەڕاکردن هاتو داوای لێکردن لێی نزیك ببنەوە بۆئەوەی بۆیان بدوێت. ئەو ئەم گفتوگۆیەی خوارەوەی لەگەڵدا ئەنجام دان: دەمەوێت یەکێك لە ئێوە وەلامی پرسیارەکانی من بداتەوە، ئێوە بەنیازن چی کارێك بکەن؟ گەنجێك وەلامی دایەوە: گوێمان لێبووە لەبەغدا جووەکان پەلامار دەدرێنو سامانەکەیان تالآن کراوەو ئافرەتەکانیشیان وەك دەسکەوتی جەنگ دەبردرێن. ئێمەش دەمانەوێت هەمان شت ئەنجام بدەین. ئیمامەکە پرسی: چ ئایینێك رێگا بەم کارە دەدات؟ ئایینی موسا، عیسا یان محمد؟ گەنجەکان

وتیان: هیچیان. جووەكان كافرن‌و ئێمەش دەمانەوێت تۆڵەیان لێ بسەنینەوە. ئیمامەكە لێی پرسین: كێ پێی وتون ئەمانە كافرن؟ وتیان: بەم شێوەیە گوێمان لێ بووە. ئێستا ئێوە گوێم لێبگرن، ئەو كەسەی پێی وتون جووەكان كافرن، باش بزانن خۆی كافرە. ئەو كەسانەی لەبەغدا تالآن دەكەن تاوانبارن. ئەوان باوەڕیان بەخواو پێغەمبەرەكەی نیە. جووەكان لەژێر چاودێری ئێمەن وە دەبێ ئێمەش بیان پارێزین. هەركەسێك كێشە بۆ جووەكان درووست بكات یان ئازاریان بدات دەچێتە دۆزەخەوە چونكە ئەوانیش خاوەنی ئایین‌و كتێبی ئاسمانین. ئێستا دەتانەوێت چی بكەن؟ هەموویان وەلامیان دایەوە، ئێمە فەرمانەكانت جێبەجێ دەكەین، ئەی ئیمام. ئیمامەكە وتی: ئێستا هەمووتان بچنەوە ماڵ‌و تاوەكو ئێوارە بەرۆژوو بن، بەلكو خوای گەورە لەو گوناحە گەورەیەی ئێوە خۆش دەبێت. ئێوە چیتان دەكرد ئەگەر هەندێك كەس هاتبان و ئازاری ئەوانیان بدایە؟ ئایا بەخێرایی نەدەهاتن بۆئەوەی بەرگریان لێ بكەن؟ بۆیە بەرەو ماڵەوە راكەن‌و لەسەر ئەو كارە تۆبە بكەن. بەم شێوەیە هەموویان سەریان شۆڕكرد دەستی ئیمامەكەیان ماچ كردو گەڕانەوە ماڵ".

سەربازێكی جوولەكە لەهێزەكانی بەریتانیا رەفتاری شێخ محمدی لەسەردەمی رەشید عالیدا بەم شێوەیە باس كردووە. بەگوێرەی ئەو نموونەیەی خوارەوە دەبێت ئەو مەبەستی محمد بەرزنجی خەڵكی سلێمانی بێت، نەوەك كەسێكی تر:

" لەو کاتەی شێخ محمد لەبەغدا بوو، رەشید عالیو یونس سەبعاوی[224] داوایان لێکرد کە بانگی خەڵکی کوردستان بکات بۆئەوەی بەژداری شۆڕشەکە بکەن. شێخ، کە لایەنگری حوکمی بەریتانیا بوو، پێشنیاری ئەوەی کرد کە بەخۆی بچێتە شاری سلێمانیو بەپەلە چەند یەکەیەکی سەربازی کوردی پێك بهێنێتو پشگیری شۆڕشەکە بکات. رەشید عالی بەوە پیلانە رازی بوو. شێخ محمد (محمود؟) رێگای گرتە بەر. کاتێك لە بەغدا چووە دەرەوە، پەیوەندی بە رائید لیۆنی ئەفسەری سیاسی بەریتانیا لە کەرکووك کرد وە بەیەکەوە گەشتیان بەناو چەندین کۆمەڵگای ناوچەی سلێمانی کرد وە داوایان لە کوردەکان کرد بەهیچ شێوەیەك پشتگیری ئەو شۆڕشە نەکەن. ئەمەش خۆی لەخۆیدا خزمەتێکی گەورە و گرنگ بوو بۆ بەریتانیەکان".

هەروەها لۆنگریك ئاماژەی بەوە داوە کە هیچ ئاغایەکی خێلەکی پشتگیری رەشید عالیان نەکرد. شێخ مەحمود لە بەغدا رایکردو گەیشتە سلێمانیو هێزیکی پێکهێنا بۆ پشتگیری بەریتانیەکان.

٣. دهۆك

لەکاتی قەیرانەکەی رەشید عالیدا، نادی هورموزی قایمەقامی دهۆك، بانگهێشتی نوێنەرانی کۆمەڵگای جووەکانی کرد. ساسۆن ناحوم یەکێك بوو لەو نوێنەرانە، بەیەکەوە لەگەڵ داود سەلمانو حاخام شێمتۆڤ. قایمەقام پێی وتن حکومەتی ناوەندی لەبەغدا فەرمانی دەرکردووە کە هەر جوولەکەیەك لە وڵاتدا

---

٢٢٤ رەشید عالی رابەری شۆڕشەکە بوو, ئەلسەبعاوی فەرمانـدەی ئەو گەنجانە بوو کە پشتگیری پارتی نازی بوون، پاش روخانی رژێمەکە دادگایی کراو و لەسێدارە درا.

دەبێت بڕێکی دیاریکراوی پارە بدات. یوسف گەملیلی کوڕی موختاری جووەکان وتی: لەو ڕۆژگارە هیتلەریەدا، جووەکانی کوردستان لەلایەن حکومەتو خێڵەوە بەزەییان پێدا نەدەهێنرایەوە، وەبە پەرۆش بوون بۆ هەر هەلێك کە بۆیان بڕەخسایە. جووەکانی دهۆك داوایان لێکرا کە:

" سەد لیرەی زێڕ بدەن... جووەکانیش ئەم بڕەیان نەبوو... ئەوان هەژار بوون... هەندێکیان دەیانتوانی بڕەکە بدەن، بەڵام زۆربەیان، واتە لەسەدا نەوەدیان، نەیاندەتوانی... هەر یەکێکیان دەبوایە سەد لیرە بدەن، ئەگەر نا دەکوژران. لەو شەوەدا، چەند خێڵێك هاتنو ویستیان هێرش بکەنە سەر ماڵی جووەکان و شتەکانیان لێ تاڵان بکەن...".

قایمەقام ماوەی چوار رۆژی پێدان کە لیرە زێڕەکان کۆبکەنەوە. ئەوان سەرجەم جووەکانیان ئاگادار کردەوەو جووەکانیش دەستیان بەپاڕانەوەو رۆژو گرتن کرد بۆئەوەی لەماوەی ئەو چوار رۆژەدا بڕیارەکە هەڵبوەشێتەوە. لەراستیدا، کودەتاکەی رەشید هالی دوو سێ رۆژ دواتر هەرەسی هێنا.

جووەکان لەرووداوی کۆمەلکوژی دەترسان. یوسف گەملیلی ئاماژەی بەوە کردووە کە بەشێك لە عەشیرەتی دۆسکی (سەعید ئاغا) و هەندێك ئاغای تری وەك فەرحان ئاغاو رەشید ئاغاو موستەفا بێسفکی برای سەلیمێ مستی، دەڵێن کە دەیانویست هێرش بکەنە سەر جووەکانی دهۆكو ساندور. ئەو ئاغایانە ویستویانە سود لە بێسەروبەری حکومەتی ناوەندی وەرگرن وە لەکاتی رژێمەکەی رەشید عالیدا دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە ئەوان ئامانجیان بووە جووەکان بکوژنو ماڵەکانیان تاڵان بکەن. حاخام باشی باوکی گەملیلی چووە لای سەعید ئاغای سەرۆك عەشیرەتی دۆسکیو لەگەڵ خۆیدا بڕێکی زۆر پارەو سامانی وەك بەرتیل بردبوو. لە ئەنجامدا، سەعید ئاغا رێگای نەدا هیچ شتێکی نەخوازراو لەو شەوەدا بەسەر جووەکاندا رووبدات. هەروەها حاخام باشی چووە

لای قایمەقامیش. ئەو ڕۆژە ئێوارەی فیستیڤالی جەژنی جووەکان بوو. ئەو شەوە هیچ شتێك ڕوویندا.

" بەم شێوەیە ڕۆژی داهاتوو قایمەقام بانگهێشتی باوکمی کردو پێی ڕاگەیاند کە ڕەشید عالی گەیلانی کوژراوە (لەڕاستیدا ئەو رایکردبوو) وە ڕژێمی ئینگلیز گەڕاوەتەوە، بۆیە پێویست ناکات ئێوە چیتر بترسێن. ئەمە دڵی جووەکانی ئارام کردەوە... باوکم بەدەستەسڕێك بەدەستەوە هاتو هاواری کرد: ئەی خەلکی جوولەکە، ئیتر مەترسێن. ئەو هاتە ناو پەرستگاکە کە تیایدا جووەکان بۆ پاڕانەوە لەوێ بوون لە ڕۆژی جەژنەکەدا. وەبەڕاستی فیستیڤالەکە ڕۆژی خۆشیو حەسانەوەو خۆشحالی بوو".

## ٤. زاخۆ

لەکاتی ڕژێمی ڕەشید عالی گەیلانیدا، حکومەت داوای بڕێکی زۆر زێڕی لە جووەکانی زاخۆ کرد. لە ڕاپۆرتێکدا سەلیم گابای وتی:

" شەست ڕۆژ دوای تێپەڕبوونی جەژنی ئازادبوونی جووەکان لەدەستی میسریە کۆنەکان (فیرعەونەکان)، کودەتاکە ڕوویدا. ئەوان بانگی جووەکانیان کرد... باوکم یەکێك بوو لە نوێنەرانی جوولەکە... ئەوان پێیان وترا کە هەزار میسقال زێڕ بدەن، هەر میسقالێك دەیکردە نزیکەی چوار گرام... جووەکان تەنیا پانزە ڕۆژیان بەدەستەوە بوو بۆئەوەی بڕەکە ئامادە بکەن".

نوێنەرانی جوولەکە کێشەکەیان باس کرد، بەڵام نەیانتوانی بڕیار بدەن کە چۆن ئەو بارە چاوەڕوان نەکراوە بەسەر خۆیاندا دابەش بکەن. پێش ئەوەی جەژنی دروێنەی جووەکان نزیك بێتەوە، قایمەقام جارێکی تر بانگهێشتی نوێنەرانی جوولەکەی کردەوە وە وایزانی ئەوان لەدابین کردنی پارەکەدا شکستیان هێناوە. سەلیم گابای جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە قایمەقام

پەیوەندیەکی چاکی لەگەڵ موشی گابای باوکیدا هەبوو، بەم هۆیەشەوە ئەو حەزی دەکرد ماوەی یەك هەفتە زیاد بکات بۆئەوەی بتوانن زێڕەکە دەست بخەن، ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە لەو ماوەیەدا کودەتاکە شکست دەهێنێت[٢٢٥]. جووەکان زۆر بە جدی بیریان لەوە دەکردەوە کە گەوهەرو زێڕی هاوسەرەکانیان ببەن و سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بوون. لە کۆتاییدا زانیان کودەتاکەی رەشید عالی شکستی هێناوەو بڕیارەکە هەڵوەشاوەتەوە.

### ٥. کۆیە

بەپێی راپۆرتەکان، لەساڵی ١٩٤٧ شەش سەد ماڵی جوولەکە لەو شارەدا بوون و لەساڵی ١٩٥١ تەنیا پەنجا خێزان مانەوە. جووەکان کەمتر لەیەك لەسەر پێنجی دانیشتوانیان پێك دەهێنا. لەکاتی کودەتاکەی رەشید عالیدا نزیکەی سێ هەزار موسولمان دەورەیان لەگەڕەکی جووەکاندا. جووەکان دووکانەکانیان داخستو لە ماڵەکانیان کۆبوونەوە. ساسۆن حای لە راپۆرتێکدا وتی کە یاریدەدەری (معاون) پۆلیس ویستی یارمەتی جووەکان بدات، بەڵام بەهۆی زۆری خەڵکەکەوە نەیتوانی یارمەتیەکە بنێرێت. ئەو دوو سەرکردەیەی کە لەو کاتەدا یارمەتی جووەکانیان دا بریتی بوون لە کاکە زیاد و شێخ مەلا

---

٢٢٥ مۆردیخای سەعدۆ ئەوەی بیرکەوتەوە کە کاتێك جووەکان گوێیان لەوە بوو دەبێت ئەو بڕە زێڕە زۆرە دابین بکەن, دەستیانکرد بە مشتومڕکردن لە نێو خۆیاندا. گاڤیش ئاماژەی بە چوار سەرچاوە داوە بۆ زانینی بڕی زێڕەکە: حەیا گابای ئاماژەی بەوە داوە کە بڕی داواکراوی زێڕەکە بریتی بوو لە نزیکەی شەش کیلۆ وە دەبێت لەماوەی سێ ڕۆژدا دابین بکرێت, ئەگەر نا جووەکان دەکوژرێن. صالح قۆلۆ دەلێت کە بڕەکە بریتی بوو لە هەزار گرام. سەلیم گابای کوڕی موختار کە زیندانی کرابوو جەختی لەسەر ئەوە کرۆدتەوە کە بڕەکە بریتی بوو لە نزیکەی دوو هەزار گرام.

حەوێزی. کوردەکان چەند پیاوێکیان ناردە دەروازەی کۆلانی جووەکان و هەنێکی تریان ناردە بەر دەرگایماڵەکانیان. ئەوان خەلکەکەیان ترساند لەوەی کە کەس بۆی نیە جووەکان ئازار بدات ئەگەر نا خۆیان تووشی کێشە دەبنەوە. ئیسرائیل شۆمەر ئاماژەی بەوە داوە کە پۆلیس نەیدەویست یارمەتی جووەکان بدات، بەڵام هاورێیەکی موسولمان بەڕاکردن چووە لای شێخ مەلا حەوێز بۆئەوەی لەکێشەی جووەکان ئاگاداری بکاتەوە.

لە ئەنجامدا، ئەو پیاوەکانی خۆی ناردە لای ئیسرائیل شۆمەر بۆئەوەی ئەو خەڵکە بپارێزێت و کەس ئازاری پێنەگات. نزیکەی هەژدە پیاو هاتنە ماڵیەو هەندێکیان لە ژوورەوەو ئەوانی تریش لە دەرەوە پاسەوانیان دەکرد. ئەوان چەکەکانیان ئامادەو سوار کردبوو و خەڵکەکەیان ئاگادار کردەوە کە هەرکەسێك بەرد بهاوێژێت، تەقەی لێدەکرێت. خەلکەکە وتیان جوولەکەیەك لە نهۆمی دووەمی خانوویەکەوە بەردی لەوان گرتووە. ئیسرائیل شۆمەر بەسەرهاتەکەی بەم شێوەی پشت راست کردۆتەوە: لەڕاستیدا جوولەکەیەك یەکەمجار بەردی تێگرتن. ساسۆن حای لە راپۆرتەکەیدا سەبارەت بە ژیانی جوولەکەکان لە کۆیە، چوار نموونەی باسکردووە کە تیایدا جووەکان کوژراون. بەڵام ناوەڕۆکی رووداوەکانی دوای کودەتاکەی رەشید عالی وەك ئەو بەسەرهاتەی سەرەوە بوو.

### ب. کاریگەریەکانی دروستبونی دەوڵەتی ئیسرائیل

ئەو رووداوانەی لە سەردەمی رەشید عالیدا روویاندا، ئاماژەیەکی زۆر گرنگ بوو بۆ داخوازیو کزبوونی پەیوەندیەکانی نێوان جوولەکەو موسوڵمانان، کوردو عەرەبەکان. ئەم رووداوانە باری ئەمنی جووەکانیان هەژاند. بۆ یەکەمجار باری کۆمەلایەتیان کەوتە ژێر پرسیارەوە. یەکێك لە کاریگەرترین تایبەتمەندیەکانی

ئەو ماوەیە بریتی بوو لە لەدەستدانی متمانە بەرامبەر بە جووەکانو ترسان لە دووبارە بوونەوەی کوشتارگەلێکی تر.

بەگشتی جوولەکە کوردەکان پەیوەندی خۆیان لەگەڵ دراوسێ موسوڵمانەکانیاندا بەباش وەسف کردووە تاوەکو جەنگە جیهانیی دووەم کە تیایدا کودەتای رەشید عالیو کۆمەڵکوژیەکەی فەرحودو دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل روویاندا. وەرگرتنی بیروڕای جووەکان بەوەی چ کاتێك ئەو پەیوەندیە پچڕاوە، کەمێك ئەستەمەو دەبێت زیاتر گرنگی پێبدرێت. زۆربەی جووەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل خاڵی وەرچەرخانی تێکچوونی پەیوەندیەکانی هەردوولا بوو. بەلام لە هەموو گرنگتر کە دەبێ بگوترێت ئەوەیە ئەم پەیوەندییە بەیەکجار و راستەوخۆ تێك نەچوو، بەلکو بەپرۆسەیەکی هێواشدا تێپەڕی. ئەو گۆڕانکاریە لەکاتی گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسیەوە سەریهەڵدا کە تیایدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە لاواز بوو، وە بەریتانیا حوکمی عێراقو کوردستانی گرتە دەست. کودەتاکەی رەشید عالی پلەوپایەی جووەکانی کوردستانی عێراقی لاوازتر کرد، بەتایبەتی لەو کاتەی جەنگە عەرەب و جووەکان دەستی پێکردو ولاتی ئیسرائیل دروست بوو. گرژیو ئالۆزی لەنێوان موسولمانو جووەکان بەرەو بەرزبوونەوە هەڵدەکشا، لەو کاتەی چەند ولاتێکی عەرەبیو عێراق لەدژی دوڵەتی ئیسرائیلی نوێ هەستانەوەو بەژداری جەنگیان کرد لەدژی جووەکان وە لە جەنگەکەدا شکستیان خوارد. لە تەموزی ساڵی ١٩٤٨، پەرلەمانی عێراق برگەی ٥١ی یاسای سزادانی عێراقی، ناوی زایۆنیزمی شانبەشانی شیوعیەت دانا کە ببوە مەترسی بۆسەر ئاسایيشی عێراق. قورسترین سزا بۆ شکاندنی ئەم یاسایە بریتی بوو لە مەرگ. لەڕووی سەربازیەوە عێراق بەچەند قۆناغێکدا لەدژی جووەکان تێپەڕی: سەربازە

جووەکان لەسەرجەم سەربازەکانی تر جیاکرانەوەو پاشان داوایان لێکرا چەکەکانیان تەسلیم بکەنەوە. حکومەت هەموو ئەفسەرە سەربازیو پۆلیسە بەڕەگەز جووەکانی لەپۆستەکانیان دوورخستەوە. لە ئەرزی واقیعدا، کۆکردنەوەی پارە بۆ ئیسرائیل دەستی پێکرد. لەنێوان ئەو پارە بەخشەرانەدا هەندێك جوولەکە هەبوون کە دەیانویست ناوەکانیان بسڕنەوە لەو گومانەی کە دژی جووەکان هەبوو. لۆنگریك بەم شێوەیە باسی بارودۆخی جووەکانی لەساڵی ١٩٤٩ کردووە:

" پەستانو گرژی لەسەر جووەکانی بەغدا زیادی کردو پەیوەندی نێوان کۆمیونیزمو زایۆنیزم لەبەر چاوی عێراقیەکان بەرەو پێشەوە دەچوو. دیمەنە تۆقێنەرەکانی خەڵك ئاماژە بوو توڕەیی عێراقیەکان بەرامبەر مەسەلەی فەلەستین".

١. بارودۆخی جووەکان خەراپتر بوو

لەکۆتاییەکانی سالانی چلەکانی سەدەی بیستەم، گرژیو ئاڵۆزی لەنێوان جوولەکەو موسولمانانداندا پەرەی سەند. یەکێك لە هۆکارەکانی بریتی بوو لەو رۆڵەی کە چاپەمەنیو میدیای عەرەبی لەو مەسەلەیەدا گێڕای. یەکێکی تر بریتی بوو لە پروپاگەندەکانی فەلەستیەنیەکان کە سەردانی عێراقیان کردبوو بۆئەوەی خەڵك لەدژی جووەکان بێنە گۆ و وا لەعێراقیەکان بکەن یارمەتیان بدەن لەکێشەکەیاندا. جووەکان باسی چەندین روونکردنەوەیان کردووە لەو هۆکارانەی بوونە هۆی گۆڕینی رەفتاری موسولمانە کوردو عەرەبەکان لە بەرامبەر جووەکاندا.

هۆکاری یەکەم، بە رای ئەوان بریتی بوو لە بوونی پارتی نازی ئەلمانیا لە عێراق پێش وە لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەم. دووەم هۆکار بۆئەوە

دەگەڕێتەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەی فەلەستینی لەنێوان سالآنی سییەکانو چلەکانی گەیشتبوونە عێراق و کوردەکان خەڵکیان هاندەدا لەدژی جووەکان لە عێراقو فەلەستیندا. ئەم بەسەرهاتانەی خوارەوە نموونەی زیندوون بۆ بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئاواری فەلەستینیەکان لەعێراق. لە دەورووبەری سالّی ١٩٤٠، چوار پێنج چالاکوانی دوورخراوەی فەلەستینی هاتنە شارۆچکە بچووکەکەی زاخۆو چەند ژوورێکیان لە خانووی جوولەکەکان بەکرێ گرت. یەکێك لەوان ژوورێکی لە باوکی ناحوم ناحوم بەکرێ گرت.

بەپشت بەستن بەو رێککەوتننامەیەی کە ئەوان لەگەل حکوومەت پێك هاتبوون، دەبوایە هەموو رۆژێك ئەوان راپۆرتێکیان پێشکەش بە بنکەی پۆلیس بکردایە، بەلأم رۆژێك ئەوان ون بوونو کەلوپەلەکانیشیان جێهێشت. وەك منالّێك، ناحوم بەدزییەوە چووە ناو ژووری فەلەستینیەکان و کامێرایەکی نوێی دزی، بەلأم باوکی بەم رەفتارەی نارازی بوو وە ئاگاداری کردەوە کە بیگەڕێنێتەوە. پۆلیس سەبارەت بەونبوونی فەلەستینیەکان پرسیاری لە خاوەن مولکەکە مولکەکە کرد کە بزانن لە کوێن. دیاردەیەکی تر کە لەو کاتدا بوونی هەبوو بریتی بوو لە مەترسی پیاوانی ئایینی لە وروژاندنی مەسەلەی فەلەستینیەکانو قسەکردن لەدژیان لە سەرتاسەری عێراقدا. لە کۆتاییەکانی سالآنی چلەکاندا لە زاخۆ:

" جارێکیان، حاجیەکی فەلەستینی هاتە ناو بازاڕی زاخۆو دەستی کرد بە وروژاندنی خەڵك لەدژی جووەکانو وتی: جوولەکەکان ئێمەی موسولمانانیان کوشتووە کاری ناشەرعی ئەنجام دەدەن. کەسێك ئەو هەواڵەی گەیاندە گوێی عبدالکریم ئاغا، ئەویش بەپەلە هاتە ناو بازاڕ، حاجیەکەی گرتو پێی وت: تۆ لێرە شوێنت نەماوە، ئێستا ئەم شارە جێبهێڵە. ئەگەر نەڕۆیت، من دەتکوژم.

فەلەستین لەوێیە نەك لێرە، ئێرە عێراقە. جووەکانی ئێمە ئەو دوو هەزار ساڵە بەتەبایی لەگەڵمان دەژین".

عبدالکریم ئاغا ئەوی دوورخستەوەو ڕێگای بەکەس نەدا لەناو خەڵك لەدژی جووەکان قسە بکەن‌و لەهەمانکاتیشدا لە زاخۆ بمێنێتەوە!

ڕوونکردنەوەی سێیەم کە وای کرد ڕەفتاری خەڵك بەرامبەر بە جووەکان بگۆڕدرێت بریتی بوو لە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل. ساسۆن ناحوم باسی لە چەندین نموونە کردووە کە تیایدا جووەکان هەراسانکراون‌و ڕقوقینەیان بەرامبەر دەربڕدراوە. چەندین گەواهی سەبارەت بەترس‌و شلەژانی جووەکان باسکراون. هەروەها باسی توانای موسوڵمانەکان بۆ ئازاردانی جووەکانیش کراوە. بەگوێرەی وتەکانی ناحوم‌و هارون ناحوم گرژی‌و ئاڵۆزی لەو کاتەوە لەگەل موسولمانان زیادی کرد کە لەفەلەستین کێشەکان دەستیان پێکرد. هەروەها مۆردیخای سەعدۆی زاخۆیی وتی:

"پەیوەندیەکانمان لەگەڵ کوردەکان زۆرباش بوو، ئێمە وەك برا پێکەوە دەژیایین تاوەکو درووستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل. دوای ئەوە، درزێکی گەورە کەوتە نێوانمانەوە. لەساڵی ١٩٤٨ تا١٩٥٠ کێشەکان دەستیان پێکرد. کەس لەئێمە نەیدەتوانی سەبارەت بە دەوڵەتی ئیسرائیل قسەبکات، ئەگەرنا ئەوان بە زایۆنیست تاوانباریان دەکردین".

دوایین ساڵانی مانەوەی جووەکانی عێراق بریتی بوون لە خۆپیشاندان لەدژی دامەزراندنی دەوڵەتی جوولەکەو ڕق‌وقین هەڵسان بەرامبەریان جووەکان. یەکێك لەو دروشمانەی لەخۆپیشاندانەکان دەگوترایەوە بریتی بوو لە "مەرگ بۆ جوولەکە". لە ئێوارەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لە چواردەی ئایاری ١٩٤٨، حکومەتی عێراق یاسای سەربازی لەسەرتاسەری وڵات جێبەجێ کرد، وە هەموو گردبوونەوەو هەڵگرتنی چەکێك یاساغ کرا. کاتەکە

ئالۆز بوو، بەلاَم بە وتەی کۆهین، ئەم گرژیو ئالۆزیە هەموو عێراقی گرتەوە جگە لە ناوچە کوردستانیەکان نەبێت، کە تیایدا کوردەکان بەزەییان بەجووەکاندا هاتەوە. بەشێوەیەکی گشتی کۆهین لە وتەکانیدا راستی وتووە، بەلاَم ناوەرۆکی ئەم بەشە شتێکی تەواو جیاوازمان بۆ دەردەخەن. بەپێی راپۆرتەکان لەزاخۆ، جووەکان پەیوەندی باشیان لەگەلّ دراوسێکانیاندا هەبوو وە کوردەکان رێزی ئەوانیان دەگرت، بەلاَم هەر کە ململانێی جوولەکەو عەرەبەکان لە فەلەستین پەرەی سەند، جووەکانی کوردستانیش ئارامیان لیّ برا. بەگوێرەی وتەکانی گابرییەل لانیادۆ:

" پاش دروستبونی دەولّەتی ئیسرائیل، ژیان قورستر بوو وە جووەکان دەستیان کرد بە جێهێشتنی مالّەکانیان بەرەو بەغدا چوون. لە بەغدا، توانیان چەند رێگایەکی نایاسایی بدۆزنەوە بۆئەوەی بەناو ئێراندا بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکەن".

لانیادۆ بەهۆی پیشەی مامۆستاییەوە لەچەندین شارۆچکەی کوردستان تێبینی ئەوەی کردووە کە بارودۆخی قوتابیانی جوولەکە قورس بوو. ئەو قوتابیانەی لەخوێندکارە موسولمانەکان رایاندەکرد کە هەر خەریکی هەراسان کردنیان بوون. لانیادۆ گەواهی ئەو دەدات کە ئەو لە زاخۆدا چەندین خوێندکاری جوولەکەی کۆکردەوە کە لەقوتابخانە رایانکردبوو وە دەستی ئەوانەشی گرت کە قوتابی نویّ بوون و لەوە دەترسان کە هاو قوتابیەکانیان هەراسانیان دەکردن.

چوارەمین هۆکار بۆ گۆڕانکاری نێوان جوولەکە و موسلّمانان بریتی بوو لە بەژداری کردنی سوپای عێراق لەشەڕی نێوان عەرەب و جوولەکە لە فەلەستین لەسالّی ١٩٤٨. یوسف گەملیلی ئەوەی روون کردەوە کە بەژداری کردنی عێراق لەسالّی ١٩٤٨ لە شەڕی فەلەستیندا و زیادبوونی قوربانیانی عێراقیو

بەرزبوونەوەی گرژیو پەستانەکان بۆسەر جووەکانی عێراق، دۆخی جووەکانی عێراقی پەشێوتر کرد.

"دوابەدوای جەنگی جیهانیی لەساڵی ١٩٤٨، کە تیایدا عێراقیەکان بەژداربوونو ژمارەیەکی زۆریشیان کوژران، ژیانی ئێمە کەوتە ژێر پەستانەوە و ئێمە لەمەرگی خۆمان دەترساین. ئێمە هەموو کات لەژێر پەستاندا بووین، بەڵام لەپێش جەنگەکەدا ئێمە ئازادتر بووین و دەمانتوانی زیاتر قسە بکەین و لە شەواندا لە چایخانەکاندا دابنیشین. پاش جەنگەکە هەر کە دونیا تاریك دەبووەوە، دەورووبەری کاتژمێر هەشت یان نۆی ئێوارە، بەپەلەو بەکۆمەل دەچووینەوە ماڵ کە هەر کۆمەلەیەك لە دوو سێ کەس پێك دەهات و پاشان هەریەکمان دەچووینەوە ماڵی خۆمان. کەس بەتەنیا نەدەچووە دەرەوە. بارودۆخەکە خەراپ بوو. پاش ساڵی ١٩٤٨، لەناو بازاڕدا ئەوان جوێنیان بەجووەکان دەدا و پەلکی شووتیان لە پیاوە ریش سپیەکانی جوولەکە دەگرت".

یازی خێزانی معلم ابراهیم، کاتێك کە گفتوگۆمان لەگەڵ هاوسەرەکەی کرد، ئەویش لەوێ بوو، باسی کەسێکی خەلکی زاخۆی کرد کە لەجەنگی فەلەستیندا بەژدار بوو:

" حەجی مادۆ، دراوسێی مورداخی مامم بوو. ئەو لە سوپای عێراقدا سەرباز بوو. ئەو بە دایکی خۆی وت: ئافرەتە ئیسرائیلیەکان لەدژی ئێمە دەجەنگان، بۆیە ئێمە ورەمان نەمابوو. مامۆژنەکەم پێی وت: دەبوایە دوو لەو ئافرەتە جوولەکانەت بۆ گەنجەکانمان هێنابوایە بۆ ئێرە".

سوپای عەرەب لەساڵی ١٩٤٨، زیانی زۆر قورسی پێگەیشت. سوپای عێراقی نزیکەی پانزە بۆ هەژدە هەزار سەربازی خستە بەرەکانی جەنگەوە لە فەلەستین. بەپێی راپۆرتەکان، ژمارەی قوربانیان پێنج بۆ پانزە هەزار سەرباز لەکۆی چل هەزار عەرەب خەملێنراوە.

ڕوونکردنەوەی پێنجەم بریتیە لە ناونووسکردنی جووەکان بۆ کۆچکردن، کە ئەمەش بەیەکەم هەنگاوی گرنگ بۆ گەڕانەوەی دوایین وێستگەیان کە ئیسرائیل بوو، دادەنرێت. لیڤی مۆردیخای یعقوب، کە لەساڵی ١٩٤٧ چووە زاخۆ، ئاماژەی بەوە داوە کە پەیوەندییەکانی نێوان کوردو جوولەکە باش بوو تاوەکو ئەوان خۆیان ناونووسکرد بۆ گەڕانەوەیان. لە ئەنجامدا ئەوان دەستیان کرد بە کینە بەرامبەرمان.

ئەم نموونانەی خوارەوە قورسی ژیانی جووەکان دەردەخەن لەو کاتەدا کە تیایدا بوونی جووەکان لە کوردستانو عێراق لە دوایین قۆناغدا بوو. لە بەغدا، حکومەت هەموو ئەو خانووانەی جووەکان خاوەنی بوون چۆل کردو لەجێگایاندا عەرەبە ئاوارەکانی تیادا نیشتەجێ کرد. حکومەت جووەکانی لەپۆستە ئیداریەکان دوورخستەوە. ڕاگەیاندنێکی گشتی بڵاوکرایەوە کە تیایدا هاتبوو دەبێت خەڵکی لە ڕۆژی شەممەدا شتمەك بکڕن بۆئەوەی بازرگانانو کارمەندە جووەکان ئازار بدەن. قوتابخانە حکوومیەکان بەقوتابیە جووەکانیان ڕاگەیاند کە ناتوانن گەرەنتی سەلامەتی ئەوان لەئەستۆ بگرن و ئامۆژگاری ئەوان کرا کە قوتابیەکانیان بگوازنەوە بۆ یەکێکی تر.

یۆنا سابار کە لە بنەڕەتدا خەڵکی زاخۆ بوو، ئاماژەی بەوە داوە کە ئەوان هەراسان کراون و چۆن دوژمنانی جوولەکە لەدژیان هەڵسانەوە دوابەدوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل:

"جارێکیان حاخام مۆردیخای زاباریکو لەبازاڕدا بەسەبەتەیەك هێلکەوە دەڕۆیشت، وە کوردێك خۆی خستە پێشی بۆئەوەی بیترسێنێت، لە ئاکامدا سەرجەم هێلکەکانی بەردایەوە سەر زەوی".

هەروەها یۆنا سابار ئەوەشی بیرکەوتەوە کە لەماوەی ئەو ساڵانەدا جاربەجار لە پرسەکانی جوولەکەکاندا گەنجە کوردەکان وەك گۆرانی دەیانووت:

جوهی نە، داریّت شکەستینە، جەهەننەمینە، واتە: ئەوان جوولەکەن، وەك داری شکاون، دەچنە دۆزەخ. ئەگەر چی جووەکان بەشێکی گەورەی کۆمەڵگای زاخۆیان پێك هێنابوو و دەزگا کوردیەکان ڕێزیان دەگرتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جاربەجار گەنجە جووەکان تووشی تانە و تەشە دەبوونەوە لەسەر ڕێگای چوون یان هاتنەوەیان لە قوتابخانەو بازاڕدا.

ئەم بەسەرهاتەی خوارەوە ئاماژەیەکە بۆ گومانی کوردانی عێراق لەدژی جووەکان لەو ماوە پڕ ئەزیەتو دژوارەدا. لەدهۆك، ڕۆژێکیان پۆلیس کەسێکی دەسگیر کرد کە نووشتەی دەکرد کە تیایدا بەشێکی بەعەرەبی ئەوی تری بە عیبری هەڵکەنرابوو وە نیشانەی ئەستێرەیەکی حەزرەتی (داود) لە ناوەڕاستەکەیدا بوو. پۆلیس گومانی لەو کەسە هەبوو کە ئەم نوشتەی هەڵگرتبوو وە بە سیخوڕ تاوانباریان کرد. لەژێر لێپرسینەوەدا وتی کە جارێکیان لە دهۆکدا دەژیاو و وتی کە خێزانی ساسۆن ناحوم دەناسێت. لە شەوی شەممەدا پۆلیس بانگهێشتی ساسۆن ناحومی کرد بۆئەوەی لێکۆلینەوەی لەگەڵدا بکات و دڵنیابن لەوەی کە ئایا ئەو پیاوەی دەناسی کە گومانی سیخوڕی لێدەکرا. ناوی ئەسلیەکەی مینحام بوو پێش ئەوی بنەماڵەکەی ببن بە موسوڵمان، ناوە نوێیەکەی ئەحمەد بوو.

" ئەو وەکو شێخ دەهاتە بەرچاو، جلوبەرگی سەوزو کلاوێکی سەوزی لەسەر بوو. تەنیا چاوێکی هەبوو. دەستی کەلەپچە کرابوو. من ئەوم نەناسیەوە. ئەو تەمەنی دە دوانزە ساڵان بوو کاتێك بنەماڵەکەیان دهۆکیان بەجێهێشت. باوکی ناوی یوسف شەماشە بوو... کاتێك شارەکەی جێهێشت تەمەنی دە دوانزە ساڵان بوو وە هەردوو چاوی تەواو بوون.... معاونی پۆلیس ئەو شەو منی لەوێ هێشتەوە، وە تەلەفۆنی بۆ موتەسەڕیفی موصل کرد بۆئەوەی رای ئەو لەسەر مەسەلەکە وەربگرێت... پۆلیس دەستی بەسەر یەك فەردەی پڕ لە نووشتەدا گرت... ئەو

(معاون) لێی پرسیم كە ئایا هیچ شتێك دەربارەی ئەو رەمزە دەزانێت كە ئەوان گومانیان لەسەری هەبوو... ئەوان وای بۆ دەچوون كە ئەوە ئالای دەوڵەتی ئیسرائیل بێت... ئێمە هەرگیز ئالایەكمان نەدیتبوو وە نەمان دەناسیەوە... من لەگەل ئەفسەری پۆلیس كە ناوی ئەحمەد موستەفا بوو چووینە ماڵی ابراهیم معلم.. كاتژمێر چواری سەرلەبەیانی ئەومان هێنایە لای معاون وە ئەو وتی كە ئەمانە تەنیا نووشتەن و ئێمەش ئازاد كراین".

زۆربەی ئەو كەسانەی كە چاوپێكەوتنیان لەگەڵدا كراوە ئاماژەیان بەوە داوە كە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل گرنگترین خاڵی وەرچەرخانی نێوان پەیوەندیەكانی نێوان جوولەكەو كوردەكان بوو. یەكێكی تر لە لەو رووداوانەی كە بووە هۆی تێكچوونی پەیوەندی هەردوولا، زۆرینەی كۆمەڵگا موسوڵمان بوون وە كەمینەش جوولەكە بوون. لەپانزەی ئابی ساڵی ١٩٤٨، شەفیق عەداس كە بازرگانێكی دەوڵەمەندی جوولەكەی خەڵكی بەسرا بوو، لەسێدارە درا لە شارەكەدا دوابەدوای دادگاییكردنێكی نادادپەروەرانە. ئەمە رۆژێكی رەش بوو لەمێژووی جووەكانی عێراق.

نووسەرێكی جوولەكەی عێراق، یتزاك بار موشی بەشێكی گەورەی لەپەرتووكەكەی بۆ دادگایكردنەكەی عەداس تەرخان كردووە، وەئاماژەی بەوە داوە كە وەك بلێی ئەوان رێگای خۆیان دووبارە ون كردووە بەرەو بیایان. جارێكی تر زەوی لەژێر پێیان دەلەرزی[٢٢٦].

ئەم رووداوە كاریگەری كردە سەر سەرجەم جووەكانی عێراق. جووەكان دەگێڕنەوە كە موسوڵمانانو مەسیحیەكان شانبەشانی یەكتر سەرزەنشتی

---

٢٢٦ ئەم دەربڕینە وەسفی ئەو ناخۆشیو زەحمەتیەی جووەكان دەكات لەكاتی لەسێدارەدانی عەداس، ئەمە لە زمانی رەوانبێژیدا پێی دەوترێت (مبالغە). (وەرگێڕ)

حکومەتیان دەکرد سەبارەت بە کێشەی شفیق عەداس. لەراپۆرتێکدا کە دارتاشێکی جوولەکەی شاری زاخۆ گێڕاویەتەوە لە ئەیلولی ساڵی ١٩٤٨، ماوەیەکی کەم پاش لە سێدارەدانی شفیق عداس، ئەو و براکەی چوونە عزیز یاقۆی سەرۆکی کۆمەڵگای مەسیحیەکان لەفیشخاپور. ئەو بیری هاتەوە کە عزیز یاقۆ سەرزەنشتی ئەوی کرد سەبارەت بە لەسێدارەدانی عداس.

لەساڵی دواتر، پەستانی جووەکانی عێراق هەر بەردەوام بوو. لەئەیلولی ١٩٤٩، پۆلیس گەنجێکی جوولەکەی شاری بەغدای دەسگیر کرد کە ناوی ئەندامانی بزووتنەوەی (گەنجانی پێشەوا)ی دایە دەستی پۆلیس. پۆلیس نزیکەی حەوت سەد ئەندامی بزووتنەوەی زایۆنیزمی لەعێراق دەسگیر کرد. ئەم رووداوە سەرتاسەری عێراقی هەژاند و دەنگی دایەوە. ئەو جوولەکانەی لەشارۆچکە کوردیەکاندا دەژیان، لەو سەردەمەدا، لەژێر پەستانو ترسدا بوون لەحکومەت. جاربەجار پۆلیس بەشەو و بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێش وەختە ماڵی ئەوانی دەپشکنی.

لەسەرچاوە نووسراو و گوتراوەکاندا وەك یەك باس لەترسی جووەکانی کوردستان کراوە وە لەوە دەترسان نەوەك کارەساتێکیان بەسەردا بێت، ئەمەش بەهۆی ئەو دەنگۆیەی لەناو خەڵکدا بڵاو ببوەوە سەبارەت بە چارەنووسیان. ئەم راپۆرتەی خوارەوە باس لەترس و پەستانی جووەکان لەحکوومەت و دراوسێ موسوڵمانەکان دەکات. ڤیکتۆر باروچ بەم شێوەیە باسی ترسی جووەکانی باکووری عێراق دەکات:

" لەو رۆژەی کە بڕیاماندا بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکەین، لەو کاتەی دەوڵەتی ئیسرائیل راگەیەنرا، ئەو عەرەبو ناجوولەکانەی لەئێمە نزیك دەبوونەوە پێیان دەوتین: بۆچی ئێوە دەچنە ئیسرائیل؟ ئەگەر نیازێکی واتان هەیە، ئێمە دەتانکوژین. رۆژێکیان ئەوان دەورەیان لەماڵی ئێمەداو هاتووچۆیان قەدەغە

کرد. وتیان: هەرکەسێك ماڵی خۆی جێبهێڵێت ئەوا دەکوژرێت. ئێمە لەو کاتەدا لەماڵ بووینو گریایین. وتیان: لەماوەی یەك دوو کاتژێردا ئەوان دێنو پاشان هەمووومان دەکوژن. ئێمە گریایینو خواردنمان نەخوارد. بەڕۆژوو بووین. هیچ شتێکمان لەدەست نەدەهات. دایكو باوك بۆ مناڵەکانیان شلەژان کە تەمەنیان لە نێوان دوو تا چوارساڵیدا بوو. ئێمە سەبەتەیەکی نانمان هەبوو لە نهۆمی دووەمدا، زۆر گەورە بوو. باوکم منو براکەمی خستە ناویەوە. ئێمەی لەناویدا شاردەوەو بە نان داپۆشین. پێی وتین: ئەگەر ئەوان بمان کوژن... کە ڕۆیشتن، دەبێت ئێوە لەناو ئەو سەبەتەیەدا بێنە دەرێو بۆ ئەو شوێنە رابکەن کە بتوانن رزگار بن تیایدا. ئەگەر ئێمە بمرین، دەبێت ئێوە زیندوو بمێننەوە. ئێمە تەنیا خەمی ئێوەمانە. ئەم قسانە ئێمەیان گریاند، نەماندەزانی کە چی روو دەدات. ئەوان ئێمەیان لەوێ شاردەوە و پێیان وتین: هیچ قسەیەك مەکەن، تەنانەت نابێت کەس گوێی لە هەناسەشتان بێت. کاتێك ئەوان هاتن بمانکوژن، ئێوە مەگرینو هیچ شتێك مەکەن. بەبێ دەنگی بمێننەوە بۆئەوەی ئەوان نەتوانن بتان دۆزنەوە. وتیان: ئێوە بەزیندووی دەمێننەوەو رەنگە هەندی خزمی ئێمەش بەزیندووی بمێننەوە و دەبێت ئێوە بچەنە لایانو پێیان بلێن کە ئێمە رزگارمان بووە. بەهەر شێوەیەك بێت ئەم رووینەدا، خوا بەزەیی پیاماندا هاتەوە. ئەوان نەهاتن بمانکوژن. بەم شێوەیە ئێمە لەناو سەبەتەکە هاتینە دەرەوە و خۆشحاڵ بووین کە هیچ رووینەدا. ئێمە هەمومان خۆشحاڵ بووینو بەیەکەوە دانیشتین. ئەوان وتیان: ئەمڕۆ ئەوان ئێمەیان نەکوشت و دوایانخست. ئێمە نازانین کە بۆماوەی چەند سوپاسی خوامان کردو خۆشحاڵ بووین بەوەی کە ئەو ئێمەی لەمردن رزگار کرد".

ئەم چەند نموونەی سەرەوە دەریانخست کە لەچەندین شاردا زەحمەتی جووەکان زیادی دەکرد و لەلایەن حکومەتو دراوسێیەکانەوە دەترسێنران. ئەم

بەسەرهاتەی داهاتوو ئەوە بەدەردەخەن کە لەناوچە گوندنشینەکاندا ئەم ترسە بۆ سەر کۆمەڵگای جوولەکە بەشێوەیەکی بەرچاو لە ئارادا بوو.

٢. هەڕەشەو هێرشە خێڵەکیەکان بۆسەر جووەکان

کەسە خێڵەکیەکانی کورد بەگشتی سوودیان لە هەر بارودۆخێکی نائارامی سیاسی وەردەگرت. نەیاریکردنی جووەکان لەپەرلەمانو میدیاو شەقام بەهانەیەکی باش بوو بۆ خێڵ کە هەوڵبدات چەند سوودێکی ماددیان لەجووەکانەوە چنگ بکەوێت. لەگەل ئەوەشدا چەندین سەرکردەی خێڵەکی هاولاتیە جووەکانیان دەپاراست، وە لەو مانگە پڕ لەئالۆزیانەدا هەندێك لەپیاوە خێڵەکیەکان نەیاندەتوانی بەرگەری ئەوە بگرن کە سوود لەو نائارامیەی جووەکان وەرنەگرن. ئەو جوولەکانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کرا باسی چەندین نموونەی لەو دیاردەیە دەکەن.

لەکاتی جەژنی دروێنە لەساڵی ١٩٤٨، لەسەرەتاکانی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، بارودۆخی عێراق زۆر نالەبار بوو. لەشەقامدا، ئاژاوەگێڕەکان جوێنیان بەجووەکان دەداو بەردو پەلکە میوەیان تێ دەگرتن. خۆپیسساندانە گشتیەکان لەدژی جوولەکەو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل ئاماژەیەك بوو بۆ گۆڕانی رای گشتی. پروپاگەندەی ئەوە بڵاوبوەوە کە کوشتارگەلێك لەدژی جووەکان بەئەنجام بگەیەنرێت. ئەو جوولەکانەی لە رووداوە پێشهاتوەکان دەترسان، بەناچاری کەوتنە خۆیان بۆ بەرگری کردن لەخۆیان. جووەکان بەرگریکردنەکەیان ئامادەکرد و بەردو رۆنیان لەسەر بان کۆکردەوەو چەکی وەك چەقۆو خەنجەرو دەمانچەو تفەنگو شتی تریان ئامادەکرد. لەسەرجەم شارەکانی کوردستاندا، جووەکان خۆیان ئامادەکرد بۆ هەر رووبەڕوبونەوەیەك. ئەم چەند باسەی خوارەوە هەستی نائارامی لەناو جووەکان لە کۆتاییەکانی ساڵی چلەکاندا دەردەخەن

**أ. ئاكرێ**

لە ئاكرێ دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە پیاوە خێڵەکیەکان پلانیان داناوە بۆ کوشتنی جووەکان. جووەکانیش کەلوپەلی پێویستسان ئامادە کردبوو بۆ هەر هەڕەشەیەك کە بکرێتە سەریان. ئەندامە گەنجەکانی کۆمەڵگاکە خۆیان بەدروستی رێك خست و هەوڵیاندا بەیەکەوە کاربکەن. هەر تاکێکی جولەکە چەکێك، چەقۆیەك یان هەرشتێك کە بەدەستیانەوە بوو ئامادەکرد. جووەکان پاسەوانیان دانا لەسەرجەم کۆلانەکانی خۆیاندا، پاسەوانەکان بەرپرسیار بوون لەپاراستنی شەقامو رێگاو خانووەکان. ئێمە خۆمان بەشێوەیەك رێك خستبوو کە هەرچی لەتوانامانداو بێت بکەین کە ئەگەر کەسێك هێرش بکاتە سەرمان وە نەهێڵین بەزیندوویی دەرچێت.

رۆژێکیان خزمەتکارەکانی شێخ موستەفا مەلا جبرائیل هاتنە لای یتزاك خواجە خینۆی سەرۆکی کۆمەڵگای جووەکان و پێیان وت: هەموو شێخەکانی ناوچەکە لەماڵی شێخدا کۆبوونەتەوە وە داوای کردووە تۆش ئامادە بیت. خواجە خینۆ بە هاورێیەتی پێنج گەنجی جولەکە بەرەو ئەوێ بەڕێ کەوت. شێخ باوکمی لەلای خۆی دانیشاندو پیاوەکانی لەپشت سەری وەستان. شێخ لە یەکێك لە گەنجەکانی بنەماڵەی خواجە خینۆی پرسی کە ناوی ماجد بوو:

" تۆ هاتوویتە ئێرە بۆئەوەی پارێزگاری لە مامت بکەیت، وەك ئەوەی بڵێی لە شوێنێکە کەسێك دەیەوێت ئازاری بدات. ئەگەر ئێمە بمانویستایە ئازاری بدەین، ئەو کات تۆ دەتوانی هیچ شتێك بکەیت لەدژی ئەو هەموو کەسانەی لێرەن؟ ماجد پێی وت: جەنابی شێخ، ئێمە نەهاتووینەتە ئێرە بۆئەوەی ئاژاوە بنێینەوە. ئێوە داواتان کردووە ئێمە بەژداربین، بۆیە رێزمان لەئێوە گرتووە. ئەگەر ئێوە پێنج کەس لە ئێمە بکوژن، بێگومان ئێمە سەد کەستان لێ دەکوژین".

مەبەستی ئەو کۆبوونەوەیە لەو کاتەدا روون بوەوە کە شێخ بە خواجە خینۆی وت کە شێخ کاژۆی بجیلی لەگەڵ براکانیو شێخ قەیومی مامی دەهاتن بۆئەوەی جووەکان بکوژن. یەتزاك خواجە خینۆ پێی وت: خۆ ئێمە مەڕ نین، ئەگەر شێخی بجیل بیەوێت هێرشمان بکاتە سەر، ئەوان روبەڕوی بەرپەرچدانەوەیەکی دژوار دەبێتەوە. لە هەمانکاتدا شێخ مەلا موستەفا جبرایل پێشنیاری ئەوەی کرد کە جووەکان پەیوەندی بە پیاوەکانیەوە بکەن لە هێرشێك لەدژی بنکەی پۆلیس کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە گوللە هاوەنو تەقەمەنی تیادا بوو، بۆئەوەی چەکی زیاتریان دەست بکەوێتو پاشان بەیەکەوە بەرگری لەجووەکان بکەن. یتزاك خواجە خینۆ ئەو پێشنیارەی رەت کردەوە. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك، شێخ کاژۆ نکۆڵی لەوە کرد کە هەرگیز بەتەمای ئازاردانی جووەکان بووبێت. ریش سپیەکانی بنەماڵەی خواجە خینۆ لەگەڵ شێخ کاژۆ و براکانی چوونە لای موستەفا مەلا جبرایل وە وتیان: بەپێچەوانەوە! گوێمان لێبووە کە تۆ دەتویست ئازاری جووەکان بدەی. واپێدەچوو شێخ موستەفا مەلا جبرایل بەتەمای کێشە نانەوە بووبێت لەنێوان جوولەکەو حکومەتتدا. هۆکارەکەشی بریتی بوو لەوەی کە ئەگەر جووەکانی ئاکرێ لەگەڵ شێخەکاندا توشی کێشە بن، ئەوان دەتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن، بەڵام ئەگەر لەگەڵ پۆلیس یان حکومەت تێکەون ئەوا هیچ بەهانەیەك نیە لەدژی شەڕکردن لەگەڵ حکومەت.

ئەم بەسەرهاتە وەرگیراوەی راپۆرتی سەربازی بەریتانیا لەساڵی ١٩٢٩ سەبارەت بە مەلا جبرایل ئەوی نیازەی سەرەوەی دەردەخات لەدژایەتیکردنی شێخەکانی خێڵی سورچیو حەزی تۆڵەسەندنەوە بۆیان:

" پاش کۆتایی هاتنی جەنگ ئەو بەژداری هیچ کردارێکی تاوانکاری نەکردووە لەناوچەی ئاکرێدا. ئەو پەیوەندی زۆر خەراپە لەگەڵ شێخ عبیداللەی

سورچی. ئەو خۆی وانیشان دەدات لایەنگیری حکومەتە، بەڵام ئارەزووی بۆ داونانەوە زۆرە".

ب. زاخۆ و دهۆك

دوو رووداو کە شایەنی باسکردنن لەشاری زاخۆدا روویاندا، وە هەردووکیان کۆبوونەوەی خەڵکانی خێڵەکی بوو لەدەوروبەری زاخۆ بۆئەوەی ناڕەحەتی لەنێوان جووەکانی ئەو شارەدا دروست بکەن. روداوی یەکەم لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەم روویدا، لەو کاتەی بارودۆخی ئابووری لەعێراق لاواز بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لایەنی شیوعی بتوانن پشتگیری هەژاران بەدەست بهێنن. لەشاری زاخۆدا، چالاکیە کۆمۆنیستەکان بریتی بوون لە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەو نامیلکە لەدژی حکومەت. گرنگترین ئەندامانی کۆمۆنیسات بریتی بوون لە ئەندامانی بنەماڵەی ئیساکۆ کە لەو خۆپیێشاندانەدا بەژداریان کرد کە بۆ دژایەتی کردنی حکومەت رێك خرابوو، وە هێرشیان کردە سەر سەرمایەدار و خاوەن زەویە زۆرەکانی بنەماڵەی شەمدین ئاغا، کە ئەرکی پاراستنی جووەکانیان لەئەستۆ بوو. ململانێکان پەرەیان سەند لەوکاتەی کە گەنمو جۆ کەمی کرد. لە ئابووری پاش جەنگدا، نرخی دانەوێڵە بەرزبووەوە بەپێوانەی ١٠٠ لەساڵی ١٩٣٩ بۆ ٧٧٣ لەسەرەتای ١٩٤٣. بەرهەمهێنەرو مامەڵەکارانی دانەوێڵە، وەك حازم بەگ، لەم دۆخەدا قازانجیان کرد. لەناوەڕاستی هاوینی ١٩٤٦، پارتی کۆمۆنیست خۆپیشاندانێکیان لەدژی حکومەت رێك خست. لەو رووداوەدا، خۆپیشاندانەکانی دژی بنەماڵەی شەمدین ئاغا هانی حاجی ئاغای دا، کە ئەندامی بنەماڵەکەو سەرۆك شارەوانی شارەکە بوو، کە پەیوەندی بەو سەرۆك ئاغایانەوە بکات کە خزمایەتی خوێنییان لەگەڵدا هەبوو، بەتایبەت شێخەکانی سندیو سلیڤانی، بۆئەوەی یارمەتی بدەن.

لەو کاتەی پیاوانی خێڵ لەزاخۆ نزیك بوونەوە، ئابلووقەی دەوروبەری شارەکەیان دابوو وە گوێدرێژو ئەسپەکانیان شەقامەکانی زاخۆیان پڕ کردبوو. قایمەقامی شارۆچکەکە، کە مەسیحیەك بوو بەناوی ئەلعەزار بەگ، بەپەلە چووە لای حازم بەگ و حاجی بەگ، کە دوو کەسایەتی گرنگی شارەکە بوون، داوای لێکردن کە ڕێگری بکەن لەهاتنە ناوەوەی ئەم پیاوانە بۆناو شاری زاخۆ بۆئەوەی نەبێتە گۆڕەپانی جەنگ. بەگوێرەی وتەکانی یەکێك لە قسەکەرەکان، ئەم ململانێیە بوو بە تێکۆشانێکی سیاسی لەنێوان بنەماڵەی ئیساکاو حازم بەگ. موسوڵمانو جووەکانی زاخۆ لەوە دەترسان کە ئەوان بۆ ئەوە هاتبن لەدژی جووەکان جەنگ بکەن، بەڵام نیازی حاجی ئاغا تەنیا بۆ لەناوبردنی بنەماڵەی ئیساکۆ بوو. ئەم ململانێیە بۆماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو. لەڕۆژی چوارەمدا بارودۆخەکە ئارامی بەخۆیەوە بینی وە بەهۆی ئەوەی فەرمانێك لە بەغداوە دەرچوو, پیاوە خێڵەکیەکان دەستیان کرد بەپاشەکشە لەزاخۆ. رافایل موشی زاکین کە بۆ مەبەستی کاری دەسگێڕی لەزاخۆ دەردەچوو، ئەو بارودۆخەی وەسف کردووە. لەرێگای دەرچوونی لەزاخۆوە، چاوی بە بەشار ئاغای کوڕی صلاح ئاغای سندی کەوت کە ئەمەی دووەمیان پەیامی دڵنیایی دایە جووەکان:

"ئەی جوولەکەکەم، خەم مەخۆن. ئێمە مەبەستمان ئازاردانی ئێوە نیە، وە ئەگەر تۆ گەڕایەوە زاخۆ ئەمە بەئامۆزاکانت بڵێ... هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەت کۆبکەرەوەو پێیان بڵێ: مەترسێن، ئێمە ئامانجمان جووەکان نیە".

ئەو یەکسەر گەڕایەوە زاخۆ بۆئەوەی بە ئەندامانی بنەماڵەکەی رابگەیەنێت. ماوەیەکی زۆر بوو پیاوانی خێڵ زاخۆیان جێهێشتبوو وە دەوروبەری

شارەکەیان چۆڵ کردبوو، بەم شێوەیە ترس‌و دڵەڕاوکێ لەدڵی جووەکان نەما، بەڵام تەنگژەی نێوان بنەماڵەی شەمدین ئاغاو ئیساکۆ هەر بەردەوام بوو[٢٢٧].

هەردوو روداوەکە کە یەکێکیان لەناوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٤٦ روویدا وە ئەوی تریش دوو سێ ساڵ دواتر، دوابەدوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل، لەو کاتەی کە نزیکەی سەد کەس لە پشتیوانانی شێخ قاسم لە کۆڵانی جووەکاندا لە زاخۆ کۆبوونەوە بۆ هەڕەشەکردن لەماڵ‌و ژیانی جووەکان. بەئاماژەدان بەهەردوو مەسەلەکە، واتە ململانێی نێوان هەردوو بنەماڵەکەو ئەو رووداوەی دواییان، جووەکانی زاخۆ تێبینی ئەوەیان کرد کە پیاوانی خێڵ دەورەیان لەشارەکە دابوو وە دەیانویست جووەکان بکوژن و دەست بەسەر

---

٢٢٧ بە گوێرەی وتەکانی گورجی زاکین، حازم بەگ نامەیەکی نهێنی بۆ عبداللە حاجی میرۆ نارد بۆئەوەی زاخۆ بەجێ بهێڵێت ئەگەرنا چارەنوسێکی تاڵی دەبێت. عبداللە کۆگایەکی باشی لەزاخۆدا هەبوو وە لەگەڵ خانووەکەی تەسلیمی محمدی ئامۆزای کرد، وەپاشان چووە کەرکوك. هاوسەرەکەی‌و سێ منالەکەی لەگەڵی چوون. سەبرۆی خێزانی، کە لە بنەڕەتدا جوولەکە بوو, سالانە سێ جار دەگەڕایەوە زاخۆ بۆ ئەوەی سەردانی دایکی بکات. لەکاتی ئەو سەردانانەیدا، جۆرێك لە خۆشەویستی لە نێوان ئەو و محمدی ئامۆزای عبداللە دروست بوو. جارێکیان کە عبداللە سەردانی شاری زاخۆی کرد، بەیەکەوە پلانیان دانا بۆئەوەی بیکوژن, ی‌وە پلانەکەشیان سەری گرت. ئەوان لەلایەن پۆلیسەوە دەسگیرکران‌و بەمردن حوکم دران. هەواڵی حوکمی مردنەکەیان هانی هاوڕێکانی عبداللە یان دا بۆئەوەی خۆپیشاندانێك رێك بخەنکە ئامانج لێی حازم بەگ بوو، وە دروشمی بژی دادپەروەری بلێنەوەو ئاماژە بەوە بکەن کە ئەو دەستی لە کوشتنەکەدا هەبووە. حازم بەگ بەپەلە حکومەتی ئاگادار کردەوە کە ئەوان دەسگیر بکەن و بارودۆخەکە گەڕایەوە باری جاران، بەڵام هەموویان بەبێ تاوان دەرچوون.

ماڵەکانیاندا بگرن. بەم هۆیەشەوە جووەکان خۆیان لەماڵەوە حەشاردا لەترسی ئەوەی ژیانیان لەدەست بدەن. بیرەوەریەکانی هەردوو رووداوەکە وەك یەك مەترسیان لەسەر ژیانی جووەکان دروست کردبوو. ئەم رووداوەی خوارەوە ئاماژە بەو ماوە دژوارە دەدات دوابەدوای دووستبوونی دەوڵەت ئیسرائیل. لەو کاتەدا لەشاری زاخۆ، گومانێکی واهەبوو کە ئەو پیاوە خێڵەکیانەی لەنوێژی هەینیدا بەژدارییان کردبوو، جووەکان دەکوژن، ئەمەش لەو کاتەدا بوو کە ئیمامی وتارەکە جەماوەر هانبدات بۆ ئەم کارە. لەشەوی پێنج شەممەدا، ناڕەحەتی جووەکان بەهۆی ئەم دەنگۆیانەوە گەیشتە لوتکە، وە کوردە خێڵەکیەکانیش دەبوایە بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە بەشارەکەدا بگەڕێن. وادیاربوو کە لەکاتی بەڕێوەچوونی وتاری هەینیدا، ئیمام سەرەڕای ئەوەی کە هانی خەڵکی نەدا لەدژی جووەکان، بەلکو ئاگاداری کردنەوە کە هەرکەسێك ئازاریان بدات لەلایەن پیاوانی خێڵ و حکومەتەوە ئازار دەدرێت. بەم شێوەیە کێشەکە کۆتایی هات.

بەسەرهاتێکی تر لەزاخۆدا باسی ئەوە دەکات کە دەنگۆی ئەوە هەبوو لە رۆژێکی دیاریکراوی هەینیدا، ئەوان دێنو جووەکان سەردەبڕن. ساسۆن ناحوم لەراپۆرتێکدا دەڵێت کە لەرۆژی هەینیدا جووەکان ئاگادار کرانەوە کە ئەوان دوو کاتژمێری تریان ماوە بۆئەوی لەدهۆك بمێننەوە. ساسۆن روونی کردۆتەوە:

" لەڕۆژی هەینیدا، گوندنشینان لەدهۆك دەهاتنە ناو مزگەوت بۆئەوەی نوێژ بەئەنجام بگەیەنن، ئەوان وتیان کە دوای تەواوبوونی نوێژەکە، ئەوان دەمانکوژن. ئێمە زۆر ترساین. دوکانەکانمان داخست وە لەماڵدا دەرگامان لەسەر خۆمان داخست".

بەپێی راپۆرتەکان، چەندین ئەندامی کۆمەڵگای لەدهۆك، وەك ساسۆن ناحومو شلۆمۆ دەیڤید سلێمانو دەیڤید(داود) بیری، داوای یارمەتیان لە

سەعید ئاغای دۆسکی کرد کە لەوکاتەدا لە چایخانەیەك دانیشتبوو. ساسۆن ناحوم دەگێڕێتەوە کە ئەوان ئەم چەند قسەیەی خوارەوەیان پیٚ وت:

" ئاغا، ئێمە ترسمان لیٚ نیشتووە، ئێمە هەموو جۆرە دەنگۆیەکمان گویٚ لێدەبێت. ئەوە پێی وتین: ئێوە دەتانەوێت من چیتان بۆبکەم. لێرە برۆ، ئەمە کێشەی من نیە. ئەو بەم وتانەی زیاتر ئێمەی ترساند، چونکە لەپێشدا ئەگەر شتێکی واهەبوایە، ئێمەی ئارام دەکردەوە وە ئێستا بەجیاواز لە جارەکانی پێشوو قسەدەکات".

نوێنەرانی جوولەکە سەعید ئاغایان جێهێشت کە پێشتر یارمەتی جووەکانی دەدا، بەتایبەتی ئەگەر هەلێکی بۆ هەلکەوتبایە بۆئەوەی پارەی دەست بکەوێت لەبەرامبەر ئەو یارمەتیەی. ئەوان بەرەو لای دکتۆرێکی جوولەکە رۆیشتن بۆئەوەی داوای یارمەتی لێبکەن، لەبنەڕەتدا خەلکی بەغدا بوو، بەلام لەدهۆك نیشتەجیٚ بوو. ئەو پەیوەندی بە قائیمەقامی دهۆکەوە کرد، کە لەو کاتەدا لەشاری هەولێر بوو وە بەپەلە گەڕایەوە دهۆك. هەر کە گەیشتەوە، بەخۆیو سەعید ئاغا، کە بەئامادەبوونی فەرمانبەرانی حکومەتو دکتۆر رەفتاری گۆڕدرا، بەئۆتۆمبێل بەناو سەرجەم شەقامەکانی شاردا گەڕان. سەرەڕای ئەمەش، پیاوەکانی سەعید ئاغا بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕان کە لەگوندەکانەوە هاتبوونە دهۆکو دەریانکردن. ئەم دیمەنانە جووەکانی دلنیاکردەوە کە ئیتر ئەوان سەلامەتن. هەردوو رووداوەکەی دهۆکو زاخۆ هەمان سروشتیان هەبوو: لەهەردووکیاندا دەنگۆی ئەوە بلاوبووەوە کە جووەکان دەکوژرێن، لەهەردووکیاندا پیاوانی خێلٚ بەتەمای ئەم کارە بوون کە بۆ نوێژی هەینی هاتبوون کە تیایدا وتارێکی گشتی لەیەکێك لەمزگەوتە سەرەکیەکانی هەردوو شارەکە دەوترایەوە.

**ج. ساندوور**

لاوازبوونی پەیوەندی نێوان موسوڵمانو جووەکان کاریگەری لەسەر ساندوریش هەبوو، کە تاکە گوندی جوولەکە بوو تیایدا تەنیا جووتیارە جووەکان چاودێری کێڵگەکانیان دەکرد، وە لەژێر چاودێری سەعید ئاغای دۆسکیدا بوو. بەگوێرەی وتەکانی صالح رەحامیم:

" کاتێك جەنگی عەرەبو ئیسرائیل هەڵگیرسا، کوردە موسوڵمانەکان وتیان: ئەگەر لە فەلەستین جووەکان عەرەب بکوژن، ئێمەش ناچار دەبین لێرە جووەکان بکوژین. لەدوا نیوەڕۆیەکی رۆژی هەینیدا، ژمارەیەکی زۆر لەپیاوانی چەکدار لەسەر چیایەکی نزیك ساندور کۆبونەوە. کاتژمێر سێ یان چواری دوا نیوەڕۆ بوو. ئێمە چووینە لای ریش سپییەك کە ناوی ساسۆن بوو وە پێمان وت: ساسۆن، ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەکوردەکان لەدژی ئێمە کۆبونەتەوە، پێت وایە دەبێت چی بکەین؟ وتی: بۆچی ئێوە دەستەوەستان راوەستاون؟ بڕۆن بە سەعید ئاغا رابگەیەنن، ئەو دەزانێت چی بکات. یەکسەر دوو گەنج چوونە دهۆك، کە کاتژمێرو نیوێك دوور بوو. ئەوان گەیشتنە لای سەعید ئاغا وە گێچەڵەکەیان پێ راگەیاند".

سەعید ئاغا سەد پیاوی کۆکردەوە و پێی وتن: دەبێ ئێوە بەلایەنی کەم بیست هەتا سی کەسیان بکوژن، ئەو مەبەستی رکابەرەکەی بوو بەناوی مەلۆ کە بۆ دژایەتی کردنی جووەکان هاتبوون. سەعید ئاغاو پیاوەکانی لەشەوی هەینیدا لەساندور بەیەك گەیشتن. ئەمە بەس بوو بۆئەوەی نەهێڵن ئەوان هێرش بکەنە سەر جووەکانی ساندوور. نزیکەی بیست پیاوی خێڵی دۆسکی لەساندووردا مانەوە بۆئەوەی لەشەودا پارێزگاری لە گوندنشینە جووەکان

بکەن. جێگای تەواو نەبوو بۆ نووستنی هەر بیست کەس. دوابەدوای ئەو شەوە ئەوان گەڕانەوە ماڵەکانیان. بەگوێرەی وتەکانی صالح رەحامیم:

"سەعید ئاغا نامەیەکی بۆ حاجی مەلۆ نارد کە تیایدا نووسی بووی: تۆ شەرم لەخۆت ناکەیتەوە، دێیە ئێرە بۆئەوەی جووەکانی من بکوژیو تاڵانیان بکەیت؟ ئەگەر بڕیارێك لە حکومەتەوە هاتبوایە بۆئەوەی جووەکان بکوژن، من ئەو کەسە دەبووم کە دەبوایە بە فەرمانەکە هەڵسمو بیانکوژم، چونکە ئەوانە جوولەکەی منن. تۆ بۆچی پیاوەکانی خۆت بۆ کوشتنی ئەوان ناردووە؟"

بەپێی راپۆرتەکان، سەعید ئاغا دەیزانی کە ئەمانە جوولەکەی ئەو بوون بەباش یان خەراپ دەبوایە چاودێریان بکات. رەفتارەکەی لەساندور زۆر جیاواز بوو لەوەی کە لەسەرەتادا لەدهۆك کردی، هەروەك لەسەرەوە باس کرا، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە چونکە کاتەکە جیاواز بوو یان لەبەر ئەوە بوو کە جووەکانی ساندوور تەواو لەژێر بەزەییو بەرپرسیاریەتی ئەوان بوون. رەفتارە جیاوازەکەی ئاغا لەدهۆكو زاخۆ رەنگە هۆکارەکەی ئەوە بووبێت کە ئەو هێرشەی دهۆك لەلایەن هۆزێکی نزیك لەهۆزەکەی ئەنجامدرا، بەڵام لە ساندور هێرشەکە لەلایەن دوژمنێکی سەرسەختەوە بوو.

### د. غەرزەنجیل

ئەم نموونەیەی خوارەوە ئەوە دەردەخات کە پیاوە خێڵەکیەکان چیان لەمێشکدا هەبوو لەکاتی بیرکردنەوە لەهێرشیٚ بۆسەر جووەکان لەو کاتە قورسو پڕ کێشەیەدا. خێزانی یەتزاك مەنهایم رویان کردە گوندی غەرزەنجیلی سەربە پارێزگای موصل، کە تیایدا زۆربەی جووەکان لەکەرتی کشتووکاڵیو جۆلاییو بازرگانی کاریان دەکرد. دوابەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەساڵی ١٩٤٨، کۆمەڵێك لەپیاوانی خێڵی گۆران دەوری

گوندەکەیانداو چەند گوللەیەکی ئاگادارکردنەوەیان تەقاندو هێرشیان کردە سەر جووەکانی گوندەکە. ئەوان دوو سەد مەڕو دە ئەسپو هێسترو سی سەر ئاژەڵو پانزە گوێرەکەیان دزی. ئەو پانزە خێزانەی کە لە گوندەکەدا دەژیان، کەمێك چەکو تەقەمەنیان هەبوو، کە بریتی بوون لە پێنج تفەنگو دە دەمانچە، بەڵام نەیاندەتوانی لەبەرامبەر سەد پیاوی چەکدار خۆیان رابگرن. بەپێی راپۆرتەکان، گەنجێکی جوولەکە بەناوی ناحوم بەرگری هێرشەکەی کرد. ئەو چەکی خۆی لەبەرامبەر هێرشبەرەکان بەکارهێنا، بەڵام کوژرا. دوو جوولەکەی ترو موسولمانێك لەو هێرشەدا بریندار بوون. لە کۆتاییدا، پۆلیس توانی دەست درێژیکاران دەسگیر بکاتو بیانداتە دادگا، وە گۆرانەکان بەشێکی کەمی کەلوپەلەکانیان گەڕاندەوە. یەکێکی تر لە گەواهیەکانی ئەم بەسەرهاتە مۆردیخای سەیدۆی خەڵکی شوش لەنزیك ئاکرێ باس دەکات، کە زۆرجار سەردانی مامو خەزووری خۆی لە غەرزەنجیل دەکرد. لەیەکێك لەو سەردانانەیدا، دەگێڕێتەوە کە کوردە چەکدارەکان لەکاتژمێر دووی بەرەبەیان لەهەموو لایەکانەوە هێرشیان کردە سەر گوندەکە، هەرچیەك کە کەوتە بەر دەست، تالآنیان کرد. ئەوان هیچیان نەهێشتەوە، نە مەڕ نە مانگا نە ئەسپ. پاشان لە کاتژمێر چوار یان پێنجی بەرەبەیان رۆیشتن. دواتر ئەو شێخەی کە خاوەنی گوندەکە بوو لەگەڵ پۆلیس هاتن، بەڵام نەیانتوانی هیچ هاوکاریەك بکەن. بەپێی راپۆرتەکان، ئەم دوو رووداوە زەنگێکی ئاگادارکردنەوە بوو بۆ جولانی هەستی جوولەکەکانی غەرزەنجیل بۆئەوەی بەرەو ئیسرائیل بەڕێ بکەون.

### ه. تۆمەتو زیندانی کردنی جووەکان

هەراسانکردنی جووەکانی کوردستان تەنیا لەلایەن پیاوانی خێڵو لەیاسا دەرچووەکانەوە ئەنجام نەدەدرا، بەڵکو لەلایەن حکومەتیشەوە هان دەدرا. لەساڵی ١٩٤٧، وەزیری دەرەوەی عێراق بەلێژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەفەلەستین وت: چارەنووسی جوولەکەکان لە ولاتە موسوڵمانەکاندا بەو پێشکەوتنانەوە بەستراوە کە لە فەلەستیندا روودەدەن. هەتا نوری سەعیدی سەرۆك وەزیران بەشێوەیەکی نابەرپرسیارانە ئەوەی راگەیاند کە جووەکان وەك بارمتەن. هەروەك لەشوێنەکانی تری عێراقدا، جووەکانی کوردستانیش ئامانجی حکوومەت بوون بۆ لێکۆلینەوەو زیندانی کردن، هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

تاکو ١٤ ئایاری ١٩٤٨، بەشێوەیەکی ئاسایی نامە لەنێوان عێراقو فەلەستینی بەریتانی ئاڵوگۆڕ دەکران. جوولەکە کوردو عێراقیەکان، بەتایبەتی ئەوانەی خزمو هاوڕێیان پێشتر لە فەلەستین نیشتەجێ بوون، بە بەردەوامی نامەیان بۆ یەکتر دەنارد. بەکۆتایی هاتنی ئینتیدابی بەریتانی لە فەلەستینو راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەپانزەی ئایاری ١٩٤٨، حکومەتی عێراق دەستی بەسەر هەموو ئەو نامانەدا گرت کە لەفەلەستینەوە بۆ عێراق دەهاتنو سەرجەم ئەو نامانەی دەنارده دەزگای هەواڵگری عێراقی. حکومەت هیچ جۆرە رێکارێکی یاسایی نەگرتە بەر بۆئەوەی رێگری بکات لە ناردنی نامە لە فەلەستینەوە، بەڵام هێشتا ژمارەیەکی زۆر لەو جوولەکانەی کە لە فەلەستینەوە نامەیان بەدەست گەیشتبوو، لەناکاو بردران بۆ بنکەی پۆلیس وە دەسبەسەر کران. پۆلیسی نهێنی دەستی بەسەر ئەو نامانەدا گرتو لەناو فایلدا هەڵی گرتن بۆئەوەی لە پاشەڕۆژدا بەکاریان بهێنێت، بێ ئەوەی گوێ بەناوەڕۆکی نامەکان بدات. بۆئەوەی جووەکان تاوانبار بکات، حکوومەت

دەستی بەسەر نۆ فەردە نامەدا گرت کە لە فەلەستینەوە بەرەو عێراق نێردرابوون. پۆلیس ئەوانەی کە لە فەلەستینەوە نامەیان بۆ هاتبوو دەسگیر کرد وە دادگایی کردن، هەرچەندە ئەو نامانە لەو کاتەدا نێردرابوون کە هێشتا یاسا رێگری لێنەکردبوون وە سنووری نێوان هەردوو وڵات کراوە بوو. حکومەتی عێراق ئەو نامانەی لە فەلەستینەوە هاتبوون کردە بەهانەیەك بۆ تاوانبار کردنی جووەکان بە نادڵسۆزی بۆ حکومەت و لایەنگیری چالاکی زایۆنیستی. بەم شێوازە، عیراقیەکان یوسف گەملیلیان دەسگیر کرد، چونکە نامەیەکی لە راهیبی پێشووی دهۆك حاخام شالۆم شیمۆنی پێگەیشتبوو کە پێشتر چووبوە ئۆرشەلیم. لە نامەکەدا هاتبوو:

" بەریتانیەکان بەم زوانە ئۆرشەلیم جێدەهێڵن وە هەروەها موسوڵمانەکانیش دەڕۆن. وە ئەم شارە لەلایەن جووەکانەوە حوکم دەکرێت وە ئەگەر خودا بیەوێت، دەبێت تۆ بێیە ئێرە".

گەملیلی هەرگیز ئەم نامەیەی نەبینی، حکومەت بۆماوەی شەش مانگ هەلیگرت وە لە کۆتاییدا:

" ئەوان هاتن‌و منیان لە دووکانەکەمەوە بردە بنکەی پۆلیس. لەوێدا، ئەوان بەدار حەیزەرانێك لێیاندام. داوایان لێکردم کە ئەم نامەیە بخوێنمەوە. من هیچ زانیاریەکم سەبارەت بەم نامەیە نەبوو. بۆیە نامەکەم خۆێندەوە... کە لەلایەن حاخام شیمۆنی‌یەوە نووسرابوو.. ئەوان دەستیان کەلەبچە کردم‌و منیان بردە موصل....من حوکمی لەسێدارەدانم بۆ دەرچوو".

یوسف گەملیلی دواتر درکی بەوە کرد کە باوکی چووەتە بەغدا بۆئەوەی هەوڵی رزگارکردنی بدات. بەگوێرەی وتەکانی یوسف:

" باوکی خوا لێخۆشبووم شەش سەد دیناری لەگەڵ خۆی برد... لەشەودا دەستی گەیشتە نوری سەعید وە پارەکەی پێدا... بۆ بەیانی دواتر، کە دەبوایە

حوکمی کوشتنەکەیان جێبەجێ کردبوایە، بەڵام لێبوردن گەیشت. ئەو گەیشتبووە نوری سەعید وە پێنج سەد یان شەش سەد دیناری خستبووە ناو دەستی... نوری سەعید پێی وت: من نامەوێت، بەڵام دەتوانی بیدەیتە خزمەتکارەکەم. باوکم پارەکەی دا بەخزمەتکارەکانی. نوری سەعید وتی: تۆ بەم پیریەو بەتەنیا هاتووی، ئەم رێیە دورەت لەدهۆکەوە بڕیوەو هاتووی بۆ بینینی من... لەبەر خاتری تۆ، کوڕەکەت لەمردن رزگار دەکەم. هەر ئەو شەوە، نوری سەعید تەلەگرافێکی نارد کە بە نیازی جێبەجێ کردنی حوکمەکە بوون. هەر ئەو شەو... منیان لە پەتی سێدارە کردەوە".

ئەو بڕە پارەیە بەناو بەرتیلەو بەزەیی نوری سەعید، یوسفیان لەپەتی سێدارە رزگار کرد. دوابەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، جووەکانی زاخۆ هەستیان کرد کە زیاتر لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆل کراون، وەك سەرجەم شارەکانی تری کوردستان ئەوانیش تووشی هەراسانکردن بوونەوە. کۆمەڵگای جووەکان داوای یارمەتیان لە کەسایەتیە بەناوبانگەکانی حکومەت کرد. جوولەکەیەکی زاخۆ ئەم بارودۆخە لەم بەسەرهاتەی خوارەوەدا روون دەکاتەوە:

" لەزاخۆ کەسێکی مەسیحی هەبوو پێیان دەوت نەمرود، کە دوو برای هەبوون وە هەردووکیان سەربازی بوون لەسوپای عێراقی. یەکێکیان لەشەڕی نێوان سوپای عێراقو مەلا موستەفا بارزانی کوژرا وە ئەوی تریان زیندوو بوو. حەمیدی کوڕی نەمرود چاوی بە شموعیل گابای کەوت وە ئاگاداری کردەوە دەربارەی نیازی سوپا کە بەتەما بوون بێنو گومانلێکراوانی جوولەکە لەزاخۆ دەسگیر بکەن".

لەو کاتەدا، یاسای سەربازی هێشتا کاری پێدەکرا. لەرۆژی هەینی مانگی ئابی ١٩٤٨دا، حکومەت حەوت هاوڵاتی جوولەکەی شاری زاخۆی دەسبەسەر

کرد وە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردن سەبارەت بە پەیوەندیان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلو بزوتنەوەی زایۆنیزم. موشی گابای، سەرۆکی کۆمەڵگای جووەکان، یەکێك بوو لەو حەوت کەسە دەسگیرکراوانە. جووەکان بەتاوانی بەخشینی پارە بەرێکخراوی نەتەوەیی جوولەکە دەسگیر کرابوون. دوو لەم دەسگیرکراوانە، داوود ئیجۆ و صالح داود، چەند خزمێکیان لەئیسرائیل هەبوو. لە کۆتاییدا، حکومەت هەر حەوت جوولەکەکەی ئازاد کرد لە بەرامبەر هەریەکی بڕی پەنجا دیناریان لێ وەرگیرا وەك بەرتیل، بەڵام دوو کەسیان هیچ پارەیان نەبوو، حکومەت ئەو دوو کەسەی لە ژوورێکی جیاوازدا دەسبەسەر کرد. یەکێك لە لێکۆڵەرەوان هەتا زللەیەکی لە داود ئیجەدا. داود پێی وت: دەبێت تۆ شەرم لەخۆت بکەیتەوە کە لە کەسێکی شەلی وەك من دەدەیت. تۆ پیاوی حکومەتی، دەبێت بڕۆیتو لەئیسرائیل بەدوای براکەمدا بگەڕێیت. ئەوان هەموو قسەکانیان تۆمار کرد، بەڵام هەرکە پارەکەیان وەرگرت، هەموویان ئازاد کران. بەڵام دەکرێت بگوترێت بەرتیل هەموو کاتێك چارەسەری کێشەکان نەبوو، هەروەك ئەم نمونانەی خوارەوە بۆمان دەردەخەن.

### ١. بەندکردنی جووەکان بەتۆمەتی ستاییشکردنی ئیسرائیل

ژمارەیەکی بێشومار لەجووەکان ژیاتی خۆیان بە گواستنەوەی شتمەك دابین دەکرد، بەتایبەتی گواستنەوەی داری خانوو. ئەوان ئەم دارانەیان لە رووباری خابوورەوە بەردەدا تاوەکو رووباری هێزل لەباکووری زاخۆ بەدرێژایی رووباری دیجلە. گوندنشینە کوردەکان داریان دەبڕیو قەدەکانیان ئامادە دەکردو دەیانفرۆشتە ئەو جوولەکانەی کە ئەم دارانەیان بۆ بازرگانە جووەکان دەگواستەوە. جاربەجار ئەو کەسانەی ئەم کارەیان دەکرد دوو ئەوەندە دەبوون بەتایبەتی لەو کاتانەی بەرێگا شاخاویەکاندا دەچوون.

ئەم بەسەرهاتەی خوارەوە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٨ یان سەرەتاکانی ١٩٤٩ روویدا، لەوکاتەی جەنگی نێوان عەرەبو جوولەکە لە ترۆپکدا بوو. کۆمەلەیەکی بیستو پێنج کەسی، کە داریان لەرێگای گوندی دواڤمسکی دەگواستەوە، بۆ کۆکردنەوەی دارو فرێدانە ناو رووباری دجلە بۆئەوەی بینێرنە زاخۆ. ئەم بەسەرهاتەی خوارەوە لەلایەن دوو لەو کەسانەی رووداوەکەیان بەسەرهاتووە گێردراوەتەوە، ئەوانیش عەزیز شەڤرۆ و حەیۆ کۆهێن بوون. لەوکاتەی ئەوان لەزاخۆوە بەرەو دامڤسکی دەچوون، بەفرێکی زۆر قورس دەباری و ئەوان ناچار بوون بۆماوەی سێ رۆژ لە گوندی باتوفێ بمێننەوە. کاتێك رۆژ خۆشبووەوە و کەشوهەوا باشتر بوو، ئەوان چوونە دەرەوە بۆئەوەی هەندێك شایی بکەنو خۆیان گەرم بکەنەوەو لەبازنەیەکدا دەسوڕانەوە، گۆرانی "تی_ تی_ تی ئیسرائیل"یان دەوتەوە، ئەمە گۆرانیەکی ئایینیو کۆمەلایەتی ئەوان بوو، لەو کاتەدا دەوترێت کە بووكو زاوا دەبردرێنە پەرستگا. هەرچەندە ئەم گۆرانیە ناوی ئیسرائیلی تیادایە, بەڵام هیچ ئاماژەیەك بە زایۆنیزم نادات. عەزیز شەڤرۆ چەند وتەیەکی زایۆنیزمی بۆ زیادکرد, "ئێمە وتمان, دەبێ ئێمە ئالأی ئیسرائیل هەلگرینو شایی بکەین وە پاشان گۆرانی خاکی پیرۆز بلێینەوە بۆئەوەی خۆمان گەرم بکەینەوە". لەچاوپێکەوتنێکی تر لەگەلیدا ئەو دانی بەوەدانا کە ئەوان پەسنی دەوڵەتی ئیسرائیلیان کردووە بۆ ئەو سەرکەوتنانەی کە بەسەر وڵاتە عەرەبیەکاندا بەدەستیان دەهێنا، وە بەم شێوەیە چەند کوردێکی موسوڵمان لەم شایەدا پەیوەندییان پێوە کردن. تاکە تاوانی ئەوان بریتی بوو لەشایی کردنی کوردی لەدەرەوەدا بۆئەوەی گەرم ببنەوە وە چڕینی گۆرانی لەخۆشیاندا بۆ ئەو سەرکەوتنانەی دەوڵەتی ئیسرائیل بەسەر عەرەبە دوژمنەکانیاندا. کوردەکانی ئەم گوندە گلەیی ئەوەیان کرد کە ئەوان گۆرانییان بەسەر زایۆنیزمدا گوتووە، هەرچەندە هەندێك کوردیش لەم

شاییەدا بەژدار بوون. پۆلیس ئەوانی دەسگیرکرد و نارنجۆکێکی لەناو کەلوپەلی ئەواندا دۆزیەوە کە بۆمەبەستی ماسی گرتن بەکاردەهات. حەیۆ کۆهین وتی:

"ئێمە دەبوایە دار لەباتوفیێ بهێنین، کە چەند بارەگایەکی سەربازی لێبوو، تەواوی ناوچەکەیان دەپاراست. مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٩ بوو. بەفرێکی قورس دەباری کە نزیکەی مەترو نیوێك دەبوو. نەماندەتوانی لەناو خانوودا دەرچین. ئاگرمان کردەوە وە لەژوورەوە تاوڵەمان دەکرد. لەوکاتەی کە رۆژ لەدەرەوە بوایە کوردەکان یارییان دەکرد. لەناکاو یەکێك لە ئێمە، حەبیب یان یەحیا کەلەکڤان، لەچکێکی دەرهێنا وە بەدارێکەوە گرێیدا وە دەستی کرد بەشایی کردن لەدەوری خۆیدا وە گۆرانی "تی_تی_تی ئیسرائیل"ی وت. لەناکاو پۆلیس هات... پرسیاریان لێ کردن کە ئایا ئەوان هاتوونەتە ئێرە باری کوردەکان بشێوێنن... کەلوپەلەکانیان پشکنین‌و نارنجۆکێکی دەستیان دۆزیەوە کە بۆ ماسی گرتن بەکاردەهات. پارێزگار تاوەکو بەیانی ئێمە خستە بەندیخانە وە زۆر سەرمامان بوو. ئەو تەلەفۆنی بۆ زاخۆ کرد وە وتی کە ئەوان ئەو چەند کەسەیان دەسگیر کردووە بە ئاڵاو نارنجۆکێکەوە کە مەبەستیان بووە پردی نێوان عێراق‌و ئێران بتەقێننەوە... ئەو دەیویست واپیشان بدات کە چەند کەسێکی مەترسیداری گرتووە بۆئەوەی خۆی هەڵبکێشێت... نارنجۆکە دەستیەکەی ئێمە لەشێوەی تی ئێن تی بوو دەبوایە فیوزێکی درێژ بەکاربهێنین تا بتەقێتەوە. ئێمە فیوزەکەمان دادەگیرساند وە دەمانهاوێشتە ناو رووبار بۆ ماسی گرتن. بەکورتی، ئەو کوردانەی لەگەڵمان شاییان دەکرد، لەدژی ئێمە شایەتیان دا".

لەم نموونەیەدا شتێك ناڕوونەو سەرنجی راکێشام. بۆچی کوردەکانی باتوفیێ، کە بەپێی راپۆرتەکان لەگەڵ جووەکاندا شاییان دەکرد، پۆلیس ئاگادار

دەکەنەوە. ئەم پرسیارەم ئاراستەی عزیز شەڤرۆ کرد، ئەویش بەم شێوەیە بۆی روونکردمەوە:

"ئێمە لەگەڵ ئەفسەرێکی عەرەب کێشەمان هەبوو کە هاوسەرەکەی بێ رەوشت بوو. ئەو بۆ خۆشی لەگەڵمان شایی دەکرد. ئەم ئەفسەری پۆلیسە هاتە لامان( چونکە خێزانەکەی لەگەلیاندا شایی دەکرد) پێی وتن: ئێوە شەرم لەخۆتان ناکەنەوە کە ئاڵای ئیسرائیل بەرز دەکەنەوە و گۆرانی ئیسرائیل دەڵێن؟ ئەو چووە لای ئەفسەرەکە وە پێی وت کە ئەو گوێی لەوان بووە پێشتر لە باتوفیێ گۆرانیان بەسەر سەرکەوتنەکانی ئیسرائیل بەسەر ولاتانی عەرەبدا دەگوت".

کاتێك لێمان پرسی چ شتێك ئەو پۆلیسەی هانداوە. عەزیز شەڤرۆ شتێکی سەیرتری روونکردەوە:

" کەسێك لەناو کۆمەلەکەدا هەبوو بەناوی رەحیم سەعدۆ. پێی وتین سکالایەك لەدژی ئەو ئەفسەرە پۆلیسەی هەراسانی دەکردین تۆمار بکەین... راستی مەسەلەکە ئەوە بوو کە ئەفسەری پۆلیس سکالای نەکرد، ئەو تەنیا هاتبوو بڵاوەمان پێبکات... بەڵام سکالامان کرد کە ئەو ئێمە هەراسان کردووە. پاشان هاتە لامان وە لێمان پاڕایەوە کە ئەو کارە نەکەین، وتی کە ئەگەر سکاڵا بکەن ئەوا من لەسەر کار دەردەکرێم. ئێمە رێککەوتنێکی دوولایەنەمان هەبوو کە ئێمە سکالا نەکەین وە ئەویش لەلای سەرپەرشتیارەکەی بلێت کێشەکە چارەسەر کراوە. پاش ئەوەی ئێمە ئەومان جێهێشت، ئەفسەری پۆلیسەکە سەر لەنوێ سەرجەم بەسەرهاتەکەی نووسیەوە.... راستی مەسەلەکە ئەوە بوو کە رەحیم سەعدۆ نائومێدی کردین".

بەپێی راپۆرتەکان، جووەکان دەیانویست بەم شاییە خۆیان گەرم بکەنەوە وگۆرانیان دەوت دەربارەی ئیسرائیل و سەرکەوتنەکانی بەسەر عەرەبەکاندا.

ئەو ئالآ ئیسرائیلیەی کە دەوترێت بەرزکرابووەوە، تەنیا چەفیەیەکی رەنگدار بوو و هیچیتر. جووەکان وتیان کوردەکانی باتوفێ لە شاییەکەدا بەژداربوون[228]. بەپێی وتەکانی عەزیز شەڤرۆ، بەهۆی دەسگیرکردنەکەیانەوە، ئەوان بەدەست بەستراوی تاوەکو زاخۆ بەپێیان رۆیشتن. لەزاخۆ، بنەماڵەکانیان داوای ئازادکردنی ئەوانیان دەکرد، بەڵام پۆلیسی شارەکە پێی راگەیاندن کە تاوەکو ئەم مەسەلەیە لەژێر دەستی دادگای موصلدا بێ، ئەوان ناتوانن دەستی تێ بخەن. پاش تێپەڕبوونی پانزە رۆژ لەزاخۆ، پۆلیس جوولەکە دەسگیرکراوەکانی بەئۆتۆمبیل گواستنەوە زیندانی موصل. عەزیز شەڤرۆ بەم شێوەیە باسی لە رووداوەکە کردووە:

"هەر کە گەیشتینە ئەوێ، ئەفسەرانی پۆلیس پێیان وتن: ئێوە زایۆنیستین، ئێوە لێرە رزگارتان نابێت. ئەوان لێیان داین وە سەریان تاشین. ئەوان تەنەکەی کونیان پێداین وە پێیان وتن کە پڕ ئاوی بکەین مەیدانەکەی پێ بشۆین. ئێمە چۆن بتوانین ئەو تەنەکانە پڕ بکەین لەکاتێکدا بنیان کونە؟! لەهەمانکاتتدا، پۆلیسەکان بەدار لەسەریان دەداین تاوەکو خوێن بەلێشاو بەسەر سەرماندا دەهاتە خوارەوە وە ئێمەش بەهۆی ئازارەوە دەگریایین.... پۆلیس پێی وتین: ئێوە دەتانویست بڕۆنە ئیسرائیل وە عەرەب بکوژن؟ ئێوە خەیاڵتان خاوە! دەبێت لەڕۆژدا ئەستێرە ببینن تا دەتوانن ئەم کارە بکەن! ئەم ئازاردانە تا شەو بەردەوام بوو... بەیانی دواتر، سەرباز هاتن بۆئەوەی

---

٢٢٨ هیچ لەو کەسانەی بەسەرهاتەکەیان گێڕاوەتەوە ناوی ئەو پۆلیسەیان لەیاد نەبوو، بەڵام هەندێکیان زانیاری باشیان لەسەر هەبووە. ئەو عەرەبی موصل بوو. لەکۆتاییەکانی ئەو ساڵەدا بەهۆی قومارەوە پێنج سەد دیناری بردەوە. بەو پارەیە، خانوویەک و زەوی و پاسێکی پێ کڕی. دەستی کردەوە بە قومارکردن هەتا هەموو شتێکی دۆڕاند وە پاشان لەساڵی ١٩٤٩ خۆی کوشت.

لێکۆلینەوەمان لەگەڵدا بکەن... پێیان وتین: ئەگەر ئێوە نهێنی هاوڕێکانتان ئاشکرا بکەن لەبزووتنەوەی زایۆنیزمی، ئێمە لێتان نادەین، بەڵام ئەگەر ئەمە رەت بکەنەوە، هەموو ئێسکەکانتان دەشکێنین. ئێمە هەوڵماندا بۆیان روون بکەینەوە کە ئێمە تەنیا لەچیاکانەوە بەناو رووباری دیجلەدا دار بۆزاخۆ دەگوازینەوە... لێکۆلەرەوەکان پێیان وتین: گەواهی دراوە ئێوە ئاڵای ئیسرائیلتان بەرزکردۆتەوە و گۆرانیتان بۆ خۆپیشاندانەکەی ئیسرائیل وتوە. ئێمە بەوانمان وت: ئێمە بە ئەسپەکانمانەوە زاخۆمان جێهێشت کە دووری گەشتەکەمان ٤٤ میل بوو بۆ باتوفیٚ وە بەهۆی بەفرەوە نەمانتوانی لەسەر گەشتەکەمان بەردەوام بین تاوەکو هەوا خۆشی کردەوە. کەش‌وهەوا زۆر سارد بوو، بۆئەوەی خۆمان گەرم بکەینەوە، شاییمان کردو بازماندا وە گۆرانیمان وت، نزیکەی پەنجا گەنجی گوندەکەش لەگەڵمان شاییان کرد. یەك وشەمان لەدژی عێراق بەکارنەهێنا. لێکۆلەرەوەکان پێیان وتین: ئێوە لایەنگیری بیری زایۆنیزمن، ئێوە درۆ دەکەن. ئەوان فەرمانیان بە پۆلیس کرد کە لەسەرەوە تا ژێرپیٚ لێمان بدەن تاوەکو ناوی رابەری ئەو بزووتنەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن. ئێمە گریایین‌و هاوارمانکرد، پۆلیس بەبیٚ بەزەییانە بەشەق و بۆکس لێیداین، خوێن لە لاشەمان دادەچۆرِی. ئەوان هەرِەشەیان لێکردین وە پێیان وتین، ئێوە دەمرن ئەگەر بێتو زانیاریمان پیٚ نەدەن سەبارەت بە بزووتنەوەکەتان. بەیانی دواتر پێیان وتین: رەنگە راست بکەن کە وتتان کاری گواستنەوەی دار دەکەین، بەڵام ئێوە دەبێت چەك‌و تەقەمەنیش بۆ ئیسرائیل بگوازنەوە بۆئەوەی عەرەبەکانی پیٚ بکوژن. من پێم وتن: ئێمە تەنیا دار دەگوازینەوەو هیچیتر. ئێمەو باب‌و باپیرانمان هەمیشە دڵسۆزی عێراق بووین. دووبارە وتیان: ئێوە درۆ دەکەن، وە بە مستەکۆڵەی کوشندە لێیان داین. من ئەوەندە گریام‌و هاوارم کرد تا بورامەوە، چونکە ئەوان لوت‌و دەموچاویان شکاندم و خەلتانی

خوێنیان کردم. بۆماوەی سێ مانگ, یەك وشەمان بۆ لێکۆلەرەکان نەدرکاند. ئێمە خۆمان نەشوشتو جلوبەرگی خۆمان نەگۆڕی وە هیچ گۆشتمان نەخوارد جگە لە سێ نانو دوانزە دانە خورما لە رۆژێکدا. ئێمە نەماندەزانی کە چی بەسەر دایكوباوکماندا هاتووە وە ئەوانیش نەیاندەزانی ئێمە چیمان بەسەر قەوماوە".

دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ، حکومەت لەکۆی پانز کەس چوار کەسی ئازاد کرد. ئەوانی تر گواسترانەوە بۆ بەغدا وە لەوێدا چاویان بەدوو کەسایەتی گرنگی جوولەکە کەوت، ئەوانیش شالۆم صالح شالۆم و یوسف بەشری بوون، کە وابڕیار بوو لەکانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٢ لەسێدارە بدرێن. ئەو یانزە کەسەی مابوونەوە دادگایی کران وە قازی عبدالله نەعسانی هەموویانی بۆماوەی سێ ساڵ خستنە زیندانەوە. عەزیز شەڤرۆ وتی:

"ئێمە ناوی پەنجا کوردی خەڵکی (باتوفێ)ماندا، کە دەیانویست گەواهی بدەن ئێمە شتێکی هەڵەمان نەکردووە، بەڵام پۆلیس هەڕەشەی لەوان کرد وە کوردە ترسنۆکەکان گەواهیەکەیان گۆڕی"

لەبەندیخانەی بەغدا، بەندیەکان تووشی ئەزیەتو زەلیلی بوونەوە. بەندیخانەکە چوار سەد کوردی بارزانی تیادا بوون کە بەپێی راپۆرتەکان، بەندیە عەرەبەکان لێیان دەترسان، بەڵام ئێمە تێکەلیان بووین چونکە ئێمە کوردی زاخۆ بووین. لەناو زینداندا، ئەو بەندکراوەی بەرپرس بوو لە پاککردنەوەی ژوورەکان موسوڵمانێکی شیعە بوو بەناوی محمود قارداش، ئەو کەسە لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ چاودێری زیندانەکە وە هەوڵیاندەدا حەشیش بخەنە ژێر جێگای نوستنی زیندانیەکی جوولەکەی دەوڵەمەند بۆئەوەی ئازاری بدەن. پۆلیسی چاودێر پاسەوانی دەنارد بۆئەوەی ژوورەکانی زیندان بپشکنن. ئەگەر تلیاك لەژووری زیندانیەك بدۆزرابوایەوە، دەگواسترایەوە بۆ زیندانێکی تر

به ناوی (نوکرات سەلمان) لەسەر سنووری نێوان ئوردن–عێراق، کە پلەی گەرما لەویٚ زۆر بەرز بوو. پاسەوانەکە دە دینار سزای لە زیندانیەکە وەردەگرت، ئەگەر پارەکەی نەدابوایە دەیخستە ژووری تاکەکەسی. لەکۆی دوو سەد زیندانی جوولەکە، تەنیا پەنجاویەك کەس لەزیندانی بەغدا مانەوە، حکومەت ئەوانی تری گواستەوە بۆ زیندانی جیا جیای عێراق. بەگوێرەی وتەکانی عەزیز شەڤرۆ سالێکیان ئەو بوو بە پاککەرەوە و چاودێری ژوورەکانی زیندان کە تیایدا بیست هاوڵاتی جوولەکەی لەخۆ گرتبوو، لە هەر یەکێکیان مانگانە نیو دیناری وەك حەقدەستی کارەکەی وەردەگرت، دوای تێپەڕبوونی ساڵێك و شتێك لەزیندان پاسەوانەکانی زیندان هەموو زیندانیە جووەکانیان گواستەوە بۆ شوێنێك کە بەریتانیەکان دوو کۆگای نانەواییان تیایدا بنیاد دەنا. ئەوان شورەیەکی پێنج مەتر درێژ لەگەڵ دەرگایەکی داخراویان دروست کرد، وە محمود قارداش کلیلەکانی لابوو. لە کۆتاییدا، زیندانیە جووەکان بڕیاریاندا کە محمود قارداش لەسەر کارەکەی لابدەن کە کێشەی زۆری بۆ جووەکان درووست دەکرد وە باری ئەوانی خەراپتر دەکرد. ئەوان خۆیان ئامادە کرد بۆ جەنگ، ئەم جەنگە هەژدە رۆژ پێش تەواوبوونی مۆڵەتی زیندانی ئەوان روویدا.

"لە بەیانیەکدا، هەمووومان لەپشت شوورەکەوە وەستاین، هەرکە محمود قارداش دەرگای کردەوە، هەمووومان کەوتینە سەری وە پەلکوتمان کرد. هاواری کرد: ئەی هاوار فریام کەون! زایۆنیستەکان دەمکوژن! بەدەیان چاودێرو زیندانی هاتنە هاوکاریکردنی، بەڵام ئێمە بە ئازاییانە شەڕمان کرد. سەرۆکی پاسەوانەکان تەلەفۆنی بۆ صالح هومامی وەزیری پۆلیس کرد وە پێی وت کە زایۆنیستەکان هەوڵی راکردنیان داوە وە داوای هێزی پشتیوانی دەکەن بۆ راگرتنیان. ژمارەیەکی زۆری پۆلیس گەیشتنەجیٚ وە ئێمە چووین نهۆمی دووەمی نانەوایەکە وە هەڕەشەی ئەوەمان کرد کە کەلوپەلی بنیادنانی ئەو

کۆگایە لەو کەسانە دەگرین کە هەوڵی هاتنە ژوورەوە دەدەن. پۆلیسێك بەناوی ئەبو عومەر، دوای ئەوەی بەردێکمان تێگرت، بریندار بوو. ئەوان هەوڵیاندا بەسەر بانەکەدا بێن بۆئەوەی بریندارەکەیان ببەن، بەڵام ڕێگامان نەدان... ئەم بارودۆخە لەکاتژمێر شەشی بەیانی تا شەشی ئێوارە بەردەوام بوو وە پاشان بەرپرسی پاسەوانەکان هات بۆئەوەی لەگەلمان بدوێت".

بەرێکەوتنی هەردوولا ئەوە ئاژاوەیە بەکۆتا هات بەوەی کە هیچ ئازارێك بەسەر جوولەکە تێکدەرەکان نەسەپێنرێت وە بەرپرسەکەش بە قورئانو شای عێراق سوێندی خوارد. محمود قارداش لەپایەکەی دەرکرا، بەڵام چاودێرەکە دە زیندانی جوولەکەی گواستەوە چەند زیندانێکی تر وەك زیندانی (کوت و عەممارە)، سەرەڕای ئەو پەیمانەی کە پێیاندابوون. کە پرسیاری ئەوە کرا بۆچی ئەم گێژاوەیە هەژدە رۆژ پێش کۆتایی ماوەکە روویدا، عەزیز شەڤرۆ هۆکارەکەی ئاشکرا کرد کە هیچ باسکردنێکی ئەم نموونەیە باسنەکراوە "گەنجێکی جوولەکە چووە سەرئاو وە محمود قارداش هەولیدا لاقەی بکات" کوڕەکەش هاواری کرد. ئەم رووداوە ئاژاوەکەی هەلگیرساند. عەزیز شەڤرۆ وتی: "دوای تێپەڕبوونی هەژدە رۆژ لەزیندان، ئێمە وابیرمان کردەوە کە ئازاد دەکرێین، بەڵام ئەوان ئێمەیان بەمەترسی بۆسەر دەوڵەت لەقەلەم دا" لەئەنجامدا، حکومەت ئەوانی گواستەوە بۆ زیندانێکی تر بۆماوەی چوار مانگی تر.

"یانزە پیاو لەژوورێکی هەشت مەتریدا بوون کە تیایدا هەموومان نەماندەتوانی بەیەکەوە دانیشین یان بخەوین.... بۆنی ئاودەستەکەش زۆر نەخۆشی کردین کە ناچار بووین گرەو بگرین، دوو جوولەکەش بەم هۆیەوە نەخۆش کەوتن".

له کۆتاییدا، حکومەت ئەم زیندانیە جوولەکانەی ئازاد کرد وە بەفڕۆکەیەك یەکسەر ئەوانی ناردەوە ئیسرائیل. عەزیز شەڤرۆ و حەیۆ کۆهین لەشوباتی ١٩٥٢ گەیشتنەوە خاکی ئیسرائیل، دوای بەسەربردنی سێ ساڵ و چەند مانگێك لەزیندان. کۆهین ئەم رووداوەی وا لێکداوەتەوە کە هۆکارێکی گەورە بوو بۆ ترسانی جووەکانی زاخۆ.

### د. بارگرژی ئابووری پێش کۆچکردن بەرەو ئیسرائیل

له حەڤدەی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤١، حکومەتی عێراق یاسای فریاکەوتنی هەڵوەشاندەوە، وە یەکسەر کۆچکردنی نایاسایی دەستی پێکرد. لەئازاری ١٩٥٠، یاسایەك کە لەلایەن صالح جەبری وەزیری ناوخۆوە پێشکەش کرابوو تێپەڕێنرا، ئەم یاسایە رێگای بە جووەکان دابوو کە بە کەلوپەلی پێویستەوە کۆچ بکەن‌و دەست لە هاونیشتیمانیبوونی وڵاتی عێراق هەڵگرن. له کۆتاییدا له بەرواری ١٠\٠٣\١٩٥١دا، یاسای ژمارە پێنجی ساڵی ١٩٥١ی تێپەڕاند کە سەرجەم خانوو و سەرمایەی ئەو جوولەکانەی (تەجمید) کرد کە عێراقیان جێهێشت. ئەم بەرەو پێشچوونە یاساییە کۆچکردنی بەکۆمەڵی جووەکانی بەدوای خۆیدا هێنا. پێش ئەوەی کۆچ بکەن، جووەکانی کوردستان کەوتنە ژێر پەستانێکی زۆرەوە لەلایەن دراوسێ موسولمان‌و حکومەتەوە. جووەکان خۆیان ئامادەکرد کە ماڵ‌و سامانیان لەدوای خۆیان جێبهێڵن وە بەرەو وڵاتێك کۆچ بکەن کە هیچ زانیاریەکیان دەربارەی نەبوو. ئەم بەسەرهاتانەی خوارەوە باس لەکۆچی جووەکان بۆ ئیسرائیل‌و هەندێك کێشەی تریان دەکەن لە پەیوەندییان لەگەڵ کوردەکاندا.

ئێوارەیەك ساسۆن ناحوم‌و موشی ئاڤی لەکۆچکی سەعید ئاغا میوان بوون وە تیایدا گفتوگۆیەکی گەرم لەسەر کۆچی جووەکان بۆ فەلەستین لەئارادا

تاوتویێ دەکرا. سەعید ئاغا لە موشی ئاقی پرسی: ئێوە نیازی ئەوەتان هەیە بچنەوە ئیسرائیل؟ موشی وتی: ئاغا ئێمە لەو جۆرە جوولەکانە نین کە ئێرە بەجێبهێڵین. ئێمە جیاوازین. ساسۆن ناحوم بەدەنگێکی نزمەوە لاسایی ئەو کەسانەی دەکردەوە کە چۆن لەگەڵ ئاغا دەدوان. ئاغا بە موشی وت: تۆ درۆ دەکەی. پاشان بە نابەدڵی وتی: دەبڕۆ فەلەستین، ئێمە پێویستمان پێت نیە. پاشان سەعید ئاغا هەمان پرسیاری لە ساسۆن ناحوم کرد. ئەو وەلامی دایەوە: ئێمە نەمانتوانی بڕۆین و ناوێرین ئێرە جێبهێڵین. سەعید ئاغا پێی وت: تۆ راستیەکەم پێ دەڵێی، بەڵام موشی درۆ دەکات. مەلایەکی باسیفکیێ کە میوانی کۆچکەکە بوو، رازی نەبوو لەم بارەیەوە گفتوگۆ لەگەڵ جووەکاندا بکرێت وە وای بیر کردەوە کە رەنگە ئەمە هانی جووەکان بدات کە کۆچبکەن.

هەروەها جووەکانی کوردستان لەژێر بارگرژییەکی توندی ئابووریدا ژیانیان بەسەر دەبرد کە ئەمەش هاندەرێکی باش بوو بۆئەوەی کۆچ بکەن. بارودۆخی بازرگانی بۆ جووەکان قورس بوو. ساسۆن ناحوم دوو کۆمەڵەی لەیەکتر جیاکردۆتەوە ئەوانیش بریتین لەو هاولاتیە کوردانەی لەبنەڕەتدا خەڵکی دهۆك بوون و ئێمەیان خۆش دەویست، وە ئەوانەشی کە نەناسراو بوون یان لەگوندو شوێنەکانی تردا تازە هاتبوونە شارەکەوە، ئەمە سەرەڕای عەرەبەکان کە هەر لە سەرەتای ململانێیەکان رق و کینەیان بەرامبەر بە جووەکان زیادی دەکرد. هاوڕێ موسولمانەکان فرۆشتنی زێڕیان بەجووەکان وەستاند. ئەوان دەیانزانی بارودۆخی جووەکان قورس بووە وە لەکۆتاییدا هەر دەگەڕێنەوە ئیسرائیل. بەواتایەکی تر، قەبارەی ئابووری لاوازو گرژ بوو. متمانەی دوولایەنە، کە لەکاری بازرگانی پێویست بوو، کاڵ بووەوە. بەهۆی چەند هۆکارێکی دیارەوە کوردو عەرەبە رەسەنەکان ئامادە نەبوون قەرز بە جووەکان بدەن کە ماوەیەکی کەمیان مابوو بگەڕێنەوە ئیسرائیل. ئەم میتۆدەی فرۆشتن بە متمانە

لەناوچە کوردیەکاندا لەنێوان بازرگانە جووەکان و هاوڵاتیاندا نەما. ئەم ڕێگایە ئەوە دەگەیەنێت کە دەسگێڕە جووەکان دەبوایە سەرجەم کەلوپەلەکانیان بفرۆشن لەو کاتەی بەناو گوندەکاندا دەگەڕان، وەدەبوایە ئەم شتانە بە قەرز بفرۆشن بەهۆی ئەوەی کە پارە لە ناوچە کوردییەکاندا کەم بوو. موسوڵمانان باش ئاگاداری ئەوە بوون کە جووەکان خۆیان دوادەخست، وە لەئەنجامی ئەمەشدا زۆربەی جووەکان نەیانتوانی شتمەکەکانی خۆیان بفرۆشن. کڕیارە کوردەکان ئەم دۆخەیان قۆستەوە وە بەنرخێکی لەڕادەبەدەر هەرزان خانووی جووەکانیان کڕی. یوسف گەملیلی ڕەزەکەی بە دووسەد دیناری عێراقی فرۆشت، کە نرخی ڕاستەقینەکەی هەزار دینار بوو:

" پێش ئەوەی سەد دینار وەرگرم، دێوالی بانگی کردم وە داوای بیست دینار بەشی خۆی لێ کردم. لێی پاڕامەوە و پێم وت: ئێمە هیچ پارەمان نیە... چۆن بتوانم بیست دینارت پێ بدەم؟"

پاڕانەوەکەی یوسف سوودی نەبوو. دێوالی هەتا دوایین ساتی ڕۆیشتنیان، سوودی لەجووەکان بینی. هەتا لەگەرمەی ناڕەحەتی جووەکاندا، دێوالی داوای بەشەکەی خۆی لەو ئالوگۆڕە بازرگانیە دەکرد کە لەلایەن جووەکانەوە ئەنجام دەدرا. بەپێی ڕاپۆرتەکان، هەندێك جوولەکەی تریش لەدهۆك بەهەمان شێوە چەوسێنرانەوە. پێشتر لەساڵی ١٩٣٤دا، بینزیۆن ئیسرائیلی ئاماژەی بەوە دابوو کە بازرگانە جووەکانی کەرکووك بەهۆی ئەو قەرزەی لەلای موسولمانەکان بوو، هیچ هیوایەکیان نەبوو بۆ گەڕانەوەی ئەم قەرزانە. ماوەیەکی کەم پێش کۆچکردن، معلم ابراهیم هەولیدا هەندێك لەو قەرزانە کۆبکاتەوە کە ئالوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ هەندێك بازرگانی خەڵکی موصل ئەنجام دابوو. لەناو ئەم بازرگانانەدا، محمد شاکر و سەید کۆدۆ و تەها قسەباش هەبوون. ئەوان هەوڵیاندا خۆیان لە دانی پارەکە دوورخەنەوە، بەڵام

من توانیم هەندێك پارەیان لیٚ وەرگرمەوە، وە پارەکەی تریشی تا ئێستا نەدرایەوە. بەشی هەرە زۆری جووەکان خانوو و ماڵی خۆیان لەدەستدا. ژمارەیەکی کەمی جووەکان توانیان بڕیاری تەجمیدکردنی حکومەت پشت گویٚ بخەن. لەئازاری ساڵی ١٩٥١، پێش دەسپێکردنی کۆچ، حکومەتی عێراق بڕیاری تەجمیدکردنی سامانی جووەکانی ئەو جوولەکانەی لەعێراق کۆچ دەکرد، دەرکرد. ئەم یاسایە گەلێك لەو جوولەکە دەوڵەمەندانەی کە بۆ ناونووسکردن ناویان تۆمار کردبوو، موفلیس کرد. معلم ابراهیم توانی خۆی لەو یاسا نوێیە بدۆزێتەوە:

" ئێمە هەشت قەلاب داری چنارو بڕێکی زۆر کەلوپەلمان هەبوو کە پلانمان دانا بۆئەوی بیانگوازینەوە بۆموصل. من تەلەفۆنم بۆ وەکیلەکەم لەموصل کرد کە ناوی محمود(محمد؟) شاکر بوو، وە داوام لێکرد کە بەپەلە بێتە زاخۆ. لە ئەنجامدا گویٚم لێبوو کە شتمەکەکانی حەمۆی برام لە باتوفیٚ گلدرابوونەوە.. لەو کاتەدا، محمود شاکری وەکیلمان وەك ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای موصل کاری دەکرد... هاتە زاخۆ، چونکە پێم وتبو ئەم مەسەلەیە بە تەلەفۆن باس ناکرێت. کاتێك گەیشتەجیٚ، پێم وت: تۆ دەزانی یاسایەکی نویٚ دەرچووە کە سەرجەم سەرمایەی جووەکان سڕ دەکات. وە هەر موسولمانێك پارێزگاری لە سەرمایەی جووەکان بکات تووشی سزای پێنج ساڵ زیندانی دەبێتەوەوە دەبێت پێنج هەزار دینار غەرامە بدات. من پێم وت کە چۆن فێل لەیاسا بکات. پێم وت کە سەنەدێك بەناوی منەوە بنوسێت بەبڕی حەوت سەد دینار. من لای خۆم هەڵیدەگرم وە تۆش لای قایمەقام گازاندەی خۆت بکە. ئەو هەندێك ئامۆژگاری لە هاوڕێکانی وەرگرت وە قاییل بوو...ئەو نامەیەکی نووسی وەتیایدا هاتبوو کە ئەو (ئەحمەد شوکرەی) حەوت سەد دیناری پێم داوە لەبڕی فرۆشتنی دار دەبردرێنە موصل. بەرواری بەڵێننامەکە هەشت مانگ پێشخرا،

واتە پێش یاسای سڕکردنی سەرمایەی جووەکان. ئەو داوای لە قایمەقام کرد کە ڕێنمونی بکات بۆئەوی بزانن چی بکەن. قایمەقام لێی پرسی: ئەمە ڕاستە؟ وتی: بەڵێ، وە بەڵێننامەکەی پیشاندا. قایمەقام پێی وت: من سەیرێکی دەکەمو پاشان لە ئەنجامەکەی ئاگادارت دەکەمەوە. پاشان قایمەقام چەند تەلەفۆنێکی بۆ باتوفیێ کردو لێی کۆڵیەوە. پاشان بڕیاریدا کە کەلوپەلی جووەکان بەر بدرێت کە لەوێ دەسبەسەر کردبوون... توانیمان چەند قەلابێك بنێرین بۆ گواستنەوەی بارەکان لە باتوفیێو پاشان بیان نێرین بۆ موصل. بەم شێوەیە توانیمان شتێك لەحکومەت ڕزگار بکەین. من پارەکەم وەرگرت، بەڵام سەد دینارم بۆ قایمەقامو پەنجا دینارم بۆ حاجی خدر نارد کە هەردووکیان لەو مەسەلەیە تێوەگلابوون".

حکومەت زۆر بەزەحمەت ڕێگای بەجووەکان دەدا کە بە سەروەتو سامانەکانیانەوە عێراق بەجێ بهێڵن. نەعیمە شۆمەر باسی ئەوەی کرد کە پێش ماوەیەکی کەم ئەوان لەکۆیەوە بەرەو بەغدا و لەوێشەوە بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکەن، حکومەت کۆچبەرە جووەکانی ئاگادار کردەوە کە ئافرەتان ڕێگایان پێدەدرێت تەنیا یەك دەستە جلی زیاد لەگەڵ خۆیان بەرن. ئیدارەی عێراق بۆئەوەی دڵنیا بێت لەوەی هیچ کەسێك بەنایاسایی شت لەگەڵ خۆی نابات، پشکنەری ئافرەتانی دابین کرد بۆ پشکنینی ئافرەتان وە پشکنەری پیاوانیش بۆ پیاوان. کوردێکی موسولمان لەگەڵ جوولەکەیەك لە سلێمانیەوە تاوەکو بەغدا ڕۆیشت. ناوی ئەم کەسە عبدالمجید حاجی ئەمین بوو. ئەو پارەیی هەموویانی هەڵگرت و لەگەڵیاندا هاتە شاری بەغدا... کە گەیشتینە ئەوێ، هەموو پارەکانی گەڕاندەوە. تەنانەت یەك زەڕەیەکی بۆخۆی نەبرد. هەمان شت لەکۆیە دووبارە بوویەوە لەو کاتەی کە جووەکان دەترسان پارە لەگەڵ خۆیان ببەن بۆ بەغدا. بەدرێژایی گەشتەکە، گەڕانو پشکنین لەلایەن پۆلیسەوە

ئەنجام دەدرا، جا ئێمە نازانین کە لەلایەن حکومەتەوە دابین کرابوون یان تەنیا بۆ گەرم کردنی گیرفانی خۆیان بوو. کوردێکی موسوڵمانی کۆیە بەناوی ئەبوبەکر زیاتر لە هەزاروپێنج سەد دیناری لە جووەکان وەرگرت. هەر خێزانێك پەنجا یان سەد دینارو چەند پارچە زێڕێکیان پێدا لەبڕی ئەوەی کە ئەو کەلوپەلانەی بەسەلامەتی گواستۆتەوە. کاتێك گەیشتینە بەغدا، ئامۆزاکەی بەنیوەی ئەو پارەیە هات. ساسۆن ئەو دەگێڕێتەوە:

"من ئەو بڕە پارەیەم دابوو بە جوولەکەیەکی خەلکی سلێمانی، وە پاش دوو رۆژ ئەوەی مابووەوە ناردی. ئەو یەك فلسی لە ئێمە وەرنەگرت. هەرچەندە ئێمە نەماندەتوانی ئەو کەلوپەلانە لەگەڵ خۆمان ببەین وەك زێرو سەتلی جوانمان بەدیاری پێدا لەگەڵ چەند کومبارێکی جوان. ئێمە هەموو کاتێك دیاریمان پێدەدا کە چاکەیەکی لەگەلمان دەکرد".

بەشێوەیەکی کرداری هەموو جووەکانی کوردستان لەماوەی ساڵانی ١٩٥١–١٩٥٢ بەرەو ئیسرائیل کۆچیانکرد. جووەکان بەبیریان دێت کە کوردەکان پەژارە دایگرتن بە کۆتایی هاتنی ئەو پەیوەندیەی کە بۆماوەی سەدان ساڵ درێژەی هەبوو. زۆربەی جووەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە کوردەکان، لەو کاتەی ئەوان دەچوونە بەغدا، تاکو سواری پاس دەبوون لەگەلیان بوون. ئیسرائیل شۆمەر وەسفی ئەو شتە دەکات کە لە شارۆچکەی کۆیەدا روویدا. قایمەقامی کۆیە، کە کوردێکی خەڵکی سلێمانی بوو بەناوی رەشید شاکر، پلانی دانا کە پشکنینی جەستەیی بۆ ئەو جوولەکانە بکات کە شارەکە جێدەهێڵن. ئەو دەیویست لەناو و ڕەگەزی ئەو کەسانە دڵنیا بێت کە لە لیستەکەی ئەودا هەبوون. ئیسرائیل شۆمەر وتی: هەموو کەسێك دووکانەکانیان داخست لەو رۆژەدا وە لە مەیدانێکی گەورە کۆبوونەوە بۆئەوەی سەیری ئەو ئافرەتانە بکەن کە لەکاتی پشکنیندا جلەکانیان دادەکەند. بەگوێرەی وتەکانی ئیسرائیل

شۆمەر، شێخو خەڵکی ئاسایی شارۆچکەکە لەدژی قایمەقام وەستانەوە. ئەوان پێیان وت کە رێگا بەجووەکان بدەن بچنە سەر رێگای خۆیانو برۆن. وادیارە شێخی شارەکە (مەلا حەوێز ئاغا) قایمەقامی ئاگادارکردەوە کە ئەگەر پلانەکەی بەجێ بگەیەنێت، بەزیندویی نامێنێتەوە. لەکۆتاییدا لە بیرۆکەکەی پاشگەز بووەوە وە رێی بەجووەکاندا کە شارەکە جێ بهێڵن بێ ئەوەی چیتر کات بەفیڕۆ بدەن. بەم شێوەی مێژووی درێژی جووەکان لەسەر خاکی کوردان بەیەکجاری کۆتایی هات

# دەرئەنجامی توێژینەوەکە

ئەم باسە بەشێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر کۆمەڵگای جوولەکەی کوردی دەکاتەوە، بەتایبەتی لەکوردستانی عێراق لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، وە لە پەیوەندیەکانی نێوان جوولەکە ناخێڵەکیو ئاغاکانیان دەکۆڵێتەوە. بۆتێگەیشتن لەجووەکان لەپێش چاوی کوردە خێڵەکیەکانو پلەوپایەیان لە کۆمەڵگای کوردیدا، دەبێت تێبینی پێنج جیاوازی بکرێت لەنێوان کوردە موسولمانەکانو جووەکان.

١. کوردەکان موسولمان بوون، بەڵام جووەکان سەربە ئایینی جوولەکەی موسایی بوون.

٢. جوولەکەو مەسیحیەکان لەئیسلامدا بە "خاوەن کتێب" دادەنران. هەردوو جوولەکەو مەسیحی لەخاکی موسولماناندا دەبوایە پارێزگارییان لێ بکرێت.

٣. جیاوازی سەرەکی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگای کوردیدا لەنێوان "عەشیرەت"و هاولاتیانی ناخێلەکیدا هەبوو. زۆربەی کوردە خێلەکیەکان پەیوەندی خوێنیان لەگەڵ ئەندامانی خێلەکانی تردا هەبوو. ئەوان وەك بەشی تەواوکراوی کۆمەڵگای خێلەکی دادەنران. لەهەمان کاتدا جووەکان بەهاولاتی

ناخێڵەکی مەدەنی هەژمار دەکران کە خێڵو کوردە خێڵەکیەکان بە نزمترینو هەژارترینو بێ ئابڕوترین چین لەکۆمەڵگای کوردیدا سەیر دەکران.

٤. زۆربەی جووەکان، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکاندا، پشتیان بەئاغا دەبەست بۆ پارێزگاریکردن لەخۆیان. بەپێچەوانەی مەسیحیەکانەوە، جووەکان لەکۆمەڵگای کوردیدا کەم بوون وە بەشێوەیەکی گشتی گوێڕایەڵو متمانە پێکراو بوون لەلایەن ئاغاکانەوە، لەو کاتەی کە هەندێك مەسیحی سەربە خێڵ بوون.

٥. جوولەکە شارنشینەکان وە بەتایبەتیتر جوولەکە گوندنشینەکان، کاری جۆراوجۆریان ئەنجام دەدا بە بەراورد لەگەڵ دراوسێ کوردەکانیان کە لە رووی کۆمەلایەتیەوە هەندێك لەو کارانە جووەکان ئەنجامیان دەدا لەلایەن کوردەکانەوە پەسەند نەبوون. لەبەر ئەمە، لەناوچە گوندنشینەکاندا, بەشێوەیەکی کرداری هیچ جۆرە رکابەریەکی ئابووری لە نێوان کوردو جوولەکە نەدەبینرا.

لەکۆمەڵگای خێڵەکی کوردیدا، بەگشتی جووەکان چەند کارێکی گرنگیان ئەنجام دەدا. لەچەندین رووەوە، بەشێوەیەکی سیاسیو ئابووری، ئەوان ئامانجی ئاغاکانیان بوون. ئاغا کوردەکان وەك مولکی تاکەکەسی رەفتاریان لەگەڵدا دەکردن وە لەزمانی کوردیشدا ئەمە بەڕوونی دەردەکەوت، کاتێك ئاغا لەگەڵ مەسیحیەك یان جوولەکەیەك قسەی دەکرد، پێی دەوتن: "فەلەهێ من" واتە مەسیحیەکەم، یان "جوهێ من" واتە جوولەکەکەم. ئەم دەلالەت بوو لەوەی کە نزیکیەکی زۆر لەنێوان ئاغاو ئەواندا هەبوو. لەلایەکی ترەوە، مەسیحیو جووەکان رێزێکی زۆریان لە ئاغاکانیان دەگرت، وەپێیان دەوت: ئاغام، کە ئاماژەیە بۆ دەربڕینی دڵسۆزی بۆ ئاغاکەی.

له کوردستانی شارنشین‌و گوندنشیندا دوو شێوەی حکومەت هەبوون، حکومەتی فەرمی‌و حکومەتی ئاغاکان. بەم شێوەیە جووەکان تووشی دوو سیستەمی جیاوازی حوکمڕانی بوونەوە، کە گرنگەکەیان بریتی بوو لەسیستەمی خێڵەکی. لەژیانی ڕۆژانەدا، ڕۆڵی ئاغا زیاتر یەکلاکەرەوە بوو وەك لە ڕۆڵی حکومەتی مەرکەزی. جاربەجار ئاغاکان بەهێزتر بوون لە حکومەت، وە زۆربەی جار لەژێر کاریگەری ئەوان حکومەت بڕیاری دەدا. هەندێك جار هێزە پشت پێبەستراوەکانی ئاغا لەگەڵ سیستەمی حوکمڕانی ناوخۆ یەکیان دەگرتەوە. بەجەخت کردنە سەر حکومەتی دوانەییی، ئەم لێکۆلینەوەیە بەشێوەیەکی ورد باس لەمێژووی کۆمەڵایەتی جووەکانی کوردستان دەکات لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم تا ساڵی ١٩٥١ واتە تا کۆچکردنە بەکۆمەلەکەی بۆ ئیسرائیل. ئەم پەرتووکە لە پەیوەندیەکانی نێوان ئاغاو حکومەت‌و جووەکانی دهۆك‌و زاخۆو ئامێدی‌و ئاکرێ‌و سلێمانی دەکۆلێتەوە وە باسی ڕووداوەکانی زیاتر لە بیست‌وچوار گوندی کوردی دەکات. لە شارەکاندا، سێ جۆری پەیوەندی سەرەکی لە نێوان جوولەکەو موسولماناندا هەبوو.

١. جووەکان پێیان خۆش بوو لەژێر سەرپەرشتیاری ئاغا خێڵەکیەکاندا ژیان بەسەر بەرن.

٢. جوولەکە دەولەمەندەکان پارێزگاری ئاغاکانیان دەگواستەوە بۆ کۆمەڵگای جووەکان بۆئەوەی هەموو جووەکان تیایدا سوودمەند بن.

٣. جووەکان ئەوپەڕی توانای خۆیان دەخستەگەڕ وە پارەیان دەدا بۆئەوەی ویست‌و چلێسی ئاغاکانیان دابین بکەن‌و ململانێی کێشەکانی تر بکەن.

ئەم پەرتووکە باسی چەندین ئاغای بەناوبانگ‌و مامەلەیان لەگەڵ جووەکان کردووە، کە دوو لەم ئاغایانە بەدرێژی باسکراون. یەکەمیان بریتیە لە

(عبدالكريم ئاغا)ی بنەماڵەی حوکمڕانی زاخۆ وە( شەمدین ئاغا) جووەکانی زاخۆ شانازییان بەم ئاغایانەوە کردووە وە بە ناجوولەکەی ڕاست لە قەلەمیانداون، کە ئەم ناونیشانە بەکەسێك دەدرێت کە پارێزگاری جووەکان بکات لەدەرەوەی ئیسرائیل لەکاتی نەنگو ناخۆشیەکاندا. دووەم رابەری کورد بریتی بوو لە (مەلا موستەفا بارزانی) کە گرنگترین رابەری هەڵکەوتووی کوردانە لەسەدەی بیستەمدا. بارزانی لە وەچەی بنەماڵەی سۆفی شێخەکانی تەریقەتی نەقشەبەنی بوو کە بەناوبانگ بوون لە رەفتاری باش لەبەرامبەر جووەکان. هەندێك نموونە سەبارەت بە مەلا موستەفا بارزانیو شێخ ئەحمەدی برای ئەوە دەردەخەن کە ئەوان نەك تەنیا پاڵەوانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی بوون، بەڵکو راستگۆ و خۆبەخزمەتکاری خەڵك دانەریش بوون.

بەدرێژایی پەرتووکەکە هەوڵی ئەوە دراوە بەراوردی نێوان ژیانی شار و لادێیی جووەکانو پەیوەنیان لەگەڵ ئەو ئاغایانەی لەژێر سەرپەرشتیاری ئەواندا دەژیان، بکرێت. زۆربەی جووەکان خەڵکی شارنشین بوون، بەڵام ژمارەیەکی زۆریشیان لەگوندەکانی کوردستاندا نیشتەجێ بوون، وە بەشێوەیەکی گشتی ژمارەیەکی کەمی خێزانی جووەکان لەهەر گوندێك نیشتەجێ بوون.

بەدرێژایی نەوە لەدوای نەوە، جووەکان بەکشتوکاڵەوە خەریك بوون وە لەسەدان گوندی کوردستاندا ژیاون. ئەمە ئەوە دەردەخات کە جووەکان لەناوچە گوندنشینەکاندا ژیانیان بەسەر بردووە وە لەگەڵ خزمو کەسەکانیان بە ئارامی ژیاون، ئەمەش وای کرد کە بتوانن رۆزی بۆ ماڵو مناڵەکانیان پەیدابکەن وە پێداویستیە رۆحیەکانیشیان بەئەنجام بگەیەنن. لەو کاتەی ژیانی ئاساییان بەهۆی رووداوێکەوە تێك دەچوو، کە پیاوانی خێل هۆکاری بوون، جووەکان بەرەو شوێنێکی تر کۆچیان دەکرد. ئەمە یەکێك لەهۆکارەکانی کۆچکردنی

جووەکان لەناوچە شارنشینەکان ڕووندەکاتەوە وە لەژمارەیەکی زۆر لە گوندەکان کە دانیشتوانی جوولەکە بوون ئەوە دەردەخات کە ئەوان ئارام نەبوون.

ئەو جوولەکە جۆلایانەی لەناوچە شارنشین‌و گوندنشینەکاندا دەژیان لەلایەن ئاغاکانەوە پارێزگاریان لێدەکرا. لە گونددا، جۆلا جووەکان پێویستیان بەوە نەبوو هیچ شتمەکێك بکڕن. ئاغاکان گوندنشینە کوردەکانیان ئاگادار دەکردەوە کە جوولەکە جۆلاکان بپارێزن و هەموو پێداویستیەکانی خۆراك‌و شتی تریان بۆ دابین بکەن. گوندنشینەکان ئەم کەلوپەلانەیان دابین دەکرد وە لەگەڵ ئەو پێداویستیانەی کە ئارەزوویان بوو ئالوگۆڕ دەکرد،

بەڵام ئەوان ئەو پێداویستیانەیان ئامادە دەکرد هەتا ئەگەر جووەکان هیچیشیان پێنەدابوایە. هەندێك جار ئاغا داوای لە ئاژەڵداران دەکرد مەڕ بە جووەکان بدەن بۆ دابین کردنی پێداویستی گۆشت.

پرسیارێکی گرنگ لێرەدا سەرهەڵدەدات وە بەڕاستی پێویستی بەڕوونکردنەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بەڕاستی جووەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا کۆیلە بوون یان نا. چەندین بەسەرهات‌و نموونە لەو کەسانەی کە شاهیدی ڕووداوەکان بوون لە سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، وەسفی جوولەکە گوندنشینەکان بەکۆیلە دەکەن، لەلایەن ئاغاوە لەناوچە دابڕاوەکان دەچەوسێنرانەوە. ئەم ڕاپۆرتانە باس لە مامەڵەی خەراپ‌و ئازاردان و بەکارهێنانی جوولەکە گوندنشینەکان لەلایەن ئاغاوە دەکەن، هەتا گەیشتە ڕادەی فرۆشتنی کۆیلەی جوولەکە. بەشێوەیەکی کرداری لەسەدەی بیستەمدا، ئاغا نەیدەتوانی کەسێك بفرۆشێت کە بەکۆیلە دادەنرا، بەلکو پێی دەوت کە لەگەلیدا بمێنێتەوە. لەهەمانکاتدا ئەم کۆیلایەتیە سوودی خۆیشی هەبوو، لە وڵاتێکدا کە ئاساییش نەبوو، ئەم خۆبەدەستەوەدانەی جووەکان هۆکارێك بوو

که ئاغاکان ناچاربکرێن پارێزگارییان لێبکەن، بەبێ ئەمە کەس نەیدەتوانی لەناوچە گوندنشینەکان ژیان بەسەر بەرێت. کەس ناتوانێت سەرجەم جوولەکە گوندنشینەکان بە کۆیلە دابنێت، جا چ بە هەردوو پێوەری ئیسلامی بێت یان خۆرئاوایی. کۆیلایەتی لەناوچە دوورە دەستە شاخاویەکان لەلایەن هەندێك ئاغای بەهێزەوە پراکتیزە دەکرا، کە هەندێك جار ئەم مافە وەك موڵکداری سەیر دەکرا وە بە مافی زگماکی خۆیان دەزانی. ئاغا جووەکانی دەپاراست وە لەبەرامبەریدا دیاریو پارەو چەندین سوودی تری دەست دەکەوت. جووەکان وەك"زێبارە" ساڵێ یەك دوو جار لە باغو رەزی ئاغا بەبێ بەرامبەر کاریان دەکرد.

لەراستیدا، جوولەکە گوندنشینەکان ناخێڵەکی بوون و لەهەمانکاتدا هاوڵاتی ئاغا خێلەکیەکان بوون. ئەوان بەتەواوی خۆبەڕێوەبەر نەبوون، بەلکو زیاتر لەژێر فەرمانڕەوایی ئاغا بوون. ئاغا هێزێکی لەرادەبەدەری بەسەر هاولاتیە جووەکەی هەبوو، بەڕاددەیەك کە پێویستی بە رازی بوونی ئاغا دەکرد لەبڕیارە گرنگەکانی وەك بەشوودانی کچ بە کەسێکی دەرەوەی خێڵ یان کۆچکردن لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

ئاغا تەنیا جوولەکەی گوندنشینی نەدەپاراست، بەلکو ئەو جوولەکانەی کە بەزۆری دەهاتنە گوندەکانەوە لەژێر سایەی ئەودا دەحەوانەوە. بۆئەوەی بژین، جووەکان بەدوای پشتگیریو سەرپەرشتی ئاغا خێڵەکیەکاندا دەگەڕان. وە لەبەرامبەردا جووەکان دیاریو پارەو شتی تریان بە ئاغا دەبەخشی لە بڕی ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانیەی لەناوچەی ئەودا بەئەنجام دەگەیەنرا. لە کۆتاییدا، هەروەك لە زۆر شوێندا باس کراوە، هەردوو جوولەکەی شارنشینو گوندنشینەکان بەرێگای جیاواز پشگیرییان لە ئاغا کردووە. ئاغا جوولەکە گوندنشینەکانیان بەرز نرخاند وەك سەرمایەیەك بەهۆی ئەو کارە

بەسوودەکانیانو ئەو ڕەفتاری گوێ ڕایەڵیەی هەیانبوو، کە هەرگیز جوولەکە گوندنشینەکان نەبوونە جێی هەڕەشە بۆ سەر ئاغاکان. هەرچەندە لێرەدا وێنەی جووەکان هەژار و جاربەجاریش ترسنۆك و بەوەفا خاوەن متمانە دەردەکەوێت، بەڵام زیاتر گرنگییان وەك سەرمایەیەك دەردەکەوێت. چەندین کرداری نابەجێ بەسەر جوولەکەکان تۆمار کراون. ئەم کردارانە لەبەر ئەوە ڕوویاندا چونکە ئاغا بەتەواوی لە کوردستان سیاسەتیان قۆرغ کردبوو وە چلێسیو خەراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتیان لەمێشکدا بوو. سەرەڕای زیانەکانیان، بەڵام زیرەکیو بیرتیژییان هۆکارێك بوو بۆ وەرگرتنەوەی مافی جووەکان لەو کەسانەی دەست درێژییان دەکردە سەر.

جوولەکە گوندنشینەکان وەسفی هەندێك ئاغای کوردیان کردووە بە "بەهێز و دەسەڵاتداری ڕاستگۆ" دایان ناون کە توانیان دادپەروەری بەسەر جووەکاندا پەیڕەو بکەن. بەداخەوە هەندێك لەو ئاغایانە لەمێژووی کوردیدا باسیان نەکراوە. پلەوپایەی ئەو ئاغایان ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەدرێژایی نەوە لەدوای نەوە جووەکان بەسەلامەتی لە کوردستاندا ژیاون. ئەو تۆمارانەی لەبەر دەستتدان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە سەرەڕای بوونی چەند کردارێکی ناشرینو قۆرغکردنی جووەکان وە تەنانەت کوشتنیشیان لە چوارچێوەی خێڵەکیدا، بەڵام چەندین ئاغا بەئەمەکەوە ئەرکی سەرشانی ڕاپەڕاندووە بۆ بەرگریکردن لە جووەکان لەو کاتەی لەلایەن ئاغایەکی ترەوە ئەزیەت دەدران.

ئەم پەرتووکە گفتوگۆی ئەو دەکات کە ئاسایيشی ڕێژەیی جووەکان لەچوارچێوەی خێڵدا کەم بوو، هەروەك بینیمان کە چەندین کاری ڕفاندنی ئافرەتی گەنجی جوولەکەو دزیو هەتا کوشتنی جوولەکە بازرگانەکانو دەسگێرەکانیش، سەرەڕای چەندین قۆرغکردنێکی تر، بەرچاو دەکەوێت. کۆچکردنی جووەکان، بەتایبەتی لەناوچە گوندنشینەکانەوە بەرەو ناوچەیەکی

ئارامتر، بەهۆی بارقورسی ئابووریو ململانێ خیڵەکیو بەگشتی نەبوونی ئاساییشی تاکەکەسیەوە بوو. لەباسکردنی کوشتنی جوولەکەکان لەلایەن خێڵەوە، پێویستە باسی دوو شێواز بکەین، نەبوونی وەلامی پۆلیس و نەرمی نواندنی ئاغاو سیستەمی دادوەری حکومەت لەبەرامبەر بکوژەکاندا، وا لێکدەدرێتەوە کە بەهۆی چەمکی "کافر کوشتەوە" وەلامەکەیان بەم شێوەی بووبێت. لەکۆمەڵگای خێڵەکیدا، بەهای ژیانی جوولەکەیەك زۆر کەمتر بوو لە بەهای ژیانی کوردێك. نەرمی نواندن لەبەرامبەر بکوژە کوردەکاندا ئەوە ڕووندەکاتەوە کە جیاوازی هەبوو لەنێوان کوردو جووەکاندا.

 روویەکی تر لەپەیوەندیەکانی نێوان جوولەکەو موسوڵمانو ئاغادا بریتی بوو لە بەئیسلامیکردنی جووەکان. گۆڕینی ئایین بۆ ئیسلام یەکێك بوو لە بەشەکانی ژیانی جووەکانی کوردستان. کۆمەڵگای جوولەکە ئایین گۆڕینیان بە مردن بۆ خێزانو بنەماڵە لێك داوەتەوە وە گرنگترین هۆکارەکەشی بریتی بوو لەرفاندنی ئافرەتە جووەکان. واپێدەچێت جووەکان وشەی رفاندنیان تەنیا بۆ ئەو کارە بەکارنەهێنابێ کە تەنیا ئافرەتێك بڕفێنن، بەلکو ئەگەر ئافرەتەکە لەگەل پیاوێکدا بە ئارەزووی خۆیشی رۆیشتبوایە هەر ئەم وشەیان بەکاردەهێنا. کۆمەڵگای جووەکان سێ بیرۆکەیان پەیڕەو کرد بۆ روبەروبونەوەی بوون بە موسولمان. هەندێك جار زیاتر لە یەك هەنگاو دەگیرایە بەر بۆ گێرانەوەی کچەکە بۆناو کۆمەڵگا. رێگای یەکەم بریتی بوو لە سکاڵاکردن لەلای حکومەت، دووەمیان بریتی بوو لە پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ زانینی هۆکاری ئایین گۆڕینەکەی کە تیایدا جووەکان بەرەنگاری ئەو کوردانە دەبوونەوە کە لە کارەکە تێوەگلا بوون. رێگای سێیەم بریتی بوو تەنیا کردنی ئافرەتە هەڵگەڕاوەکە بۆماوەیەك کە لەپیاوەکەی جیادەبووەوە، بێگومان ئەمەش لەژێر پەستانو کەسایەتیە دیارەکانی جوولەکە ئەنجام دەدرا بۆئەوەی بڕیاری

گەڕانەوە بۆناو ئایینی پێشووی بدات. چەندین رووداو تۆمارکراون کە تیایاندا کەسایەتیە کاریگەرەکانی جوولەکە توانیان ئافرەتە جوولەکەکە لە رۆخی ئایین گۆڕینەکە بگەڕیننەوە.

دوایین بەشی ئەم پەرتووکە باسی مێژووی سیاسیو کۆمەلایەتی جووەکان دەکات بۆ ئیسرائیل لەسالآنی ١٩٥١-١٩٥٢. لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەم ناخۆشیو دەردەسەری جوولەکە شارنشینەکان زۆر لە هی گوندنشینەکان زیاتر بوو. کەمپینی بەزۆر کردنە سەربازی یەکێك بوو لە تایبەتمەندیەکانی جەنگەکە کە خرایە سەر پشتی دانیشتوانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. جوولەکەکان هیچ دابونەریتێکی سەربازییان نەدیبوو، وە هەرگیز خزمەتی سەربازییان ئەنجام نەدابوو. لەبەر ئەوە بوو کە زۆربەی پیاوە دیارەکانی جوولەکە هەولّیاندا لە خزمەتی سەربازی رابکەن.

چەندین جوولەکەی شارنشین بۆ رزگاربوون لەخزمەتی سەربازی پەنایان بردە بەر ئاغاکان لەناوچە گوندنشینەکاندا، کە لەوێدا خۆیان دەپاراست لە ناونوسکردنیان بۆ تورکەکان. دوابەدوای جەنگ، جووەکانی کوردستان دەستیان کرد بەکۆچکردن بەرەو خاکی پیرۆز. وە ئەوانەی لە کوردستاندا مانەوە وەسفی پەیوەندیەکەیان لەگەل کوردە موسولمانەکان بە باشی کردووە تا نزیکەی کۆتاییەکانی سالآنی سییەکانو چلەکانی سەدەی بیستەم. دوو رووداو ئاماژە بە گۆڕانی پەیوەندی نێوان موسولّمانو جووەکان دەکەن: ئاژاوەکەی بەغدا لەدژی جووەکان، کە بەفەرحود ناسراو بوو لە سەرەتاکانی حوزەیرانی ١٩٤١، کە کاریگەری لەسەر موصلو باکووری عێراق جێهێشت. لەو ساتە شلۆقە بەدواوە، جووەکان تووشی نەیاری خێلەکی بوونەوە کە دەیانویست سود لەو بێ یاساییو بارە نائارامەی ولات وەربگرن وە ئەو پڕوپاگەندانەی لەدژی جووەکان دەکران لەسەرتاسەری ولات لە گەرمەی

جەنگی نێوان عەرەبو ئیسرائیل. دووەم، پلەوپایەی جووەکان پاش دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل زیاتر لاواز بوو. زیادبوونی ڕێژەی ئاوارە فەلەستینیەکان لەعێراق، لەناوەڕاستی ساڵانی سیەکان بەدواوە و بەژداری یەکە سەربازیەکانی عێراق لەجەنگی دژی جووەکان لە فەلەستین، زیاتر وایکرد کە تووڕەیی لەدژی جووەکان بەرەو هەڵکشان بچێت. لەماوەی دوایین یانزە ساڵی بوونی جووەکان لە کوردستان، ئەوان تووشی چەندین هێرش بوونەوە، سەرەڕای تۆقاندن و دەسبەرکردن و زیندانی بەتۆمەتی پشتگیری لە ڕەوتی زایۆنیست.

# کۆتایی

# BIBLIOGRAPHY

<u>Notes:</u>

. Incidental references are cited fully in the endnotes rather than in the bibliography.

. Hebrew references are generally translated.

Abbreviations of Publications often quoted

| | |
|---|---|
| AM | Assyrian Missionary Quarterly Paper (London) |
| BSOAS | Bulletin of the School of Oriental and African Studies |
| EI١, EI٢ | Encyclopedia of Islam, first and second editions |
| IJMES | International Journal of Middle Eastern Studies |
| JJS | Jewish Journal of Sociology |
| JRCAS | Journal of the Royal Central Asian Society |
| KM | The Kurdistan Missionary (Minneapolis, Minnesota) |
| MEJ | Middle East Journal |
| SPCK | Society for Promoting Christian Knowledge |

Archives Cited:

American Board of Commissioners for Foreign Missions (ABCFM), 1111-1111.

Archbishop of Canterbury's Mission to the Assyrian Christians, Quarterly Paper 1-11 (Oct. 111٤-Apr. ١٩١٥).

Jerusalem and Middle East Mission Archives, -

The International Missionary Council Archives, -

The Presbyterian Church in the United States of America, Board of Foreign Missions ١٩٢٤-119٤. Annual Reports presented to the General Assembly. 1192-1119; Archives, 119٤-١٩٥٨

Oral History Division, The Institute of contemporary Jewry, the Hebrew University, Jerusalem (OHD).

Existing Bibliographies on the Kurds:

. Behn, W. The Kurds in Iran: A Selected and Annotated Bibliography. London: Mansell, .

. Blau, Joyce. Kurdes et le Kurdistan: Bibliographie Critique - . Teheran-Paris: Institut Français de Recherche en Iran, .

. Erhard, Frnaz. Minderhiten in Vorderen Orient: Auswahlbibiogr [Minorities in the Middle East: A Selected Bibliography], .

. Lyle, Elizabeth Edith. A Bibliography of the Kurds, Kurdistan, and the Kurdish Question. Monticello, Ill: Council of

Planning Librarians. .

. Lockman, I. Meho. The Kurds and Kurdistan: A Selective and Annotated Bibliography. Westport (Connecticut): Greenwood Press, .

. Rooy, van Silvio and Tamboer, Rees, eds. ISK's Kurdish Bibliography. vols. Amsterdam, .

. Sinjari, Hussain. Kurds and Kurdistan: A Bibliography. London: Kurdologia Publications no. , .

Encyclopedias and Voluminous reports:

Encyclopedia Iranica. Ehsan Yartasha, ed. London and Boston: Routledge & Kegan Paul, 1112 - in progress.

Encyclopedia of Islam: A Dictionary of the geography, Ethnography and Biography of the Muhammadan Peoples. ٤ vols. and Suppl. Leiden: E.J. Brill, 1111 -1111 .

Encyclopedia of Islam: New (2nd) Edition. Leiden:E. J. Brill, ١٩٥٤ – in progress.

***Iraq Administration Reports 9191-9191. 91 Vols. Oxford: Archive Editions. 9111***

Military Report on Iraq (Area 1) Western Kurdistan. General Staff, British Forces in Iraq. 1121

Military Report on Iraq (Area ) Central Kurdistan. [British Forces in Iraq] Air-Ministry, .

Military Report on Mesopotamia (Iraq) (Area 1) Northern Jazirah. General Staff, British Forces in Iraq. 1122.

Personalities: Mosul, Arbil, Kirkuk, Sulimani and Frontiers Note on Mosul Town. Baghdad: Government Press, 1121.

Hebrew Responsa Literature (שו"ת):

Rabbi Tzedaka Hutzin,( - ) Tzedaka u-Mishpat = (רבי צדקה חוצין, צדקה ומשפט)

Rabbi Yoseph Hayim, Rav-Peʿalim = (רבי יוסף חיים, רב פעלים)

Rabbi Ephraim Lanyado, Degel Mahane Ephraim = (רבי אפריים לניאדו, דגל מחנה אפרים)

Rabbi Abraham b. Yitzhak ʿAntebi, Mor ve-Ohalot (רבי אברהם בן יצחק ענתבי, מור ואהלות) =

Alphabetical List of Books and Articles

Assaf, Simha.

"On the History of the Jews in Kurdistan." Zion ( ): - ; repr. In Be-ohale Yaʿaqov. Jerusalem: Mossad ha-Rav Kuk, : - (Hebrew).

Avidani, Alwan, Shimon.

Book of the tales of the Great Ones. vols. Jerusalem: Dfus Ma'arav (Hebrew).

Bar-Amon, Reuben.

١٩٨١ “Chapters of my life history.” Hithadshut ٤: ١٠٣-٤ (Hebrew).

١٩٨٥ “The city of Sulaimaniya.” Hithadshut ٥: ٣٢-٣٣ (Hebrew).

Bar-Moshe, Y.

The exodus from Iraq, memoirs from the years -

. Trans. by Nir Shohet. Tel-Aviv (Hebrew).

Barshan, Yehuda (Gurji).

١٩٧٧ A Jew under the Shadow of Islam. Ramat-Gan (Hebrew).

Ben-Yaacob, Abraham.

The Jewish Communities of Kurdistan. nd rev. Jerusalem (Hebrew).

Ben-Zvi, Itzhak.

١٩٥١ “Epistles from Kurdistan from the ١٨th and the ١٩th centuries.” Sinai ٢٨: ٨٩-١٠٢ (Hebrew).

١٩٥٥ “Lost and regained: They that that were lost in the Land of Assyria.” Phylon ١٦: ٥٧-٦٣ (Hebrew).

١٩٥٧ “They that were lost in the Land of Assyria.” In The Exiled and the Redeemed. I. Ben-Zvi, ed. Trans. by Isaac A.Abbady. Philadelphia: Jewish Publication Society of America: ٤٠-٤٩.

١٩٦٧ Studies and Sources. Jerusalem (Hebrew).

Benayahu, Meir.

“Rabbi Shmuel Barzani, the exile arch of Kurdistan.” Sefunot : - (Hebrew).

Benjamin of Tudela.

The Itinerary of Benjamin of Tudela. Ed. and Trans. By M. N. Adler. London.

Benjamin, Israel Joseph (known as Benjamin II)

١٨٦٣ Eight Years in Asia and Africa ١٨٤٦-١٨٥٥. Hanover.

١٨٥٩ The Book of the travels of Israel. Transl. David Gardan (Hebrew)

Bibi, Mordechai.

The Zionism and the pioneer underground Zionist movement in Iraq. vols. Ramat Ef'al (Hebrew).

Blau, Joyce.

١٩٦٥ Kurdish Dictionary. Brussels.

١٩٨٥ "Le Role Des Cheikhs Naqshbandî dans le mouvement national Kurde." In Naqshabandis. Actes de la Table Ronde de Sèvres, ٢-٤ May ١٩٨٥, edited by M. Gaborieau, A. Popvic and T. Zarcone. Institute Française d'Études Anatoliennes d'Istanbul.

١٩٨٥a "Les Juifs au Kurdistan." In Mélanges linguistiques offerts à Maxime Rodinson. Ch. Robin, ed.: ١٢٣-١٣٢. Paris.

١٩٩٨ "Les relations entre les Juifs et les Musulmans au Kurdistan." Islam des Kurdes Les Annales de l'Autre Islam. No. ٥: ١٩٩-٢٢٤.

Bloch, Marc.

Feudal Society. Translated from French. nd edition. London: Routledge & Kegan Paul.

**Bois, Thomas.**

١٩٦٢ "La vie sociale des Kurdes." Al-Mashriq ٥٦: ٥٩٩-٦٦١.

١٩٦٦ The Kurds. Trans. by M. W. M. Welland. Beirutt: Khayats.

١٩٨١ Kurdes et Kurdistan. In Encyclopédie de l'Islam (Nouvelle édition). Vol. ٤: ٤٤١-٨٩.

Bowen, H. "Agha." EI٢.

Brauer, Eric.

١٩٤٧ The Jews of Kurdistan: An Ethnological Study. Completed and edited by Raphael Patai. Jerusalem (Hebrew).

١٩٩٣ The Jews of Kurdistan: An Ethnological Study. Completed and edited by Raphael Patai. Wayne State University Press.

Braver, A. J.

١٩٣٥ "My travels in Syria, Baghdad and Assyria." Minha ledavid: sefer ha-yovel le-Rabbi David Yalin. Jerusalem: Mass: ٢٣٨-٢٥١ (Hebrew).

١٩٤٤ Avaq drakhim [Roads' Dust]. Part ١. Tel-Aviv: Am Oved: ١٧١-٢٣٠ (Hebrew).

Bruinessen, van Martin.

١٩٧٨ Agha, Shaikh and State: On the Social and Political Organization in Kurdistan. Rijswijk.

١٩٨٩ "The Ethnic identity of the Kurds." In Ethnic Groups in the Republic of Turkey. Peter Alfold Andrews, ed. Wiesbaden: Ludwic Reicherd.

١٩٩١ “Religion in Kurdistan.” Kurdish Times ٤, nos. ١-٢, ١٩٩١: ٥-٢٧.

___ and Boeschoten, H.

“Shifting National and Ethnic identities: The Kurds in Turkey and the European Diaspora.” Journal of Muslim Minority Affairs : (April): - .

The Kurds in movement: Migrations, Mobilizations, Communications and the Globalization of the Kurdish question. Tokyo, Islamic Area Studies Project.

Cahen, Claude.

“Dhimma,“ EI .

“Djizya,“ EI .

Chaliand, Gerard, ed.

A people without a country: The Kurds and Kurdistan. London. Rep. . New York: Olive Branch Press.

**Chyet, Michael.**

١٩٩٥ “Neo-Aramaic and Kurdish: An interdisciplinary consideration of their influence on each other.” Israel Oriental Studies ١٥ (١٩٩٥): ٢١٩-٢٥٢

٢٠٠٣ Kurdish-English Dictionary. New Haven: Yale University Press.

Coakley, J. F.

The Church of the East and the Church of England:

A History of the Archbishop of Canterbury's Assyrian Mission. Oxford: Clarendon Press.

Cohen, Harry A.

A Basic Jewish Encyclopedia. Forward by Louis Finkelstein. Hartford, CONN: Hartmore House.

Cohen, Hayyim. J.

The Jews in the Middle Eastern Countries ( - ). Tel-Aviv: Hakibbutz Hameuchad Publishing House (Hebrew).

**Darkot, Besim**

"Čölemerik." EI .

**Dodge, Bayard**

"The Settlement of the Assyrians of the Khabbur." JRCAS , part : - .

Driver, G. R.

١٩٢٣ "The name 'Kurd' and its philological Connexions." JRCAS: ٣٩٣-٤٠٣.

١٩٢٢ "The Religion of the Kurds." BSOAS ٢, part ٢: ١٩٦-٢١٥.

Eagleton, William.

1191 The Kurdish Republic of ١٩٤٦. London: Oxford University Press, 1191 .

Edmonds, C. J.

١٩٥٧ The Turks and Arabs. London: Oxford University Press.

Eickelman, Dale.

The Middle East: An Anthropological Approach. Englewood Cliffs, NJ: Prentice-Hall.

Fieldhouse, D. K., ed.

Kurds, Arabs and Britons: The Memoir of Wallace Lyon in Iraq, - . London and New York: I.B.Tauris Publishers.

Fiey, J. M.

- Assyrie Chretienne: Contribution a l'Etude de l'histoire de la Geographie Ecclesiastiques de Nord de l'Iraq. Vols. Beyruth.

Fischel, Walter J.

١٩٣٩ "Journey to Kurdistan, Persia and Baghdad from the book of travels of Rabbi David D'Beth Hillel." Sinai: ٢١٨-٥٤ (Hebrew).

١٩٤٤ "The Jews of Kurdistan a Hundred Years ago: A Traveler's Record." Jewish Social Studies ٦, no. ٣: ١٩٥-٢٢٦.

١٩٤٩ "The Jews of Kurdistan: A First-Hand Report on a Near-Eastern Mountain Community." Commentary ٨: ٥٥٤-٥٩.

١٩٧٣ Unknown Jews in Unknown Lands: The Travels of Rabbi David D'Beth Hillel (١٨٢٤-١٨٣٢). New York: Ktav Publishing House.

Fisher, B.

١٩٧٨ The Middle East: A Physical, Social and Regional Geography. ٧th rev. ed. London: Methuen.

Garbell, Irene.

The Jewish Neo-Aramaic Dialect of Persian Azerbaijan. London-The Hague-Paris.

**Gavish, Haya**

Changes in the Jewish Community of Zakho (Iraqi Kurdistan) Resulting from Traditional Religious Affinities to the Holy Land, Exposure to the Zionist activity and immigration to Palestine/Israel from the end of the Ottoman period until , in Folkloristic and historic contexts. Ph.D. Diss., University of Haifa (Hebrew).

We were Zionists - The Jewish Community of Zakho, Kurdistan: A Story and a Document. Jerusalem: The Ben-Zvi Institute (Hebrew).

Ghassemlou, A. R.

١٩٦٥ Kurdistan and the Kurds. Prague: Publishing House of the Czechoslovak Academy of Sciences.

١٩٨٠ "Kurdistan in Iran." In Chaliand ١٩٧٨: ١٠٧-١٣٤.

Goldenberg, G. and Zaken, M.

"The Book of Ruth in Neo-Aramaic." In Studies in Neo-Aramaic. Harvard Semitic Studies. W. Heinrichs, ed. Atlanta: Scholars Press.

Graham, Helga.

"The Kurds, Cinderalla of Liberation Movements."

In Into Kurdistan: Frontiers under Fire. Sheri Laizer, ed. Forwarded by Peter Gabriel: - .

Gunter, Michael M.

The Kurds of Iraq: Tragedy and Hope. New York: St. Martin's Press.

"Mulla Mustafa Barzani and the Kurdish rebellion in Iraq: The Intelligence Factor." International Journal of Intelligence and Counterintelligence (winter): - .

Habas, Bracha.

١٩٤٣ Ahim krovim nidahim [Near and deserted brothers]. Tel Aviv (Hebrew).

Hakim, Halkawt.

Abʿād zuhūr al-tarīqa al-Naqshabandiyya fi-Kurdistan fi-awā'il al-qarn al-tisʿa-ʿashar. Dirāsah Kurdiyya (Paris): - .

Hamdi, Walid M.S.

Rashid Ali Al-Gailani and the Nationalist Movement in Iraq - . London: Darf Publishers.

Hamilton, A. M.

Road through Kurdistan. London: Faber, . nd impression, . London.

Hansen, Henry H.

The Kurdish Woman's Life. Copenhagen.

al-Harizi, Judah.

Tahkemoni. Y. Toporovsky, ed. Tel-Aviv. Trans. by V.E. Reichert. vols. Jerusalem, - (Hebrew).

Harkabi, Y.

Arab Attitudes to Israel. Trans. by M. Louvish. Jerusalem: Israel Universities Press.

Harris, George.

Iraq: Its People, Its Society, Its Culture. New Haven: Human Relations Area Files Press.

Hartman, R. [Longrigg, S. H.]

"Didjla." EI .

Hasluck, F. W.

Christianity and Islam under the Sultans. Margaret M. Hasluck, ed. vols. Oxford: Clarendon Press.

Hassanpour, Amir.

١٩٨٩ The language factor in national development: The standardization of the Kurdish language, ١٩١٨-١٩٨٥. Ph.D. Diss., University of Illinois at Urbana-Champaign.

١٩٩٢ Nationalism and Language in Kurdistan, ١٩١٨-١٩٨٥. San Francisco.

Hay, W. R.

Two Years in Kurdistan: Experiences of a Political Officer - . London: Sidgwick and Jackson Ltd.

Heazell F. N. and Mrs. Margoliouth. eds.

١٩١٣ Kurds and Christians. London: Wells Gardner, Darton & co.

Hidirash, Yakup.

Massacre of Christians (Syriacs, Nestorians, Chaldeans, Armenians) in Mesopotamia and Kurds: A Documentary Study. Hanover.

Hillel, Shlomo.

Operation Babylon. Tel-Aviv (Hebrew).

Heinrichs, W. ed.

111٤ Studies in Neo-Aramaic. Harvard Semitic Studies. Atlanta: Scholars Press

Honig, Sarah.

1111 "Underground Passage." The Jerusalem Post Magazine, 1 June 1111

Hopkins, S.

"The Jews of Kurdistan in Eretz-Yisrael and their tongue." Peʿamin : - (Hebrew).

Hourani A.

١٩٤٧ Minorities in the Arab world. Oxford.

١٩٧٢ "Shaikh Khalid and the Naqshbandi Order." In Islamic Philosophy and the Sufi Tradition. S.M. Stern and others, eds. Oxford.

١٩٨١ "Sufism and Modern Islam: Mawlana Khalid and the Naqshbandi Order." The Emergence of the Modern Middle East. Albert Hourani, ed. Berkley: University Press of California: ٧٥-٩٠.

Howell, W. N.

١٩٦٥ The Soviet Union and the Kurds. Ph.D. Diss., University of Virginia.

Humphreys, S. R.

Islamic history: A Framework for Inquiry. Rev. ed. Princeton: Princeton University Press.

Ireland, P. W.

Iraq, A Study in Political Development. London.

Isaacs, A. A.

Biography of Henry Aaron Stern, D.D., for more than Forty Years a missionary amongst the Jews. London: James Nisbet & CO.

Ishaya, Arian and Eden Naby.

"Assyrians." In Harvard Encyclopedia of American Ethnic Groups. S. Threnstrom, ed. Cambridge, Mass.: Harvard University Press.

Israeli, Benzion.

١٩٣٤ Memorandum on the Jewry of Twin-Rivers and its immigration to the holy Land, following a visit in Baghdad and north of the country in the spring of ١٩٣٤ (Hebrew).

١٩٥٦ Benzion. Sh. Yavnieli, ed. Tel-Aviv: Am-Oved (Hebrew).

Izady, Mehrdad.

١٩٨٦ "The question of an Ethnic identity: Problems in the Historiography of Kurdish migration and Settlement." Kurdish Times ١, no.١ (١٩٨٦): ١٦-١٨.

١٩٩٠ "Persian Carot and Turkish Stick: Contesting policies targeted at gaining State loyalty from Azeris and Kurds." Kurdish Times ٣, no. ٢: ٣١-٤٧.

١٩٩٢ The Kurds: A Concise Handbook. Washington D.C.: Taylor & Francis.

al-Jāwashlī, H. R.

Al-H̲ayāt al-'ijtimāʿiya fi kurdistān. Baghdad.

Joseph, John.

The Nestorians and their Muslim Neighbors. Princeton.

Jwaideh, W.

The Kurdish Nationalist Movement: Its origin and development. Ph.D. Diss., Syracuse University.

Kalidar, Abbas.

١٩٧٩ The Integration of Modern Iraq. London: Croom Hell.

Karadaghi, Kamal Sido.

"Al-Jāliya al-yahūdiya al-Kurdistaniya wa-qadhiyat al-shaʿb al kurdī al-tah̲aririya." Sawt Kurdistan. January .

Kazzaz, Nissim.

"Conversions among the Jews of Iraq." Peʿamim :
- (Hebrew).

The Jews in Iraq in the th century. Jerusalem: Ben-Zvi Institute (Hebrew).

Khadduri, M.

١٩٥١ Independent Iraq ١٩٣٢-١٩٥٨. London: Oxford University Press.

___ and Liebesny J. Herbert, eds.

Law in the Middle East. Vol. . Origin and Development of Islamic Law. Washington D.C., Richmond, Virginia.

Khurshid, F. H.

١٩٧٩ al-ashā'air al Kurdiya. Baghdad: Matbaʻat al-Hawadith.

١٩٨٣ Kurdish Language and Geographical Distribution of Dialects. Trans. by Khadim Saʻadedin. Baghdad: Ishbeelia Press.

Kinnane, D.

The Kurds and Kurdistan. Oxford.

Kinneir, J. M.

Journey through Asia Minor, Armenia and Koordistan in the years - . London.

Koohi-Kamali, F.

"British and Soviet politics Towards Kurds in Iran, - ." Namah - : - .

Kreyenbroek, Ph. G. and Sperl, S., eds.

The Kurds: A Contemporary Overview. London and New York: Routledge.

al-Kurani, Ali Sido.

Jawla fi Kurdistan al-Janūbiya. Amman.

Kurdistan Missionary

Kurdistan Missionary. Minneapolis, Minnesota. - .

Lamb, Harold.

"Mountain Tribes of Iran and Iraq." The national Geographical Magazine , no. .

Lambton, Ann K. S.

١٩٥٣ Landlord and Peasant in Persia. London: Oxford University Press.

Landshut, S.

Jewish Communities in the Muslim Countries of the Middle East. London: The Jewish Chronicle.

Laurie, Thomas.

Dr. Grant and the Mountain Nestorians. Boston.

Layard, A. H.

A Popular Account of Discoveries at Nineveh. New York: J.C. Derby.

Le Strange, G.

The Lands of the Eastern Caliphate. London: Frank

Cass.

Leach, E. R.

Social and Economic Organisation of the Rowanduz Kurds. London: The London School of Economics and Political Science.

Levi, A.

"Yehiel Levi, Yihya Shmuel Muhajer, the secretary of the Mosul community and the head of its material committee." Minhat Ashur : - (Hebrew).

Levi, Azariah

"The Jews of Persia in the th century." Kivunim : - (Hebrew).

Levzion , N., ed.

Conversion to Islam. New York: Holmes and Meier.

Lewis, Bernard.

١٩٨٤ The Jews of Islam. Princeton: Princeton University Press.

١٩٨٨ The political Language of Islam. Chicago and London: The University of Chicago Press.

١٩٩٠ Race and Slavery in the Middle East. New York and Oxford: Oxford University Press.

Longrigg, Stephen Hemsley.

١٩٢٥ Four Centuries of Modern Iraq. Oxford. Repr. ١٩٦٨. Oxford: Clarendon.

١٩٥٣ Iraq, ١٩٠٠ to ١٩٥٠: A Political, Social and Economic History. London: Oxford University Press.

Löwy, Reuben.

"Memoirs from Kurdistan." The Jerusalem Report, June .

Luke, H. C.

Mosul and its Minorities. London.

Luks, Harold.

"Iraqi Jews during Second World War." The Wiener Library Bulletin : - .

Lutheran Orient Mission

[Previously under Kurdistan Missionary], -

Mackenzie, D. N.

"The Origin of Kurds." Transactions of the Philological Society: - .

Kurdish Dialect Studies. vols. Oxford.

"Gūrān." EI .

Maclean. A. J.

A Dictionary of the Dialects of Vernacular Syriac, as spoken by the East Syrians of Kurdistan, North-West of Persia, and the Plain of Mosul. Oxford.

Maclean. A. J. and Browne, W. H.

The Catholicos of the East and his People. London:

SPCK.

Madhar, Kamal.

"The Kurds and Historiography." Kurdish Culture Bulletin , no. : - .

Madelian, Habib.

١٩٦٩ "Some Notes on the Naqshbandi Order." The Muslim World ٥٩: ٤٠-٤٩.

Magnarella, Paul J.

"A Note on Aspects of Social Life among the Jewish Kurds of Sanandaj, Iran." JJS , no. : - .

Malek, Yusuf.

The British Betrayal of the Assyrians. Warren Point, N.J.: The Kimball Press.

Mann, Jacob.

- "Documents concerning the Jews in Mosul and Kurdistan." In his Texts and Studies in Jewish History and Literature. Vol. I: - . Cincinnati: Hebrew Union College, ; Philadelphia: Jewish Publication of America, . Rep. with preface by Gerson D. Cohen. New York: .

Marr, Phebe.

The Modern History of Iraq. Boulder, San Francisco and Oxford: Westview Press.

McDowall, David.

١٩٩٦ A Modern History of the Kurds. London and New York: I. B. Tauris.

Meir, Esther.

"The conflict over Palestine and the Jewish-Muslim relations in Iraq during the s." Peʿamim : - (Hebrew).

Meir-Glitenstein, E.

"The Riddle of the mass migration from Iraq – Causes, Context and Results." Pe'amim : - (Hebrew).

Meir, Joseph.

١٩٨٩ Social and cultural development of the Jews of Iraq, from ١٨٣٠ until our time. Tel-Aviv: Naharayyim (Hebrew).

١٩٩٣ Mostly in the Underground: Jews and Politics in Iraq. Tel-Aviv: Naharayyim (Hebrew).

٢٠٠٢ Under the Shade of Horror: Zionists prisoners in Iraq. Tel-Aviv (Hebrew).

Menahem, Yitzhak.

"Memoirs from Kurdistan." Hithadshut : (Hebrew).

Military Report on Iraq

Military Report on Mesopotamia Iraq (Area ) Northern Jazirah. General Staff, British Forces in Iraq.

Military Report on Iraq (Area ) Western Kurdistan. General Staff, British Forces in Iraq.

Military Report on Iraq (Area ) Central Kurdistan. Air Ministry.

Minorsky, Vladimir.

"Salmâs." EI : - .

a "Sâwdj-bulak." EI : - .

"Kurdistan, Kurds." EI : - .

١٩٤٠ "Les origins des Kurdes." Travaux du XXeme Congres International des Orientalistes (Brussels): ١٤٣-١٥٢.

١٩٤٣-٤٦ "The Guran." BSOAS ١١:٧٥-١٩٣.

١٩٤٥ "The Tribes of Western Iran." Journal of Royal Anthropological Institute ٧٥: ٧٣-٨٠.

Mordechai, Israel.

"My Memories of Sandur." Hithadshut : (Hebrew).

Moreh, Shmueal and Yehuda, Zvi.

Hatred of Jews and violent eruptions in Iraq. Or Yehuda (Hebrew).

Morony, M. G.

Iraq after the Muslim Conquest. Princeton, N.J.: Princeton University Press.

Murad, Emil.

My friends from Kurdistan. Tel-Aviv (Hebrew).

Naayem, Joseph.

Shall This Nation Die. New York:

Naymark, E.

Journey in the Eastern Land: Syria, Kurdistan, the land of twin Rivers, Persia and Central Asia. Abraham Yaʿari, ed. Jerusalem: Levin-Epstein (Hebrew).

Netzer, Amnon.

١٩٧٦ "The size of the Jewish community in Persia." The ٦th world Congress of Judaic Studies. Vol. ٢. Jerusalem: ١٢٧-١٣٣ (Hebrew).

١٩٨٠ "Persecution of Iranian Jewry in the ١٧th Century." Peʿamim ٦: ٣٢-٥٦ (Hebrew).

Nieuwenhuis, Tom.

Politics and Society in Early Modern Iraq: Mamluk Pashas, tribal shaykhs and local rule between and . Hague: Martinus Nijhoff.

Nikitine, Basile.

١٩٢٥ "La féodalité kurde." Revue du Monde Musulman ٥٠, ٢nd trimester:١-٢٦.

١٩٥٦ Les kurdes, etude soiologique et historique. Paris: Librairie C. Klinckseick.

١٩٧٨ Les Kurdes. Paris: Editions D'Aujourd'hui.

___ ___ and Soane, E. B.

- "The tale of Suto and Tato." BSOAS : - .

Patai, Raphael.

The Arab Mind. New York: Charles Scribner's sons.

Personalities.

Personalities: Mosul, Arbil, Kirkuk, Sulimani and Frontiers: Note on Mosul Town. Baghdad: Government Press, .

Petahiah of Regensburg [Ratisbon].

١٩٠٥ Sibbuv [Sircuit]. E. Gruenhurt, ed. Frankfurt (Hebrew).

Polak A. N.

Babylonian Jewry. Tel-Aviv (Hebrew).

Presbyterian Church in the United States of America.

Board of Foreign Missions. Annual Reports, - .

Archives, - .

Rabino, H. L., Compiler.

Report on Kurdistan. Simla (India): The Government Monotype Press.

Rand, Baruch and Rush, Barbara.

Around the World with Jewish Folktales: Jews of Kurdistan. Toledo (Ohio): Toledo Board of Jewish Education.

Jews of Kurdistan: Teachers' Companion. Toledo (Ohio).

Rassam, Hormuzd.

١٩٣١ "The non-Arab Minorities in Iraq." JRCAS ١٨: ٥٦٤-٦٩.

Ratzahbi, Y.

"On the history of the Jews of Kurdistan in the

previous century." Sinai : - (Hebrew).

Rejwan, Nissim.

١٩٨٥ Jews of Iraq: 1٤٤٤ Years of History and Culture. Boulder: Westview Press.

Report on the anti-Jewish Riots.

Report on the anti-Jewish Riots in Baghdad. June st to nd based on data supplied by the President of the Jewish community Baghdad. Prepared by the Anglican Bishop in Jerusalem and sent to the Archbishop of Canterbury, January .

Rich, C. James.

Narrative of a Residence in Koordistan and on the Sites of Ancient Nineveh. Vols. London: James Duncan, Paternoster Row.

Rich, [C. James].

The C. J. Rich Manuscripts, the British Library. MSS.Eur.A.

Riley, Athelstan.

"Christians and Kurds in Eastern Turkey." Contemporary Review : - .

Rivlin, Joseph J.

The poetry of the Targum Jews. Jerusalem (Hebrew).

Rockwell, W. W.

The Pitiful Plight of the Assyrian Christians in Persia and Kurdistan Described from the reports of eye-witnesses. New

York: Union Theological Seminary.

Rondot, Pierre.

Tribus Montagnardes de l’Asie antérieure. Bulletin d’etudes orientales. Beyrouth, : - .

Roosevelt, Archie Jr.

“The Kurdish Republic of Mahabad.” MEJ , no. : - . Rep in Chaliand : - .

Sabar, Yona.

١٩٦٨ “The Jews of Kurdistan.” Kurdish Journal (March-June): ٢٠-٢٢.

١٩٨٢ The Folk Literature of the Kurdistani Jews: An Anthology. New Haven: Yale University Press.

١٩٨٨ “The Neo-Aramaic Dialects and the Other Languages Spoken by the Jews of Kurdistan.” In M. Bar-Asher, ed. Studies in Jewish Languages. Jerusalem: Misgav Yerushalayim. ٨٧-١١١.

١٩٩٣ “Iraqi Kurdistan after the Gulf War: Christian and Jewish Villages.” Kurdistan Times ٣ (December ١٩٩٣): ١٣٩-٤٥.

١٩٩٢ Back to Kurdistan. Yediot Aharont weekend Supplement ٧ Days ٣٠ October ١٩٩٢:١٩-٢٢ (Hebrew).

١٩٩٥ “The Christian Neo-Aramaic Dialects of Zakho and Dihok: Two Text Samples.” JAOS ١٥, no.١ (January-March): ٣٣-٥١.

٢٠٠٢ A Jewish Neo-Aramaic Dictionary. Wiesbaden: Harrassowits Verlag.

Sahlins, Marshall D.

Tribesmen. Englewood Cliffs: Prentice-Hall, Inc.

Salmanzadeh, Cyrus.

Agricultural Change and Rural society in Southern Iran. Cambridge: Middle East & North African Studies Press.

Salzman, Ph. C.

"Tribal Chiefs as Middlemen: The politics of Encapsulation in the Middle East." Anthropological Quarterly (April, no. ): - .

Sanasarian, Eliz.

٢٠٠٢ Religious Minorities in Iran. Ambridge: Cambridge University Press.

Sasson, D. S.

A History of the Jews in Baghdad. Letchworth (Great Britain): The Alcuin Press.

Savory, R. M.

"K̲īzīl-Bāsh." EI .

Schmidt, Dana Adams.

١٩٦٤ Journey among Brave Men. Boston: Little Brown & Co.

Shabbo, Shimon.

"Folk-tales about the Rabbis of Dohuk." Hitha̲dshut : - (Hebrew).

Shamir, Shimon.

"Muslim Arab attitudes towards Jews: The Ottoman and Modern periods." In Violence and Defense in the Jewish experience. S.W. Baron and G. S. Wise, eds. Philadelphia.

Shina, Salman.

From Babylon to Zion: Memoirs and Views. Tel-Aviv (Hebrew).

Shohet, Nir.

The Story of a Diaspora. Jerusalem (Hebrew).

Singer, André.

"The Dervishes of Kurdistan." JRCAS: - .

Shiloah, A. and el.

The Jewish Communities from Central, Southern and Eastern Asia in Israel: Concentration of Data. Jerusalem: The Hebrew University (Hebrew).

Sluglett, Peter.

Britain in Iraq - . London: Ithica Press.

Soane, Ely Bannister.

١٩١٢ To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise. London: John Murray.

١٩١٨ Notes on the Tribes of Southern Kurdistan. Baghdad: the Government Press.

Soubrier, Jacques.

١٩٤٧ "Chez les brigands kurdes." Connaisance du Monde: ٥-١٩.

Stafford, R. S.

١٩٣٥ The Tragedy of the Assyrians. London: George Allen & Unwin Ltd.

Stern, H A.

١٨٥٤ Dawnings of Light in the East. London: Charles H. Purday

Stillman, A. Norman.

١٩٧٩ The Jews of Arab Lands: A History and Source Book. Philadelphia.

Sykes, M.

١٩٠٨ "The Kurdish tribes of the Ottoman Empire." Journal of the Royal Anthropological Institute ٣٨: ٤٥١-٨٦.

١٩١٥ The Caliph's Last Heritage: A short History of the Turkish Empire. London: Macmillan and Co. Limited.

Tavakkuli, M. R.

Tarikh-i tasavvuf dar Kurdistan. Teheran: Intisharat-i Isharqi.

The Jews of Iraq.

? The Jews of Iraq: A Prosperous, well-organized Community, the Anti-Jewish regime since – The Catastrophe after May , . Prepared by the research department, Jewish Agency for Palestine, New York.

Trimingham, J. S.

1191 The Sufi Orders in Islam. Oxford: Oxford University Press.

Tripp, Charles.

A History of Iraq. Cambridge: Cambridge University Press.

Tritton, A. S.

١٩٧٠ The Caliphs and their non-Muslim Subjects. A Critical Study of the Covenant of ‘Umar. ١٩٣٠. New impression. London: Frank Cass & Co., ١٩٧٠.

١٩٤٢ “Non Muslim Subjects of the Muslim States.” JRAS: ٣٦-٤٠

Tschudi, R.

“Bektāshīyya.” EI .

Tzemah, Y. S.

١٩٩٤ “Sasson Tzemah – Member of the Iraqi parliament: Chapters in the representation of the Jews of Mosul.” Minhat Ashur ٦: ٨-١٩ (Hebrew).

١٩٩٧ “The horrors of Qāsem Maqsūd in Mosūl.” Minhat Ashur ٩: ١٧١-٧٢ (Hebrew).

Tzidkiyahu, Yona.

“The history of the family of Tzidqiyahu and its immigration to Israel.” Hithadshut ( ): - (Hebrew).

Vajda, G.

“Ahl al-Kitab.” EI .

L’image du Juif dans la tradition islamique. Nouveaux Chaiers (Paris): - .

Vanly, Ismet Sheriff.

“Kurdistan in Iraq.” In Chaliand : - .

Vansina, J.

١٩٦٥ Tradition: A Study in Historical methodology. London.

Vernon, Marjorie.

“Sulaimani.” The Near East and India. July .

Vryonis, Speros.

The Decline of Medieval Hellenism in Asia Minor and the Process of Islamization from the Eleventh through the Fifteenth Century. Berkeley and Los Angeles: University of California Press.

Wahbi, Tawfiq.

The Origin of the Kurds and their Language. London: Kurdish Students Society in Europe.

“The Origins of the Kurds and their language.” The Kurdish Journal

(Washington) (No. , June ): - .

Werda, Joel. E.

The Flickering Light of Asia or the Assyrian Nation and Church. . nd ed. Chicago, .

Wigram, W. A.

The Assyrians and their Neighbours. London. G. Bell & Sons.

_____ and Wigram E. T. A.

١٩١٤ The Cradle of Mankind. London: Adam and Charles Black.

Ya‘ari, Abraham., ed.

Travels of an emissary from Tzefat in the eastern lands. Jerusalem.

al-Zahiri, Zechariah (Yahya).

١٩٦٥ Sefer ha-musar [The Book of Morals]. Y. Ratzaby, ed. Jerusalem (Hebrew).

Zakkai, Aaron.

"The anxiety in the Jewish quarter in Mosul at the eve of the establishment of the State of Israel." Minhat Ashur : - (Hebrew).

Zaken, Mordechai (Moti).

"Central institutions and commerce in the Jewish community of Zakho." Hithadshut : - (Hebrew).

"The Kurdish Jews in Israel." The Jewish Sentinel (Chicago): May .

١٩٩٤ "Geranewe-y Kurd Julekekan: le Kurdistane we bo Israel." Mamostaye Kurd (Stockholm) ٢٢: ٥٩-٦٨.

١٩٩٧ "Inventors' faith: a folk tale in the Neo Aramaic of the Jews of Zakho." Massorot ٩-١٠-١١. Jerusalem: Magness Press: ٣٨٣-٩٥ (Hebrew).

"The Lost from the Land of Ashur - the Migrations from Kurdistan and the Settlement in Eretz-Israel." In 'Edot-'edut le-yisrael. A. Mizrahi and A. Ben-David, eds. Netanya: The Association for Society and Culture, Documentation and Research: - (Hebrew).

"Kurdistan ever since until now." Teva' ha-dvarim (May): - (Hebrew).

"Tribal Chieftains and their Jewish Subjects: A Comparative Study in Survival." Ph.D. Diss., The Hebrew University of Jerusalem, .

"Juifs, Kurdes et Arabes, entre et ." Etudes Kurdes : - .

UNPUBLISHED INTERVIEWS CONDUCTED BY THE WRITER[111] OF THIS BOOK

a. Common surnames do not necessarily indicate a blood-relation

---

٢٢٩ All the informants have been interviewed by the writer of this book except informant I#7 who was interviewed by Yona Sabar and informants # 9&10 who were interviewed by Susan Meiselas. Many thanks for both of them for letting me use the tapes made by them.

between the interviewees. The following surnames, Gabbai (referring to the treasurer or caretaker of the synagogue), Zaken (old man, similar to Altman, Alterman, or Alter in Jewish communities in Eastern Europe), and Na<u>h</u>um (the name of the Biblical Prophet, Na<u>h</u>um the Alqoshite, believed to be buried in Alqosh) are common. Other surnames indicate the origin of the person (such as Amadi or Barashi, denoting someone whose origin is from Amadiya or Barashi).

b. Most informants were identified by the first name and the surname, or their father's name and sometimes a third name, the grandfather name. At times, a nickname was added.

c. The following number of interviewees relate to each Kurdish community specified: Zakho: ; Aqra: ; Sulaimaniya: ; Amadia: ; Dohuk: ; Sandur: ; Rabatke: ; Betanure: ; Nerwa: ; Chāl (Chala): ; Arbil, Mosul, Kirkuk, Jujjar, Chala, Kara, Urmiya, Hasinke, Harın, Whela, Shandokh, Sisnawa, Sofian, Shino, Khlaka-Raikan, Pizhdar, Serkane, Mergasor, Havdi, Diana, Nisibin, Garzangel, Hozarchod, Suriye, Awqawa: one ( ) interviewee.

d. At times, one informant resided in more than one community and was able to share his experience from more than one place of residence.

e. The number of informants is actually slightly bigger ( ), because there are three couples of brothers interviewed together

(I & ; I# & & I ) and two couple of spouses (I ; I ). At times, a remark by the other attendant was recorded, but it was not justified to consider it an independent interview.

f. Note that the following list includes the ordinal number; abbreviation of the name in brackets; name of informant, his age or date of birth, and place(s) of origin and residence in Kurdistan, as well as the dates of the interviews conducted:

. Gurgo b. Nahum Sabto (Hebrew name Zeev Arieli), born in Zakho ( - ). In Israel he lived in El-Roi and Jerusalem.[230] Two interviews: March ; May .

. Yoseph b. Binyamin ( - ). He lived in Nisibin and Qamishle. Interviewed on June . In other occasions throughout the s, he gave some clarifications.

. Moshe Yitzhak Binyamin ( - ?). He lived in Serkane, Mergasor, Havdi, Diana. His bother Shaul (Saul) was present and contributed twice to the discussion. Interviewed in September .

. Daniel Barashi ( - ?). He lived in Amadiya and Nerwa. Five interviews: June ; June ; June ; July ; July .

٢٣٠ Most of the informants lived in Jerusalem, and I would indicate only those who did not live in Jerusalem.

. Tzemah Barashi Amadi. He lived in Amadiya. Interviewed on September .

. Haim Barzānī ( - ?). He lived in Khalka-Raikan, Suriye and Awqawa. Two interviews: June ; June .

. Yona Gabbai, Zakho ( - ). Interviewed by Yona Sabar in the mid s.

. Arye Gabbai (b.) Lived in Aqra. Interviewed on August .

٩&١٠ Majīd Gabbai & Hertzel Gabbai. They lived in Aqra. Interviewed by Susan Meiselas, ١٠ May ١٩٩٥.

. Salīm Gabbai ( - ?). He lived in Zakho, Arbil, Atash Harir, and Shaqlawa. He was a nurse in both Kurdistan and Israel. Interviewed on August .

. Fa'ik Gabbai (born ), Lived in Aqra, where he was a merchant. Interviewed on August .

. Yoseph Gamlieli ( - ?). He lived in Dohuk where he was a merchant, the son of the mukhtār. Interviewed on August .

. Yigal Haini (b. ). He lived in Arbīl where he was a teacher. Interviewed on July .

. Meʿalim Abraham ( - ). He was a Hakham and a slaughterer in Zakho, from a family of merchants. In Israel served as a local Hakham in Jerusalem. Interviewed on August .

. Aaron “Judo” ( - ?), Zakho. He was a merchant in Zakho. Two interviews: June ; July .

. Gurji Raphael Moshe Zaken, Zakho ( - ). Seven interviews: March ; April ; April ; April ; May ; June ; June .

. Yitzhak Murdakh Miro Zaken, Zakho ( - ). Three interviews: April ; April ; summer .

. Zvi Zaken ( - ). He was a merchant in Zakho and a storekeeper in Jerusalem. Interviewed on August .

. Shaʿya Zaken ( - ). He lived in Zakho and Baghdad. Interviewed on August .

. Nehemiah Hoja ( - ). Lived in Zakho. He was blind from early childhood. Two interviews: October ; November .

. Haio Cohen, Zakho (b. ). He lived in Zakho. He was a rafts man who was imprisoned with ten other Jews from Zakho. They were sentenced for years in prison for Zionist related activity. Interviewed February .

. Meʿalim Levi ( - ?). He lived in Zakho. He was a Hakham and teacher of children. Five interviews: May ; June ; August , August ; September .

. Moshe Joseph Mizrahi, Rabatke ( - ?). He was a farmer. Three interviews: June ; June ; June .

. Yehoshua Miro, (b. ). He lived in Zakho. He was a merchant in Zakho and a police officer in Israel. Interviewed on May

. Michael Michaeli ( - ?). He lived in Aqra, Sisnawa, Sofian and Shino. He was a weaver in Kurdistan. Eight interviews: June ; June ; June , June ; July ; July ; July ; August .

. Levi Mordechai Yaacob "Hanno" ( - ?). He lived in Shandokh. Interviewed in July .

. Darwīsh Nahum (b. ). He lived in Aqra. Interviewed on August .

& . Nahum Nahum (b. ) & Hārūn Nahum (b. ), two brothers who lived in Zakho and Baghdad. Interviewed on September .

. Sasson Nahum Hanna ( - ?). He lived in Dohuk where he was a merchant. Interviewed on August .

. Abraham Amadi Manoah, ( - ?). He lived in Betanure and Amadiya. Two interviews: June ; June .

. Shabbtai Amram Joseph ( - ?). He lived in Whela near Nerwa. Two interviews: June ; August .

. Shalom Pirko (b. ). Lived in Harin. Interviewed on September .

. Haio Chirmero ( - ?). He lived in Zakho. Interviewed

in July .

. Ra'uf Katna (Kitāne) (b. ). He lived in Zakho. He was a carpenter. Interviewed on January .

. Salih Rahamim ( - ?). He lived in Sandur. Two interviews: May ; July .

. Eliyahu Shalom ( - ?). He lived in Hasinke, Rabatke and Sandur. Two interviews: May ; July .

. Moshe Shalom (b. ). He Lived in Sulaimānīya and Baghdad. Interviewed in May . His brother Sadīq contributed slightly to the interview.

. Nahum Sharabi ( - ). He lived in Zakho. Five interviews: October ; October ; June ; June ; June .

. Esther b. Binyamin ( - ), born in Tiberius. Interviewed on January .

. Shoshanna Binyaminoff, ( ?- ), of Urmiya. Interviewed in summer .

. Rivka Yishaʿyahu, (b. ?). She lived in Be-Tanura and Chal. Interviewed in October .

. Yehoshua b. Reuben ( - ?). He lived in Chala and Kara. Six interviews: June ; June ; July ; July ; July ; August .

. Levi Mordechai, ( - ?). He lived in Jujjar, Garzangal

and Hozarchod. Interviewed in .

. Mordechai Saʿdo Yoseph ( - ). Lived in Zakho. Interviewed July .

. Bogis Kirma, “Pısho,“ ( -?). Native of Sandur. Interviewed .

. Meir Zaken, Zakho (b. ). Interviewed .

. Babakir Pizhdar. Interviewed in summer in London.

. Ephraim b. Bınno ( - ?). Native of Zakho. He was a merchant, trading mainly with lumber woods.

Interviewed on July .

. Saleh Zaken, Zakho (b. ). Interviewed several times during the s and s.

. Nissim David Nissim “Gharib“ (b. ). Native of Sulaimānīya. Interviewed in .

. ʿAzīz Daniel Mukhtār (b. ) lived in both Kirkuk and Sulaimānīya. Interviewed in .

. Dr. Jacob Tzemah (d. ). Native of Mosul, a son of a Member of the Iraqi Parliament. Interviewed on September .

. ʿAzīz Shavro (Chavero) (b. ). Native of Zakho. Interviewed on April

. Shamuel Baruch ( - ?), Zakho. Interviewed in .

Records and Transcripts of Unpublished Interviews of Kurdistani Jews available at the Oral History Division, The Institute of Contemporary Jewry, The Hebrew University of Jerusalem, Mount Scopus Campus:

File # in OHD and Name of Interviewee Origin (Birthplace) Date of Interview

٧ (٤٠) Eliyahu Hudeda Nisibin (١٨ January ١٩٧٣)

٦ (٤٠) Yoesph ‘Amrani, Chal (٢١ January ١٩٧٣)

٥ (٤٠) Abraham Hayyeg, Kanyarash (٢٢ January ١٩٧٣)

٧٤ (١١) David Brinder, Mergasor (٢٢ January ١٩٧٣)

٧٦ (١١) Abraham Mordechai Mizrahi Atrosh (١٩, ٢١ January ١٩٧٣)

٦٠ (١١) Esther Mizrahi, Dohuk (١٧ January ١٩٧٣)

٥٦ (١١) Sasson Ben-Nahum Hanna Dohuk (١٦ January ١٩٧٣)

٧٨ (١١) Yaacob Itzhak Karasor (١٦ January ١٩٧٣)

٥٧ (١١) Israel Shomer Koki Sanjaq (١٧ January ١٩٧٣)

٥٩ (١١) Sasson Hai & wife Naʿīma Shomer Koi Sanjaq (١٨ January ١٩٧٣)

91 (11) David Yaeer and Yaacob Rephael

& wife Salīma Rephael of Mandali Qaradagh; Sulaimaniya (١٩ January ١٩٧٣)

٦٦ (١١) Naʿīma Ayun and Esther Yamin Dohuk (١٧ January ١٩٧٣)

٦٧ (١١) Mordechai Sayudo Shosh (١٨, ١٩ January ١٩٧٣)

٧٥ (١١) Nehemia Hoja Zakho (١٧ January ١٩٧٣)

٦٩ (١١) Batya Zaken Zakho (٢٢ January ١٩٧٣)

٧٢ (١١) Moshe Ben ʻAmram Arbil (٢١ January ١٩٧٣)

٧٠ (١١) Menashe Eliyahu Zakho (٢٣ January ١٩٧٣)

٦٨ (١١) Rachel Hamu Zakho (٢٠ January ١٩٧٣)

Note:

The following are the number of interviewees in each community specified, in the OHD archive: Zakho: ; Dohuk: ; Koi Sanjaq: ; Nisibin, Chāl (Chala), Kanyarash, Mergasor, Karasor, Atrosh, Arbil, Shosh, Qaradagh; Sulaimāniya: one ( ) interviewee.